# گەلاوێژی نوێ


گۆڤارێکی ئەدەبیی و ڕووناکبیریی

بنکەی ئەدەبیی و ڕووناکبیریی گەلاوێژە

ژمارە (١٥) ساڵی دووەم ١٩٩٩

ئازادی .. داهێنان .. ئەقڵانییەت

خاوەنی ئیمتیاز : بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ

سەرنووسەر : عبدالله تاهیر بەرزنجی

بەڕێوەبەری نووسین : لەتیف هەڵمەت

دەستەی نووسەران

عەتا قەرەداغی

سەلاح محمد

ئەرخەوان

سەرپەرشتی هونەری : قادر میرخان

مۆتیف

ڕۆستەم ئاغالە

سەرپەرشتی چاپ : کاوە حاجی عەزیز

ئەدرەس : سلێمانی – گردی عەلی ناجی – بارەگای بنکەی ئەدەبیی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ ☎ ٢٣٥٠٧

پەیوەندی کردن لەهەندەرانەوە: نوسینگەی دەریا (تەلەفۆن ٠٠٨٧٣ ٧٦١ ٨٨٨ ٢٧٨) (فاکس ٠٠٨٧٣ ٧٦١ ٨٨٨ ٢٧٩)

کۆمپیوتەری بنکەی گەلاوێژ : جلیل حسین - ئۆفسێت : چاپخانەی داناز - چاپی بەرگ : ئۆفسێتی دلێر

نرخ بۆ ناوولات (١٠) دینار - بۆ هەندەران (٧) دۆلار

خێڵایەتی کوردیو ئاستەنگەکانی بەردەم دروستبوونی فیدراسیۆن عەتا قەرەداغی ٤
میتافیزیاو نووسین و/ ئاوات ئەحمەد ٢١
فەلسەفەی ئەگزیستانسیالیزم عەلی کاردۆست ٢٧
فەیلەسوفو مێژووی فەلسەفە و/ محەمەد رەشید فەتاح ٣٣
شۆڕشو تەکنیکی دەسەڵات دارا محەمەد ٤٠
شیکارییەك لەسەر سیاسەتی دەرەوەی سۆڤیەت و/ سەردار محەمەد ٤٥
دیدارێك لەگەڵ کەریم زەند ئا/ گ ن ٥٩
بەزرێیەکەوە لەمەعدەنی مێژوو رەفیق سابیر ٦٩
ئێوارانی ئەو شیرین . ك ٧٤
خەونی پەیڤێك لەم دیو خۆرەوە کەریم پەرەنگ ٧٧
سەرم پڕیەتی لەسێبەر سەلاح محەمەد ٧٨
کۆستی پەلکە زێڕینە کوردۆ کاروان ٨١
گەر پەنجەکان حەریریش بن ئەرخەوان ٨٤
رامان سەلاح حەسەن پاڵەوان ٨٦
رابوون لەدۆزەخ یاسین عومەر ٩١
دایەلۆگ لەپانتایی رۆمانی ئەژدیهادا ئا/ عبدالله ئەحمەد ٩٩
پەناگەی مەعنا لەرژانە سەر شۆستەکانی مەنفادا عبدالله قەرەداغی ١١٥
ئەنتۆنیگاودی ئی کۆرنی و. لەسویدییەوە: زۆراب ١٢٢
ئەلبومێك لەوێنەکانی دە ساڵ مەرگو ژیان غولامی گوڵ ئاور ١٤٢
دەربارەی تابلۆی بەرگ دیاری محەمەد ١٤٥
وێنەکانی کتێبی منداڵ رزگار سەعید ١٤٨
هەندێ لەرەهەندەکانی (رەهەند خوازان)... غەفور صالح ١٥٧
کتێبی گەلاوێژینوێ (بەرەو کوردستان) خوێندنەوەی: پەیوەند ١٧٣
دۆسیەی هێرمێنیۆتیك (تەئویل)و خوێندەنەوە ١٧٨
پێشەکیەك لەسەر هێرمینۆتیکی رۆمانتیك و/ م. خالید ١٧٩
لەنووسەرەوە بۆ دەق لەدەقەوە بۆ خوێندنەوە عبدالله تامیر بەرزنجی ١٨٧
لەگەڵ بیریاری هێرمینیۆتیك (پۆل ریکۆر)دا و/ دیاکۆ ٢٠١
ستانلی فیش: تاقی کردنەوەی خوێنەر و/ سالار مەحمود ٢٠٦
دوو بابەت لەئەرشیفی رۆژنامەگەری کوردیەوە ئا/ سدیق صالح ٢٠٨
نامەیەکی رۆشنبیری لەدانیمارکەوە ئاشنا کەمال ٢١٠
کەوانە ٢١٨
لێرە ٢٢٨
لەوێ ٢٣٧
کتێبنما ٢٣٩
پروشە ٢٤٤
پاشکۆ (وەفدی رۆشنبیرانی ئەودیو لەسەردانێکدا) ٢٤٥

# سپیده

زۆرجار کەرۆمانێك دەخوێنیتەوە.. شانبەشانی پاڵەوانی سەرەکیی رۆمانەکە دەیان پاڵەوانی دی لەخەیاڵی خۆتدا دروست دەکەیتو ئەرکی جۆر بەجۆریان پێ دەسپێری... زۆرجار کەدەتەوێ چیرۆکێك بنووسی دەیان پاڵەوانی تەباو ناجۆر رێت لێدەگرنو داوات لێ دەکەن کە لەپانتایی چیرۆکەکەدا دەورێکیان بدەیتێو ئەرکێکیان بخەیتە سەرشان.

منیش کاتێ دەمویست وتەی گۆشەی -سپیدە- بنووسم دەیان بابەت یەخانگیرم بوونو هەریەکەو بەجۆرێ داوایان لێ دەکردم لەسپیدەی ئەمجارەدا بیانخەمە روو.. وام بەباش زانی بابەتی هەڵەی چاپ هەڵبژێرم.. هەڵەی چاپ نەخۆشییەکە لەوەتەی گۆتەنبرگ یەکەم چاپگەی دامەزراند هەتا ئەمرۆ کەسەردەمی کۆمپیوتەرە هەر هەیەو بەردەوامە.

مەولەوی هەزار سەڵاوی لێ بێ لەدێڕە شیعرێکیدا گلەیی لەمێش دەکات کەبەسەر -ر- رەحمەتەوە هەڵدەنیشێو دەیکات بە -ز- زەحمەت..

لەوەتی نووسینی کوردیش رێی چاپخانەی ناسیوە کەمو زۆر نوسەرانی کورد بەدەس هەڵەی چاپەوە ناڵەیان دێو خۆریان دەبێ بە جۆرو کەر یان دەبێ بەکەرو نازیان دەبێ بەنارو یاریان دەبێ بە بارو گوڵیان دەبێ بەگولو گڵیان دەبێ بەگلو ژیانیان دەبێ بەزیانو گایان دەبێ کاو چیو چیو چی دی..هتد..

جاران دەیانگوت هەڵەی چاپی کوردی هی ئەوەیە کەئەو برادەرانەی پیتەکوردییەکان دەچنن.. یاخود بەلاینۆ دایدەرێژن.. کوردنینو هەڵەبڕ هەوڵی سەد چەنانە بدات.. تا هەڵەیە دوان راست کاتەوە.. لەکاتی راستکردنەوەی ئەو هەڵانەدا لەلایەن پیتچن یاخود لاینۆکارەوە هەڵە دەکەوێتە دێڕەکانی پاشو پێشو تەنیشتی هەڵە دیاریکراوەکانەوەو ئیتر بەم جۆرە بمانەوێو نەمانەوێ هەڵەی چاپ روودەدات.. بەڵام ئێستا بەکۆمپیوتەر... کاری نووسین رایی دەکەینو گەلێ جاریش دووسێ هەڵەبڕو ئەندامانی دەستەی نوسەرانیش زۆر بەوردبینییەوەو لەباتی دوو چاو بەهەزار چاوەوە بابەتەکان دەخوێننەوەو هەڵەی وردو درشت بنبڕ دەکەنو پاکسازی تیادا دەکەنو تاسەر شاشەی کۆمپیوتەرەکەش دوای هەڵەکان دەکەونو راویان دەنێن..و هەڕەشەیان لێ دەکەن.. کەچی لەوسەرەوە کەوەکو کتێب.. یا گۆڤار یا رۆژنامە دەگەڕێتەوە بەردەستمانو دەکەوینە خوێندنەوەی بابەتەکان.. دەبینین دەیانو بەڵکو سەدان هەڵە لەبابەتەکاندا هەیەو یەکێك نەزانێ دەڵێ ئەم بابەتانە لەدوای کۆمپیوتەرکردنی هەڵەبڕی تیادا نەکراوەو یەکڕاست رەوانەی چاپخانە کراوە... ئیتر نازانێ هەڵەبڕو چەندین کەسی دیش لەهەڵەبڕیدا چاویان کولبووەو گیانیان ماندوو بووە.

من پێیشم سەیرە کۆمپیوتەرکار کوردبێو هەڵەبڕ کوردبێو هەڵەی چاپ بەو زۆریو زەقییە رووبدات کەئێستا لەچاپکراوە کوردییەکاندا.. روودەدات.. بەبێ دوودڵی دەڵێم هەڵەی چاپی چاپەمەنی کوردی لەم ساڵانەی دواییدا دەچەنانەو بیست چەنانەی جارانە... ئەرێ بشێ کۆمپیوتەر رقی لەزمانی کوردی نەبێ..! یا بشێ ئەو زانایەی کەکۆمپیوتەری دروستکردووە لەبیری نەچووبێ کۆمپیوتەر باش فێری زمانی کوردی بکات.

لەکۆتاییدا دەڵێم خوایەگیان ئەم نووسینەو هەموو نووسینەکانم لەهەڵەی کۆمپیوتەری بپارێزە.

بەڕێوەبەری نووسین

# خێڵایەتی کوردی و ..

# ئاستەنگەکانی بەردەم دروستبوونی فیدراسیۆن

عەتا قەرەداخی

## سەرەتا

(مەبەست لەفیدراسیۆنی خێڵایەتی کۆبوونەوەو لێك نزیك بوونەوەو هاریکاریو پەیمان بەستنو دواتر یەکگرتنە لەنێوان خێڵ̆وعەشیرەتەکانی کۆمەڵگایەکدا بەگشتی یان لەنێوان بەشێك لەخێڵ̆و عەشیرەتەکانی کۆمەڵگایەکدا کەپێکەوە یەکەیەکی گەورەترلەڕووی قەوارەو هێزەو ژمارەوە پێکدێننو سەرکردایەتیەکی یەکگرتوویان دەبێتو ئەو سەرکردایەتیەش ناوەندی یەکەمی بڕیارو دەسەڵات دەبێت).

تاکوئێستا بنیادی پێکهاتنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی لەڕووی چینوتوێژە کۆمەڵایەتیەکانەوە، لەڕووی خێڵ̆وعەشیرەکانەوە، لەڕووی لادێ̆و شارەوە، بنیادێکی تێکەڵ̆و پێکەڵەو نەتوانراوە شیکردنەوەی بابەتیانەی بۆبکرێتو شوێنی هەریەکە لەوڕەگەزە پێکهێنەرانە لەڕووی ئامادەبوونو جوڵەو ئیشکردنەوە دیاری بکرێتو لەسەربنەمای ئەودەرئەنجامانەش کەلەشیکردنەیەکی هەمەلایەنەی لەوجۆرەوە بەدەست دێت شێوەی کۆمەڵایەتیو ئاستی ژیانو قۆناغی مێژوویی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیو جۆرەکانی ململانێ̆ی ناوخۆی کۆمەڵایەتیو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیش دیاری بکرێت. هەر لەڕێگای توێژینەوەی سەرجەم توخمو ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ئەم کۆمەڵگایەوە دەتوانرێت توێژینەوەی سروشتی گشتی کۆمەڵگاکە بکرێتو وەکو یەکەیەکیکۆمەڵایەتی سەربەخۆ لەڕێگای لێکۆڵینەوەی بەشەکانیەوە، لێکۆڵینەوەی ئەویەکەیەبکرێت. دکتۆر علی وەردی دەڵێت: چۆن دەشێت توێژینەوەی کۆمەڵگایەکی گەورە بکرێت هەتا توێژینەوەی بەشەبچوکەکانی ئەوکۆمەڵگایە یەك یەك نەکرێت(١). دەشێ̆ ئەم وتەیەش بەدووئاراستە لێك بدرێتەوە بەگوێرەی کۆمەڵگای دابەشکراوی کوردی. ئاراستەی یەکەم بریتییە لەبەشەپێکهێنەرەکانی ئەم کۆمەڵگایە واتە مەبەست ئەو چینوتوێژوخێڵ̆و عەشیراتەنەیەکە کۆمەڵگای کوردی پێکدێت، ئاراستەی دووەم مەبەست بەشەکانی کۆمەڵی کوردییە کەلەڕووی سیاسیەوە دابەشکراوەو سەرباری زۆر سیفاتو خاسێتی هاوبەش بەڵام دەشێ̆ دابەشکردنی سیاسیو ئیداری کۆمەڵگای کوردی جۆرێك لەجیاوازی لەنێوان بەشەکانی ئەم کۆمەڵگا گەورەیەدا دروست کردبێتو هەریەکە لەو بەشانەپێویستی بەوەبێت توێژینەوەی تایبەتی بکرێت. لەئەنجامی توێژینەوەی هەمەلایەنەی بنیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردیدا دەشێ̆ چەند پرسیارێك سەرهەڵبدەن. وەکو ئەوەی کۆمەڵگای کوردی چ جۆرە کۆمەڵگایەکە؟ ململانێ̆ی کۆمەڵایەتیەکان لەم کۆمەڵگایەدا چ جۆرە

ململانێیەکن؟ پەیوەندی نێوان یەکەپێکهێنەرەکانی ئەم کۆمەڵگایە چ جۆرە پەیوەندییەکە؟ ئایا لەقۆناغەکانی رابردوودا هاریکاریو یەکێتیلەنێوان خێڵو عەشیرەتەکانی کوردا دروستبووە؟ ئایا فیدراسیۆنی خێڵایەتی پێکهاتووە؟ ئەگەر پێکهاتووەئایا بۆچی لەئەنجامی ئەو پێکهاتنەدا دەوڵەتی خێڵایەتی کوردی دروست نەبووە؟ ئەی ئەگەر فیدراسیۆنی خێڵایەتی کوردی پێکهاتووە،ئەو پێکهاتنە چ دەورێکی پۆزەتیف یان نێگەتیفی بینیووە لەمێژووی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی ئەم کۆمەڵگایەدا؟ ئەمانەوچەندین پرسیاری تریش کەدەکەونە سنووریئەو ناونیشانەوە کەلە سەرەوەدامان ناوەوپەیوەستن بەبنیادی پێکهێنەری کۆمەڵگای کوردیو میکانیزمیکارکردنی سەرجەم توخمو ڕەگەزەکانی تری ئەوبنیادەوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدات لەدوای وەڵامی ئەوپرسیارانە بگەڕێت بەومەبەستەی تیشکێك بخاتە سەر واقیعێك کەهەموومان تیایدا دەژین،بەڵام نەبیر لەتایبەتمەندییەکانی ئەو واقیعە دەکەینەوە نەپەیش بەوەدەبەین کەتایبەتمەندییەکانی چییەو چ کاریگەرییەکی لەسەربوونو چارەنووسو دواڕۆژمان هەیە.

## بنیادی پێکهاتنی کۆمەڵگای کوردی

نامانەوێت بگەڕێینەوە بۆقسەکردن لەسەربچوکترین یەکەی پێکهێنەری کۆمەڵگا کەخێزانە کەئەویەکەیەش لەوکاتەوە پێکهاتووە کەمرۆڤ سنووری لەنێوان خۆییو زیندەوەرانی تردا دیاری کردووە، خێزان لەگەڵ ڕەوتو پەرەسەندنی ژیاندا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە چ لەشێوەی پێکهاتنو دەسەڵاتدا چ لەئاراستەکردنی دەسەڵاتو ناوەندی دەسەڵاتدا بەپێی قۆناغەکانی دەستەڵاتی ژن یان پیاو واتە بەپێی سیستەمی خێزانی دایکسالاری یان باوکسالاری، کۆمەڵگا لەشێوازێکی پەیوەندییەوە گواستراوەتەوە بۆ شێوازێکی تر. بەهەرحاڵ ئەو مێژووە ئەوەندە کۆنە تەنیادەکرێت لەشێوەی گشتیدا باسی لێوەبکرێتو ئاماژە بۆسیفاتو سیما گشتییەکانی بکرێت ئەوسیفاتە گشتیانەی کەلەئەنجامی توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژییەکانەوە بەدەست هاتوونو کۆکراونەتەوە.تاکو ئێستا ئێمەنازانین پێکهاتەو سروشتو بنیادو چۆنێتی پێکهێنانی سەرەتایی ترین خێزانی کوردی چۆن بووە کەئەو خێزانەوەکو یەکەیەکی سەرەتایی بنەمای پێکهێنانی کۆمەڵگا کوردییە.سەرجەم ئەوتوێژینەوەبەژمارە کەمانەی کەلەبواری کۆمەڵناسی کوردیدا کراون نەیانتوانیووە لەدوای دیاری کردنی سەرەتاترین قۆناغ بگەڕێن کەکوردتیایدا وەکو کۆمەڵگا دەرکەوتووە، بگرە تاکوئێستاش زۆربەی توێژینەوەو نووسینەکان لەسەر کۆمەڵگای کوردی دەربارەی دیاردە ئاشکراو لەبەرچاوەکانن، یان دەربارەی سیفاتو دەرئەنجامەکانن لەبری ئەوەی دەربارەی بنیادی پێکهێنەری ئەم کۆمەڵگایەو میکانیزمی کارکردنی ئەوبنیادەبن بەهەموبەشو توخمو ڕەگەزەکانییەوە. لەبارەی پەیوەندی کۆمەڵناسیو بنیادی کۆمەڵایەتیو دیاردە کۆمەڵایەتیەکانەوە کەئەدرنۆ بەپەیوەندی نێوان چەمکی کۆمەڵناسی جەدەلیو بواری پیادەکردن ناوی دەبات دەڵێت: ئەوەی دەمەوێت لەبارەیەوە بدوێم پیادەکردنە بەتاوایەکی پڕماناو تەواو، مەبەست لەوەش ئەوپیادەکردنەیە کەپەیوەندی بەبنیادیگشتی کۆمەڵەوە هەیەنەك پەیوەندی بەهەندێ دیاردەیکۆمەڵایەتیەو هەبێت (٢).بەڵام بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونەوە ئاخاوتنو پیادەکردنی هەندێ لێکۆڵینەوەی سادەی کۆمەڵناسی کوردی بەگشتی لەسەردیارەدە کۆمەڵایەتیەکان دەکرێنو لەئاکامی ئەوەشدا ئەولێکۆڵینەوانە ناتوانن ببنە لێکۆلینەوەی زانستیانە لەبواری کۆمەڵناسی کوردیدا، بەڵکو پشت بەستن بەودیاردانە وەکوبنەما بۆئاخاوتن لەسەر کۆمەڵگای کوردیکاریگەری نێگەتیفی هەیە لەوڕوانگەیەوە کەئەو جۆرە لێکۆڵینەوانە هەندێ دیاردەی کۆمەڵایەتی دەکەن بەبنەما بۆ ئاخاوتن لەسەر کۆمەڵگای کوردی کەلەڕاستیدا ئەو دیاردانە بەشی زۆریان کەلەسەرکۆمەڵگای کوردی کەلەڕاستیدا ئەو دیاردانە بەشی زۆریان دەشێ بەکاریگەری هۆکاری دەرەکیدەرکەوتبن یان لەکۆمەڵگاکانی ترەوە خواسترابن. بۆ نموونە لەڕێگای بوونی زانکۆوە ئەو جۆرە لێکۆڵینەوانە کۆمەڵگای کوردی بەکۆمەڵگایەکی شارستانی دادەنێن، لەسەربنەمای بوونی گۆڤارو ڕۆژنامەو چاپوبڵاوکردنەوەوە کۆمەڵگای کوردی

بەکۆمەڵگایەکی خوێنەوار دادەنێن، لەڕێگای بوونی ڕێکخراو سەندیکاو

کۆمەڵە جۆراو جۆرەکانەوە دەگوترێت کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی دیموکراتی هاوچەرخە، لەبەرامبەر ئەمانەدا لەڕێگای شەڕو یەك کوشتنی دووتیرە یان دووخێڵ‌و عەشیرەتەوە لەسەرلەوەڕگا یان لەسەر زەویکشتوکاڵی یان لەسەر بەرژەوەندی مەعنەوی دەگوترێت کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی خێڵایەتی دواکەوتووی سەرەتاییە. هەموو ئەم دیاردانەو چەندین دیاردەی تری لەم جۆرانە چ باش‌وچ خراپ لەژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردیدا ناشێت بکرێت بەبەڵگەو بنەما بۆدیاری کردنی ئاست‌و شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی چونکەئەم دیاردانە دەرئەنجامی ژێرخانی کۆمەڵایەتی کوردی‌و بنیادی پێکهێنەری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردین لەبەرئەوە ئەگەر لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی کۆمەڵایەتی کوردی خۆی بەو بنیادەوە خەریك نەکات ناتوانێت ئەنجامێکی باش بدات بەدەستەوە. ئێمە پێشتر باسی یەکەیسەرەکی پێکهاتنی کۆمەڵگامان کرد کەخێزانە، بەلام خێزان وەکو یەکەیەکی سەرەکی‌و سەرەتایی سیمایەکی گشتی‌و لەیەکچوونی هەیە لەکۆمەڵگا جیاوازەکاندا، هەربۆیە ناکرێت تەنیا لەسنوری توێژینەوەی خێزاندا بتوانرێت سەرجەم بنەما شاراوەکانی کۆمەڵگای کوردی ئاشکرابکرێت، بەلام خێزان لەکۆمەڵگای کوردیدا یەکەیەکی فراوانتر پێکدێنێت کەئەویش یەکەی خێڵ‌و عەشیرەتە، خێڵ‌و عەشیرەت ئەوبنەمایانەن کەوەکو پێکهێنەری سەرەکی‌و دیاریکۆمەڵگای کوردی ئامادەبوونی تەواویان ولەڕووی پێکهاتن‌و عەقڵ‌و ستراتیژو داب‌و نەریتی کۆمەڵایەتی کوردییەوە هەیە، واتە کۆمەڵگای کوردیبریتی

یە لەیەکەیەکی فراوانتر کەسەرجەم خاسیەتەکانی خێڵ‌و عەشیرەتی کوردی هەیە، هەربۆیە لەڕووی توێژینەوەی کۆمەڵناسییەوە لەسنووری ئەم کۆمەڵگایەدا باشتروایە یەکەی خێڵ‌و عەشیرەت بکرێت بەبنەمای توێژینەوەولێکۆڵینەوە. کەواتەئەگەربمانەوێت لەپێکهاتنی کۆمەڵگای کوردی بدوێین دەبێ قورساییەکی تەواو بخەینەسەر توێژینەوەی پێکهاتەی خێڵ‌وعەشیرەتەکانی‌و خودی ئەوپێکهاتەیەو شروشتی دروستبوون‌و میکانیزمی کارکردن‌و جوڵەی دەست نیشان بکەین، ئەویش نابێت لەڕێگای کارکردن لەسەر دیاردە کۆمەڵایەتیەکان هەوڵی تێگەیشتن لەوبنیادە بدرێت، بەڵکو دەبێ شیکردنەوەی خودی بنیادەکە بکرێت واتە توێژینەوەییەکە یان دامەزراوەکانی خێڵ‌و عەشیرەت دەروازەی یەکەمەبۆ خوێندنەوەی بنیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی.

## خێڵ‌و عەشیرەت چین؟

زۆربەی کات زاراوەکانی خێڵ‌و عەشیرەت یان خێلایەتی‌و عەشیرەتگەری وەکوجۆرێك لەڕەخنە بەکادەهێنرێن بۆنیشاندانی شێوازی دواکەوتووی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان‌و خودی کۆمەڵگاش چونکە تاکوئێستا ئەوەی لای ئێمە جێگای گرتووە ئەوەیە کەخێلایەتی‌و عەشیرەتگەری دیاردەی کۆمەڵگای دواکەوتوو پاشڤەڕۆو لەمێژوو بەجێماون، بەلام ئێمە پێمان خۆش بێت یان نا واقیعێکی کۆمەڵایەتی هەیەو ئێمە تیایدا دەژین‌و مەحکومین بەدەسەلات‌و جۆروئاراستەی پەیوەندییەکانی‌و بەپێی پرۆسەیەکی گەورەوهەمەلایەنە لەگەشەو پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی ناتوانین هەنگاوی بەرەو دەربازبوون لەو بارە هەبووە هەڵبهێنین کەئەویش واقیعی خێلایەتی کوردییە. خێڵ یان عەشیرەت ئەوپێکهاتە کۆمەڵایەتیەیە کە کەلەبنەڕەتدا

لەیەك خێزانەوە کەوتوونەتەوە واتە نەوەی یەك باوکن‌ونەوە لەدوای نەوە ژمارەیان زیاترو سنووری پەیوەندییان فراوانترو هێزی پێکەوەبەستنیان کەپەیوەندییەکانی خوێن‌و دەمارە لاوازتردەبێت، لێرەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت کەبنەمای دروست بوونی خێڵ یان عەشیرەت پەیوەندی خوێن‌و خزمایەتیە کەدەبنە هۆی پێکەوەگرایدان‌و پێکەوە بەستران لەم باریەوە ئیبن خەلدون دەڵێنت: پەیوەندی هاو (ڕەحمی) پەیوەندییەکی سروشتییە لەبوونی مرۆڤداو هاونەسەبی هۆی یەکێتی‌و پێکەوە گرێدانەو خێلایەتی لەپێکەوە پەیوەستبوونی نەسەب (ڕنگ‌وڕکێشە) دروست دەبێت(٣). کەواتە بەئاشکرا دیارەکە خێڵ یان عەشیرەتا وەکو یەکەیەکی کۆمەڵایەتی لەئەنجامی بوونی بنەمایەکی بەهێزی مەعنەویدا دروست بووە کەئەویش خۆی لەسنووری

پەیوەندییەکانی خوێن‌ودەماردا دەبینێتەوە. هەرلێرەوە لەسنووری بوونی خێڵ‌و عەشیرەتدا زاراوەی دەمار یان دەمارگیری دەردەکەوێت کەلەباری یەکەمدا واتایەکی نێگەتیڤی هەیەو مەبەست لەتەنگ بینیی‌و فەرزکردن‌و بەگەورەزانینی خێڵ‌و عەشیرەتی خۆیە بەسەرهەموو ئەوانی‌تردا کەئەم دیاردەیەش لە سنووری خێڵایەتی کوردی‌دا دیارو ئاشکرایەو یەکێکە لەهۆکارەکانی دوورخستنەوەی خێڵ‌و عەشیرەتەکانی کورد لەیەکتری‌و بنەمایەکی سەرەکی کێشەو ناکۆکیەخێڵایەتی‌و عەشیرەت گەرییەکانیشە لەکوردستاندا. بەڵام لەلایەکی ترەوە ئیبن خەلدون دەمارگیری بەمانای پەیوەندی خێڵایەتی لەڕووە کۆمەڵایەتیەکەیەوە بەکار دەهێنێت واتەلەماناو خاسێتە نیگەتیڤەکانی ڕووتی دەکاتەوەو وەکو بنەماو هۆیەکی دروستکردنی ئەو دامەزراوە کۆمەڵاییە سەیری دەکات کەئەو دامەزراوە بنەمای پێکهانی کۆمەڵگای کوردی‌و زۆربەی کۆمەڵگا دواکەوتووەکانە. هەرلێرەشەوە ئیبن خەلدون پەیوەندی دەمار دەکات بەبنەما بۆبوونی خێڵ‌و عەشیرەت‌و خزمایەتی‌و پەیوەندی خوێن لەگەڵ هاودەماریدا تێکەڵاودەکات‌و بەوەش خێڵ یان عەشیرەت پێك دێت لەسەربنەمای ئەو تێروانینە خەلدونیەوە ئەوەبەئەنجام دێت:کەلە بنەڕەتدا خێڵ لەسەر بنەمای خزمایەتی دروست دەبێت(٤). خێڵی کوردیش بەهەمان شێوە لەسەربنەمای پەیوەندی خزمایەتی‌و خوێن‌و دەمارو هاوڕەحمی دروستبووەو لەڕووی بنەچەی خێڵایەتیەوە هەمان خاسێتە گشتی‌یەکانی خێڵی کۆمەڵگاکانی تری هەیە.ئاماژەمان بۆ ئەوەکردکەخێڵ ئەو دامەزراوە کۆمەڵایەتیەیە کەڕاستەوخۆ پەیوەندی خوێن‌و دەمار بنەمای دروستبوونیەتی‌و سەرجەم ئەندامانی خێڵ لەئاست‌و پلەی جیاوازدا دەبنەوە بەبەرهەمی یەك پشت کەدیاریکردنی ئەوپشتەش وەکو کەسی یەکەم تاکو ئێستا لەکۆمەڵگای کوردی‌دا کارێکی ئەوتۆی بۆ نەکراوەو ئەوی کەلەنێوکۆمەڵگای کوردی‌دا جێگیربووە دەربارەی سەرچاوەی یەکەمی پێکهاتنی خێڵەکان جگە لەقسەی ئاسایی دەماودەمی نێو کۆمەڵانی خەڵك‌و خودی خێڵەکان هیچی ترنیە. بۆ نموونە لەمێژووی خێڵێکدا لەقۆناغێکی دیاری کراودا پیاوێکی جوامێر دەرکەوتووەو دەورێکی گرنگی هەبووە لەناساندنی خێڵەکەیدا لەبەرامبەرخێڵ‌و عەشیرەتەکانی تردا یان ڕەنگە ئەو جوامێرە توانیبێتی دەسەڵاتی خێڵەکەی فراوان بکات‌و ناوچەی جوگرافی خێڵ‌و عەشیرەتەکانی تریش بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوەو جۆرە دەسەڵاتێکی سنووردارو بۆکاتێکی دیاریکراو دروست بکات، ئیتر ناوی ئەو جوامێرە لەمێژووی خێڵەکەیدا یان عەشیرەتەکەیدا بڵند بووبێت‌و وەها دەرکەوتبێت کەئەو خێڵە لەو پیاوەوە دەست پێبکات، بۆ نموونە چەند خێڵ‌و عەشیرەت یان تیرەکانی خێڵ هەن لەکوردستاندا بەوجۆرە بەناوی تاکە کەسێکەوە دەناسرێن. ئەگەر سەرنجی هەندێ لەتیرەو خێڵەکانی بدەین ئەوە ئەم قسەیەمان زیاتر بۆ ئاشکرا دەبێت کاتێ ناوی تیرەکانی شێخ سمایلی‌و وەیس‌وڕۆغزایی‌و دەبینین، دیارە تیرەو تایەفەکانی هەرخێڵێك بەناوی ئەو کوڕانەی خێڵەکەوەناونراون کەئەوتیرەیە دەگەڕێتەوە سەریان‌و.بێگومان لەمێژووی خێڵایەتی کوردیشدا جوگرافیا دەورێکی گرنگی بینیووە لەناونانی خێڵ‌و تیرەکانیدا. هەر خێڵێك یان هەرتیرەوهۆزێك لەکام جوگرافیادا ژیابێت ئەوە خێڵ یان تیرەکانی بەناوی ئەو جوگرافیایەوە ناونراوە. وەکو خۆشناوەتی، بەرزنجی، بەرزانی، شاکەلی، تاڵەبانی...ئەمەش ڕاستەخۆ ئەودەلالەت هەڵدەگرێت کەکورد زێدو شوێنی ژیانی زۆر بەلاوەگرنگ و پڕبایەخ بوەولەبری ئەوەی زۆربەی کات بەناوی باوك وباپیرەوە ناوببرێت یان بانگ بکرێت ئەوابەناوی زێدو شوێنی لەدایکبوون و ژیانیەوە ناوبراوە.

دیسان زاراوەی جوگرافیا کەبووە بەناوی خێڵ و عەشیرەتەکانی کورد لەرابردوودا، دەشێ وەکو پێوانەیەکی تائەندازەییەك دروست بەکاربهێنرێت بۆجیاکردنەوەی خێڵی نیشتەجێ‌و سەقام گیری کوردی لەخێڵی کۆچەری کوردی چونکە تەنیائەو خێڵ و عەشیرەتانە بەناوی جوگرافیای نیشتەجێبوونیانەوە ناو نراوون کە لەوجوگرافیایەدا سەقامگیر بوون و ئەو جێگایەبووە بەملکی ئەوان و ئەوان خاوەنی ڕاستەقینەی بوون، بەڵام بەگوێرەی خێڵی کۆچەری کوردی ناکرێت بەناوی جوگرافیاوە ناوببرێت باشترین نمونەش ئەگەر سەرنجی خێڵ و تیرەکۆچەرەکان بدەین زیاتر بەناوی کەسێکەوە یان

بەسیفەتێکی دیاری ئەو خێڵ و تیرەیەوە ناونراوون. جگەلەوە شتێکی ترمان بۆ ئاشکرادەبێت کەئەویش ئەوەیە زۆربەی ئەو عەشیرەتانەی کەبەناوی جوگرافیا یان زێرو شوێنی نیشتەجێ بوونەوە ناونراون ئەوانەن کەلەرووی دەرخستنی بنەماڵەکانیانەوە خۆیان دەبەنەوە سەر پێغەمبەرو کەس و کاری. بێگومان پێکهاتەی خێڵ لەرووی هاتنەخوارەوەو شێوەی دەسەڵاتەوە لەهەرەمێك دەچێت کەباوکی یەکەمی ئەو پێکهاتەتیە واتە خێڵ و عەشیرەت لەلوتکەی هەرەمەکەدایە و نەوەبەدوای‌نەوەدا رووبەری بنکەی هەرەمەکە فراوان دەبێت. ئەو بنکەیەش لەهەرەمی شێخ و سەیدەکاندا بەیەکگرتووی دەمێنێتەوە واتە هەرەمی پێکهاتنی شێخ و سەیدەکان دابەش نابێت چونکە ئەم هەرەمەیان لەکۆمەڵگای کوردیدا دابەش نەبێت بۆچەند تیرەیەك بەڵکو دەشێ ببێت بەچەند بنەماڵەیەك، بەلاّم بنەماڵە لەخودی هەرەمەکە جیانابێتەوە واتە هەرەمی شێخ و سەیدەکان وەکو یەکەیەك دەمینێتەوە، بەلاّم هەرەمی خێڵەکان (غەیری شێخ و سەید) زۆربەی کات دابەش دەبێت بۆچەند یەکەیەکی بچوکتر ئەوانیش تیرەکانن. هەرتیرەیەك سەرباری پەیوەندی مادی و مەعنەوی بەخێڵەکەیەوە بەلاّم وەکو یەکەیەکی تارادەیەك سەربەخۆ دەردەکەوێت و ئاراستەی پەیوەندی‌کردن زیاتر لەسنوری داخراوی تیرەکەدا دەبێتو کەمتردەپەڕێتەوەبۆ سنووری تیرەکانی تری هەمان خێڵ،

مەگەر لەکاتی شەڕو ناکۆکی تیرەکانی تری ئەو خێڵەدا لەگەڵ عەشیرەت یان خێڵێکی دەرەوەی خێڵەکەی خۆیاندا ئەندامانی ئەو تیرەیە خوێن و دەماریان هەڵبچێت و هەست بکەن کە ئەو دوژمنکاریەی دەرەوەی خێڵ بابەرامبەر تیرەیەکی دیاری خێڵەکەی ئەمانبێت بەلاّم هەموخێڵەکەیان دەگرێتەوە. واتەتیرەکانی هەمان خێڵ سەرباری ئەوەی زۆرجار لەناو یەکتردا ناکۆك دەبن و شەڕو تەنانەت کوشتاریش لەیەك دەکەن بەلاّم لەئاستی دوژمنایەتی دەرەوەدا بۆسەر هەرتیرەیەکی خێڵەکەیان ئەمان واهەست دەکەن کەئەو دوژمنایەتیە دەرەکیە دوژمنایەتی هەموویانە، ئەمەش لەراستیدا بەشێکە لەستراتیژ و عەقلی خێلاّیەتی کەئێمە لەکۆمەڵگای کوردی دا بەئاشکرا ئەوەدەبینین. تەنانەت لەمێژووی نوێی کورددا زۆرجار بزووتنەوەو حیزبەکانیش هەمان هەڵوێستیان بووە، سەرباری ناکۆکی نێوانیان بەلاّم کەهەموکورد کەوتۆتە بەردەم مەترسیەوە ئەوەحیزبەکان جۆرێك یەکگرتنەوە لەنێوانیاندا دروست بووە ئەگەر چی کورت خایەنیش بووبێت. لەهەرەمی خێڵی کوردیدا ئاراستەی فەرمان لەلوتکەی هەرەمەکەوە دەردەچێت و هەموهێزوتواناو کەسێتی خێلیش کەسێتی لووتکەی هەرەمەکەو دەسەڵات و بڕیارەکانیدا دەردەکەوێت، بەهێزترین خێڵ و عەشیرەت یان دیارترین خێڵو عەشیرەتی کوردی لەڕووی مەعنەویەوە ئەوەیەکەسەرخێڵ یان سەرۆك عەشیرەتێکی جوامێرو لێهاتووی هەبووە یان هەبێت. سروشتی‌پەیوەندیەکان و چۆنیەتی ئاراستەکردنی فەرمان وپیادەکردنی لەم هەرەمەدا هەمووی دەبەسترێتەوە بەلوتکەوە، چەندماوەی نێوان لوتکەو بنکەی هەرەمەکەدووربکەوێتەوە بەو ئەندازەیەش شێوازو ئاستی پەیوەندییەکان‌و پێکەوەبەستنی ئەندامانی ئەو دامەزراوەو یەکە بچوکەکانی (تیرەکان) لاوازتردەبێت کەئەمەش دەورێکی کاریگەرنێگەتیفی بینیووە لەڕسکاندن‌و خەملاّندنی بنەماکانی یەکگرتنەوەو هاریکاری کردنی یەکتری پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگای کوردی‌دا، واتەئەو لاوازبوونەی پەیوەندییەکان یەکێکە لەبەربەستەکانی بەردەم دروستبوونی فیدراسیۆنی خێلاّیەتی کوردی‌دا، هەر ئەوتێڕوانینەوکاریگەری‌و سێبەری ئەو عەقڵیەتەیە لەمێژووی نوێشدا بۆتەبەربەست‌و ڕێگر لەبەردەم دروستبوونی (بەرەی یەکگرتوو) لەبزوتنەوە جۆراوجۆرەکانی ڕزگاری نیشتمانیدا لەسەرجەم پارچەکانی کوردستاندا. هەرلەم ڕوانگەیەوەیە کەزۆرجار دەڵێین ستراتیژی بزوتنەوە نەتەوەییەکانی کورد تاکومێژووی ئێستاش زیاتر بەلای ستراتیژو عەقلیەتی خێلاّیەتیدا دەشکێنەوە. لەم هەرەمەی خێڵی کوردیدا کەلەیەك ساتەوەختدا چەندین هەرەمی سەربەخۆ لەشێوەیەکی تەریب بەیەکدا ئامادەبوونیان هەبووەو هەریەکە لەوهەرەمانەش لەسەرەوە بۆخوارەوە تەریب بەیەکتردرێژبوونەتەوەو نەیەکیان گرتووە نەتێکەڵاوی یەکتربوون هەتا یەکگرتن‌و نزیکی

لەنێوانیاندا دروست ببێت، بەڵکو هەندێ جار لەئەنجامی ناکۆکیدا هوڵیان داوەیەکتر ببڕن، ئەو یەکتربڕینەش بووە بەمایەی شەڕو ئاژاوەو خوێن ڕشتنی یەکتروبریندارکردنی جەستەی هەرەمەکان کەئەوەش یەکێکە لە سیفاتە سەرەکیو هەمیشە ئامادەو بەردەوامەکانی خێڵایەتی کوردی کەئەم حاڵەتەش بوار لەیەکتر نزیکبوونەوەو هاریکاری نێوان خێڵو عەشیرەتەکانی کوردی تەسك کردۆتەوە بەوەش ڕێگای بەردەم دروستبوونی فیدراسیۆنی خێڵایەتی کوردی داخراوەو لەبری هاریکاریو یەکگرتنەوە هەرخێڵو عەشیرەتەهەوڵیداوە پارێزگاری لەسەربەخۆی خۆی بکات، لەبارەی خێڵی کوردییەوە مارتن ڤان برۆنسن دەڵێت: خێڵی کوردی یەکەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتییەو هەروەها بەشێوەیەکی گشتییەکەیەکی ناوچەییو ئابوریشە کەبەندە لەسەر ڕەگو ڕیشە(نسب)و خزمایەتی ڕاستەقینە یان خواستراو لەگەڵ بنیادێکی خاوەن خاسێتی ناوخۆیی(٥). ئەم پێناسەیەی برۆنسن زۆرێك لەخاسیەتە گەوهەرییەکانی خێڵی کوردی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە. بەلام ئەم پێناسەیە لەسەربنەمای لێکدانەوەی یەکەی خێڵ وەکو دامەزراوێکی سەربەخۆ کراوە بەپشت بەستن بەسیفاتو خاسێتو دیاردە کۆمەڵایەتیو ژیارییەکانی خێڵو کەمتر شۆڕبۆتەوە بۆگەوهەری ئەوپێکهاتەیە تەنیا ئەوەندە نەبێت کەخێڵ لەڕەگو ڕیشەو خزمایەتیدا یەك پێدەگرێتەوە، بەلام ئەم بنەمای ئابوریو سیاسی دەخاتەپێش بنەمای ڕەكوڕیشەو پەیوەندی (هاوڕەحمی)و خوێنو خزمایەتیەوە. بەواتایەکی تر ئەم هەوڵیداوە لەدیووی دەرەوە لەناوەوەو گەوهەری خێڵی کوردی تێبگاتو بزانێت چیە. کەلەڕاسیدا دیووی دەرەوەو سیفاتو خاسێتەکانی خێڵی کوردی سەرجەم ڕەنگدانەوەی ئەوبنیادەی ناوەوەیە کەخێڵی کوردی پێکهێناوە.

## زاراوەی خێڵوعەشیرەت:

یەکێك لەگرفتەکانی نووسین لەسەر بنیادی پێکهێنەری کۆمەڵگای کوردی گرفتی زاراوەکانە کەجۆرێك لەتێکەڵو پێکەڵیو نزیکی هەیە لەنێوانیانداو تاکو ئێستاش زاراوەکان جێگیر نەکراونو چ لەنووسیندا چ لەبەکارهێنانی ئاسایی نێوخەڵکیدا، هەمیشە جێی گۆرکێیان پێ دەکرێتو لەجیاتی یەکتر بەکاردەهێنرێن. بۆنموونە تاکو ئێستا جیاوازی لەنێوان زاراوەکانی خێڵوتیرەو هۆزو تایەفەو عێلو بنەماڵەدا ناکرێت یان لەجیاتی یەکتر بەکاردەهێنرێت. بەتێڕوانینی من گرنگ ئەوەیە ئەم زاراوانە جێگیر بکرێنو هەریەکەپێناسەی خۆیی هەبێت چونکە لەڕووی‌ماناوەئەم زاراوانە زۆر نزیکن لەیەکتری. زۆربەی کاتیش وەکو جۆرێك لەڕەخنە لەباری کۆمەلایەتی کۆمەڵگایەك زاراوەکان بەم شێوەیە بەکادەهێنرێن: خێلایەتی، عەشیرەتگەری، تیرەگەریوتیرەچێتیو هۆزگەری... کەئەم بەکارهێنانانەش بەمەبستی نیشاندانی دواکەوتوویيو تەنگەنەفەسیو تەسکی تێڕوانینو گرنگیدان بەخزمایەتیو پەیوەندییەکانی خوێنە. ئێستا بازاراوەکانی بەجێبهێڵینو بگەڕێینەوە بۆنێو بنیادی کۆمەلایەتی خێلایەتی کۆمەڵگای کوردی. لەنێو بنیادی پێکهێنەری کۆمەڵگای کوردیدا دوو دامەزراوی هاوشێوە هەیە کەلەڕووی پێکهاتنو عەقڵو ستراتیژەوە ئەم دوو دامەزراوە تارادەیەکی زۆرلەیەکتر دەچن. بەلام یەکێکیان دامەزراوی ئاسایی خێڵەو ئەویتریان دامەزراوی‌کۆمەلایەتی شێخوسەیدەکانە کەلەنێو کوردەواریدا بەم دامەزراوەیان ناگوترێت خێڵ بەڵکو زیاتر پێی دەگوترێت عەشیرەت. بۆنموونە دەگوترێت عەشیرەتی بەرزنجی بەلام خێڵی یان عێلی جاف یان مورادی. ئەم دامەزراوەلەڕووی ئەسڵو ڕەگەزەوە، لەڕووی ڕەگو بنەچەوە هەریەکەیان دەبێتەوە بەکوڕی یان نەوەی باوکێك. دامەزراوی شێخو سەیدەکان زیاتر بنەچەوئەسڵێکی ئایینیان هەیەو لەسەر ئەو بنەمایەش بۆتە خاوەنی دۆکیومێنتێکی مەعنەوی جیاواز لەدۆکیومێنتی خێڵەکان. ئەو دۆکیومێنتەش درەختی بنەماڵەیە کەسەیدوشێخەکان بەپێی ئەو بەڵگەنامە مەعنەویە دەچنەوە سەر پێغمبەری ئیسلام. بەلام دامەزراوی دووەم یان هەردرەختی بنەماڵەیان نیە یان ئەگەر هەشییان بێت ئەوا ناچنەوەسەر پێغمبەری ئیسلام بەڵکو دەچنەوە سەر خەلیفەکانی تری ئیسلام یان دەچنەوە سەر هاوەڵوکەسانی نزیك لەپێغمبەرەوە کەئەوانیش بەشی هەرەزۆریان لەتیرەو لقە جیاوازەکانی تری قوڕەیشن. بۆنموونە ڕەگو ڕیشەی مەولانا

خالیدی‌نەقشەندی کەلەتیرەی مکایەڵی سەربە خێڵی جافە بەپێی درەختی بنەماڵەکەیان: لەنەوەی خەلیفەی سێهەم حەزرەتی عوسمانی کوڕی عەفان(٦).لێرەوە دەردەکەوێت دامەزراوی خێڵایەتی کوردی دووجۆرە بەپێی درەختی بنەماڵەو زیاتریش واپێ دەچێت کەسەیدوشێخەکان کەدەچنەوە سەر پێغمبەر بەعەشیرەت ناوبرێن‌و ئەوانی تریش کەبەڕەچەڵەك ناچنەوەسەرپێغمبەری ئیسلام بەخێڵ ناوبرێن. ئەمەلەلایەك لەلایەکی تریشەوە خودی ئەودۆکیومێنتە ئەگەر لەڕوانگەی ئەسڵی ڕەگەزی کوردەوەسەیربکریت ئەوا دەردەکەوێت کەئەو دۆکیومێنتە شتێکی دروستکراوەو هیچ خێڵ‌و عەشیرەتێکی کوردناچێتەوە سەر پێغمبەرو خەلیفەکانی ڕاشدین‌و هەواڵەکانیان. ئەگەر لەم ڕوانگەیەشەوە سەیربکەین ئەوا ئەو پیرۆزیەی کەعەشیرەتەکانی کورد (شێخ‌و سەیدکان) بۆیان دروستبووە هەرەس دەهێنێت ئەگەربێت‌وبنەمای پیرۆزییەکە درەختی‌بنەماڵەکانیان بێت، بەڵام ئەگەر ئەوپیرۆزیە لەسەربنەمای شوێنی‌دیاری ئەمان لەئایینی ئیسلامدا دروست بووبێت ئەوا دەتوانن بەدڵسۆزییان بۆئایینەکە پارێزگاری لێ بکەن. لەلایەکی تریشەوە بوونی درەختی بنەماڵە یان نەبوونی جیاوازییەکی ئاشکرا لەنێوان خێڵ‌و عەشیرەتەکانی کورددا دروست دەکات‌و لەبری لەیەکترنزیك کردنەوە، لەیەکتریان دوور دەخاتەوە، بەتایبەتی کاتێ ئەوانەی کەدەچنەوە سەر پێغمبەری ئیسلام خۆیان بەلەپێشترو بەرزترو پیرۆزتر دەزانن‌و زۆربەی کات بەچاوێکی نزمتردەڕواننەخێڵەکانی تریان ئەو کەسانەی لەدەرەوەی خێڵن،هەرلەم تێڕوانینەوە دەبینین کەدرەختی بنەماڵەش لەمێژووی خێڵایەتی کوردی‌دا دەورێکی نێگەتیفی‌بینیووە لەنزیك کردنەوەی خێڵ‌و عەشیرەتەکانی کورددا لەیەکتری‌و بگرە هۆیەکی سەرەکی‌یە بۆڕێگاگرتن لەدروستبوونی فیدراسیۆنی خێڵ‌وعەشیرەتەکانی کورد کەدەشیا لەوفیدراسیۆنە دەوڵەتی خێڵایەتی کوردی دروست ببوایە. پێشتر گوتمان دامەزراوی خێڵ دابەش دەبێت بۆیەکەی بچووکترکە ئەوانیش تیرەکانن، بۆنموونە خێڵی جاف کۆمەڵی تیرەی زۆری هەیە بەڵام هەموویان بەتیرەی جاف ناودەبرێن، مکایەڵی جاف، ڕۆغزایی جاف‌و جافەڕەشکە،... تاد.بەڵام لەناو دامەزراوی شێخ‌و سەیدەکاندا ئەم جۆرە دابەش بوونە نیە، دەشێ لەبری تیرە بگوترێت بنەماڵەی فڵان کەس یان شێخ فڵان، بەڵام ئەوەنابێتە تیرەوسیفات‌و خاسێتەکانی تیرەی نیە. ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت کەشێخ‌و سەیدەکان ئەگەر بەعەشیرەت ناویان ببەین ئەوە کەمتر یەکەی جۆراوجۆرو بچوکتری لێدروست دەبێت‌و ئەوەش وادەکات کەنەبڕیارونەناوەندی دەسەڵات لەدامەزراوی شێخ‌و سەیدەکاندا دروست نەبێت، بەڵکو دەسەڵات‌و بڕیار لەلوتکەی هەرەمەکەدا کۆببێتەوەو زۆربەی کاتیش جۆرێ لەهاوشانی لەنێوان ئەندامانی(عەشیرەت) دامەزراوی شێخ‌و سەیدەکاندا هەیە کەکەمتر خاسیەتی لەسەرەوەبۆ خوارەوەی شێواز هەرەمی پێوەدیارە بەڵکە زیاتر وەکو جۆرەپەیوەندییەکی ئاسۆیی لەنێوان ئەندامانداا دەردەکەوێت. یان لەحالەتێکی تردا تەنیا جێگاو شوێن‌و پایەی ئایینی‌و پلەی خوێندن‌و هەڵسوڕانی شوێنی کۆمەڵایەتی ئەندامێکی دامەزراوی شێخ‌و سەیدەکان بباتەپێشەوەو لەسەرووی ئەوانی ترەوە دای بنێت. دیسان لەکۆمەڵگای کوردی‌دا شێخ‌و سەیدەکان لەڕێگەی ڕابەرایەتی ڕێبازەکانی تەسەوفیشەوە چوننەتەپێشیشەوەو پایەی کۆمەڵایەتی بەرزیشیان بەدەستهێناوە بەوەش بوونەتەکەسی یەکەم لەهەرەمەکەیانداو بگرەلەپانتاییەکی بەرفراوانی جوگرافی‌و کۆمەڵایەتیشداو کەکەسیەتی ئەو ڕابەرانە سنورەکانی خێڵایەتی بەزاندووەو وەکو ڕابەرێکی ڕۆحی لەنێو خێڵ‌و عەشیرەتەجیاوازەکاندا ئامادەیی خۆیی سەلماندوە. بەڵام دیسان ئامادەبوونی ئەوڕابەرە ڕۆحی‌یە یان ئەوشێخ‌و ڕابەرە ئایینی‌یە کەسنوری زۆربەی خێڵ‌و عەشیرەتەکانی بڕیوەنەیتوانیوەببێتە هۆی دروستکردن‌و پێکهێنانی فیدراسیۆنی خێڵ‌و عەشیرەتەکانی کورد. شوێن‌و پایەی کۆمەڵایەتی بنەماڵەی شێخ مارفی نۆدێ‌ونەوەکانی واتەکاك ئەحمەدی شێخ‌و شێخ مەحمودی حەفدیش کەلەسەرووی هەمووئەندامانی تری عەشیرەتی بەرزنجی‌یەوە بوون بەکاریگەری جێگاوپلەوپایەی ئایینی‌وتەریقەت بووەو دواتریش لەسەردەمی شێخ مەحمودا پلەوپایەی نیشتمانپەروەری‌و خەبات لەپێناوی نەتەوەدا

لەجیاتی خەبات لەپێناوی عەشیرەت یان خێڵدا بۆتە هۆیەکی دیاروکاریگەر لەبردنەپێشەوەی شوێنی ئەوبنەماڵەبەگشتی وشوێنی شێخ ومحمود بەتایبەتی،

لەبری ئەوەی تەنیا لەلوتکەی هەرەمی عەشیرەتی بەرزنجی‌دا بێت بەڵکو چووتە لوتکەی هەرەمێکی گەورەترەوە ئەگەرچی ئەو هەرەمە گەورەیە هەرەمێکی پتەوو یەکگرتوە نەبووە ئەویش هەرەمی بەشێکی دیاری کراوەلە کورد. شێخ محمودو بنەماڵەکەیان لەسەربنەماکانی پایەی یاینی‌و تەسەوف ئەوجێگا دیارەیان گرتووە نەك هەرلەنێوعەشیرەتەکەی خۆیاندالەپێشەوە دانراون بەڵکو لەڕوبەرێکی فراوانی کوردستاندا بوونەتە هێمای پیرۆزی ئاینی‌و تەسەوف‌و هێمای کوردایەتی.. بەلاَم لەڕووی ئەسڵ‌و ڕەگ‌وڕیشەوە ئەوانیش هەمان شێوەی سەرجەم عەشیرەتی بەرزنجی‌و بگرەشێخ‌و سەیدەکانی تریش دەچنەوە سەرپێغمبەری ئیسلام‌و کەس‌و کاری بەپێی درەختی ئەوبنەماڵەیەی کەوەکودۆکیومێنتێکی مەعنەوی دروستکراوەو چەندین کەسی دیارو کاك ئەحمەدی شێخ شایەتی ڕاستیان بۆداوەو مۆریان کردوە.لەم شێوازە پەیوەندی‌یەو میکانیزمی کارکردنی لەسنوری پێکهاتەی شێخ‌وسەیدەکاندا کە زیاتر پەیوەندی‌یەکی ئاسۆییە لەچاوئەوەی دا بەتەنیا پەیوەندی‌یەکی ناراستە شاقوڵی یان بێت جۆرێك لەهاوشانی وبگرە یەکسانیشی تێدایە کەهەریەکە لەجێگای خۆیەوە، خۆی لەئاستی ئەوانی تردا دەبینێتەوە بەلاَم لەدامەزراوی خێڵدا ئەوجۆرە میکانیزمەی کارکردن نی‌یە، بەڵکو ئاغا یان بەگ یان سەرخێڵ لەلوتکەی هەرەمەکەدایەو سەرجەم ئەندامانی خێڵ تەنانەت هەندێ جار بەتیرە جۆراوجۆرەکانیشەوە ڕاستەوخۆ لەژێرسایەی دەسەلاَت‌و بڕیاری ئەوسەرخێڵەدا دەجولێن‌و ئەوەی پلەیەك لەسەرخێڵەوە نزیك ترەلەخێڵدا یان ئەوەی پلەیەك لەسەرۆکی تیرەوە نزیك ترە لەتیرەدا ئەوا جێگای ئەو لەپێش ئەندامانی ترەوەیەو پایەیەکی بەرزتری دەبێت. دیار جێگای خۆیەتی ئاماژە بۆئەوە بکەین کەبوونی خێڵ‌و عەشیرەت تەنیا خاسیەتی کۆمەڵگای کوردی نی‌یە، بەڵکو زۆربەی کۆمەڵگاکانی دنیا لەم جۆرە دامەزراوانە پێکهاتوون وەو لەگەڵ پەرەسەندنی کۆمەلاَیەتی‌و دروست بوونی دەوڵەت‌و دروست بوونی کۆمەڵگای شاردا ئەم دامەزراوانە پوکاونەتەوەو دامەزراوی کۆمەڵگای شار جێگای گرتونەتەوە، بەلاَم لەکۆمەڵگای کوردی‌دا لەبەر سستی پەرەسەندنی کۆمەلاَیەتی، ئەم دامەزراوانەو عەقڵ‌و ستراتیژی ئیشکردنیان تاکوئیستائامادەبوونی تەواوی هەیە سیمای ژیانی کوردەواری‌یە سەرباری بوونی چەندین شاری گەورەش.

## جوگرافیای خێڵی کوردی‌و دەوری تۆپۆگرافیا لەسەردامەزراوی خێلاَیەتی کوردی:

مەبەست لەجوگرافیای خێڵ ئەو ناوچەوهەرێمەیە کەخێڵێکی تایبەتی تێدادەژی‌و نیشتەجی‌بووە یان گەرمیان‌و کوێستانی تیدا کردووەو قەڵەم رەووی‌بووە.ئەوناوچەیە بۆتەشوێن دەسەلاَتی ئەو خێڵەو هیچ خێڵ‌و عەشیرەتێکی تر مافی ئەوەی نەبووە یان نی‌یە پی‌بخاتە نێو ئەوسنورەوە چ لەڕووی دەسەلاَتەوە چ لەڕووی تێداژیان‌و بەکارهێنانەوە. لەکوردستاندا ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین خێل‌و عەشیرەتەکان بەپی‌ی جوگرافیاش جیاکراونەتەوە، بۆنموونە خێڵێکی گەورەی وەکو جاف بەهەموتیرەکانیەوە چەندین شوێنی دیاری جوگرافیایان دیاری کردوەو ژیانی تیدا دەگوزەرێنن کە بەدەوروپشتی سیرواندا دەکشێن‌و بۆشارەزورو بۆناوچەکانی جوانڕۆو..تاد، هەندێ تیرەیان کەوتونەتە ناوچەی دوورتر لەئەوێوە. ئەوناوچانەی کەتیرەکانی‌ئەم خێڵەی تیدا دەژین بەجێی دەسەلاَت‌و نفوزی جاف دادەنرێت‌و دەسەلاَتی ئەم خێڵە لەو جوگرافیادا لەدەسەلاَتی دەوڵەت زیاتر بووەو وەکو فەرمانڕەوایەکی بەهێزی ناوچەیی دەرکەوتوە کەیاساودەستووری بەڕیوەبردنی خۆی هەبووە ئەگەرچی پێشتر خێڵەکانی کورد لەکۆچی گەرمیان‌و کوێستاندا نیشتە جێ نەبوون بەلاَم دیسان سنوورو قەڵەمڕەویان دیارو سنووری دیاری کراوبووە، ئەگەرچی گەرمیان‌و کوێستانکردنیش دەورێکی کاریگەری بینیوە لەوەدا کەکوردی کۆچەری ئەوەندە پەیوەستی خاك نەبێت‌و لەهەرکۆی دەواری هەڵداو باری خست ئەوی بەزێدو نیشتیمانی خۆی بزانێت، نیشتمانێکی‌سەفەری. لەئاستێکی قوڵتردا مەسەلەی گەرمیان و کوێستان و نیشتەجێ نەبوونی کورد وایلێکردووە کەهەست

بەبوونی زێدو نیشتمانی زۆر لاوازبێت و لەئەنجامی ئەوەشدا هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی دوابکەوێت و بەئاسانی نەرسکیٚو کاتێکیش رسکا بەلاوازی بڕسکیٚ چونکە یەکێك لەهۆیەسەرەکیەکانی خۆشویستنی خاك و نیشتمان نیشتەجیٚبوونە لەو خاك و نیشتمانەدا، لێرەوە سەرنج بۆخاڵێکی تری پەیوەست بەم مەسەلەیەوە رادەکێشین لەمێژووی‌کوردانە دامەزراوی شێخ و سەیدەکان (کەپیشتر ئاماژەمان بۆکردون‌و گوتمان پێمان باشە ئەم دامەزراوە بەعەشیرەت ناوببەین)زووتر نیشتە جیٚبوون وپەیوەست بوون بەخاکەوە لەئەنجامی ئەوەشدا توانیویانە ئاوەدانکردنەوەبکەن و مزگەوت و خوێندنگای ئاینیان هەبێت و خوێندەواری لەناویاندا بڵاو ببێتەوە کەئەوەش یەکێکە لەهۆکارەسەرەکیەکانی زووتر دەرکەوتن و رسکانی هەست و هۆشیاری نەتەوەیی هەربۆیە لەنێو شێخ و سەیدەکاندا، لەلای خوێندەوار رابەرەئاینیەکان زووتر هەستی نەتەوایەتی کوردی دەرکەوتوە .ئەگەر سەرنجی مێژووی بزووتنەوەنەتەوەییەکانی کورد بدەین ئەوا دەبینین بەشێوەیەکی زۆرلەبەرچاو رابەرو سەرکردەکانیان شێخ و سەید و رابەرەکانی ئاین بوون یان ئەو ئاغاو بەگانە بوون کەخێڵەکانیان لەزووەوە نیشتەجیٚ بوونو وازیان لەگەرمیان و کوێستان هێناوە و پەیوەست بوون بەخاکەوە.

مەبەست لەم قسەیە ئەوەنیە کەلەشوێن و پایەی نیشتمان پەروەری خێڵەکۆچەرەکانی کورد کەم بکەینەوە نەخێر بەڵکو مەبەستمان دیاریکردنی کاریگەری نیشتەجیٚبوون و پەیوەست بوون بەخاکەوەیە لەسەر سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی کەلەخۆیدا سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی قۆناغێکی پەرەسەندووتری کۆمەڵایەتیە لەچاو پەیوەست بوون بە خێڵ و کەلتووری خێڵ و عەقڵ و ستراتیجی خێڵەوە .جوگرافیای خێڵ و عەشیرەت لەرابردوودا دوومانای هەبووە بۆئیستاش ئەو دوومانایە راست و دروستن .مانای یەکەم جوگرافیا ئەو زەمینەیە بووەکەخێل و عەشیرەت ژیانی خۆیان لەسەر دابین کردووە.واتە ئەو جوگرافیایە بریتی بووە لەپاکژو لەوەڕگا بۆئاژەڵ و مەڕ و مالآت و ئەوانەشی کەتیایدا نیشتەجیٚبوون و کشتوکاڵیان کردووە ئەو جوگرافیایە سنوری جوڵەو کارکردن و نان پەیداکردنیان بووە،واتە جوگرافیای خێل ئەو زەمینەیەیە کەبنەماو پێداویستی یە مادییەکانی خێڵ و عەشیرەتی پێکهێناوە. بیٚبوونی جوگرافیایەکی دیاریکراو ناشێت باسی خێل و عەشیرەت بکرێت چونکە ئەوکەسەی یان ئەو دەستە کۆمەڵایەتیەی لەکوردەواریدا جوگرافیای تایبەتی خۆیی نیە ئەوەخێڵ یان عەشیرەتی نیەو بەزمانی سادەی خەڵك پیٚی دەوترێت (مسکێن)، کەئەمانەش بەشێکی دیاری کۆمەڵی کوردی پێك دێنن بەلاّم بەشێوەیەکی گشتی لەپاڵ خێل و عەشیرەتەدیارەکاندا دەژین و لەسەر زەوی ئەوان کاردەکەن و ئاژەڵ و مەڕو مالآتی ئەوان بەخێودەکەن.خاڵی دووەم جوگرافیا دەلالەتێکی مەعنەوی هەیە لەبوونی خێل و عەشیرەتدا بۆنمونە دەبینین خێڵی کوردی بەجۆرێك شانازی بەجوگرافیاو سنووری نیشتە جیٚبوونی خێڵەکەیەوە دەکات و وای دەبینیٚ کەئەو جوگرافیایە بەشێك لەسەروەری و پیرۆزی ئەم پێك دێنێت، ئەم تێروانینەش یەکێکی تر بوە لەهۆیەکانی بەردەم دروست بوونی فیدراسیۆنی خێڵەکانی کورد بۆنمونە خێلێکی ناوچەیەکی گەرمیان شێوازی ژیان و جۆری هەڵس و کەوتکردنی لەگەڵ خاك جیاواز بووە لەخێڵ یان عەشیرەتێکی کویستانی بەجۆرێك کەنەتوانن پێکەوە هەڵبکەن و هاریکاری یەکتری بکەن، یەکێك لەهۆیەکانی ئاڵۆزی و شەڕوئاژاوەی نێوان خێڵو عەشیرەتەکانی کورد مەسەلەی جوگرافیای خێڵە.

هەرخێڵ و عەشیرەتێکی کورد وەکو یەکەیەکی سەربەخۆی سیاسی ئیدارەی کۆمەلایەتی سەیری خۆی دەکات و وەهاش لەجوگرافیاوسنووری قەڵەمڕەوی خۆی دەڕوانێت کەسنووری دەوڵەتێك بێت‌و کەس بۆی نەبێت پیٚی لیٚبنێت. یان گەرمیان‌و کوێستانی پێدابکات یان بیکات بەلەوەڕگا بۆئاژەڵو مەڕو مالآتەکانی یان لەزەوی‌یە دێم‌وبەراوەکانیدا کشتوکاڵ بکات.هەموو ئەمانە لەداب‌و نەریتی خێلآیەتی کوردی‌دا قەدەغەو حەرامن‌و هەرخێڵو عەشیرەتێك یان هەرتیرەوهۆزێك پیٚ بنێتە نێو جوگرافیای خێڵو عەشیرەێکی ترەوەو یەکێك لەو چالاکیانەی سەرەوە لەسنووری جوگرافیای ئەودا ئەنجام بدات ئەوا دەبێتە هۆی ناکۆکی‌وشەڕوئاژاوە لەنێوان ئەو دوو خێڵەداو دەشیٚ ئەنجامی خراپی لیٚبکەوێتەوە. کەئەوەش بەدرێژایی مێژووی خێلآیەتی

کوردی سەرچاوەی پەشێویی و ناکۆکی بووەو بواری هایکاری و یەکگرتنی تەسك کردۆتـەوەو ڕێگربـووە لەبــەردەم ڕەخســاندنی زەمینــەی پێکــهاتنی فیدراسیۆنی خێڵـەکانی کورددا، دیارە ناسروشــتی پەیوەندییــەکانی خوێــن و دەمــاری (خزمایــەتی) کوردیش لـەو بوارەدا دەوری خویی بینیـووە. ئێمە پێشـتر ئاماژەمـان بۆئـەوەکرد کەخێڵ وعەشـیرەت وەکودامـەزراوێکی یـەکگرتووی بەچـەندین ڕایـەڵی مادی ومەعنــەوی پێکەوەبەســتراو دروســتبووەو لەقەڵایەك دەچێت کەلەهیچ لایەکەوە بۆبێگانە ڕێگای چوونە نــاوەوەی نیــە. واتەســەرجەم پــەیوەندی و چالاکی یە کۆمەڵایەتیەکانی خێـڵ لەسنووری خۆیدا ئەنجام دەدرێت. ئەمە شێوەی سروشتی پێکهاتنی پەیوەندییـەکانی دامـەزراوی خێڵـە لـەناوخۆیدا بـەڵام خێڵـی کــوردی هــەر لــەمێژە جۆرێـك لەبنـەماکانی یـەکبوونی خۆیـی ونکــردووە، ئـەویش بەکاریگــەری تۆپۆگرافیای نالەباری کوردستان کـەدەورێکی دیـاری بینیــووە لەدابەشــبوونی خێڵ وتیرەکــانی خێڵــدا بەســەرناوچەی دوورلەیــەك و داخــراودا کەئــەوەش جۆرێك لـەکورت بینـی و داخرانـی تــێروانینی خێڵــی کــوردی یــان تــیرەی کــوردی بــەڕووی خۆیــدا دروســتکردووەو وەهــای لێکــردووە کەجگەلــەخۆی کەســی تــر نــەبینی و نــەتوانێت لەگــەڵ کەســی ترکۆببێتەوەو یــەکبگرێت. ئەمـەش لـەئاکامدا ڕێگـای لەدروستبوونی فیدراسیۆنی خێڵەکانی کورد گرتـووە.

لێرەدا باسکردنی تۆپۆگرافیای کوردستان و کاریگەری لەسەرشـێواندنی پەرەسـەندنی کۆمەڵایـەتی کــوردی بـەجێ دەهێڵێـن چونکەباسـێکی سەربەخۆیە وپێشــتر بـەکورتی لێی دواویـن(٧).لـەکاتی نیشـتەجێ بوونـدا خێڵــی کــورد بەکاریگــەری تۆپۆگرافیــای نالــەباری کوردستان ئەو بارودۆخەی بۆنەڕەخساوە کەسەرجەم خێـڵ بەهـەموو تیرەکانیــەوە لەناوچەیــەکی دیــاری کراودا نیشتەجێ ببێت و پارێزگاری لەپەیوەندییەکانی خوێــن و دمــاری (خزمایــەتی) خــۆی بەشــێوەیەکی بـەهێزبکات و ڕایەڵــەکانی پــەیوەندی نێــو هــەرەمی خێڵ و سەرجەم خێڵ و تیرەکانی پێکـەوە ببەستێت، بەڵکو زەوی کشتوکاڵی و ئاوولــەوەڕگا خێڵی کوردی ناچارکردووە هەرچەند خــێزان و بنەماڵەیـەکی لەسـەر ئاوێك و بــەدیار ڕووبــەرێکی تەسـکی زەوی و پـاکژەوە نیشتەجێ بین و وەکو یەکەیەکی ئابوری و کۆمەڵایەتی تاڕادەیەك سەربەخۆ یان لێ بێـت و لـەنێو ئـەو چـەند خێزانەدا کەسی یەکەم و بڕیار بەدەسـت دەرکـەوێت و ئەوکەسـەش زۆرجار گوێڕایـەڵی سـەروەك خێـڵ یـان تەنانەت سەر تیرەکەشی نـەبێت، بـەوەش سروشـتی پەیوەندی و میکانیزمی کــارکردن و جوڵـە و ئاراسـتەی فـەرمان لەهــەرەمی خێڵایــەتی کــوردیدا شـێواوەو هێزوتوانـای نـاوکۆیی خێـڵ دابـەش بـووە بۆچـەندین هـێزی بچووك و بـەوەش چـەندین پنتـی دەســەڵات و بڕیـار لـەناو دامـەزراوی خێڵـی کوردیدا دروسـتبووە کەئــەوەش نفـوزو دەســەڵاتی ســەرخێڵی کـــوردی کەمکردۆتــەوەو لــەم حاڵەتەشــدا چ ســـەرخێڵ و چ دامەزراوەکەی لەخەمی یەکخستنی بەشەکانی خـودی خێڵدا دەبن و سـەرخێڵ دەیــەوێت هــەرهیچ نــەبێت قەوارەی خێڵ بەیەکگرتوویی و وەکوتاکە دامـەزراوێك بپارێزێت. بەڵام دوورکەوتنەوەی تـیرەو بنەماڵـەکانی هەمان خێـڵ لەیـەکتری زۆر جـار بۆتـەهۆی نـاکۆکی و ئــاژاوەو دوژمنایــەتی کردنیــش لــەنێوان تیرەکــانی هەمان خێڵدا. هەربۆیە خێڵی کوردی جگە لەوکاتانەی کەلەگــەڵ خێڵــەکانی تــردا نــاکۆکی هــەبووە ئیــتر لەحاڵــەتی ئاســایدا وەکــو یەکەیــەکی یــەکگرتوو دەرنەکەوتووە، بەڵکو لـەناوخۆیدا پێکهاتەیـەك بووە لەناکۆکی وناتـەبایی و هـەر خێڵـە لـەناوخۆیدا بـەپێی نـاکۆکی و جیـاوازی تیرەکــانی ئاراســتەی جیــاوازی بڕیاری تێدا دروست بووەکەئەو فرە ئاراستەیە ڕێگای نزیك بوونـەوەی نێـوان خێڵـە جیاوازەکــانی نــەداوە چونکە لەجەستەی تاکــە خێڵێکدا چـەندین نـاوەندی بڕیار دروستبووەو هیچ کام لەو ناوەندانەش قــازانجی لەوەدانـەبووە نەلەگـەڵ بەشـەکانی تـری خێڵەکــەی خـۆی نەلەگەڵ خێـڵ و عەشـیرەتەکانی تــردا نزیـك بێتـەوەو هاریکــاری بکــات کەتــەنیا نزیکبوونــەوەو هاریکــاری هۆکــاری ســـەرەکین بۆدروســـتبوونی فیدراسیۆنی خێڵایەتی. چونکـە لەعـەقڵ و سـتراتیژی خێڵایەتی کوردیدا گرنگ ئەوەیە تۆکەسی یەکەم بیت ئیتر گرنگ نیە ڕەعیەتەکــەت چـەندە. ئـەم بنیـادەی خێڵایـەتی کــوردی بەئاشــکرا گواســتراوەتەوەبۆنێو حیزبی کوردی و زۆربــەی حزبـە بچووکـەکان لەهــەمان شوێنی ئەو چەند خێزانەی گوندێکی سنوور داخراوی پــەیوەندی خێڵایــەتی کوردیــان و نــاتوانن دەســت بەرداری ئەو وەهمەبن کەخۆیان بەسەرکردە دەزانـن، ئەمان بەلایانەوە گرنگە خــاوەنی بڕیـاربن باسنووری

ئەوبڕیارەش زۆرتەسك بێت وەکو گوتەیەکی عەرەبی کەدەڵێت: (یریدون الامارە ولو علی الحجارە). دروستبوونی ئەوناوەندانەو دابەش بوونی خێڵی کوردی بەوجۆرە لەژێر کاریگەری تۆپۆگرافیای کوردستاندا هۆکارێکی سەرەکی بووە کەڕێگای لەدروستبوونیو پێکهاتنی فیدراسیۆنی خێڵایەتی کوردی گرتووە. ئێمە تاکو ئێستا باسی هەندێ لەو هۆکارانەمان کرد کەڕێگایان نەداوە فیدراسیۆنی خێڵایەتی کوردی دروست ببێت بەڵام فیدراسیۆنی خێڵایەتیمان نەناساند. مەبەست لەفیدراسیۆنی خێڵایەتی کۆبوونەوەو لێکنزیك بوونەوەو هاریکاریو پەیمان بەستنو دواتر یەکگرتنە لەنێوان خێڵو عەشیرەتەکانی کۆمەڵگایەکدا بەگشتی یان لەنێوان بەشێك لەخێڵو عەشیرەتەکانی کۆمەڵگایەکدا کەپێکەوە یەکەیەکی گەورەتر لەڕووی قەوارەوهێزو ژمارەوە پێکدێننو سەرکردایەتیەکی یەکگرتوویان دەبێتو ئەوسەرکردایەش ناوەندی یەکەمی بڕیارو دەسەڵات دەبێتو دەشێ لەئەنجامی ئەو یەکگرتنەدا ڕۆحی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایە بەئاراستەی بڵندبوون بجوولێتو لەئاکامدا دەوڵەتی خێڵ لەو کۆمەڵگایەدا بەهەموبنەماکانی دەوڵەتی خێڵەوە دروست ببێت. دامەزراوێکی لەوجۆرەش کەلەیەکگرتنەوەی خێڵو عەشیرەتەکانی کۆمەڵگایەك دروست ببێت ئەوا بێگومان ئەو دامەزراوە لەخێڵ گەورەتر دەبێتو وەکو دامەزراوێکی کۆمەڵایەتی خاسیەتی نەتەوەیش هەڵدەگرێتو دەبێتە دەوڵەتی نەتەوەی ئەو کۆمەڵگا خێڵایەتیە. لەمێژووی کۆنی میزۆپۆتامیادا لەئەنجامی فیدراسیۆنی خێڵەکاندا کەزۆربەی خێڵەکان بەجیا دەسەڵاتێکی سنوورداریان هەبوو پێیان دەگوت دەوڵەتۆچکەی شار، دەوڵەتی سۆمەری دروستبوو. یان تورکە عوسمانیەکان بریتی بوون لەچەندخێڵێکی جۆراوجۆری ئاسیای ناوەڕاستو قەوقاس لەئەنجامی هەست کردنیان بەئامادەنەبوونو لاوازییاندا توانیان یەکبگرنو جۆرێك فیدراسیۆن دروست بکەن کەلەئەنجامدا دەوڵەتی عوسمانیان دروست کردو ئەو دەوڵەتەش ببێت بە یەکێك لەگەورەترین ئیمپراتۆرەکانی سەردەمی خۆی. هۆکارێکی تری لێکدروکەوتنەوەی خێڵو عەشیرەتەکانی کورد دەگەڕێتەوە بۆ ونیو نادیاری ئەسڵو سەرچاوەی خێڵو عەشیەتەکان خۆیان. تاکوئێستا توێژینەوەیەکی لەوجۆرە نەکراوەکەپەیوەندی ڕەگو ڕیشەوبنەچەی خێڵو عەشیرەتەکانی کورد دەربخات، مەبەستمان لەودرەختی بنەماڵانە نیەکە ناتوانرێت بەبەڵگەی زانستی بسەلمێنرێت. ئەگەر سەرنجی خێڵو عەشیرەتەکانی کورد بدەین ئەوا هەریەکەبە هەرەمێکی سەربەخۆ لەڕابردووەوە بۆئێستا کشاوەو سەربەخۆیی خۆیی پاراستووەو وەکو یەکەیەکی داخراو خێڵو عەشیرەتی کوردی بەهەرەمێکی سەربەخۆو دیسان داخراو بەڕووی خۆیداماوەتەوە ئەوەش وایکردووە دیوارێکی ئەستوور لەنێوان خۆیو خێڵو عەشیرەتەکانی تردا هەڵبچنێت بەجۆرێك کەپەیوەندی خێلێکی کورد لەگەڵ خێڵێکی تری کورددا جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبێت لە پەیوەندی ئەوخێڵە کوردانە لەگەڵ خێڵی نەتەوەکانی دراوسێ کوردستاندا تەنها مەگەر هاوسنووری جوگرافیای خێڵ لەگەڵ جوگرافیای خێڵە هاوسێکانیدا کاریگەرییەکی هەبێت لەسەر شێوازی پەیوەندییەکە، ئیتر گرنگ نیە خێڵی هاوسنور کوردبێت یان غەیری کورد. لەڕووی ڕەكو ڕیشەوە تاکو ئێستا نازانرێت ئایا خێڵو عەشیرەتەکانی کورد لەکوێدا بەیەك دەگەنەوەو دەبنەوەبەکۆڕی یەك باوك، ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کەخێڵو عەشیرەتەکانی کورد هەست نەکەن کەلە ئەسڵدا هەموویان برای یەکترنو یەك ڕەگو ڕیشەیان هەیە چونکە ئەگەر لەڕووی مەعنەوییەوە خێڵو عەشیرەتی کوردی هەستیان بکردایە برای یەکترینو نەوەی یەك کەسن ئەوەدەشیا هەستکردن بەو نزیکی یە ببوایەتە هۆی ڕووخاندنی دیوارەکانی نێوانیانو ڕێگای هاریکاریو یەکێتیو یەکگرتن خۆش ببوایەو بەوەش زەمینەی دروستبوونی فیدراسیۆنی خێڵو عەشیرەتەکانی کورد پێکبهاتایە. درەختی بنەماڵەکان کەبەکاریگەری ئایینی ئیسلام دروستبووەو هەر عەشیرەتو خێڵێك لەهەوڵی ئەودابووە کەپلەیەزووترو نزیکتر خۆی بگەیەنێتەوە بەپێغەمبەری ئیسلامو کەسوکارو هاوەڵانی، لەڕاستیدا ئەمە لەلایەك دەبێتە بەڵگە بۆناکوردێتی ئەو عەشیرەتو خێڵانەی کەئەو دۆکیومێنتەیان هەیە ئەگەر ئەو دۆکومێنتە ڕاست بێت. لەلایەکی ترخودی ئەو دیکۆمێنتە بووە بەهۆی ئاژاوەو ناکۆکی لەنێوان خێڵ و عەشیرەتەکانی

کورددا، چونکەئەوەی‌کە پلەیەك نزیکترەلەپێغەمبەر خۆی بەپیرۆزترو بەرزتر سەیردەکات، خۆ ئەو خێلّ و تیرەو بنەماڵە یان دەستەکۆمەلآیەتیەی کەلەبنەرەتدا خاوەنی ئەو دیکۆمێنتەنیە ئەوا لەتێروانینی خاوەنی دیکۆمێنتەکانەوە بەنزم و کەم بەها سەیردەکرێت و لەو میانەیەشدا هیچ بوارێك بۆهاریکاری و یەکگرتنەوە نامێنێتەوە، ئەوەش هۆیەکی تری ڕێگر بووە لەبەردەم دروستبوونی فیدراسیۆنی خێلآیەتی کوردی‌دا. لەدەرەوەی درەختی بنەماڵەکان لەپەیوەندی خێلآیەتی کودی‌دا ناتوانرێت سەرچاوەیەکی یەکگرتوو بۆهەموخێلّو عەشیرەتەکان بدۆزرێتەوە واتە لەمێژووی ڕابردوودا لەڕووی مەعنەوییەوە، لەڕووی دۆکیومێنتێکی ئاشکراوە خێلّو عەشیرەتەکانی کوردهیچ بنەمایەکی ئەو تۆی هاوبەشیان نیە. تەنانەت هەندێ جار ناتوانرێت تیرەکانی خێلّێکیش بەتەواوی ببرێنەوە سەرباوکی یەکەمیان‌و لەگەڵ براکانیدا بگەیەندرێنەوە بەیەك ڕەگ‌و ڕیشەی دیار. بۆنموونە تاکوئێستا تیرە دیارەکانی خێڵی جاف لەڕووی تۆمارکردنەوە ساغ نەکراونەتەوە کەکوڕی کام باوکن‌و لەکوێدا دەگەنەوە بەیەکتر. نموونەیەکی زۆرنزیك دەربارەی ڕەگ‌و ڕیشەو ناوی ئەوکەسەی کەمیرنشینی سۆرانی دامەزراندووە تاکو ئێستا نەتوانراوە ئاشکرابکرێت.

مێژوو نوسەکانی ئەردەلآن هەموویان لەسەر ئەوەیەکن کەبارام بەگی کوڕی سورخاب بەگ کەئەو زەمانە بەفەرمانی باوکی کراوە بەحاکمی ئامێدی‌و ڕەواندز، باپیرەی زنجیرەی بنەماڵەی میرانی سۆرانەو هەموویان سورن لەسەر ئەوەی کەمیر محەمەدی میری ڕەواندزو هەریروکۆیە کەلەو سەردەمەدا یەکێ لەپیاوە ناسراوەکانی ناوچەکەبوو، لەنەوەی بارامی کۆڕی سورخانە.(بەلآم) ئاگاداریەکانی شەرەفنامەکە کۆنترین سەرچاوەی مێژوویییە کە باسی بنجوبناوانی هەردووبنەماڵەی ئەردەلآن‌و سۆرانی کردبێ لەم ڕووەوە هیچ بەڵگەیەك بەدەستەوە نادا، کەبارام بەگ باپیری میرانی سۆران بێ(٨).ئەمەش بنەمایەکی لاوازی دامەزراوی خێلّو عەشیرەتی کوردی‌یە کەتاکو ئێستا زۆرشت لەبارەیەوە بەنهێنی ماوەتەوەو تاکو ئێستاش ئەم دامەزراوە دەوری کاریگەرو ئامادەبوونی لەبەرچاوی هەیە لەکۆمەڵگای کوردی‌دا.

لەبەرئەوەی خێلّو عەشیرەتی کوردی نەڕەگ‌وڕیشەی بەباشی دیارە، نەدەزانرابێت لەکوێدا پێك دەگەنەوە... لەمێژووی ڕابردووشەوە بۆئێستا نەیانتوانیووە لەیەکتر نزیك ببنەوەو هەوڵی دروست کردنی فیدراسیۆنی خۆیان بدەن‌و لەیەکێتی‌یەکی گەورەترو فراوانتردا کۆببنەوەو سیمای نەتەوایەتی بەخۆیان ببڕن‌و لەئاکامیشدا دەوڵەتی خێلآیەتی کوردی دروست بکەن. خاڵێکی ترکەدەشێ وەکو یەکێك لەهۆکارەکانی بەردەم دروستبوونی فیدراسیۆنی خێلآیەتی کوردی سەیر بکرێت مەسەلەی گەرمیان‌و کوێستان‌و پەیوەست نەبوونە بەخاك‌و بەئابووری خاکەوە، خێڵی کۆچەری هەمیشە وادەردەکەوێت کە پێویستی بەوجۆرە هاریکاری‌و یەکگرتنە نیە لەگەڵ خێڵەکانی ترداکە ببێت بەبنەما بۆ دروستبوونی فیدراسیۆنی خێڵەکان، چونکە فیدراسیۆن وەکو جۆرێك لەیەکگرتن‌و پەیمان بەستن لەسەر (شوێن) واتە زیاتر لەبنەماڵەی سەقامگیربووندا دروست دەبێت. خێڵی کۆچەری لەسەر بنەمای (شوێن) پێناسەی ناکرێت،هەرلەبەر ئەوەناتوانرێت لەژیانی کۆچ‌و گەرمیان‌وکوێستاندا باسی فیدراسیۆنی خێلآیەتی بکرێت بەو چەمکە بۆچوونەی کەفیدراسیۆن دەبێت بەهۆی دروستکردنی دەوڵەتی خێلّ. لەلایەکی ترەوە فیدراسیۆن بەبێ ئاوەدانی‌و ئاوەدانکردنەوە دروست نابێت. هەروەك ئیبن خەلدونیش دەڵێت: سەقامگیربوون‌و نیشتەجێ بوون لەمەرجە سەرەکیەکانی ئاوەدان کردنەوەن (٩). ئاوەدانکردنەوەش یەکەمجار لەسنووری خێلّو عەشیرەتی نیشتەجێوە دەست پێدەکات‌و لەوێشەوە دەکشێت بۆ سنووری خێلّو عەشیرەتەکان واتە دەشێ ئاوەدانکردنەوەببێت بەکارێکی یارمەتی دەری پێکهاتنی فیدراسیۆنی خێڵەکان. بەلآم خێڵی کۆچەری کوردی ناتوانێت ئەو زەمینەیە ئامادەبکات چونکە سەقامگیرنیە. واتە لەئەنجامی ژیانی گەرمیان‌و کوێستاندا خێڵی کۆچەری کوردی یەکێکی ترلە هۆکانی نزیکبوونەوەی نێوان خۆی‌و خێلّو عەشیرەتەکانی تری ونکردووە کەئەویش ئاوەدانکردنەوەی شوێنە، ئەوشوێنەی دەشێ ببێت بەزەمینەی پێکهاتنی فیدراسیۆنی خێڵەکان. جارێکی تر ئیبن خەلدون دەڵێت: کۆبوونەوەی مرۆڤ پێکەوە شتێکی پێویستەو مرۆڤ بەسروشتی بوونەوەرێکی مەدەنیە لەبەر ئەوە دەبێ کۆبوونەوەی هەبێت،

خودی ئەو کۆبوونەوەیەش بریتی‌یە لە لەمەدەنی بوون کەمەبەست لەمیش ئاوەدانکردنەوەیە (١٠).لێرەوە دەردەکەوێت کەمرۆڤ بەبێ کۆبوونەوەو نیشتەجێ بوون ناتوانێت ئاوەدانکردنەوەبکات بێ ئاوەدانکردنەوەش ناشێت نزیکی لەنێوان خێڵو عەشیرەتەکانی کورددا پێکبێت، لەحاڵەتی وەهاشدا ناشێ زەمینە بۆ پێکهاتنی فیدراسیۆنی خێڵو عەشیرەتەکانی کورد بڕەخسێت. بەهەرحاڵ لەمێژووی خێڵایەتی کوردی‌دا چ لەنێو خێڵی کۆچەری خۆیان بەتەنهاو چ لەنێو خێڵو عەشیرەتە دانیشتووەکاندا، چ لەنێوان کۆچەری‌و دانیشتووەکاندا پێکەوە هاریکاری‌و یەکگرتنێکی ئەوتۆ دروست نەبووەکەببێتە بنەمابۆدروستبوونی فیدراسیۆنی خێڵایەتی کوردی چونکە لە زەمینەیەکی وەها ئاڵۆزدا کەبنەماکانی ئاوەدانکردنەوە بوونی نەبێت فیدراسیۆن لەسەرزەمینەی بۆش دروست نابێت.

## ئابوری خێڵو دەوری لەدواخستنی دروستبوونی فیدراسیۆن دا :

پێشتر گوتمات ژیانی خێڵایەتی کوردی ژیانێکی سادەو نیمچە سەرەتایی بووە بەتایبەتی ژیانی خێڵی کۆچەری کوردی کەهەمووپێداویستی‌یەکانی ژیانی لەسنوری دامەزراوەکەی خۆیدا دابین کردووە کەئەویش بریتی بووە لەبەروبوومی ئاژەڵ. کشتوکاڵیش تەنیا لەحاڵەتی نیشتەجێ بووندا دەکرێت بۆیەخێڵی کۆچەری نەیتوانیووە کشتوکاڵ بکات مەگەر بەرهەمەکانی ئاژەڵداری گۆڕیبێتەوە بە بەرهەمە پێویستیەکانی گشتوکاڵ. لەبارەی ژیانی ئابووری کوردەوە شەرەفخانی بەدلیسی دەڵێت: خاکی کوردستان بەلوڕستانیشەوە بەشی زۆری ڕەقەن‌و چڕو لێرەوارەو نەرمانی ئەوندەنیە کەبەرهەم‌و دەرامەتی کشتوکاڵی دانیشتوانی هەموو بەتەسەلی تێر بکا. سەبارەت بەڕژدو کڕاڵی زەوی‌و زارەکەیان کورد لەچاو دەرو دراوسێکانیان هەژارونەدارن (١١).ئەمەش سەرچاوەی سروشتی‌و گشتی ئابوری کورد بووە لەڕابردوواو خێڵی کورد لەسەر ئەو ئابورییە ژیاوە بەتایبەتی خێڵی کۆچەریش کەهەموژیانی لەسەر ئاژەڵداری بووە ئەو حاڵەتە وایلێکردووە بەردەوام لەگەڵ خێڵو عەشیرەتەکانی دەوروبەریدا ناکۆک‌و ناتەبابێت‌و لەئاکامدا خێڵ وەکو دامەزراوێکی گۆشەگیرو دابڕاو لەدەوروبەرەکەی دەرکەوتووەو هەمووپەیوەندی‌و چالاکی‌یە کۆمەڵایەتیەکانی لەسنووری خۆیدا بووە. ئەوەش سنووری خێڵی بەڕووی خۆیدا داخستووەو نەیتوانیووە لەگەڵ خێڵو عەشیرەتەکانی تردا تێکەڵاوببێت‌و لەئاکامدا هاریکاری‌و یەکگرتن دروست ببێت‌و زەمینە بۆپێکهاتنی یەکگرتنەوەی فراوانتری خێڵەکان لەشێوەی فیدراسیۆندا بڕەخسێ. لەلایەکی ترەوە ئابووری خێڵ بەگشتی بەشێکی بریتی بووە لەتالان‌و داگیرکردن‌و دزینی مەڕومالات‌و سامانی ئەوخێڵو عەشیرەتانەی کەشەڕی لەگەڵدا کردوون، یان ئەو سامانەی لەبری خوێندا وەریگرتووە. لێرەوە دەردەکەوێت کەسەرچاوەی ئابوری خێڵی کوردی سەرچاوەیەکی ناجێگیرە. دیارە بنیادی ئابوریش دەورێکی کاریگەری هەیە لەسەر پێکهاتنی بنیادی عەقڵی‌و فیکری‌و داب‌و نەریت‌و ڕەفتار. هەر بەوپێیە ئابوری کەخێڵایەتی کوردی نەیتوانیووە دەورێکی پۆزەتیف ببینێ لەفۆرمەلە کردنی عەقڵو ستراتیژی خێڵایەتی کوردی‌دا بە ئاراستەی کرانەوەو هاریکاری‌و یەکگرتن. بەڵکو ئەوشێوازەی ئابوری خێلی کوردی لێوە بەرهەم دێت ڕێگا خۆشکەرەبۆپەرتبوون‌و لێکدوورکەوتنەوە چونکە بەشێوەیەکی گشتی ئابوری خێڵو سامانی خێڵ لە دژایەتی کردن‌و نەیاربوونی خێڵو عەشیرەتەکانی ترەوە دروست دەبێت‌و خێڵ لەپێناوی ئەو داهاتەدا ماف‌و سەروەری خێڵەکانی تر پێ لێدەنێت دیارە پێنان لەکەرامەت‌و سەرەوەریەکانی خەڵکی یان دامەزراوی خێڵێکی تر دەبێتە مایەی ئاژاوەو ناکۆکی‌و ئاشکراشە کەهەموو جۆرەئاژاوەو ناکۆکیەك لەنێوان خێڵو عەشیرەتەکانی کورددا بەدژی یەکگرتن‌و دروستبوونی فیدراسیۆنی خێڵایەتی کوردی بووە. بەگوێرەی فاکتەری ئابوری لەقۆناغی نیشتەجێ بوونی یانیشتەجێکردنی خێڵی کوردی‌دا دەورێکی کاریگەری بینیووە لەزیاتر لاوازکردنی ڕۆحی یەکگرتن‌و لێك نزیك بوونەوەی خێڵو عەشیرەتەکانی کورددا، لەوقۆناغەدا هۆکاری ئابوری زیاتر یەکێتی خێڵی هەڵوەشاندۆتەوەو نەك هەر بۆتە هۆی زیاتر گۆشەگیرکردنی خێڵەکان‌و دوورخستنەوەیان لەیەکتری بەڵکو زۆربەی کات تیرەوبنەماڵەکانی تاکە

خێڵێکی دیاری کراویشی لەیەکتر پەرت کردووە چونکە لەکاتی نیشتەجێ بووندا خێڵ و تیرەو بنەماڵەکانی پێویستیان بەئاوو زەوی کشتوکاڵی و لەهەمان کاتدا لەوەڕگاش هەبووە، بەلاّم تۆپۆگرافیای نالەباری کوردستان ڕێگای نەداوە هەر خێڵە بەخۆیی و هەمووتیرەو بنەماڵەوهەموو ئەوانەی تریش کەبوونەتە لایەنگری و لەگەڵیدا دەژین لەپانتاییەکی جوگرافیای دیاری کراودا نیشتەجێ ببن و زەوی کشتوکاڵ و ئاوو لەوەڕگایان وەکو پێویست هەبێت بەڵکو بەپێچەوانەوە لەبەر کەمی زەوی کشتوکاڵ و ئاوی پێویست خێڵی کوردی لەنیشتەجێ بووندا دابەشبووە بەسەر چەند کانی وکاریزو سەرچاوەیەکی ئاوداو هەر تیرەو بنەماڵەیەکی خێڵ لەچەندشوێن نیشتەجێ بوون و بەوەش یەکێتی خێڵ لاواز بووەو هەرتیرەو بنەماڵەیەك بیری لەوە کردۆتەوە کەخۆی چۆن وبەچ شێوەیەك ژیانی خۆی دابین بکات. هەر ئەو دابەشبوونەش لەپێناوی ژیاندا زۆربەی کات بووە بەهۆی ناکۆکی نێوان تیرەو بنەماڵەکانی هەمان خێڵ کەهاوسنووری یەکتربوون لەسەر پاکژو لەوەڕگا. ئەم دابەشبوونە یەکێتی خێڵی لاواز کردووەو بەوەش پەیوەندی خوێن و دەمار (خزمایەتی) بەرەولاوازبوون چووەو لەجەستەی خێڵی کوردیدا جۆرە درزبردنێك دروستبووە کەلەگەڵ ڕۆیشتنی کاتدا بەتەواوی بەشەکانی خێڵی لێکتر جیاکردۆتەوەو مەگەر تەنیا لەساتەوەختی مەترسی دەرەکیدا بەشەجیاوازییەکانی خێڵ هەستیان بەپێویستبووتی یەکێتی و یەکبوونی خۆیان و هاریکاری و یەکگرتن لەگەڵ خێڵەکانی تردا دروستکردووەو هەرخێڵە لەهەوڵی ئەوەدا بووە بەشەکانی خۆی یەك پێ بکرێتەوە. بەلاّم بەشێوەیەکی گشتی خێڵی کورد لەوەشدا سەرکەوتوونەبووەو زۆربەی کات تیرەکانی هەمان خێڵ لەناویەکدا ناکۆك و ناتەبابوون. لەئەنجامی ناڕێکی و پەشێویی لەنێو جەستەی خێڵەکان خۆیانداو هەوڵدانیان بۆچارەسەرکردنی ئەو ناکۆکیە ناوخۆیانەزۆرجار ململانێ و ناکۆکیە ناوکۆییەکانیان فڕێداوەتە دەرەوەی خۆیان و بەگژ خێڵ و عەشیرەتەهاوسنوورەکانیاندا چوون و بەوەش ئاژاوەی نێوان خێڵەکان زیاتر پەرەی سەندووەو بواربۆ لێکترنزیك بوونەوەو هاریکاری و ڕەخساندنی زەمینەی دروستبوونی فیدراسیۆنی خێڵەکانی کورد نەماوەتەوە. واتە شێوازی نیشتەجێ بوونی خێڵی کوردی بەکاریگەری زەمینەی نالەباری تۆپۆگرافیای کوردستان نەك هەر نەبۆتە هۆبۆ ڕەخساندنی هەلومەرجی لێك نزیك بوونەوەو دروستبوونی فیدراسیۆنی خێلاّیەتی کوردی بەڵکو بۆتە هۆی زیاتر پەرتکردنی جەستەی خێڵ خۆی و ئاژاوەو ناکۆکی خێلاّیەتی کوردیش لەبنەڕەتدا بەشێکی پەیوەندی بەوتۆپۆگرافیانا لەبارەو گرانی و زەحمەتی بەدەست هێنانی پێویستی یەکانی ژیانەوەهەیە تیایدا. ئەم دابوشبوونەی جەستەی خێڵیش لەبەر ئەوەی لەژێرکاریگەری وپەرەسەندنی کۆمەلاّیەتی دابەشبوونی چینایەتی دا نەبووە بەجۆرێك کەلە نیشتەجێ بووندا هێڵی جیاکردنەوەی نێوان توێژو چینە کۆمەلاّیەتیەکانی ئەو قۆناغە بکێشرێت بەتایبەتی سنووری جیاکەرەوە لەنێوان جوتیاران و خاوەن ملکەکاندا تەواو ئاشکرابێت و ململانێی چینایەتی لەنێوان ئەو دووچینەدا ببێتە ململانێی سەرەکی و پلەیەك و بەسەرپەیوەندییەکانی خوێن و دەمار(خزمایەتی)دا بپەڕێتەوەو جوتیاران وەکوچینێکی کۆمەلاّیەتی خاوەن بنەمای چینایەتی دەرکەوتنایە و وەکو یەکەیەکی کۆمەلاّیەتی کەبنەمای چینایەتی و پەیوەندی چینایەتی تیایدا بەسەر سنوورەکانی خێڵدا بپەڕیایەتەوەو بنەمای ئابوری چینایەتی ببوایەتە فاکتەری یەکگرتن و فۆرمەلە کردنی ئەو چینە و جێگای بەپەیوەندییەکانی خوێن و خزمایەتی چۆڵ بکردایە. ئەگەر ڕەوتی پەرەسەندنی کۆمەلاّیەتی لەکۆمەڵگای کوردیدا بەوشێوە سروشتیە بڕۆیشتایە ئەوا دەشیا لەبری چاوەڕوانکردنی پێکهاتنی فیدراسیۆنی خێڵەکان و پێکهێنانی دەوڵەتی خێلاّیەتی کوردی لەو قۆناغەدا چاوەڕوانی پێکهاتنی دەوڵەتی فیودیالی کوردی یان دەوڵەتی جوتیاری کوردی بکرایە. دیارە ئەگەر مێژووی پەرەسەندنی کۆمەلاّیەتی کوردی بەو ئاراستەیان بڕۆیشتایە ئەوا کۆمەڵگای کوردی لەپەیوەندی ئاڵۆزو پڕلە پەشێویی و ناکۆکی خێلاّیەتیەوە دەگوزرایەوە بۆیەکەیەکی گەورەترو بەهێز کەئەویش دامەزراوی دەوڵەتی فیودیالی دەبوو، ململانێش لەنێوان سەرجەم جوتیاران و ئەو دەوڵەتەدا دەبوو. لەحاڵەتێکی وەهاشدا هەموو

توانا و وزەی کوردی بەچینوتوێژو خێڵو عەشیرەتەکانیەوە بەفیڕۆ نەدەچوو، لەنێو جەستەی خۆیدا هەموو تواناکانی خاڵی نەدەکرانەوە. ئەگەر سەرنجی خێڵی کوردی بدەین لەقۆناغی گەرمیانو کوێستانیەوە بۆ قۆناغی نیشتەجێ بوونی ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کەلە نێوان ئەودوو قۆناغەدا هیچ جیاوازییەکی ئەو تۆنیە یان دروستتنەبووە کەلەڕوانگەی کۆمەڵناسیەوە بتوانین بە (دابڕان) ناوی ببەین چونکە نەلەبنیادی پێکهاتنی کۆمەڵو نەلەسەرخانی کۆمەڵدا گۆڕانکاری ڕووی نەداوە، بەڵکو هەرئەوەیە خێڵ وازی لەکۆچ هێناوەو بەهەموو دابو نەریتو عەقڵو ستراتیژی پێشترییەوەنیشتەجێ بووە. هەرچۆن ئێستا دەبینین هەمان خێڵو هەمان گوندنشین بەخۆیو هەموو سیفەتەکانی ژیانی دەرەوەییو بەهەمووعەقڵو دابو نەریتێکی لادێیەوە هاتۆتە شاروهیچ گۆڕانگارییەکی بەسەردانایەت. کەواتە ئەوە ئاشکرایە کۆمەڵگای کوردی لەژیانی کۆچەریو خێڵایەتی نیشتەجێ لەلادێو لەگواستنەوەشیدا بۆشار هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووەکەشایانی باسی بێتو بووبێتە هۆی لاوازکردنی ستراتیژی عەقڵی تاکڕەووگۆشەگیرانەی خێڵایەتیو ڕێگای بۆیەکبوونو هاریکاریو یەکگرتن خۆشکردبێتو لەئەنجامی ئەوەشدا زەمینە بۆپێکهاتنی فیدراسیۆن یان یەکێتی خۆشکردبێت. لەبارەی گواستنەوەی کۆمەڵگای خێڵایەتی عەرەبەوە لەقۆناغی پێش ئیسلام بۆقۆناغی دەرکەوتنی ئیسلام دکتۆر محەمەد عابد جابری دەڵێت: کەس گومانی لەوەنیە کەبارودۆخی (ژیانی) عەرەب لەدوای دەرکەوتنی ئایینی ئیسلام وەکو پێش ئیسلام نەمایەوە (١٢).هەروەها دەڵێت: ئایا گۆڕانکاری قوڵو گشتگر لەکۆمەڵگای خێڵایەتی داخراوەوە کەکۆمەڵگایەکی بێ دەوڵەتو بێیاسابوو ڕوویدا بۆکۆمەڵگای گەورەی کراوە (١٣). ئەگەر لەڕوانگەی گۆڕانکارییەوە سەرنج لەو قۆناغە بدەین ئەوا کۆمەڵگای عەرەبی زۆر گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هاتووە. بەڵام بابگەڕێینەوەبۆنێو کۆمەڵگای کوردیلە (کۆچەوە بۆنیشتەجێبوون) لە(لادێوەبۆشار). ئایا هیچ گۆڕانکارییەکی لەبەرچاوڕوویداوە؟ بێگومان بەبێ هیچ دوودڵیەکەوە دەتوانین بڵێین نەخێر چونکە کاتێ خێڵی کۆچەری کوردی نیشتەجێ بووەیان نیشتەجێ کراوە نەلەئەنجامی پەرەسەندنی کۆمەلایەتی کوردیدا بووە، نەدیاردەیەکی لەبەرچاو یان پرۆژەیەکی وەکو ئیسلام لای عەرەب بۆکوردیش دەرکەوتووە هەتا ژیانی خێڵایەتی کوردی لەهەموو ڕوویەکەوە بگۆڕێت.

لەنیشتەجێ بووندا خێڵی کوردی بەهەموو سیفاتو خاسێتو بنیادەکانیەوە وەکو خۆی ماوەتەوەو هەمان سروشتی داخراوی خۆیی پاراستووەو یاسا و ستراتیژی پێشتری خۆیی پەیڕەوکردووەو پارێزگاری لێکردووە. ئەو ستراتیژەی کەتەنها شەرعیەت بەخودی خێڵەکەخۆی دەداتو ئەوانی ترنابینێ. یاسای خێڵیش یاسای خۆژیانە بەهەر شێوەیەك بێت واتە خێڵی کوردی بڕوای بەوەهەبووەو پەیڕەوی ئەو ستراتیژەی کردووەکە (نانی) لەنوکی خەنجەرەکانیدایە، هەرچۆن ئیبن خەلدون بڕوای وابوو نانی خێڵی عەرەب لەنوکی شمشێرەکانیاندایە لەپێناوی بەدەست هێنانی ئەو نانەشدا خێڵی کورد دەبێ خەنجەرەکانیان بەکاربهێنین، دیارە ئەم ستراتیژەو شێوازی پیادەکردنی بەتەواوی دژو پێچەوانەی هاریکاریو یەکێتیو یەکبوونی خێڵەکانی کوردە، بەواتایەکی تر ژیانی ئابوری خێڵایەتی کوردی یەکێك بووە لەبەربەستە هەرە سەرەکیەکانیبەردەم درووستبوونی فیدراسیۆنی خێڵایەتی کوردیو بەوپێیەش بەربەست بووە لەبەردەم دروستبوونی دەوڵەتی خێڵایەتی کوردیدا.

## شەرەفی خێڵو چەمکی یەکگرتن:

لەکوردەواریدا کاتێ وشەی (شەرەف) مان بەرگوێ دەکەوێت ڕاستەوخۆ خەیاڵمان بەلای مەسەلەکانی ئەخلاقدا دەچێت بەڵام لەڕوانگەی عەقڵو تیڕوانینی خێڵو عەشیرەتی کوردەوە شەرەفی خێڵایەتی مەوداو ڕەهەندێکی فراوانتری هەیەو سەرجەم ئەخلاقو کەرامەتو پیاوەتیو خانەدانیو شوێنی مەعنەوی خێڵو کەسیەتی خێڵ دەگرێتەوە. واتە سەرجەم ئەو خاسێتو بنەمایانەی کەدەبنە هۆی بەرزکردنەوەوبەرزڕاگرتنی شوێنی خێڵ بریتین لەشەرەفی خێڵ. هەموو ئەو هەڵسو کەوتانەی هەموو ئەو ڕەفتارانەی کەدەبنە هۆی شەرمەزاریو مل کەچکردنی خێڵ بۆخێڵێکی تر یان

داگیرکردنی جوگرافیای خێڵ یان کوشتنی پیاوێکی خێڵ لەلایەن خێڵ و عەشیرەتێکی ترەوەو نەتوانینی تۆڵە سەندنەوەی... سەرجەم ئەمانە بریتین لەسوکایەتی کردن بەشەرەفی خێڵ. هەربۆیە هەموو خێڵ و عەشیرەتەکان بەهەموو شێوەیەك هەوڵدەدەن پارێزگای لەشەرەفی خێڵایەتی و عەشیرەتایەکی خۆیان بکەن و تەنانەت بەخوێن و سەری خۆیان هەوڵدەدەن ئەو شەرەفە بپارێزن. زۆربەی کات خێڵ واهەست دەکات خۆدوورگرتن لەخێڵ و عەشیرەتەکانی تر ڕێگایەکە بۆپاراستنی شەرەفی خێڵ کەئەوەش بەئاراستەی پێچەوانەی دروستبوونی فیدراسیۆنی خێڵایەتییە. لەلایەکی ترەوە لەعەقڵ و کۆنەستی خێڵایەتی کوردیدا ئەوە جێگیرە کەتەنیا ڕێگانەدان بەتێکەڵاو بوون و پەیوەندی نزیك لەگەڵ خێڵ و عەشیرەتەکانی تردا سنووری خێڵ دەپارێزرێ و نەکەسی لاوەکی دەتوانێت پێ لەپیرۆزی و سەروەرییەکانی خێڵ بنێت ئەگەر سنووری خێڵ بەڕووی دەرەوەدا داخرابوو، بەواتایەکی تر لەعەقڵ و ستراتیژی خێڵدا هەموو پەیوەندییەکان لەسنووری داخراوی خێڵ خۆیدا دەکرێت کەئەویش هەمان سروشت و ماهیەتی پەیوەندی خێزانی هەیە بەلام لەقەوارەیەکی گەورەتردایە. دیارە ئەندامی خێزانیش وەك یەك جەستە دەڕواننە خێزانەکەیان و هەموویان دەیانەوێت شەرەف و سەروەرییەکان بپارێزن...پەیوەندییە خێزانییەکان لەسەربنەمای هاریکاری و ئالوگۆڕی خزمەت دادەمەزرێت و داخستنی یەکەکانی کۆمەڵگای خێڵایەتی بەڕووی خۆیدا ئەو پەیوەندییە خێزانیانەی زیاتر چەسپاندووە(١٤). ئەو داخستنەش لەلایەك ترس لەڕووخاندن و ناشیرین کردنی پیرۆزی و شەرەفمەندییەکانی خێڵ دروستی کردووە لەلایەکی ترەوە ئەو عەقڵ و ستراتیژەی خێڵ دروستی کردووە کەخۆیی لەهەموو خێڵ و عەشیرەتەکانی تر پێ لەپێش ترەو والەخۆی دەڕوانێت کەئەم لەسەروی هەموو ئەوانی ترەوەیە و ئەوانی ترمافی ئەوەیان نیە خۆیان لەئاستی ئەمدا دابنێن. ئەم تێڕوانینەی خێڵ و عەشیرەت بۆپاراستنی شەرەف و کەسێتی خۆی بۆتەهۆی دروستکردنی دیوارێکی ئەستور بەدەوری خێڵ و عەشیرەتی کوردیداو بواری بۆهاریکاری و یەکگرتن و یەکێتی نیوان خێڵ وعەشیرەتەکانی کورد نەهێشتۆتەوەو بەوەش بواری دروستبوونی فیدراسیۆنی خێڵ و عەشیرەتەکانی کورد نەڕەخساوە چونکە هەرخێڵ و عەشیرەتێکی کورد بڕوای وابووە بوون و مانەوەو سەربەخۆبوونی تەنیا بەوە بەدی دێت کەخۆی لەتێکەڵاوبوونی خێڵ و عەشیرەتەکانی تربپارێزێت، تەنانەت بەدەگمەن ژن و ژنخوازیش لەنێوان خێڵ و عەشیرەتەجیاوازەکاندا دروست بووە.

## دەوری سەرخێڵ لەدوورخستنەوەی فیدراسیۆنی خێڵایەتی کوردیدا:

سەرخێڵ یان سەرۆکی عەشیرەت لەکوردەواریدا ئەو کەسەیە کەبەرپرسی ڕاستەخۆی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی خێڵ یان عەشیرەتەکانی و تێکڕای بڕیار لەسنوری خێڵ یان عەشیرەتدا لەدەستی ئەودایە. بەواتا ئەو کەسی یەکەمی ئەو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەو خۆڵی لەلوتکەی ئەو هەڕەمەدایە، سەرخێڵی ژیر و وریا دەتوانێت دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکەی بەشێوەیەکی ژیرانە بەڕێوەببات و لەشەڕو ئاژاوەی دەرەکی و ناوخۆ دووری بخاتەوەو ژیانێکی هێمن و پڕلە ئاسودەیی بۆ خێڵ یان عەشیرەتەکەی دەستەبەربکات. بەپێچەوانەشەوە سەرخێڵ و سەرۆك عەشیرەتی نەزان و نەگونجاو دەبێتەهۆی شەڕو ئاژاوەو ماڵوێرانی بۆئەندامانی خێڵ و عەشیرەت و ژیانیان لێ تێکدەدات. لەپاڵ ئەم دوو بۆچوونەدا سەرخێڵ یان سەرۆکی عەشیرەت لەبەر ئەوەی هەمیشە خۆی خاوەنی بڕیارە لەسنووری جوگرافیاو دەسەڵاتی خۆیدا بەئاسانی ناتوانێت هاریکاری لەگەڵ سەرخێڵ و سەرۆك عەشیرەتەکانی تردا بکات و ڕاوبۆچوونی ئەوان بەسەر ڕاوبۆچوونی خویدا فەرزبکات، بەڵکو هەر سەرخێڵ و سەرۆك عەشیرەتێك لەهەرنزیك بوونەوەیەکدا لەگەڵ خێڵ و عەشیرەتەکانی تردا دەیەوێت ڕاوبۆچوون و بڕیاری خۆی بسەپێنێ و مل دان بۆڕاوبۆچوون و بڕیاری سەرخێڵ و سەرۆك عەشیرەتێکی تر بەنەنگی دەزانێ و پێیوایە سوکایەتی کردنە بەخۆی و بەخێڵ و عەشیرەتەکەی بۆیە سەرخێڵی کورد نەیتوانیووە سەوداگەری لەسەر ڕاو بۆچوون و بڕیارەکانی بکات یان پەسەندنی ئەوە بکات کەلەگەڵ چەند سەرخێڵێکی تردا یەکبگرێت و یەکێك لەو سەرخێڵانە بەسەرۆکی هەموویان دابنێن کەئەوەش بنەمای دروستبوونی فیدراسیۆنی خێڵایەتیە. ڕازی نەبوونی سەرخێڵ و سەرۆك عەشیرەتی کوردی بەدانانی هیچ سەرخێڵ و سەرۆك عەشیرەتێکی ترلەسەرووی

خۆیەوە بووەتە ئاستەنگێکی ترلەبەردەم دروستبوونی فیدراسیۆنی خێڵ و عەشیرەتەکانی کورددا. نموونەیەکی زیندووی لەبەرچاو ماوەی چەند ساڵێکە لەکوردستان شێخ و سەیدەکان دەیانەوێت یەکێتی یەك دروست بکەن بەڵام تاکو ئێستا ناتوانن لەسەر ئەوەرێك بکەون کەکێ یان کام شێخ ببێتە سەرۆکی ئەویەکێتی‌یە کەفیدراسیۆنێکی سنووردارە. دەتوانێن ئەم نموونەیە بکەینە بەڵگەیەکی زیندو بۆ خۆویستی و خۆپەرستی سەرخێڵ و سەرۆك عەشیرەتی کورد کەلە هەرهەوڵێکی‌یەکگرتن و یەکبووندا خۆی کەسی یەکەم نەبووبێت ئاستەنگی لەرێگای دروستبوونی ئەو یەکگرتن و یەکبوونەدا دروستکردووەو لێی کشاوەتەوە. ئەمەش هۆکارێکی ئاشکرای رێگربووە لەبەردەم فیدراسیۆنی خێڵ و عەشیرەتەکانی کورددا.

## دەوری ئایین لەدورخستنەوەی فیدراسیۆنی خێلایەتی کوردی دا:

ئایین بۆعەرەب هەرلەسەرەتاوە پەیامی یەکبوون بووە و توانیویەتی بەسەر هەمووپەیوەندیەکانی خێلایەتی عەرەبیدا بپەرێتەوە و نەك هەربنەمای فیدراسیۆنی خێلایەتی عەرەبی دابنێت، بەڵکو سەرجەم خێڵەکانی عەرەبی لەسایەی خۆیدا کۆکردۆتەوەبەتایبەتی لەبەر ئەوەی ئایینی ئیسلام بوە بەبنەمای ئیدارەو نەك هەر ئایینی دەوڵەت بووە بەڵکو دەوڵەتی ئایینی بۆعەرەب دروستکردوە. بەگوێرەی کوردئێمە ناگەرێینەوە بۆ ئەوەی کەکورد چۆن بووە بەئیسلام بەڵام ئەوەی لامان ئاشکرایە پەیامی ئیسلام بۆکورد نەك هەر نەبووە بەبنەمای یەکبوون بەڵکو هۆکارێکی سەرەکی پەرت بوون و دابەش بەوون بووە لەکۆمەڵگای کوردیدا (١٥).دابەش بوونی کوردبەسەر دوومەزهەبی جیاواز ی سوننەو شیعەدا هۆی سەرەکی ئەو پەرت بوونەبووە.نەك کورد لەسایەی ئەم دوومەزهەبەدا نەیتوانیوە کۆببێتەوە بەڵکو بەکاریگەری ناکۆکی نێوان ئەو دوومەزهەبە کوردیش بوون بەنەیارو دوژمنی یەکتر.لەم بارودۆخەشدا وەك دەزانین بەشێك لەخێڵەکانی کورد بوون بەسوننە مەزهەب و بەشێکی تریش بوون بەشیعە کەئەوەش وایکردوە هیچ بوارێك بۆدروست بوونی فیدراسیۆن لەنێوان ئەو خێلانەدا نەمێنیتەوە.هەروەها لەلایەکی ترەوە هەندێ لەکوردەکان هەلگری ئاینی یەزیدی و هەندێ جولەکەوە هەندێکی تریش هەڵگری ئاراستەو ئاینزاجۆراوجۆرەکانی تر بوون و وەکو کاکەیی و عەلی ئیلاهی و دواتریش دابەشبوونی زۆرێك لەخێڵ و عەشیرەتەکان بەسەر تەریقەتەکانی تەسەوفدا.. سەرجەم ئەم دابەش بوونانە رێگایان لەهاریکاری و یەکگرتن و یەکبوونی کورد گرتووەو بەوەش زەمینەی پێکهاتنی فیدراسیۆنی خێڵ و عەشیرەتەکانی کورد نەرەخساوە چونکە ئەو مەزهەب و ئاییننزاو تەریقەتانە ی تەسەوف بەگشتی لەگەڵ یەك ناکۆك و ناتەبا بوون.لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کەگەلێك هۆکار لەمێژووی کورددا بوونەتە بەربەست لەرێگای پێکهێنانی فیدراسیۆنی خێڵ و عەشیرەتەکانی کورددا هەر بەو پێیەش کورد لەرابردوودا هەلی دروستبوونی ئەو فیدراسیۆنەو بەو پێ یەش هەلی دروستکردنی دەوڵەتی خێڵی لەدەست چووە کەکاریگەری ئەو لەدەست چوونەش ئەوەیە کەتاکوئێستا کورد بەبێ دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی ماوەتەوە.


سەرچاوەکان/

١. الدکتورعلی‌الوردی- دراسة فی‌طبیعة المجتمع العراقی- انتشارات المکتبة الحیدریة. ١٩٦٤-ص٨

٢. تیودور فون ادرنو-محاضرات فی علم الجتماع ترجمة:جورج کتورة-مرکز الانماء القومی-ص٢٧

٣. ابن خلدون- المقدمه-دارالجبل-ص١٤١

٤. الدکتورمحمد عاید الجابری العصبیه والدوله-بغداد-ص٢٥٢

5-Martin Van Brunessen- Agha, Shaikh and State-
Zedbooks 1992 P 4.51.

٦-ملاعبدالکریم مدرس- یادی مەردان- بەرگی یەکەم مەولانا خالد١٩٧٩- ل٧

٧- رێبازی نوێ- ژمارە(٨)- رۆڵی تۆپۆگرافیا لەشێواندنی مێژوودا- عەتا قەرەداغی

٨- نەوشیروان مستەفا ئەمین- لەپەراوێزی مێژووی ئەردەلاندا- سلێمانی ١٩٩٩ لەبلاوکراوەکانی سەردەم ل٤٨

٩- الدکتور محمدعابدالجابری- العصبیه والدوله- ص٢٢٠

١٠- أبن خلدون- المقدمه- دارالجبل- ص٤٦

١١- شەرەف خانی بەدلیسی- شەرەفنامە- وەرگێرانی هەژار- ل٣٧-٣٨

١٢- الدکتور محمد عابد الجابری- تکوین العقل العربی- ص٥٧

١٣- نفس المصدر- ص٥٨

١٤- الدکتور محمد عابد الجابری- العصبیه والدوله- ص٢٦٤

١٥- عەتا قەرەداغی- چەمکی دەوڵەت و بزوێنەری مێژوو لەکۆمەلگای کوردی‌دا سلێمانی - ١٩٩٩- ل١٢٧.

# میتا فیزیا و نوسین

عبدالسلام بنعبدالعالی
و/ ئاوات ئەحمەد

(ئەگەر چی دەقی میتا فیزیایی هەمیشە دەقێکی نوسراوە، بەلام لەناویدا ئارەزوویەك هەیە بۆ سڕانەوە بۆ ئەوەی بواربدات بەو ناواخنەی کەدەیگوێزێتەوەو بەزۆری هەوڵدەدات بۆ فێرکردنی.هەرئەمەشە کە دەیکات بە دەقێکی میتا فیزیایی)

j. derrida: la grammatologie p229. Minuit 1967

(فەیلەسوف دژی نوسین دەنوسێت، دەنوسێت بۆ ئەوەی قەرەبۆی ئەو ناتەواوییەبکاتەوە کەنوسین دروستی دەکات (...) فەیلەسوف دەنوسێت بۆ ئەوەی لەبازنەنی ئەومیتا فیزیایە دەرنەچێت کەلەدەوری لۆگۆس چەقی بەستوە)


j.derrida: marges de laphilosophie. p364 minuit 1972

میتا فیزیا وەك هۆکاری گوزارشت سەیری نوسین دەکات. بریتیە لەو پردەی کە ڕێگە بە پەڕینەوەی ئەو مانا، مەجازە دەدات کەخۆی دەیگوێزیتەوە. ئامرازێکە بۆ ڕاگەیاندن و وێناندی مانا، بۆنەیەکە بۆهاتن وئامادەبونی مانا. میتا فیزیا نکۆلێی لەمادییەت و چڕی دەلیل (signe) دەکات. ئەو دال بە ڕووکەشێکی مەدلول دادەنێت. پێشڕەوییەکی زەمانیی و لۆژیکی - بەڵکوشەرەفمەندی - دەدات بەمانابەسەر دەلیلدا، بە مەدلول بەسەر دالّدا، بەفیکر بەسەر مادەدا، بەدەرون بەسەرجەستەدا. مادام نوسین بوارێك نیە بۆ بەرهەمهێنانی ماناکان، مادام تەنیا جەستەیەکە و ڕۆحی دەق تیایدا دەژی، مادام تەنیا پرد وگوزارشتە، بۆ یە دەلیلیش بۆنەیەکە بۆئامادەکردنی مانای ئەسڵیی سەر بەخۆ لەهەموو پرۆسەیەکی بەرهەمهێنان، چ ئەگەر ئەو مانایە لەجیهانێکی جیادا هەبوبێت، یان ناواخنێکی زەینیی بێت، یاخود مەبەستی خودێك بێت کەمانادەدات بەماناکان. میتا فیزیا وەك پرۆسەیەکی گەمارۆ سەیری نوسین دەکات کەلۆژیکی ناسنامە بەسەریدا بالادەستە. ئەو وادەق نابینێت کە نەسەقێك بێت مانای لێ بڕژێت، دەلیلیش وانابێت کەچڕکردنەوەی چەند لێکدانەوەیەك بێت، کەفەزایەکی جیاکار بێت، بەڵکو وەك و شەو لەفز دەیانبنێت. لەلای‌ئەو لەفز ئەو حەدەیە کەمانا گەمارۆ دەدات و سنوری دەکات و دیاری دەکات. ئەو پێناسە تاکڕە هەندە یە کەماهییەت حەقیقەتی شتەکانمان دەداتێ :،، فەیلەسوفانی میتا فیزیا بەشداریان کردوەلە چەسپاندنی ئەم تەژمییەدا (غموص) کەوایان دانا دەلیل و ماناکان ئەو واقیعە کرداریین کەگۆڕانی بەسەردانایەت و هەموولایەك قبوڵی دەکەن. ئەمە لەکاتێکدا کە فیکر دەرك بەشتێك بکات بەزنجیرەیەك لەو ئاماژەو دەلیلانە

دادەچێتە وە کەبیرەوەریی پێشکەشی دەکات، دەگەڕێت بۆ ئەوەی گونجاو و هاوشێوەیە، مرۆڤیش کاتێك دەلیلێکی هاوشێوە دەنێت بەشتێکەوە، وادەزانێ کەبووە بەخاوەنی ئەو شتەو ئەو ملکە چی

کردووه و ماناکەی زانیوه(...) هەردەم ئەو وشانەی کەزمانی مرۆڤ بەکاری هێناون، وەك ئاماژەو دەلیل دەرنەکەوتوون، بەڵکو وەکو حەقیقەت سەبارەت بەوشتانەی کەئیشارەتی بۆ دەکەن ››(١)کەواتە، ئەگەر ماناکان بەرکار (مفعول) ی نوسین نەبن، ئەگەر نوسین مەسەلەیەکی ناوەندی بێت بۆچی میتافیزیاقبولْ دەکات یان هەر هیچ نەبێت بۆچی لەکۆتاییدا قبوڵی کردوە کە دەمە تەقێی فەلسەفی لەناو جەستەی نوسیندا زیندانیی بکرێت و مانامیتا فیزیاییەکان بەمادەی خۆی پیس بکات؟ (مادام سۆکرات هیچی نەنوسیوە !)، چونکە، نوسین هەر ئەوە نیە هۆکارێکی گوزارشت و نواندن و ڕاگەیاندن بێت،بەڵکو لەبنە ڕەتدا ئامرازێکی بۆپاراستنی مانا و پارێزگاریی کردنی لەدەستێوەردانی قەدەروکاری زەمانە :میتا فیزیا هانادەبات بۆ نوسین تاکو مۆرکی نەمری بەماناکانی ببەخشێت و وای لێبکات لە ئێستایەکی بەردەوامدا بژی. ئەمەش بە کرژ کردنەوەی زەمان و کردنی بەخاڵێك دەبێت کەخاڵی خاوەندارێتی ساتە وەختانەی مانایە. ئەمەش لەلای دیکارت دەدۆزرێنەوە کەدەیەوێ لە کردەی ئەو زەینەدا (حدس) دەرك بەمانابکات کەیە قینی خۆی لێوە وەردەگرێت، چونکە یەکێتیەکی تێدایە والەماناکان دەکات لە زیهنی وریادا ئامادەبن تەنانەت ماتماتیکیش لەلای ئەو یەقینی خۆی لەنوسینی ئیستیدلا – لیی و کۆشکی هەڵهێنجانی خۆیەوە (صرحهاالاستنباطی)وەرناگرێت (ئەو کۆشکەی کە ونبوونە بۆ زەین و بۆنەیەکە بۆکارکردنی یادەوەر بەقەدەر ئەوەی لەچۆنیەتی دەرك کردن بەبابەتەکانیەوە هەڵی دەهێنجێت. بەڵام ڕەنگە زەبت کردنی زەمان و بەزاندنی بەڕێگەیەکی تریش بکرێت وەك ئەوەی لەلای هیگلْ دەیدۆزینەوە کەلەوێ نوسین وێنەی جووڵەی مێژوویی پەرچ دەکاتەوە و دەبێت بەیادەوەرێکی زەبەللاح کەهەمووساتەکان عەمبار دەکات. ئەوە نوسینێکە لەسەر زەمان و مێژوو ڕادەوە ستێت، بەڵام ئەو مێژووە مێژوو گەرایەیە کەوەك هایدگەر ڕونی کردۆتەوە، لەسەر فەلسەفەی ئامادەبوون ڕاوەستاوە، کەئەویش لە کۆتاییدا زەمان دەکات بەئێستایەکی جولاوو، سەلبیی دەخاتە ژێر ڕەحمەتی چەمك و، جیایی لە خزمەتی خودێتیدا.

ئەم پەرۆشییە بۆ بەردەوامیی و دەوام کردن والە میتا فیزیا دەکات بێزی لەدەقی کریستاڵیی لەت و پەت ببێتەوە و بەپەرۆشبێت بۆ نوسینی بەردەوام کەبۆ چەمکیی ئەفلاتونیی لە مەڕزانینی کەڵەکەبوو، گونجاوە، زانین– یادەوەر، کەچەمکی یەکێتی مۆری خۆی پێوەدەنێت، ئەو یەکێتیەی کەیەکێتی خودی خاوەن مانا پەرچ دەکاتەوە، کەمانا لەناویدا کەڵەکە بووە و ناواخن دەنێرێت بۆ نوسین.



بەڵێ، تۆمارکردن ونوسینی دەقەکان، هەردەم بەکارهێنراون بۆبەزاندنی ئەو لەناو چوونەی کەڕەنگە زەمان بەسەریدابهێنێت، ئەو بیرچوونەوەیەی کە لە ئەنجامی کۆن بووندا توشی ببێت، ئەمەش بۆ چەسپاندنی ماناو پاراستنی لەو ئاخاوتنەی کە هەر بەشەی بە شێکی تر دەسڕێتەوە. بۆیە هەمیشە دەقە نوسراوەکان پێوەست بوون بەو دامەزراوە ئایدیۆلۆژییانەوە کەهەولْدەدەن بۆ پاراستن و لاسایی کردنەوە وەك دامەزراوە قەزایی وکەنیسەیی و فێرکاریەکان کەلەوێدا دەقی نوسراو دەستەلاتێکە و ئەو دامەزراوانە هەولْ دەدەن لەڕێی ئەوەوە سەروەریی و بالآ دەستی خۆیان بسەپێنن. وەك بلێی

نوسین ئەو هۆکارەیە کە بەهۆیەوە دەقی میتا فیزیایی دەبێت بەبابەتێکی ئاکاریی و داوامان لێدەکات ڕێزی بگرین و پیرۆزی بکەین وبە (پاکیزەییەکی زانستییەوە) مامەڵەی لەگەڵدا بکەین. ئەم ئامادەبوونەی کە لێرەدا مۆرکی خۆی دەدات لەزەمان، ئەو مۆرکە لە بونەوەریش دەدات. لە دواشیکاردا نوسینی میتا فیزیایی لە سەر ئەنتۆلۆژیای جووت بوون و یەکێتی ڕادەوەستێت، واتە ئەنتۆلۆژیایەك کەبوونەوەر بەیەکخراو دادەنێت و یەکێتی چەمك دەتوانێت بیگرێتەخۆی و لەیەك هەمووی سازاودا کۆی بکاتەوە. نیتشە دەڵێت: (میتا فیزیا لێکدانەوەیەکی ڕۆحیی دەدات بەکتێبی سروشت وەك ئەوەی کەکەنیسەو زاناکانی دەیدەن بەتەورات،،(٢).

ئەم دەورەسانەوییەی کەمیتا فیزیا دەیدات بەنوسین، لەڕاستیدا بریتیە لە بڵند کردەوەی خوێندنەوەو، پێشخستنی دەنگ ولۆگۆس بەسەر ئاماژەو ئاسەواردا (العلامة والاثر).لێرەدا خوێندنەوە ئەو کردەوە سیحرییە ساکارەیە کەمادەی نوسراو ئیلغادەکات تاکوبگات بەرۆحی دەق و گوێی لە دەنگی ببێت و بەناخیدا ڕۆبچێت. ئەمە پرۆسەیەکی بەرهەمهێنان نیە کەمادەی خام بگۆڕێت، بەڵکو هەڵوێستێکی ئینفعالییە کە بریتیەلە گوێ ڕادێران بۆ گوتاری دەق وهەڵگرتنەوەی ماناکەی. ئەمەیە خودی ئەو خوێندنەوەیەی کە ئاڵتۆسێر دەیداتە پاڵ

نوسینەکانی سەردەمی لاویی مارکس، کەلەوێدا مارکس (ئامادەیی ئەبستراکتی ماهیەتی دەخوێندەوە لەناو بوونی(بەرچاو- عین)ڕووندا (شفاف)لەم خوێندنەوەڕاستەو خۆیەی ماهیەت لەبووندا، مۆدیلی دینیانەی زانینی ڕەهای هیگڵیی دەردەکەوێت، کەئەو ئامانجەیە کەمێژوو هەوڵی بۆ دەدات بەجۆرێك چەمکەکە بینراو و کەشفکراو ئامادەدەبێت لەناوماندا، بەگۆشت و ئیسقانیەوە(...) ئەمەش ڕیمان پێ دەدات کەدەرك بەوە بکەین حەز کردن لەخوێندنەوەی کتێبی کراوەو خوێندنەوەی (کتێبی گەورەی سروشت)کەگالیلۆ باسی دەکات، خوێندنەوەیەکە پێش هەموو زانستێك کەوتووە، هێشتا هەرخەریکی جوینەوەی وەهمەدینیەکانی ئامادەبوونەو ئەفسانەی کتێبە پیرۆزەکانە، کەحقیقەت لەو کتێبانەدابەرجەستەدەبوو، وشەکانیشی دەپۆشی. ئەمەش وامان لێدەکات کەبڕوابکەین بۆ ئەوەی مامەڵەتەك سروشت یان واقیعدا وەکو کتێبێك بکەین، کەلەوێوەگوتاری بێدەنگی زمان دەردەچێت، (لەچوار گۆشەو سێگۆشەو بازنەپێك دێت)وەك گالیلۆ خۆی دەیوت، پێویست وابوو کەبیرۆکەیەکی دیاریکراومان لەسەر خوێندنەوە هەبێت کەگوتاری نوسراو دەکات بەشەفافیەتی ڕاستەوخۆی حەقیقەت‌و، واقعیش دەکات بەدەنگی گوتارێك،،(٣).کەواتە ئەم خوێندنەوەیە لەسەر ئەپستمۆلۆژیایەکی دیکارتی- گالیلۆیی ڕادەوستێت، واتە لەسەر ئەپستمۆلۆژیای موباشەرەکردن‌و فەلسەفەی ئامادەبوون. کەلەوێ خوێندنەوەبەڕاڤەکردن‌و تەعلیقدان لێك دەردێتەوە لەگەڵ پێداویستیەکانی پێڕەوی دیکارتیی لەوریایی چاك‌و خۆڕزگار کردن لەحوکمی پێشینەو پەلەنەکردن...

لەوەی وترا دەردەکەوێت کەهەموو نوسین/ خوێندنەوەیەك دەیەوێت میتا فیزیا بچەمێنێتەوە،پێویستە لەبنەڕەتەوە خۆی لەم فەلسەفەی ئامادەبوونە ڕزگار بکات، چ ئەگەر مەسەلەکە پەیوەندیی بەچەمکی زەمانەوە هەبێت یان چەمکی بونەوەرەوە وەك ئامادەبوون یان پەیوەندیی بەئامادەبوونی ماناوەهەبێت بەنیسبەتی خۆیەوە یاخود بەنیسبەتی هۆشەوە.بەلاّم پێش ئەمە ناچارە کەمانا بترنجێنێتە ناو ئەو پرۆسەی نوسین/



مارکس

خوێندنەوەکە خۆی بەرهەمی هێناوە، واتە وەکو مومارەسە یەکی دەلالەتدار سەیری ئەو پرۆسەیە بکات کەدەچێتە ناو ڕەوتی کارلێکی کۆمەڵایەتی مومارەسە کۆمەڵایەتیەکانەوە، بەمەش دەبێت بەبوارێك بۆ ململانێی چینایەتیو، دەبێت بەسەنتەری کێشمەکێشمی نێوان ئیرادەکانی هێزو، خاڵی پێك گەیشتنی مەنزورە جیاجیاکان. بەم چۆنێتیەش چیتر دەق هەڵگری حەقیقەت نابێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وازناهێنێت لەوەی ببێت بەخولگەی ململانێ لەدەوری حەقیقەت. کورتەی قسە، خوێندنەوەی چەمێنەرەوەی میتا فیزیا لەو ڕووەوە سەیری دەق دەکات کەسەرچاوەی بەرکارەکانی حەقیقەتە، بۆیە هەوڵ دەدات (ژیانیحەقیقەت)لەناو کۆمەڵگادا دەربخات، ئەو سیاسەتەش دەربخات کەجڵەوی خوێندنەوەو نوسینی دەقەکان دەگرێت، مەبەستم لەهەموئەو ڕێسایانەیە کەبەرهەم هێنانو ئیعتراف پێکردنو چاپ کردنو بڵاوکردنەوەو ئاڵوێرو ڕاڤەکردنی دەقەکانە. کەواتە ئەم چروساندنە(التقویض) مەبەستی کردنەوەی ڕەمزەکانی ماناو چەمکە میتا فیزیاییەکان نیە، بەڵکو دەیەوێت ئەو ڕێگایە (یان ڕێگایانە)کەشف بکات کەئەم چەمکانەی لێوە بەکاردەهێنرێتو ڕەواجیان دەبێتو ئاڵوێردەکرێن، کەپێی بەرهەم دەهێنرێنو سەرلەنوێ بەرهەم دەهێنرێنەوە. نیتشە دەڵێت:(ئەوەی لەبنەڕەتدا بەلامانەوەگرنگە، بریتییە لەزانینی چۆنیەتی ناونانی شتەکان، نەك زانینی ماهیەتەکانیان. ئەوەی گەشتێك ناوی پێ دەردەکات، ناووسیماو بەهاو پێوانەو کێشانەی، لەبەر توندیی باوەڕمان پێیان، نەوەلەدوای نەوە دەگوێزرێنەوە، وورده وورده دەبن بەگۆشتو خوێنی ئەوشتە، دواجار ئەوەی لەسەرەتادا ڕوکەش بووە دەبێت بەجەوهەروپاشان وەکوماهییەت ئیش دەکات،،(٤). کەواتە مەسەلەکەپەیوەندیی خوێندنەوەیەکی شرۆڤە (شرح)کەرانەوە نیەکەڕەمزەکانی دەقو والاّ بکاتو هەوڵ بدات شۆڕبێتەوە بۆناو قوڵاییتاکودەرك بەوحەقیقەتەکان بکات کەهەڵی دەگرێتو نوسەرەکەی دوای ئەوەی بەخەیاڵیدا هاتووەو لەزیهنیدا ماوەتەوەو بەفیکریدا گوزەری کردوە، لەوێدا دای ناوە، بەڵکو پەیوەندیی بەخوێندنەوەیەکەوە هەیەکەدەقو نوسەرەکەی لێك جیا ناکاتەوە، خوێندنەوەیەکی کاریگەرکە دەقەنە نوسراوەکەبەرهەم بهێنێتو بواری نوسینیش تەنیا هەرئاماژەیەکەبۆیونیشانەیەکە لەنیشانەکانی.

ئاشکرایە کەئەم خوێندنەوەیە، خوێندنەوەیەکی دەستنیشان کردنی نیشانەکانەو، قسەکردنیش لەسەر نیشانە(العرض) دانپیانانە بەوەی کە (جیاکردنەوەی مەدلول لەدال لە ڕێگەی لێکدانەوەو تەعلیقدانەوە، بەپێی پرنسیب شتێکیمەحاڵە، هەروەها ئیعتراف کردنە بەلەناوبردنی نوسین لەڕێگەی نوسینەکەی ترەوە کەبریتیە لەخوێندنەوە) (٥).ئالتۆسێرپێیوایەکە ئەم خوێندنەوەیە لەکتێبەکانی سەردەمی پێگەیشتنی مارکسدا هەیە، کە (خوێندنەوەیەکی دەستنیشانکەری نیشانەکانە چونکەپەی پێ نەبراو کەشف دەکات لەو دەقەداکەدەیخوێنێتەوە، دەشێ باتەوەبۆسەر دەقێکی تر کەبەئامادەیی خۆی لەدەقەکەی یەکەمدا ئامادەیە،،(٦).بێشك ئەم خوێندنەوەیە ناتوانێت لەسەر ئەپستمۆلۆژیای موباشەرەت ڕابوەستێت، ناشتوانێت لەسەر ئەنتۆلۆژیای جووت کردنو یەکێتی ڕابوەستێت، ناشتوانێت واقیع وەکو (کتبێکی کراوە) بخوێنێتەوە کە بەسیفەتێکی فەوریی ماناکان بدات بەخوێنەر، بەڵکو دەبێت لەخۆی دوربکەویتەوە، ئەم دوورکەوتنەوەیە لەکرۆکی واقیعدایەو ناگەڕێتەوەبۆ ناتەواوییو پەککەوتەیی مەنهەجییانەی خوێنەر، دوورکەتنەوەیەکە وامان لێدەکات دەرك بەکاریگەرییەکەی نەکەین بەجۆرێکی وائەگەر ویستمان ڕاستەوخۆبیخوێنینەوە دەکەوینە ناو تەڵەی فیتشیزمو وەهمەوە: (کاتێك مارکسی لاو لەدەسنوسەکانی ٤٤دا ڕاستەو خۆو لەسەر کتبێکی کراوە سروشتی مریۆیی لەنامۆ بوونە پەشمەکیەکەیدا (استلابها الشفاف) دەخوێندەوە، ئەواکتێبی سەرمایە ماوەو دوورکەوتنەوە لەکرۆکی واقیعەوە وەکوو دووحاڵەت لەبونیادەکەیدا ڕەچاو دەکات، بەجۆرێکی وا کەکاریگەریی خۆیان دادەپۆشنو ئەو کاریگەرییە بەخوێندنەوەی ڕاستەو خۆی خۆیان دەستەبەر دەکەن، واتە بە فیتشیزم،،(٧). کەواتە ئێمە لەبەردەمی خوێندنەوەیەکدابن کە ڕاستەو خۆ (المباشر) تاوانباردەکاتو، هەوڵ دەدات، خودی پرۆسەیڕاستەقینەی نوسینی میتا فیزێکی بەرهەمبهێنێت، کەبریتی نیەلەدەرخستنو

خاوەندارێتی کردنی تاقانەکە وەکو میتا فیزیا دەیەوێت، بەڵکو پرۆسەی خستنەوەی خواستنەوەکانە (تولید الاستعارات)، خوێندنەوەیەکە لەو شوێنەوەناڕوانێتە دەلیلو دەق کەلۆژیکیناسنامەبەسەریدا زاڵە، بەڵکو لەوشوێنەوە کەجیاوازیی بنکۆڵیان دەکات. ئەو جیاوازییەی کەواقیع خۆی دەکات بەبونیادێکی نەستیی کەلە بۆشاییو دور کەوتنەوەکان دروست دەبێتو، چەمکی یەکێتی لەناو دەباتو نکولیی لەوەدەکات کەتوانای لەخۆگرتنی هەمووی هەبێت. سەیرنیە ئەگەر نوسینی گونجاو بۆئەم خوێندنەوەیە نوسینێکی بڕگەیی بێتو بەردەوامییو گەیاندن وەلابنێتو زەمان وەکو ئامادەبوون لەناوبباتو لەپڕبوونو بەدیهاتن بسلەمێتەوە. نوسینێکە زەمان دەترنجێنێتە ناودەقەوە، بەڵام زەمانی ئامادەی جووڵاونیە، بەڵکو زەمانێکەکە خودیئامادەبوون کلۆر دەکاتو ناسنامە دەکات بە بەرکاری جیاوازیی، یەکێتی دەکات بەئەنجامی فرەییو قووڵیی ڕووتەختەکان. هەوڵ دەدات وەهمە ئەفلاتونیەکەی لەمەڕ زانین- بیرەوەر لەناوببات تاکو لەهێزەکاراکەبدا سەیری بیرچوونەوەبکات (٨).لەم حاڵەتەدا ناتوانین، خوێندنەوە لەنوسین جیابکەینەوە. نوسین بەم مانایەخۆیمان بەخوێنراوەییو ڕاڤەکراویی پێشکەش دەکات، دەق چاوەڕێی ئەو چاوەناکات کەدێت تائەوەی تێیدابببینێت کەدەیبینێت. بەڵکوخۆی خۆی دەبینێت (بینین لێرەدا بینینی خودێکی تاك نیەکەتوانای ڕوانینی هەیەو لەئاگاییو نائاگاییی خۆیدا مومارەسەیدەکات. بەڵکو ڕوانین لەمەرجە بونیادەکانی دەقەوە دێت. بریتیەلە پەیوەندیی بەپەرچبوونەوەوە، کەهاوتای بواری ئیشکالبیەتی نەنەرییەکە دەیبەستێتەوە بەبابەتو گرفتەکانیەوە. بەمجۆرە ڕوانین ئیمتیازە دینیەکانی لەدەست دەدات، کەئەوان خوێندنەوەی یەکەمینی (میتا فیزییان) پیێ دەبەخشی، چیترجگە لەپەرچبوونەوەی وێنەی هاوتاشتێکی ترنیە کەبابەتەکەیان ئیشکالەکە دەبەستێتەوە بەبارودۆخی بوونیەوە، ئەو بارودۆخەیکەبەمەرجەکانی بەرهەمهێنانی سنور دەکرێت.بەواتایەکی ڕونتر: ڕوانین چیتر ڕوانینی چاونیە (چاوی عەقڵ) واتە خودێك کەناوەوەی ئەوکایەیە دەبینێت کەئیشکالیەتی تیۆریی دیاریی دەکات. کایەکەخۆی خۆی لەوبابەتو مەسەلانە دادەبینێت کەدیارییان دەکات.(٩). کەواتە ئێمە لەبەردەمی خوێنراوەیەکداین کەخۆی دەخوێنێتەوە، لەبەردەمی خوێنراوەیەکداین کەخوێنەرە، بابەتێك کەخودە. بۆیەمەسەلەکە پەیوەست نیە بەخودێکی سەیرکەرکە قورس دەق دەیبە زێنێت، بەڵکو دەقێکە خۆی لێی دەڕژێت. بەهەمان شێوە، ئەوەی دەق داپیۆشیوە، ئەو نەبینراوە، ئەوەنیەکەلە سەیرکەر ون بووە یاخود لەبینینی شاراوەیە: (نەبینراوئەوەیە کەخوری ئیشکالیەتی نەزەریی لەناوبابەتەکانیدا نەیبینیوە، بریتیەلەتاریکییو ئەو چاوەش کەنابنێیت لەبەرپەرچبوونەوەی ئیشکالییەتی نەزەریی بەسەرخۆیدا، هیچ نابێت، کاتێك کە نا- بابەتەکانیو نا- مەسەلەکانی دەخاتەڕوو بۆ ئەوەی نەیبینێت)(١٠). کەواتە ئێمە لەبەردەمی خوێندنەوە/ نوسینێکداین بەبێخود(١١). لەبەردەمی فیکرێکداین بەبێخودێکی بیرکەرەوە Gogito. بەڵام نوسین/ خوێندنەوەیەکی دەوڵەمەندە کەلەناوئەوەدا خۆیمان پێشکەش دەکات کەلێی شاردوینتەوە (لەشلو شێواویی لۆچەکانیدا، لەپشتی سیمای بەهێزترینی حەقیقەتەکانەوە، لەوبێدەنگییەدا کەلەگوتارەکەیدا هەیە، ئەوناتەواوییەی کەچەمکەکانی پێویستیانە، ئەوسپێتیەی کەدزە دەکاتە ناو ڕەشیی نوسینەکەیەوە، کورتەی قسە، لەهەموئەوەدا کەبەتاڵە سەرباری ئەوەی کەپڕە،،(١٢).

بەکورتی، ئەو خوێندنەوەیەی کەمیتا فیزیا دەچروسێنێت واسەیری دەق ناکات وەك ئەوەی بلێیی نیەتێکی تیابێت، مەگەرئەونیەتەنیەتێکی خراپ بێت کەلەهیچ بوونەوەرێکی خاوەن ئاکارەوەنایەت. بەم مانایەش کەدەخوێنرێتەوە بۆئەوەیە ئەوەی لێبەرهەمبهێنرێت کەبیری لێ نەکراوەتەوە. پێویستیش ناکات سەرلەنوێ جەخت لەوەبکەینەوەکە ئەم بیرلێنەکراوەیە ئەوەنیە کە زیهنێکی بیرکەرەوەپەی پێنەبردووە، زیهنی خودێکی بیرکەرەوە، هەروائەوەش نیە کەدەکەوێتەدەرەوەی بیرلێکراوەوەو دوورەلێی: (بیرلێنەکراوەلەناوفیکرێکدا، نەنگییەك نیە بۆئەوفیکرە. بیرلێنەکراوە وەهانابێت، بەوە وەنەبێت کەبیرلێنەکراوەیە. هەتاکو فیکرپەسەنتربێت

بیرلێنەکراوەکەشی دەوڵەمەندتر دەبێت (...) ئەگەر بمانەوێت دەرك بەفیکری بیریاربکەین، دەبێ مەزنیی ئەوشتانەدەربخەین کەتیایەتی. ئەوکاتەش دەرك بەوەدەکەین کەبیری لێنەکراوەتەوە،،(١٣).

پەراوێزەکان:

1- F. Nietzshe: Volonte de poissance T 1. P112
2- F. Nietzshe : Humain trop homain. T1. P8.
3- L. Althusser: Lire le caopital t1p 13.f. maspro
4- F. Nietzshe: la Gaisavioir p58.
5- J. Derrida: De la grammatologie. Op. Cite p22q
6- L. Althusser: Lire le copital op cite. P28-q
7- Lbid p.14

٨- .هایدگەر وریامان دەکاتەوەکەئەوەی دەربارەی لەبیرچوونەوە دەیڵێین لەوڕووەوەکە(زیان)و ونبوونە، بریتیە لەئەنجامی تێگەیشتنێکی ئەفلاتونیانەی میتا فیزییانە بۆیادەوەرەکە بریتیی بێت لەپڕبوون و دەوڵەمەندیی. دەڵێت: (واڕاهاتووین بیرچوونەوە بەنەپاراستن و ون بوون دابنێین(...) لەکاتێکدا مێژووی خۆراوا بەوەدەستی پێنەکردووە کەبیرلەوەبکاتەوە کەدەشێ بیری لێبکرێتەوە،بەڵکوبە بەجێشتنی لەناوبیرچوونەوەدا)-ousqppele-t penser?p14 on. بیرچوونەوەی بوون بەشێکە لەماهیەتی بوون و ئەوبەشەیە کە بوون لەڕێگاکەی دەشارێتەوە. بیرچوونەوە لەکرۆکی بوونایەتا ئەوڕادەیەی کەسپێدەی بوون بەکەشفبوون بۆئێستا لەئامادەییدا دەسپێدەکات. ئەمەش مانای ئەوەیە کەمێژووی بوون بە بیرچوونەوەی بوون دەسپێدەکات) chemins. P. 297.

9- l.Althusser: lire 14 capital. Op. Cite .p. 25.
10- Lbid. P. 26.

١١. ئەم خوێندنەوەیە/ نووسینە قسەکەی فۆکۆمان بیردەخاتەوە لەئارکیۆلۆژیای مەعریفەکەیدا کە (مەبەستی لەمامەڵەکردنی گوتارنیە وەك ئەوەی بڵێیت کۆمەڵەدەلیلێك بێت کە(حەواڵەمان دەکات سەرناواخن و ناوەڕۆك و وێنابوونەکان)، بەڵکو وەك مومارەسەی وەها لەئەر بابەتانە تەشکیل دەکەن کەقسەی لەسەردەکەن. ڕاستە، گوتار لەدەلالەت و ئاماژەپێك دێت. بەڵام کاری ئەوبریتی نیە لەبەکارهێنانەوەی ئەودەلیلانەبۆئەوەی دەلالەت لەسەرشتەکان بکەن. ئەمەش وادەکات ئاماژەکان لەزاروئاخاوتن (اللسان و اللغة) جوێببنەوە). ئەو (تێناکۆشێت بۆدووبارەکردنەوەی ئەوەی وتراوە بۆئەوەی لەناسنامەی بەدیهاتویداپێی بکات، هەروەها لەناوخوێندنەوەیەکی مامناوەندیشدا ناسڕێتەوە، کە بواردەدات بۆگەڕانەوەی ڕۆشناییە دوورە کەلەپاکیزەیی و پرشنگیدا، ڕۆشنایی ڕەسەن، کەخەریك بووبکوژێتەوە. ئەو بریتیە لەدیسان نووسینەوە، نەکەمترو نەزیاتر) گوتاریش ناگەڕێنێتەوەبۆ یەکەیەکی ئەسڵی...چونکە خودی ئەفرێنەر کەهۆی بونی کاریفیکرییەشتێکی دوورە لەو، لەم بارەیەوەبڕوانە:

12- m. Foucault: Larcheoloige du savior. Gallimard ; 1969

13- Alth usser. Lbid . p. 31
14- M. heidegger: Qwappelle-t- on penser? P 118-119. P.u.f. 1959.

سەرچاوە

مجلة دراسات عربية
ژمارە (١-٢)ساڵی ١٩٨٥
لا (٩٢-٩٧)

# فەلسەفەی ئەگزیستانسیالیزم (وجودی)

## ئەدەبی بێهودەیی

عەلی کاردۆست


لەمێژە فەلسەفەی ئەگزیستانسیالیزم وەکوقوتابخانەیەکی فەلسەفیو ئەدەبی لەسەرلاپەڕەکانی مێژووی فەلسەفەدا تۆمارکراوە. ئەم قوتابخانەفەلسەفیە، هەڵگری فیکرێکی گەورەی زانستەو وەکوهەموو قوتابخانە فەلسەفیەکانی تر خاوەنی بیروبۆچوونو ئایدۆلۆجیو پرۆگرامێکی فەلسەفی تایبەتە. چاوگەی سەرەکی سەرهەڵدانی ئەم ڕێبازە فەلسەفیە بۆ ئەوروپادەگەڕێتەوە. لاوازبوونی ئایینی مەسیحیەت، شەڕەجیهانیو ناوچەیەکان، شارستانیەتی ماشینیوپەرەسەندنی بیروباوەڕی فەلسەفیجیاوازی ڕۆژئاواو چەندین هۆوفاکتەری دیکە بوونەهۆی دابڕانی بەشەریەتو کۆمەڵگالەیەکترو هەروەها دابڕانو دوورکەوتنەوەی بەشەریەت لەخۆیشی: گرنگترین ئاکامی ئەم هۆکارانە ڕەش بینیو نائومێدی مرۆڤە لەژیانو دەستکەوتەکانی.ژیان، ئەوخەونە ئەفسانەییەی مرۆڤ پرۆژەیەکە کەخۆمان دایدەڕێژین، مرۆڤ بەخواستی خۆی هەڵیدەبژێ هەربۆیە بەرپرسیارییەکەی دەکەوێتەئەستۆی خودی مرۆڤ، لەئاکامدا مرۆڤ توشی دڵەڕاوکێونائومێدیو بێهودەیی دەبێ. فەلسەفەی ئەگزیستانسیالیزم existentialism بەواتاوفەلسەفیو زمانیەکەشی یەعنی قوتابخانەی ئەسالەتی وجوود. Existen وشەیەکی فەرەنسیەو مانازمانەوانیەکەی (بوون)واتە: (وجوود)ە. ئەگزیستانسیالیست واتە ئەو کەسانەی کەبڕوایان لەسەر ئەوەیەکە (وجوود) بەرلە (زات)ە. ئەم فەلسەفە بەگژاچوونێکە بەتەواوی فەلسەفە جەوهەریەکان: وەکو: فەلسەفەی هیگڵو فەلسەفەی ئەفەلاتۆن، کەباوەڕیان بەوجوودی جەوهەریو ماهیەتی ئەو شێوە لەپێش دابین کراوانەیەکە بۆ مرۆڤو کۆمەڵگا، هەیە. فەلسەفەی ئەگزیستانسیالیزم خاڵی بەرانبەری هەرکام لەو قوتابخانە فەلسەفیانە یەکە قایل بەدانانی دیسپلینو نەخشەو مەشیەتی لەپێش ئامادەکراوبۆ بەشەریەتو کۆمەڵگان، خۆئەگەر ئەو فەلسەفەیەش ئایینی بێت یان عەقڵانیەت. سەرەتابەردی بناخەی ئەم ڕێبازە فەلسەفیە بەدەستی فەیلەسوفی هەڵکەوتووی دانیمارکی (کیەرکیگارد. Kierkegaard(١٨١٣–١٨٥٥)،دانرا. کیەرکیگارد،حەوتەمین کوڕی دووەمین ژنی باوکی بوو، لەکۆپنهاگنی پایتەخت چاوی بەدنیا هەڵهێناو لەوشارەژیاو هەرلەوێش مرد. باوکی هەردەرفەتێکی بۆ هەڵکەوتایە خەریکی خوێندنو باسی خواناسیو فەلسەفەدەبوو، ئەو کاریگەریەکی گەورەشی لەسەر کیەرکیگارد داناو فاکتەری سەرەکی هەژاندنی چەشەی فەلسەفی ئەبوو. لەکاتێکدا لەزانکۆ خەریکی خوێندبوو، دایکی، ویەکێك لەبراکانیو خوشکەکەی مردن. کیەرکیگارد لەسەرەتادا بەنائومێدی دەستی پێکرد، نائومێدی لەخۆیو لەداهاتووی مرۆڤ. ئەزموونی ئەم نائومێدیوئازاروەردوڕەنجە هەستی ئەویان

بۆنوسین بزواند. چەندین جارلەنوسراوەکانیدا هێرشی توندوتیژی دەکردەسەر کڵێسەوئایینی مەسیحیەت: پاشتر لەحاڵەتێکی تێرامانی ڕۆحیدا دەگەڕێتەوە سەرئایینی مەسیحیەت تائەوکاتەی لەتەمەنی چڵو دووساڵیداسەردەنێتەوە.(یەکێك لەسەیرترین دیمەنەکانی وجوودی مرۆڤ لای کیەرکیگارد ئەوەیەکە مرۆڤ کەهەرشتێ دەیەوێ دەتوانێ ئەنجامی بدات، دەتوانێ هەڵبژێرێو لەبواری ئایین دا ئەوی کە پێی باشە

باوەڕبکاتو، هەڵبژێرێت.)(١). ئەوبەیەکەم داهێنەری فیکریو مەزنترین زانای ئەوڕێبازە فەلسەفیە دەژمێردرێ پاش شەڕی دووەمی جیهانی، ئەگزیستانسیالیزم نەتەنیابەفەلسەفەیەکی باوی ڕۆژبەڵکو بەشێوازێکی ژیان دەرهات. ئەم فەلسەفەیە وەکو بزاڤێکی ڕووناکبیری سەرەکی سەدەی بیستەم کەقایل بەئەختیاروسەربەستی کرداری مرۆڤو پراکسیسی بەشەریەتە، لەتانوپۆی بەرهەمی ڕووناکبیریو ئەدەبی زۆر لەنووسەرە ئەورووپی‌یەکاندا خۆی ناساندووە. (لەنێوان ئەگزیستانسیالیستەکان دا نووسەران، شانۆنووسان، پەیکەرتاشان، شاعیران، دەروونناسانوکۆمەڵناسو لایەنگرونەیاری ئایینیو.....هتد بەرچاودەکەون.)(٢). مەبەستی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ناساندنی بەرهەمی ئەدەبیو ئەونووسەرە

ئەگزیستانسیالیستانەیە بەخوێنەری کورد. ئەوکەسانەی کەهەڵگروخاوەنی بیرو باوەڕی ئەو فەلسەفەیەن لەناوخەڵکی ئاسایی‌دا دەگمەنن. دوکتۆرحسێن بەشیریە دەڵێ: (عەقلانیەت، عەینیەت، موجبیەتوزەرورەت مانای سەرەکی هەموتیۆرەزانستی‌یەکانە، ئەگزیستانسیالیزم هەرلەسەرەتاوە نەیاری ئەوماناوبیروباوەڕانەبوو. ئەگزیستانسیالیزمەکان بەگشتی لەوباوەڕەدابوون کەناتوانرێت تایبەتمەندیو بێهاوتاییوتەواویەتی وجوود لەهەربوارێکی تایبەتدا لەچوارچێوەی جەوهەرویاساگشتی‌یەکان (سایکۆلۆجی،

سۆسیۆلۆجی، فەلسەفیوئایدۆلۆجی (بناسرێت.)(٣). ئەم فەلسەفەیەوەکو ئەندێشەیەکی نوێ هەر لەسەرەتاوە جێی سەرنجی زۆر لەڕووناکبیرانی جیهان بوو. بەپێچەوانەی باوەڕی زۆرکەسەوە ئەم فەلسەفەیە، تیۆرییەکی هەرجو



هەرجو ئاژاوەخوازو ئانارشیستو دژبەعەقڵ نی‌یە کەداواکاری بێحورمەتی لێك هەڵوەشانەوەی زەمانەبکات. ئەم فەلسەفە زانستی‌یە وەکو هەموو فەلسەفەکانی تر شایانی ئەوەیە کەئاگاداریو لێکۆڵینەوەیەکی قووڵمان لەسەری هەبێ، بێ ئومێدی، بێهودەیی ژیان، تەنیاییو گردەنشێی، ترسووەهەم، سەرلێشێواویوبێ توانایی مرۆڤ، لەخۆبێگانەبوونو... هتد. ناوەڕۆکو بابەتی سەرەکی بەرهەمی ئە[illegible]بیونووسەرە ئەگزیستانسیالیزمەکانە. بێهودەیی بۆئەو نووسەرانە گرنگ نی‌یە بەڵکو: گرنگ ئەو دەست کەوتو ئاکامەیە کەلەبێهودەیی یەوە سەرچاوەدەگرێ. (ڕەگوڕیشەی بیروباوەڕی مرۆڤ لەوەهمو نائومێدی ئەودایە، لەو جیهانەبێهودەوبێ مانایەدا هەلودەرفەتێك بۆ هەڵهاتنوخۆ قوتارکردنی مرۆڤ لەبیروباوەڕ، نی‌یە. بەم حاڵەشەوە،مرۆڤ لەپراکسیسی وجوودیخۆیدا ئازادیەکی فەلسەفی تەواوی بۆدەستەبەرکراوە کەتایبەتمەندی بێهاوتایی مرۆڤەو هەرواکەپێویستی دەستەبەری ئازادی، هەڵبژاردنو کارپێکردنەلەجیهانێکی بێماناداا، ئازادی سەرچاوەی ڕەنجوئازاری مرۆڤە.)(٤). ئەمەنابێتەهۆی ئەوەی تەلاش بۆئازادی نەکەین بەڵکو پێویستە دیواریژیانوئازادی لەودیویتەیمانی نائومێدییەوەهەڵچنین، ئەم دیوارەش بۆهەتایە نی‌یە



پاش ماوەیەکی زەمەنی جێی خۆی بەشێوەیەکی تر لەدیواردەدات، هەربۆیە پێویستە بەنائومێدیەوە سەیربکرێت: کەواتە مرۆڤ پاشەڕۆی مرۆڤە، چارەنوسی مرۆڤ، دەرك كردنی خۆتە:بەڵام چەشنی دەرك كردنی دوژمن، ئەمە دابڕانی مرۆڤە لەخۆیو لەكۆمەڵگاوژیانوجیهانی دەرەكی. شانۆنووسە ئەگزیستانسیالیزمەكانی وەكو سامۆئیل بیكیت، یۆجین یۆنسكۆ، ژان ژینە كۆشش دەكەن ئەدراكی خۆیان

لەبێهودە بوونیدۆخی مرۆڤ بەجێ هێشتنی ئەندێشەی جەدەلی بدركێنن بەڵام: ڕۆمان نووسەكانی

سەربەوڕێبازە فەلسەفیە: سارتەر، كامۆ دەیانەوێ ئەدراكی خۆیان لەبێهودەیی دۆخی مرۆڤ، بەبەڵگەوداكۆمێنتی ڕوونی عەقڵانی بۆ خوێنەرانی بەرهەمەكانیان ڕوون كەنەوە . ئەگزیستانسیالیزم یان فەلسەفەی وجوودی باوەڕی وایە كە هەرشتێك كۆش بۆئەوەبكات مرۆڤ لەسەختیو مەترسیەكانی ژیان ڕزگاربكات، تەنیاوەسوەسەیەكەوبەس كە دەبێتەهۆی دووركەوتنەوەی مرۆڤ لەچارەنوسی خۆی. بیركردنەوە لەوە كە ئەم فەلسەفەیە شێوەیەكە لەڕەشبینی ڕۆمانسی، یان بەرگریەكی دواكەوتوانەیە، ئەو جۆرەبیركردنەوەخراپترین شێوەی تێگەیشتنە. ئەم ڕێبازە فەلسەفیە كۆششێكی دەروونییە لەپێناوی ڕزگاریو سەربەستی مرۆڤ دا. تەقەلای ئەو لەوڕەزایەتی، خەبات، هەڕەشەو وەبیرهێنانەدایە نەك: پلان دانانو دارشتنو بنیات نانی چوارچێوەیەكی تایبەت بۆ ژیانی بەشەریەت. (پەیڕەوانی قوتابخانەی ئەسالەتی وجوود)ی باوەڕیان وایە كەژیانی ئایدیال بەدیاری پێشكەشت ناكات بەڵكو دەبێ خۆت كەس تەقەلای بۆبكەیت.)(٥). یەكێكی ترلەبیرمەندەكانی ئەم ڕێبازە فەلسەفیە: (فردریك نیچە—fredrichnietzsche ١٨٤٤—١٩٥٥)ی ئەڵمانیەكە لەشاری لایپزیك لەدایك بووە. تەمەنی هێشتا پێنج ساڵی تەواو نەكردبووكەباوكی مرد. لەزانكۆی لایپزیك خوێندنی فەلسەفەی تەواوكرد، هەرلەوزانكۆیە بوو بەمامۆستای بەشی فەلسەفە. هەرچەندە نیچە خۆیبە مریدی گۆتەدەزانی كەچی شۆپنهاوێر كاریگەری ئەفسانەیی لەسەردانابوو. ساڵانی كۆتایی تەمەنی، تەندروستی باش نەبوو، ئەو دووساڵەی ئاخری تەمەنی بەنەخۆشینێكی گەورەی ڕۆحیەوەبردە سەر، لەژێر چاودێری خوشكەكەیدا بەشێتی سەری نایەوە. بەرهەمو نوسراوەكانی نیچەلەپێشبردنی ڕەوتی پەرەسەندنی ئەو فەلسەفەیەدا، ڕۆڵێكی مێژووییان هەبووە.گەلێك بیرمەندو فەیلەسوفی تر لەڕێبازە فەلسەفیەدا بەخاوەن بیروڕادەناسرێنوەكو: كارلیاسپیرز، گابریل مارسل، مارتین هەیدگر، میرلۆپۆنتیو سیمۆن دوبوار: كەچی جان پۆل سارتێرو ئالبیركامۆ وەك دووباڵی سەرەكی فەلسەفەی وجوودی دەناسرێن. لەدووتۆێی ڕۆمانو شانۆگەریو بەرهەمەكانی ئەم دووبیرمەندەدا، بەشێوەزمانێكی ڕوونو جوان ئەم فەلسەفەیە ڕەنگی داوەتەوە، لێرەدا ئەدەبی بێهودەیی ئەو دووبیرمەندەشی

دەكەینەوە. جان پۆل سارتێر، (john ppaulm sartre ١٩٠٥— ١٩٨٥) هەركەس لەبارەی ئەدەبی بێهودەییو فەلسەفەی ئەگزیستانسیالیزم یان فەلسەفەیوجوودیەوە شتێكی خوێندبێتەوە، ناوی (سارتێر)ی بیستووە. تایبەتمەندی ئەو لەوەدابووكە بیروباوەڕی فەلسەفی خۆی بەزمانێكی ساكار لەبەرهەمەئەدەبیەكانیدا دەگونجاندولەڕێگە كەسایەتیەكانی چیرۆكەكانیەوە دەری دەبڕی. ڕۆمانی (هێلنج دان)یەكێك لەبەهێزترین ڕۆمانەكانی سارتێرەوڕێبازەی فەلسەفەی وجوودیەتو ئەدەبی بێهودەییە. فەلسەفەی وجوودی لەسەربناغەی هەستو ئاگای تاكی دامەزراوە، تەنیا

بۆپارێزگاری لەمرۆڤی تاك نی یە بەڵكو بەشێوەیەكی عەقڵی و فەلسەفی لەمەوداكانی مرۆڤی تاك دەكۆڵێتەوە. مرۆڤ بوونەوەرێكی ئازادوسەربەستە كەناتوانی خۆی بكاتەدیلی سروشت و چارەنووس وشتێكی تر. ئازادی و سەربەستی مرۆڤی تاك بەومانایەنی یە

كە ئازادی و سەربەستی كەسێك بەژێرپێ نان و پایەماڵ كردنی مافی ئازادی كەسێكی تردەستەبەركرێت: چونكە هەركەس خۆی لەو ڕوانگەی خەڵكی ترەوەدەبینێ، هەرواكە سارتێرلەكتێبی ئەگزیستانسیالیزم و ئەسالەتی بەشەردا دەڵێ: (مرۆڤی تاك كاتێك دەتوانێ ئازادی خۆی ڕەچاوگرێت كەهەربەوڕادەیەئازادی

كەسێكی تری لەبەرچاودابێ.)(٦). فەلسەفەی وجوودی لەسەرەتاوەفەلسەفەیەكی كۆمەڵایەتی بووبەڵام ئێستا فەلسەفەیەكی مرۆییە، پشتگیری تەواوی مرۆڤی تاكەلەبەرامبەر فەلسەفەی ئەشیائدا جان پۆل سارتێر

لەتەواوی چیرۆك و شانۆنامەكانی دا بەزمانێكی زۆر توندوتیژ بیروهێزو تەعبیری لیبەراڵی لەئازادی بەمانای ڕزگاری و هەڵهاتن لەهێزی دەرەكی، دەخاتەژێر هێرشی بیروباوەڕی فەلسەفی خۆیەوەوبەرپەرچیان دەداتەوە.دووتۆیی بەرهەمەكانی مەیدانی خەباتە بۆ ئازادی و لێپرسیاریی مرۆڤیش لەئازادیەوە سەرچاوە

دەگرێ. مرۆڤ، بەهەمووشتێ ماناده‌بەخشێ، تەقەلا دەكات مانایەك بۆژیانی خۆی بدۆزرێتەوە كە بەنائومێدیەوە دەبینێ مانایەكی بەرچاوناكەوێ. دەزانی كەمرووڤ بەرهەمی كرداری خۆیەتی و بەس. سارتێرباوەڕی وایە كەهەڵبژاردنی چیرۆك و شانۆگەری بۆدەربڕینی بیرو هزری فەلسەفی بەنیسبەت گوتاری ئیستدلالی و جەدەلیەوە، كارامەترە: هەربۆیە (ڕۆكانتا) قارەمانی سەرەكی ڕۆمانی (هێڵنج دان )بەهەڵبژاردنی كەش و هەوافەزای تەنیایی و خەڵوەت بۆ گوزەرانی خۆی، دەبێتە چاودێری (وجوود)ی

خۆی. لەبەر ئەوەی لەسەرەتای ڕۆمانەكەوە بەتەواوی تەنیانی یە لۆمەی خۆی دەكات: (بەڵام من لەگەڵ پاراستنی گۆشەگیری و تەنیایی دا بەخەڵك نزیك بووم.)(٧). لەڕۆمانی هێڵنج دان و زۆربەی بەرهەمە ئەدەبیە بێهودەییەكاندا كۆششێكی یەكجار بەهێز بەدەوری زاراوەكانی وەكو: ئازادی، بوون، ئەختیار، هەڵچوون و ...هتدوزۆر وشەوزاراوەی فەلسەفی تردا دەكرێ. لەسەرەتای ئەو ڕۆمانەوە، كەسایەتی (ڕۆكانتان) لەڕوانگەی مەتافیزیكیەوەبەوجوودی خۆی خەڵكی تر دەكەوێتە دوودڵی و گوومانەوە. ڕۆكانتان بەهەمووشتێ تەنانەت بەكراسە كەتانیە شینەكەشی هێڵنجی دێ: (ئەمەش هێڵنج دێنێ، باشتروایەبڵێم خوودی هێڵنجە، هێڵنج لەوجوودی مندا نی یە بەڵكو من لەوێدا بەدیوارەكەوە، لەسەرپشتێنەكەم، لەهەمووشوێنێكدا، بەچواردەورما هەست پێ دەكەم.)(٨). سارتێر، لەزمانی كەسایەتی چیرۆكەكەیەوە بیروباوەڕی خۆی دەردەبڕێ، دەنگ هەڵدەبڕێ كەمرۆڤی تاك لەچوارچێوەی ژیاندا تەنگی پێ هەڵچنراوەلەم ژیانەدا بەدودڵی،

دڵە ڕاوكێ، بێهودەیی و نائومێدیەوە لەهەموو شتێ و هەمووكردارێكی ئەم ژیانە دڵی تێكەڵ دەبێ و هێڵنجی دێتەوە. جان پۆل سارتێر، گەلێك بەرهەم و چیرۆك و شانۆگەری و گوتاری فەلسەفی جۆربەجۆری لەماوەی تەمەنی دا نوسیوەوەكو: ئەگزیستانسیالیزم و ئەسالەتی بەشەر، ئەندێشەكان و مرۆڤ، ئەدەبیات چی یە؟ عەزابی دۆخ، شەیتان وخوا، تەمەنی عەقڵ، شەڕی شەڕكەر لەكوبا، ووشەكان، مردووەبێ كفن و دفنەكان و زۆرگوتاروبابەتی تروكتێبی بەناوبانگی (بوون ونەبوون BEING AND NOTHINGNESS) (مرۆڤ، لەبەرخۆی بەوجوود دێ، هەروەها لەڕێگەی دابڕانی هەمیشەیی خۆیەوە، جیهان بۆ خۆی دروست دەكات. ئەمە چارەنووسی ئەوە، هیچ شتێ ناتوانێ مرۆڤ دەستی خۆی ڕزگاربكات. مرۆڤ، بەجێی خۆحەشاردان لەخۆیان تەقەلای ڕزگاری لەچنگاڵی خۆی، تەنیالە بەهای تەفرو تووناكردنی خۆی دەتوانێ دەستی بیگاتێ، دەبێ لەگەڵ خۆی بسازێ و چارەنووسی بەدەستی خۆی هەمواربكات. ئەمە هەرئەو ئاڵوگۆڕەیە كە سارتێر لەبارەیەوە دەدوێ، ئاڵوگۆڕێ كەبە ڕزگاربوونی تەواوی مرۆڤ بەدەستی تەواوی مرۆڤ لەسەر ئەم عەرزەدا، دەستەبەری دەكرێ.)(٩). سارتێر باوەڕی وایەكە : (هەموو مرۆڤێ سەربەستەو بۆی هەیەهەرشتێ كەدەیوێ ئەنجامی بدا، ئەگەر بیەوێ حەقیقەتی خۆی دەرك بكات، پێویستە ئەم ڕاستی یە بزانی كەمرۆڤ ئازادو

سەریەسـتـە.)(١٠). ئـەوەبیرو هـزری سـارتێرەکەلەبەرهەمەکانیدا بەخەسـتی ڕەنگـی داوەتەوەوخوێنەر زۆربەئاسانی هەستی پـێ دەکات. ئالبێر کامۆ، (١٩٦٥– ١٩١٤) لەباوکێکی جەزائیریو دایکێکی ئیسپانی لەشاری جەزائیری پایتەختی وڵاتی جەزائیر چـاوی بـەدنیا هەڵهێناوە. هێشتا منداڵێکی یەك دووسـاڵەی بوو باوکی سـەری نایـەوە، تـەواوی ژیـانی لەگـەڵ دایکـیو لەگـەڕەکی (بیلکـۆر) کـە گـەڕەکێکی فەقیرنشـینی پایتەختـە، بەسـەربرد. لەبەرئـەوەی دەیویسـت ژانو ناسـۆروکوێرەوەری ژیانی دابڕێژێ، هەربەمنداڵی دەسـتی بۆ قـەڵەم بردە شێتو ئاشقی شانۆو ئەکتەریبوو. لەتەمەنی بیستو دووساڵیدا بۆیەکەم جار ژنی هێنـاوە. لەسـاڵی ١٩٣٨ دالەڕۆژنامەی (ئەلجێرریپۆبلیکن alger republican ) کاریڕۆژنامەگەری دەکات، کەئەو کاتە،

(پاسکاڵ پیا) سکتێری نووسینی بووە هـەر لـەو ساڵەدا شـانۆگەری (گـالیگۆلا) دەنووسێ کەتاساڵی ١٩٤٤ ناچێتەسەر تەختی شانۆ. هەر لەم ساڵەدایەکە کـامۆی دەرهێنـەرو نووسـەرێەکتەر سـەرکەوتنێکی گەورەبەدەست دێنێ. ساڵی ١٩٤٠ بۆجاری دووەم ژن دەهێنێو بەرەوپاریس دەکەوێتـەڕێ هەرلەوشارەدا، لەڕۆژنامـەی (پـاریس سـوێر– paris- soir)دا کـارێکی پـێ دەسـپێردرێ، پاشـتر وەك ئـەندامێکی بزوتنەوەی خۆڕاگری فەرەنسا کاردەکات. ئالبێرکامۆ لەشانۆگەری (کالیکۆلا) دازۆر بەڕوونی دەری دەبڕێ کەکاتێ

(درۆسـیلا)ی خوشـکی (٠گـالیگۆلا) دەمـرێ، ئەوخوشکەی کە لەکانگای دڵیەوە گالیگۆلای خۆش دەویسـت، بـەو مردنـە، بێـهودەیی جیـهانی بـۆ دەرکـەوێ. هەرواکـەدەڵێ ئادەمیزادبـەدرۆدەژین، بۆئەمرۆو تەواوی ئەوزەمەنەی لەپشتی دایـە، ئـازادی مـن سـنووردارنیـیە. ئەوەقسـەی ئیمـپراتۆرە واتەگالیگۆلا. لەکاتێکدا ئازادی ئیمپارتۆرێك سنووری بۆنـەبێ، بێعەدالـەتیودڵ ڕەقـی ئیمپراتۆرسـنووری لەکۆیدایە؟ خۆئەگەر گالیگۆلالەدەستی بهاتایەئـەوا ئەوجیهانـە بێهودەیەکەناڕەحـەتوتووڕەی کـردووە، ئـاوەژووی دەکـرد. ئەلبیرکامۆوەکوسـارتێر بنیـاتی فەلسەفەکەی لەسەر ئەسالەتی وجوودومرۆڤ داناوە. لەکۆمەڵێك ڕۆمانو

شـانۆنامەوگوتاردا ئەوفەلسـەفەیەی بـەوردی قـەبلاُندوە. لەڕۆمانـەکانی: بێگانـە، تـاعوون، مرۆڤـی یاخیو

شـانۆنامەکانی: گـالیگۆلا، کۆمبـای فەرەنسـاو زۆرگوتاری دیکەدا فەلسەفەی وجوودی بەشێوەیەکی جوان شی

کراوەتەوە. ئەولەگەڵ هیچ حیزبولایەنێك نـەبوو، خۆیشی باوەڕی وابووکەحیزبایەتی بۆئەو نـەهاتووە، هەرواکـە ئـاندرەمۆروا دەڵـێ: (ئەونەمەسیحیبوو،نەمارکسیستونەهیچ شـتێکی تریـەلکو(ئـال برۆکـامۆ) نـەوەی خۆرونـەداری مەرگـە.)(١١). (ئەفسـانەی سـێزیف) سـەرەتای بەرهەمەفەلسەفیەکانی کامۆیـە، گـەرچی سـەرەتالای کـامۆ مانـای نییـە. ئـەم بەرهەمەفەلسـەفیە وەکـو فلیمێکـی سـینەمایی بێـهودەیی ژیـانی مرۆڤـی تۆمارکردووە، بـەزمانێکی پـاراو قەناعـەت بەخوێنـەر دەکـات. هـەروەك ئـاندەرمۆروا دەڵـێ: (ئەفسـانەی سیزێف بریتی یەلـە جەورهـەری ئەوئەندیشـانەی کە (٠بێگانـە)ش ئیلـهامی پێـداوە، کتێبـی ئەندێشـەیەبەزمانێکی زۆر کـورت، کەلەسەرانسـەری نسـڵێکدا کاریگـەری زۆر قـووڵو بـەردەوامی بـەجێ هێشـتوە.)(١٢). ئەفسـانەی سـیزێف، چیرۆکێکـە جەستەی بێهودەیی ژیانی مرۆڤی لـەخۆگرتووە. لـەم چیرۆکـەدا خواکـان، سـیزێف تاوانباردەکـەن کەبـەردەوام گاشـە بـەردێك تاسـەرلوتکەی شـاخی بتلێنێ. لەسەر لوتکەی شاخەکەدا بەهۆی



قورسی گاشە بەردەکەوە، سەرلەنوێ بەرەوخواردەتلیێو، خواکان دەرکیان بەوەکردبوو کەهیچ تەمێیەك، ترسناکتر لەونییە کەمرۆڤ بەکاری بێهودەوبێ ئومێد هەڵسێنن ... بێدەنگی ناعیلمانیو ناجوامێرانەی جیهانو دەنگی ناڕەزایی مرۆڤ، ئەو هەستەیە کەمرۆڤ لەژیان بێزاردەکاتو تەنیا مەرگە شەفابەخشییەتی. ئەوەتاسیزیف بەبێ بیرکردنەوەلەبێهودەیی کارەکەی، بەردەوام ناچار گاشە بەردەکە بەرەو لوتکەی شاخەکە بتلێنێ. مرۆڤ بەهەزاران ساڵە لەم سەرعەرزەدا دەژی بەبێئەوەی کەمترین بیریلێ بکاتەوە، بەبێ ئەوەی هەست بەودیوارە بێهودە بڵندەبکات کەلەچوارچێوەیدا هیچ دەستەلاتێکی نییە. هەڵهاتن، سەرهەلگرتن، بیرکردنەوەلەداهاتوو، ئەووشانەن کەمرۆڤی لەڕاستی یەکان چەواشەکردووە. بیرکردنەوە لەداهاتوو، لەبەیانی، لەوڕۆژانەی لەپێشدایە. ئایاجگە لەمەرگ مرۆڤ خاوەنی داهاتوویەکی ترە؟ ئەوانەئەوبیروباوەڕەن لەدووتۆێی

بەرهەمەفەلسەفیەکانی وجوودیەکاندا، ڕەنگی داوەتەوە. ئەوانە هەوێنوخامەی ئەو ئایدۆلۆژییەیە کەلەشیلەی

ئەندێشەی کیگارد، نیچە، هایدگر، یاسپرس، مارسل، دۆبوار، سارتێر، کامۆو.....هتدو زۆرلەبیرمەندەکانی تری ڕۆژئاوا، داچۆڕاوە. ئالبیۆکامۆ لەڕۆمانی (بێگانە)دا زرۆبەڕوونی ئەو فەلسەفەیەدەنەخشێنێ. (مۆرسۆ) کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانە کەلەپاش ئەوەی لەسەرهیچ کابرایەکی عەرەب لەکەناردەریاکەدا دەکوژێ، لەلایەن عەدالەتی یاساوەڕاپێچی گرتووخانەدەکرێ و مەحکوم بەمەرگ دەبێ. بەپێی یاسایی مەسیحیەت هەرکەس کەمەحکوم بەمەرگ کرا، پێویستەپێش ئەنجام دانی حوکمی مەرگ، پەشیمان بێتەوتا

بەلکو خوالەگوناحەکانی خۆشبێوبەبەهەشتی بەرین شادی کات. (مۆرسۆ) پاش ئەوەی کە چەندین جار

داواکاری قەشەیەك کەبۆ بینینی هاتووە ڕەفزدەکاتەوەو قەشەمژدەی جیهانێکی تربە مۆرسۆ دەداو داوادەکات لە کرداری خۆی پەشیمان بێتەوە، بەلام قەشەلەوپەڕی ناباوەڕیدا لەگەل ئەم وەلامەی مۆرسۆ بەرەو ڕوودەبێتەوەکە (من باوەڕم بەخوانییە.)(١٣). لەلایەکی ترەوەقەشەدەلێ: (تۆ چاویدلت کوێرە، من دوعات بۆدەکەم.)(١٤). کامۆ

لەزمانی (مۆرسۆ)یەوە دەلێ: (تەواوی ئەم خەلکە خەیالو خەونی بێهودەیان هەیەو هزروبیری گەندەلیان بۆتەهۆی شادیوکامەرانیان، ئەوانیش وەکومن ڕۆژێ مەحکوم بەمەرگ دەبن.)(١٥). بەبڕوای کامۆ، جیاوازیەك لەبەینی مەرگی ئاسودەی ناونوێنی گەرموەرگی مەحکومێکدا نییە، هەر دوومەرگن. بەبڕوای ئەو مرۆڤ تەنیا گیانلەبرێکە کەنایەوێ ئەوەی کەهەیە،ببێ، هەربۆیە دژبەدۆخی خۆی سەرکەشویاخی دەبێ. یەکێکی تر لەمەزنترین ڕۆمانەکانی قەتابخانەی ئەگزیستانسیالیزم ڕۆمانی (تاعوون)ە. ئەم ڕۆمانە چیرۆکێکی خەیالی شارێکی خەیالیەبەناوی شاری (ئۆران) کەلەچنگالی نەخۆشیەکی بەربلاوی وەك تاعوون دا زەلیل بووە، نەخۆشیەکی خەیالی. تێکەلاوکردنی ژانری خەیالو واقیع لەڕۆماندا، وەکو شاکاروبالا دەستییەك لەبواری تەکنیکی ڕۆمان دا دەناسرێ. کامۆ لەم ڕۆمانەدا ئەو ڕاستییەی بەرجەستەکردووە کەخوا تاعوونی بۆسزادانی شاری تاوانباران ناردووەو تەنیا ڕێگەی نەجاتیش تۆبەوپەشیمانی یە. (تاعوون) کتبێکی مرۆڤ پەروەرانەیەو نایەوێت بێ عەدالەتی جیهان پەسەندبکات. لەوبێدەنگیە ئەبەدیەی ناوئاسۆی بەرفراوا، بێدەنگییەك کەتەنیانالەی قوربانیەکانی دەیشکێنێ، مرۆڤ دەبێ لەپال مرۆڤدا بێ، پشتی بەرنەدات.

سەرچاوەکان:
١-فلسفه-مسائل فلسفی-د. علی شریعتمداری-ص٣٥٧-سال
٢-دانشنامەعموصی-دینوفلسفە-د. علی اصفرحلبی ص١٩-پیك ترجمه-تران١٣٦٦.
٣- تاریخ اندیشەهای سیاسی قرن بیستم-د. حسین بشیریە. مرکز- ص٢٤١سال ١٣٧٦.
٤-هەرئەوسەرچاوە- ص٢٤٣.
٥-برسی تصبیقی قهرمانان پوچی- علی اکبر عقیلی اشتیانی.نشرمروارید-ص١٨-تهران-١٣٥٥.
٦-اگزیستانسیالیزم واصالت بشر-ژان پل سارتر- ترجمه: مصطفی رحیمی -نشرمروارید-ع١٣٥٤
٧-تهوع- ژان پل سارتر-ص ١٨.
٨- سەرچاوەی پێشوو ص٣٥
٩-شش متفکر اگزیستانسیالیست- ه-ج.بلاکهام-ترجمه: محسین حکیمی -مرکز-ص٣٣٩-سال٧٢
١٠-سەرچاوەی ژمارە (٢)-ص٩٣.
١١- تاعوون-البرکامو-مقدمە: اندرەموروا- ترجمە-رضا سیدحسینی - نشربامداد-ص٧-١٣٦٥
١٢- سەرچاوەی پێشوو -ص١٥.
١٣- بیگانە-البرکامو-ترجمە: ع.ش-نشرمروارید-ص٢١٥.
١٤سەرچاوەی پێشوو-ص٢١٣.
١٥- سەرچاوەی پێشوو-ص٢١٨.

# فەیلەسوف و مێژووی فەلسەفە

و/محەمەد رەشید فەتاح

مێژووی فەلسەفە مێژووی ئەو گرفتەیە کەبەردەوام هەوڵی چارەسەری دەدات. فەیلەسوف (جۆن لویس)

مێژووی فەلسەفی لەودەریا قوڵە دەچێت، کەناتوانین بچینە ناخیەوەفەیلەسوف(کاریاسین) مێژووی فەلسەفە، مێژووی ململانێی بەردەوامی هەواو هەوەسی مرۆڤایەتی جۆراوجۆرە.فەیلەسوف (ولیم جیمس)لەسەرەتاوە ئەم نێو نیشانە لەنێوەرۆکدا جۆرە پرسیارێك دەگرێتە خۆ، پێ دەچێ کەسێك بپرسێ:-پەیوەندی نێوانیفەیلەسوف ومێژووی فەلسەفەچیە؟.هەروەها بایەخی ئەوە چیە فەیلەسوفێك لەهەر سەردەمێکدا بێ، بیرو مەزهەبەکانی پێش خۆی بخوێنێتەوە؟.. فەیلە سوف فەلسەفەیەکی دیاری کراودەنوسێتەوە، سیستەمێکی لۆجیکی و مەعریفی دەربارەی بیروڕاو بۆچوونی خۆشی دادەڕێژێت، بەواتایەکی تر ئایا مێژووی فەلسەفە لەمەدا دەبێتە پشتیوانی ؟.. یاخود دەبێتەبەربەستێك و، بەئاسانی توانای پەڕینەوەی نابێت !

ئایا سەرباری مێژوی فەلسەفی، ئاستی گەشەکردنی زانست و سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی سەردەمەکە کاریخۆی دەکاتە سەر فەیلەسوف؟! بێگومان فەیلە سوف سیستەمی فکری خۆی بنیات دەنێ، ئایا فەیلە سوف دەستبەرداری مێژووی فەلسەفەدەبێتەوەو، لێشی دووردەکەوێتەوە؟. وەکو نێو دەبرێ بەدابڕانی ئەبستمۆ لۆژی.لەودەمەدا کەدەفەلسەفێنێ، هەروەکو باری زانستی کەلەمەودوا روونی دەکەینەوە. وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، بنەمای ئەم باسەو لق و پۆپەکانی دیاری دەکەن، ئەویش لەرێگەی بەراووردکردنی بنەرەتی لەنێوان مێژووی فەلسەفەو، مێژووی زانستداو هەوڵیش دەدەین بۆدۆزینەوەی ئەویاسا گشتییەی کە چالاکی فیکری فەلسەفی و هونەری و ئەدەبی و پەیوەندیان بەمێژووی گشتی فەلسەفەوە دەردەخات.

هەروەها ئەوەش روون دەکەینەوەتاچ رادەیەك ئەو پەیوەندی یە لەرووی چاکەو ناتەواوییەوە پەیوەستە بەفەلسەفەو مێژووی فەلسەفیەوە؟..

یەکەم:-بێگومان دەتوانین بلێین...چالاکی فەلسەفی بەو جۆرەی کەچالاکیەکی مرۆییە، لەتەك چالاکیەکانی زانست و مەعریفەداجیاوازی زۆرە. فەلسەفە چالاکیەکی بەربلاوە بۆ ئەو کەسانەی لێی نزیك دەبنەوە، لەبەر ئەوەی وەکو لەمێژووە دوور درێژەکەیدا بەدەر دەکەوێ بابەتێکی سنووردارو دیاری کراونییە. فەلسەفە شمولی و سەرتاپا گەرییە، لەبەر ئەوەشە سنگی بۆ گشت بابەتێك کردۆتەوە، لەهەموونەو بابەتانەش دەکۆڵێتەوە کەلەئاستیا دەوەستن، بۆشیکردنەوەی بنەماو پێکهاتەیان ودارشتنەوەیان بەپێی یاسایەکی میتۆدی و ئەبستمۆ لۆژی. خەسڵەتێکی وەهاش وای لەفەلسەفە کردووەکەلایەنی پۆزەتیفی خۆی وەرگرێ و، هیچ زانستێکی دیش شان لەشانی نەدات، ئەوەشی

كەبەشێوەیەكی تایبەتی لەسەر مێژووەكەی دەوەستێ ئەوەیە، كەمێژووی فەلسەفە جیاوازەلەمێژووی سەرجەم ئەو زانستانەی كەئادەمیزاد لەململانێیدا لەتەك سروشت و كەوندا دایهێناون.

بەوشێوەیەی كەباسمان لێوەكرد، خەسڵەتی مێژووی فەلسەفە لەسەر فەیلەسوف خۆی ڕەنگ دەداتەوە، دەتوانین بڵێین مێژووی فەلسەفە سەرچاوەیەكی لەبن نەهاتووی ئەو پرسیارە شیاونەشیاوانەیە بۆ هەر فەیلەسوفێك كەسیستەمێكی فەلسەفی دادەمەزرێنێت. بۆئەوەی ئەم خاڵە زیاتر روون بكەینەوە، لەسەرەتاوە جۆرێك جیاوازی لەنێوانی فەلسەفە وەكو مێژوو، زانستیش هەروەكو مێژووبەراوورد دەكەین . تاڵای خوێنەر ئاشكرابێت كەمەبەستمان لەپەیوەندی نێوانی فەیلەسوف و مێژووەكە چیە ؟!

لەلێكۆڵینەوەی هەرجۆرە زانستێكدا پێویستەبگەڕێینەوە، سەرگەشەكردنی پشووی ئەو زانستەو، واشی دابنێین كەلە قۆناغی ناوەندی بایەخ پێداندایە، لەوانەیە قۆناغێكی كەم بایەخیش بێ بەنیسبەت لێكۆڵینەوەی ئەو زانستەوە، بۆنمونە لێكۆڵەرەوەی (كیمیا) پێویستی بەلێكۆڵینەوەی مێژووەكەی نی‌یە، پێدەچێ زۆربەی پسپۆڕانی بواری ئەم زانستە شتێكی كەم لەمێژووی كیمیا بزانن، لەبەر ئەوەی لێكۆڵینەوەی مێژوویی زانستەكان بایەخێكی ئەوتۆی نییە، دەشێ زانست بەشێوەیەكی راستو دروستو بەكەڵك ڕێگەی خۆی بگرێتە بەر، بێ ئەوەی مێژوو ڕێگە بڕی لێبكات.

ئەمە لەلایەكەوە، لەلایەكی دییەوە، دەبینین پەیوەندی زانستو مێژووەكەی پەیوەندییەكی تەواو جیاوازە لەمێژووی فەلسەفە. یەكەمیان جەخت لەسەر ئەوە دەكات، ئەو پرسیارە سەرەكیانەی كەرۆژانی (بیگلیموس) و (كۆپەرنیكوسو نیوتن) زانستیان سەراسیمە دەكرد، جیاوازە لەرۆژانی زانست لەڕێڕەویدا بەرەو سەركەوتنی ستوونی مل دەنێ نەك ئاسۆیی. بەو مانایەی‌كەداهاتوو لەتیۆرەكانی زانستدا بیروبۆچوونی كۆن رەتدەكاتەوە. بۆنمونە (كۆپەرنیكۆسو گالیلۆ) بەرانبەر بە (بطلیموسء ئەرستۆ)، (ئەنشتاین) بەرانبەر بە (نیوتن). بەو جۆرەی مێژووی زانست



بۆتە كەلەپوورێكی بەسەرچوو، توانای چارەسەركردنی هیچ گرفتێكی دنیای تازەی نیە.

بەپێچەوانەوە مێژووی فەلسەفە، مێژووی پەیوەندی فیكرەو، لەمەعریفە دابڕاو نییە، گەڵێجار فەلسەفە بەرەنگاری مێژووی خۆی دەبێتەوەو، بۆ وەڵامدانەوەی گرفتەكانیشی خۆی دەبێتە سەرچاوەیەك، واتە مێژووی فەلسەفە توانای مانەوەی هەیە، ئەو پرسیارە فەلسەفیانەی كەفەیلەسوفەكانی پێشوو كردوویانە، وەك (ئەفلاتونو ئەرستۆ)، تا ئیمڕۆش بەلای فەیلەسوفەكانی سەردەمیشەوە كاریگەرنو، غەریبیش نین.

سەرەڕای ئەوەش وەڵامدانەوەی فەیلەسوفانی پێشوو لەئاستی پرسیارەكاندا، تائێستالای فەیلەسوفەكانی ئیمڕۆ شایانی ڕێزلێنان و تێڕامانە.

ئەمەیە كەناوی دەبەین بەپەیوەندی فەلسەفەو مێژووەكەی، هەرلەبەر ئەم هۆكارەو هۆكاری دیش مێژووی فەلسەفە بۆتە بابەتێك لەبابەتەكانی فەلسەفاندن، دیسانەوە پەیڕەو كردنی بیری

سەرەکی فەلسەفی گەڕانەوەیە بۆئەسڵی مێژووی فەلسەفەو، دەبێ فەیلەسوف جۆرەکانی فەلسەفەی پێش خۆی شارەزابێت، توانای لێکدانەوەو، شیکردنەوەشیانی هەبێت. واتەمێژووی فەلسەفە مێژووی هاوتاکانەو، هەرمەزهەبێك هاوتای ئەوی دییە، بەوشێوەیەی کەهیچ مەزهەبێك ئەوی دی رەت ناکاتەوە. گەردژیشی بوەستێتەوە،بەڵکو هاوشانی دەوەستێ و هەوڵیش دەدات... وەلامێکی دیاریکراو بۆئەو جۆرە فەلسەفەیە دیاری بکات، کەخراوەتەڕوو بۆ گفتوگۆ لەسەرکردن... ئەمەش وایکردوە کەفەیلەسوفەکانی پێشوو لەتەك فەیلەسوفەکانی ئیمڕۆدا یەکدی رەت نەکەنەوە، دیارە ئەمەش ئەو نەریتە مەزنەیە کەمێژووی فەلسەفەی لەسەر بەندە. بەردەوام فەلسەفە خوازیارە لەرێگەی (ئەقل) ەوە بگاتەحەقیقەتەکان. ئەو مۆزەخانە خەیاڵیەی مێژووی فەلسەفە، هەروەکو(مالرۆ) دەڵێ: تێیدا سەرجەمی مەزهەبەفەلسەفیەکانی رابردوو، لەتەك مەزهەبە تازەکاندا کۆ دەبنەوە، بێ ئەوەی ئەو مەزهەبانە تێکەڵی یەکدی بن و ، پێکیشەوە شەتەك درێن، لەبەرئەوەی هەریەکەیان بۆخۆی دیاردەیەکی مێژووییە، مافی ڕێژەیی خۆی یەکسانە بەمافی ئەوی دی.

لەم بۆچونەوە فەیلەسوفی هاوچاخ (میرلوبونتی) (١) لەکتێبە بەناوبانگەکەیدا دەڵێ:- هەر فەلسەفەیەك بۆخۆی ئەندازەی هێماکانە.

هەروەها فەیلە سوفی هاوچاخ (جون لویس) دەڵێ:- مێژووی فەلسەفە مێژووی گرفتێکە، کەبەردەوام لەگۆڕاندایە. هەروەك چۆن چارەسەریشی دەگۆڕێت. دیسان مێژوو نووسی فەلسەفی ناسراو ،(لیون رویان) دەڵێت:-مێژووی فەلسەفە لەناخیدا مێژووی گرفتێکە کەبەردەوام لەگەشە کردندایە، چارەسەریشیان هەمیشە لەگۆڕاندایە.

تێکڕا ئەمەش وادەگەیەنێ کەمێژووی فەلسەفە مێژووی مشت و مڕو گفتوگۆی بەردەوامە، لەنێوانی مەزهەبە فەلسەفیەکاندا، سەرەڕای ئەوەش دەبینین ئەو فەیلە سوفەی کەلەتەك مێژووەکەیدا هاودەمە، بەپێی مەبەست گرفتە کۆمەلایەتی و، زانستی و، سیاسی و، گیانی و ئابوری و دەرونیەکان،لەتەك ئاستی گەشەکردنی زانستەکانی سەردەمی خۆیدا لەبەر چاو دەگرێت، لەکاتی دانانی سیستەمی فەلسەفیدا.... بەشێوەیەکی گشتی، چونکە دابڕانی فەلسەفە لەو ئاستە مەعریفی و کەلتووریانە، فەلسەفە حوکم دەدات بەکەم بایەخ و پوچەڵ بوونەوە.

لەیەکەم سەرنجمان بۆکاری فەیلەسوفەکان بۆمان دەردەکەوێ، کەمێژووی فەلسەفە قسە لەسەر پێشکەوتنی و پەیوەندی کردن دەکات، هیچ فەیلەسوفێك لەهیچەوە دەست پێناکات، بەڵکو هەڵوێستی هەموویان دەست پێکردنی شتی نوێیە.

ئەم وتانە بۆ ئەوە پاڵمان پێوە دەنێن کەئاماژە بۆئەوەبکەین، مێژووی‌فەلسەفە تەنباپرۆژەیەك نی‌یە، کەپلە پلە ئەنجام بدرێت، بەڵکو زنجیرەیەك هەوڵدانە و جۆرە رەسەنایەتیەك لەخۆ دەگرێت، ئەویش کۆمەڵێ داهێنانە کەلەبارو دۆخی جۆنێتیدا یەك دەگرن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەفەلسەفە بەهیچ جۆرێك لەمێژووەکەی دابڕ ناکرێت.

بیری پەیوەندی وەکو بیرێکی سەرەکی لەمێژووی فەلسەفەدا لەو میتۆدانە دەردەکەون، کەفەیلەسوفان و مێژوو نوسان هەوڵیان بۆ داوە. بۆنمونە فەیلە سوفی هاوچاخ(برتراندرسل) بەلایەوە وایە بۆ خستنە رووی مێژووی فەلسەفەپێویستە ئەم دوورێگەیە لەبەر چاو بگرێت.

یەکەمیان:- دەبێ دوی گێرانەوەی رووتی دەم و دووی فەیلە سوفێك یائەوی دی کەوین و ئەو فاکتەرانەش لەبەر چاو بگرین کەکاری کردۆتە سەریان.

دووەمیان:- یادەبێ گێرانەوەو، توانایەکی دیاری کراووی رەخنە گرتن پێکەوە گرێ بدەین تاچۆنیەتی گفتو گۆی فەلسەفیمان بۆ ئاشکرابێت.(رسل) خۆی پابەندی رێگەی دووەمەلەلێکۆڵینەوەی مێژووی فەلسەفەدا. پێدەچێ ئەم بۆچوونەی (رسل) لای فەیلە سوفەکانی تر دەنگ نەدابێتەوە. بەتایبەتی لای فەیلەسوفی ئەڵمانی(کارل یاسبرز) کەپێی وایە مێژووی فەلسەفە سێ خواستی بنەرەتی دەخوازێ، کەخواستی فەلسەفی (کانتی)، واتە فەیلە سوف (کانت) دەست نیشان دەکات، ئەوانیش ئەمانەن

١- ئادەمیزاد خۆی بیر بکاتەوە.

٢- لەبیرکردنەوەدا خۆی لەباتی کەسانی دی دابنێ.

٣-لەتەك خۆیدا بیر بکاتەوە.

بەلای(یاسبرز) ەوە ئەم سێ خواستە کاری بنەڕەتین و، کۆتایی نایەن.(یاسبرز) دەیەوێ بەم قسانەی ئەوە روون بکاتەوە کە(هیگل) تاکە فەیلەسوفێکی نوێیە کەبە هۆشمەندیەوە، نوێنەری سەر جەم مێژووی فەلسەفەیە بەهەموولایەنەکانیەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنی کەمێژووی فەلسەفی(هیگل) تائیمرۆ بایەخی دیاری خۆی پاراستبێ، لەبەر ئەوەی (هیگل) لەسیستەمی فەلسەفی خۆیدا سەرجەمی فەلسەفەکانی پێشخۆی قۆزتۆتەوە، ناوەرۆکە بنەرەتیەکانیشی پاراستووە.

لەوانەیە کەسێك پرسیاری ئەوە بکات، ئەوەی کەروونمان کردەوە، باسمان لێوە کرد، وابگەیەنێ کەمێژووی فەلسەفەمێژووی هەڵەکانی عەقڵی مرۆڤایەتیەو، تۆمارکردنی ئەو هەڵانەشە،وەکو بەرهەڵستکارورەخنەگران ئیدعای دەکەن و وەلامدانەوەی ئەمە بەنەخێرە، لەبەر ئەوەی فەلسەفە هەڵە ناکات بەڵکو لەرێگەی عەقڵەوەخوازیارە بگاتە یەقین و حەقیقەت.

ئەمەیە پەیامی راستەقینەی فەلسەفەو ئەمە کاری فەیلەسوفانە، هەر ئەمەشە وایان لێ دەکات کەبیروڕای فەیلەسوفانی پێشوو رەت نەکەنەوە. سەرباری ئەوەش هەر فەلسەفەیەك کەلەسەرەتاوە



سەر هەڵئەدات، مەدحی خۆی وادەکات کەتاکە فەلسەفەیەکی راست و دروستە، بۆ سەلماندنی راست و دروستی خۆشی ناچارە فەلسەفەکانی تر داپڵۆسێ.

دووەم:- بالەبواری تیۆرییەوەدەربارەی پەیوەندی نێوانی فەیلەسوف و مێژووی فەلسەفە پەل بهاوێژین و بەرەو دیاریکردنی بایەخ دان بەم بابەتە بەدرێژایی مێژووی فەلسەفە، بایەخدان بەوەش لەچاخەکانی فەلسەفە سەرەتاییەکانەوە دەست پێدەکات، ئەمەش بەقەدەر کۆنی فەلسەفە خۆی کۆنە، بابگەرێینەوە بۆ قەتابخانەی (مشائی) ولەسەروو هەمووشیانەوە (ئەرستۆ) کەبەشێوەیەکی گونجاو مەزهەبەکانی پێش خۆی رۆناوەو، روونیشی کردوونەتەوە، رەخنەشی لێگرتوون، کتێبەکەی دەربارەی (میتافیزیك) بەراستی سەر چاوەیەکە بۆ لێکۆڵەرەوانی مێژووی یۆنانی کۆن، هەروەکو(متدلبانت، هیگل، زیلر) دانیان بەوەداناوە.

ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەنێکی دییەوە دەبینین هێندێ مێژوو نوسی فەلسەفی هاوچاخ، دەگەرێنەوە سەر ئەوەی کەبایەخ بدەن بەشێوەی میتۆدی زانستی جیاواز لەرووی ر ۆنانی بیرو گەشەکردنیەوە، وەك ئەوەی لای پێشینانی خۆیان بەر چاو دەکەوێت، ئەوانەیشی نوێنەری ئەم بیرو بۆچونەن و پشتگیریشی لێدەکەن(کانت) و (هێگل) ە.

بەڵام بەر لەم مێژووە واتە سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم، بایەخدان بەمێژووی فەلسەفەو پەیوەندی بەفەیلە سووفەوە زۆر جیاوازە لەوەی باسمان کرد، لەچاخی(رێنسانس) دا بۆ پشت بەستن لەلێکۆڵینەوەی فەلسەفیدا ئەو کتێبەکۆنانەی ئاشکراکرد کەدەربارەی مێژووی فەلسەفە نووسراون.

لەوکتێبانەش کتێبی(فلوطرخسن)کەنێو دەبرێ بەوتەی (فەیلەسوفان)، هەروەها کتێبەکەی (دیوجین للانرثی) (ژیانی فەیلە سوفان) ئەم کتێبەیان بەوە دادەنرێت کەتاکە سەر چاوەیەکە لەسەردەمی (رێنسانس) داو تائیمرۆش بایەخی خۆی لەدەست نەداوە، بەتایبەتی ئەوەی کەپەیوەستە بەبیروڕای فەیلە سووفانی یۆنانی کۆنەوە. هەرچی فەیلەسوفانی چاخی (رێنسانس)ە رێگەیان بۆ نووسینەوەی مێژووی فەلسەفەو، تێروانین لەمێژووی

فەلسەفی، لەمێژوو نوسانی گروپ و مەزهەبەکانەوە، وەك ئەوەی یەکێکیان مێژووی فەلسەفەیەك تۆمار بکات کەقەناعەتی پێیەتی و پشتگیریشی لێدەکاو هوریشە لەسەر ئەوەی کەلایەنەباشەکانی دەربخات، بۆ نمونە ئەوەی(مرسیلیوفیتشنو) دەربارەی ئەفلاتۆنیەتی نویێ نوسیویەتی . هەروەها(یوسین لیسیوس) دەربارەی (رواقیەکان) و(بریمارد) دەربارەی فەیلە سوفەکانی پێش (سوکرات) نوسیوێتی(جسندی) یش دەربارەی ( ئەبیکۆر) لەتەك هەڵوێستی بەشی یەکەمی مێژوو نوسانی چاخی (رێنسانس) هەڵوێستی هێندێکی دی بۆ جیاکردنەوەی ·(فیلۆلۆژیا) و فەلسەفە دەکەونە روو. فلیۆلۆژی رێگەیەکی شمولیە، تەنیا بایەخ بەلێکۆلینەوەی مەزهەبێکی دیاریکراو نادات بەڵکو بایەخ بەسەر جەمی مەزهەبەکان دەدات، بەو جۆرەی شێوەیەکە بۆگەشەکردنی عەقڵی مرۆڤایەتی لەپێناوی دەرخستنی حەقیقەتدا.لەبەر رۆشنای ئەمەوە ئەو ئەرکەی کەرووبەروی مێژوونوسانی فەلسەفە بووە وە لەسەدەکانی حەڤدەهەم و هەژدەهەمدا. سەرباری مێژوو نوسانی چاخی(رێنسانس) دەیان وت نابیێ بەو جۆرە سەیری مێژووی فەلسەفە بکرێت کەلەرێگەبرینیدا بەدرێژایی رۆژگار سێبەری گیانی مرۆڤایەتی بووە. ئەم بیرو رایەش بیرو رای ئاشکرای مێژوو نوس ( برك)ە کەلەکتێبەکەیدا مێژووی (رەخنەی فەلسەفە) دەیخاتە روو، دوای ئەویش مێژوو نوسی فەیلەسوف(کوندیاك) پەیوەستەبەبۆ چونەکانی (بروك)ەوە، کەلەکتێبەکەیدا بەشێوەی زمانی ئەویشەوە(مەزهەبەکانی فەلسەفە) ساڵی(١٧٤٩) نوسیوێتی . بەرانبەر بەم بیروڕایانەی کەلەویێ سەریان هەڵدا، بیرو ڕای جیاواز لەسەدەی حەڤدەهەمیندا دەربارەی تێڕوانین لەمێژووی فەلسەفە هاتەئاراوە. خاوەنی ئەم دەنگانەش هەوڵیان دەدا، لەفەلسەفەدا (یەکێتی و هاوتایی)بدۆزنەوە، مەزهەبەجیاوازەکانیش پێکەوە بگونجێنن و واشی دابنێن کەمەزهەبە فەلسەفیەکان چەند وێنەیەکی عەقڵی مرۆڤایەتین و، لەگەشە کردندان بەمەبەستی گەیشتن بەحقیقەتی رەهان.

لێرەوە کتێبەکەی (جوکلینوس) بەنێوی (گونجاندنی فەلسەفەکان) کەوتە بەر چاو. لەتەك بۆ چوونی گونجاندن و، بۆچونی هەڵبەستراویش کەوتە روو، ئەمیش بایەخی دەدا بەهەڵبژاردەی ئەوەی کەحەقیقەت لەمەزهەبێکدا، بەو جۆرەیە کەهەر مەزهەبێك چمکێك لەراستی تێدایەو، پێویستە فەیلەسوف ئەوچمکانە کۆبکاتەوەو، پێکیانەوە بگونجێنیێ. لەگەڵ ئەوەشدا هەر لەم سەدەیەدا بیرو بۆچوونی جیاواز جیاواز هاتنە گۆریێ، بایەخیان بەمێژووی فەلسەفە دەدا.. ئەوانیش نەبۆ چوونی گونجاندن و نەبۆ چوونی هەڵبەستراوبوون ، بەڵکو بۆچوونی رەخنەی وابوو کەگیانی پێشکەوتنیان لەخۆ گرتبوو، ئەوەی کەلەمێژووی فەلسەفەدا گرنگە ئەوەیە کەپەیوەندی مەزهەبێك بەمەزهەبێکی دی بزانرێت، هەروەها لەوەش ئاگاداربی کەچۆن مەزهەبێك پشت دەبەستیێ بەمەزهەبێکی دییەوە. لەمەوەدەتوانین بڵێین: بەرەو پێشچوونێکی پێشکەووتو خوازانە لەبیرو بۆ چونانەدا هەبوە، باشترین بەڵگەش بیروڕای مێژوونوس (دیلاند)ە، لەکتێبەکەیدا(مێژووی رەخنەی فەلسەفە) .هەروەها فەیلە سوف(کوندرسیە) لەکتێبەکەیدا (تابلۆی گەشەکردنی عەقڵی مرۆڤایەتی). (رینهولد) یش لەوتارەکەیدا(فیکری مێژووی فەلسەفە).

هزری پێشکەوتوولەمێژووی فەلسەفەداروبەرووی گەلیێ رەخنە بۆتەوە، لەلایەن ئەو لێکۆڵەرەوانەی کەدەربارەی بایەخی مێژووی فەلسەفەو فەیلەسوف دەیاننووسی، واشیان داناوە کەهزری پێشکەوتوو، دەرکەوتنەوەیە لەئامانجی نووسینی مێژووی فەلسەفە.

لەبەر ئەوەی فەیلە سوفانی دی پشت گویێ دەخا، کەئەوانیش بابەتی مێژووی راستەقینەی فەلسەفەن .دیارترین کەسێك کەلەوانەی هەڵەی تیگەیشتنیپێشکەوتوو لەفەلسەفەدا روون دەکاتەو، فەیلەسوفی هاوچاخ(یاسبرن)ە.بەلایەوە وایە

کەلێدانێکەولەتەك بەخششەکانی مێژوودا ناگونجێت.مێژووی فەلسەفە دەشوبهێتە مێژووی هونەر، ، کەبەرزترین کاری ئەو کارەیەکەشازو دانسقەیەو شتێکی دی جێگەی ناگرێتەوە.

بەوجۆرەی فەلسەفەش لەهەموو سەردەمێکدا خەسڵەتێکی جەوهەری ئادەمیزادە.گەر واتەی پێشکەوتن و گەشە کردن لایەنێکی دیاری لەلێکۆڵینەوەی مێژوونوسانی فەلسەفەدا داگیر کردبێ، سەر باری ئەو رەخنانەی کەلەلایەن مێژوونوسانی دییەوە رووبەرووی بۆتەوە، پرسیارێك کەپەیوەستەبەمەوە لێردا سەر هەڵ ئەدات، ئەویش ئەوەیە ئایا گەشەکردن لەفەلسەفەدا بەیاسایەك دادەنرێت؟....یابەدواداهاتنی مەزهەبەکان هەروا لەخۆوە هاتوون، زادەی هەواو هەوەسی تاکەکەسن؟....

ئەم پرسیارە لەلای مێژوونووسی فەلسەفی ناسراو(بریهیە) سەرەکی ترینی ئەو پرسیارانە یە کەدەربارەی مێژووی فەلسەفەکراوون، خۆشی بەم جۆرە وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە... بیری تێڕوانین لەمێژووی فەلسەفەتێکرای گەشەکردن و یەك بووندا بیرێکی تازەیە. ئەویش رواڵەتێکە لەرواڵەتەکانی عەقڵی مرۆڤایەتی، کەلەسەدەی هەژدەهەمدا دەنگی دایەوە، ئەوانەشی ئەم هەڵوێستەیان گرتبووەبەر (کونت)و (هیگڵ)ە.

هەروەها(بریهیە)رای وایە، پاڵپێوەنەری ئەم بیرو رایەکەخاوەنەکانیان ئیدعای دەکەن، بۆئەوەیە کەپەیوەندیەکی میکانیزمی لەنێوانی مەزهەبەکاندا دابنێین. لەسەر ئەم بنەمایەوە لەگەشە کردنیدا بەرەو تاکە مەزهەبێك ناچێت.یاخوود لەپێناوی راژەیەکی دیاریکراودا هەنگاو بنێت، بەڵکو فەلسەفەو سەرجەمی ژیانی عەقڵی لەگەشەکردندا بەرەو ئامانجی گشتی مرۆڤایەتی هەنگاو دەنێن.

لێرەوە (ئۆکست کونت) لەسەر ئەوە بڕیار دەدات، کەناتوانین لەزانستێك لەزانستەکان تێبگەین، بەبێ مێژووە تایبەتەکەی خۆی. ئەم مێژووەش پەیوەستە بەمێژووی سەر تاپای مرۆڤایەتیەوە، لەمەشەوە ناتوانین رابوردوو لەئیستەو داهاتوو دابڕین.

بەو واتایەی گەشەکردنی مرۆڤایەتی سەرەڕای ئەوەی بیری ئادەمیزاد هەر جۆرێك بێت، یەك گەشەکردنە، کەواتە یەکێتییەك هەیەکەئەم گەشە کردنە لەخۆ دەگرێت و، هەوڵی پێکەوە بەستنیشی دەدابەشێوەیەکی توندو تۆڵ.کەواتە دابەش بوونی ژیانی گیانی و فیکری لەمێژووی ئادەمیزاددا نییە. سەرەنجام(کونت) دەربارەی مێژووی فەلسەفەدەیەوی پێمان بڵێکە نابێ لەچاخەکانی ناوەراستی کۆنی یۆنان وابڕوانین کەلەفیکردا پێشترە لەچاخی ناوەراست. لەبەر ئەوەی هزری زانستی نایەتەدی، تەنیا بەوە نەبێت کەئادەمیزاد بەتافی (میتا فیزیك) دا تێپەرێت.

تێروانینی(کونت) بۆ مێژووی فەلسەفە، مەبەست لەمێژووی گیانی و فیکری سەدەیەك لەسەدەکانە، بەلاشیەوە فەلسەفە رواڵەتێکەلەرواڵەتەکانی ژیانی دەرکەوتووە.

لەمەدا(هیگڵ) دوای (کونت) دەکەوێ، دەتوانین بڵێین(هیگڵ) باوکی فەلسەفەیە، هەروەك(بوین) یش جەختی لەسەر دەکا چونکە هیگڵ بەئارەزووی خۆی تیورەکانی پێشخۆی کۆنەکردۆتەوەو، پێیاندا هەڵبدات. یاخود لەبەکارهێنانیاندابۆ کەم بایەخ کردنی ئەوانەی پێش خۆی نزم تێیان بڕوانێتز(هیگڵ) ئەوەی دۆزییەوە کەتیۆری فەلسەفی نوێبەردەوام لەدایك دەبن چارەسەری کۆتاش بۆ گرفتەکانی دنیایەك ئەوی دی دەسڕێتەوە.لەلایەکی دییەوە(هیگڵ) جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کەمێژووی فەلسەفەپێشانگایەك نیە بۆپیشاندانی بیروڕاو مەزهەبە فەلسەفیەکان یەك لەدووی یەك بەبێ بەستنەوەیان. واتە مێژووی فەلسەفە کەلەدەرەوە سەیری دەکەین گیانێکی رەهایەو لەوەسف کردنیشیا رۆژگاری خۆی نیشاندەدا.ئەویش هەروەکو تۆپێکی بەفر وایە، تاخلۆربێتەوە گەورەتر دەبێت.

لێرەوە (هیگڵ) مەبەستێتی، فەلسەفەیهاوچەرخ بریتیە لەکاری هەزاران ساڵە. کاتێك(هیگڵ) بریار

لەسەر تێگەیشتنی گەشەکردن و یەکێتی لەمێژووی فەلسەفەدا دەدات، لەتەك فەلسەفەکەی خۆیدا هاوئاهەنگ و هاودەمە ئەویش فەلسەفەی گیانی گشتی رەهایە. جیاوازی مەزهەبەکان بەلایەوە، لەواقیعدا یەکن و گیانێکی رەها کۆیان دەکاتەوە، لەمێژووی فەلسەفەشدا دەیان خاتە روو

بەرلە (هیگڵ) و (کۆنت) فەیلەسوفێکی دی وتویەتی ، (فەلسەفەمێژووی فەلسەفەیە) ناشتوانین لەبیروڕای مرۆڤایەتی تێبگەین تەنیا لەرووی گەشەکردنی ئەوەوە نەبێت.

ئەویش ·امیل بوترو)یە، کەبایەخێکی تەواوی داوە بەلێکۆڵینەوەی مێژووی فەلسەفەو پەیوەندیشی بەفەلسەفاندنەوە، لەیەکێ لەباسەکانیدادەربارەی رۆڵی مێژووی فەلسەفە (بوترو) دەڵێ:- مێژووی فەلسەفەپەیوەندیەکی بنەرەتی بەفەلسەفەوەهەیەو واتە هەر بیرێکی بایەخدار پێویستەدوو خەسڵەت دیاری بکات، یەکەمیان:- یاقەردی بێت، دووەمیشیان:- یادەبێ پەیوەست بێ بەکۆی هزرەوە.

لەنیوەی دوەمی سەدەی نۆزدەهەمداو بیرو ڕای واهاتنە ئاراوەکەبیروڕای (هیگڵ) و (کونت) یان بەدڵ نەبوو، بۆنموونەمێژوو نوسی فەلسەفی (رونوفیە) دەڵێ:- کەسێك لەمێژووی فەلسەفەبڕوانێت، لەوەتێناگا کەئەم مێژووە برێتیە لەچەند مەزهەبێك و، لایەنی جیاوازو ناکۆك، هەرگیز ناشتوانین بڵێین: ئەم جیاوازیە جیاوازیەکی روکەشەو ، لەنێو دەچن. (رونوفیە) تەمسیلی ئەو بارو دۆخەدەکات، کەمێژووی فەلسەفە لەسەدەی نۆزدەو لەسەرەتای سەدەی بیستەمداپێی گەیشتبوو.

لەم قۆناغەشدا لێکۆڵینەوە رێبازێکی دی وە بەر نابوو، لەبری نووسینی گشتی و شمولی لەسەر مێژووی فەلسەفە، مێژونووسەکان کتێبیان لەسەر ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراو دادەنا. بۆنمونە کتێبەکەی (زیلر) بەنێوی فەلسەفەی (ئەغریق)و کتێبەکەی (دوهیم) (سیستەمی دنیا لەئەفلاتوونەوە بۆ کورێکس) (هاملن) یش لەکتێبی مەزهەبە(ئەرستۆو مەزهەبە دیکارت) ..هتد..

لەم باسەوە بۆمان دەرکەوت کەمێژووی فەلسەفەو فەیلەسوف، بڕبڕەپشتی هەر فەلسەفەیەکە کەدێتە ئاراوەو، هەڵوێست و جێگەو رێگەش بۆخۆی دادەنێ لەتەك فەلسەفەکانی دیدا،هەروەها لەم باسەدا ئەوەمان بۆ روون بووەوە، کەئەم مێژووە لایەنی پۆزەتیفی لەخۆ دەگرێ و، هیچ مێژوویەکی دی شان لەشانی نادات. لەبەر ئەوەی فەیلە سوف لەکاتی فەلسەفاندنالەمێژووی خۆی دادەبڕێ، دابڕبوونێکی دارشتنانەو دوای ئەوەش دەگەڕێتەوەسەری بۆ چەسپاندنی سیستەمە فەلسەفیەکەی.

خەسڵەتی ئەم مێژووەش شمولی و هەمەلایەنەوسەرمەدی یە، مێژووی فەلسەفەچمکێکە لەفەلسەفەو لێشی جیانابێتەوە.

سەرچاوە

ئەمە پوختەی ئەو لێکۆڵینەوەیەکە( د-حسن مجیدالعبیدی)بەناوی (الفیلسوف وتأریخ الفلسفه) لەگۆڤاری (الموقف‌الثقافی ) ی ژمارە(٢٠) ی ساڵی ١٩٩٩دا بڵاوی کردۆتەوە- شایانی وتنە نووسەر(٤٣) سەر چاوەی بۆ ئەم لێکۆلینەوەیە بەکار هێناوە.

# شۆرش و تەکنیکی دەسەلات

دارا محمد

چەمکی شۆرش یەکێکە لەو چەمکانەی لەسەر ئاستی فیکری سیاسی دا رووبەرووی چەندین تێزو خوێندنەوەی جیا دەبنەوە،ئەویش پێناسەکردنێتی لەرێی ئەو هەلو مەرجە بابەتی و شوێن کاتی‌یەوە کەدیاردەی شۆرش دەبێتە دیاردەیەکی سیاسی کۆمەلایەتی.. واتا هیچ بوونێکی کۆمەلایەتی نی‌یە بەبێ وێنا کردنێکی شۆرشگێرانە، بەمانایەکی دیکە هەموو پێکهاتە کۆمەلایەتیەکان بەهۆی کردەیەکی مرۆیی ئیرادە گەریانەوە فۆرمەلە دەکرێت کەرەنگە بەهۆی جیاوازی تێزی بریارە سیاسی یەکانەوە ناونانی جیاوازی پێ ببەخشرێت، بەلام لەدوائاکامدا ئەو کردە مرۆییە بریتیە لەکردەی شۆرش.. چەمکی شۆرش چەمکێکە بونادێکی کۆمەلایەتی لەناو سیستەمە مەعریفیەکەیدا دیاریدەکاتو پتر دیاریکردنێکی مێژوویی یەو لەناو تۆری ئەو پێوەندەیە کۆمەلایەتی‌یەدا دەژی کەدواجار دەتوانین بەهۆی ئەو سیستمە مەعریفی‌یەوەپێناسەی بکەین. بۆیە ئەم چەمکە وەك تێروانینو جیهانبینی‌یەکی نوێ بۆژیان دەردەکەوێت و هەلگری ئەو خەسلەتانەیەکەرەنگە لەساتەوەختێکدا توانای گۆرینی هەبێت، ئەمەش بەرەچاوکردنی‌ئەو هێزەی کەپرۆسەی گۆرینەکە ئەنجام دەدات دەشێت ئەو هێزە لەساتەکاتێکی مێژوویی دەرکەوتندا هێزێکی کۆنزێر ڤەتیزم (موحافیز کار) بێت و هێزی گۆران نەبێت، واتا توانای گۆرینی هیچ یەکێك لەرەگەزەکانی ئەو بونیادە کۆمەلایەتیەی نەبێتو رەوتی کۆمەلگا بەئاراستەیەکی بکوژانەدا بەرێت... لەبەرامبەر ئەم هێزەدا هێزێکی دیکەی کۆکمەلگا هەیە کە توانای گۆرینو تێکدانی هەندێك لەکایەکانی بونیادە کۆمەلایەتی‌یەکەی بونیادە کۆمەلایەتی‌یەکەی هەیەو لەشوێنی ئەمانەدا دروست کردنی کایەی نوێ، بەلام نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت کەدەشێت خودی ئەم هێزانەش لەساتەوەختی بانگەشەکردنیدا بۆگۆران شتێکی جیاواز بیناناکەن و سەر لەبەری پەیوەندیەکان ناگۆرن، بەلکو تەنها رووی دەرەوەی پەیوەندیەکان و رەگەزەکانی ناو بونیادەکە نوێ دەکەنەوە. هەروەك لەئەزموونی بنیادنانی سۆشیالیزمدا بینرا، ئەم هێزانە توانای گۆرینی ئەو کایە مەعریفی و رۆشنبیریی و ئابووری و دینی یانەی نەبووکەلەناو بونیادە کۆمەلایەتیەکەی پێش خۆیاندا هەریەك کایەیەکی کاریگەر بوو، کەباشتریش لەناو بونیادەنوێ یەکەدا بووە ئەو کولتورەی کەبەشێك لەوشیاری کۆمەلگای پێك دەهێناو بەکاریگەرییەکی گەورەوە لەناو پێوەندی یە کۆمەلایەتیەکاندا ئامادەبوو، فۆرمێکی جیاوازی لەپێوەندی نەهێنایە کایەوەکەئەم هێزانە بتوانن رێ لەئەگەری گەرانەوەو پاشەکشە بگرن.

لێرەدا ئێمە نامانەوێت جۆری ئەوهێزانە لەمێژوودا دیاری بکەین یان کامە هێزانەیە کەتوانای گۆرین و نەگۆرینیان هەیە، هەرچەندە دواتر بەشێوەیەکی تایبەتی لەسەر واقیعی سیاسی کوردستان دەوەستینو بەلام لێرەدا دەمانەوێت ئاماژە بەوە

بکەین کەپەیوەندی ئەم هێزانە یەك بەوی دیکەوەبەبێ وێناکردنی دەسەڵاتێك بوونی نابێت، واتا ئەوەی کە(فۆکۆ)دەسەڵات بەپەیوەندی نێوان هێزەکان پێناسەی دەکات.پرسی دەسەڵات لای (فۆکۆ) جەوهەری ترینی ئەو پرسیارانەیەکەلەڕێگەیەوەسەرجەمی بونیادەکۆمەڵایەتیەکانی پێ دەخوێنێتەوەو لەتیۆریزەکردنێکی جیاوازداماناو دەسەڵاتی جیاواز بەچەمکی دەسەڵات دەبەخشێت. دەسەڵات بریتیە لەپەیوەندی هێزەکان، واتا کاتێك هێز لەحاڵەتی مومارەسەو پیادەکردنیدا، دەبێت بەدەسەڵات کەواتە کەهێز دەکەوێتە پەیوەندی و حاڵەتی جووڵەو بزاوتنەوە دەبێت بەدەسەڵات . کاتێکیش هێز دەکەوێتە پەیوەندیەوەلەگەڵ هێزێکی دیکەدا یان لەگەڵ چەند هێزێکدا، ئەوا بێگومان ئەو پەیوەندیە پەیوەندیەکی دژایەتی و زۆرانبازی دەبێت ، کەواتە هێز لەحاڵەتی وەستانیدا هیچ پێکناهێنێت، بەڵکو تەنها لەحاڵەتی جوڵەو بزاوتندا و لەپەیوەندی کردن لەگەڵ هێزێکی دیکەدا وەك دەسەڵات دەردەکەوێت کەواتە ئەو دەسەڵاتە کەهێزەکان لەبونیادێکی کۆمەڵایەتیدا دەخاتە پەیوەندیەوەو خەسڵەتی جیاوازیشیان پێ دەبەخشێت ، بەم پێیە لای (فۆکۆ) دەسەڵات بەمانای پیادەکردن و مومارەسەو پراکتیزەکردن دێت. ئەم پەیوەندییە دژ بەیەکەی هێزەکانیش پەیوەندی ڕەتکردنەوە—دەستەمۆ بوون دەبێت، دواجار سیستمی کۆنترۆڵ لەسەر ئاستی هەمووکایەکانی کۆمەڵگا ڕەنگ دەداتەوە و دەر ئەنجامی ئەو پەیوەندیە دەبێت کەهێزەکان لەگەڵ یەکدیدا پێکی دەهێنن. کۆنترۆڵ ئەو سیستمەیە کەپێکهاتەو بەرهەمی کۆمەڵگاکانی مۆدێرنیزەو ڕۆژئاوایەو بەهۆی هەمودەزگاجۆراو جۆرەکانی چاودێری کردنەوەپراکتیزەی دەسەڵات دەکەن، کەئەمانەش تەکنیکەکانی (تەکنەلۆژیاکانی) دەسەڵاتن بۆ کۆنترۆڵ و چاودێریکردن و .....هتد.

بەبڕوای (فۆکۆ) دەسەڵات لەناودەزگاکانی قوتابخانەو حیزب و سوپاو خەستەخانەو بەندیخانەو خەستەخانەکانی نەخۆشی عەقڵی و هەمودامەزراوەکانی کۆمەڵگادا بەشێوەی ڕاستەو خۆو ناراستەو خۆ مومارەسە دەکرێت بۆچاودێری کردن و کۆنترۆڵکردنی تاکەکانی کۆمەڵگاو کۆی هەمووئەمانەش ئەو پەیوەندییە دەسەڵاتییە دروست دەکەن کەهەمووکایەکانی ناو بونیادە کۆمەڵایەتیەکە پێکەوە دەبەستێتەوە. لێرەوە دەتوانین بڵێین کەتاك لەناو کۆمەڵگای ڕۆژئاوایدا لەناو تۆڕێك لەپەیوەندی دا بەکار دەبرێت و لەلایەن ئەو دەسەڵاتەوە کۆنترۆڵ دەکرێت کەبەهۆی تەکنیکەکانی خودی دەسەڵاتی بەرهەمی مۆدرێنەوە سیستما تیزەدەکرێت . (هربرت مارکۆز) پێی وایە پێشکەوتنی تەکنیکی پەلی بۆناو هەموسیستمی کۆنترۆڵ کێشاوە و شێوازێك لەژان و دەسەڵاتی خوڵقاندوە ، کەپێ دەچێت هێزە دژبەیەکەکانی ئەو سیستمە یەکانگیر بکات و هەموویاخی بونێك بۆرزگار بوون لەکۆنترۆڵ تێك بشکێنێت .هەروەها پێدەچێت کۆمەڵگای مۆدێرنەتوانای قوتدانی گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکانی هەبێت..

کەرەنگە ئەم قووتدانی گۆڕانە کۆمەڵایەتیانە گەورەترین دەسکەوتی کۆمەڵگای پیشە سازی پێشکەوتوبێت. بەڵام (نیتچە) ئاین (مەسیحیەتی ڕۆژئاوایی) تاوانباردەکات و بەبەرپرسیاری دەبینێت لەدروستکردنی کۆمەڵگای پیشە سازی نویدا بەیارمەتی بۆرژوازیەتی گەشەکردوو، ئەم کۆمەڵگایەش بەبالاکردنی مۆدێلی یەکگرتنی دەسەلات و مەعریفەدەبینێ، هەر لەخستنە گەڕی زانستەوە لەخستنە گەڕی چینی سەر دەستدا (کەپاشان ناوی سەرمایەداری پێبەخشرا) تائەگاتە ئەو گۆڕانکاریە بێ شومارە چۆنایەتیەی کەدامەزراوەی بەهاکان و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دەگرێتەوە.

مێژووی دەسەڵات لای (فۆکۆ) بەدوو پرۆژەی ڕۆشنبیریی جیاوازدا تێپەر دەبێت یان بەمانایەکی دی دوومۆدێلی جیاواز بۆ مومارەسەو پراکتیزەکردنی دەسەڵات هەیە،ئەویش ئەو شێوە دەسەڵاتەیە کەلەکۆمەڵگای یۆنانیدا هەبووە کەسەرکردەو شوانی کۆمەڵ وەك یاسا دانەرێك ڕەچاو کراوە بەپێی دەستووری (سۆڵۆن) کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی بەتایبەتی یەهودی، شێوەکەی تری دەسەڵاتەکەتیایدا مۆدێلی خواوەند و شوان دەبن بەیەك و شوان ڕۆڵی چاودێریکەرو سەرپەرشتیاری هەڵسوکەوتی هەر مەڕێك لەرانەکەیدا دەبینیت، لەکاتێکدا یاسا دانەر تەنها کاری دەرکردنی یاساکانەو بەبێ ئامادەبوونی

خۆیشی یاساکان کۆمەڵ بەشێوەیەکی گشتی ئاراستەدەکەن. بەڵام شوان دەخاڵەتێکی راستەو خۆ لەژیانی هەریەك لەسەرەکانی رانەکەدا دەکات هەر لەکۆکردنەوەو بڵاوە پێکردن و فەراهەم کرنی خواردن و ئاوبۆیان تادەگاتەبچوکترین ئەرکا (فۆکۆ) پێی وایە شوان ( دەسەڵاتی خۆی بەسەر رانەکەدا دەسەپێنی نەك بەسەر زەویدا)) ئەمەئەو دەرەنجامانەی لێدەکەوێتەوە کەفۆرمەلە بوونی دەسەلات لەرۆژئاوادا، بەتایبەتی پێکهاتەی دەوڵەت وەك کایەیەکی سیاسی – کۆمەڵایەتی سەربەخۆو یاسایی ، بەرەووتێکی مێژووی و تارادەیەك ئەقڵانیدا رۆشتووە. هەر لەو سەرنجەی (فۆکۆ)وە بۆکۆمەڵگاکانی رۆژ هەڵات ئەوە دەخوێنینەوە کەدەسەڵاتەکان هەمیشە لەم کۆمەڵگایانەدا بەئاراستەی کۆکردنەوەی بووە لەیەك چەقداو لەدەستی شوانێکدا کەتوانای ئیحتواکردنی مێگەلەکەی هەبووە، واتە بەرادەیەکی کەمتر ئەو هەستە بەئینتیما بوون بۆ زەوی یان خاکێك دروست بووە کەئەمەش رەنگدانەوەی لەسەر شێوەی دروست بوونی ئەو پێکهاتە لەرزۆکە ناجێگیرانە بووە کەهەریەك لەکایەی سیاسی و رۆشنبیریی ناو ئەو بونیادەکۆمەڵایەتیانە ئاقاری ئاینی وەردەگرێت و دوایتر ئەم بونیادە کۆمەڵایەتی‌یانە خەسڵەتی ئاین دەبێتە خەسڵەتێکی جەوهەری تیایداو ئامادەگیەکی فیعلی لەناو ئەم کۆمەڵگایەدا دەبێت . بەڵام بیرۆکەی نیشتمان لەرەمزی (شار)دا ، وەك کۆمەڵگایەکی مرۆیی جێ نیشین لەسەر زەویەك ، دەردەکەوێت، کەئەمەلەدوایدا بووە یارمەتی دەر بۆدروست بوونی دەوڵەت وەك دەسەڵاتێکی سیاسی یاسایی. یۆنانی لە(شار) وادەژی و لەسەر زەویەك کۆمەڵگا دروست دەکات و خواوەندەکانیش لەنزیك خۆیانەوە دەژین یاسادانەرێکی یۆنانی باشی وەك (سۆلۆف) یش توانای مانەوەی هەیە، لەکاتێکدا بوونی مێگەل(لەشێوەی دەسەڵاتی مێگەلی‌دا) بەهۆی ئامادەگی و بوونی راستەو خۆی شوانەکەوە دەبینێت.رەنگەتەنها لای (ئەفلاتۆن) دەلالەتی شوان بەدەلالەتی سیاسی دیاری کرابێت، کە(فۆکۆ) ئەمە بەکارتێکردنێکی فیکری رۆژهەلاتی لەسەر قوتابخانەی سوکراتی دادەنێت.عەقڵانیەتی ئەفلاتونی هەنگاوی بۆ قۆناغە ئاینیەکە (یەهودی و مەسیحی) هاوێشت، لەبەر ئەوەی لەمەسیحیەتی سەرەتایی دا دەسەلاتی مێگەلی وەك سیستمێکی کۆمەلایەتی و دەوڵەتی لەیەك کاتدا بالادەست بوو. شوانی مەسیحی تەنها گرنگی و چاودێری هەموو تاکێکی ناو مێگەلەکەی (رانەکەی) نەدەکرد، بەڵکو لەسەر سلوکی هەر تاکێك و کردەوەیان ئەوەستا کەئەگەری خێر یان شەڕ، راست و هەڵەی هەبێت، لەبەر ئەوە بەرپرسیاریەتێکی هاوبەش و یەکگرتوو لەنێوانی شوان و رەعیەتەکەیدا هەیە، کەئەمەش لەپراکتیکدا دەگۆرێت بۆ پەیوەندیەکی ژێر دەستەیی تەواو کەدوایتر مەسیحیەت ئەم پەیوەندیەی پەرەپێدا بۆ پەیوەندیەکی گرێدانی تەواو لەنێوان تاك و شوانەکەیدا.

لێرەوە ئەو جیاوازیە ئاشکرایە لەگەڵ تێگەیشتنی یۆنانیدا دەردەکەوێت کە (فۆکۆ) و پێشتریش (نیتچە) ئاماژەیان پێداو (ئەگەر یۆنانی ملکەچ و گوێرایەڵە، ئەوا ملکەچ بونێتی بۆ یاساو ئیرادەی شار. خۆ ئەگەر ئەوەی خرایە بەردەم کەدەبێت پەیرەوی ئیرادەی کەسێك بکات بەتایبەتی‌وەکو(دکتۆر،خەتیب، بەخێوکەر) ئەوا ئەو کەسە بەشێوەیەکی ئەقڵانی قەناعەتی بەئەنجام دانی ئەو کارەکردووە، بەشێوەیەك کەئەو گوێرایەڵیەی دەیگەیەنێتە ئامانجێکی دیاری کراو، ئیتر چاکبوونەوەی بێت، یان بەدەست هێنانی شتێك بێت، یان بەدیهێنانی هەڵبژاردنێکی چاك بێت. بەڵام مەسیحیەت خوازیاری گوێرایەڵیەکی کەسیە لەتاکەکانی، هەروەك ئەوەی مل کەچ بوون بۆخۆی ئامانجێك بێت. لەکاتێکدا گوێرایەڵی یۆنانی بۆ ئاراستەکردن بووە نەك بۆ ئەمرێك، ئەم گوێرایەڵیەش هۆیەکە بۆ ئامانجێکی ئەقڵانی کەباوەری پێیەتی. کەواتە هەر سەرێك پێویستە هەمیشە ملکەچی شوانەکەی (ئاغاکەی )بێت.

ئاینی مەسیحی لەمێژووی مارەسەکردنی دەسەڵات و پراکتیزە کردنی سیستمە خواوەندیەکانی خۆی بۆکۆنترۆڵ کردن و چاودێری کردن، دووکەرەستەی هێنایە کایەوە کەبەقوتابخانە فیکریەکانی یۆنانیش وەکو(فیساگۆریزم و ئەپیکۆریزم و رواقیەکان)ئاشنابوو ئەویش پشکنینی ویژدان و ئاراستەکردنی بوو. مەسیحیەت ئەم دوو کەرەستەیەی بۆ جەخت کردنەوەی پاشکۆی

بوونێکی ڕەهای تاك بووبۆشوانەکەی یان قەشەکەی، بەشێوەیەك کەتاك بەپشت بەستن بەخودی خۆی توانای هیچ مومارەسەیەکی نەبێت، بۆیەپێویستەتاك واز لەخۆی بهێنێت و لەلایەن لێپرسراوەکەیەوە ئاراستە بکرێت. لەسەردەمی یۆناندا پشکنینی ویژدان هۆکارێك بوو بۆزیاتر خۆرۆشنبیرکردن و زانینی خود، بەڵام مەسیحیەت ، هەروەك( فۆکۆ) پێی وایە ئەم کەرەسەیان هۆکارەی گۆڕی بەکەرەسەیەك بۆوالاکردن و خستنەرووی ئاراستەکراوەکە(ڕانەکە) بەرامبەر بەسەرۆکەکەی یان لێپرسراوەکەی. بەڕای (فۆکۆ)ئەم هەمووتەکنیکانە لەمومارەسەکردنی دەسەلاتدا دەمانگەیەنێتەئامانجی گرنگ تر کەئەویش بریتیە لەفێرکردن و پەروەردەکردنی تاك لەسەر مراندنی خۆی بەرەتکردنوەی خودی خۆی لەم جیهانەداو، ڕەتکردنەوەی جیهان لەبەرامبەر خۆیدا.بەمانایەکی‌دی(دەسەلاتی مێگەلی)هاوشان و یەکسان دەبێت بەمەرگ. لێرە بەدواوە هەولْ دەدەین سەرەتای باسەکە وەبیر بهێنینەوە کاتێك باسمان لەدووهێزی جیاوازکرد کەهەلگری دووسیستمی مەعریفی ودوودنیابینی جیاوازن بەلۆژکێکی ململانێی ئالۆزدا دەڕۆن، کەئەم لۆژیکەش بەبێ بوونی پەیوەندی نابێت بەشێوەیەك لەشێوەکان دەسەلات خۆی لەناو ئەم پەیوەندیەدا حەشارداوەو خالْی گرێدان و پەیوەندی کردنی نێوان هێزەکانە. دیارە لەناو واقیعی سیاسی کوردیشداهەر ئەو لۆژیکە بەجیاوازی هەل نسکی و مەرجی شوێن و بونیادە کۆمەلایەتی‌یەکەوە کار دەکاتە هێزی سیاسی کوردی (بێگومان لەدنیای کورددا هەر هێزە سیاسیەکانن کەجێگرەوەی هەموو جۆرەکانی تری هێزن وەهێزە سیاسیەکان هەلگری پەیامە کۆمەلایەتی‌و ڕۆشنبیری و تەنانەت ئاینیەکانیش واتا ئەوە گروپە کۆمەلایەتیەکان نین کەلەساتە مێژووییەکاندا توانای خولقاندنی هاوکێشەی سیاسیان هەبێت و هێزی کۆمەلایەتی دروست بکەن بەلکو لەدنیای ئێمەدا هێزی سیاسی ئەو پاتریاکەیان شوانەیە کەهەموو ئیرادەکان لەناو دەستی خۆیدا کۆدەکاتەوە و ئەم دەبێتەچەقی بڕیارەکان و دەبێت هەموو گرووپەکانی ناو کۆمەلگاو تەنانەت تاکەکەسانی کاراکتەرو کەسێتی لەم هێزانەوە وەربگرن هەرچەندە هێزی سیاسی کوردی توانای وای لەدەستا نییە بۆ گۆڕینی کۆمەلگا، بەمانایەکی دی هێزێکە بەمیژووی خۆی لەهەولی پارێزگاری کردن لەخودی خۆی و مانەوەدابووە، هەموو هەولْکانی هەولْدان بووە بۆلەیادنەکردن و بەدەستهێنانی وێنەیەکی بینراوو دەنگێکی بیستراو. بۆیەهێزێك نەبوە شەڕلەگەلْ پەیوەندیەکانی دەسەلاتدا بکات یان ستراتیژی کارکردنی ستراتیژی گۆڕینی ئەو پەیوەندانە بێت کەبەهۆیەوە ژێردەستە کراوە،کەواتەدەتوانین بلێین ئەو دەسەلاتە هەرێمیەی (مەبەستم لەدەسەلاتی هەرێمی داگیر کەرانی کو دە)کەهێزی سیاسی کوردی لەگەلیدا لەبەریەککەوتنێکی بەردەوامدایە، جۆرێك لەپەیوەندی دژایەتی هێناوەتە کایەوەکەئەم هێزە لەئەنجامی ئەو دژایەتیەوە توانای گۆڕین و بەرهەم هێنانەوەی پەیوەندیەکی نوێی نی‌یە بۆ مومارەسەکردنی دەسەلات، واتا هیچ پنتێك لەپنتەکانی دەسەلاتی هەرێمی ڕووبەڕوی نابێتەوە.

ڕەنگەتراژیدیای هێزی کوردی لەوەدابێت کەهەمیشە یەك وێنەی بۆ پراکتیزە کردنی دەسەلات هەبێت کەئەویش وێنەی خۆبەقوربانی زان و بێت، ڕەنگە باشترین جۆری پەیوەندی بەستنی هێزی کوردی لەگەلْ هێزی بەرامبەردا پەیوەندی لێك چوون بێت، واتاپێچواندنی هەموو میکانیزمیەکی خۆیان بەمیکانیزمەکانی ئەوی دی و سەر لەنوێ بەرهەم هێنانەوەی ئەو میکانیزمانەو بەکاربردنەوەیەتی لەسەر واقیعی کۆمەلایەتی و سیاسی کوردستان خۆی. بۆیە لەساتەکاتێکی مێژوویدا دەبینین وێنەی هێزی سیاسی کوردی لەگەلْ وێنەی ئەوی دیدا یەکانگیرو هاوشان دەبێت و هەمومیکانیزمەکانی هێزی بەرامبەر بەکاردەباتەوە لەسەر خودی خۆی و کۆمەلگاش، دیا ڕەنمونەی ئەمە بەباشترین شێوەلەکاتی شەڕی ناوخۆو بەتایبەتی لەکاتی ڕووداوی ٣١ی ئاب و ڕووداوەکانی دیکەدا دەرکەوت، کەبەشێوەیەك لەشێوەکان ئەم وێناکردنە بەمانای تێکدان و گۆڕینی ئەو کایانە دێت کە (کەلتوری دەسەلاتی مێگەلیزم) لەپرۆسەی مومارەسەکردنیدا هێناویەتەکایەوە.. ئەم کەلتورە

یان ئەم فۆرمە لەدەسەڵات هێزی سیاسی کوردی دەخاتەخانەی ئەورەعیەتەوەکەبێ ئاگادای شوان و ئاغاکەی(کەئەمرۆبیتیە لەدەسەڵاتی هەرێمی و تۆتالیتاریزمی رۆژئاوایی)خۆی دووچاری نوشوستی و نەهامەتی و مەرگ ئەکاتەوەو، دەرچوون لەفەرمانەکانی شوان دەرچوونە لەو هێڵە سورانەی کەبۆی کێشراوەو رەنگەجارێکی دیکە ئەو وێنەتراژیدیەی نیشان بدرێتەوەکەجەستەی هێزی کوردی لەت وپەت دەکات.کەواتە ئەو پرنسیپە گرنگەی (فۆکۆ) کەپێی وایە تەکنیکەکانی (تەکتنەلۆژیاکانی) دەسەڵات لەسەرتاك پراکتیزەی دەکەن و دەتوانین بەراڤەکردنێکی دیکە بڵێین ئەو تەکنیکەی دەسەڵاتی مێگەلی کەبۆمراندنی تاك بوو، کەدەسەڵاتە هەرێمی‌یەکان تۆتالیتاریزمی رۆژئاوایدا ئەو تەکنیکە مومارەسەدەکرێتەوە بۆکوشتنی هەر شۆرشێك و یاخی بونێك کەلەناو رەعیەتەکانی خۆیدا روودەدەن‌و فێرکردنیان بەگوێرایەڵیەکی تەواو بۆشوانەکەیان . هەربۆیەکاتێك (ئۆجەلان) لەوێنەی شۆرشکێرو یاخی بویەکدا لەناو واقیعی‌سیاسی کوردیدا سەرهەڵدەدات و بەبزوتنەوەیەکی شۆرشگێرانەوە دەردەکەوێت و بانگەشەی گۆرینی ئەو پەیوەندیانە دەکات کەتاکی کورد و کۆمەڵگالای کورد پێ گۆشکراوە، درزێك لەناو پەیوەندیەکانی دەسەڵاتی هەرێمی دا دروست دەکات. رەوتی کارکردنی ئەم بزوتنەوەیە بریتی‌یە لە پێکهێنانی فۆرمێکی جیاواز لەفۆررمی سیاسی و ئەخلاقی کەمالیزم، واتا فۆرمێکی نوێ بۆگێرانەوەی کاراکتەری سەرەکی بۆتاکی کوردی‌و، تێکدانی ئەو هاوکێشە سیاسیانەی ئەڵقەی گرێدانی مانەوەی ژێردەستەیی و رەعیەت بوونی کوردە. لێرەوە تەکنیکەکانی دەسەڵات بۆکۆنترۆڵکردن و چاودێری کردن وسزادان کەزۆر جار لەدەزگا راستەو خۆو ئاشکراکاندا پیادە دەکرێت، خوازیارن لەشکاندنی وێنەی (ئۆجەلان) دا بەشێوەی دیلکراوێکی بێ ئیرادە، ئەوشکانە جەماعی‌یە بەدوای خۆیدا بهێنێت کەهەموو سەرکردەکاریزمیەکانی بەدوای خۆیاندا هێنایان، چونکە لەم کۆمەڵگایانەدائەو سەرکردانە هەمیشە ئەو کاریزمایەن کەهەمودەسەڵاتەکان لەخودی خۆیاندا کۆدەکەنەوە،یان گرێدانەوەی سەرجەم شۆرشەکە بەکەسی خۆیانەوە، کەئەمەش بوار بۆهێزی بەرامبەورو دژدەکاتەوە کەبەلەناوبردنی سەرۆکی شۆرشێك هەموتواناکانی ئەو هێزە هەڵبوەشێنێتەوە، چونکە بنەمای هێزی کوردی لەسەر وێناکردنی باوکێکە کەچاودێری هەموکورەکانی دەکات و بەکوشتنی ئەو باوکەش کورەکانیش پەرتەوازە دەبن، هەرچەندەلەرووداوی بەدیلگرتنی (ئۆجەلان) دا هێشتا ئەگەرەکانی‌بەردەم ئەم بزوتنەوەیە تائێستا ئەگەری ژیانەوەو گەشەکردنن.....

رەنگە ئەم تێروانینە بەهێزی سیاسی کوردی بەدەرەنجامێکمان بگەیەنێت کەبزووتنەوەی کوردی لەئایندەی خۆیدا پێویستی بەجۆرێك لەوێنا کردن هەبێت کەئەویش نەبوونی باوکێکە یان سەرۆکێکە، واتاتارادەیەکی زۆر ئەو خەیاڵەمان پێویست بێت کەبزووتنەوەی ئێمە ئیدی لەدەست تاکەکەس دەربهێنرێت و پتر لەناو قولایی کۆمەڵبەندی دا چڕ بکرێتەوەو نوێنەرایەتی کردنەکان لەلایەن هێزی سیاسی و کۆمەلایەتیەوە بێت.

# شیکاری‌یەك لەسەر سیاسەتی دەرەوەی سۆڤیەت

## (کێشەی ئازەربایجان ١٩٤١-١٩٤٦)

دکتۆر مەحمود عبداللە زادە

و: سەردار محەمەد

نزیك بەپێنج مانگ، پاش داگیرکردنی ئێران لەلایەن هێزەکانی بەریتانیاو یەکێتی سۆڤیەتەوە لەمایسی ١٩٤١دا، یەکێ لەبەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا سەبارەت بەسیاسەتی ئایندەی وڵاتەکەی لەمەڕ ئێران بەمجۆرە دەنوسێت:

(پێ دەچێ ئەگەر روسەکان لەم جەنگەدا سەرکەوتن بەدەستبێنن، بەمسۆگەری خوازیاری پاراستنی سنوورەکانیان بن لەبەرامبەر هێرشە گریمانی‌یەکانی ئایندەدا، بۆ ئەم مەبەستەش نەتەنها چەند بەشێك لەفنلەندا، دەوڵەتەکانی باڵتیك‌و رۆمانیا کە بەر لەهێرشەکەی ئەڵمانیا بەدەستیان هێنا، دەخەنە سەر قەڵەمڕەوی خاکی خۆیان، بەڵکو پشتێنەیەکی ئەمنی هاوشێوەی ئەوە لە ئازەربایجانی ئێرانیشدا دروست دەکەن تاپاراستنی بیرە نەوتەکانی قەوقازی پێ دابین بکەن، ئەمە هەنگاوێکی نالەبارە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەکردەوە رێی ئەوەمان پێ ناگیرێ کەروسەکان دەخوازن لەباکوری ئێراندا ئەنجامی بدەن، کەوابوو پێویستە بەرهەڵستی ئەو کارە نەکەین کە ناتوانین رێ لەڕوودانی بگرین‌و نەشبینە هۆی رەنجاندنی روسەکان)[١]

لەپایزی ١٩٤٦دا، وادیار بوو پێشبینی‌یەکەی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا دەربارەی دەستپێشکەری روسەکان کەم کەم دەبوو بەڕاست.

ماوەیەکی کەم پاش داگیرکردنی ئێران لەمایسی ١٩٤١دا روسەکان کەوتنە هاندانی بزاوتێکی جوداخوزای لەئازەربایجاندا، بەڵام لەسەرەتای ساڵی ١٩٤٢دا درکیان بەوە کرد کە خەریکە بەهێوری جڵەوی ئەم بزاوتە لەدەستیان دێتەدەر، لەبەر ئەوە خۆیان لەبەهێزکردنی زیاتری ئەو بزاوتە بوارد، ئەم خۆبواردن‌و گۆڕانکارییەی سیاسەتی سۆڤیەت، دوو هۆی هەبوو:

هۆیەکیان ئەمە بوو کە لەحاڵەتی پەرەگرتن‌و بەرین بوونەوەی بزواتەکەو بێ توانایی لە ئیحتیواکردنی‌دا، دەبوو پەنا بۆ کاری سەربازی پتر ببرێت، کە ئەوەش بارێکی قورستری دەخستە سەر کۆڵی سۆڤیەتی گیرۆدە بەجەنگەوە.

هۆکەی دیکەش ئەوە بوو کە روسەکان لەسەرەتای ساڵی ١٩٤٢دا لەو دردۆنگی‌یە بێ بەڵگەیەی خۆیان بەئاگا هاتبوونەوە کە سەبارەت بەسیاسەتی تورکیا هەیانبوو، پێشتر پێیان وابوو کە تورکەکان خۆیان بۆ ئەوە ئامادە دەکەن تالە پشتەوە خەنجەریان لێ بوەشێنن، وەرەنگە ئێرانی‌یەکانیش لەو کارەدا ببنە پشتیوان‌و



جەعفەری پیشەوەری

هاودەستی تورکەکان. هەر لەبەر ئەوە بوو کە پاش داگیرکردنی ئێران، روسەکان راستەوخۆ دەستیان کرد بەپاراستن‌و هاندانی کە مایەتی‌یەکان لەئازەربایجاندا، بەتایبەتی کە کوردەکانیان بەهاوپەیمانی هەرە بەهێزو نزیك بەخۆیان دادەنا لەبەرامبەر تورکەکاندا.

پاش دامرکاندنەوەی ئەم بزاوتە جوداخوازی‌یە، روسەکان بارودۆخی ئازەربایجانیان لەحاڵەتی هەڵواسراویدا راگرت، تاهەرکات ویستیان هەڵو مەرجەکە بشێوێنن‌و لەو رێگەیەشەوە دەوڵەتی ئێران بۆ جێ بەجێ کردنی خواستەکانیان بخەنە ژێر فشارەوە.

## پێکهێنانی کۆمیتە

لەرێبەندانی ١٩٤٢دا، روسەکان کۆمیتەیەکیان بەناوی (کۆمیتەی کرێکارانی ئازەربایجان)ەوە پێك هێنا کە یەکێ بوو لەیەکەمین ئامرازە سیاسی‌یەکانیان لە ئازەربایجاندا. دیارە خۆیان نکۆڵییان لەهەر جۆرە پەیوەندی‌یەك دەکرد لەگەڵ ئەم کۆمیتەیەدا، بەڵام کۆی پرۆگرام‌و بەرنامەی کۆمیتەکە خۆ تێوەگلانی بێگانەی لەرێکخستنی ئەودا نیشان ئەدا. بۆ نموونە بەندی ٢٢ی پەیرەوی ناوخۆ: (سەلماندنی مافەکانی ژنان لەگەڵ پیاوان) دەخاتە نێو بەرنامەی کاری کۆمیتەوە[٢].

بەندێك کە لەو رۆژگارەدا تەواو پێچەوانە بوو لەگەڵ شێوازی بیرکردنەوەو خاسیەتە کۆمەڵایەتیەکانی کرێکاری ئازەربایجاندا.

جگە لە کۆمیتەی کرێکاران، روسەکان کۆمیتەیەکی دیکەیان بەناوی (کۆمیتەی سۆڤێت)ەوە لەئازەربایجاندا رێك خستبوو کە بەرپرسەکانی لەنێو کوردەکان‌و بەتایبەت لەنێو ئاشوری‌یەکاندا گەلێك چالاك بوون. نوێنەری سەرەکی ئەم کۆمیتەیە لەورمێ پەناهەندەیەکی روسی بەرەچەڵەك ئێرانی بوو بەناوی (حەسەن)ەوە، کە بەر لە چەند ساڵێك پەنای هێنابووە بەر ئێران، وە(قاوەخانەیەکی) لەورمێدا هەبوو کە شوێنی کۆبوونەوەی ئەندامانی (کۆمیتەی سۆڤێت) بوو، وەك باس دەکرێ ئەم پیاوە لەکوشتنی سەرۆکی شارەوانی ورمێ‌و بەرپاکردنی ئاژاوەی ئەو ناوچەیەدا دەستی هەبووە. جارێکیان ئەو بەئاشکرا وتبووی کە لەسەرەتای پەناهەندەیی‌یەوە لە ئێراندا (سیخوڕی روسەکان) بووە.

پاش ماوەیەك روسەکان ئەم کۆمیتەیەیان هەڵوەشاندەوە، بەڵام درێژەیان دا بە پاراستنی کوردو ئەرمەنی‌و ئاشوری‌یەکان. دووکەس لەبەرپرسانی سیاسی ئەوان لە ناوچەی کوردستاندا بەناوی (جەعفەرۆف)و (یوسفۆف)ەوە لەرەچەڵەکدا کوردبوون[٣].

دەست بەسەراگرتنی (شەربۆرگ)و پێشرەوی‌یەکانی سۆڤیەت لەبەرەکانی رۆژهەڵاتدا، مژدەی سەرکەوتنی‌دا بەهاوپەیمانەکان. ئەوکات کە روسەکان بەڕوونی لەئاسۆدا سەرکەوتنیان دەبینی، دەستیان کرد بەپتەوکردنی دەسەڵاتی خۆیان لە ئازەربایجانی ئێرانداو هاوکات لەگەڵ ئەم کارانەشدا، پەرەیان دا بەپروپاگەندەی خۆیان لەناوچەکەدا. نەخۆشخانەیەکیان لەتەورێزدا دامەزراند،و سەرلەنوێ لەبەهاری ١٩٤٥دا رۆژنامەی (وطن یولیندا)یان، کە پاش داگیرکردنی ئێران لەمایسی ١٩٤١دا لەلایەن سوپای سوورەوە لەتەورێزدا بڵاودەکرایەوەو بۆ ماوەیەك بڵاوکردنەوەی راگیرا بوو، بەسەر نوسەری ئەرمەنی‌یەکی خەڵکی باکۆ کە (شاهگلدی) ناوێك بوو بڵاوکردەوە.

هەر لەم کاتەدا باس‌و خواسی (ئازەربایجانی گەورە)و (قەفقازی نوێ) لەمیاندواوە بگرە تاسەراب

دەستی پێ کرد. تەنانەت وەك باس دەكرا لەسەرابدا خەڵكی سەرپێچیان دەكرد لەڕەچاوكردنی یاساكان‌و كاربەدەستانی ئێرانی، بەبەهانەی ئەوەی كە ئیدی بەشێك نین لەخاكی ئێران.[٤]

## ئامرازە سیاسی‌یەكانی روسەكان

لەسەرەتای ساڵی ١٩٤دا روسەكان سیاسەتێكی میانەڕەوتریان لەئازەربایجاندا گرتەبەرو قایل بوون بەزیادكردنی ژمارەی پۆلیس‌و ژاندارمی ئێرانی لەناوچەكەدا، بەڵام لەبەرامبەر ئەوەدا پتر بایەخیان دا بەپارت‌و ڕێكخراوە سیاسی‌یەكانی ئەوێندەر. یەكێ لەو پارتانە (حیزبی تودەی ئێران) بوو، كە پاش كاربەدەستانی سۆڤیەتی گەلێك چالاك‌و بەدەسەڵات بوون لەئازەربایجاندا. لەكۆتایی ساڵی ١٩٤٤دا لەكاتی روداوی قەیرانی ئیمتیازی نەوتی باكوردا، حیزبی تودە لەئاكامی سازدانی چەندین خۆپیشاندان لەتاران‌و بەتایبەتی لەئازەربایجاندا بەناڕەزایی لەدژی دەوڵەتی (ساعد)و بۆ سوودو بەرژەوەندی یەكێتی سۆڤیەت‌و لەپێناو پشتیوانی كردن لەچەك داماڵینی هێزەكانی پۆلیس‌و ژاندارم لەلایەن كاربەدەستانی سۆڤیەتەوە لەئازەربایجاندا، زیانیان بەمتمانەی خۆیان گەیاندو زۆربەی خەڵكیشیان خستە سەر ئەو باوەڕەی كە ئەم حیزبە شتێك نی‌یە جگە لە ئامرازێكی سیاسی دەست سۆڤیەت لەئێراندا، هەرچۆنێك بێت، پێویستە گومانی ئەوە نەكرێ كە سەرجەم ئەندامانی حیزبی تودە، داردەست‌و بەكرێ گیراوی یەكێتی سۆڤیەت بوون، بێ ئەوەی كە پابەندی پرانسیپی فكری بن. لەسەركردایەتی هەموو پارتێكدا خولیای بەدەستهێنانی دەسەڵات بوونی هەیە، هێندێك لەسەرانی حیزبی تودەش خواست‌و ئارەزوویەكی وایان لەسەردا بوو، وەهێندێك لەئەندامەكانیشی لەتەورێزدا وەك (عەلی شبستەری) سەرنووسەری رۆژنامەی ئازەربایجان‌و (ئەصفەهانی)، ئاشناییان لەگەڵ ماركسیزمدا هەبوو، وە حیزب توانیبووی سەرنجی ژمارەیەك لەلاوان بۆ لای خۆی راكێشێت كە رەنگە راستگۆیانە خوازیاری زنجیرەیەك ریفۆرمی كۆمەڵایەتی بووبن.

حیزبی تودە بەشێوەیەكی گشتی لەئازەربایجاندا لەڕووی ئایدیۆلۆژیكەوە هێندە سەرنج راكێش نەبوو بەلای خەڵكی‌یەوە، دیارە حیزبی تودەش هەرگیز جەغتی لەسەر فێركردنی تێزەكانی ماركسیزم-لینینزم بەكرێكارانی نەخوێندەوار نەدەكرد. لەبری ئەوە حیزبی تودە رەوشێكی ژیرانەی هەڵبژاردبوو، كە تێدەكۆشا ژیانی ئابوری- سیاسی ئازەربایجان بەپێی شێوازی سۆشیالیستی رێك بخات. پێكهێنانی سەندیكا پیشەیی‌یە جۆربەجۆرەكان لەچوارچێوەی (یەكێتی كرێكاران)دا، شورای یەكگرتووی شارەكان، یەكێتی كرێكاران‌و زەحمەتكێشانی ئازەربایجان، زیادكردنی كرێ‌و رێكخستن‌و نوسینەوەی یاساو بڕیارەكانی كاركردن، كۆنترۆڵ كردنی كارفەرماو هەڵسوڕاندنی ئەركەكانی پۆلیس‌و دادگا لەلایەن بەرپرسانی حیزبی‌یەوە، پرۆژەی خستنەوەگەڕی كارگە تێكشاوەكان لەلایەن كرێكارانەوەو بۆ كرێكاران، چاكترین نمونەی چالاكی‌یەكانی حیزبی تودە بوو بەپێی شێوازی كۆمۆنیستی. جگە لە (حیزبی تودە)و (یەكێتی كرێكاران)، (بەرەی ئازادی)یش ئامرازێكی دیكە بوو كە بۆ پیادەكردنی سیاسەتی یەكێتی سۆڤیەت لەئازەربایجاندا هەڵدەسوڕا. دیارە جوێ كردنەوەی حیزبی تودە لەبەرەی ئازادی گەلێك دژوار بوو.

بەكەمی كەسێك پەیدا دەبوو ئەندامی حیزبی تودە بێ، بەڵام ئەندامانی بەرە نەبێ. ئەندامانی ئەم بەرەیە لەچەند چینی جیاوازی كۆمەڵایەتی پێك دەهاتن: هەر لە چەقۆكێش‌و خەڵكی عەوامی تەورێزەوە بگرە تا كۆڵهەڵگرەكانی بازاڕ، كرێكاران، گوندنشینان، پیشەوەران، دوكان دارەكان، خوێندكاران‌و رۆژنامەنووسان، وەتەنانەت ژمارەیەك لەبازرگانانی بازاڕیش ئەندام بوون تیایدا. بەرەی ئازادی راستەوخۆ ببوە ناوەندی نەخشەكێشانی ئازەربایجان، وەحیزبی تودەو یەكێتی كرێكاران وەك ئۆرگانەكانی بەڕێوەبردن‌و جێبەجێكردنی بەرنامەكانی ئەو هەڵدەسوڕان، بەرەی ئازادی بڵاوكراوەیەكی بەناوی (خاورنو)ەوە، سەرەتا بەسەرنوسەری (مەحمود ترابی) بڵاودەكردەوە، بەڵام لەسەرەتای ساڵی ١٩٤٥دا كۆمیتەیەك لەئەندامانی حیزبی تودەو بەرەی ئازادی،و یەكێتی كرێكاران پێكهات‌و بەكۆمەك‌و سەرپەرشتی یەكێتی سۆڤیەت ئیدارەی ئەم بڵاوكراوەیان گرتە دەست.[٥]


روسەكان لەڕێگەی سێ رێكخراوی ناوبراوەوە ناڕاستەوخۆ دەستیان دەخستە نێو كاروباری

ناوچەکەوە، بەڵام دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ لەلایەن کاربەدەستانی سیاسیو سەربازی نیشتەجێی ئازەربایجانەوە ئەنجام دەدرا. ئەم کاربەدەستانە بەدەر لەچوارچێوەی ئەرکە سەربازیو سیاسیەکانی خۆیان دەستیان دەخستە نێو کاروباری ناوچەکەوە، لەوانە بەرکەنارکردن یابەرهەڵستی کردنی کاربەدەستە دەوڵەتییەکانی ئێران لەئازەربایجاندا،و چەك داماڵینی پۆلیسو ژاندارمی ناوچەکە. وێڕای ئەوەش ڕوسەکان چەند دەزگایەکی دیکەشیان بۆ بەرفراوان کردنی نفوزی خۆیان لەئازەربایجاندا پێك هێنابوو. یەکێ لەو دەزگایانە (ئەنجومەنی ڕوناکبیری ئێرانو یەکێتی سۆڤیەت) بوو، کە خاوەنی ئەپارتمانێکی تاڕادەیەك گەورەو چەند هۆڵی جیا جیا ئامادەکراو بەپرۆژکتۆری سینەما بوو. زۆر جار حەفتەی دوو جار سیمناری وتار خوێندەوە -کەوا باو بوو بەدوو زمان دەخوێندرایەوە- وەکۆنسێرتی مۆسیقا لەم شوێنەدا سازدەکرا. ئەندامانی ئەنجومەن بەحەماسەیەکی بێ وێنەوە ئەم دەزگایەیان دەبرد بەڕێوە، ئەم ئەندامانە بەشێوەیەکی ئاسایی کەسانێك بوون کە بەچاوی ڕێزو ستایشەوە لەهەموو شتێکی ڕوسیایان دەڕوانی، یاهیچ نەبێ ژمارەیاکیان بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان وادەردەخست. بێ گومان، ئەم ئەنجومەنە، ئەنجومەنێکی سەرکەوتوو بوو، بەڵام دوو هۆ لەپشت ئەم سەرکەوتنەوەی بوو، هۆیەکیان ئەوە بوو کە بەرنامەکانی باشترین جۆری سەرگەرمی بوون لەتەورێزداو مەیدانێك بوو بۆ خۆدەرخستنی تواناو بەهرە هونەریو ئەدەبییە نەناسراوەکان، هۆکەی دیکەش، کە ڕەنگە لەوەش گرنگتر بێ، ئەوە بوو کە ئەم ئەنجومەنە ببووە بنکەو مەڵبەندێکی بەشادی کات بەسەربردنی خۆڕایی لەژیانی پڕ مەلەلی ئەوێ ڕۆژێی خەڵکی تەورێزدا. جگە لەم ئەنجومەنە ڕوسەکان کتێبخانەیەکی ئامادەکراویان لەتەورێزدا هەبوو کە خاوەنی هۆڵێکی گەورەی خوێندنەوە بوو. لەم هۆڵەدا چەند بڵندگۆیەك بەڕێکو پێکی هەواڵەکانی ڕۆژی بڵاودەکردەوەو دیوارەکانیشی پێشانگایەکی هەمیشەیی بوون لەوێنەی ڕابەران، نەخۆشخانەکان، خوێندنگاو میترۆ ژێر زەمینییەکانی یەکێتی سۆیڤەت.

یەکێ لەتەقەلاکانی پڕوپاگەندەی ڕوسەکان لەتەورێزدا ئەوە بوو زمانی ئازەری وەك زمانێکی ئەدەبی بناسێنن. نوسینگەی پڕوپاگەندەی سۆڤیەت لەتەورێزدا، چەندین کتێبی بەشێوەی کۆمەڵە سترانی فۆلکلۆریو چیرۆكو شیعر بەزمانی ئازەری چاپ کردبوو. کۆڕی شەوانەی شیعر خوێندنەوە بەزمانی ئازەری ساز دەکراو جەختێکی زۆریش دەکرایە سەر وەرگێڕانی کتێبە فارسیو ئەوروپییەکان بۆ زمانی ئازەری(٧).

### مەسەلەی چوونەدەری هێزەکانی هاوپەیمان

پاش نائومێدبوون لەبەدەستهێنانی ئیمتیازی نەوتی باکور، سیاسەتی سۆڤیەت لە ئازەربایجاندا



چەند ئەفسەرو ئەندامی فیرقە لەگەڵ پەیمانێراندا

پـێ‌ی نایـە قۆنـاغێکی نوێـوە. پـاش زنجیرەیـەك خۆپیشـاندان لـەدژی دەوڵـەتی (ساعد)و سیاسـەتی نەوتی ئێران، بـۆ مـاوەی چـەند حەفتـە هـاتو هـاوار خامۆش بوو، بـەڵام لـەم ماوەیـەدا بـاس‌و خواسـتێکی نوێ بـەناوی پێکـهێنانی ئەنجومـەنی ئەیالەتەکانـەوە سەری هەڵدا. دیارە بابـەتی پێکـهێنانی ئەنجومـەنی ئەیالەتـەکان، لـە دەسـتوری ئێراندا تۆمـار کرابـوو، وەبەگوێرەی هێندێك سەرچاوە، لەساڵەکانی شۆڕشی (مەشـــروطیەت)دا، بـــۆ ماوەیـــەکی زۆر کـــورت ئەنجومـەنێکی بـەو جـۆرە لەتـەورێزدا پێکـهێنرابوو. لەناوەڕاستی بـەهاری ١٩٤٥دا، جـەنگ لەزۆربـەی هـەرەزۆری بـەرەکاندا- جگـە لـە بـەرەی ژاپـۆن- کۆتایی پێهاتبوو، لـەم رووەوە ئیـدی هاوپەیمانـەکان پێویستییان بـەناردنی کـەل‌و پـەلی سـەربازی بـۆ یـەکێتی سۆڤیەت نـەبوو لـەڕێگای ئێرانـەوە. لەبـەر ئەوە دەوڵەتی ئـێران لـە ١٩ی مایسـی ١٩٤٥دا چـەند یاداشـــتی هاوشـــێوەی دەربـــارەی چوونـــە دەری هێزەکـانی بێگانـە لـەئێراندا ئاڕاسـتەی دەوڵەتـەکانی بەریتانیا، وڵاتە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا،و یـەکێتی سۆڤیەت کـرد، دەوڵـەتی ئـێران لـەم یاداشـتانەدا وەبیری هێنـابۆوە لەبـەر ئـەوەی جـەنگ لەئـەوروپادا کۆتایی پێهاتووەو هێشتنەوەی هێزەکانی هاوپـەیمان لەخاکی ئـێراندا، لەبنـەڕەتدا کاریگەرییـەکی ئـەوتۆی لەسـەر چارەنووسی جـەنگ لەگـەڵ ژاپۆنـدا نـابێت، کەواتە دەوڵەتی ئێران بـەپێ‌ی خواستو ئـارەزووی میللـەتی خـۆی خوازیـاری چونـە دەری بەپەلـەی هێزەکـانی بێگانەیـە لـەخاکی وڵاتەکـەیدا. لـەم یاداشـتەدا دیسـان ئامـاژە بـەوە کـرا بـوو کـە بەهۆی‌کۆتایی هاتنی جەنگ لەگەڵ ئەڵمانیادا، بەهۆی ئەوەشـەوە کـە یـەکێتی سـۆڤیەت بەشـدار نی‌یـە لەجـەنگی دژ بـەژاپۆندا، دەوڵـەتی ئێران پـێ‌ی وایـە بەرواری دیاری کـراو لەڕاگەیاندننامـەی یـەکێتی سێ قۆڵی‌دا بۆ چوونـە دەری هێزەکـانی بێگانـە لـەئێران، رۆژی ٨ی مـایس، بـەڕۆژی سـەرکەوتن دابـنرێت، (پێویست بـەئاماژە پـێ کردنـە) کـە بـەپێ‌ی ئـەو پەیمانە سێ قۆڵی‌یەی لەڕێبەندانی ١٩٤٢دا لـەنێوان دەوڵەتـەکانی ئێران‌و بـەریتانیاو یـەکێتی سـۆڤیەتدا مۆرکرا، کـاتی تـەواوکاری چونـە دەری هێزەکـانی هاوپـەیمان لـەئێران بەشـەش مـانگ پـاش کۆتـایی جەنگ دیاری کرابوو.

لـەوەڵام بەیاداشـتەکەی ئـێراندا، دەوڵـەتی بەریتانیا، ئەگەر چی نارازی بوو لە بەهانەکانی ئێران بـۆ بردنـە دەرەوەی بەپەلـەی هێزەکـانی بێگانـە لـەخاکی ئـێراندا، بـەڵام سیاسـەتی راسـتەقینەی بەریتانیا ئەوەبوو هێزەکانی خۆی بەهێزیو هاوکات لەگەڵ چونـەدەری هێزەکـانی سۆڤیەتدا بباتـە دەر. دیـارە (وەزارەتـی بـەرگری بـەریتانیا) دژی بردنـە دەرەوەی کۆی هێزەکانی ئینگلیز بوو لـەئێراندا، وە پـێ‌ی وابـوو تەنانـەت لەحاڵـەتی چـۆڵ کردنـی ناوچـەکانی دیکـەی ئێرانیشـدا، پێویسـتە بەشـێك لـەهێزەکانی لـەپێناو پاراسـتنی بـیرە نەوتـەکاندا لەباشـووردا بمێننـەوەو تەنـها بەرووکـەش لـەژێر فەرماندەیی پۆلیسی ئێراندا بن[٨].

دەوڵـەتی وڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکاش، لەبردنە دەرەوەی دەستبەجێ‌ی هێزەکانی لە ئێراندا نیگـەران بـوو، چونکـە لـەو باروdخەدا نـەیدەتوانی داوای نرخێکی گونجاو لەدەوڵەتی ئێران بکات بۆ ئەو دەزگاو کەرەسانەی کە لەئێراندا هەیبوون. لەلایـەکی دیکەشـەوە دەوڵـەتی ئـێرانیش هـەم نەیدەویسـت هێزەکـانی ئـەمریکا بـەر لـە هێزەکـانی بـەریتانیاو سۆڤیەت خاکی ئێران بەجێ بێڵن[٩].

لەم نێوەدا دەوڵـەتی یـەکێتی سۆڤیەت تەنانـەت زەحمەتی ئەوەشی بەخۆی نەدا وەڵامی یاداشتەکەی ئێران بداتـەوە، وەکاتـێ لـە (کۆنفرانسـی یالتـا)دا دەوڵەتی بەریتانیا داوای لەسۆڤیەت کرد کـە هاوکـات پێکـەوە هێزەکانیـان لـەئێراندا بەرنـەدەر. قـایل نەبوون‌و ملیـان نـەدا بـەو داوایە[١٠]. لەهـەمان کاتدا رۆژنامـەکانی وابەسـتە بـەحیزبی تـودە وەك (رهـبر)و (مردم)و رۆژنامـەی (شـفق) ئۆرگـانی حیـزبی ئـێران‌و رۆژنامـەی (ایـران مـا) کەوتنـە داکۆکـی کـردن لـە مانەوەی هێزەکانی بێگانە[١١].

ئـەوێ رۆژێ کۆنـترۆڵی کاروبـاری ئازەربایجـان بەتـەواوی لەدەست دەوڵـەتی ئـێران هـاتبووە دەر. ژمارەیەك لەئەندامانی حـیزبی تـودە چووبوونـە سـەر گوندی (لیقوان)ی نزیك تەورێزو ئاغای ئەو گوندەیـان بەنەوەو خزمەتکارەکەیەوە کوشت بـوو. فـەرماندەی لەشـکری تـــەورێز، بـــۆ رێگرتـــن لەپەلهاویشـــتنی ئاژاوەگـەری، داوای نـاردنی هـێزی کۆمـەکی لـەتاران کـرد، کـە لەگـەڵ نـارەزایی تونـدی کاربەدەسـانی سۆڤیەتی نیشتەجێ‌ی ئازەربایجاندا روو بـەڕووبۆوە.

چەند رۆژ دواتریش کە ژمارەیەك لەتودەیی یەکان فەرمانگە دەوڵەتی یەکانی مەراغەیان داگیر کردو کارمەندەکانیان دەرپەڕاند، دیسان روسەکان مۆڵەتیان نەدا بەناردنی هێزەکانی دەوڵەتی ئێران بۆ ناوچەکە. لەم سەروبەندەدا (تیمسار ئەمان اللە جهانبانی) بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی روداوی لیقوان چووە تەورێز.



ئەمە هەلێکی لەبار بوو تاخەڵکی شار چەند

راگەیاندنێك سەبارەت بەبێزاری‌و ناڕەزایی خۆیان لەبەکرێ گیراوانی سۆڤیەت‌و ئەو زۆرە ملێیەی کە لەو شارەدا دەکرا، بەدیوارەکانی شاردا هەڵواسن، هەڵبەتە ئەم راگەیاندننامانە دەستبەجێ لەلایەن ئۆباشەکانی ئەوێندەرەوە لەدیوارکرانەوەو دڕێندران[١٢].

بەمجۆرە جیزبی تودە نفوزو متمانەی خۆی لەئازەربایجاندا لەدەست دابوو، وەڕووسەکانیش لەم مەسەلەیە بەئاگا بوون. لەم بارەوە، دەبوو رێکخراوێکی هاوشێوەی حیزبی تودە بەڵام بەڕووکەش بەناوێکی جیاوازەوە بکرێ بەجێنشینی حیزبی تودە لەئازەربایجاندا، کاتێ کە (فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان) دامەزارندنی خۆی راگەیاند، زۆربەی هەرەزۆری ئەندامانی حیزبی تودە لە ئازەربایجاندا، پەیوەندییان پێوە کرد. وابەستەی سەربازی بەریتانیا لە ئێران بەمجۆرە گوزارشتی لەفرقەی دیموکراتی ئازەربایجان کرد: (کەر هەر هەمان کەرە، بەڵام کۆپانەکەی گۆڕاوە).[١٣]

بەپێی ئیدعای کتێبی (شهریورین اون ایکی سی) کە لەلایەن دەزگای راگەیاندنی فیرقەی دیموکراتەوە، لەیادی یەك ساڵەی دامەزراندنی‌دا چاپ کراوە، پرۆژەی دامەزراندنی لەسەرەتادا لەنێوان عەلی شبستەری، جەعفەری پیشەوەری سەرنووسەری رۆژنامەی (اژیر) لەتاران، و صادق پادگان یەکێ لە ئەندامانی یەکێتی کرێکاراندا گەڵاڵە کرابوو.[١٤]

لەگەڵ دامەزراندنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجاندا، حیزبی تودە یەکسەر کۆمیتەی ناوچەیی خۆی لەوێندەردا هەڵوەشاندەوە، هەڵبەتە دواتر هێندێ لە سەرانی حیزبی تودە چوونە ژێر ئەوەی کە لەژێر فشاری سۆڤیەتدا ئەم کارەیان ئەنجام داو هێندێ لەدیموکراتەکانیش هەم ئەوەیان درکاند کەشکستی حیزبی دیموکرات لەئازەربایجاندا هۆکەی ئەوە بوو کە ئەم فیرقەیە وەك کۆمیتەی ناوچەیی حیزبی تودەی لێهاتبوو. فیرقەی دیموکرات سەرەتا بە دروشمە نەتەوەیی یەکان دەستی بەکارەکانی کرد، لەبەر ئەوەی دروشمەکانی حیزبی تودە کاریگەرییان نەمابوو. وێڕای ئەوەش پڕوپاگەندەی حیزبی تودە بەشێوەیەکی سەرەکی ئاڕاستەی چینی کرێکار دەکرا، لەحاڵێکدا کە فیرقەی دیموکرات تەقەلای ئەوەی ئەدا سەرجەم چینەکانی کۆمەڵگای ئازەربایجان بەرەو خۆی رابکێشێت. لەبەر ئەوە سەیر نەبوو کە لەنێو ئەندامەکانی‌دا نەتەنها کرێکاران بەڵکو بازرگانانی تەورێزیش دەبیندران[١٥].

## سێ کوچکەی روسەکان

لەشیکاری‌یەکی سەرەتایی‌دا دەربارەی سیاسەتی روسەکان لەئێراندا، لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانی‌دا، دەکرێ بووترێ کە روسەکان بەپێکهێنانی یابەلانی کەمەوە بەپشتیوانی کردن لەم ئامڕازانە، واتە حیزبی تودە، فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان،و حیزبی دیموکراتی کوردستان دەیانتوانی ئەوانە بەجودا لەیەکدی یاپێکەوە بەکاربێنن بۆ گەیشتن بەمەبەستەکانی خۆیان لەئێراندا؛ حیزبی تودە لەشارەکانی گەیلان‌و مازندەران‌و ناوچەکانی دیکەی ئێراندا چالاك بوو، وەفیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لەئازەربایجان‌و حیزبی دیموکراتی کوردستانیش

لەناوچەی کوردستاندا چالاك بوون. لەراستیدا، مۆسکۆ سێ کوچکەی جێنشینی خۆی لە ئێراندا هێنابووە کایەوە یابەلانی کەمەوە ئەوانەی لەژێر فەرماندا بوو، وە سیاسەتێکی میانەڕەوی بەرامبەر بەوان دەگرتە بەرو هیچ سوریش نەبوو لەسەر ئەوەی ئەم سیانە پێکەوە بکاتە یەك ڕێکخراو. بەتایبەتی کە فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بەئامێرێکی سیاسی لەبار دادەنرا بۆ روسەکان تاهەرکات هەلیان بەگونجاو بینی، بۆ پێکەوەلکانی ئازەربایجان بەئاران یابە (ئازەربایجانی باکور)ەوە سوودی لێوەربگرن.

پاش ڕاگەیاندنی دامەزراندنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، روسەکان دەستبەجێ پشتیوانی خۆیان بۆ ئەوان ڕاگەیاندو تەنانەت بۆ سەلماندنی ئەو پشتیوانییەش سەربازخانەی مەراغەیان لەچەك داماڵیو ئەو ژاندارمانەش کە وەك هێزی کۆمەك رەوانەی بنکەی ژاندارمری نزیك ئورمیە کرابوون لەنیوەی ڕێگادا چەك کران و گەڕاندیاننەوە. کاتێ دەوڵەتی ئێران بەرامبەر بەم کارە ناڕەزایی دەربڕی، رایان گەیاند کە بەهەڵە ئەو ژاندارمانەیان لەگەڵ چەتەو ڕێگراندا دەستگیر کردووە[16].

لەگەڵ ڕاپێزانی ١٩٤٥دا فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان یەکەمین کۆنگرەی میللی ئازەربایجانی بەرگوزار کردو پاش ئەوەش هەڵبژاردنی مەجلیسی ئازەربایجان دەستی پێ کرد، وەك باس دەکرا خەڵکی ئازەربایجان لەشارەکاندا سەبارەت بەم هەڵبژاردنە بێ بایەخ بوون، بەڵام ئەندامانی حیزب، لاوان و گوندنشینەکانیان بە لۆری دەگواستەوە بۆ مەڵبەندەکانی دەنگدان. لەوکاتەدا دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەت نەتەنیا لەدیاری کردنی کاتی بردنە دەرەوەی هێزەکانی لەئێراندا سەرپێچی دەکرد، بەڵکو ڕێگریش بوو لەبەردەم ناردنی هێزەکانی دەوڵەتی ئێران بۆ ئازەربایجان و زنجان. ئازەربایجان و زنجان کەوتنە دەست یاخی بووەکانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانەوەو کارمەندانی فەرمانگەکان دەرکران و سەربازخانەکانیش لەچەك داماڵران.

گۆڕانکارییە خێراکانی بارودۆخی ئازەربایجان و نادیاری کاتی چوونەدەری هێزەکانی سۆڤیەت لەئێران، دەوڵەتەکانی بەریتانیاو ئەمریکای ناچار کرد کە یاداشتێك ئاراستەی دەوڵەتی سۆڤیەت بکەن و پێشنیاری ئەوەی تیا بکەن کە بردنە دەرەوەی هێزەکانی هاوپەیمان لەبری (دووی مارسی ١٩٤٦) لە (یەکی کانوونی دووەمی ١٩٤٦)دا کۆتایی پێ بهێنرێ[17]. لەوەڵامی ئەم یاداشتەدا، دەوڵەتی سۆڤیەت جارێکی دی دیاری کردنی کاتی بردنە دەری هێزەکانی لەئێراندا پشت گوێ خست و کۆنگرەی میللی ئازەربایجانی بەیاسایی ناساندو گوناهی ئاژاوەش لەئازەربایجاندا ڕاستەوخۆ خستە ئەستۆی کەسانێکی بەدەر لەفیرقەی دیموکرات[18].

بڕیار بوو لە ١٦ی دیسەمبەری ١٩٤٥دا، (کۆنفرانسی مۆسکۆ) بۆ لێکۆڵینەوە لەکێشەکانی دوای جەنگ ببەسترێت. بۆ ئەوەی کۆنفرانسی ناوبراو لەبەردەم (امر واقع)دا ڕابگیرێ، ئەنجومەنی میللی ئازەربایجان لەرۆژی ١٢ی کانونی یەکەمی ١٩٤٥دا کرایەوەو ئەندامانی دەوڵەتی ئازەربایجان هەڵبژێردران. هاوکات، بڵندگۆی روسەکان لەمەشهەد هەواڵی دامەزراندنی دەوڵەتی ئازەربایجانیان بڵاوکردەوەو داوایان لەئازەرییەکانی ئەوێش کرد بگەڕێنەوە بۆ ئازەربایجان، پاشان کراسنۆف، کونسلی سۆڤیەت لەتەورێز بەیاوەری چەند کەسێك لەئەندامانی کۆنسلخانە رووی کردە مەشهەد تاشتێکی وەك فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لەئوستانی خۆراساندا پێك بێنێت.[19]

دەوڵەتی ئێران بەو هیوایەی کە لە کۆنفرانسی مۆسکۆدا، دەوڵەتی بەریتانیاو وڵاتە یەگرتووەکانی ئەمریکا، لەپێناو چۆڵ کردنی خاکی ئێران، سۆڤیەت دەخەنە ژێر فشارەوە، چاوەڕوانی ئاکامەکانی کۆنفرانس بوو، وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەم مەسەلەیەی خستبووە نێو خشتەی کاری کۆنفرانسەوە، بەڵام لەئاکامی ناڕەزایی (مۆلۆتۆف)دا ئەم بابەتە لەبەرنامەکەدا سڕایەوە[20]. ناڕەزایی روسەکان هۆکەی ئاشکرا بوو، لەبەر ئەوەی لەلایەکەوە لەئازەربایجاندا بەڕوونی دەیانبینی کە لەئامانجەکانی خۆیان نزیك دەبنەوە. لەلایەکی دیکەشەوە، دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش جگە لەم هەڕەشە نەرم و نیانانە کە ڕەنگە کێشەی ئێران لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بخرێتە روو، سەرەنێزەیەکی دیکەی لەبەرامبەر روسەکاندا پێ نەبوو. حکومەتی بەریتانیاش ناڕازی بوو بەخستنەڕووی ئەم کێشەیە لەڕێکخراوی

نەتەوەکاندا. وەپێی وابوو خستەرووش هیچ سوودو ئاکامێکی نابێ، وەئەگەر ئەم سێ دەوڵەتە نەتوانن لەکۆنفرانسی مۆسکۆدا بگەنە رێگا چارەیەك لەوێشدا دیسان لەم بارەوە سەرکەوتنێك بەدەست ناهێنرێت(٢١). هەرچۆنێك بێت، ئاکامی گفتوگۆ نارەسمی‌یەکانی مۆسکۆ دەربارەی ئێران، پرۆژەی پێکهێنانی کۆمیسیۆنێکی سێ قۆڵی بوو لەنوێنەرانی سێ دەوڵەتی بەریتانیا، ئەمریکاو سۆڤیەت، بۆ چاودێری‌و لێکۆڵینەوەی کاروباری ئێران، ئەم پرۆژەیە سەرەتا لەلایەن بەریتانیاوە پێشنیار کراو دواتریش بەهاریکاری‌و پشتگیری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەشێوەی کۆتایی درا بەدەوڵەتی سۆڤیەت.

ستالین لەسەرەتادا بەدیدی هاریکارییەوە پێشوازی لەپرۆژەکە کرد. بەڵام پاش دوو رۆژ مۆلۆتۆف پرۆژەکەی رەتکردەوەو رایگەیاند بەئەندازەی تەواو گفتوگۆ دەربارەی ئێران کراوەو هەڵوێستی دەوڵەتی سۆڤیەتیش دیسان لەم بارەوە روون‌و ئاشکرایە(٢٢). رەنگە یەکێ لەو هۆیانەی کە بوونە هۆی رەتکردنەوەی پرۆژەی ناوبراو لەلایەن روسەکانەوە، ئەمە بوو بێ کە ئەوان بیریان لەوە دەکردەوە ئەگەر فشارێکی زیاتر بێنە کایەوە سەرەنجام دەوڵەتی ئێران خۆی ئەدا بەدەستەوەو لەسەرمێزی دانوستان دادەنیشێ.

پرۆژەی پێکهێنانی کۆمیسیۆنی سێ قۆڵی لەناوخۆی ئێراندا، لەگەڵ نارەزایییەکی توندا رووبەرووبۆوە، وەئومێدی بەریتانیا بەوەی کە پرۆژەکە تەنانەت بەبێ بەشداری روسەکانیش بەسەرکەوتوویی بەرێوە ببرێ ناکام مایەوە، لەهەمان بارودۆخدا دواکارێك کە (حەکیمی) لەدوا رۆژەکانی سەرۆك وەزیری خۆی‌دا ئەنجامی‌دا گەڕاندنەوەی کێشەی ئێران بوو بۆ رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

### قەوام‌و روسەکان

یەکەمین دەستپێشکەری (قەوام) لەپۆستی سەرۆك وەزیری‌دا ئەوەبوو فەرمانی‌دا بەدەستەی نوێنەرایەتی ئێران لەرێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بەدوای سکاڵاکەی ئێراندا بچن، بەڵام لەهەمان کاتدا، تەلەگرافێکی نارد بۆ (سهیلی) کە تازە پەیوەندی کردبوو بەدەستەی نوێنەرایتی‌یەوە، تالەگەڵ (ویشینسکی)دا –باڵوێزی یەکێتی سۆڤیەت لەلەندەن– راستەوخۆ بکەوێتە دانووستان. ویشینسکی سەرەتا پێشنیاری ئەوەی بەسهیلی کرد کە ئێران سکاڵاکەی خۆی لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا وەربگرێتەوە، تاڕووسەکان بتوانن راستەوخۆ گفت‌و گۆیان لەگەڵدا بکەن. بەڵام لەئاکامی ئەو قسەو بەڵێنە رووکەشانەی کە سهیلی بەوی‌دا، رازی بوو بەخستنەرووی سکاڵاکەی ئێران لەرێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

هەروەك کە پێشتر باس کرا، دەوڵەتی بەریتانیا، لەسەرتادا ناڕازی بوو لەگەڕانەوەی مەسەلەی ئێران بۆ رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵام لەم کاتەدا لەوە نیگەران بوو کە قەوام سکاڵاکە وەربگرێتەوە. هۆی نیگەرانی بەریتانیا ئەو نارەزایی‌یە بوو کە دەوڵەتی سۆڤیەت سەبارەت بەهەبوونی هێزەکانی بەریتانیا لەیۆنان‌و ئەندەنوسیادا ورووژاندبووی. (بوین) وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لە میانەی کۆبوونەوەی لەگەڵ (ئەستتینۆس) نوێنەری وڵاتە یەکگرتووەکان لەرێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا وتبووی کە (مۆڵەت نادات کێشەی ئێران لەئەنجومەنی ئاسایش بچێتە دەرو بەریتانیا لەمەسەلەی یۆنان‌و ئەندەنوسیادا لەبەرامبەر سۆڤیەتدا بەتەنیا بمێنێتەوە)(٢٣).

قەوام لەحاڵێکدا کە سکاڵاکەی ئێرانی لەرێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هێشتبۆوە، بەخۆی بۆ وتوێژی راستەوخۆ رێی مۆسکۆی گرتەبەر، گەشتەکەی نزیکەی یەك مانگ درێژەی کێشاو شتێکی زۆریش دەربارەی ئەو گفتوگۆیانە ئاشکرا نەکرا. دیسان روسەکان هێزەکانی خۆیان لەکاتی دیاری کراودا (دووی مارسی ١٩٤٦) لەئێران نەبردە دەرو روونکردنەوەیەکی شیاوو ئەوتۆشیان لەم بارەوە نەدا بەقەوام. جگە لە دووبارە کردنەوەی باسەکانی رابردوو کە گوایە ترسیان لەهەبوونی کەسانی فاشیست‌و سەر بەئیمپریالیزم هەیە لەنزیك سنوورەکانی سۆڤیەت، وەهەروەها کە گوایە لەکۆنفرانسی ئاشتی ڤێرسای‌دا پاش جەنگی یەکەمی جیهانی، شاندی نوێنەرایەتی ئێران کە (حەکیمی)ش ئەندام بووە لەو شاندەدا، داوای وەرگرتنەوەی باکۆ،

تورکستان‌و ئەرمەنستانیان کردبوو، کە هەمان کەس تابەر لەهاتنە سەرکاری قەوام سەرۆك وەزیری ئێران بووە. لەبەر ئەوە ئیدیعای خاوەندارێتی زەوی‌یەکانی ئێران سەبارەت بەسۆڤیەت هێشتا لەناوەندە رەسمی‌یەکانی ئێراندا لەلایەن کاربەدەستانی پایە بڵندی ئەم وڵاتەوە پشتیوانی لێ دەکرێت[٢٤].

هەرچۆنێك بووبێت، بەگفتوگۆکانی مۆسکۆدا وادەردەکەوێ کە روسەکان داوای ئیمتیاز پێدانی نەوتی باکور، ناسایینی حکومەتی خودموختاری ئازەربایجان‌و سازکردنی هەڵبژاردنی مەجلیسی پانزەهەمیان لەقەوام کردووە، قەوامیش لەوەڵامدا وتویەتی بەپێی ئەو یاسایانەی کە ئێستا هەن ناتوانێت دەربارەی ئەو بابەتانە دانوستان بکات[٢٥].

بەڵام لەکۆبوونەوەیەکی‌دا لەگەڵ مۆلۆتۆف لەمۆسکۆدا تووشی سەرسامی دەبێ، مۆلۆتۆف پێی دەڵێ ئامادەیە لەسەر بنەمای پرۆژەی پیشنیاری (بەیات) دەربارەی ئیمتیازی نەوت لەگەڵ ئەودا گفتوگۆ بکات. قەوام بەپەلە خۆی دەگەیەنێتە بارەگای باڵوێزخانەی ئێران لەمۆسکۆو نوسخەیەك لەو تەلەگرافە دەدۆزێتەوە کە بەیات لەکاتی سەرۆك وەزیری خۆیدا بۆ یەکێتی سۆڤیەتی ناردبوو، وەتیایدا پێشنیاری کۆمپانیایەکی نەوتی‌ی هاوبەشی ئێران‌و سۆڤیەتی کردبوو[٢٦].

ئەم کارەی بەیات تەواو پێچەوانەی ئەو یاسایانە بوو کە گەڵاڵە نامەکەی لەلایەن دکتۆر مصدقەوە خرابووە بەردەست مەجلیس‌و ئەویش بڕیاری لەسەردابوو، کە دەوڵەتی لەوتوێژکردن قەدەغە دەکرد لەگەڵ دەوڵەتەکانی دیکەدا دەربارەی ئیمتیازی نەوت. بەیات لەم بارەوە تەنانەت راوێژی لەگەڵ ئەندامانی کابینەی خۆشیدا نەکردبوو، وەئەوانیشی ئاگادار نەکردبۆوە لەدانی پێشنیارێکی بەو جۆرە بەدەوڵەتی سۆڤیەت.

قەوام بەڕواڵەت بەدەست بەتاڵی گەڕایەوە تاران. یەکسەر سکاڵایەکی دیکەی لەدژی سۆڤیەت نارد بۆ ئەنجومەنی ئاسایش. بەڵام لەناکاو لە ٢٥ی مارسی ١٩٤٦دا رۆژنامەی پراڤدا لەسەر زاری ئاژانسی (تاس)ەوە بڵاویکردەوە کە هێزەکانی سۆڤیەت مەشهەد، شاهرود، سمنانیان، بەجێ هێشت‌و پاشماوەی هێزەکانی سۆڤیەتیش بەپێی ئەو رێکەوتنە دوو قۆڵی‌یەی کە لەنێوان دوو دەوڵەتدا مۆرکراوە لەماوەی ٥ تا ٦ هەفتەدا لەبەرواری ٢٤ی مارسدا ئێران بەجێ دێڵن. وەسەرەنجام چەند رۆژێك بەدوای ئەوەدا رێکەوتن نامەی ناسراو بەڕێکەوتن نامەی قەوام – سادچیکییف بەڕەسمی بڵاوکرایەوە.

ئەم رێکەوتن نامەیە بەسەرکەوتنێکی گەورە دادەنرا بۆ قەوام، لەلایەکەوە کاتی چوونەدەری هێزەکانی سۆڤیەت لەئێراندا، بەڕەسمی دیاری کرابوو، وەلەلایەکی دیکەشەوە روسەکان ئیمتیازی نەوتیان بەدەست نەهێنابوو، وەسەرەنجام چارەسەری کێشەی ئازەربایجان وەك (مەسەلەی ناوخۆیی ئێران) خرایەوە بەردەستی دەوڵەتی مەرکەزی ئێران‌و لەم بارەشەوە هیچ بەهانەیەك بۆ دەستێوەردانی سۆڤیەت لەوێندەردا نەمایەوە.

ماوەیەکی کەم پاش بڵاوبوونەوەی رێکەوتن نامەکە، پرۆژەی پێکهێنانی کۆمپیانیای هاوبەشی نەوتی ئێران‌و سۆڤیەتیش راگەیاندرا. پاش ئەوەش قەوام فەرمانی‌دا بەحسێن علاء – باڵوێزی ئێران لەواشنتۆن‌و نوێنەری ئێران لەڕێکخراوی نەتەوە یەککرتووەکان– کە سکاڵاکەی ئێران لەئەنجومەنی ئاسایش وەربگرێتەوە، بەڵام (علاء) مەسەلەکەی بێ دەنگ پێ کرد.

قەوام درێژەی دابەسیاسەتی دڵڕاگرتنی یەکێتی سۆڤیەت‌و لەیەکێ لەدیدارەکانی‌دا لەگەڵ باڵوێزی ئەمریکادا لەتاران کە دەربارەی ئەم سیاسەتە پرسی بووی، لەوەڵامدا وتبووی: (کاتێ تۆ لەگەڵ شێرێکی دڕندەدا سەروکارت هەبێ پێویستە ئەو رام بکەیت‌و خۆراکی پێ بدەی، نەك هەوڵی ئەوە بدەیت پەنجەت لەچنگی نێی)[٢٧].

قەوام لەدرێژەی ئەم سیاسەتی دڵڕاگرتنەدا، سەید ضیاء الدین طباطبایی‌و براکەی دەستگیرکرد، رۆژنامەکانی دژ بەسۆڤیەتی راگرت، پشتیوانی دەوڵەتی لەخێڵەکانی (ئەفشارو ذو الفقاري) پچڕان کە لەگەڵ فیرقەی دیموکراتدا دەجەنگان.

ئەگەرچی تاسەرەتای گوڵانی ١٩٤٦ هێزەکانی سۆڤیەت مازندەرانیان بەجێ هێشتبوو بەڵام لەبری ئەوە، ئەندامانی چەکداری حیزبی تودە بەکردەوە کۆنترۆڵی ئەو دەڤەرەیان گرتبووە دەست، بەتایبەتی شارەکانی (چالوس، قائم شهر، وبهشهر) بەتەواوی دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزی تیا نەمابوو. ئەوکات حیزبی تودە هەلیان بەگونجاو بینی بەتایبەتی

لەوەدا کە پێیان وابوو قەوام بەکردەوە لەدەست ئەواندایە. دەستیان کرد بە بەریەرەکانێ لەدژی دوژمنە بەهێزەکانی خۆیان. ڕۆژنامەکانی حیزبی تودە سەر لەشکر (حەسەن ئەرفەع) سەرۆك ئەرکانی سوپایان بەوە تاوانبار کرد کە نێو کەسانی گێرەشێوێنی ئوستانەکانی گەیلانو مازندەراندا چەکی بڵاوکردۆتەوە تالەدژی هێزە پێشکەوتن خوازەکان پیلان بگێڕن، یەکسەر ئەرفەع دەستگیرکرا. بەڵام قەوام گەلێك ژیرانە سوودی لەم خەباتی پڕوپاگەندەیەی حیزبی تودە وەرگرتو لەمەرکەزەوە هێزێکی بەسەرزارەکی لەپێناو سەرکوت کردنی کەسانی فاشیستیدا بۆ ئەو ناوچانە ڕەوانە کردو بەدواشدا بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە، سەبارەت بەوەی کە بەمەبەستی پاراستنی ئاسایشی ئەو ناوچانە دەبێ هەموان چەکەکانی خۆیان لەماوەی یەك مانگدا تەسلیم بەدەوڵەت بکەنەوە، بۆ سەرپێچی کردنیش لەم فەرمانە سزای ئیعدام کردن لەبەرچاو گیرابوو.

قەوام بەم مانۆڕە ژیرانەیە، بێ ئەوەی سەرنجی سۆڤیەتو حیزبی تودە رابکێشێت، کۆنترۆڵی ئوستانەکانی گەیلانو مازندەرانی لەدەستی حیزبی تودە هێنایە دەرو دایە دەست هێزەکانی دەوڵەت. بەو شێوەیە ڕێگەی کۆمەك گەیاندنی گریمانی بەئازەربایجان لەم ئاڕاستەیەوە پچڕاند. تەنانەت بۆ دوورخستنەوەو سەرنجی روسەکان لەم دەستپێشکەرییە، ژمارەیەکی دیکەی وەك (عەلی دەشتی، جەمال ئیمامی،و سالار سەعید سنەیی) دەستگیرکرد کە لەلایەن حیزبی تودەوە بەکەسانی دژ بەسۆڤیەت ناودەبران. کاتێ ئەندامێکی باڵوێزخانەی بەریتانیا لەتاران سەبارەت بەم دەستگیرکردنانە، لە (فضل الله نبیل) سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتی سێهەمی سیاسی وەزارەتی کاروباری دەرەوە دەپرسێ، ئەو دەڵێ: (ئەم هەنگاوانە جۆرە ڕەشوەیەکن بەروسەکانی ئەدەین تائەوان بۆ پاشەکشێ پێ کردنی سەرجەم هێزەکانیان لەئێران هان بدەین، کاتێ روسەکان هەموو ئێرانیان بەجێ هێشت، پێکڕای دەستگیرکراوەکان ئازاد دەکرێن.)[٢٨]

وتووێژی دەوڵەتی قەوام لەگەڵ سەرانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجاندا بێ ئاکام درێژەی پێ دەدرا، وە(قەوام) لەلایەن باڵوێزی سۆڤیەتەوە بۆ سازکردنی هەڵبژاردنی خولی پانزەهەمی مەجلیس، خرابۆوە ژێر فشارەوە، قەوامیش بەردەوام ئەوەی دووپات دەکردەوە کە تاکێشەی ئازەربایجان چارەسەر نەکرێو حوکمڕانێتی دەوڵەتی مەرکەزی لەسەرتاسەری وڵاتدا سەقامگیر نەبێ، ناتوانێ هەڵبژاردن ئەنجام بدات. لەلایەکی دیکەوە، (سێرڕۆژتل) باڵوێزی نوێی بەریتانیا لەئێران، پێی وابوو قەوام تەنیا لەو ناوچانەدا هەڵبژاردن ساز بکات کە لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتدان. قەوام ئەم فکرەی پەسەند نەکرد، چونکە قبوڵ کردنی، بەو مانایە بوو کە دەوڵەتی ئێران، حکومەتی ئازەربایجانی بەڕەسمی ناسیوەو قەوامیش هەرگیز ئامادە نەبوو ئەو حکومەتە بەڕەسمی بناسێت. باڵوێزی ئەمریکا دەربارەی پێشنیارەکەی باڵوێزی بەریتانیا بەقەوام، بۆ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی خۆی دەنوسێ: (پێشنیارەکەی باڵوێز -بەریتانیا- ڕێکەوتن نامەی ١٩٠٧مان وەبیر دەخاتەوە)[٢٩].

باڵوێزی بەریتانیا یەك مانگ بەر لەراگەیاندنی ئەم پێشنیارە بەقەوام، لە دیدارێکدا لەگەڵ باڵوێزی وڵاتە یەگرتووەکاندا، وتبووی: (سووربوونی دەوڵەتی ئێران لەسەر ئەوەی کە ئازەربایجان بەشێکە لە خاکی ئێران، تەواو پێچەوانەیە لەگەڵ واقعیاتی بەرچاودا)[٣٠]. وتەکانی ئەم باڵوێزە یەکگرتنەوەیەکی تەواوی هەبوو لەگەڵ ئەو گوزارشتەی کە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا دەربارەی سیاسەتی ئایندەی خۆی لەمەڕ ئێران، پێنج مانگ پاش داگیرکردنی ئێران نووسی بووی:

(ئەگەر ئێمە لەم جەنگەدا سەربکەوین، زۆر قەرزباری روسەکان دەبین، وەهەرچییەك رووبدات، لەهیچ شتێکدا قەرزباری ئێرانییەکان نابین، لەبەر ئەوە ئەگەر روسەکان سوورین لەسەر بەدەستهێنانی سەرزەمینێکی زیاتر لەباکوری ئێراندا، تاسنورەکانی باشوری خۆیانی پێ بپارێزن، وەئەگەر ئێمە هیچ ئامرازێکی کاریگەرمان نەبێ بۆ ڕێگرتن لەپراکتیزە کردنی ئەو کارە، بەدڵنیایی زۆر ئاقڵانە دەبێ کە بەچاکترین شێوە ئەو کارە پەسەند بکەین)[٣١].

بەواتایەکی تر، لەڕوانگەی سیاسەتی بەریتانیاوە پارچە پارچەکردنی خاکی ئێران، تائەو جێگەیەی

مەترسی بۆ بیرە نەوتەکانی باشور بەدی نەدەهێنا، ڕێپێدراو بوو.

## روسەکان و نەوت

قەوام، لەئاکامی چەند مانگ دانوستان کردنی لەگەڵ روسەکاندا سۆسەی ئەوەی کردبوو کە ئەگەر ئەوان ناچار بکرێن لەنێوان نەوت و فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجاندا یەکێکیان هەڵبژێرن، نەوتیان دەخستە پێشەوە. روسەکانیش هەم دەیانزانی تائەوکاتەی مەجلیسی پانزەهەم پێك نەهێنرێت، دەستیان بەنەوت راناگات، چونکە دەبوو ئەو مەجلیسە بڕیار لەسەر ڕێکەوتن نامەی کۆمپانیای نەوتیی هاوبەشی ئێران و سۆڤیەت بدات و پەسەندیشی بکات. هەر لەبەر ئەوە بوو کە لەپێناو سازکردنی هەڵبژاردندا فشاریان بۆ قەوام دەهێناو پێشیان وابوو لەبارودۆخێکی وەهادا مەجلیسی پانزەهەم پڕ دەبێ لەلایەنگرانی خۆیان.

لەپایزی ١٩٤٦دا، قەوام سیاسەتی دڵڕاگرتنی روسەکانی خستە لاوەو ڕەوشێکی توندتری لەپێش گرت. دیارە تائەم کاتەش لەشکری ئێران روحیەی خۆی بەدەست هێنابۆوەو ڕێکخستنێکی چاکتریشی پێوە دیار بوو. یەکەمین کاری قەوام لەچوارچێوەی سیاسەتە نوێکەیدا کردنە دەرەوەی وەزیرە تودەییەکان بوو لەکابینەکەی رەنگە لەو هۆیانەی کە قەوامی والێکردبێ وەزیرانی تودە بێنێتە نێو کابینەکەوە، ئەوە بوو بێ کە بیری لەوە کردەوە کاتێ ئەم وەزیرانە لەنێو خودی دەوڵەتدا ئاگاداری دەستێوەردان و فشارەکانی سۆڤیەت بن، رەنگە هەستی نیشتمانییان ببزوێ و هەڵوێستێکی سەربەخۆتر لەبەرامبەر سۆڤیەتدا بگرنە بەر، بەڵام ئەم وەزیرانە نەتەنها ئەو کارەیان نەکرد، بەڵکو هەر رۆژەو گرفتی زیاتریان بۆ دەوڵەت ساز دەکرد. بەقسەی هێندێکیش دەرکردنی وەزیرە تودەییەکان لەئاکامی فشاری شادا بووە کە قەوامی ئاگادارکردبۆوە یائەوان لەکابینە بکاتە دەر یابەخۆی دەست لەکار بکێشێتەوە.

هەنگاوی دواتری قەوام ئەوە بوو کە مۆڵەتی دە رۆژیدا بەحکومەتی ئازەربایجان تامەرجەکانی دەوڵەت قبوڵ بکات. یەکێ لەو مەرجانە، گەڕانەوەی زنجان بوو بۆ دەوڵەتی مەرکەزی، سەرەنجام حکومەتی ئازەربایجان مەرجەکانی دەوڵەتی قبوڵ کرد. ئەوکات قەوام بڕیاریدا هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی پانزەهەم سازبکرێ.

لەکۆتایی خەزەڵوەردا ڕاگەیاندنێك لەلایەن دەوڵەتەوە سەبارەت بەسازکردنی هەڵبژاردن بڵاوکرایەوەو تیایدا نوسرابوو کە هێزەکانی ژاندارمەری و سوپا لەپێناو پاراستنی ئارامی بەڕێوەبردنی پرۆسەی هەڵبژاردندا بۆ سەرجەم شارەکان رەوانە دەکرێ. دیارە ناوی ئوستانی ئازەربایجان بەجودا دیاری نەکرابوو، بەڵام بێ گومان مەبەستی دەوڵەت، ناردنی هێز بوو بۆ ئازەربایجان.

پرۆژەکەی قەوام بریتی بوو لەناردنی نزیکەی هەزار ژاندرام و سوپایی بۆ ئازەربایجان، کەنیوەیان ئەرکی ڕاگرتنی ئارامی هەڵبژاردن لەئەستۆ بگرن و نیوەکەی دیکەش چاودێری سنوورەکانی ئێران و سۆڤیەت بکەن تاهەرکات کاربەدەستانی سۆڤیەت بیانەوێ کۆمەك بەفیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بگەیەنن، لەلایەن ئەم سەربازانەوە دەستگیر بکرێن و ئەم مەسەلەیەش وەك دەستێوەردانی سۆڤیەت لەکاروباری ناوخۆی ئێران لە ئەنجومەنی ئاسایشدا دەنگ بداتەوە[٣٢].

لەیەکەمین ڕۆژەکانی سەرماوەزدا، هێزەکانی دەوڵەت گەشتنە زنجان، خەڵکی شار لەگەڵ بینینی ئەواندا دەستبەجێ پەلاماری دەزگاو بنکەکانی فیرقەیانداو وێرانیان کرد. رادیۆی تەورێز بەتوندی هێرشی کردە سەر قەوام و رایگەیاند ئەگەر دەوڵەت هێزەکانی رەوانەی ئازەربایجان بکات، شەڕی ناوخۆ هەڵدەگیرسێ، پیشەوەری گوتی کە خەڵکی ئازەربایجان تادواکەسیان دەجەنگێن، کونسولی بەریتانیا لەتەورێز گوزارشیدا کە (لە چواری سەرماوەزدا دوو کەس لەبەرپرسانی روسی بەفڕۆکە لەتارانەوە گەشتنە تەورێز، پیشەوەرییان بانگ کرد بۆ کۆنسولخانەو دایان بەگوێیدا کە لەبەرامبەر هێزەکانی دەوڵەتدا بەرگری نەکات.)[٣٣]

لەتارانیش باڵوێزی سۆڤیەت لەگەڵ قەوامدا کۆبۆوەو پێی وت کە ناردنی هێز بۆ ئازەربایجان دەبێتە هۆی بەدیهێنانی پشێوی و نائارامی لەسنورەکانی یەکێتی سۆڤیەتدا[٣٤] قەوام ئەم قسەیەی باڵوێزی وەك هەڕەشەی سۆڤیەت بۆ دەستێوەردان لەکاروباری ناوخۆی ئێراندا ناو دەبردو داوای لەباڵوێزی ئەمریکا کرد کە لەدەوڵەتی

ولاتەکەی بپرسێت: ئایا ولاتە یەکگرتووەکان قایل دەبێ بەوەی قەوام، ئەنجومەنی ئاسایش لەهوشداری بالۆێزی سۆڤیەت و مەبەستی خۆی لەناردنی هێز بۆ ئازەربایجان ئاگادار بکاتەوە؟ [٣٥]. لە یانزەی سەرماوەزدا دەوڵەتی ئەمریکا وەڵامی دایەوە کە هەڵوێستی ئەمریکا لەگەڵ بۆچوونی قەوامدا هاوکۆکەو لەئەنجومەنی ئاسایشدا پشتگیری لێدەکات، وێڕای ئەوەش:

(قەوام دڵنیا بکە کە ئەم دەوڵەتە، بێ قەیدو شەرت پشتیوانی لەئێران یالەهەر ولاتێکی تر دەکات کە یەکپارچەیی خاک و سەربەخۆیی لەلایەن هێزە دەرەکییەکانەوە هەڕەشەی لێبکرێت، بەو مەرجەی کە ئەو ولاتە جورئەت و ئیرادەی پاراستنی سەربەخۆیی و ئازادی کاری خۆی هەبێ و بەو مەرجەش کە ئامادە بێ مەسەلەی خۆی لەدنیادا ئاشکرا بکات.)[٣٦]

کاتێ قەوام لەلایەن دەوڵەتی ئەمریکاوە دڵنیاکرا، دەستبەجێ تەلەگرافێکی نارد بۆ (حسین علاء) کەیاداشتێك بەهەمان ناوەڕۆك بۆ ئەنجومەنی ئاسایش ئامادە بکات، بەڵام هاوکات ئاگاداری کردەوە کە تافەرمانی داهاتوو خۆی بپوارێ لەسپاردنی ئەو یاداشتە بەئەنجومەنی ئاسایش. بەڵام (علاء) بێ گوێدانە ئەم فەرمانە یاداشتی ئامادەکراوی لە ١٥ی سەرماوەزدا، دا بەئەنجومەنی ئاسایش[٣٧]. بالۆێزی سۆڤیەت لەتاران بۆ جاری دووەم لە ١٩ی سەرماوەزدا چاوی بەقەوام کەوت و بەتوندی هوشیاری دا بەو، بەڵام تائەوکات هێزەکانی دەوڵەت گەشتبوونە (میانە) کە قەڵای پتەوی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بوو، وەکۆنترۆڵی ئەوێشیان گرتبووە دەست و بەرەو تەورێز پێشڕەوییان دەکرد. دکتۆر جاوید وەزیری ناوخۆی -بەرەچەڵەك یەهودی- کابینەی ئازەربایجان (کە پێشتر لەلایەن قەوامەوە کرابووە فەرمانداری ئەوێندەر) لە تەلەگرامێکدا داوای لەقەوام کرد کە دەست لەناردنی هێز بۆ تەورێز هەڵگری و رایگەیاند کە بۆ وتووێژکردن لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتدا، دەچێتە (میانە)، قەوام وەڵامی ئەم تەلەگرافەی نەدایەوە.

لە ٢١ی سەرماوەزدا هێزەکانی دەوڵەت لەتەورێز نزیك دەبوونەوە، بەڵام خەڵکی شار تەنانەت چاوەڕوانی هاتنە ناوەوەی ئەوانیان بۆ نێو تەورێز نەکردو شاڵاویان کردە سەر دەزگاو بنەکەکانی فیرقەی دیموکرات. هەڵبەتە سەرانی فیرقە پێشتر هەڵاتبوون و زۆربەی بارەگاکانیان چۆڵ بوو، وابەستەی سەربازی بەریتانیا لەئێران بەمجۆرە گوزارش لەروخانی حکومەتی پوشاڵی ئازەربایجان کرد: (هەرەسهێنانی خێرای فیرقەی دیموکرات، برینی لەناکاوی کۆمەکی روسەکان بەم بزاوتەو نەبوونی کاردانەوەی روسەکان سەبارەت بەداگیرکردنی ئازەربایجان (لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتەوە) بۆ هێندێك سەرسوڕهێنەرە. بەڵام سەرکونسولی خاوەن شکۆ پادشای بەریتانیا لەچەند مانگ پێشترەوە درکیان بەم حەقیقەتە کردبوو کە دروشمە دلێرو جەسوورانەکانی حکومەتی ئازەربایجان شتێك نین جگە لە قسەی زل، گیان بازی و سوپای گەلی ئەوانیش شتێك نییە جگە لە دیوارێکی مقەبایی کە لەپێناو شاردنەوەی رووت و رەجاڵی خۆیان و بێزاری توندی خەڵکی لەرژێمەکەیان، بەرپایان کردوون.)[٣٨]

وەکونسولی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەتەورێز لەم بارەوە، نووسی: (حکومەتی ئازەربایجان دروست یەك ساڵ و یەك رۆژ پاش دامەزراندنی، رۆژی رابردوو، لەماوەی چەند کاتژمێردا هەرەسی هێنا.. تەواو ئاشکرا بوو کە خەڵکی ئارەزووی شەڕکردنیان (لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەتدا) نییەو سەرانی فیرقە ناتوانن پشت بەپشتیوانی خەڵك ببەستن. ئەمڕۆ وەك بڵێی ئێمە لە شارێکی جیاوازی دیکەدا دەژین. پەردەیەکی ئاسنین وەلا خراوە. ئەز لەو کاتەوە کە یەکساڵ لەمەوبەر، بۆ ئەم شارە هاتم تائەمڕۆ ئەم هەموو روخسارە دەم بەبزانەم نەبینی بوو، خەڵکی تەورێز ئاسوودەو خۆشحاڵن.. (ئەمڕۆ) بەئوتومبێل بەشاردا گەڕام.. بەبینینی ئوتومبیلەکەی من کە ئاڵای ئەمریکای بەسەرەوەیە، خەڵکی بەشادی و چەپڵەڕێزانەوە هاواریان دەکرد: (بژی ئەمریکا.)[٣٩]

هێندێك پێیان وایە کە دەوڵەتی ئەمریکا دەربارەی کێشەی ئازەربایجان هوشیاری دابوو بەدەوڵەتی سۆڤیەت یائولیتماتۆمی پێ دابوو، تائێستا نوسەر نەیتوانیوە لەم بارەوە بەڵگەیەك بەدەست بێنێ. لەلایەکی دیکەشەوە هێندێك دیسان روخانی حوکمەتی ئازەربایجان بەبەرهەمی بڕیارە

نهێنییەکانی نێوان قەوامو روسەکان دەزانن. لەم بارەشەوە بەڵگەیەکی سەلمێنراو وەدەست نەهاتووە. رەنگە بکرێ بوترێ کەروسەکان لەپێناو بەدەستهێنانی نەوتداو گریمان بۆ بەدەستهێنانی بەشێك لەخاکی ئێران، چەند نەخشەو پلانێکیان هەبووە بەڵام لەهەمان کاتدا نەیان دەویست لەرووی سیاسییەوە نرخێکی قورس لەپێناوی ئەوەدا بدەن.

هەرچۆنێك بووبێت، دەوڵەتەکانی بێگانە لەپێناوی گەیشتن بەئامانجە سیاسیو ئابوورییەکانی خۆیاندا هەوڵ ئەدەن، بەڵام تەنها دەزگایەکی سیاسەتی دەرەوەی ژیرو بەئەزمون، چالاكو پڕ کۆشش دەتوانێت بەردەوام سەروەرێتیو یەکپارچەیی خاکی ئەم وڵاتە بپارێزێو زامن بکات.

پەراوێزەکان:

1- Minute by pink, jan, 17, 1942, E 384, Fo 371/31/31392.

۲- برای اساسنامه کمیته کارگران اذربایجان نگاه کنید به: Fo 371/31390

3- British Consul (Tabriz) to C.T.C.I (Baghdad). Secret, feb. 10, 1944, E 1476, Fo 371/40171.

4- Consul- General (Tabriz Diary) to Fo, secret, April 20- May 4, 1944, E3125, Fo 371/40177.

5- Bitish Consul- General (Tabriz) to Fo Tabriz Diary, secret, jan, 5- Feb. 16, 1944, E 1473/ 138/ 34, Fo 371/40177.

6- Wall (Tabriz) to Bullard (to Fo), secret, March 16, 1948, E 2444/ 239/ 34, Fo 371/45478.

7- Biritish Consul- General (Tabriz) to Bullard (to Fo), Secret, Augwt 23, 1945, Fo 371/45478.

8- Office of the Minister of War to Fo, Top Secret, June 6, 1945, E 3934, Fo 371/ 45464.

9- The (US) Charge in Iran to Secretory of state (SOS) May 29, 1945. Us Foreing Relations Vol. VIII p. 373.

10- Fo (Minute). May 24, 1945. E 3211, Fo 371/4563.

۱۱- نورالدین کیانوری (موانع خروج ارتش های بیگانه از ایران) روزنامه مردم.

۱۲- مرداد ۱۳۲٤.

12- Military Attache Inteligence Summary (MALS). Secret, No. 35, septenber 3-9, 1945. E 6978/ 70/ 34, Fo 371/ 45459.

13- Ibid.

۱٤- (شهر یورین اون ایکی سی) صص ۳-۱.

۱۵- برای تحلیل جامعه شناسی پیدایش وظهور حزب توده وفرقهء دموکرات آذربایجان نگاه کنید به:
E. Abrahamian, <<Commonism and communalism in Iran: The Tuda and the Firqah Dimukrat>>, Int. J. Middle East studies Vol. 1, (1970): 241- 316.

16- MALAS, secret, no. 36. Sertenber 10-16, 1945. E 7117/ 70/ 34, Fo 371/ 45459.

۱۷- برای متن کامل پادداشت ایالات متحدهء امریکا به‌اتحاد جماهیر شوروی نگاه کنید به:
USF. R, Vol. VIII. 1945. Pp. 448-50.

۱۸- برای متن کامل باسخ اتحاد جماهیر شوروی به ایالات متحده امریکا، و بریتانیا نگاه کنید به Us. F. R. Ibid و Fo, December 6, 1943. E 9473/ 103/ 34, Fo 371/ 45471.

19- Murray to SOS, December 27, 1945, US. F. R, Vol VIII, 1945. P-516.

20- Harriman to SOS, Moscow, December 28, 1945, Ibid, p. 518.

21- Bullard to Bevin (Report on the North persia)< March 15, 1946. E 2318/ 5/ 34, Fo 371/ 52667.

22- Harriman to SOS, December 28, 1945. US. F.R, Vol- VIII, p. 519.

23- Stetlinius to SOS, secret, January 29, 1946. US. F. R. Vol. VII, 1946. P. 320.

24- Roberts (Moscow) to Fo. March 4, 1946. E 1979, Fo 371/ 52710.

25- Mals. Secrct. No. 10. March 4-10, 1946. E 2605/ 315/ 34, Fo 371/ 52710.

26- Bullard to Fo. March. 11. 1946. E 2207, Fo 371/ 52666.

27- Murray to SOS, April 11, 1946, US. F. R. Vol. VII, 1946, p. 417>

28- Farquhar to Fo, April, 16, 1946. E3497, Fo 371/ 52673.

29- Allen to SOS, November, 2, 1946. US. F. R. Vol VII. 1946. P. 543.

30- ALLEN TO SOS, SEPTEMBER 28, 1946. IBID, P. 517.

31- MINUTE BY PINK. FO. SONUARY 17, 1942. E3321/ 21/ 34, FO 371/ 31388.

32- ALLEN TO SOS, NOVEMBER 24, 1946, US. F. R. VOL. VII. 1946, P. 548.

33- LE ROUGETEL (RECEIVED FROM TABRIZ) TO FO, NOVEMBER 27 1946. E 11645, FO 371/ 52688.

34- ALLEN TO SOS. NOVEMBER 29, 1946, US. F. R. VOL. VII, 1946, P. 549.

35- Ibid.

36- The Acting SOS to Allen (Tehran), December2, 1946. Ibid. pp. 551-2.

37- U.S.F.R. Vol. VII, 1946, pp. 554-5.

38- MALS, Secret, No. 49, December, 9-15, 1946. E 12483/ 315/ 52611, Fo 371/ 52711.

39- Sutton (Tabriz) to SOS, December 12, 1946. US.F.R. Vol. VII, 1946, p. 561.

تێبینیو پەراوێزەکانی وەرگێڕ:

١- وەرگێڕانی ئەم وتارە وەك پێویست، بەمانای لایەنگری کردن نی‌یە لەدیدو بۆچوونی نوسەرەکەی. بەلای منەوە گرنگی ئەم تارە لەوەدایە کە باس لەڕۆڵی فاکتەری دەرەکیو سیستەمی نێو دەوڵەتیو گەمە سیاسی‌یەکان دەکات کەچ ڕۆڵێکی کاریگەریان لەگۆڕانکاری‌یەکانی وڵاتانی جیهانی سێهەمدا هەیە، ئەم وتارە گێڕانەوەی سیناریۆو شیکاری گەمەیەکە کە کۆماری مەهاباد یەکێك بوو لە قوربانی‌یەکانی.

٢- دەوڵەتی ساعد: مەبەست لەو کابینەیە کە (محمد ساعد) لەنیسانی ١٩٤٤دا پێکی هێناو سەرۆك وەزیر بوو، لەکاتی ئەم حکومەتەدا داواکاری ئیمتیازی نەوتی باکور لە لایەن روسەکانەوەو ئیمتیازی نەوتی باشوریش لەلایەن ئینگلیزو ئەمریکایەکانەوە لە برەودا بوو. بەتایبەتی داوکاری ئیمتیازی نەوتی باکور لەلایەن روسەکانەوە لەڕووی سیاسیو ئابوری‌یەوە زۆر گرنگ بوو، ئەوان دەیانویست ئیمتیازی دۆزینەوەو دەرهێنانی نەوتی پێنج شاری باکوری ئێران بەدەست بێنن کە لەڕووی روبەری جوگرافی‌یەوە زۆر فراوان بوو. لەو پێناوەدا روسەکان هەرچی زیاتر فشاریان بۆ ئەم کابینەیە دەهێناو حیزبی تودەش پشتگیری لەو خواستانەی سۆڤیەت دەکرد، سەرەنجام بەر لەکۆتایی ١٩٤٤ کابینەکەی ساعد هەرەسی هێنا.

٣- بەیات: مەبەست لە (مرتضی قلی خان بەیات)ە کە لەتشرینی دووەمی ١٩٤٤دا کابینەکەی پێك هێناو بووە سەرۆك وەزیر، لەکاتی سەرۆك وەزیری بەیاتدا بڕیار لەسەر پرۆژەیەك درا لەلایەن مەجلیسەوە، کە دکتۆر مصدق ئامادەی کردبوو، بەپێی ئەم پرۆژەیە هەر ئیمتیازدانێك بەوڵاتانی دەرەوە بەر لەکۆتایی جەنگی دووەمو بەبێ پەسەندکردنی مەجلیس، بەنایاسایی دادەنرێت.

٤- حەکیمی: مەبەست لە (ئیبراهیمی حەکیمی)یە کە چەند جارێك پۆستی سەرۆك وەزیری پێ سپێردراوە، بەڵام کابینەکەی حەکیمی لەو سەردەمەدا نەیتوانی کێشەی دیموکراتەکانی ئازەربایجانو کوردستان چارەسەر بکات.

٥- سەید ضیاء الدین طباطبایي: پاش کودەتاکەی رەزاخان لە ١٩٢١دا بۆ ماوەی سەد رۆژ پۆستی سەرۆك وەزیری پێ سپێردرا، پاشان لەلایەن رەزاخانەوە لەکارخراو دوورخرایەوە بۆ فەلەستین، پاش لەکارخستنی رەزاخانو دوورخستنەوەی بۆ باشووری ئەفریقیا، گەڕایەوە بۆ ئێرانو حیزبی (ئیرادەی میللی) دامەزراند کە حیزبێکی پارێزگارو راستڕەو بوو، وەسەید ضیاء یەکێ بوو لەلایەنگرە سەرسەختەکانی ئینگلیز لەئێراندا.

٦- جەعفەری پیشەوەری: لە ١٨٩٣دا لە (خلخال)ی ئازەربایجان هاتە دنیاوە، لە ١٩٠٥دا لەگەڵ دایكو باوکیدا چووە (باکۆ)و لەوێندەر خوێندنی دەست پێ کرد، لەسەرەتای شۆڕشی ئەکتۆبەردا بووە کۆمۆنیستو لە ١٩٢٠دا گەڕایەوە ئێرانو بووە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، لە ١٩٢٧دا حوکمی ١٠ ساڵ زیندانی درا بەسەرداو پاش ئازدبوونیشی دوورخرایەوە بۆ کاشان، لە ١٩٤٠دا یەکێ بوو لە ئەندامانی ئەنجومەنی دامەزرێنەری حیزبی تودە، لە ١٩٤٥دا فیرقەی دیموکراتی (ئازەربایجان)ی دامەزراندو لەکۆتایی هەمان ساڵیشدا حکومەتی خودموختاری ئازەربایجانی پێکهێنا، پاش هەرەسهێنانی ئەو حکومەتەش لەکۆتایی ١٩٤٦ پەنای بردە بەر ئازەربایجانی سۆڤیەتو لەساڵی ١٩٤٧دا بەڕوداوی ئوتومبیل کوژرا.

٧- قەوام: مەبەست لە (ئەحمەدی قەوام) (قەوام السلطنة)یە، کە لە ١٩٤٦دا بۆ جاری دوەم کابینەی پێك هێناو وەك ناوبژیوانێکی بێ مەبەست هاتە مەیدانەوە، یازدە رۆژ پاش دانانی لەپۆستی سەرۆك وەزیری‌دا، بەسەرۆکایەتی شاندێك گەیشتە مۆسکۆو بۆ ماوەی سێ هەفتە دانوستانی لەگەڵ ستالینو مۆلۆتۆفدا کرد. ئەو دەیویست لەلایەکەوە یەکێتی سۆڤیەت رازی بکاتو لەلایەکی دیکەشەوە لەڕێگای ئەمریکاو رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە، فشار بۆ روسەکان بێنێت. لە ١٩٤٥دا دەوڵەتی ئەمریکا ئۆلتیماتۆمی بەستالین دابوو ئەگەر هێزەکانی لەئێران پاشەکشێ پێ نەکات، ئەوا ئەمریکا بێ دەنگ نابێت. واتە قەوام لەلایەکەوە ئەمریکای وەك سەرەنێزی هەڕەشەکردن لەبەرامبەر روسەکاندا بەکار دەهێناو لەلایەکی دیکەشەوە بەبەڵێن پێدانی ئیمتیازی نەوتی باکور، یەکێتی سۆڤیەتی هان دەدا بۆ بردنە دەرەوەی سەرجەم هێزەکانی لەئێران. سەرەنجام رێکەوتن نامەی قەوام- سادچیکیف لە ١٩٤٦دا راگەیاندرا. کە بەپێی ئەم رێ:ەوتن نامەیە یەکێتی سۆڤیەت لەحاڵی قبوڵ کردنی مەجلیسدا ئیمتیازی ٥٠ ساڵ نەوتی باکوری بەدەست دەهێنا، وەکۆمپانیایەکی هاوبەش بە ٥١٪ بەشی سۆڤیەتو ٤٩٪ بەشی ئێران پێکدەهات، ئەم رێکەوتن نامەیە چوونە دەری هێزەکانی سۆڤیەتی لە ئێرانو چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی ئازەربایجانی زامن کرد. پاش ئەوە قەوام لەگەڵ مەسەلەی هەڵبژاردنی خولی پانزەهەمی مەجلیسدا رووبەڕووبۆوە، لە کاتی سەرۆك وەزیری‌دا (حیزبی دیموکراتی ئێران)ی دامەزراند، کە لەم هەڵبژاردنەدا سەرجەم کورسی‌یەکانی تارانی بەدەست هێنا، بەڵام لە دەروونی حیزبەکەی‌دا جودابوونەوە رووی‌داو لەگەڵ دەست بەکارکردنی مەجلیسیشدا، ژمارەیەکی زۆر کەوتنە دژایەتی کردنی قەوامو کاتێ مەسەلەی رێکەوتن نامەی قەوامو سادچیکیف خرایە دەنگدانی مەجلیسەوە بڕیاری لەسەر نەدراو رەتکرایەوە. ئیدی مەسەلەی ئیمتیازی نەوتی سۆڤیەت کۆتایی پێهات، هەروەك باڵوێزی ئەمریکا سەبارەت بەقەوام وتبووی:

(کاتێ قەوام کەڵکی پێوە نەما، مەجلیس بەئیشارەیەکی شا ئەویان فڕی‌دایە دەرەوە.).

* نووسەری ئەم باسە لێکۆڵیەرەوەی باڵایە لە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ژیتوپولەتیكو سنورە نێو دەوڵەتیی‌یەکان/ زانکۆی لەندەن.

* سەرچاوە: اطلاعات سیاسي اقتصادي - شماره ٩٣-٩٤

# کەریم زەند:

# لەژیانی وەزیفیمدا یەك رۆژ مۆڵەتم وەرنەگرتووە

ئا: گەلاوێژینوێ



**پ: مامۆستا کەریم زەند کێیە؟**

و: کەریم زەند حەمە ساڵح ئاغای حاجی سەلیم ئەمین ئاغا چینگی زەنگەنە لە میرنشینی چنگیان لەتەك زەند، زەنگەنە، سیامەنسوری، تاڵەبانی، بەرەی بابێکن، لە گەڕەکی مەڵکەندی لە شاری سلێمانی ١٩٢٥ هاتۆتە جیهانەوە. دوای خوێندنی ئایینی، خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی، لە سلێمانی تەواو کردوە. خانەی مامۆستایانی لە بەغدا تەواو کردوە، ساڵێکی خوێندن، مامۆستا بووە لە فێرگەی فەیسەڵیە. دوای ئەوە چۆتەوە بۆ خوێندنی باڵا لە بەغدا، لە خانەی بەرزی مامۆستایان بەزمانی ئینگلیزی، دوای ئەوە بەرەو ئازەربایجان بۆ بەشداری بوون لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد، وێڕای بەشداربوونی لە شۆڕشی حەفید شا مەحموودی نەمرو پێشەوا قازی موحەمەدی نەمر، دوای

# من یەکەم کەس بووم بەکوردی لەسەر حەقەم نووسیوە

شکستی، لە جەنگی پارتیزانیدا بەرەو رووسیا چووە. دوای گەڕانەوەی بۆ نیشتمان، بەنەداری دوو ساڵ بە قورسی بەند کراوە بەزنجیر لە زیندانی ئەبو غرێبو، شەش ساڵ دەسبەسەری لە کەناری باشووری زۆنگاوەکانی ناسریە، بەمووچەیەکی کەمو، سیانزە ساڵ دەربەدەریو رەهەندەیی بینیوە.

**پ: کاتی خۆی لەچ قوتابخانەیەکی سەرەتاییدا خوێندووتە؟**

و: لە ساڵی ١٩٣٠- ١٩٣١ چوومە بەر خوێندنی قوتابخانە، دوای ئەوەی لە حوجرەی مزگەوتدا دەرسی ئایینم خوێند لەسەر دەستی مامۆستا مەلا عەبدوڵاو مامۆستا مەلا بەکرو کەسانی تر. من کە چوومە خوێندنگای سەرەتاییەوە بەتەواوی خوێندنو نووسینم زانیوە بەکوردیو بەعەرەبی جگە لە زمانی فارسی، ئەوسا لە سلێمانی دوو مەکتەب هەبوون مەکتەبی یەکەمو مەکتەبی دووەم، مەکتەبی یەکەم لەبازاڕی عەسریو مەکتەبی دووەمیش لەخانووی سەعیدی مارفدا بوو، لە مەکتەبی یەکەمدا مامۆستا صالح قەفتان بەڕێوەبەر بوو کە زیاتر کوڕە دەوڵەمەندەکان تیایدا دەیانخوێند، بەڕێوەبەری مەکتەبی دووەمیش مامۆستا تۆفیق فیکرەت بوو. مامۆستاکانیش بریتی بوون لە بەڕێزان خالد سعید، نەزهەت فەتاح شەش خان، عەلی ئاگاه (عەلی شەوقی سەعید)، مەجید عەلی، حامد فەرەج، نوری سالح ئاغا، قوتابیەکانی هاوڕێم لەو مەکتەبەدا بریتی بوون لە کەریم قەرەنی، ئەحمەد سەعید حەسەن، عومەر عەبدلڕەحیم، عومەر حەسەن دەوڵەت، مستەفا کەریم غەفورو کەسانی تر. لەوێدا تاپۆلی شەش بەزمانی کوردی دەمانخوێند، وا تێدەگەم پێش ئەم مێژووەش لەساڵی ١٩٢٦ قوتابخانە لە سلێمانیدا هەبووەو هەر بەزمانی زکماك خوێندویانە.

**پ: ئەو مامۆستایانەی هەرگیز لەبیرت ناچنەوە؟**

و: هەموو مامۆستاکانم گەورەمنو لەبیر ناچنەوە، بەڵام مامۆستا نەزهەت فتاح شەش خان، سوودێکی زۆرم لێ دیوە لەرووی جوگرافیا ناسیەوە، ئەو خۆی ئەفسەرێکی گەڕۆك بوو، ژاپۆنی دیبوو.. ئەو وای کرد عیشقی جوگرافیاناسیو گەڕیدەیی بچێتە خوێنمەوە. هەروەها مامۆستا عەلی ئاگاه کە هەمیشە ئامۆژگاری دەکردین کە نەچین بۆ چایخانەو جگەرە نەکێشین.. تائێستاش نەجگەرە دەکێشمو نە چا دەخۆمەوە. لە قوتابخانەی ناوەندیدا لە مامۆستا کەمال الدین داود، ناسراو بە -أبو هانی- عەرەبییەکی باش فێربووم.

**پ: خوێندکارە زیرەکەکانی هاوپۆلت کێ بوون؟**

و: عومەر کۆڵەبیو کەریم قەرەنی، دوو خوێندکاری زۆر زیرەك بوونو ململانێی یەکتریان دەکرد.

**پ: سەرەتای تێکەڵ بوونتان بەسیاسەتەوە؟**

و: لەساڵی ١٩٣٧ بووم بەئەندامی کۆمەڵەی برایەتی هەروەکو لە پێشووتردا وتم کە ستوونی ئەم کۆمەڵە لەسەرشانی ئەسعەد مەحوی بووە، ئەم حزبە خۆی لە خانەقای مەحوی دامەزراوەو هەر لەوێش کۆتایی پێ هاتووەو هەڵوەشاوەتەوە.. لەبیرمە ئەو ساڵە وەفدی کۆیە بەسەرۆکایەتی محەمەد حوێز (حمە رەش)و سەمەد محەمەد مەنجەڵ هاتن بۆ سلێمانی، بەیاوەری من چووین بۆ سیتەك بۆ خزمەتی شێخ، حەمە رەش لەرێگادا ووتی: ئەگەر شێخ قبوڵی نەکرد دەستی ماچ بکەین ئەوا من وەك سەرکردەیەکی هاوچەرخ ئیعترافی پێ دەکەم. منیش ووتم شێخ سەرناسەو نایەڵێ دەستی ماچ بکەین. کە گەیشتینە ئەوێ، خەریکی دەست نوێژگرتن بوو.. کە ئێمەی دی هات بەپیرمانەوەو تەوقەی لەگەڵدا کردینو سەری ماچ کردین.

پ: ئەی وەفدی برایەتی سەردانی کۆیەی نەکرد؟

و: بەڵێ.. وەفدەکەی کۆیە وەفدی کاکە زیاد ئاغا بوو کوڕی حەماغای کۆیە، دوای گەڕانەوەی ئەوان منو مستەفا کریم غەفور چووین بۆ کۆیە بۆ وەڵامدانەوە بەنامەی شێخو بەمۆری ئەسعەد مەحوی.

**پ: ئەندامە دیارو ناسراوەکانی کۆمەڵەی برایەتی کێ بوون؟**

و: شێخ لەتیفی حەفید، ئەسعەد مەحوی، شێخ لەتیفی دانساز، ئیسماعیل شاوەیس، صدیق


اللغـة الكـردية وفن الترجمـة

Kurdish Language
And
Translation Technic


BY
Karim Zand

نرخ - الثمن - ٢٥٠ - فلس
Price - 250 - F.

1977

مطبعة كامراني سليمانية ت ٢٣٥٠٨
١١٨ / ٢٠٠٠ / ١ / ٢ / ١٩٧٨

رقم الايداع في المكتبه الوطنية ببغداد ١٣٨١
لسنة ١٩٧٧
ژمارەی سپاردن بە نوسراوخانەی نیشتمانی
لە بەغداد ١٣٨١ ساڵی ١٩٧٧



اللغة الكردية و فن الترجمة
Kurdish Language
and
Translation Technic
1977 - ١٩٧٧

شاوەیس، مەحمود ئەحمەد، عەلی قەفتان، محەمەد خدری تاپۆ، فوئاد رەشید، ئەحمەد فەخری، شێخ جەلالی حەفید، حەمە سەعید سەلیم جاف، شێخ قادر سەید ئەحمەد، دکتۆر نوری فەتووحی عەلەکە، ئیبراهیم کوردی، محێدین چنارە کە دەستی راستی شێخ بوو، لێپرسراوی شارباژێڕ بوو.. ئەندامەلاوەکانی ئەم کۆمەڵەش وەك لە بیرم بێ بریتی بوون لە مستەفا کەریم غەفور، نوری شاوەیس، حەمە سەعید ئیبراهیم ئاغا، کەریم زەند، ساڵح ئەحمەد بابان، محەمەد قودسیو کەسانی تریش.

**پ: بۆ کۆمەڵەی برایەتی هەڵوەشایەوە؟**

و: لە مایسی ١٩٤١ هەرای رەشید عالی قەوما، چل رۆژ دەوامی کرد، دوای ئەوە شکستی هێنا، شێخ گەڕایەوەو لە دیلیەتی رزگاری بوو بەڵام حزبەکە هەڵوەشایەوە.

**پ: کێ بوون ئەو کەسانەی لەتەك شێخدا گەڕانەوە؟**

و: ئەوانەی شێخیان بەسەلامەتی گەیاندەوە سلێمانی شۆڕە سوارانی گەرمیان بوون. کوڕەکانی برایم خانو میرزا عەزیز ئاخەیی — جاف، دەروێش حسێنی خانەقینی کە خەڵکی کرماشان بوو. خاڵی برایم نادرییە کە کەسایەتییەکی ناسراو بوو لە کۆماری مەهاباد. هەروەها ئەحە خورشە کە شۆفێری تایبەتی شێخ بوو.

**پ: بەکام رێگەدا شێخی نەمر گەڕایەوە سلێمانی؟**

و: لە بەغداوە بۆ کفریو لەوێوە بۆ قەرەداغ — سلێمانی— سیتەك، ئەوسا سیتەك مۆڵگەی کوردان بوو، مۆڵگەی شۆڕش بوو.

**پ: خەڵك بەرەو پیریەوە چوون؟**

و: بەڵێ.. لە کەسایەتییە ناسراوەکانیش کە بەپیریەوە چوون، سەعید ئاغای جەعفەران، کوێخا نەجمی سەوسێنان، شێخ سەعیدی تیمار، جگە لە ئەندامانی کۆمەڵەی برایەتی بەسەرۆکایەتی ئەسعەد مەحوی.

**پ: دوای گەڕانەوەی شێخ چ بەسەر برایەتی هات؟**

و: وەفدێکی برایەتی بەسەرۆکایەتی شێخ جەلالی حەفید چوو بۆ بەغدا بۆ گفتوگۆ. پاشان فشارێکی زۆر لەلایەن حکومەتەوە خرایە سەر شێخ مەحمود، شێخیش بۆ بەرژەوەندی کورد، سیتەکی جێ هێشتو لەداری کەلی نیشتەجێ بوو، کۆمەڵەش کۆتایی پێ هات، ئەم مەسەلەیەش لەڕێی عەلی کەمالەوە — کە نوێنەری حکومەتی مەرکەزی بوو— جێبەجێ کرا کە کەسایەتیەکی ناوداری کورد بوو. لەبەرامبەر ئەوەشدا حکومەتی ئەوسا هێندێ داوای کوردی بەجێ هێنا لەوانە موتەسەریفی سلێمانی گۆڕی، هێندێ کاربەدەستی کورد هاتنە سەر کار، بانقی کشتوکاڵی کرایەوە، لەگەڵ چەند شتێکی تر.

**پ: ئەدی هەڵوێستی شێخ لەتیف؟**

و: شێخ لەتیف وەك سەرۆكی كۆمەڵە مایەوە.. لەگەڵ چەند چەكدارێك سەرمان هەڵگرت بۆ سەردەشت لەوێ حكومەتێكی محەلی دامەزرا، كە تەنیا ئاڵای نەبوو.. ئەمە لە ساڵی ١٩٤٣ دا بوو كە نیوەی ئێران لەژێر ركێفی سۆڤیەتو نیوەكەی دیكەشی لەژێر دەسەڵاتی ئەمەریكادا بوو، ئێران نەمابوو وەك دەوڵەت. ئێمە لەوێ داوامان لە شێخ لەتیف كرد كە پەیوەندی بە نوێنەری سۆڤیەتەوە بكات كە بابلۆف بوو، ئەوە بوو نامەمان بۆ نارد، كەچی لەبری وەڵامی نامەكە خۆیان هاتن بۆ سەردەشت.

**پ: كێ سەرۆكایەتی وەفدەكەی سۆڤێتی دەكرد؟**

و: جەنراڵ ئەتاكشیۆف سەرۆكایەتی وەفدەكەی دەكرد، كە وەفدێكی سەربازی بوو لە سوپای سوور، لە پردی كەلۆێ پێشوازی لێ كرا. لەماڵی حاجی غەفور ئاغا لەگەڵ شێخ لەتیفو ئەسعەد مەحوی كۆبوونەوە.. هەردوكیان قسەیان بۆ وەفدەكە كرد كە زمانزانیان لەگەڵدا بوو، كۆبوونەوەكە ئەنجامی نەبوو.

**پ: دوای ئەو نائومێدی‌یە؟**

و: ئەسعەد مەحوی گەڕایەوە سلێمانی، كە ئەمەیان بوو بە (نقطة التحول) بۆ هەڵوەشاندنەوەی كۆمەڵە. ناچار هەموومان گەڕاینەوە بۆ سلێمانی‌و كەسێكی خوێندەواری بەدەورەوە نەما. پاشان فشارێكی زۆر خرایە سەر شێخ لەتیف لەلایەن باوكی‌و كەس‌و كاری‌یەوە كە نەچێتە فەلەكی سۆڤیەتی‌یەوە ناچار ئەمیش گەڕایەوە سلێمانی.

**پ: وا پێدەچێ كۆمەڵەی برایەتی پەیوەندی بەگەرمیانەوە زۆر بووبێ؟**

و: بەڵێ.. بەڵێ.. ئەوسا شاری كفری سەرەڕێگای كاروانی بازرگانی بووە لەنێوان بەغداو سلێمانی. واتە بەغدا – كفری– سلێمانی. (كێ ماش) ناوی كفری كۆن بووە هەروەها (صلاحیە)شیان پێ ووتووە، هەر لەو ناوچەیەشدا ابراهیم خانی دەلۆ شۆڕشی بەرپا كردووە كە ئامانجە هەرە سەرەكی‌یەكەی ئازادكردنی شێخ محمود بووە لە ئەسارەت. بەڵام بەداخەوە كە شێخ ئازاد دەبێ، ئیبراهیم خان كۆچی دوایی كردووە، شێخ زۆر بۆی دەگری.

**پ: دوای هەڵوەشاندنەوەی كۆمەڵەی برایەتی، تێكۆشەرانی كورد لەكوێ خڕبوونەوە؟**

و: دیارە خەباتگێڕانی كورد كۆڵیان نەداو حزبێكی دیكەیان دروست كرد كە ناوی نرا حزبی هیوا. ئەم حزبە لەسەر لاشەی كۆمەڵەی برایەتی دروست بوو.. سەرۆكایەتی ئەم حزبە كەوتە دەست مامۆستای باڵا رەفیق حیلمی.

**پ: ئەندامە ناسراوەكانی هیوا؟**

و: رەشید باجەلان، موكەڕەم جەمال تاڵەبانی، عەونی یوسف، زەید ئەحمەد عوسمان، فائق هۆشیار، مستەفا خۆشناو، میرحاج، محەمەد قودسی، شێخ ئەحمەدی شاكەلی، داود بەگ، عەتا تاڵەبانی.

**پ: یەكەم كۆنفرانسی ئەم حزبە؟**

و: یەكەم كۆنفرانس لە كەلار گیرا، بەئامادەبوونی محەمەد سەعید بەگ، داود بەگ، حەمید ئاغا زەنگەنە، مستەفا بەگ، كەریم بەگ جاف، مستەفا نەریمان، كەریم زەند، مستەفا خۆشناو، میرحاج. مامۆستای باڵا رەفیق حیلمی لەو كۆنفرانسەدا فەرمووی: ئینگلیز هیچمان بۆ ناكات باوەكو تەكتیك رووبكەینە سۆڤیەت.

**پ: بۆ كەلاریان هەڵبژارد؟**

و: چونكە ئەندامە هەرە زۆرەكانی هیوا لەكەلار بوون.

**پ: كەی ئەو هیوایە رووی لەكزی كرد؟**

و: لەساڵی (١٩٤٥) حزب رووی لە هەڵوەرین بوو، ئەحزابی تەقەدومی دروست بوو، لە سەرووی هەموویانەوە كۆمەڵەی ئازادی، یەكێتی تێكۆشان (وحدة النضال) كە پەیوەندی‌یان بەحزبی شیوعی عێراقی‌یەوە هەبوو. ئەندامە ناسراوەكانی یەكێتی تێكۆشان ئەمانە بوون: ساڵح ئەحمەد بابان، سعاد مراد بەگ، مستەفا كەریم غەفور، غەفور میرزا كەریم، كەریم زەند.

**پ: دەربارەی كۆماری كوردستان لەمەهاباد.. دەتانەوێ چ بیرەوەری‌یەك بگێڕنەوە.**

و: بیرەوەری زۆرن.. لە كۆتایی ١٩٤٦ وەفدێكی ئەمریكی لەسەر ئاستی بەرز كە كادیری سەربازییان لەگەڵدا بوو، كە بەڕواڵەت بۆ كاری فەرهەنگی

**یەكەم بابەتم لە ژمارە (٤٣)ی گۆڤاری (گەلاوێژ)دا بڵاوكردەوە**

هاتبوون، سەردانی مەهابادیان کرد کە لە بنەڕەتدا بۆ کاری سەربازی هاتبوون‌و بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەمەڕ کۆمارەکە.. چووم بۆ خزمەت پێشەوا، سڵاوێکی سەربازیم بۆ کرد. داوام کرد ببم بەوەرگێڕ –بەزمانی ئینگلیزی–، لەوەڵامدا فەرمووی بادەستوور وەربگرم. کەسێکی وانەبوو زمان بزانێ.. وەفدەکە کەوتە گەڕان. سەرێکی کارەباو چاپخانەیان دا، بەشەقامەکاندا سووڕانەوە، بەڵام نە لەسەر ئاستی کۆماری‌و نە لەسەر ئاستی جەماوەری، پێشوازی گەرمیان لێ نەکرا. پاشان گەڕانەوە. لە ئەنجامی ئەم رووداوەدا کە بەجەلالی ئەمین بەگ گەیشتم باس‌و پرسی لێ کردم دەربارەی وەفدەکەو ئاکامەکەی. من ووتم: ئەم کۆمارەی ئێمە یەك مانگی دیکە دەوام ناکات. چونکە بۆ هەموو شوێنێك دەڕۆیشتن وێنەی ئاودامانی ستالین‌و چەکوش‌و داس هەبوو، کە بووە هۆی ئەوەی ئەمریکا بیکا بەبیانوو بۆ رووخانی کۆمارە ساواکە. دەیانگوت کۆماری مەهاباد مۆسکۆی دووەمە کە ئەمە خۆی لە خۆیدا مەترسی‌یەکی زۆری دروست کرد بۆ سیاسەتی دەولی‌و بەرژەوەندی ئەمریکی‌و ئینگلیزی لەناوچەکە بەتایبەتی بەرژەوەندی نەوت کە داگیرکەری گەلانە.

**پ: ئەو دەمەی کە بەڕێزتان لە مەهاباد بوون وا تێدەگەم شتێکتان لەسەر (حەقە) نوسی؟**

و: رۆژگاری کۆماری کوردستان لە مەهابادو بوونی شێخ حەمینی ملّحە لەوێدا کە کەسی دووەمی ناو رێبازی حەقە بوو، کە ئەو دەمە خۆی‌و هەژدە نەفەر هاتبوون بۆ کۆماری مەهاباد، من ئاشنایەتی کۆنم لەگەڵ مام رەزادا هەبوو کە رابەری حەقە بوو ئەو دەمانەی لە هەڵەبجە دەس بەسەر بوو. پێشەوا پێی زانی کە من ئەو پەیوەندییەم بە مام رەزاوە هەیە، بۆیە داوای لێ کردم کە راپۆرتێك دەربارەی حەقە بنووسم منیش لەسەر فرمانی پێشەوا پەیوەندیم بەملّحەوە کردو دوای رازی بوونی مام رەزاو بەپێی زانیاری هێندێ سەرچاوە راپۆرتێکی تێرو تەسەلم پێشکەش بەخودی پێشەوا کرد. دوای گەڕانەوەم بۆ کوردستانی باشوور دووبارە شتێکم دەربارەی حەقە نووسی‌و لە گۆڤاری کاروانیشدا دەربارەی رێبازی حەقە نووسیومە. من یەکەم کەس بووم بەکوردی لەسەر حەقەم نووسیوە.

**پ: لەمەهابادەوە بۆ زونگاوەکانی ناسریە؟**

و: شەش ساڵ لە ناسریە لەزۆنگاوەکانی ئەوێ دەست بەسەر بووم. کەس نەیدەتوانی یارمەتی گەڕانەوەم بدات بۆ کوردستان. بەڵام کە بایزاغا دزەیی بوو بە متصرفی ناصریە نامەیەکم بۆ نارد، زۆر هەوڵی بۆدام بەڵام بێسوود بوو. چونکە بڕیاری دوورخستنەوەم کاری خودی سەرەك وەزیران بوو. ئەوسا عبدالسلام عارف سەرەك کۆمار بوو. بەڵام دوای ئەوەی عبدالرحمن بەزاز بوو بەسەرەکی وەزیران بەعەرەبی نامەیەکم ئاڕاستە کرد نووسیبووم لەبرایەکی کوردەوە بۆ برایەکی عەرەب.. نووسیبووم: تا دوێنێ داوای حمایەت لەگەلی عێراق دەکرد، من ئێستاکە داوای حمایە لەتۆ دەکەم، لەبەر ئەوە دادی خەڵك بپرسە لۆکە لەگوێی ئاخنراوت دەرێنە چونکە ئەگەر دادم نەپرسی (سوف یستجیب عامل الزمن)، برادەران گوتیان مەینووسە خەتەرە، کەچی هەر نووسیم.. دواجار ناجی طالب رزگاری کردین.

**پ: دەڵێن: لە وەزیفەدا زۆر مولتەزیم بوویت؟**

و: من پانزە ساڵ سەرپەرشتیاری نەهێشتنی نەخوێندەواری بووم. سەفەرێکی زۆرم کردووە بۆ کارەکانم بەڵام لیستی سەفەرم نەبووە – قائمة السفر– لە ژیانی وەزیفیمدا یەك رۆژ مۆڵەتم وەرنەگرتووە. نەمۆڵەتی نەخۆشی نەئاسایی نەمۆڵەتی ساڵانە. کوڕم مردووە نەچووم بۆ سەرقەبران، کارو ئیشی خۆم جێ نەهێشتووە. سی (٣٠) نەوەم پێ گەیاندووە بەگەنج‌و پیرەوە. لەهەموو تەمەنمدا هیچ خەڵاتێکم لەکەس وەرنەگرتووە، زەویم وەرنەگرتووە مخصصاتم وەرنەگرتووە. خۆم بەمووچە شڕەکەی خۆم ژیاوم.

**پ: ئەم خانووە کە هەنووکە لەناویدا دانیشتووین، لای بەڕێزتان چ مانایەکی هەیە؟**

و: ئەم خانووە، نیشتمانێکی بچووکە.. یان نیشتمانە بچووکەکەمە، لەساڵی ١٧٨١ز دروست کراوە، لە شاربازێڕەوە باپیرانمان هاتوون بۆ ئێرە. باپیرە گەورەمان حەوت حەجی کردووە. باپیرم ساڵح ئاغا لێرە ژیاوە، هەروەها حەمە ئاغای باوکم. ئەم

## تەرجەمەکردنی ئینجیل خزمەتکردنی زمانی کوردییە

خانووه یادگارێکی دێرینه لەگەڵ بیناکردنی سلێمانیدا دروست کراوە. زۆر کەسایەتی ناوداری کورد هاتوچۆی ئەم ماڵەیان کردووە لەوانە شێخی نەمرو شێخ لەتیفی کوڕیو مستەفا بارزانیو.. هێمنی شاعیر بۆ ماوەی شەش مانگ لەم خانووەدا ژیاوە. شەهید قاسملو سەردانی ماڵی ئێمەی کردووە. قاسملو و شەرەف کەندی هەردووکیان لەکۆماری مەهابادا قوتابی خۆم بوون. ئافرەتانی کوردستان لە ساڵی ١٩٥٩ لەم ماڵەدا کۆدەبوونەوە، لەوانە بەهیە مەعروف، درەخشانی حەفید، ئەنجوم زوهدی، (لەتیفە ئیراهیم) نازەنین کچی حەمەی ئەوڕەحمان ئاغاو کۆمەڵێ ئافرەتی تر. لەبیرمە شەوێك گڕ بەربووە نوێنەکەی هێمن لەئاکامی جگەرەکێشان، کەخۆی لەناویدا خەوی لێ کەوتبوو.. باش بوو خێزانەکەم خەبەری کردەوەو لەسووتان رزگاری بوو. ئەم خانووە یادگارێکی کۆنی دێرینە.. کەلەپوورە.. دەبێ لەم خانووەدا تەرمەکەم ببەن بۆ گۆڕستان.. من ئەم ئەمانەتە پیرۆزە دەپارێزمو دەیدەمە دەست نەوە.

**پ: مامۆستا بەڕێزتان یەکەم نووسینتان لەچ ساڵێکدا بڵاوبۆتەوە؟**


و: یەکەم بابەت کە بڵاوم کردەوە کورتە چیرۆکێکی مەکسیم گۆرکی بوو بەناونیشانی -تاڵی ژیان- لە عەرەبیەوە کردبووم بەکوردیو لە ژمارە (١٢)ی گۆڤاری گەلاوێژدا لە ساڵی (١٩٤٣)دا بڵاوم کردەوە.

لە ساڵی ١٩٤٤یشدا لە ژمارە (٥)ی گۆڤاری گەلاوێژدا نووسینێکی نووسەری رووسی -سفرونۆڤا- م بەناونیشانی (هێزی سامدار) بڵاوکردەوەو ئەم نووسینەشم هەر لە عەرەبیەوە کردبوو بەکوردیو ئیتر لەوساوە بەردەوام بابەتی هەمەجۆری نووسین لە رۆژنامەو گۆڤارە کوردیو عەرەبیەکاندا بڵاودەکەمەوە.

**پ: چ هۆیەك هانی دای کتێبی (مێژووی نەژادو پەیوەستەگی کورد) لە فارسیەوە بکەی بەکوردی؟**

و: ئەم کتێبەم لەگەڵ شاعیری میللی ناسراو خوالێخۆشبوو قانعدا کردووە بەکوردی.. لەو ماوەیەدا لە قوتابخانەی پیرەمەگرون لە سلێمانی کارگێڕبووم.. قانیع هات بۆلامو داوای ئەلفو بێیەکی کوردی لێ کردم بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتاییو بۆم پەیدا کردو خستیە گیرفانە قووڵەکەیەوەو رۆی.. بۆ دووەم جار کە هاتەوە بۆلام دەستی بەگیرفانی کەواکەیدا کردو کتێبەکەی رەشید یاسەمی لێ دەرهێناو وتی باپێکەوە ئەم کتێبە بکەین بەکوردی.. من پیرمو تۆ لاوی بایادگارێکمان پێکەوە هەبێ.. منیش قسەکەیم پەسەند کردو کەوتینە وەرگێڕانی کتێبەکە.. بەڵام هەر یەکەم رۆژ هەستم کرد لەبەر پیری خوێندنەوەی کتێبەکە ماندووی دەکات لەبەر ئەوە کتێبەکەم دا بەسێ مامۆستای خەتخۆش کە ئەم مامۆستا بەڕێزانە بوون (مامۆستا عیزەت رەشید.. مامۆستا کەمال قەرەداغی.. مامۆستا ئەحمەد قەرەداغی) کە فارسی زان بوونو سێ روونووسیان لە کتێبەکە نووسیەوەو ئیتر بەو جۆرە ئیشەکەمان تاڕادەیەك ئاسان کردو هەریەکەو لەسەر دەسنووسێکی کتێبەکە کارمان دەکردو لە بارەی وەرگێڕانەکەوە پرسو رامان بەیەکدی دەکردو چاومان بەبەشە وەرگێڕدراوەکاندا دەخشاندەوەو بەم جۆرە لەماوەی مانگێکدا بەکۆششی هەردووکمان کتێبەکەی رەشید یاسەمیمان لە فارسیەوە کرد بەکوردیو ئەنجا کردمان بەدوو دەسنووسو هەریەکەو دەسنووسی خۆمان خستە گیرفانمانەوەو قانیع ئەملاو ئەولای ماچ کردمو وتی: کەریم ئیتر ناتبینمەوە حەز دەکەم ئاگاداری خۆت بی..

قانیع خۆیو دەسنووسی کتێبەکە لە گوندی






(لەنگـەدێ) لەسـاڵی (١٩٦٥)دا بـەخاکی پـیرۆزی نیشتمان سپێردراو منیش لـەو کاتـەدا دەسبەسـەر دووره زێدو ئاو و خاکی خۆم بـووم‌و ڕۆژانـی ڕەش تەنگی پێ هەڵچنیبووم..

کە وردە وردە بریسـک‌و هـوری ڕۆژانـی خـۆش دەرکەوتـەوە منیـش گەڕامـەوە بـۆ خـاکی خـۆم‌و دەسنووسی کتێبەکـەم لـەژێر گـڵ دەرهێنـاو دوای ئەوسا بەئاگاداری نەوەکانی قانیع (کاک وریاو کاک بورهان) لەسەر ئەرکی خۆم لـە چاپخانـەی کامـەرانی لـە سلێمانی چـاپم کـردو هـەروەك وەفایـەکیش بـۆ قانیع‌و بنەماڵەکەی لەسەر بەرگی کتێبەکە نووسیومە (لەچاپدانەوەی بەدەست نەوەی قانیعە).

**پ: ماموستا بەڕێزت ئینجیلت کردووە بەکوردی.. ئایا ئەو کارەت بەخوایشتی خۆت کرد یارێکخراوێك داوای لێ کردی؟**

و: کە لـە سلێمانی دوورخرابوومـەوەو لەکـەناری باشـووری ڕۆنگاوەکـانی خـوارووی میزۆپۆتامیـا دەسبەسەر بووم هیچ کتێبێك دەست نەدەکـەوت کە بیخوێنمەوەو ڕۆژانی گەرم‌و شەوانی پڕ لە مێشوولەی هـاوین‌و هـەروەها شـەوانی دوورو درێـژی سـاردی زستانی پـێ لـەبیرخۆم بەرمـەوە، بەڕێکـەوت چـاوم بـەکتێبی -العـهد الجدیـد- کـەوت‌و دەسـتم کـرد بەخوێندنەوەی‌و ئیتر کەڵکەڵەی ئەوە کەوتە سەرم لە عەرەبیەکەیەوە بیکـەم بـەکوردی‌و لـەماوەی دوو ساڵدا وەرگێڕانەکەیم تەواو کـرد.. شایانی گوتنـە لـە سـاڵی ١٩٦١ەوە تـاوەکو ساڵی ١٩٦٧ لـە باشـووری میزۆپۆتامیا دوورخراوەو دەسبەسەر بـووم‌و دەبوایە هەموو ڕۆژێ سێ جار لە مەرکەزی ناوچەکە (ئیسپات وجود) بکەم‌و ئیمزای ئامـادەبوونم بکـەم.. لـە ساڵی ١٩٦٧دا بڕیـاری دوورخسـتنەوەو دەسبەسـەریم هەڵوەشـایەوەو وەکـو ماموسـتایەك گەڕامـەوە سەرکاروباری ماموستاییم.

کە لـە سلێمانی جێگیر بوومـەوە دیدەنـی بـەڕێز قەشە (یوسف سلێمان پـەری)م کرد کە خـەڵکی – ئـەرمووت– بـوو لـە کۆیـە..و پێـم گـوت ئینجیلـەکانم کـردووە بـەکوردی.. وتـی کـارێکی چـاکت کـردووە بیهێنـە باسەیری وەرگێڕانەکـەت بکـەم.. کە دەقـی وەرگێڕانەکەمی خوێندەوە وتی باشتر وایـە لـە دەقـە فەرەنسـیەکەیەوە بیکـەین بـەکوردی.. ئیـتر بەهـەردووکمان خـەریکی بوویـن‌و کارەکـە دوو سـاڵی خایاندو لەو کەین‌و بەینـەدا چاویلکەکـەم‌و پـاندانێك‌و پانتۆڵێکمی تیاچوو.

میللەتی کورد

MILLETY KURD

کەریم زەند

١٩٧٠

چاپخانەی کامەران ـ سلیمانی ـ ت : ٦٠٨

به رەزامەندی [ وزارة الثقافة والاعلام ] له چاپ دراوه

Kurdish Nation

by

Karem Zand

1970

Price - nirxy 75 FiLse

نرخی ( ٧٥ ) فلسە

دوای پوختەکردنی وەرگێڕانەکە ویستمان لەبەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی هەندێ یارمەتی بۆ چاپکردنی وەرگرین. بەداخەوە دەقی ئینجیلە کوردییەکە کەوتە دەست خەبیرێکی پرۆتستانتیو ئەو پەسەندی نەکرد چونکە لەمەزەبی پرۆتستانتیدا شیکردنەوەو راڤەکردنی ئینجیلی پیرۆز قەدەغەیە.

کە لە یارمەتی دانمان نائومێد بووین من کەوتمە هەوڵی ئەوەی لە حسابی خۆمان چاپی بکەین.. ئەگەرچی حەزم دەکرد لە چاپخانەی کامەرانی چاپی بکەم بەڵام لەسەر خواستی قەشەی بەڕێز یوسف سلێمان پەری بردمان بۆ چاپخانەی راپەڕینو ئەو لە گیرفانی خۆی پێشەکییەکی بەچاپخانەکە دا ئیتر تۆمەتی کاژیکێتی درایە پاڵو راونراو دوایی خۆم ناچار بووم شەش سەد حەوسەد دیناری دی بەمانگانە لەمووچەکەم بدەم بەخاوەنی چاپخانەکە بۆ چاپکردنی ئینجیلەکەو بەو جۆرە بەسەرپەرشتی بەڕێز لەتیف پۆڵس کە مامۆستایەکی مەسیحی بوو بەدووساڵ –١٥٠٠– هەزارو پێنجسەد دانە لە ئینجیلەکە چاپ کراو رۆژگارەکەی زۆر رەشو ناخۆش بوو لەسەر داوای خاوەن چاپخانەکە بەپەلە هەموویم بردەوە بۆماڵەوەو پەنا بەخوا لە گەنجینەیەکدا شاردمەوە.

لە راستیشدا مەبەستم لە وەرگێڕانی ئینجیل ئەوەبوو کە بەهۆی تەرجەمەکەوە نەتەوەی کورد لەدونیادا بناسرێ.. لەم بارەیەشەوە لەکۆنگرەیەکی جیهانیدا کە لە بەیروت سازکرا بەئینگلیزی قسەم کردو گوتم مەبەستم لە تەرجەمەکردنی ئینجیل خزمەتکردنی زمانی کوردییەو ناساندنی گەلی کوردە بەگەلانی مەسیحی جیهانو چەسپاندنی ئەوەی کە کوردیش زمانی تایبەتی خۆی هەیەو پێی دەنووسێ.. جگە لەوەش بەوەرگێڕانی ئەم کتێبە پیرۆزە کەلێنێکم لە کتێبخانەی کوردیدا پڕ کردەوە ئەوەش بەو نیازەی کە ئینجیل کتێبێکی ئاسمانییەو لەهیچ بەشێك لە بەشەکانی کوردستان قەدەغە

## یەکەم کۆنفرانسی حزبی هیوا لە کەلار گیرا

# لە هەموو تەمەنی خۆمدا خەڵاتم لە هیچ کەسێك وەرنەگرتووە

ناگرێو رێ لە خوێندنەوەی ناگیرێ، شایانی باسە شەهید (شاکیر فەتاح)یش بانگ کرابوو بۆ کۆنگرەی ناوبراوو من بەهاندانی ئەو بەشداریم تیادا کرد ئەگینا هەرچەند بانگ کرابووم نەدەچووم..

**پ: بەر لە بەڕێزتان کەسی دی ئینجیلی کردووە بەکوردی؟**

و: بەڵێ لە ساڵی ١٩١٩دا مەترانێك لە مەهاباد بەڕێنووسو دارشتنی کۆن ئینجیلی پیرۆزی کردۆتە کوردی..و دوای ئێمەش تەوفیق وەهبی بەشێکی لێ کردۆتە کوردی.. هەروەها شاکیر فەتاحیش – تەورات–ی کردووە بەکوردی بەڵام هەر دەسنووسەو رەنگە لە کتێبخانەی زانکۆدابێ چونکە خوالێخۆشبوو شەهید شاکیر فەتاح هەموو کتێبو نوسراوو دەسنووسەکانی خۆی پێشکەش بەکتێبخانەی زانکۆی سلێمانی کردووە.

دەبێ ئەوەشم لە بیر نەچێو بیڵێم کە لەسەر ئەم کتێبە سێ جار هەوڵی تیرۆرکردنم دراو جاری سێیەم دوو کەس بەدەمانچەی بێدەنگەوە هاتنە سەرمو بریندداریان کردمو هەرچۆنێ بوو خۆم گەیاندە نەخۆشخانە بەڵام تەداوییان نەکردمو بۆ تەداوی داوای پسووڵەی پۆلیسخانەیان لێ کردم. من لە تیرۆریستەکان رزگارم بوو بەڵام گەلێ رۆشنبیری دی تیرۆر کران لەوانە: شەهیدانی شکۆدار کاکەی فەلاحو رەئووف زوهدیو عومەر توفیقو دڵشاد مەریوانیو هتد...

**پ: کێ ئەم تاوانانەی ئەنجام دەدا؟**

و: پیاوانی بەعس... ئەنجامیان دەداو هەروەکو لەدواییدا ئاشکرابوو بۆ تیرۆرکردنی هەموو یەکێك لە ئێمە –٢٥– بیستو پێنج هەزار دیناری تەرخان کردبوو..

**پ: جگە لە ئینجیل چەند بەرهەمی چاپکراوی ترت هەیە؟**

و: من تاکو ئێستا پانزە کتێبو نامیلکەی خۆمم بەچاپ گەیاندووە، لەوانە:

١– حرکة کردستان وآزربیجان التحرریة / ١٩٥٩.

٢– جوگرافیای کوردستان بەکورتی.

٣– سەرنجێ لەئابووری سیاسی.

٤– ئینجیل.

٥– ئاینو باوەڕ لە کوردستانا.

٦– زمانو هونەری وەرگێران... هتد.

جگە لە چاپکراوەکانیش کۆمەڵێ بەرهەمی دیم ئامادەن بۆ چاپ... وەکو:

١– جوگرافیای کوردستان.

٢– کوردستانی پەرت کراو.

٣– کرکوك والسلیمانیة صنوان... هتد.

**پ: مامۆستا بەڕێزتان لە سەردەمی کۆماری مەهابادا لە مەهاباد بوون بەچ هۆیەکەوە لەوێ بووی؟**

و: من دووجار بۆ مەهاباد چووم.. یەکەم جار لە ساڵی ١٩٤٥دا بەپێ چووم.. ئەویش دوای کۆبوونەوەیەك لەمماڵەی خۆماندا لەگەڵ کاك ساڵح حەیدەریو هەندێ سیاسەتمەداری تردا بڕیاردرا من بڕۆم بۆ مەهابادو پەیوەندی لەگەڵ (ژ.ك)دا بکەمو قازی محەمەد ببینم کە هێشتا نەببوو بە سەرکۆمار.

مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدو کاك ئیسماعیل شاویس پەیوەندییان بەقازییەوە هەبوو، دیدەنییان دەکردو گۆڤاری نیشتمانیان بۆ سلێمانی دەهێنایەوە کە زمانحاڵی –ژ.ك– بوو لە مەهاباد. جاری دووەم کۆماری مەهاباد دامەزرابوو، نامەی فەهدم برد، نامەی دانپیانانو پیرۆزبایی لەکۆماری مەهاباد.

جێی خۆیەتی کە ئاشکرای بکەم من سێ مانگ لەگەڵ فەهدا لەحەشارگەدا بوومو خەباتی ژێر زەمینیم کردووەو هەر لەرێگای فەهدیشەوە ئەوە رێك خرا کە پەیوەندی بەسۆڤیەتەوە بکرێ. من بۆ

مێژوو دەیڵێم فەهد حەزی دەکرد دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێ. لەجاری دووەمدا لە مەهاباد مامەوەو لەوێ بۆ ماوەی دە -١٠- رۆژ کرام بەمامۆستای ناوەندیو دوایی راپۆرتیان لێ دامو بەکۆمۆنیست لەقەڵەم درامو رەوانەی قوتابخانەی سەرەتایی گەلاوێژ کرام لە مەهابادو منیش بەخۆشحاڵییەوە ئەوەم قبووڵ کرد.. بەڵام لەوێش دووبارە راپۆرتیان لێ دام کە گوایا من لەهجەی زمانی ئەوێ بەکار ناهێنمو ئەم قسەیە کەوتەوە دەمی قازی محەمەدو رۆژێ بەتایبەتی هات بۆ قوتابخانەکەو خۆی کرد بەو پۆلەدا کە من دەرسم تیادا دەگوتەوەو ماوەیەك گوێی گرتو ئەنجا رۆیشتو وەك بیستمەوە لە ئۆفیسێتی تایبەتی خۆیدا گوتبووی: لە تارانیڕا مامۆستای وام نەدیوە... لەدواییدا لەسەر داوای قازی محەمەد دەورەی تایبەتیم بۆ فێربوونی زمانی کوردی کردەوەو گەلێ کەس لەوانەی کوردییان بەخوێندنو نووسین نەدەزانی بەشداری ئەو دەورەیەیان کردو فێری کوردی خوێندنەوەو کوردی نووسین بوون.

**پ: مامۆستا بەڕێزتان لە ساڵی ١٩٤٥دا نێردراون بۆ مەهاباد بۆ پەیوەندی کردن بە (ژ.ك)ەوە.. ئایا (ژ.ك) لە چ ساڵێکداو لەکوێ دامەزراوە؟**

و: ژ.ك لە رۆژی ١٦ی ئەیلوولی (١٩٤٢) بەرامبەر (٢٥/شهریوەر/١٣٢١)ی هەتاوی لە باخی حاجی داود نزیکی شاری مەهاباد بەئامادەبوونی میرحاجو مستەفا خۆشناو دامەزراوە.

**پ: کە ئاڵای مەهاباد هەڵکرا تۆ لەکوێ بووی؟**

و: کە ئاڵای مەهاباد هەڵکرا من لەوێ ئامادەبوومو ئاڵاکە لەگەڵ گوتنی سروودی (ئەی رەقیب)دا هەڵکراو لە هەمان کاتدا تابووتێك بەرزکرایەوەو کەسێك لەشێوەی حاجی قادری کۆییدا لە تابووتەکەدا راست بۆوەو ئاڵاکەی ماچ کردو دیسانەوە لەناو تابووتەکەدا راکشایەوە.. دوابەدوای ئەوە قازی نەمر قسەی کردو گوتی: هەموو راپەڕینێك بەخوێن کراوە.. بەڵام ئەم راپەڕینەی ئێمە راپەڕینێکی سپییە.

**پ: مامۆستا هیچ یادگارییەکی خۆشی ئەو کاتەت لەیادە؟**

و: بەڵێ رۆژێکیان لەسەر قەڵا بووم لەنزیك شاری بۆکان پێشمەرگەیەك هات وتی شێخ جەلال هاتووە وامزانی شێخ جەلالی حەفیدە کە روانیم شێخ جەلالی کاکەلاو بوو نامەی شێخ مەحموودی نەمری پێ بوو بیدەم بە پێشەوا قازی محەمەد.. هەروەها نامەی شێخ لەتیفی پێ بوو بۆ من.. کە کاروباریان بۆ ئاسان بکەم. نامەکەی شێخ مەحموودم بەپێشەوا گەیاند..و سیانزە سەربازی هەڵاتوو کە لەگەڵ شێخ جەلالدا هاتبوون چونە ریزی پێشمەرگەوەو رەوانەی رووکاری -پەسوێ- کرانو منیش گەڕامەوە بۆ بۆکان.

**پ: مامۆستا زەند دەڵێن کلێتەکەی سەرت دیاریی پێشەوایە پێشکەشی کردووی؟**

و: باش بوو کلێتەکەت بیر خستمەوە.. ئەوە دیاریی جەنابی شێخ عەبدوڵای شەمزینییەو لەساڵی ١٩٤٦دا لە کوردستانی ئێران پێشکەشی کردمو هەر لەو ساڵەوە ئەم کلێتەیەم لەسەردایەو منیش وەکو دیاری لەو رۆژگارەدا دەمانچەیەکی -کولْد-م بەسەد -١٠٠- فیشەکەوە پێشکەش بەسەید عەبدولقادری نەهری کوڕی شێخ عەبدوڵای شەمزینی کرد.

# بەزرێیەکەوە لەمەعدەنی مێژوو



رەفیق سابیر

ڕۆژێکی نوێ، والا بەڕووی سەروەری و سەماو چریندا
درەخشان لەناو گەمەی پێشوازی و خورافاتی شانازیدا،
ئاپۆرەیەکی شلەژاویش لەبەر دەروازەی بەگزنگ شووراوی شاردا چاولەڕێ.

چ ساتێکی پڕشکۆیە!
کەژاوەکەت پێشەنگی ڕۆژێکی نوێیەو
شار بەدوای خۆیدا کێش دەکات
درەوشانەوەت تارماییەکان دێنێتە دەنگ،
بەشەوقێکی فێنک ڕەنگەکان پێک ئاشناو،
باخچەو هەواو بەردەکان شاگەشکە دەکات،
سوارە زرێپۆشەکانیش لەپێشەوەی کەژاوە غوبارگرەکەتدا
شەفەقیان هەڵگرتووە
بەتیرە ئاگردارەکانیان، لەسۆراخی مەحاڵدا، دووریی دەپشکنن.

دەڵێی ڕێکەوت گەمەی قەدەر دووبارە دەکاتەوە:
ئاپۆڕەیەکی  چاولەڕێ پۆل پۆل لەسەرەڕێی پێشوازیت قەتاری بەستووە
وێنەی مێگەلێکی حۆلوحەپەساو بۆن بەهەواوەدەکات



بۆن بەڕووناکی بەیانەوە دەکات کەغوبار دەورووژێنێت،
لەناوگەردی کەژاوەکەتدا بۆداهاتووی خۆی دەگەڕێ
وێنەکەت قیبلەنومایەو
درەوشانەوەت نووری ئەزەلی.

کەواتا ژیان هەرجۆرێك بەسەرچێت
شەوچەند درێژ، ڕۆژەکان هەرچەشنێك بنوێنن
یان وەرزەکان هەرپێشهاتو رازێکی سەرسوورهێنەربێنن
تۆلەئەندێشەی کۆگەلدا هەرخۆتی،
شوێنیش بەتۆئاشناو هۆگر،
بەتۆشاناز ودرەخشان
تۆهەرخۆتی،
خۆراگر وێنەی تاوێرێك لەڕووی تەوژمی زریانو بارانو زەماندا،
هەیبەتی باوکانەت مانگە لەشەوی هەمواندا.
دەڵێی ڕۆژانی دوور دەستی بەخێرایی تیشك تۆی بەناو زەماندابردووە!
دەڵێی ژیان شێوەو ڕەنگی تۆی گرتووە!

* * *

شوێن هەمان شوێن کەسەرقاڵی پێشوازی وئاگربازییە،
تۆش هەرخۆتی پێشەنگی ئاپۆرەیەکی راساو کەپەرستن دەپەرستێت.
لەهەرای ئەم سێرمۆنییەدا، کەشانو بازووەگرژەکان کەژاوەتن،
هەموومان دەبینیت، وەك ئەورۆژانەی وێنەکەت لەئاسمانی شاردا هەڵۆئاسا
لەنگەری گرتبوو،
سێبەرەکەت پەنای هیواوپێشبینی بوو،
ڕوخساری برۆنزیت ئاسۆ.
تۆهەرخۆتی، ڕەندومیرخاس،
لەئەندێشەی کۆگەلدا بروسکە تاودەدەی
سیمای مەندو ڕوانینی بەپەرێزت نیگاری حیکمەتن.
خۆت ئاسا شاناز دەڕوانی وەك ئەوساتانەی بەهێما
گەواڵەکانت ڕادەگرت



بەزمانی غەیب، کەپەیڤەکانی وەك گزنگ و گوڵەئەستێرە درەوشاوەبوون
داروشەماڵو ڕووناکیت دەدواند،
ئەو پۆلە باڵندانەت دەدواند کەوێنەی هەورێکی پەمەیی
سێبەریان بۆکردبوویت
ئەوسا، خۆتئاسا، بەگوڵاوو... وەهەو بۆنی بخوور
موریدە حاڵ لێهاتووەکانت دەڕشاند،
بەئەزموونی پیرێکی کارامە وغەیبناس ڕووەو دەریەندی یەقین و
کەلی قەدەر پێشخۆت دەدان.
تۆهەرخۆتی،
لەخەیاڵی هەمووانیدا وێنەی ئەفسانە بەرەوکۆتانەبوون پەل داوێیت:
لەسەر زینکۆی ئەسپەکەت داهاتووت هەڵگرتوە
بەماسکێکەوە لەشەفەق و تەم
لەکۆچێکەوەبۆکۆچێك،

شاروپۆلە باڵندەکان دوای خۆت دەدەیت،
بەزرێیەکەوە لەمەعدەنی مێژوو
لەگەمەی قەدەرێکەوەبۆقەدەرێك
بەرەوپیری ئەبەدییەت دەچێت.


* * *

لەپەراوێزی ئەم ڕۆژە شڵەژاوەدا کەبۆنی بخوورو سەروەریی لێ هەڵدەستێ وەچەکان
بەگزادەکانی پێشکاری، بەهەتاووێنەکەت زێرکفت دەکەن.
لەسێرمۆنییەکی شایانەدا، وەفادار بە پەیامەکەت،
مێژوویەك ئەتك دەکەن و
هەیبەت بە خورافات دەدەن.
دەستەونەزەر، لەبەرتەکیەوبارەگای باوکانەتدا
چاوەڕێی هیمایەکی تۆن تارەشەبا وغوبار بورووژێنن
بەخەنجەری باوکایەتییت
پەردەی کۆنەقین و تۆڵەو یەقین هەڵدەنەوە



تۆڵە، کوێرە
خوێنیش بەخوێن تینوێتیی خۆی دەشکێنێت
تۆڵە کوێرەو
تەنانەت گۆڕەکانیش هەڵدەداتەوە.
تۆش هەخۆتی، مەندو کەمدوو،
بەسەرشانی ئاپۆرەیەکی حۆلەوە کەهەیبەتی باوکانەت حەیرانی کردوە دەڕوانیت
بەتیلەی چاو ڕەنگ‌وشێوازی شتەکان دەپێویت،
دڕ دۆنگانە دەڕوانیت‌و
لەسەر هەرسیمایەك غایە لەو ڕازەکان دەبینیت
وەك پیرەشێرێکی ناوقەفەسی ئاسن مۆڕەلەئازادیی بەلەسەمان دەکەیت
مۆڕە لەنەوەیەك دەکەیت کەیاری بەشێوازو یەقین‌و تابووەکان دەکات.
خۆتئاسا لەناوبازنەی وەهمدا سەرقاڵی گەمەی جارانی:
گەمەی هەڵکردنی ئاڵا وداگرتنەوەی لەشەوورژێکدا.
سەرقاڵی ئەو شەڕانەی کەخەیاڵی کێویانەت دایان دێنێت:
شەڕی پەپولەورەشەبا
شەڕی ساچمەزەن‌وئاسمان
شەڕی خورافات‌و ڕاستی.
کەچی شەڕی شاراوەی تۆشەڕی جاوێدانیی باوکایەتییە
شەڕی پیرۆزی تۆڵەیە کەخێڵێکی راساو بەناو غوبارو
وێرانەو خوێندا تاودەدات،
تالەپێشبڕکێی پێشکاریدا تەرم‌وکاژەڵاکی هەڤالانت بکەیتە دیاری
بەدەم ڕمبازییەوەدرێژە بەگەمەی خۆت بدەیت:
گەمەی گرتنی پشیلە ڕەشە لە ژوورێکی تاریکدا
گەمەی هەڵکردن‌و داگرتنەوەی ئاڵا لە ڕۆژو شەوێکدا.

بەڵام ئێمە چۆن لەگەڵ ڕۆژەکان هەڵکەین کاتێك ڕەنگی تەرم دەگرن؟
کاتێك تیرە گردارەکان لەناو تاریکیدا ڕێ ون دەکەن؟



ئێمەلێرەچی بکەین کاتێ دەروازەکان بەسەر دووریدا دەکرێنەوە
تیرەو خێڵ‌ونەتەوەکان بەناو سەروەریی وێرانەو
عەدەمدا سەرهەڵدەگرن؟

*

ئێوارە بەخێرایی بەسەر شاردا دەکشێت
شوێن هەمان شوێن، ئێمەش تەنیاو حەپەساو
دەبێ ئێرە بۆئاپۆرەیەکی دەستبەتاڵ چۆڵ بکەین کەمەبەستی تۆڵەیە،
ئاپۆریەك کە چەلەنگانە وەك داوەڵێك لەڕووی ئاسماندا ڕات دەگرێت
دەخوازێت لەزەمانێکەوەبەزەمانێك،
لەجێنەزەگەیەکەوە بەجێنەزەرگەیەکت بسپێرێت.

هەرخۆت لەم ڕازەمەزنە سەردەردەکەیت،
دەتوانیت بەچاوی دوورناسێك پێشبینی چارەنووس بکەیت،
عاقیبەتی وەچەکانت ببینیت کەهەموەسی تۆڵەو دەسەڵات مەستی کردوون،
کەلە تەرمەکەتدا ژیان،
لەشەوقی خەنجەرەکەتدا داهاتوو
لەگەمەکانتدا حیکمەت
لەنێرایەتیتدا سەروەری دەبینن.

هەرخۆت دەتوانیت مێژوویەك بۆئەم مێگەلە تادارە دابنێیت
کەپاڵی داوەبە کەوتنەوە
کەبەستاییش شەفەق دەتەنێت
بەپەیامەکەت ئاسمان،
ناوێك لەوئازادییە بنێیت کەبەئەرك‌و بۆشایی
ژیانی کردووین بەزیندان.
خۆت دەتوانیت بەحیکمەتی دوورناسێك ئەنجامی گەمەی قەدەرببینیت
کاتێك تەرمێك، بەزرێیەکەوە کەلەمەعدەنی مێژوویە
دەکاتە سیمبولی ژیان.

# ئێوارانی ئەو..



شیرین.ك

(١)

نەیزەکی حەزی تۆ
بەرگەی خۆری گیانم ناگرێ
لەیەکەم چرکەی فیراقا
ڕۆحت مەستی ویصاڵەو
ڕۆحی منیش
فەنا دەبێ..
(سەهۆڵبەندانی نەخشەی جەستەم دەتوێتەوە)

(٢)

لەتەقە تەقی پێڵاوەکانا
تریەی پێت دێو
دەترسم
لەقاقای پیاوەکانا
هاڕەی پێکەنینەکەت
دەناسمەوەو
دڵم ئەلەرزێ
لەپڕ لەنێو دەنگەکانا
دەنگێکی ئاشنا دێ
گوێ هەڵئەخەم
(من لەپشت ئەم هەموو دیوارانەوە.. تەنیا دەنگە
بەتۆم ئەگەیەنێ)

(٣)

پەنجەرەیەکم ناوێ..
گەر تۆی تیا نەبێ
گوڵێك لێ ناکەمەوە
گەر نەزانم تۆ بۆنی ئەکەی
ئەم سوراوەش لەلێونادەم
گەر دڵنیا نەبم

دوای کەمێ تامی دەکەی
(هەموو شتەکان دەبێ لەتۆوە دەست پێ بکەن و
بۆتۆ بگەڕێنەوە)

(٤)

دەستت لەبۆشایی کورسی یەکا
راخستبوو
چاوەڕوانی عەشقێ بووی
بەسەر چووە
کەسێك بووی
قەت نایە
چاوم بەنێو خەتەکانی
لەپی دەستما دەگەڕێ
بۆ عەشقی تێپەڕی
بۆ کەسێك
قەت نەهات..
(نەهات، نایە، نەهات، نایە..)

(٥)

لەنێوان دەستی تۆو
شانی منا
ناشوێن و
ناکات و
ناماقوول هەیە
لەشوێن بپەڕێوە
کات تێشکێنە
(ماقوول)یش
بۆ ژن و پیاوە ماقوولەکان

بەجێ بهێڵە
ئەو ئەوێنەی
بەماقوولی
لەشوێن و کاتا
جێی بێتەوە
لەنێوان دەستی تۆو
شانی منا
جێی نابێتەوە
(نا.. نەو. نا، نەو.. نا. نا)

(٦)

دنیاکەم بێ سنوورە
کەتۆ دوور دەبی
هەموو شوێنێ بۆی هەیە
تۆی لێ بێ..
دنیاکەم
زۆر چکۆلە دەبێ
کەلێمەوە نزیك دەبی
نەلەدەستما رادەوەستی
نەلەچاوما ئۆقرە دەگری
زۆرن.. ئەو شوێنانەی
دەشێ تۆی لێ بی و
لێی نابی

(٧)

گرمەی هەورەکان
زەنگی تەلەفۆنەکە
بانگم دەکەن



هەورەکان دەڵێن؛
باران دێ
زەنگەکەش تۆ
لەگەڵ یەکەم ڕێژنەی باراندا
دەگەیت
دوای خۆشکردنەوەی
بارانەکە
دەڕۆی
وەلێ چیمەنەکەو
گەڵای دارهەنجیرەکە
پڕ دەبن
لەئاونگ
دڵیشم لەعەشق

(٨)

سەرما ، شانەکانی لەشم دەبا
ئەوەی دەمێنێتەوە
پیری یە
سەرما
بەرگە قورسو تۆخەکەم
شیتاڵ شیتاڵ
دەکا
سەرما
خەونەکانم ڕەق هەڵدێنێ
پرچم ئەوەڕێ
ئەوەی لەمنی
تەنیای
دەچنیەوە
تەنیا حەزێکی وردو خاشە

(٩)

درۆیەکی چەند گەورەیە
کەپێم دەڵێی؛ بۆ ئەبەد خۆشم ئەوێی
ڕاستی یەکی چەند جوانە
کەپێیت دەڵێم؛
لەوەتەی هەم
خۆشم ویستووی..

# خەونی پەیڤێك لەمدیوی خۆرەوە

کەریم پەرەنگ

بەدیار خەونێکی باڵشکاوی ئەندێشەوە
دۆش دادەمایت و
مێرووی کاڵووەوەی یادەوەری زامت
دەهۆنییەوە
بارانی لێڵی وەرزەکانت لەچەمی عەشق
هەڵدەکێشا.
فرمێسکی ساڵت بۆ شەقام دەڕشت
پرسەی سپێدەت بۆ کوژانەوەی
بەفر دەگێڕا
کۆرپەی زامت خوێنی دەپژاو
ساوای پەیڤت سرك و شەمن
گۆنای زمانی سوور هەڵدەگەڕا..

منیش لەمدیوی خۆرەوە
کەناری گۆڕستان بۆتە وڵاتم
دەستم بۆ تارمایی دەبەم
شەوی دەیجوور دەکەمە ڕێگام
باڵندەی لەسەرابدا شەڵاڵ بوو دەلاوێنم
دەستی غەریبم بەکڵاوی
گومانە یەقینییەکانمەوە دەگرم
تاوەکو بای زەمەن نەیان با..

ئەسپی ڕووتی منداڵیم
بەدرەختی دوورییەوە دەبەستمەوە
تا بەچەمووشیی خۆی
بەرزاییەکانی تەمەن تەی نەکا..
لاوێتیم کچێکی هەڵقرچاوی گەڕۆکە
مەمکی دەداتە دەستی سۆزی شیعرەوەو
بەبای وشە بسکەکانی دادەهێنێ..

گەر تۆ نەبوایەی
هەرگیز فرمێسکم نەدەڕژانە سەر
ئەم پەڕەی عومرە
گەر تۆ نەبوایەی
هەرگیز هەناسەم تێکەڵ هەناسەی مەنفا نەدەکرد
گەر تۆ نەبوایەی
هەرگیز وەرینی گەڵای خوادڵییم نەدەکرد،عەشق
سووتانم تێکەڵ نوێژ نەدەکردو
نەمدەهێشت باران لەجەستەی نامۆی مەحشەرییم بدا.

# سەرم پڕیەتی لەسێبەر

صلاح محمد


ماچێ بۆ تۆ
بەختی وەریوی ئێوارێ
سوپاس ئەی ترێکانی ناو دۆزەخ
ئەی ئەوانەی دەنك دەنك
دەوەرنە ناو پیاڵەکانی خەیاڵو
هەناسە وەنەوشەییەکانی بەدمەستیم
سوپاس ئەی سێبەری لاو لاوی عومرێ
کە ناتوانێ
باڵای گۆرانیەکم داپۆشێو
سەفەری عیشق ژێر کاتەوە
ئەو سەفەرەی قۆڵو جانتاو
جانتاو قۆڵین
ئەوەتانێ
لەچاوە رەشەکانی غوربەتەوە
بۆنی کەزیەی عومرێکی تێکشکاو
دەمدا بەدەم گوناهێکی ئاڵەوە
دەمدا بەدەم سەرابێکی لاڵەوە
لێرە مناڵیم دابەشکرد

بەسەر کۆڵانەکانی نەگبەتی
پێکەنینی کوژراوەمەوە
من کەسێ ماچی نەکردم
هەتا فێری بۆنی لێوو هەناسە بم
من لەگەڵ ئێوارانذا وەریم
من لەگەڵ (با)ی ساردی رۆحما
بەیەکەوە
لەپەنایەکی خامۆشدا
سەیری تەنهایی خۆمم کرد
وام هەست ئەکرد
لەگەڵ نزای خۆشەویستەکەمدا
ببین بەباخ
ببین بەشەونمی جریوە
ئاوەختی باخەکان بوو بۆیە
لەچرکەیەکدا بۆ یەکدی گەڕاینەوە
بۆ ناو باخی ساتە وەریوە خەمبارەکان
بابردینیو
گوڵیشمان لێئەکرایەوە



چ وەیشومەیەکی سەیر بوو
من بۆ پەنجەکانم ئەگەڕام
تۆش سەبەتەیە گوڵی رەشی بەیانی بووی
پەنجەکانمت ئەگرت و
سەرم پڕ پڕ بوو بوو لەتۆ
ئەی گۆرانیە بێ پەڕو باڵە تەنیاکەم
بەڵەرەی دەنگت ئەمنوسی
دنیا لەعیشق تەواو بوو بوو تۆ نەبێ
هەناسە شێدارەکانی دوای سەفەر تەواو بوو بوو
گڕی دۆزەخە ئاڵەکەی تۆ نەبێ
سەری دەفڕاندمە ئەو دیوی
حەسارەکانی ئەستێرە
لەگەڵ خەو بینینا روت و قوت
دور لەزیخی ناهەمواری
بەپێی پەتی
سەمای خۆشنودیمان دەکرد
ئێستا چۆڵم
وەك لەتی دووەمی ئەو ئێوارەیەی
بەشەکەی تری وون بووە
بەشەکەی تری (با) بردی
یان کەوتە لیتاوی گومانی
بەعەدەم بوونی ماناکان
من بە سۆزێکا هەڵگەڕام
نەمدەزانی دەستەکانم کون کون دەکاو
رەشەبا دەخاتە سنگمەوە
چەرچەفی سەر دارەمەیتی
رۆژە بێ مەزارەکانم هەڵ ئەداتەوە
ئاخ

خۆزگە لەو دۆزەخەی تۆ مردبام
دەفتەری بەیانیم نەدیبا
لەژێر تەرزەی چاوەڕوانیتا جابام
نەك لەبەر ئەم خۆرە نەخۆشە رابمام
هەست بەسەرمایەکی سەیر ئەکەم
گیانیشم پڕە لەئاگر
هەست بەمەرگێکی خۆش ئەکەم
چاوانیشم پڕن لەتۆ
لەسێبەری کۆڵانە تاریکەکانی درۆ هەڵئەتوتێم
کەی ئەم خەمەم لێ دائەگرێ
گەلێ ماندوم
لەژێر ساباتی نەشئەیەکی ماتەوە
چاوەڕێی جادوگەرێکی گەڕۆکم
دڵێکم بۆ بگرێتەوە
های لەو ساتە دەم و چاو بەستراوەی
گرێکانی ئەکرێتەوەو
دەنگی کەنیسەکەی گاوران
میوەی بەختە شێتەکە خەبەر ئەکاتەوە
ئەو ترێیەی خەونی منالییمی لەگۆڕنا
پەپوولەکانی راڕایی و ترس و شەرمی
گواستەوە ئەو دیو دڕکەزی
سنووری ون بوونی ئەبەدی
ئێستا شەوان
لەگەڵ ون بوەکەی هاوڕێما
لەسەر مێزێ
پێکی یەکتر فڕ ئەکەین و
بوین بەفالچی
کە تەواو بووین



لەو ئێوارە ناوەختەوە
توند توند نامەی پێکەنینەکەتم گرتووە
نەبا رەشەبا ببێ بەدز لێم بفرێنێ
من منالّیم جێهێشتووە
کەمتر ئەتوانم دوی کەوم
من هەرزەییم جێهێشتووە
کەمتر ئەتوانم بسرەوم
ماچیش بۆ تۆ
ئەی ئەو عومرەی
لەناو رەشەبادا ژمارەت زیادی کرد
لەسەر شۆستەکان پێت گرت و
لەباخە سوتاوەکانا گەمەت
بەتۆپەکانی چاوت کرد
پەسێوێکت شك نەبرد
پەنجەی نەرم و ترێی سپی هەناسەو
نامە رەنگاڵەییەکانی
تادوا زستان حەشار بدەی
زستانی سەختی چۆلەکەی
ناو لەپی منالّە بزێوەکانی سەرکارێز
زستانی سەختی خۆکوشتن
هاوینی وەرینی گوڵەباخەکەی باوکم و
سەفەری گوڵە رەشەکانی دایکم
ماچیش بۆ تۆ
ئەی زەنگی دزراوی دەرگاکەم

دێینەوەو تۆش دەڕۆیتەوە
منیش دەرگاکەتان ماچ ئەکەم
چونکە تۆ لەو دیوی ئەنوی
من هەموو (با)ی کۆڵانەکەتان هەڵئەمژم
تابگەڕێیتەوە سنگمەوە

6-2-99
24-3-99




# کۆستی پەلکەزێڕینە

کوردۆ کاروان

زەمزەمەی شیرینی سەراب
گەشانەوەی دەستخەتی بارانە
وەك کۆشکی ژانێکی کەسیرە
کەپرسیاری خوێنی یاقووتی؛
لێ ئەکەی
ئاسمان لەجودایی‌و
خاك لەمەیی شەپۆل ئەداتەوە
بەژنی کەف چڕێنی یادێکی پەمەیی
زڕەی بازنی دەستی نیشتمانە
وەکوو خێڵی ئاوێنەکانی مزگێنی
ئەگاتە چاوانی عەرشی ئەلف‌و بێی گوڵەکان
جوانتر لەژوانی کرێوەو وشە
سەوزتر لەنزاری ئەم بێشەی ڕۆژژمێرە؛
کاکوڵی نەخشەکەم
بەئێوارەی پێڵوەکانمەوە ئەبەستێ
ئەوینی خەمانی بەفر
قەشەنگ قەشەنگ لەئازاری
نەغمەی خوێنەوە سەرئەکا

من لەبرینی گوڵاوی شەفەق تێئەگەم
من لەسۆراخی سرپوونی هەورێکی دڵخوازدا
مەمکی ڕەوەزێکم دواند
لەسینەی ئاگری تەمێکا
ئەوەی لەبەهارستانی تەماشام جێما
شووشەی دەستەکانی خۆم بوون
تێکەڵ بەخۆش‌گوزەرانی (ئاڤێستا) یان
کردمەوە
ئەو لەشەختەبەندانی لەرینەوەی
ئاونگێکا
گوڵە ڕەشپۆشەکانی ڕێوبانی سەرم
ئاشت ئەکاتەوە
وای لەهەناسەی ساردی
بەخشندەیی ئەم درەختانە
ئاسمانێکی لەژان چنراو
کەچی لەزەنگی ئەستێرەکانی لەشما
هەر خەریکی دڵدانەوەی پەروانەیە
ئەی شەوە ئەسمەرەکە



بەرەو کوێ ئەمبەیت من ڕۆشناییم
ئەپشکوێم
بەسروودی ئاوەکان دامپۆشن
ئەشکی گوڵم ماچ کردو
ئاوێنەکان پڕبوون لەپاڕانەوەی ڕووناکیی
بۆ نەهات
بەڵێنە برژانگی ئەو پرسیارانە
بمگرنەوە
من ئەو پەنجانەبووم لەکەشتیەکەی
(نووح)دا خنکان
خەزێنەی خەڵاتی نەمبارانی پێڵووم
لەم ڕۆژوگرتنی نەفەسی بەردانەوە
نامانگاتێ
بۆ نەهات
پەرداخێ غەمی گوڵگوڵی دایگیرساندم
بەرەبەیانێکی سەفەری ژووان
لەناو غوربەتی مەستیی (شەهرەزاد)دا
باخی ماچ گەورەبوو
گەورەبوو لەوێدا هێشتا دۆزەخیان
تاڵ نەکردبوو

دەشتی لێوەکانم بەخەونی درەختێك
ئاشنای کردم
خاك لەشووشەبەندی چاوانیا
مردووەکان ناگرێ بەبۆنی وەرزەکانەوە
تەماشاکان! کەوتوونەتە گومانەوە
ئیتر لەگریانا خەڵاتی
ڕۆشنایی ناکرێ!
(باخووس) لەجەژنی بارانا
سەما بۆ شەرابی تازە زاو ناکا
دڵی ئاوەکان پڕکەن لەعەشق
تاریکی بەزەیی بەچراکانا
نایەتەوە! بەسەرچوو ڕۆحی وەرزەکانی
خۆشەویستی
ئەمەیە جۆلانەی سۆمای گڵ
نەگەواڵە هەورێك لەگەڵ خەیاڵیی
گەڵاکانا دۆستەو
نەزریانێك ئەبێتە ئاوێنە
غەمگینەکانی خۆرنشین
ئاودەنگی ئەستێرەیەو
ئاسمان لەخەویا ئەیبینێ

نەسرەوتنم فێرکە (باخوس)
دڵی هەورەکان پڕکەن لەعەشق
هەر لەوێ وەکو چرکە چرکی گینگڵ
بمبەرەوە بۆلای ئەلف‌و بێی
تینوێتی رەنگەکانی جریوە
ئاهی ئەم پەپوولانە
تێکەڵ بەفەریادی سەحەربوون
لەسەرابی‌ترین گوڵەکانی چاوەڕوانی‌دا
بەمەمکی پڕ لەشەوقەوە
ببە بەکتێبی رازو نیازی دارسێوێکی
وشەکان
وەرنە ژووریٚ گوێم لەترپەی پێتانە
ژوورەکەم بووە بەپیانۆیەك
میوانداری لەگوڵدانی
پێڵوەکانی ئاهی (مۆزارت) ئەکا
زامەکان سەرکەوتنە سەر ئەستێرە
وەنەوشەییەکان
لەناو ئاسۆکانی پرچی شەونما
وورشەی نهێنییەکان ئەڕوێنم
غەمەکانم بزەیەك گرتوویانە
لەڕۆچوونی گەردوون ئەچێ
جەستەی رۆژەکان وەرنەژووریٚ
ئەو مەیخانەیە چاوەکانی سووربووە
چەن جوان پەنجەی گوڵەکان
لەشەپۆلی مەستیدا ون بوون
من لەئۆپێرایەکی بەتەمەن ئەچم
ئەڵێی یاری کردنی ئاوێنەکانم
بێدەنگیم خۆش دەویٚ

ئەی ئەو باڵدارانەی لەکەناری
یەقینەوە کۆچ ئەکەن
لەبەختەوەری ئاگرێکا بمخوێننەوە
فرمێسکێکم لیٚ ون بووە
وەکو دەسەسڕی شەفەق
بێدەنگ
ئەمکات بەسازژەنێکی فریوی
شادی
من لەگۆڕەپانێك ئەچم
ئێواران
لەبۆنی تەنیاییەوە بنالێ
رۆژەکانم تنۆك تنۆك
ئەرژێنە بەیانیەکی بەجیٚماو
لەو گۆڕستانە بزێوە
ئەی گۆڕستانە چاوجوانەکە
من بێدەنگیم خۆش دەویٚ
پاڵتۆی ئەو فرمێسکانە
بدەرەوە بەسەر شانما
بەیانی پێڵوەکانم بدەرەوە
هەرچی خۆر هەیە لەئازاری گوڵەکانا
ئەبێتە روانین!
ئەو چاوانە بارانێکە
لەناو برینی ئەم پەلکەزێڕینەیەوە
شۆڕبۆتەوە
من ئەشکی گوڵم ماچ کردو ئاوێنەکان پڕبوون
لەپاڕانەوەی رووناکیی!!
١٩٩٩/٢/١٥

# گەر پەنجەکان حەریریش بن

ئەرخەوان

لەوبەری پردەکەوە تێپەڕە
بانیگا وەنەوشەییەکانت
شەپۆلە سپییەکانی روحم
مۆر نەکەن
هەناسە ئاوریشمیەکانت
وەك شنەیە مەبزێوە
ئەتوێمەوە ... ...
منی نێو ئەم بەستەڵەکە شینە
ئاشنای دوورگە ئیستیواییەکان نیم
ئەم هەوارگەیەش گەلێ وێرانە
بستە زەمینێکی پیرۆز نیە
عەشقێکی بزێوی تیا لەدایك بێ

بەئێوارە بلێ
پرچە ئەرخەوانیەکانی پەخش نەکا
نەبا تاڵەکانی پەپوولەی روحم
لەداو بخەن
لەوبەری پردەکەوە تێپەڕە
بانیگا وەنەوشەییەکانت
نێرگزەجاڕی تەمەنم
نەخافڵێنن
ئەم سنوورانە زۆر سەختن
پاسپۆرت نادەنە ئاگرو
رێی پەڕینەوەی
ماچە پەپولەییەکان نادەن

پەنجە ئاوریشمیەکانت

وەك گزنگ

مەئاڵێنە پەرچەمی گوڵە زەردەکان

ئەم باخچەیە

گەلێ غەمگینە

پێشوازی لەبەهار ناکات

لەگەڵ پاییز هاوژوانە

هێندە لەم کەنارەدا مەوەستە

نەبا تنۆکە ئاوەکان

ببنە مۆمی داگیرساو

ئەها! ماسیە بچکۆلەکان

بەنهێینەکانت پێ ئەکەنن!

بەئێوارە بڵێ

باپرچە نارنجییەکانی شانە نەکات‌و

لانە لە ئارامی روحم


نەشێوێنێ

لەوبەری پردەکەوە تێپەڕە

لەوبەری

پردەکەوە

١٩٩٨/١٠/١٩



# رامـــان

صلاح حەسەن پاڵەوان/ هۆڵەندە

مقۆمقۆکـە زیـاد لەپێویسـت رووەو زیـادبوون ئەچوو، دەرگاو پەنجەرەکان هەموو داخرابوون، هیچ شتێك بەدەرەوە نەبوو، شەقامێکی کش‌و مات، بەڵام ئەمە یەکەم جار نەبوو ئەم کپستانە ئاوەها بێ، ئـەم جارەیان دەنگێکی سسـت تـەنگی بـەکپێتی ئـەم تەرەفـە هـەڵچنی، دەنگەکـە مقۆمقۆیـەکی هـەڵپچڕاو بوو، هەموو دەرگاکـان داخرابوون، تـەنیا پەنجـەرەو دەرگاکـەی خرابـووە سـەر پشـت، بـەچوار دەوری خۆیدا ئاوڕی دایەوە تەنیا فەیمەی دایکی لەقوژبنێکدا هـەڵکورمابوو، تەسـبیحەکەی بـەردەوام ئـەژماردوو پـاش هـەر ژمـاردنێکی سـەدو یـەك دەزووەکـەی لەدەنکێکەوە بۆ دەنکێکی تر ئەگواستەوە، پشتە کۆمەکەشی بـەردەوام بەشتدا ئـەهێناو ئـەبرد، لێوە هەڵقرچاوەکەشی تێکـەڵی مقۆمقۆکـە ببـوو، خـەلیل تەماشای پەنجە قرتاوەکەی کردو هەستا دەرگاکـەی نایـە سـەر پشـتو بـەرەو دەرەوەو سـەرچاوەی مقۆمقۆکـە هـەنگاوی هـەڵگرت، خەلیل هێشـتا هـەر وەکو جاران چمکی کراسەکەی لـەنێو پانتۆڵەکەیـەوە تـەکان تـەکانی بـوو، چـەند هـەنگاوێکی بـەرەو شەقامەکە نامقۆ مقۆکە لەگوێ‌یدا دەنگی ئەدایـەوە دیسـان بـەرەو ژوورەوە دەرگاکـەی لەسـەر خـۆی کلۆمـدا، روانی‌یە دایکی‌و پێکـەنی، بێ ئـەوەی دەم بخاتـە سـەر پەنجـە قرتاوەکـەی دەسـتی کـرد بـەمژینێکی خـەیاڵی، مژینێکی خـەیاڵی، وای ئـەزانی پەنجە ئەمژێ، بەڵام پەنجە نەبوو، دەمێك بوو خەلیل خووی بەم دەردەوە گرتبوو، بەڵام ئەم خـووە پێش قرتاندنەکـە وەك مـار ئەخزایـە نێو دەمـی ئێسـتاش ئەخزێ، لەدەرگاکە نزیك بوەوە بەگومانـەوە سـەیری پەنجـەرەو دەرگاکـەی کـرد چـووە ئـامێزی دایکـی‌و سـەری خسـتە سـەر رانـی‌و هـەردوو چـاوی قوچان، هەر لەپڕ مقۆ مقۆکە لەدەرگاو پەنجەرەکەوە دزەیان ئەکردە گوێ‌و بیستنی، هەستاو دەستی بـرد پەنجەرەکـەی کردەوەو کـەمێ هێمـن بـوو، گـوێ‌ی لـەهیچ نـەبوو، گەڕایـەوە جێگاکـەی خـۆی، ئـەمجا دانیشتنەکەی کەمێ هێور بوونـەوەی پێوەدیـار بوو، بەڵام هەر لەچاوەکانیا هەست بەکردنەوەی دەرگایەك ئەکرا، خۆی پێ نەگیراو لەسەر کەرەوێتەکـە راکشـا، ئەمە جـاری یەکـەم نـەبوو راچڵـەکێ.. ئـەم وەك دوو چۆلەکە لەگەڵ دایکە هەڵکورماوەکـەی لەپەنجەرەکـە ورد ئەبوونـەوە، ورد بوونەوەکـەیان زۆر سـامناك‌و بـەگومان بـوو، نـەیزانی لـەچ سـوچێکەوە بـەدوای سەرچاوەی ئەو مقۆمقۆیەدا بگەڕێ، کـە ئـەمجارەیان دیدەی بڕی‌یە دەرگاکە هـەر لەچاوەکانیـەوە هەست بەکردنـەوەی دەرگایـەك کرا، ئـەملای کرد، ئـەولای کرد، هیچی بـەدی نـەکرد وردە وردە لەسووچەکەوە روانینـی دزەی کـرد، کەوتـەوە مژینـی پەنجـە قرتاوەکـەی، ژوورەکـەیان سـێ چـین بـەقوماش داپۆشـرابوو، قوماشـی رەش، چینـێ‌و، دووەم چـین قوماشـی سـپی، سـێ‌یەم چـین قوماشـی رەش لەبنمیچەکاندا سـەری کەڵەکێویـەك‌و ئاسك‌و گورگـێ هەڵواسرابوو، بنمیچەکـەش تەبـەقێك نـایلۆنی پیـا چەسپێنرابوو، پەڵەیەك زەردایـی نیشتبووە سـەری، لاقی ورچێ بەپێسـتەکەیەوە هەڵوسرابوو، لـەدیواری سەر پەنجەرەکە سێ پارچە پێستی گرون کـراو، هـی

چەقەڵو پڵنگو کەمتیار، سەر دەرگاکانیش چوار پەنجەو دوو دەستی قرتاو خرابووە سەر دەرگاکە، پەنجەی مەیموونو دوو دەستی مامزێکی سەربڕاو.. تەنیا کتێبێك لەنێو پەنجەرەکەدا لەگەڵ قورئانێکی لەقوماشی سەوز پێچراو هەڵواسرابوو، دەستی بردو کتێبەکەی هەڵگرت، لەولاشەوە دایکی دەنکە تەسبیحەکانی گەیاند بووە (٩٠) لەنێو دەزووەکە جیای دەکردنەوە، خەلیل سەرگەرمی هەڵدانەوەی لاپەڕەکان بوو، چەند لاپەڕەیەکی هەڵدایەوە وێنەی نێو کتێبەکان سەرنجی راکێشا یەك، دوو، سێ وێنە هەموویان لەیەك ئەچن.. لەولاشەوە دایکی (لاالـه الا اللـه.. لاالـه الا اللـه..) سێ وێنە هەموویان لەیەك ئەچوون، چاوەکان، دەست، لووت، مل،... نازانێ چۆن بیانژمێرێ، خۆ دەمێکە لەژوورەکەی خۆیدا ئەو وێنانەی شاردۆتەوە لەژوورەکەیدا هەرچی شتەکانە لەو وێنانە ئەچنو منجە منجێکی کرد: (هۆو بۆ کوێ ئەچم ئەم دیمەنە زیتەڵانە چاوم لێ زەق ئەکەنەوە...) مقۆمقۆکە دەستی پێ کردەوە، ئەمجا چەند زیڕەیەك دەرگاکەی کردەوە، لەدوایدا دەرگای بەدوای خۆیدا داخست، هەستاو بێ ئەوەی لەدایکی وردبێتەوە، دەرگای ماڵەکەی بەرەو کۆڵانەکە کردەوە.. مقۆمقۆکە هەر لەزیاد بووندا بوو، هیچی بەدی نەکرد، دەمێکە کۆڵانە چۆڵ بووە، گونبەزەکان لەسەری مار ئەچن گونبەزەکان دەمێکە بێناز کەوتوون، پەنجەرەکەی رووەو دەرگاکە ئەکرێتەوە، ئەمە جاری یەکەم بوو چاو ببڕێتە بنمیچی گونبەزەکان، خۆی پێ نەگیراو، چووە کۆڵانەکە خەلیل هەر زوو لەمژینی پەنجە قرتاوەکەی بووەوە، چاوەکانی لەپشتی پێڵوەکان هەڵئەهاتن، کۆڵانەکە بەدەرگاو پەنجەرەوە پێڵویان لێك نابوو چاوی خەلیل وەك دەرگاو پەنجەرەکەیان بێدار بوو، لەژێر کاریتەکانەوە، فرتەی پەڕەسێلکەو پاساری ئەو پەنجەرانەی بێدار ئەکردەوە کە دەمێك بوو لەخەونی چەند مانگەدا تۆز سەرو مللی داپۆشیبوون، خەلیل گوێی بۆ مقۆمقۆکان هەڵخست، کەس بەچاو نایانبینێ، بەڵام لەنێو حەوزی بەرماڵەکاندا دەنگیان بڵاو ئەبوەوە، مستەکان هەروەك خۆیان بەڕووی دیوارە نیمچە نغرۆکانەوە مابوو، پەنجەی سەر گەچە وشکبووەکان وەك شمشێری نووستووی ناو گیان بەسەر لمۆزی دەرگاکانەوە سەردەمانێك خەونی خۆشیان ئەبینیو لەم گوزەرە ئەتلانەوە. بەهرە خرەکان چاویان زەق زەق بڕیبووە سەر ماڵانو نێو ژوورە تاریکەکان، دایکی خەلیل هەروا، بەردەوام بەگوێی تەسبیحەکەیدا پشووی نەئەدا ئەمجارەیان لە (٩٢) دەزووەکە گیرسایەوە، ئاسمانیش چیل وەك تارمایی چاو رووناکیەکانی لێڵ کردبوو، سەراپای دیمەنەکان بیرەوەرییەکان لای خەلیل وەك کرم بەنێو لەشیا خومرتکی تێ دەخست ئەو دەنگە وەك شەپۆلێ یاخی لەدامەنی دەریایەکی سەرشێت ئەیکێشا بەتاوێری سەر رۆخی دڵیا، هەر ئەبوایە بگەیشتایە ئەو رەشکەیەی لەدیدەو بینایەوە هەڵفڕیبوون بۆ ئاستانەی ئەودەرو بەزمە. دڵی وەك لمی نێو روبار بەنێو سنگیدا ترپ، ترپ رووەو دەنگەکە ئەچوو، روبارێك ئاوی زولال لەقامکی خۆی تەڕ ئەکا، خەلیل وەك رووناکی دڕی بەمت بوونی ئەوگەڕەکەدا، چاوی خستە سەر لەپی دەستی بەنێو تاریکیەکەدا لەپی کوتا، بەر لەوەی رووەو دەرگاو پەنجەرەکان بڕوا لەدەنگەکان ورد بووەوە نەی ئەبینی، مقۆ مقۆیەك بوو بەس لەپاڵ حەوشە رووخاوەکاندا هەندێ وردە زیخ کەوتبوونە نێو دامەنی ئەو بیرانەی دەمێك بوو کوێر ببونەوە، خەلیل گوێی بەبیرەکەوەنا، وەك دەموچاوی پەڕەسێلکە دوو تارمایی ئەبریسکانەوە، تارماییەکان چەند جۆگەلە ئاوێکی رژاو بەنێو بیرەکەدا رێچکەیان بەستبوو، خۆی پێ نەگیرا، هەستا بەرەو کۆڵانەکەی ئەولای کۆڵانە داڕوخاوەکەی خۆیان رۆیشت لەوێ دەنگی رووخانو وێران بوون نەدەهات، پەڵە هەورەکان هەر لەسەر گەڕەکەکەی ئەمان ئەیانگرمان هیچی بەدی نەکرد، بەڵام لەدەرگاکانەوە چەند سەرێکی بینی، تەنیا سەر بوونو بەس، لەشیان ون بوو، یان لەوە ئەچوو بێ لەش بوون، سەرەکان مقۆمقۆیان بوو، لەپاڵ پەنجەرەکانەوە هیچ نەدەبینرا، پەنجەرەکان هەموویان روو لەدەر بوون، تەنیا پەنجەرەی ئەم گەڕەکە لەپەنجەرەی گەڕەکەکانی تر نەدەچوو، لەولاشەوە چەند سەرێك هاتبوونە دەرەوە مقۆمقۆیان بوو: خەلیل بێ سڵەمینەوە ئاوڕی لێ دانەوە:

– ئەمە ئێوەن مقۆمقۆتانە؟! بۆ نایەنە دەرێ، لەوە ئەچێ دەمێك بێ لەم گەڕەکەبن!!

هەر زوو هەڵهاتنو ون بوون،.. کە ئاوڕێکی تری لێدان کەسیانی نەناسیەوە، بەڵام لەشی نەبینی، سەری بێ لەش، (ئەمانە سەری بێ لەشن یامن نەمدیتن!!).

خەلیل دەمێك بوو نەنووستبوو، مانگێکە، دوو مانگ، زیاتریشە، بەدیار ئەم ماڵە کڵۆم دراوەنانەوە ئێشکی گرتووە، دەرگاکان هەموو نووستوون هیچ شتێ بێدار نیە لەوە ئەچێ، چەند ساڵێکە ئەم گەڕەکە نووستبێتن، ئاوڕی لەسەر دیوارەکان دایەوە، هیچ لەشێك، پێستێکی نەبینی، بەڵام چەند دەستێ لەسەر بانەکان‌و گوێسەبان‌و هەورەبانەکانەوە دەرکەوتن هیچ شتێك لەشتێك ناچێ، خەلیل ئەم جارەیان وەك تازە لەخەو راپەڕیبێ چاوی بەم دیمەنە کەوت، دیمەنی دەست‌و قاچەکان،:

— ئەو دەستانە ئەناسمەوە؟ ئەوە دەستی عابدین‌و ئەویش دەستی دەروێشە، دەروێشی باوکم..

تۆزێ سڵێ کردەوە لەبەر خۆیەوە (تۆ بڵێی خەو ببینم؟ باوکم، دەروێش!! خۆ دەمێکە مردووە!! ئەو شەوەی مرد، گاڵتەی بەمردن کرد، مردن تووڕە بوو ژوورەکەی جێهێشت، دیسان گەڕایەوە لای‌و دەستی تۆقەی درێژ کرد بۆی، ئەویش ئەمجارە بەپێکەنینەوە دەستی گەڕانەوەو چاوی لێ زەق کردەوە.. بەڵام شەوێ کەنووست ئیتر هەڵنەستایەوە ئەو شەوە زەفەری لێ هەستان..).

دەستەکان ئەوانیش هەر زوو ون بوون، نازانێ ناوی چی‌یە، خۆشی نازانێ خۆی چی‌یە. (ئەی ئەمانە هەموو لەگەڵم نەبوون، تۆ بڵێی لەمن نەچن ئەمە دوورگەیەکی تر بێ، خۆ من ناوم هەیە.. ئەی ئەمانە کێن).. خەلیل تەنها دەستەکەی دەروێشی ناسیەوە، ئەوەیان عابدین نەبوو، عابدین لەجەنگدایە، دەمێکە ئەم گەڕەکەی بەجێهێشتووە، ئەو یەکەم جار بەدەستی خۆی پارچەکانی لەشی دابەش کرد، قاچەکانی لەوێ لەجەنگن، سەرو سنگی لەوێ لەدورگەکەی نزیکی خۆیانن، گیانی هەموو لەنێو ئاگری ئەو تەنوورانەیە کە خەونی پێوە ئەدی، دەستی، دەستەکانی نازانم لەکوێن، تۆ بڵێی دەستەکانی لەم گەڕەکە نەڕۆیشتبێتن؟!) کەمێ راما، دوو سێ هەنگاوی هەڵگرت‌و لەدەرگاکەی خۆیان دوور کەوتەوە، (من ناوم هەیە...، خەلیل، خەلیل، خەلیل، من خەلیلم، ئەی بۆ من ناوی خۆم بیر ناچێتەوە، ئەوە دەستم ئەوە سەر، ئەوە چاوەکانم ئەوەش قاچەکانم ئەڕۆن) بەخۆی پێکەنی.. هەتا هەنگاوی ئەنا مقۆمقۆکە بەرفراوانتر ئەبوو، هەتا لەدەرگاکان نزیکتر ئەبوەوە، سەرو دەست‌و قاچەکان زیاتر بەدەر ئەکەوتن.. روانینەکان تائەهاتن چڕتر ئەبوون، گیانی لەبەردەم وشکەڵاتووی گیا ئاڵوونیەکان وەك ماچ بەنێو چرپەی ئێوارانـدا ئەهاتن‌و ئەچوون، خەلیل لەنێو رۆژمێری چاوەکانیا ئەو پەڕانەی هەڵ ئەدایەوە کە هەردەم وەکو ئەم بەری ئەو دیمەنە زیندووانەی لێ ئەگرت کە ناونیشانی هەموویانی لەروحیا هەڵگرتبوو، وەکو ماسیەك تازە لەبەر رۆخی دەریادا هەڵهاتبێ‌و خۆی گەیاندبێتە نێو گوێ لمی تازە تەڕبوو، هەڵپەی هەناسەدانی بێ، خۆی لەرۆخەکە نزیك ئەکردەوە، رۆحی خەلیل رۆحی ماندوویەتیەتی ئەبەدی بوو نەیدەزانی لەچ کەنارێکا ئەگیرسێتەوە، ئەو بۆ سەرچاوەی مقۆمقۆکە ئەگەڕا، سەرو دەست‌و قاچەکان لەپڕ زیادیان ئەکرد، لەپڕ ون ئەبوون، خۆی پێ نەئەگیرا، (سەیرە، ئەم دیمەنە لەبەر دیدەمدا سەیرو عاجباتی نییە، هەر دوێنێ لەنێو گۆڤارەکەدا ئەم دیمەنانەم بینی، سەیرە لەوێش لەنێو گۆڤارو پەڕتووك‌و دیمەنەکاندا هەر دەست‌و قاچ‌و سەر هەبن، تۆ بڵێی من تەیرێکی سەیر بم یا لەدورگەو فەزایەکی ترەوە هاتبێتم! تۆ بڵێی ئێرە وڵاتی دەست‌و قاچ‌و کەللەسەر بێ‌و لەش‌و ورگی تیا قەدەغە بێ؟!).

هەرهات‌و چوو، هیچی بەدی نەکرد، مقۆمقۆکە جۆرێك بوو لەتێکەڵاو بوونی دەنگی ئامادەو نائامادە، دەنگی لەپڕو کت‌و پڕ، مقۆ مقۆکە سامێك بوو، زیادی ئەکردو بێ دەنگ ئەبوو، لەهەرەسهێنانی تەپۆلکە شاخێکی بەفر ئەچوو، لەرشانەوەی پاش مەستی، دڵنیایی لەو نێوەندەدا بڕیبوو، وەك خۆڵەمێش متی ئەبەخشی‌یە دەورووبەرەکە..

خەلیل لەپەنجەرەی بەرامبەرەوە سەرێکی بینی، ئاوڕی لەم ئەدایەوە، سەرەکە نووستبوو، لێی نزیك بوەوە دەستی بۆ درێژ کرد وەك نەوازشێ ویستی لێی نزیك ببێتەوە، بەڵام هەر زوو بێدار بووەوە رووی تێ کرد:

— ها چیت ئەوێ؟

— تۆ کێی؟

— من؟

— .....

— من سەرم! بەڵێ سەرم! هەر بەتەنیا سەرم بێ دەست، بێ قاچ، بێ پشت‌و سنگ، من سەرێکم هەر بۆ خۆم.

— ئەی تۆ کێی ناوت، ناونیشان.

— من بەتەنیا سەرم، ناوم نی‌یە، لێرە ناونیە..

هەر زوو چاوەکانی قووچان‌و لەبەر پەنجەرەکە شۆڕبوەوە، ئەم دیمەنانە وردە وردە بەرەو لای خۆی

پەلکێشیان ئەکردو نەیاندەهێشت ناناشنابێ لەگەڵ ئەو دیمەنە وردو درشتانەی دەورو بەری، رامان نەبووە سامۆتکەو بیشکێنێ، بەڵام هەر کاتێك لەدیمەنەکان ورد ئەبووەوە، رامان ئەیشکاندو وەك تەڵزمێ بەگیانیەوە ئەنووسا..

خەلیل چاوی گێڕا، بەڵام ئەوەندەی سام لەگیاندا بوو، نەی ئەزانی چۆن لەدەستیان قورتار بێ، ئەو تازە لەخەونە چەند مانگیەکەی بێدار ببوەوە وەك پۆلە باڵدار دڵی لەخورپەی هەڵ فرینی ئەدا، لەنێو ئەو دەستو قاچانە، دەستو قاچی بەیان، ون بوو، خۆ کاتێ کە ئەم ئەو گوزەرەی لەپاش هەنگاوەکانی خۆی بەجێهێشت بەبەرچاویەوە بەیان، دەستی خستبووە سەر سکە ئاوسەکەی، خۆی پێ نەگیراو توونـد توونـد نووساندی بەخۆیەوە، هەر ساماڵی چاوەکانی بەدی نەکرد، بەڵکو وەکو گوڵێك پەنجەو دەستی، سنگو سکی قاچەکانی رانی، سەریشی بۆن کرد، وەك بارانی بەهار ماچ بارانی روخسارە خۆڵینەکەی کرد، بۆنی کرد، وەك بارانی بەهار ماچ بارانی روخسارە خۆڵینەکەی کرد، وەك بارانی بەهار ماچ بارانی روخسارە خۆڵینەکەی کرد، ئینجا بەیان پێی گوت: "ماڵئاوا، زوو بگەڕێنەوە پێش بەفرانبار، نەکەی لەبەیانیانی شەختە بەستوودا سەفەرکەی، زوو وەرەوە تائەم منداڵەش، ئەم منداڵەی لەپشتی تۆوە هاتۆتە نێو هەموو ئازای منەوە بتناسێتەوە، نەکەی لەتۆفانی زستانا بگەڕێیتەوە..."

خەلیل لەبەر دیدەو لەگوێیدا ئەم وشانە وەك باران هەم خورپەیان ئەهاتو نەش ئەبڕانەوە، لەگیرفانیدا دوعاکەی دایکی بینی لەپەڕۆیەکی سەوز پێچرابوو، نەی زانی چەند تەمەنە ئەم دوعایە لەگیرفانێتی، دەستی برد بەسنجاقەکەی سەر سنگی دوعاکەی بەسینگەوە نووسان، رامانەکەش لەچوار دەور دایبڕیبوو، وەك چرایەك لەپشتی پەنجەرەیەکەوە هەڵکرابێ چاوی نەدەتروکان، دیسان لەنێو مقۆ مقۆی نێو گەڕەکە تەنیاو نووستووەکە چاوی گێڕا، بەڵام وەك گۆمێکی مەنگ بەئاسانی بنەکەی نەدەبینرا،ئەم گەڕەکە ئازارێکی گەورەی هەبوو، نەیدەتوانی چاو بکاتەوە، ئەو چاوەی لێکی نابوو، چراخانێکی گەورەی کوژاندبۆوە، ئەمە یەکەمین جاری نەبوو تووشی ئەم پەتا کوشندەیە بێ سەردەمێکی دورو درێژە بەم ئازارەوە ئەناڵێنێ، هەرچی لەشی یەك پارچە بوو هەیە، لەیەکتری ونن، خەلیل ئەمجارەیان وەك بڕیاردانێکی جەرگ بڕ، دەستی برد دەرگایەکی ئاوەلا کردەوە، لەپاڵیا قاچێ دەرکەوت، گوێی لەدەنگی قاچەکە بوو، قاچەکە دەنگی ترپەی ئەهات، ئاوڕێکی تووڕەی لەدەنگەکە دایەوە، ترپەی قاچەکان، ئەوانە بوون، کە لەنزیکەوە پیاسەی لەگەڵ کردبوون وەك هەرەسی دوور لەنێو گوێیدا دەنگێك زرنگایەوە،

– ئەمە دەنگی چییە (لەبەر خۆیەوە بەوڕێنەوە).

– دەنگی قاچە، [illegible].

خەلیل زوو لەدەرگاکە دورکەوتەوە، وەك سڵێك لەخۆی بکاتەوە بەچاوی گومانەوە روانیە هەڵ لەرزینی قاچەکان، ئەو قاچانەی ئەیناسینەوە.

(ئەمە، قاچی ئەو ئەفسەرە بوو لەجەنگە درێژخایەنەکە گەڕایەوە، بەڵێ بەتاقی تەنیا بەبێ دەستو سەرو گیان گەڕایەوە، ئەمەشیان ئەوەی کالاکەی لەپێدایە، ئەوەیان..) کەمێ تێ فکرێو (مەهدی، نەك ئەو مەهدیەی چاوەڕوانی دەکەن، بەڵکو ئەوەی ئەیانویست نەگەڕێتەوە، کە گوندەکەی نەفرەتیان لێ کرد، تەنیا قاچی بەساغی مایەوە، قاچی لەگەڵ خۆیدا نەڕۆیشت، ئەوەشی پێڵاوی لەپێ نیە، قاچی ئەوشوانە بوو کە گورگەکان پاش ئەوەی لێی تێر بوون بەجێیان هێشت).

سەری لەم رموزنە دەرنەدەهات، ماڵەکانیشی جێگۆڕکییان کردبوو، گشت دیوارەکان یەك رەنگ بوون، هەموو دەستو قاچو سەرەکان سڵیان لەهاتنە دەرەوە ئەکرد، وەك بڵێی نەیانەوێ بەر دیدەو چاوی تەماشاچیان بکەون، بەڵام کێ تەماشای ئەوان ئەکا، ئەوان لەمقۆ مقۆیەکیشاراوەو خەلیلێکی تەنیا لەم گوزەرەدا کەسیان نەبینی، خەلیلیش لەناو گێژی دەستو قاچەکان ئەهاتو ئەچوو چاوی لێ بوو، ئەم وەك تەیرێکی تازە تەرە بوو هەر خۆی ئەبینی:

– تۆ بڵێی جێ پێ پەنهان بێ، کەس لەم گوزەرەدا ناوی خۆی نازانێ، دەرگا، قاچەو پەنجەرەکان سەرو سەربانەکانیش دەستن، خەلیل تەماشای سەرەوەی ماڵەکەی پشتەوەی کرد، دەستێك ئاماژە دەکاو بەدەستەکانی شتێك ئەڵێ، ئاوڕی لێ دایەوە دەستەکانی ناسیەوە، (ئێی مام هۆمەر، ئەوە دەستەکانتە، خۆ تۆ قامکەکانت پڕ بوون لە ئەنگوستیلەی زێڕو زیو، هەموو جارێ دەتگوت، ئەمەیان دیارییە حەزرەتی غەوز بەدیاری بەخشیویەتە باپیرەم، ئەوی دیکەشیان یەکێك لە دەروێشەکانی هندستان هاتووەتە لای ئەمو

لەخەلوەتگای ئەماندا ماوەتەوە پاش ئەوەی رۆیشتووە عەساکەو ئەو کلکەوانە نقیم شینەی لەناخی بوخچەیەکدا ناوەو خستوویەتیە بەر دەرگاکەی باوکی‌و ئیتر ونبووە، باوکیشی لە سەرە مەرگدا پێی وتووە: هۆمەر، ئەمە خوا بەدیاری بۆ ئێمەی ناردووە سەرچاوەی سەلامەتی‌و رزقی ئەم ماڵەیە بیپارێزە...)

خەلیل دەستەکانی هۆمەری بەکراوەیی بینی، ئەو دەستانەی دیکە کە ئەیبینی هەموویان داخرابوون تەنیا دەستی هۆمەر کرابۆوە.. خەلیل لەنێو هەموو ئەو دەستانەی بەرچاوی کەوتبوون دەستی هۆمەر تووشی رامانی کرد لەبەر خۆیەوە (تۆ بڵێی ئەو نقیمانە سەرنجی منیان نەدزیبێ). هێور هێور بەسەر شەقامەکەدا کشا، یەك، دوو، سێ، سەد، هەزار جار دیمەنەکان دووبارە بوونەوە دەست دەرئەکەوت‌و ون ئەبوو، سەر دەرئەکەوت‌و ون ئەبوو، قاچەکان لەپاڵ دەرگاکانەوە خۆیان دەرئەخست‌و وون ئەبوون، ئەو قاچانەی لەژێر زنجیری دەبابە سووتاوەکان مابوونەوە لێرە وەك پلێتێکی رەش زیندوو بوون، ئەو قاچانەی هەڵهاتبوون لەهەموو قاچێ جوانتر بوون، لەهەموو گەڕەکەکەدا قاچی شاعیرەکە سەرنجی راکێشا، لەپاڵ کتێبەکانیا راکشاو بەپەتی‌و بێ ئەوەی پەنجەکانی تەرەکی بێن، وەك پەنجەی منداڵی تازەزا، لەپاڵ یەکدا مابوونەوە، بەڵام رووت نەبوون.. ئەم دیمەنانە هەموو بێ لەش بوون، نەسنگ، نەپشت، نەسك، تەنیا ئەوەی ون بوو کۆئەندامەکان نەبوو، تەنیا لەقاچەکانی ئەم گەڕەکە دوو قاچی چاوپێکەوت گون‌و کێرو کەفەڵی پێوەمابوو..

خەلیل وەك تەنیا جەستەیەکی ئامادە بەنێو کۆڵان‌و گەڕەك‌و ماڵەکان راکشا سەر دیوارو دەرگاو ژوورەکان هەموو پاك وەك شووشە، ئەوەی بەدی نەدەکراو لەچاوی ئەمدا نەدەبینرا هیچ ناوێك نەبوو، وشەیەکی نەبینی ژمارەیەکی نەخوێندەوە، ناو ون بوو، تەنیا ناوی خۆی‌و گەڕەکەکەی ئەزانی، لەنێو گەڕەکی دەست‌و سەرو قاچەکان ئەهات‌و ئەچوو، لەنێو بەرمیللەکاندا، تەنیا ریخۆڵەو پەنجەی قرتاوی ئەبینی، پەنجەکانی بەسەر رانیا وەك چۆلەکە هەڵ ئەنیشتن‌و هەڵ ئەسانەوە، پەنجە قرتاوەکانی خۆی ئەکرۆژی، بێ ئەوەی چرپەی لێوە بێ، لێوەکانی گۆرانییان ئەچڕی، خۆی پێ نەگیرا رووی کردە نێو بازاڕەکەو روانی هەموو شتەکان کپ وەستاون، نەی ئەزانی ئەم بێدەنگی‌و بوونی ئەم مقۆمقۆیە چی‌یە لەم نێوەندەدا، ئایا خەونە یابێداری‌یە، لەنێو ئەم کپییەدا دەنگی مقۆمقۆکە تائەهات زیادی ئەکرد، کەسی بەدی نەکرد لەخۆی بچێ، هەموو جێگاکان بێ ناو بوون، شەقامەکە بێ نیشانەو بێ ترافك‌و بێ شۆستە بوون، دوکانەکان چۆڵ‌و بێ ناو پارچەی ناونووسین‌و ناونیشانە سپی سپی ئەیانڕوانی، دەنگ هەر مقۆ مقۆکە بوو تەنیا سەر ئەبینرا، دەست ئەبینرا، قاچ ئەبینرا، شتەکان تەنیا لەچاوی خەلیل دا دوو حاڵەت بوون، مقۆ مقۆو پارچە پارچە بوون، بەبێ دەنگی هەنگاوی دەناو تائەهات لەبنمیچ‌و سەربان‌و پەنجەرەکانەوە دیمەنی سەیری ئەبینی جار جارێ سام دای ئەگرت هەستی بەگریانێکی بەردەوام ئەکرد، ترس دایگرت لەپڕ چەند سەرێك بۆ بەردەمی خلۆربوونەوە، راچڵەکی، کشایە نێو دەرگایەکەوە، یەکەم جار بوو ئەم دیمەنە ببینێ، لەولاوە دیمەنەکان بەرەو کۆتایی ئەچوون، ئەمیش بێ ئەوەی رامێ وردە وردە بەرەو لای مقۆ مقۆکە نزیك بووەو خۆی گەیاندە نێو دەنگەکە، ئیتر ئەوە دەنگەکە بوو، خەلیل لەنێو دەنگەکان، لەشی بینی، هەموو لەشەکان لەکەرنەڤاڵێکی ئابلۆقەدراودا دانیشتبوون، بانگی (خەلیل) یان کرد، خەلیل بەبێ سڵەمینەوە خۆی بەنێویاندا کرد، هەر لەپڕ بەیان دەنگی هەڵبڕی:

– خەلیل.. خەلیل

هێوری بەسەر مقۆمقۆکەدا هات‌و وردە وردە دەستەکانی خەلیل هەڵفڕین بۆ سەر سەربانەکەی خۆیان، دەنگی بەیانیش هەر دەزرنگایەوە:

– خەلیل، خەلیل

قاچەکانی کەوتنە نێو دەرگاکەی ماڵی بەیانەوە، ئەمجارە بەژانی منداڵبوونەوە دەنگی کچێکی بچکۆلانە بانگی کرد

– ئەمە سەری خەلیلە..

سەرەکە هەر زووهەڵات‌و لەپشت پەنجەرەکەی ماڵی مام هۆمەرەوە خۆی حەشاردا.. جەستەکەشی لەنێو مقۆمقۆکەدا ون بوو، هەر زوو مقۆ مقۆکە کوژایەوە.

١٩٩٥/١٢/١

# رابوون لەدۆزەخ

یاسین عومەر

یەك چركە دووربوویت لەگێژاوی دووری قولایی دەریای نێو ئاوێنەكە، شەپۆلەكانی تانزیكی چاوت ئەهاتن، بەجۆرێك چاوەكانی پێتەوە دوورابوون بەئاستەم نەیدەتروكاند، لافاوی دەریای ئاوێنەكە خەریك بوو چاوە ترساوەكانتی نوغرۆ ئەكرد، تێك شكاندنێك لەناو شەپۆلەكاندا رووی‌دا، بەئاستەم خۆت بۆگیرا، دەزوولەی خوێن سەر مستی گرتی بێ رتووش خۆپیشاندانیان ئەكرد، هێند توند ئاماژەت بۆ شكاندن كرد، تاپارچەكان چەقینە گۆشتی چەندەهاجار بەمقاش راكێشراوت.. سەرنجە تیژەكانی لێت دوور نەئەكەوتنەوە، سیما پڕ مەترسیەكەی بووەتە مۆتەكەو بەرۆكت بەرنادات، هێندە لێت ورد بووەوە خەریك بوو لەنێو شەپۆلەكانی هەستتدا وون ببێت، زۆر سەرسام بوویت دەم داچەقان‌و ئەبلەق بوون چەندەی ئەوە هەڵدەكفا.. ئەمەكێ بێت بۆچ واتێت ئەڕوانێت؟.. تۆ بڵێیت لەوەوپێش یەكترتان ناسیبێت؟!.. ها.. باوەڕ ناكەیت.. خوودی تۆ زیاترە لە مرۆڤێك سەمای چێژەكان لەبەردەمیدا بەپێی ئارەزوو یاری دەكەن، تاك تاكە شتێكە كەنای خۆیت.. ئەویش لەوەئەچێت سالیانێك بێت جەستەی نەبووبێتە جێ ژووانی ماچی دڵۆپی ئەڵماسینی ئاوێك، مووە ماش‌و برنجیەكەی ردێنی گەواهی بێ دەربەستی ژیانێكن كە پڕە لەبێ هوودەیی‌و سەرگەردانی.. بەلاچاو تەماشای مەكە.. بابفەرموێت دانیشێت.. خۆ ئەو هەر ئاگای لێت نیە، چاوەكانی خەریكی راوكردنی گوڵە پایزەیەكن بۆ سەر لێوە وشەكەكانی، نەك بەدوای كەرتە دێوێكی درێوی وەك تۆدا وێڵ بێت.. بەدەنگێكی بەرزی ناقۆڵا فەرمووت لێ كرد.. راچەنی.. لەو خەونە پەمەییە ناسكە بەئاگا هات‌و پەپوولەی چاوە تۆراوەكانی لەسەر سیمای قێزەونی تۆ نیشتنەوە.. بەهەنگاوێكی خاوو خلیچكەوە سواری خەمەكانی بوو، خۆی گەیاندە بەردەم مێزەكەی تۆ.. باسكی ئالاندە كورسیە رەنگ سوورەكەی بەرامبەرت‌و بەهەردوو دەست لەئامێزی گرت.. وەك منداڵێكی تازە زمان گرتوو چەنەی نایە سەر باسكی كورسیەكە.. بەچاوێكی ئاگرینەوە تەماشای ئەكردیت.. تاوانێك لەنێوانتاندا بەهەردووكتان پێدەكەنێ، هەر هەمان تاوان هەردوكتانی گەیاندە ئەم حاڵەتە ناجۆرە.. تۆ یەك تەنها یەك بەهات كەمە. ئەوێك هیچ شتێكی نی‌یە تەنها ئەو بەهایە نەبێت.. ئۆقرەت لێ بڕا.. نەتئەزانی بەچ زمانێك ئاخاوتنی لەگەڵ بكەیت.. نەتئەزانی چۆن ئەمرۆ لەخۆتی دوور نەخەیتەوە.. بەمۆڕەیەك‌و تووڕبوونێكەوە تێت خوڕی:

– دەدانیشە.. مردووت مرێ خۆ ناتخۆم.. لەچی ئەترسی؟

نەیئەوێرا بڵێت لەتۆ.. قسەكان لەسەر لێوە سیسەكانی وشك بوون.. دەنگێك لەدواوە بەئاگای هانیت.. تارمایی لەچكە سپیەكەی دایكت كەوتە سەر ئاسمانی پێڵوەكانت "لەچی ئەترسم.. لەهەموو شتێك.. لەتۆ.. لەخۆم.. لەدنیا" ئەو رستە گەمژانەی دایكت نەبووایە تۆ مرۆیەكی تر بوویت، ئەو وەك

مۆتەکەی ترس هەمووکات سەردڵی ئەگرتیت، لێت نەئەگەڕا قسەکانی سەرزارت تەواو بکەیتو ئەیووت:

– ئەزیزم.. لێ گەڕێ.. باڵەوە زیاتر نوغرۆی ڕەشاو نەبینو هێندەی تر بەزەویدا نەچینە خوارێ. بەقوربانت بم ئێمە کەی کەڵکی ئەم دەردە سەریەمان پێوەیە!

هەرگیز لەوە ناگەیت.. چۆن ئەم ترسە بوو بەیاسای بەردەمتانو قورتمی هەمووتانی گرتووە.. چ وەیشومێکی گۆرانی ترس بۆ مەلۆتکەی بوێر ئەچرێت، کێن گوڵ بەدەمەکان کە درۆ بۆ ژیان ئەکەنو بەدرۆزنیو ترسنۆکی گەورەمان ئەکەن؟ کام مێژوویە ئەو نەگبەتیە بەرهەم دێنێت؟. تەماشایەکی مستەکۆڵەی کرد، خوێن قەتماغەی بەستووە، مرۆڤەکەی بەرامبەرت بووەتە هەزار پارچە.. لەنێو، زیندە خەونەکانو ئاماژە ناسۆریەکاندا ئاقارێك دیارە، گەمەی مەرگ لەگەڵ پەشیمانیدا دیارە، هەوا ژەنگاویەکە هێرش بۆ سیەکانت دێنێ.. نیگای ئەویش هێندەی تر چاوەکانی هەراسان کردبوویت.. بەهێمنی کورسیەکەی بەرامبەری راکێشاو وەك پەیکەری ترسی نەدرکاو یان پەیکەری تەمەنی مەرگ لەو بەرتەوە دانیشت.. چاوەکانتان ئامێزانی یەکتر ئەکرد.. هەر دە پەنجەکەی کرد بەناو یەکداو زیندانێکی بۆ نێو لەپی دەستی دروست کرد، تاچیدی رۆحی سەرکێش نەتوانێت لەوێوە بفرێت، هەردوو ریزە برژانگی باڵی بێ ئۆقرەییان لێك نابوو، پەیتا پەیتا یەکێشان بەیەکتردا، وەك ئەوەی بیەوێت بگاتە کەناری ئارامی و لەنەستێکی بێ شوماردا خۆی بخواتەوە.. بەلێوە لەرزیوەکانت تێدگەیاند کە بەخێرهاتنی ئەکەیت، ئەویش تەنها بەسەر لەقاندنێکی بچوك وەڵامی دایتەوە... ئەم نەخودی تۆیە، نەتۆش ئەبیتە ئەو خودە بێگەردە، تۆ هێندە قێزەونو بۆگەنیت، لەم پۆشاکە جوانەشدا خۆت بۆ حەشار ناردێت تۆ لەخێڵی درۆیت... ئارامیەکی ئێجگار دژوار کەشی دانیشتنەکەی لەخۆگرتبوو، کەشێك مێشکەکانی هەپورن بەهەپرون ئەکرد، بەئاشکرا ترسو دوو دڵیت لەچاوەکانیدا ئەدی.. تەماشا کردنەکەی هێندەی تر نیگەرانی کردیت... ئارام بەرەوە هیچ مەترسە، جارێك سیخورێك ئەمەی پێ وتیت:

– هیچمان لەتۆ ناوێت. تەنها ئەم فایلە پڕ بکەرەوەو یەك دوو پرسیاری ئاسایت لێدەکەینو بەڕاستی وەڵاممان بەرەوەو خوات لەگەڵ.

– بڵێم چی.

– دەستمان پێ کردەوە؟.. چاك بزانە کەللەشەقی بەدەردت ناخوات.. ئەوەی هیلاکمان بکات، هیلاکی ئەکەین، تۆش خۆت مەخەرە ژێر رەحمەتی شەقی ئێمە، پیاوانە وەڵام بەرەوە، ئەوساش تۆ ژیانت مسۆگەر ئەکەیت، چیت بووێت بۆتی ئەکەین.

بڵێیت چی.. قسەکان لەسەر زاری یادەوەریەکان توێژاڵیان بەستبوو.. ئەو ساتە دژوارە تۆی لەنێوان مەرگو ژیاندا هەڵواسی، لەو ساتەدا بوو تامی سەمای گەڵاکانی ئێوارانی شەقامە پانەکە تۆرانو چیدی جارێکی تر نەگەڕانەوە.. ئەوساتە تۆ مەرگی دەرەوەی خۆت تۆمار کرد.. خودێکی گرنگت بۆ خۆت مسۆگەر کرد.. ئەمڕۆشن.. زۆر جیاوازە.. هەرگیز بنیادەمی وات نەدیووە، هەرگیز لەگەڵ شتی وادزێو ریشندا دانەنیشتوویت.. ئەوە تاخۆت بانگی ئەگەیت، لێی ئەپاڕێیتەوە تاکو ببێتە هاوەڵی ئەم ئێوارە مردووەت، نیگاکانی سەر لێوت هیچ خۆشەویستییەکی تێدا نییە.. بەڵام ئەو ژیان لەسیمای ئەبارێت.. نەتئەزانی پەنهانی ئەم گرێ گەورەیە لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە.. بەزەیت پێدا ئەهاتەوە؟! یان دەتویست تەنهایی خۆت پڕژاوەژاو بکەیت.. رەنگە ویستبێتت شێتیەتی خۆت بدەیت بەو.. تائەو دەمەش پەنجەکانی نەیانئوێرابوو یاری بەلێوی پەرداخەکە بکەن، دەستە ترسنۆکەکانی قامچی مەرگ شیتاڵ شیتاڵی کردبوون، مەرگ لەودیوو پەرداخەکەوە مۆرەی لێدەکات.. بەپەنجەی تاوان ئاماژەت بۆ کرد، ئەو پەنجەیەی یەکەم مۆری دۆڕاندنی نایە سەر پەڕەی تەمەنی بابردووت، ئەویش هێدی هێدی بێدەنگی پەرداخەکەی شڵەقاند.. تاکو لێوە وشك هەڵهاتووەکانی، پڕی کرد.. بەڵام بەیەك کەڕەت گەیاندیە نێو ئەندێشەکانی.. ئەمجارە بەپێچەوانەوەی یاساکانی سروشتەوە دروست کردن خێراتر بوو لە رووخاندن.. دروست کردنی ئارامگای ساتە دژوارەکان..ساتەکانی پڕ نەعلەتیو تەفەرەدان، کەمێك شیلاوی بەئاگایی بەدەمارەکانیدا گەڕا، ویستگەکانی خۆشەویستی بەسەر ئەکردەوە،

لای تۆ نەیدۆزیەوە.. هەر لەبەر ئەوە بەخێسەیەکەوە تەماشای کردی.. بەڵکو تەماشای کاتژمێرە ئاڵتونیەکەی دەستی کردیت، قێزی لەهەموو شتە پاکەکان ئەهاتەوە ئەیزانی نرخیان ژیانی خۆیەتی، بەهاکانی ئەم بفرۆشرێت ئەکاتە تۆ، خەریك بوو کەلەت شەق ئەبوو، لێوەکانی لەیەك نەئەترازان، ئەبێت لەچی بترسیت؟ دانەکانی هێند جوان نین.. بەزۆر ئەتدواند، نیگاکانت ڕەوانەی نەستی ئەکرد، تابتوانیت یەك ڕستەی لێ دەربهێنیت، ئەو تێك چوو، هێندەی زەبر خوار یەك وشەی نەدرکاند.. هەموو جەستەی بووە ئاسمانی زستانێکی دژوار لێوەکانی نەیاندا لەگرمەی هەورێکی باراناوی، چیدی بەرگە ناگریت.. پێی بڵێ کەم ئازارت بدات.. ئەم بێدەنگیە مانای بەنەفرەت بوونی تۆیە، ئاماژەیەکە بۆ مەرگە یەك بەدوایەکەکانی نێو دەروونت.. دووسات یەکانگیری یەك شوێن بوون بەهەردوو دەستت کاسەی سەرت گرت، نەکا بفڕیت..

– "قسە بکە، بێدەنگی فریات ناکەوێت.. کوڕی سەگ، ئەو دیوارە بیت ئەتهێنمە قسە، ناهێڵم ببیتە پاڵەوان، کێو بیت هەرەست پێ دێنم، هەر قسە ئەکەیت ئەوساش سزای خۆت وەرئەگریت، لای ئێمە بەس مردوو ئەتوانێت بەرەنگارمان بێتەوە".

بەکاوەخۆ سەرت دابەزاندە سەر مێزەکەی بەردەمت، چاوگێژەوە بوو. بۆ ساتێك لەئەندێشەو دژوارەکان خۆت دوور خستەوە.. بەڵام زۆر بەبێزاریەوەو، بەئازارێکی پڕ حەسرەتەوە لێوەکانت ماچی دوو وشەی کردو گرتیە ئەو.

– دە قسە بکە دڵم تەقی..

شانێکی هەڵتەکاند.. بەلەنجەی پەنجە زەردەکانی پێی وتیت، من هیچم پێ نی‌یە، گەر تۆ بابەتێك ئەزانیت باقسەی لەسەر بکەین.. بەناچاری بۆ تێك شکاندنی وەهمی بێدەنگی داوات لێ کرد گۆرانیەك بڵێت.. گیانی بوونە ژیلەمۆی قین، بیرت چوو کە ئەو سوێندی خواردووە هەرگیز گۆرانی نەڵێت، خۆت ئەزانیت بەو گاڵتانە قین ئەیگرێت.. زوو ژیوان بوویتەوە چاوەکانت لێك نا.. چرپەیەکی مۆسیقا ئامێز وەك مارشێکی ماتەم گاڵەی بەهێمنی هۆڵەکە ئەکردو وتی:

– حەزت لێیە پارچە شیعرێکی کورتت بۆ بخوێنمەوە؟ کەمێك تێڕوانینیت گۆڕا، چاوەکانت مولەقەی پێ کەوت.. لەخۆت پرسی تۆ بڵێیت ڕاست بکات؟.. سەرسامییەکی قورس جەستەی داگرتی، تۆ بەئومێد نەبوویت قسە بکات.. ئێستا پێشنیاری هەیە.. بەڵام شیعر لای تۆ کارێکی شێتانەیە، کات بەسەربردنێکی بێ هودەیە، لەدێر زەمانەوە ئەم قسەیە لای تۆ بووەتە وتەیەکی بەڵگەنەویست کە بەتاڵی لە شیعر باشترە، ئێ خۆ ئەویش شێتە چی تێدایە، شیعرو شێتی دوو حاڵەتی هاوجووتن، گرنگ نی‌یە، هەر هێندەت مەبەست بوو بێتە زمان، خودە چارەڕەشە ریش هاتووەکەی بەرامبەر، ئەوەی هێندەی تێی ڕامایت خەریك بوو نیگاتان ببنە یەك، ئەم سیما دزێوە زۆر لەیەکێك ئەچێت تۆ ئەیناسیت زۆر لە ڕۆحتەوە نزیکە، کتو مت لەتۆ ئەچێت بەڵام تۆش نیت سەرەتا خولیای قسەکردن بوو بەگرفتێك کە بەئامانو زەمان دەرگاکانی نەئەکرانەوە، ئێستاش گوێ گرتن یان خۆ ئامادەکردن بۆ گوێ گرتن بووەتە دژوارترین ساتی پڕ ئەندێشەو حەزەکانت، ئەوکاتانەی مەلی نێو دارستانەکە بەرەو کەناری ئاوەکە مل ئەنێت تۆ لەو کاتەدا بیر لەدۆڕاندنی ڕەها ئەکەیتەوە، چیدی کات بەفیڕۆ مەدە.. گوێ لەهۆنراوە شێتانەکەی بگرە.. گرنگ نی‌یە بەڕاستی گوێ ئەگریت یان نا، وشەکانت لا جوانە یاناشیرین، بەڵکو لەمیانی دەنگەکەیەوە بتوانیت ئەو خودە نامۆ شێتە بناسیتەوە، لێوەکانی لەیەك ترازان، دەنگێکی گڕ وەك ئەوەی خۆت، کەشی بێدەنگی ژوورەکەی تۆراند، لەسەرەتاوە زۆر گوێت بەوشەکانت نەئەدا.. تەنها گوێت بەشەپۆلی دەنگەکە ئەدا... لەسەرخۆ وشەکانی بەدوایی یەکدا ڕاو ئەنا، ئەمی پاڵ پێوەئەنا بۆ دەرەوەی خودی خۆی، بەڵام کێ هەیە لەپەنهانی ئەو وشە شێتانە بگات.. سەرەتای قەسیدەکە لە خواردنەوەی سەرابێك ئەچوو، ئەو سەرابەی ساڵیانێکە بووەتە مۆتەکەی ژیانت، ڕۆژە تاڵەکانی نێو کۆڵانی سەرکێشی یاریان بەوشەکان ئەکرد.. زۆرت لاسەیر بوو، لەسەرەتاوە وات ئەزانی ژیاننامەی پایەمبەرێکی نورانی ئەخوێنێتەوە، بەڵام کە گەیشتە نێوەندی قەسیدەکە، تاریکاییەك دنیای هۆڵو چاوو ئاسمانی داگرت، ناوەڕاستی قەسیدەکە تاریکستانی نێو بیابانێك بوو. ڕاکردن لەو ساتە پڕ لە ژاوەژاوانەدا زۆر زەحمەت بوو.. کەوچكو چەتەڵەکەی دەستت

کەپیتمی هۆنراوەکەت پێ ڕاگرتبوو، کاتێك بەهێواشی لەقەراغی قاپەکانت ئەداو لەگەڵ سەمای وشەکاندا یاریان ئەکرد، ئەوکاتە، لەو سەما پڕ شادمانیەی جیهانی تەراویلکەییەدا چەقیت، قەسیدە خۆی ڕەتمی خۆی ڕاگرت لەنگەری ئەندێشەکانی تۆی ڕاگرتو لەبەندەری کۆیلایەتی‌دا پاپۆڕی تەمەنتی ڕاگرت، چاوەکانت ئەبڵەق بوون نەبەلای چەپدا نەبەلای ڕاستدا نەیانئەوێرا بتروکێن، دیار بوو قەسیدە باسی دۆڕانی موتڵەقی لەخۆگرتبوو.. ڕۆژەکانی تۆی وەك تۆ ئەنەخشاندو لەنێو ئاوازێکی پڕ ئازاردا یاری بەجەستەی وشە ئەکرد، ڕووخسارت ئێجگار تێك چوو، سیمات بووە شاشەی سینەما، شاشەی یادگاریەکان، ئەو یادگاریانەی ساڵەهای ساڵە لەخۆتی دوور ئەخەیتەوەو لەکۆڵت نابنەوە، وشەکانی سەرلێوی ئەو ئەبوونە وێنەی ڕابردووی پڕ ئازارت، ئەوکاتەی بەرەو کۆتایی قەسیدەکە ملی ئەنا، هەناسەت سوار بوو، نەتئەوێرا فزە بکەیت، زارەترەك ببووی. چیدی‌و لەوەندە زیاتر نەتوێرا یان نەتوویست گوێت لەو وشە پڕ ئازارانە بێت، شێتێك هەموو شتێکی لایێ چاوەڕێ ئەکرا، بەڵام ئاوا حوکمی مەرگی تۆ دەربکات، یان هەوڵبدات بەرەو لێواری خۆکوشتن ڕاپێچت بکات، سەیر! دەمێکە وازت لەو خەیاڵە کرچۆکە هێناوە، چونکە دەمێکە گەیشتوویتە ئەو باوەڕەی خۆکوشتن کاری مرۆڤی ئازایە، تۆی ترسنۆك لەسەمای وشە، لەشنەی بای پایزان، ئەوکاتەی گەڵا گسك ئەدات، لەکپی بەفر بارینی زستان، ئەترسیت. چونکە ئەمانە یادگاری ژیانی پڕ سەرفیرازی تێدایە، ئەمێستا، تۆ لەجیهانی یادگارە دزێوەکاندا ئەژیت نەك یادگارە جونەکان...هاژە هاژێك مێشکتی داگرێت.. گوێکانت هیچیان نەئەبیست.. کەمێك کاسەی سەرت نایە نێو لەپی دەستت، بەرامبەرەکەت حەپەساو بەزمانێکی پڕ میهرەوە وتی:

ـ ئەوە چی‌یە سەرت ئێشێت؟ خۆ ناڕەحەتم نەکردویت؟!

لەوساتەدا نەت زانی چی وەڵام بدەیتەوە، هەر هێندە نەبێت، خۆت ڕاست کردەوەو ملت نایە سەر تیرگەی کورسیەکەی ژێرتو کەمێك لەخۆت ڕامایت، بەڵام هیچت بۆ دەستگیر نەبوو، ناچار گەڕایتەوە سەر مێزی خواردنەوەکە.. قەسیدەکە هێند کاری تێ کردیت، یەکەمجارە لەهەموو ژیانتدا شیعر بتوانێت داگیرت بکات چونکە ئەو لەودیو مەودای گەردوونی تۆو وەیاری ئەکات، چەند جار لە ڕادیۆکەوە گوێت لەهۆنراوە گرتووە، بەڵام یەك زەڕە کاریان لێ نەکردوویت، چونکە جوانی کار لەتێڕامان‌و ئەندێشەی تۆ ناکات، سیما جوانەکانی ئەو دیوو دارستانی چاوەڕوانی، ئەو ساتانەی گەنجەکان کیژۆڵەکان بەرەو نێو دارستانەکان ئەبەن تۆ حەز ئەکەیت ژوانیان لایێ تێك بدەیت، نەخوازەڵڵا هۆنراوەیەك باسی ئەو هیلانەیە بکات. ئەو هێلانەیەی یاری حەرامی تێدا ئەکرێت.. ئەمجارە قەسیدەیەك داگیری کردیت.. بەدەست خۆت نەبوو،، زۆرت حەز ئەکرد بۆ جارێکی تر گوێ لەو دەنگە پڕ نهێنییەی ئەو بگریت.. بەڵام ترسایت، ئەگەر داوای لێ بکەیت جارێکی تر ئەو وشە سەماکەرانەت بۆ بڵێتەوە، زویر ببێت، لەمەبەستت نەگات، چۆن ئەتەوێت تێت بگات، تۆیەك هەرگیز وشە جوانەکان کارت تێ ناکەن، ئێستا ئەتەوێت دووجار گوێ لەناسۆری وشە سەماکەرەکان بگریت.. نەکەی داوای لێ بکەیت، بەڵکو لەئەنجامی گفتوگۆیەك یان ئاخاوتنێکی درێژدا بگەیتە ئەو داوایە.. نا.. نا.. بڕوامەکە ئەمجارە هاوکاریت بکات‌و ئەوحەزەت بهێنێتە دی..، ئەو وەك تۆ نی‌یە، بەیەك هەڕەشەی میرغەزەبێك ژیانێك سەرەوژێر بکاتەوە "ئاخر وام نەکردایە وەك ئەو دەرئەچووم، ئەبوایە لەشەقامەکاندا بەدووای نانی کەپووای‌دا خول بخۆم.. بەڵام، بەڵام" بەڵام چی، هیچ نەبێت ئەو ئێستا جوانی ئەناسێت، پەنجەی جوانی بۆ ڕائەکێشن، بالەسەر نوێلکیشدا بخەوێت، میر غەزەب ڕۆژێك لێت تووڕە ئەبێت‌و وەك ئەوت لێدەکات.. وتە دژوارەکانی ساتی پێش ناشیرین ناسینت لەیادە.

– "بۆ واهیلاکمان ئەکەیت ئێمە ئەزانین تۆ هیچت نەکردووە، بەڵام یاسا ئەمە نازانێت، هەر ئەبێت پڕی بکەیتەوە، پەیمان بێت بەس کەمێك هاوکاریمان بکە چیت بوێ بۆتی ئەکەین".

داوات لێ کرد پاشماوەی شوشە بیرەکە هەڵبدات، بەڵام بەچاوێکی پڕ سەرسامیەوە تەماشای کەفی نێو پەرداخەکەی تۆی ئەکرد، ئەوساتەی بیر هاتەوە لەژێر ئازاری ئەشکەنجەداندا دەمی کەفی ئەچڕی، یەك فرمێسکی بچوك هێندەی زەنگیانەیەك

لەنێو دەریای مەنگی چاوەکانیەوە هاتە خوار، بەفرسەتت زانی، زارت کردووەو هاوارت لێ کرد.

— ڕێبوار ە ماندووەکە، ئەی دەروێشی عەشقی هەقیقەت، تو چاوە جوانەکانی ژیانی پڕ پەنهانیت ئەو قەسیدەیەم بۆ دووبارە بکەرەوە.

بەڵام ئەو زۆر بێ باکانە دەستی نایە ژێر چەنەیو بۆ ساتێکی درێژ لەبێدەنگی، تەماشای کردیو ورد ورد جەستەی ئەخواردیت. بەهێمنیو لەسەرخۆوە، هێشتا چەنەی لەسەر لەپی دەستی دانا بوو وتی:

— جارێ چاوەڕوان بە، بەڵام ئەی تۆ هیچ شیعرێك نازانیت؟

هێندە بەئاسانی ئەو ڕستەیەی لەزار هاتە دەر، وەك مامۆستایەك قوتابیەکی پۆلی یەکەمی سەرەتایی تاقی بکاتەوە، بەقولایی‌یە دوورەکانی ئەندێشەدا چوویتە خوارێ، لەنێو سەرابی رابردوودا تێر تێر پیاسەت کرد، دارە رووتەکانی تەمەنت ئاودا بەڵام لەهیچ شوێنێك وشەیەکی پڕ لەزەتت چنگ نەکەوت، دەستەواژەیەکی جوانت نەدۆزیەوە، ناچار خۆت دایە دەست قەدەری نەزانین، چونکە تۆ لەوانە نەبوویت کە شیعر وەك ئاوی ژیان ئەخۆنەوە، خەونەکانیان پڕ لە شیعری رۆمانسی.. بگرە هەندێك جار تارادەی قۆشمەبازی یاریت بەهەستی ناسکی ملوانکەی وشەکانی هۆنراوەیەك ئەکرد، بەڵام ئەمڕۆکە گەمارۆ دراویت، شیعر ناخی داگیر کردوویت، لەکۆڵت نابێتەوە، بێدەنگیە دوورەکانی دەروونت ئەقیرێنن و کەس گوێی لەدەنگیان نیە، هاوار ئەکەنو کەس دڵی پێیان ناسوتێت، نەتئەزانی چ ئەفسونێك بوو ئاوا بەڵکێشی ئەم دەریا پڕ خەمەی کردیت، ئایا کاریگەری مەیەکە بوو، یان سەمای وشەکان، چەندەها جار تارادەی مربوون خۆت مەست کردووە، بەڵام هیچ ناسوتێت وەك ئەم جارە ناخت قورس نەبووە، زمانی ناوەوەت ئاوا لاڵ نەبووە.. ئەندێشە سەر شێتەکانت تەرمی ناشیرینیان بەرەو ئاسمانی دوور ئەبرد، لەوێ لەبەر حەشاماتێکی زۆر کە هەموویان رووت بوون، وەك یەکەم ساتی لەدایك بوون بەهەموو گەرووت هاوارت ئەکردو بە بەسۆزترین دەنگ، قەسیدەی شێتەکەت دووبارە ئەکردەوە، حەشامات سەر سوڕماو وەك خۆت تەماشایان ئەکردیت، وشەکانت وەك لێوەکانی ئەو ئەدرکاند، خۆت نەبوویت، ئەو بوو لەرۆحی تۆدا.. تۆ قسەت ئەکردو ئەوان گوێیان ئەگرت.. کەوتنە خوارەوی پەرداخەکەی بەردەمت تەرمە ناشیرینەکەی هەمدیس فڕێ دایەوە نێو ناخت، شکانی پەرداخەکە سەرەتای شکاندنی ناخە ناشرینەکەتە، بەردەبازێکە بۆ گەڕانەوە، بەڵام بۆ کوێ، بۆچ دەڤەرێك.. چاوێکت هەڵبڕی، هێشتا لەوبەرتەوە هەڵتروشکاوە.. چاوەکانی یەك لەسەر یەك ئەی تروکاند نەکا نهێنی ژیانی شێتانەی بکەوێتە سەر شەقامو ئەمجارەش بەردەستی سخوڕێك بکەوێتو راپۆرتێکی لێ بدات.. نەتزانی چی وەڵام بدەیتەوە، ترسایت.. لەوە زیاتر ترسایت کە بزانێت شیعر لای تۆ ئەو دنیا ناشیرینەیە کە مانایەکی ژمێریاری هەیە.. یان لەزویر بوونی ترسایت، نەکا لەنەکاو لەم گێژاوی ون بوونە وردوخاشیەدا بەجێت بهێڵێتو ڕەوانەی دۆزەخی تەنهایت بکات.. یان لەنێو شەقامە چۆڵەکانی بیرەوەریەکانتدا جێت بهێڵێتو تاریکی گەمە بەسێبەرە درێوەکەت بکات.. ناچار وەك سەراپای ژیانت درۆیەکت بۆ چنیو فڕێت دایە بەردەمی:—

— من زیاتر حەزم لەگۆرانی‌یە.

— باشتر.. بەدەنگێکی نزم گۆرانیەکم بۆ بڵێ.

وشەکانی سەرلێوی ئاماژەی ترسێکی گەورە بوون، بۆیەك سات چی‌یە نەتوانی خۆت لەو شڵەژانە رزگار بکەیت، حەزت نەکرد چاوەکانت ترسنۆکی تەمەنی درێژی مێژووتان ببینێت، خێرا خۆت کۆکردەوە.. بەئاوازێکی هێمن، زۆر هێمنتر لەقامچی میرغەزەبەکەی ئەو بەرتان.. گۆرانیت ئەوت.. گۆرانیەك کە خۆت یەکەمجار بوو گوێت لەوشەکانی بێت، وشەکانی زیاتر لەهۆنراوەکەی ئەوەوە نزیك بوو، بەڵام هەرگیز لەوێنە ئاوێنەییەکانی ئەو نەئەچوو.. ناچار زۆر بەزوویی گۆرانیەکەت بڕیەوە.. بزەیەك سەر لێوەکانی گرت، دیار بوو بەهەستی شڵەژانی تۆ کردبوو.. بەڵام کێ ئەڵێت وایە، بزەکەی سەرلێوەکانی زۆر ساردبوو، لەوە نەدەچوو بۆ تۆ بێت، بەهێوری دەستی برد بۆ پێڵاوەکانیو هەڵیکێشا، بێ چرپە هەستا بڕوات... تەنها یەك نیگای پڕ سەرزەنشی تێ گرتیت.. ویستت دابنیشێتەوە، بەڵام.. یەك پاڵی پێوەنایت لەسەر کورسیەکەت وەك خۆت دابنیشاندیتەوە، خستیتیەوە نێو دنیای درۆکەی خۆت، چەند بێزار بوویت، لەچی هەڵبێیت، چۆن خۆت لەو دێوەزمەیە قوتار بکەیت..

پاڵەکەی هێندە سووك بوو، نەئازاری دایت نەبەخۆت زانی، بەڵام بەناچاریو بەپەلە پرسیاری ناونیشانت لێ کرد.. زۆر بەپەلە لەناخەوە دەنگێك هاواری لایێ کردیت "مەپرسە، خۆت ناونیشانی باش ئەزانیت، ئەو لەو جێگەیەیە کە تۆی لێ دانیشتوویت، لێی نووستوویت، لێی ئەمریتو ئەژیت.. مەپرسە.. پرسیاری ناوێت". شەقامەکان باوەش دەگرنەوە، بۆ پیاسەی ئێوارانی تۆ ئەگرین قێز لەسیما دزێوەکانی ئێوە ئەکەنەوە، بەناچاری هەڵتان ئەگرن، بەڵام سوێندیان خواردووە خوێنتان بکەنە زێرابی قەراغ شوێستەکەوە.. ئەو لەنێو هەڵپەڕکێی هەردوو ریزە دارەکەی ئەمبەرو ئەوبەری شەقامەکە کەوتەڕێ.. تۆش لەگەڵ رۆحیدا ئاوێزان بوویت.. لێرە دانیشتوویت بەڵام لەگەڵ ئەویشدا لەسەر پردەکەوە بەرەو باوەشی شەقامە بێ ماڵەکان رێگەی نامۆییو شێتیەتی ئەبڕیت.

هێشتا شێواوی ناو ئاوێنەکە یەکی نەگرتبووەوە، وێنە پارچە پارچە بووەکە سەبەی تۆی لەئامێز گرتبوو.. خۆت شکاندت، وێنەکان تۆ پەرتت کردن.. بەوردی تەماشای هێڵە سوورەکانی سەر دەستت کرد، ئاماژەی ژیانێکی نهێنی بوون.. خوێندنەوەی هێڵەکان ئەبوو نەدیاری کردنی تەنها یەك شت ئەویش خۆتە پێش هەڵەی گەورە، هەستێکی نامۆ سەرەپای داگیرکردیت.. نەتئەزانی کام دوپیانی ناکۆتایەو گەمەی چاوشارکێ لەگەڵ ساتە قورسەکانتدا ئەکات، هێندەی نەبرد کەوتیتە خوێندنەوەی هێڵەکانی دەستت، ئەمەیان ئاماژەیە بۆ دۆڕاندن، لێرەوە ئەگەیتە نێو سەرابی ژیانێك گە وەك هاتو نەهات وایە، جوڵەی ئەم هێڵە سوورە مانای زیندووبوونی رۆحی پاکە. بورجەکەشت لەفەریکەوە نزیکە بەڵام بەشاخدا هەڵنەگەڕێیت..، ئەوانی تر هەموو ئەتگەیەننە یەك خاك ئەویش دۆزەخی دۆڕاوی ئێستایەو، هیچ شتێك نییە شادمانت بکەن، ئەمجارە ویستت هێڵە سوورە مەیوەکان ئاڵو وێری پێ بکەیت، بیگۆڕیتەوە بەکۆمەڵێك کەشی جوان.. تاهێزت تێدا بوو دەستێکی ترت دایە ئاوێنەکەی بەردەمتدا.. وردو خاشت کرد، پارچەکان بۆ نێو ئامێزی دەست شۆرەکە ملی نا، تالەوێ دوا بەباوەشی مەرگ بدۆزنەوەو لەگەڵ پێکی خوێنی دەستەکەدا سەرەتۆش بنو شۆردنەوەش بەئاگایان نەهێنێت.. ئەمجارە تەماشای هێڵەکانت کرد، هەموویان گۆڕابوون، کەوتبوونە ئەودیوو زەمەنی گەردوونەوە.. لەم ساتەدا ترس گەیشتە نێو دۆزەخی ئەفسانەکانەوە، چیدی ترسنۆکی نابێتە پێناسەی کابرا ورگنەکەی ئەودیوو ئاوێنە شکاوەکە.. هێڵەکان ئەمجارە گەشبوون، پڕ بوون لەشادی، یەکێکیان بەڕێگەی کاکێشاندا شادمانی بەقاچاخ ئەگواستەوەو بۆ سەر پشتی ورچی گەورە، لەوێشەوە بۆ نێو پێخەفە ساردە ناوازەکانی شار، ئەو شارەیساڵیانێکە بزەکانی لێ دزراوەو لەچوارچێوەیەکدا خراوەتە سەر وێنەی دێوەزمەیەك، هەندێك جار بزە دزراوەکان ئەفرۆشن بەمەملەکەتەکەی ئەولاتانەوە، چونکە لەوێ هەموو شتێك قاچاخە تەنانەت موی بزنیش چونکە رەشەو قژی داهێنراوی کیژە سرکەکان دەخاتەوە بیری خەفە بووەکان، لای ئەم شادمانی نێو کۆڵانە کۆنەکانی شار، بووەتە مەنزڵگای قێزەونەکان، لێرە ماچو پێکەنین راو ئەکرێن، هەر لەبەر ئەوەشە تۆ بەدزیو دۆڕاویەوە ژیان درێژە پێدەدەیت.. کات خۆی بەرەو لای نیوەڕۆ بەکێش ئەکات.. لەناکاو راچەنێت، دەستت دایە تەلەفۆنەکە، لەسەرخۆ ژمارەکێت دوای یەك خست، ئەمڕۆ پێویستت بەمۆڵەتە، دەستت بریندارە، خۆ لەبیرت چوو بسپێچیت.. ئەوبەری تەلەفۆنەکە وەڵامی دایەوە:—

— "فەرموو.. کێ قسە ئەکات، ئەلو"

لەبیر خۆت چوویتەوە، تەلەفۆنەکەت بەکراوەیی بەجێ هێشت، کابرای ئەوبەر هەر قسەی ئەکرد.. بەپەلە لەپی دەستت پێچاو لەنێو برینپێچێکی سپیدا گۆرانی سەرکەوتنی بۆ نێو ئاسمانی بێ شەڕو دوکەڵ تۆمار کردو لەنێو گوێیە کەڕەکانی شاردا پەخشی ئەکردەوە.. ئەتوویست خۆت بەکارێکەوە خەریك بکەیت سەرەتا خۆت لەبیر بەرێتەوەو لەم بارە قێزەونە رزگارت بکات، تاوێنە دزێوەکانی سەر مێزەکە لەیادگاریەکانتدا وون بکەیت.. چەند شەوێکە تابەیانی تۆو جگەرەیەك ئەوی ترتان دەسوتێننو تەواو نابن، ملیۆنەها ئەستێرە لای لایەت بۆ ئەکەنو خەوت لێ ناکەوێت بێداری مێشکی هەراسان کردوویت، شەونخۆنی بەدیار لاشەی خەمەوە تێر گریانی کردیت، ئەم لاشە پیرە قرخنە نامرێتو سرروودی مەرگی خەمەکانی بۆ بچڕیت.. تاهەتا

هەتایە نەگەڕێتەوە بۆ نێو دنیای چاوەڕوانیت.. بیرت لەسەردان کردەوە، سەردانی مەزرای ئاژەڵەکان یان پارکی دیلی یان فرۆشگای خەمە کۆنەکان، یان .. یان.. سەردانی کێ ئەکەیت هەموویات بۆ تۆ دوژمنێکن ڕۆژانە گریانت پێ ئەفرۆشن.. لەبیر خۆت چوویتەوە، بەدوای وەڵامێ ئەگەڕایت تابیکەیت.. بەڵام تۆ زەمەنێکە تاقەتی ئەمەشت نەماوە.. لەگەڵ زرنگەی گۆرانی نێو رادیۆکە، ئاوازە خەمناکە پڕ یادگاریەکەی دوێنت بیر کەوتەوە.. بەپەلە بەخۆدا هاتیتەوە..

پێڵاوەکانت بێ گۆرەوی کردە سەرپێ‌و بەرەو ئامێزی شەقامە قەرەباڵغەکان راتدەکرد، جار ناجارێك ئاوڕێکت لەم لاو ئەولای خۆت ئەدایەوەو ئەم سیمایەت ئەپشکنی، چاوت ئەبڕیە ئەو نیگا، بەڵام هیچیان ئەو نەبوون. بەهەڵەداوان خۆت گەیاندە سەر شەقامە گشتیەکە.. چوویتەوە هەر هەمان جێگای دوێنێ‌و ڕۆژانی رابردوو.. نەتوویست پرسیار بکەیت لەسەر هەمان کورسی‌و مێز ئامبازی یادگاریەکانت بوویتەوە.. چاوەڕێ بوویت، وەك قاژوو چاوەڕێی کۆچی وادەیە، یان ماسی کاتێك تەماشای سیمای کەمبوونەوەی ئاو ئەکات‌و چاوەڕێی مەرگە.. تۆش بەو ئەندازەیە چاوەڕوانی برستی لێ بڕیبوویت.. بروسکەیەك لەمێشکتدا ئاماژەی بۆ نێو دارستانەکەی ژێر میوانخانەکە کرد.. هێشتا دەمت لەخواردنەوەکە نەدابوو، بەرەو نێو قوڵایی باسکی خوارەوەی درەختەکان خۆت کوتا، تابگەیتە باوەشی ئارامی، لەنێو چاوەکانی هێمنیدا مەلەبکەیت، دواساتی لێك ترازانیماڵئاوایت هاتەوە یاد، لەوە ئەچوو بۆ ئەبەد لێك زووبر بووبێت.. بەڕاکردنێکی سووك لاسکەکانت ئەجوڵاندەوە سەمای گەڕانی سەرابی‌و بەڵەفڕەی لاسکە یەك ساڵ‌کانی درەختی دراستانەکە هەموو خولیایەکیان داگیر کردیت، چاوەکانت بۆ ئان‌و سات غەفڵەت نەئەبوون، لەم راکردنەتدا بوویتە هۆی تۆرانی چەندەها مەل‌و ژوانت لەچەندەها چۆلەکەو باڵندە تێك دا.. جریوەو فڕینی باڵندەکان هێندەی تر سەرسامی کردیت.. دوا هەنگاو، وەك پەیکەر لەجێگەی خۆت چەقیت.. کوندە بەبوویەك هێندەی بەرخێك لەبەردەمتدا لەسەر چلی داربیەك هەڵتوتکابوو، بوومەی دەهات.. یەك پارچە بویتە خەمێکی سارد، چاوەکانت تەنها گریانێکی ناسی..

خۆ ئەمیش پێشبینی بێوەژنە قاوەگرەوەکە نیيە.. "تۆ باڵندەیەك ئەبێتە میوانی دواساتی ژیانت"، ئەم نەگبەتیە لەکوێوە پەیدا بوو، جۆگە بچوکەکەت بڕی‌و پەڕیتە ئەوبەر، ئەوبەری جیا، لەهەموو شتێکدا، لەڕووناکی، لەدار لەئاسۆ جوانەکانی پاش یەکەم جریوەی چۆلەکە.. لەناکاو شێت ئاسا کەوتیتە هاوار کردن.

- هۆ کابرا نامۆکە، ئەی جانەوەرەکەی شادمانیم، لێرەوە تێئەپەڕم چاوەڕوانم کە، دەمێکە بۆسەی ژوانێك یەخەم پێدەگرێت، نەکەی لەچاوانم وون بیت، ئێستا سەراپای هۆنراوەکەم لەبەرە...

بەڵام دواجار ویستت ناوی بهێنیت.. بەڵام نەتزانی ناوی چی‌یە؟ زۆر بیرت کردەوە، زۆر جاریش ناوی خۆی پێ گوتوویت، زۆر جار یاری بەوشەکانی خۆشەویستی کردووەو ریزی کردوون تاکو ناوی فێر بێت، بەناچاری ناوی خۆتت لێ نا، چونکە لەخۆت ئەچوو، لەو مرۆڤە ئەچوو لەسەدەی پێش دۆڕانی گەورە هاوڕێت بوو، یان هەر خۆت بوو.. هەمدیس دەستت کرد بەگۆرانی چڕین، لەترساندا نەت ئەزانی چی بکەیت.. گۆرانیەکەی جاری دیت دووبارە کردەوە.. تامێزت تیادا بوو گۆرانیت ئەووت.. لەژیانتدا تووشی حاڵەتی واسەیرو نامۆ نەبوویت. زۆر بەنائاسایی چاوت گێژ ئەدا، بەنیگای پڕ لەحەسرەتی بینینەوە ماچی دارو بەردی دارستانەکەت ئەکردو لێیان ئەپاڕایتەوەو، تاشێنەکەیت نیشان بدەن.. هاواری کوکوختیەك لەو ترسە سامناکە بەئاگای هێنایت، دیار بوو ئەیزانی جێگەی ئەو لەکوێیە.. قرچە قرچی شکاندنی چڵ‌و چێوەکان لەدوورەوە ئەهات، لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا دەنگی تەقەیەك ئەهاتە گوێت، تەك، تەك، تەك، هاوارت کرد:-

- کێ‌ی، تۆ کێ‌ی، وەڵام بەرەوە ئەگین ئەتکوژم

بەپەلە دەستت برد بۆ بەرکەمەرت، دەستەکانت گێڕا، هیچی تێدا نەبوو، ئەوکات لەترسی پێشبینی قاوە گرەوەکە نەتزانی چی بکەیت بڕوات نەئەکرد بەو ئاسانی‌یە دەمانچەکەت لەبیربچێت، چونکە تەنانەت سێبەرەکەی خۆت دوژمنت بوو.. بەرەولای تۆ ئەهات لەترساندا خۆت نووساندە قەدی دارێك، نەتئەوێرا بەئامان‌و زەمان لێ دووربکەویتەوە، زارەتەرك ببویت.. چیت لێ ئەکات نا.. نا!.. ناتکوژێت.. مەترسە، کوشتن بۆ تۆ ناکاتە هیچ، یان

تۆڵەت لێ ئەکاتەوە یان لێت خۆش ئەبێت..، لەدوورەوە چیلکەکەی دەستی دەرکەوت.. ئەو چیلکەیەی وەك ڕێنماکەری خۆی بەکاری ئەهێنا.. زۆر بەخاوی ڕێگەی ئەبڕی هیچ پەلەی نەبوو.. لەناکاو سیما چڵکنەکەی دەرکەوت، کتو مت خۆت بوویت یان ئەو بوو.. دەستە سرکەکانی نابووە سەر دەمیو ریشی پاك ئەکردەوەو وەك زوهدیەك لەتافی ئەشقی ون بووندا تەماشای ئەکردیت.. چاوە تەریووەکانی لەسەر پێڵاوەکەت نیشتەوە، دیار بوو، هەستی بەپەشۆکاوی تۆ کردبوو.. برۆکانی هێناوەیەك، سیلەی لەترسەکانی تۆ گرتەوە، ئەیزانی ئەهریمەنی تۆقیوو لەچاوەکانی تۆدا بارەگای خستووە، بەنیگا پڕ گومانەکانی هاواری لێ کردیتو لەناخیدا ئەم دێرەی بۆ خوێندیتەوە "لێرەش وازمان لێناهێنن؟! سەرلێشێواو بەدوای چیدا وێڵیت بۆ کام پارچەی وون بووت ئەگەڕێیت" کەی دەست بەرداری ئێمە ئەبن تادوور لەدۆزەخی پڕ تەڵەکەی ئێوە بەئاسوودەیی هەناسە بدەین".

بەهێوری لێت نزیك کەوتەوەو بەچرپە پێی وتیت

— ئەمڕۆش هەمان گۆرانی دوێنێت دووبارە کردەوە، تۆ بەمە نابیتە من..

— وویستم سۆراخت بکەم. بەڵام نەمزانی چۆن.. ناوەکەتم لەبیرچووەوە

بەسەرلەقاندنێك وتی دوام بکەوە.. لەسەرخۆ لەدوایەوە ڕۆیشتی.. پێڵاوەکانت هەڵکێشایە نێو قاچە بێ گۆرەویەکانت.. کەمێك لێت دوور کەوتەوە، هاوارت لێ کرد، ئاوڕی نەدایەوە بەڕاکردن دوای کەوتیت.. هەناسەت لێ بڕا، بەنێو چڕی دارستانەکەدا بەکێشی ئەکردیت.. تۆ حەوسەڵەی ئەو هەموو ڕۆیشتنەت نەبووە.. بەڵام بەناچاری دوای کەوتیت.. لەدارستانەکە بەدەرکەوتن بەرەو قوڵایی شەقامە پانەکان ملتان نا، لەوێوە چەند کیلۆمەترێك ڕێگەتان بڕی تەنها تاك تاك دارتان ئەهاتە بەردەم لەگەڵ قڵیشی زەوییە وشکەکان شوێنەکە لەزۆنگاوێکی وشکەوە بوو ئەچوو، کە پارچەی قوڕەکان چەندەها شێوەی جیا جیای وەرگرتبوو، لەدوورەوە پەیژەیەکت هاتە پێش چاو کە بەرەو هەور ئاراستەکرابوو، پەیژەیەکی ئەفسانەیی.. بۆ گەیشتن بەکۆشکی بەفرینی ئەودیوو هەورەکان.. لەبەردەم پەیژەکەدا ئێستێکتان کردو بەفەرمانێکەوە پێی وتیت

— فەرموو!

تۆش بێ پرسیار سواری پشتی پەیژەکە بوویتو کەوتیتە ڕێ بڕین.. بەرە بەرە لەزەوی دوور ئەکەوتیتەوە، پایەکانت بەشەقامی خێرا ئەبڕی. بەخۆت ئەووت "ئەبێت چیدی هەیە لەدەستی بدەم، من هەموو شتێکم لەدەستدا تەنانەت خودی خۆشم، لێرەوە بەرەو سڵاوی ئەستێرەکان مل ئەنێم، ئەچم دەست لەباڵی هەڵۆکان ئەدەمو لەچاوی ئەوانەوە تەماشای وردو خاش بوونی بێدەنگی ئەکەم".

هەر بەرز ئەبوویتەوەو نەئەگەیشتیتە دوا پلەی پەیژەکە، هەر ئەڕۆیشتیتو چاوت زیاتر کۆتایی لێ دوور ئەکەوتە، دوای بڕینی ماوەیەکی زۆر هیلاك بوویت، قاچەکانت شەکەت بوون، وەنەوز ئەیبردیتەو ڕەشەبا ساردەکانی نێو ئاسمانی دوور دەمو لێویان تەزانیت، قسەکانت لەسەر لێوە شین هەڵگەڕاوەکانت لەسەرمادا ئەیبەستن، شل بوویت، دەستەکانت خۆیان بۆ نەگیرا، لاقەکانت چۆکیان دادا، هەر هێندەت ئاگای لێ بوو، بەربوویتە خوارێ، لەنێو هەوای دووردا مەلەت ئەکرد.. ئاگات لێ بوو لەو بەرزیە زۆرەوە بەرەو گەرووی زەووی ملت ئەنا

* * *

سبەینێ زوو شار هەواڵی تێدا بڵاوبووەوە، ئاژانسەکان هەموو هەواڵەکەیان بیست، پۆلیسی نهێنی ڕاپۆرتی خۆی گەیاندە بەڕێوەبەرایەتی.. کابرایەك لەنهۆمی پانزەی نێو میوانخانەی شارەوە خۆی فڕێ داوەتە خوارێ، بەپێی ڕاپۆرتەکان خۆکوشتنێکی تەواوە.. دوای لێکۆڵینەوەی ورد دەرکەوت یەکێك لەو جمکە بووە، یان ئەمە یان.. یان خەڵکی شار هەموو رایان گەیاند کەشێتە پیرۆزەکەی شار لەگەشتێکی پیرۆزی خۆکوشتندا، پاش خۆشۆردنو ریش تاشین جوانترین جلی خۆی لەبەر کردووە، پاشان خۆی کشتووە تاکو پاڵەوانیەتەکەی تاسەر بێت.. بەڵام دوێنێ کابرای شێت لەدارستانەکەوە بەکۆڵێکەوە بەرەو ئەودیو سنووری داخراوەکانی مەملەکەت ملی ناوەو لەو ڕۆژەوە کەس ئەو جمکەی نەدیەوەو هەواڵیان وون بووە.

١٩٩٧/٨/١٠

# دایالۆگ لەپانتایی رۆمانی (ئەژدیها)ی موکری‌دا




ئا/ عەبدوڵڵا ئەحمەد


ئەم دایالۆگە بۆ شکاندنی ئەو بێدەنگی‌یەیە کەلەسەر رۆمانی (ئەژدیها)ی محەمەد موکری هەیە، دیارە موکری داهێنەر لەرۆمانی ئەژدیهادا جگە لەوەی لەسەر سایکۆلۆژیەتی پاڵەوانەکان بەقوڵی‌و هۆشیاریەکی مەودا قوڵەوە کاری‌کردووە، توانیوێتی ئەفسانە بەشێوازێکی نوێ لەگەڵ تەکنیکێکی نوێ‌دا بەزمانێکی سیحری تەوزیف بکا، کەتا رادەیەکی زۆر لەئەزموونی رۆمانووسەکانی تری کوردا نەبووە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە تائێستا رۆمانی (ئەژدیها) بەشێوەیەکی بابەتی لێکۆڵینەوەو تووێژی لەسەر نەکراوە، کەئەمەش ئەو راستیەمان بۆ روون‌دەکاتەوە کەرۆشنبیری ئێمە لەبواری لێکۆڵینەوەو رەخنەدا هێشتا هەر سستی پێوە دیارە، لەم دایالۆگەدا، خوێنەرانیش سەربەستن بۆ بەشداری‌کردن، بۆئەوەی (ئەژدیها)ی موکری داهێنەر هەروا بەسانایی بەسەرماندا تێنەپەڕێ، چونکە دڵنیام لەوەی گەر ئەم رۆمانە وەرگێڕدرێتە سەر زمانە زیندووەکانی جیهان، ئەوا سەرسوڕمانێك دەداتە خوێنەرەکانی. ئەم نووسەرە بەشداربووانە هەریەکە لەروویەکەوە باسی رۆمانەکە دەکەن، هەندێکیان وەڵامی چەند پرسیارێکیان داوەتەوە:

**فوئاد مەجید میسری- نووسەرو رەخنەگر**

کەش‌و هەوای ئەم رۆمانەی (موکری) کەواقیعی تێکەڵ بەخەیاڵ کردووە دونیایەکی ئەفسانەییمان بۆ دەخولقێنێ، سێکس دەبێتە رەگەزی بنیاتنەرو پێکهێنەری هەموو بەها مێژوویی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکانی، غەریزەی کپکراو جێگای ململانەی راستەقینەی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوەو ئۆباڵی هەموو شکست‌و هەرەسێك دەخرێتە ئەستۆی غەریزەیەك لە (لاشعور)دا پەنگی خواردۆتەوەو دەیەوێ دەرباز ببێ. !

دروستکردنی فانتازیایەکی لەوجۆرەی (زێڕین)یش، هەر بۆ ئەو مەبەستەیەو نووسەر دەیەوێ پێمان بڵێ: ئەوانەی لەواقیعدا هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی دەستنیشان دەکەن‌و تێکەڵ بەجیهانی سیاسەتبوون، نەرابوردوویان هەبووەو نەلەحاڵی حازردا هیچیان کردووەو نەپاشەڕۆژیش دەتوانن هیچ

بکەن. (کەریم)و (حەمەکەریم)و (قادر ئەفەندی) نموونەی بەرجەستەو پێکهێنەری بزووتنەوەیەکن، نەرابوردووی هەبووەو نەئایندەی دەبێ.



بەش بەحاڵی خۆم ئەوەندەی کەسایەتی (قادر ئەفەندی) سەرنجی راکێشام ئەوەندە پاڵەوانی سەرەکی رۆمانەکە کاری تێنەکردم. (قادر) لەقووڵایییەوە دێتە ناوەوە. مەودایەکی دوورو مێژوویەکی لە(کەریم) دێرین تری هەیە. راستە ئەمیش لەچوارچێوە گشتییەکەیدا هەر نموونەیەکی کتومتی (کەریم)ە، بەڵام مەودا مێژووییەکەی (•قادر)، تێکشکانەیەك لەدوای یەکەکانی، گیرسانەوەی لەکوێرەدێیەکی سەرسنووردا، پۆشاكو جلو بەرگەکەی، بۆیاخکردنی سەروسمێڵو گۆڕینی رووالەتی دەرەوەی، زمانە تێکەڵو پێکەڵ لەعەرەبیو تورکیو فارسییەکەی، مەنتیقە کلاسیکییەکەیو شێوەی ئاخاوتنیو پاشان رەقبوونەوە کۆتایی هاتن بەژیانی، هەموو ئەمانە دەلالەتێکی رەمزیی پێ دەبەخشن، سەمبولێکە لەناو دونیایەکی واقیعیدا. ئەی هۆی چییە خراوەتە پەراوێزەوە؟! پێم وایە ئەمە یەکێکە لەخاڵە لاوازەکانی رەوتی گەشەکردنی رووداوی رۆمانەکە (تەهمیش) کردنی رۆڵی کاراکتەرێکی وەك (قادر ئەفەندی) لەسەر تێکڕای هێڵە درامیەکە، هێزو پێزی دەلالەتەکەی لاواز کردووە.

ئەی پاڵەوانی سەرەکی چ کارەیە!؟ ئەبعادی ئەم کاراکتەرە دەچنەوە سەرچیو چۆن دێتە ناوەوە؟! (کەریم) خاوەنی مەسەلەیەك نییە.. هیچ مەسەلەیەکیش لای ئەو نرخو بەهای کۆمەڵایەتی نییە.. بەڵام لەبەرامبەر مەسەلەیەکی تایبەتیدا دەبێتە خاوەنی مەسەلەیەکی گەورەتر.. لێرەوە ناچارە هەڵوێستێك بۆخۆی دەستنیشان بکا.. کەواتە دەبێ شتێك ئیختیار بکا.

(موکری) لەخۆوەو بێبناغە ئەمەی نەکردووە.. مەبەستی ئەم ئەوە نییە بڵێ: هەموو ئەوانەی بوونو دەبنە پ.م خاوەنی مەسەلەیەکی جنسین، نەء!!.

دەیەوێ پاڵەوانێك بخولقێنێو لەکەشو هەوایەکدا هەڵی دەسووڕێنێ مەبەستییە بەوجۆرە بێ!، (کەریم) کێشەیەکی تایبەتی هەیە، لەبەرامبەر ئەو کێشەیەدا توانای ململانەی نییە، بۆیە تووشی دڵەڕاوکە (القلق) دەبێ. سەرەتای رۆمانەکە بەئاشکرا باس لەم دڵەڕاوکەیەی پاڵەوانەکەی دەکا. چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتەیش بۆ کەسایەتییەکی وەك (کەریم) کە (موکری) رەنگی بۆ رشتووە، بەهیجرەت نەبێ تەواو نابێ. ئاکامی کۆچو ڕەوی (کەریم) گیرسانەوەیەتی لەدونیای پێشمەرگایەتیداو تووشی نائومێدی دەبێ. نائومێدییەك بەدرێژایی تەمەنی ئالودەی بووەو لێی نابێتەوەو لەوەیش دەستەوسانترە لەئایندەدا خۆی لێ قوتاربکا. کەواتە (کەریم) مەحکومە بەنائومێدیی. کەسێکە زیندانی لەجۆری زیندانییەکانی (تونا)ی (سارتەر).

(–کەریم– تۆ بۆخۆت تاکەکەسی، دژ بەخۆتو هەزار خۆتی دوژمن بەخۆ، بجەنگەو ببە بەشاهیدی شکستەکان، کەریم بجەنگە، کەسێکی نائاشنا بەخۆتیش پشتوپەناتە، شاهیدی راستگۆی ئەم جەنگو شکستەتە، ئەویش کەریمی خۆ مەلاسداوی نێو کورتەك شەڕواڵەکەتە، دیوی یەکەمی بەزینو



دیوی دووەمی سەرکەوتنتە.. نا نا کەریم تۆ سەرناکەوی تۆ دەمری، دەبیتە خاك، کەریمەکەی دی نامرێت، تۆ دەکاتە وڵات، تۆ نەدۆزەخی نەبەهەشت، ئەو بۆتۆ دۆزەخە، تۆیش رەنجت، ماندووبوونت، هیواو گریەوبزەت بۆ ئەو ناکاتە هیچ، تۆ پڕ چەکیتو خەسێنراو...)ل١٧٤.

(کەریم) پاڵەوانێکە، کەسێکە، مرۆڤێکە، تاقە یەك مەودای هەیە، مەودایەك چەقیوە؛ راوەستاوە، بەڵام هاتۆتە نێومەیدانی ململانەیەکی سەختو کوشندەوە. ئەوەتا نەئەم کار لەواقیعی خۆی دەکا، نەواقعیش ئاڵوگۆڕێك لەودا دروست دەکاو بۆچی؟! چونکە (کەریم) لەبنەڕەتدا تێڕوانینێکی تایبەتی هەیە. جیهانبینیی ئەو بۆ رابردووو، ئێستا، ئایندە، لەو جێیەوە سەرچاوە دەگرێ کە (مێژوو) بە (تراکم)ێکی (کم)ی خراپ دەزانێ. ئۆباڵی هەموو خراپەکانیش دەخاتە ئەستۆی باپیران. (کەریم) کەهیچ شتێکی ئیجابی لەتەواوی مێژوودا نابینێتەوەو رەتی دەکاتەوەو هەڵوێستێکی نەهلستی بۆخۆی تۆمار دەکا، لەحاڵی حازریشدا ناتوانێ هیچ بکاو بۆ ئایندەیش هیچی پێنییە. هەر ئەمەیشە وای لێ دەکا، نەبێتە پاڵەوانێکی بزێو. بزێو نەك بەمانای (سوپەرمان) بەڵکو بەو مانایەی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییەو مەرجە ژیان کار لەوو ئەویش کار لەژیان بکا. بەڵام شێوەو ئاکامی کارتێکردنەکە چۆنە، ئەوەیان نووسەر خۆی دەیزانێو مافی خۆیەتی چۆنی دەجووڵێنێ.

مەسەلەیەکی دیکە کەتارادەیەك سەرنج راکێشە ئەوەیە: بۆچی لەکەشو هەوای شارێکی وەك (کەرکوك)دا کەزێدی پاڵەوانەو پاڵەوانیش (کەریم)ی بەرەگەز کوردە، دەبێ هەر (ئەمنە خان)و هێوەرژنەکەیو موعەزەزو هاوەڵەکانیو حاجی رەزاو براکەی کەهەموو بەرەگەز تورکمانن، سەمبولی خراپەکاریو داوێنپیسی بنو نووسەر ئەوان هەڵبژێرێ؟!

راستە نووسەر لەکۆمەڵگای کوردەواریشدا (پوور ئەسمەر)و چەندی ترو (خدرە زلە)و (ئەسەدوڵڵا)ی خولقاندووە، بەڵام پێم وا نییە ئەوانەی هەروا لەخۆوەو بێ پەیوەندی هێنابێتە ناو چیرۆکەکەیەوە.

(موکری) لە (هەرەس)یشدا، بەم یان بەو شێوە پەنجەی تۆمەتو تاوانبارکردن، ئاراستەی هەمان کەمینە دەکا.. بەبڕوای من ئەمە حاڵەتێکی سروشتیی نییە. هونەر، (ئەرستۆ) وتەنی قسە لەحاڵەتە گشتییەکان دەکا، بۆیە هەڵبژاردنی نموونەی هونەریی (پاڵەوان) دەبێتە جۆرێك لە (تعمیم)کردن. هیوادارم ئەم هەڵبژاردنەی لەتێڕوانینی (نیتشە)ییەوە نەبێ بۆ واقیع.

(موکری) کەواقیع تێکەڵ بەئەفسانەو ئەفسانەی تێکەڵ بەواقیع کردووە، مەبەستییە ژیانی راستەقینەمان لەدووتوێی ئەفسانەیەکی دروستکراودا نیشانبدا. رووداوە واقیعییەکان کەدێنە ئاراوە، هێند واقیعیانە وێنەیان گیراوە، شێوەی (تسجیلی) دەگرنە خۆ. چەقبەستنی پاڵەوانو تاكمەودایی، بواری گەشەکردنی رووداوی هێناوەتەوە یەكو لەو (انسیابیە)ە مەحرووومی کردووە، کەدەبێ رووداوەکان هەیانبێ. خولقاندنی پاڵەوانی ترو تێکەڵبوونیان بەجیهانە واقیعیەکە، بێ ئەوەی هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر رووداو هەبێ، یان حەتمیەتی رووداو هێنابنیە ئاراوە، زێدەڕۆیی تێدایە. بوونی (سەعدوڵڵا)، (جەوهەر)، کێو کێی تر، ئەگەر چی بەش بەحاڵی خۆم بەکاراکتەری واقیعییان دەزانم، بەڵام لەرۆمانەکەدا زیادەنو شتێکی نوێ ناخەنە سەر زنجیرەی رووداوەکان.

مەنەلۆژو دونیای ناوەوەی پاڵەوان کەبڕبڕە پشتی چیرۆکەکەیەو سەرپاکی رووداوەکانی لەسەر بنیاتنراوە، هێند درێژخایەنن دەبنەوە بەگێڕانەوە (السرد). زمانی ئاخاوتن زمانی نووسەرە، خوێنەر هەست ناکا، کاراکتەرەکان خۆیان دەدوێن. (قادر ئەفەندی)نەبێ، هەموو ئەوانی دیکە شێوەی ئاخاوتنیان یەکە، بەرادەیەك هەندێ جار بیرۆکەی فەلسەفی لەزمانی کاراکتەرێکی ئاساییەوە دەبیستین، ئەمەیش حاڵەتێکە لەگەڵ مەودای کۆمەڵایەتی (البعد الاجتماعی) پاڵەواندا، ناسازە.

هەر نووسەرێك رۆڵەی زەمانو زەمینی خۆیەتی، هەڵبژاردنی بابەتو ئەو کەشو هەوایەی لەبەرهەمێکی هونەریدا، دەیخولقێنێ پوختەی چەردەیەك زانیاری کەڵەکەبووی تەجربەی ژیانیەتی، لەبەر ئەوە ناکرێو ناشێ نووسەر خۆی لێ دابڕێ. بەڵام دووبارە بوونەوە، حاڵەتێکی تەندروست نییە، بەتایبەتی بۆ نووسەرێکی بەئەزموونی وەك (موکری). دووبارەبوونەوەی هەمان کەشو هەوای

ڕۆمانی (هەرەس)و ئەو هاوئاهەنگی‌یەی لەنێوان پاڵەوانی ئەو چیرۆکەو (کەریم)ی ئەم چیرۆکەدا بەدی‌دەکرێ، چێژی هونەریی لای خوێنەر دەهێنێتە خوارێو دەبێتە خاڵێکی لاوازی هونەریش لەئاست دەستو دەسەڵاتی داهێنەرانەی (موکری)دا.

ئەم ڕۆمانە زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێ بەچەند سەرەقەڵەمێك قسەی لەبارەوە بکرێ. بەبڕوای من – ئەگەر هەلی‌بڵاوبوونەوەی بۆ برەخسێ– دەکرێ ببێتە سەمبولی ئەدەبی وجودی لەناو ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردی‌دا. (کەریم)ی پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە کەسێکە لەوێنەی (ئەریستۆس). (ئەریستۆس)ی پاڵەوانی (مێش)ی (سارتەر) پاش ئەوەی ئەرکە کۆمەڵایەتی‌یەکەی بەجێ دەهێنێ، (ئەپۆلۆ)ی خواوەند دەیکاتە (پادشا). بەڵام ئەم قایل نابێ. نایەوێ ببێتە جێگرەوەی پادشای باوکی.. نایەوێ ببێتە پادشای مەملەکەتێك لەبنەڕەتدا لەسەر تاوانو داوێن‌پیسی‌ی بنیاتنراوە. دەیەوێ ئازادبێ، دەیەوێ پادشای خودی خۆی بێو بەس.

خۆیو خۆی.. هەموو کەسێکی تر بۆ ئەو دۆزەخە.. ئەپۆلۆی کەریم، (زێڕین)ەو ئەنجام لەسەرسەری دەنیشێتەوە. نیشتنەوەی هەڵۆ (تەوار) لەئەفسانەی ڕۆژهەڵاتی‌دا نوقڵانەیە بۆ بەپادشابوون، (موکری) دەیەوێ پێمان بڵێ:

دوارۆژو ئاینده بۆ کەسانی وەك (کەریم)ە. ئەو کەریمەی نەهیچی کردو نەلەمەودوایش هیچی بۆ دەکرێو هەموو ژیانی بریتی‌بوو لە:

دڵەڕاوکە (القلق)و ڕەوکردن (الهجر)و نائومێدی (اليأس):

سوپاس بۆ برای نووسەر کەهەلی خوێندنەوەی دەستنووسەکەی بۆ ڕەخساندمو مافی رادەربڕینیشی پێ‌ڕەوا بینیم.

## عەبدوڵڵا قەرەداغی- نووسەر

یەکەمین پرسیار: ئایا دەتوانین ڕۆمانی (ئەژدیها) بەواقیعی‌ی سیحری پێناسە بکەین؟!

وەڵام: ناکرێ وابەئاسانی هەوڵبدەین پرسیارێکی وەکو ئەمە بخەینە بەر ڕۆشنایی کۆششی سەرپێیی وەڵامدانەوەوە، ئەگەرچی دەکرێ بڵێین زاراوەی (واقیعی‌ی سیحری) وەکو زاراوەیەکی تایبەت بەشێوازی ڕۆماننووسی بەناوبانگی کۆڵۆمبیا (گابریێل گارسیا مارکین) بەڕاستییەکەی دانپێدانراو لەقەڵەم بدرێ، بەڵام ئەمەیان بەنیسبەت (موکری)، بەتایبەت لەڕۆمانی (ئەژدیها)دا هەڵوەستەیەکی جیددی‌ی گەرەکە، من پێم وایە دەبێ لەیەکەمین هەنگاودا هەوڵبدەین تایبەتمەندی‌یەکانی شێوازی موکری دەستنیشان بکەینو، لەئەنجامیشدا، ئەگەر بکرێ، لەڕێگای دۆزینەوەی هێندێ خاڵی هاوبەشەوە، دووریو نزیکیی شێوازی موکریو ڕۆمانووسانی دیکە دەستنیشان بکەین. تەنها پاش ئەو دوو هەنگاوە ئیمکانیەتی ناساندنی ئەو شێوازە دەڕەخسێو دوور نی‌یە بتوانین ناوێکی دیاریگراویشی بۆ پێشنیار بکەین.

ئەفسانە ڕووبەرێکی یەکجار گەورەی ڕۆمانی (ئەژدیها)ی گرتۆتەوە، بۆیە بۆ باسکردنی شێوازی ڕۆماننوس لەو ڕۆمانەدا ناکرێ لەئەفسانە داماڵرێت، یان بەسەر (ئەفسانە)دا باز بدرێ؛ بەتایبەت لەبەرئەوەی، وەکو پاشتر باسی دەکەم، ئەفسانە باڵی بەسەر سەرجەمی ڕووداوەکاندا کێشاوە، هەڵوەستەکردنی جیددی لەئاستی (ئەفسانە) لەڕۆمانی (ئەژدیها)دا هۆیەکی دیکەشی هەیە، ئەو هۆیە پەیوەندی‌ی بەتێگەیشتنی (ئەفسانە)و ئەرکو دوورایی‌یەکانو شێوەی وەگەڕخستن (توظيف)یەوە هەیەو ئەم دوولایەنەش، بەبۆچوونی من، زۆر خاڵی گرنگمان لەقووڵایی‌یە داپۆشراوەکانەوە بۆ دێننە دیوی دەرەوە.

ئەفسانە لەڕۆمانی (ئەژدیها)دا سنووری ناوەکان دەبەزێنێ. کێشەکە تەنها لەبوونی گوندی (گۆڕەشێر)ی هەرێمی (شێرکوژ)و گۆڕینی (مێژوویی)ی ناوی زنجیرە چیای (پەری‌یان) بۆ (ئەژدیها) نی‌یە. کێشەکە تەنها لەدیاریکردنی سنوورە سروشتی‌یە زەقەکانی باشوورو باکووری هەرێمی شێرکوژ، واتە زنجیرە چیاکانی (پەری‌یان– ئەژدیها)و (میران– بەرازگر)یشدا نی‌یە، کێشەکە لەوەدایە ئەفسانەکانی ئەو هەرێمە تەوارێکی زەردیان خوڵقاندووە کەهەموو دەزووە گرنگەکانی لەناخی خۆیدا کۆکردۆتەوە، بەلای کەمەوە، لای خەڵكو دانیشتوانی ناوچەکەو لای (کەریم)یش زێڕین (پیرۆز) واتە ئەو تەوارە، نەك تەنها گیانی ناوچەکەیە، بەڵکو شاهیدی سەردەمێکە بەتەواوی. شاهێدی کیمیابارانی

هەڵەبجەو (ئەنفال)ەو، تەنانەت راستەوخۆش دەکەوێتە بەر کاریگەریی هەموو رووداوەکانەوە. ئەو تەوارە (زێڕین)، لەچرکە یەکلاکەرەوەکاندا بەوە نەدەوەستا کەتەنها شاهید بێت، بەوە نەدەوەستا کەتەنها سنووری جوگرافیایی دەرکەوتنی خۆی ببەزێنێو لەشوێنی رووداودا ئامادەبێت، بەڵکو بەناخو جەستەی لەچارەنووسی دانیشتوانی ناوچەی گڕگرتوو نەگبەتیگرتوودا بەشدار دەبێو بەمەش تەعبیر لەرەگە قوڵەکەی خۆی دەکات، لەو (پەری)یە پیلان لێکراوو ستەم لێکراوو بە (تەوار) کراوە — هەڵبەتە لەئەنجامی پیلانو ستەمەکەو لەئەنجامی خاوەن حەقیی ئەمیشەوە—، لەو واقیعەش کەلەیادەوەریی قووڵی خۆیدا نەك هەر پەریی هەیەو (تەواری)ی لێ دروست دەکات، بەڵکو (ئەسەدوڵڵا)شی هەیەو (بەران)ی لێ دروست دەکاتو، بەو دوورەمزەو رەمزەکانی دیکەشی هەمیشە ئاوێنەیەکی ئامادەی بۆ هەموو سەردەمو قۆناغێکی داهاتوو— لەهێڵە گشتییەکەیدا— سازدەکات. ئەم خاڵە دەتوانێ توانای لێکدانەوە، یان راستتر توانای بێ پایانی لێکدانەوەی تازەتر دەڕەخسێنێتو، هەر ئەمەش یەکێکە لەبنەما هەرە گرنگەکانی پێکهاتنی بیری میتۆلۆژی.

ناتوانم بەدڵنیاییەوە بڵێم ئەفسانە لە (ئەژدیها)دا تا چ رادەیەك زادەی بیری خەڵکەو تا چ رادەیەك داهێنانی (موکری)یە، چونکە بەراستی لەو زەمینە تایبەتە بێ ئاگام کەئەو کردوویەتیە چوارچێوەی جوگرافیو دەروونی کارەکەی، بەڵام هێندەی ئاشنایەتیم لەگەڵ موکریو بەرهەمەکانی رێگام پێ دەدات دەتوانم بەنیمچە دڵنیاییەکەوە بڵێم، رۆمانووس هەرچۆنێك بێت کەرەستەی خۆی پەیدا دەکاتو دەیکاتە بناغەو شتی لەسەر دادەمەزرێنێ، دەیڕازێنێتەوە، لەگەڵ جیهانی تایبەتی خۆی دەیگونجێنێ، پێکهاتەی تازەی دەخاتە سەرو، لەئەنجامیشدا هەوڵ دەدات بەو شێوەیە خۆی لەبەرپرسیاریی سەرتاسەریو یەکجارەکی ئاراستەی گشتی رزگار بکات کەخاوەنی واقیعی بۆ هەموو چرکەیەكو هەموو رووداوێکو، تەنانەت هەموو پیتێکی نێوبەرهەمەکەی پێشنیاز بکات. لە (ئەژدیها)دا وشەی (دەڵێن:) گوزارش لەزۆر شت دەکات، گوزارش لەخواستێکی ناوەوە دەکات (واتە خواستێکی دەروونی پەیوەندیی بەجۆرە هەڵوێست دەربڕینێکەوە هەیە کەدەمامکی کەسایەتییەکی گشتیی نەناسراو دەپۆشێ). گوزارش لەخواستی دەربڕینێکی نیمچە قەدەغە دەکات، گوزارش لەوزەیەکی بێ پایانی سنووریکی تایبەتیی کەسایەتیی نووسەر دەکات. گوزارش لەپێکەوە گرێدراویی ئەمڕۆو دوێنێ دەکات، بەو مەعنایەی کەدەکرێ والەئەمڕۆمان بگەین کەلەسەر بناغەی (ترەکەڵەك— هەڵە)ی دوێنێ دامەزراوە، بۆیە هەمیشە لەبەردەم هەڕەشەی داتەپینو رووخاندندایەو، خودی ئەم هۆیەش، واتە چارەسەرکردنی ئەفسانەییانەی پێکەوە گرێدراوی دوێنێ (رابردوو)و ئەمڕۆ (ئێستا) دەبێتە مایەی ئەوەی قەدەرێکی (سیزیف)ییانەی کورد لەرۆمانەکەدا بخوێنینەوە، بەڵام ئەمەی کورد تەنها لەبەردەوامی ئەشکەنجەو ئازارەکەیدا نییە، بەڵکو لەبەردەوامی هەڵەکانیشدایە بەشێوەیەکی سەیر.. لەبەردەوامی نەزیفی خوێنی بێهۆو مەبەست رژاودایە، لەوەشدایە کەکورد بەبەردەوامی، ئەگەر راوچی نەبێ، خۆی دەبێتە راوچی ئەو نێچیرە مسۆگەرەی پێی دەگوترێ: کورد.

لەبەر ئەوەی موکری ئەفسانەکان دەگێڕێتەوەو نیسبەتی دەداتە پاڵ خەڵکانێ کەدیار نینو، بەمەش لەهیچ شتێك بەرپرسیار نین، بۆیە بوارێکی لەباری رەخساندووە بۆ ئەوەی بتوانێ بەئازادیەکی چاوەڕوان نەکراو لەدەرگای گۆشەو قوژبنە قەدەغەکان بداتو چرکەو ساتە تایبەتەکانی ئەو گۆشەو قوژبنانە بۆ گۆڕەپانی واقیع بگوازێتەوە.

لەمەسەلەی بەکارهێنانی ئەفسانەدا، ئەگەرچی هێندێ خاڵ بەدی دەکرێن کەرەنگە بتوانرێ بەنیشانەی لێکەوە نزیکبوونی جیهانی خوڵقێنراوی مارکیز—موکری، یان یەشار کەمال— موکری دابنرێن. من پێم وایە جیاوازییەکی بناغەیی لەنێوان شێوازی بەکارهێنانو وەگەڕخستنی ئەفسانە لای مارکیزو موکری لەلایەکەوەو کەمال و موکری لەلایەکی دیکەوە هەیە. لای مارکیز ئەفسانە، سەرەڕای دەرکەوتنی یەکجار بەرچاوی ئایتمەکانی لەگەرمەی واقیعێکی نائاساییو سەیردا دەتوێتەوە. مەنتیقی بەهێزی ئەو (نائاساییبوون)و (سەیربوون)ەی واقیع قەناعەت بەواقیعییەتی ئەفسانەی کۆلۆمبیاو

جیهانێکی بەرینتریش، وەکو لەرۆمانەکانی مارکیزدا دەردەکەوێ، لای خوێنەر دروستدەکات، بەمەعنایەکی دیکە مارکیز تەکنیکێکی تایبەتی بەکاردەهێنێ کەبتوانێ ببێتە ئامرازی بەئاساییکردنی نائاسایی‌و سەیر. مارکیز دەبێتە ئەو کەسەی رووداو دەگێڕێتەوەو دەبێتە شاهێدی واقیعییەتی ئەو رووداوە، کەچی موکری لەسەر زاری کەسانی دیکەی نەناسراو رووداوەکان دەگێڕێتەوە. موکری بەوشەی (دەڵێن) بەرپرسیارییەکە دەخاتە ئەستۆی کەسانی دیکەوە، تەنانەت هەر بەو شێوەیەش جەوهەری (نابەرپرسیاری)ی خۆی قووڵتر دەکاتەوە کە

دوو جۆرە (گێڕانەوە)ی هەمان رووداو دەخاتە بەرچاوی خوێنەر (بڕوانە لاپەڕە٧١ بەولاوە سەبارەت بەماهیەتی ئەو ئەسەدوڵڵایەی کردەوەکانی دەبنە مایەی دروستبوونی تان‌و پۆی سەرجەمی ئەفسانەکانی هەرێمی (شێرکۆ).

لای یەشار کەمال ئەفسانە گوزارش لەهەمان ئەو گیانە کوردانە خولقێنەرە دەکات کەلای موکریش بەدی دەکرێ، بەهەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ تان‌و پۆدا دەکرێ، لەهەمان روانگەی دروستکردنی میتۆلۆژیاوە رووداوەکان دەبینرێن، بەڵام ئەفسانە لای یەشار کەمال رەنگدانەوەی ناخی ساکاری کەسایەتی‌یە نەخوێندەوارەکانە، کەچی لای موکری هەموو ئاڵۆزی‌یەکانی ناخێکی گیرۆدەی دەیان جۆرە پاوانکاری (قەدەغەکاری) دەردەکەون‌و، تەنانەت دواکەوتووترین کەسایەتی‌ی ئەو جیهانی ئەفسانەیە باس لە (شیکردنەوەی دەروونی) دەکات. راستە موکری ئەو لێهاتوویی‌یە دەگێڕێتەوە بۆ ئەزموون، بەڵام هێشتا مۆرکە تەجریدی‌یەکەی زمان لەسەرووی ئەزموونە پێشنیازکراوەکەدایە. جگە لەمەش، یەشار کەمالیش هەر بەرپرسیاری ئەفسانە خولقێنراوەکەیە بەپێچەوانەی موکری. لەبەر ئەم هۆیانە پێم وایە جیهانی خەون، کەلەسەرووی واقیعیدایە، جیهانی ئەفسانەی موکری‌یە، بۆیە (سەروو واقیعیەتی ئەفسانەیی) بەتەعبیرێکی گونجاو دەزانم بۆ ئەو جیهانە.

دووەمین پرسیار: ئایا لەرۆمانی (ئەژدیها)ی موکریدا نووسین رووداو دروست دەکات یان رووداو نووسین دروست دەکات؟!



وەڵام: ئەم پرسیارە پەیوەندی‌ی بەجەوهەری داهێنانەوە هەیەو، رەنگە خودی داهێنەریش نەتوانێ وردودرشتی لایەنەکانی ئەم پەیوەندی‌یە بەتەواوی‌و بەپێی پێویست روون بکاتەوە، هۆی ئەمەش، بەبۆچوونی من، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی رەگە قووڵەکانی داهێنان هەمیشە لەقوڵایی‌یەکانی نائاگایی (لاشعور)دایەو، هەوڵدانی ئاگادار بوون لەوردەکاری‌یەکانی پرۆسەی داهێنان لەگەڵ سروشتی ئەو پرۆسەیە ناگونجێ.

دەتوانین باس لەو راستی‌یە بکەین کەهەر رۆمانێکی داهێنراو لەبناغەدا زادەی بیرۆکەیەکی بناغەیی‌و چوارچێوەیەکی گشتی‌یە کەلەمێشکی رۆماننووسدا لەدایکبووە، بەڵام ئەمەی باسی دەکەین تەنها کۆڕپەیی رۆمانەکەیەو وردەکاری‌یەکان هەمیشە لەکاتی نووسیندا دروست دەبن‌و، بەبێ دوودڵی دەتوانین بڵێین کەبەشی هەرە زۆری هەموو رووداوەکان لەو وردەکاری‌یانەن کەلەکاتی نووسیندا دروست دەبن.

ئەمەی ئاماژەم بۆکرد، پێم وایە تەعبیر لەحاڵەتە گشتی‌یەکە دەکات، بەڵام بەنیسبەت موکری‌یەوە، کەخەون کۆڵەکەی سەرەکی‌ی داهێنانیەتی – بەخەونی ورياییشەوە– پێم وایە دەکرێ بڵێین رەنگە لەنووسیندا تەنانەت بیرۆکە بناغەیی‌و چوارچێوە گشتی‌یەکەشی رووبەڕووی گۆڕین ببێتەوە، هەڵبەتە ئەم مەسەلەیە بەو مەعنایە نەخراوەتە پێش چاو کەرووداوەکان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دروست دەکرێن، بەڵکو بەو مەعنایەیە کەپێویستی‌یەکانی ناخ رۆڵی سەرەکی لەدروستکردنی ئەو رووداوانەدا دەبینن.

**غفور صالح.. رۆماننووس**

وەڵام: بێگومان رۆمانەکانی کاک (محەمەد موکری) خەسڵەتی زۆر تایبەتکاریان تێدایە، یەکێك لەو خەسڵەتە تایبەتکارانە مەسەلەی زمانە، من بەش بەحاڵی خۆم سالآنێکی دووروودرێژە زمانی (موکری) لەنزیکەوە دەناسم، کەم کەس دەزانێ بەتایبەتی خوێنەری ئێستا کە (موکری) بەشیعر ژیانی ئەدەبی دەست پێکردووە، دواجار بەلای چیرۆکی کورت‌و رۆماندا شکایەوە، بۆیە هەر لەسەرەتاوە هەوڵی‌داوە جۆرە تەقاندنەوەیەك لەزمانی کوردی‌دا دروست



بکات، هەمیشە بەرای من زمان لەلای موکری یەکێك بووە لەو چەمکانەی پێش حیبکەکان کەوتووە، مەسەلەی زمان لەبەرهەمەکانی موکریدا بەیەك وەتیرەو هێڵێکی سیحراوی نەپچڕاو بەڕێوە دەچێ، ئەوەی چیرۆك‌و ڕۆمانەکانی بخوێنێتەوە سەرەتا ئەوەی کەسەرنجی ڕادەکێشێ زمانی حیبکەکەیە، بۆیە من زمان لە (ئەژدیها) بەکامڵتر دەزانم وەکو لەچیرۆکەکانی‌و هەرسێ ڕۆمانی (هەرەس، سەگوەڕو تۆڵە) لەم ڕۆمانەدا زمان لەگەڵ ئەفسانەکاندا هاوتەریبە، ئەو ئەفسانانەی لەڕۆمانەکەدا هاتوون بەهۆی زمانەکەیەوە هەست دەکەی ئەفسانەی کۆنی کوردین؛ بەڵام ئەفسانەکان لەدروستکردنی زەینی (محەمەد موکری)ن، بۆیە زمان لەم ڕۆمانەدا وەکو چەقڵێکێی سیحراوی مامەڵەی جیدی لەگەڵدا کراوە، لەم ڕۆمانەدا زۆر شت لەپێناوی زماندا تەرخان کراوە، بگرە نەبووەتە پابەندی دەقە ئەفسانەییەکان لەڕۆمانەکەدا، دەتوانم بڵێم لەهەندێ شوێندا بەتەواوەتی زمان بۆتە جەستەیەکی بەجووڵەو دەقێکی تایبەت لەنێو دەقەکەدا..

ئێمە لێرەدا هەندێ دیاردە هەن لەگۆڕەپانی نووسینی ڕۆمانی کوردیدا نابێ بێ‌دەنگی لێ بکرێ چونکی زەرەرمەند دەبن بەڕۆمانی کوردی، نابێ لەسەر هاوڕێتی یان سۆزی ناوچەگەریەتی شتەکان دیزەبەدەرخۆنە بکەین، بەئاراپ بڵێین چاکەو بەچاکیش بڵێین خراپە، بەداخەوە هەندێ ڕووناکبیرو شاعیرو چیرۆکنووس لەمەڕ خۆیان خۆیان بەهەڵەدا دەبەن، وڕای نابەجێ بڵاودەکەنەوە، بۆ نمونە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)؛ زۆر بەشان‌و باڵی زمانەکەیدا هەڵدەدەن‌و ئیدی، کارێکی نەکردەیە، ئەزمونەکە تایبەت نیە بەکورد، لەمەوبەر هەیە، ئەو زمانە شیعریەی ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) لەلای زۆر نووسەری دنیا هەیەو کارتێکردنی پێوەدیارە.

یان دەڵێین: ئێوارەی پەروانە وەرچەرخانێکە لەڕۆمانی کوردی‌و خەنەریشە لەسەر ڕۆمانووسەکان!! برادەرینە، ئەم جۆرە ڕایانە کوشندەن دەبێ ئێمە لەم مەسەلانەدا وردبین، بۆیە منیش دەڵێم پاشەڕۆژی ڕۆمانی کوردی بەهۆی ئەم جۆرە ڕاوبۆچوونانەوە لەمەترسیدایە..

وەلێ -ئەژدیها- لەکارتێکردنێکی زەقەوە بەدوورە، زمانەکەی ئەگەر ئەو شیعریەتە وەرگیراوەی پێوە دیار نییە، بەڵام زمان لەڕۆمانی -ئەژدیها- جەستەیەکی زیندووە، بگرە چەند لەهجەیەکی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی پێوە دیارە، زمانی گێڕانەوە جیاوازە لەزمانی دیالۆگی کەسەکان، زمانی (خاوەر) جیایە لەگەڵ زمانی (خدرە زلە) بۆنمونە، زمانی (قادرەفەنی) جیاوازە لەگەڵ ئەوانی دیکە، بۆیە من دەڵێم ئەگەر (موکری) ئینجازێکی بۆ ڕۆمانی کوردی لەڕۆمانی (ئەژدیها)دا نەکردبێ دەسا ئینجازێکی گەلێ لەوە زیاتری کردووە، واتا ئینجازی زمان پتر لەڕۆمانەکانی پێشووتری، زمانە شیعریەکەی ڕۆمانی (ئەژدیها) بەزمانێکی خواستراوو تەقلیدی نازانم، جوانکاری ئەم ڕۆمانەش لەبەکاربردنی زماندایە..

دەتوانم بڵێم ئێستا دەستێکی تێکدەر هەیە بۆ بەپەراوێزکردنی هەندێ دەنگ لەچیرۆك‌و ڕۆمانی کوردی‌و هەندێ دەنگی تەقلیدی‌و لاسایی کەرەوە بخەنە ڕوو بەناوی (فەنتازیاو فەنتازیاگەری)و بەکاربردنی فەنتازیا لەچیرۆکی کوردیدا شتێکی تازە نیە وەکو هەندێ برادەر چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن‌و ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی بەفانتازیا دەناسێنن، بەڵکو موکری لەسالانی حەفتاو هەشتاکان فانتازیای هێناوەتە ناو چیرۆکی کوردی‌و بەزمانێکی شیعری هەروەها کاك (حسین عارف)و (عبدالله سراج)یش بۆیە هەندێ کەس لەبێ‌ئاگاییەوە قسان دەکەن چونکی بەتەواوی ئاگاداری ئەدەبی کوردی نین، ئەگینا فانتازیا نووس لەچیرۆکی کوردی ئەو سێ چیرۆکنوسەیە هەروەها نووسەری ئەم چەند دێڕەیش بەشایەتی هەندێ ڕەخنەگری کوردو عەرەبیش... لەمەڕ زمانی -ئەژدیها- هەر هێندە دەتوانم قسە بکەم وابزانم توانیومە وەڵامی پرسیارەکەتان بەپێی بۆچوونی خۆم بدەمەوە..

و.پ٢

ئەمە چوارەم ڕۆمانی محمد موکرییە، لەمەوبەر ڕۆمانی سەگوەڕ و هەرەس بەدوویەش‌و تۆڵەی بڵاکردۆتەوە، گوتراوە هەموو ڕۆماننووسێك بابەتێکی سەرەکی خۆی هەیە، یان پاڵەوانێك یان ڕۆمانێکی سەرەکی هەیە، موکریش بەهەمان شێوە، لەسەگوەڕو هەرەس‌و ئەژدیها ڕووداوو کەسەکان

تەواوکەری یەکدین، یان درێژە پێدەری یەکدین.
قارەمان گەلی موکری کەسانی رووناکبیری نوشست خواردوون وەکو جۆرە پاڵەوانێکی وجودیانەو، لەلێواری هەڵدێری بووندا خەون دەبینن، دەژین، رەخنە دەگرن، بەرهەڵستکارن، یاخیدەبن‌و شۆڕش دەکەن‌و لێی پەشیمان دەبنەوە، مومارەسەی سێکس دەکەن‌و لەدرزی دیوارەوە وەکو قارەمانی رۆمانی (دۆزەخ)ی هەنری باربۆس دەڕواننە رووداوەکان‌و وەسفیان دەکەن، یان وەکو (رۆکانتان) قارەمانی رۆمانی (ئێڵنجدان)ی سارتەرو (میرسۆ)ی رۆمانی -نامۆ-ی ئەلبێرکامۆ بەوەڕسی لەگەڵ ژیانی خۆیاندا مامەڵە دەکەن..

رۆمانی -ئەژدیها- ئەزموونێکی کوردیە لەبواری رۆماننوسیندا نابێ بەبێ وەستانێکی تێروتەسەل بڕواو ئاوڕی لێ نەدرێتەوە، ئەوانەی تا ئێستا رۆمانیان نووسیوە -موکری- یەکێکە لە دیارەکانیان، ئێمە ئەزموونی رۆمانووسینیمان کەمە، زۆربەی ئەو رۆمانانەیش نوسراون زۆریان تەقلیدین‌و تازەگەر نین، موکری زیاتر لە -ئەژدیها- برەوی رۆحیەتی تازەگەری داوە لەبواری رۆماننوسین، وەکو لەمەوبەر ئاماژەم بەوەکرد حەزم دەکرد ئەو رۆمانانەی بەشان‌و باڵیان هەڵداوە سرف کوردی بوونایە نەك لەژێر کارتێکردنی رۆماننوسی جیهان بوونایە، بەلام ئەم ئەزموونەی موکری دەتوانم ناوبێنم رێکورەوان‌و سرف کوردیە، من زۆر رۆمانم خوێندۆتەوە هی هەموو نەتەوە جیاجیاکان‌و، سەر بەهەموو رێبازو قوتابخانەکان لەمەی (موکری)م بەرچاو نەکەوتووە، یان کارتێکردنی هیچ رۆمانێکی پێوە دیاربێ.

بەداخەوە ئێمە تا ئێستا ئەقلێکی رەخنەگرانەی مەوسووعیمان نیە تا بەرهەمە ئەدەبیەکانی خۆمان بخەینە بەر باس‌و لێکۆڵینەوەو بەمەوزوعیانە هەڵیانسەنگێنین، بەداخەوە ئێمە لەم عەقڵیەتەوە دوورین، ئەگەر هەشبێ، لایەنگرتنی ئاشکراو دووفاقی پێوە دیارەو دەچێتە قاڵبی گروپ گروپێنەوە، دیارە ئەمەیش دیاردەیەکی خەتەرە، ئەزموونەکەی (محمد موکری) یەکێکە لەو ئەزموونانەی کەبەر رق‌و کینەی هەندێ خەڵکی ناپسپۆڕ کەوتوون‌و بابەتیانە هەقی خۆیان پێ نەدراوە، تەنها -ئەژدیها- لەوانی دیکەی بەختەوەر بووەو خەریکە ئاوڕێکی جدییانەی لێ دەدرێتەوە، بەداخەوە هەندێ برادەر دەیانەوێ وردە قوم بکەنە چاوی خەڵکەوەو ئەزموونی خەڵیکمان لێبکەن بەئەزموونی خۆیان‌و خوێنەر تەفرەبدەن..

رۆمانی -ئەژدیها- دیتنی شتە بەدەکانی ژیانی مرۆڤی کوردن، شکستە مێژووییە یەك لەدوای یەکەکانی مێژوو دەخاتە روو، بەشێوەیەکی ئەفسانە ئامێز، گەرچی قارەمانی رۆمانی (ئەژدیها) بەبێ هەڵبژاردنی خۆی تێکەڵ بەکارەساتە سیاسییەکانی گەلەکەی دەبێ‌و لەگەڵیاندا دەژی‌و وەسفیان دەکاو تێڕوانینی خۆی سەبارەتیان دەبێ، گەرچی لەکەسایەتی نووسەر خۆیەوە نزیکە، بگرە لەهەندێ شوێن دەقاو دەق خۆیەتی، چونکی موکری بەکردەوە چەند جارێ بەشداری شۆڕشی ئەیلول‌و ئاشبەتاڵەکەی‌و شۆڕشی نوێ‌و کارەساتەکانی کیمیاباران‌و ئەنفال‌و ئاودیوبوون بۆ ئێران بووە.

هەرچەندێکیش رۆمانی -ئەژدیها- بەدەستپێکردنێکی ئاسایی‌و باو دەستپێ دەکا، بەمەیان رۆمانووس ویستوویەتی جۆرە سروشتیەك بدات بە دەقەکە، لەبەربەیانی شەوێکی مانگەشەو، لەشەوی بڕیاردانەوە دەست پێدەکا، هەر لەوێشەوە فلاش باگەکان دەستپێدەکەن، لەئاستی یادەوەرییەکانەوە دەردەکەوێ.

(کەریم) کەقارەمانی رۆمانەکەیە لەترسی حاجی رەزا عەللاف‌و ژن‌و کچەکەی هەڵدێ، بەتۆمەتێکی ئەخلاقی، کەوەختی خۆی لەلادێیەوە باروبنەیان گواستۆتەوە بۆ شاری کەرکوك‌و لەقەڵاکەی جێگیر دەبن، ئەنجامیش باسی هەرزەکاری خۆی‌و مومارەسە سێکسیەکانی خۆی لەگەڵ موعەزەزو ئەمنەخانی دایکی‌و بوونی بەشاگرد لەلای حاجی رەزای عەللاف، خاوەنی خانووە تورکمانەکەیان، بێگومان نووسەر خۆی لەقەلای -کەرکوك- لەدایك بووەو ئەو سەردەمەیش زۆربەی دانیشتوانی قەڵا تورکمان بوو، کەریم بەبیانووی هەڕەشەو گوڕەشەی کەس‌وکاری -موعەزەز- کۆشێ خێزان بەجێدێڵێ بەرەو چارەنووسێك کەهەڵبژاردەی ناچاری خۆیەتی، ئەویش چوونە ریزی شۆڕشی کوردستانەوە، لەکۆتایی ساڵانی حەفتا، ئەمیش یەکێکە لەخاڵە سەرکەوتووەکانی رۆمانەکە، بەپێی بیروباوەڕی وجودیانەی رۆمانووس، چونکی وجودیەکان دەڵێن

مرۆڤ وەکو بەردێك تووڕ دراوەتە ئەم جیهانەوەو دەبێ تێدا هەڵبکات..

(کەریم) قارەمانی سەرەکی رۆمانەکە بەپێی قسەی -جۆرج لۆکاش- قارەمانێکی ئەشکالیە: واتا بەشداری جیهان دەکاو دەژی دەوەستێ دەستپێکردنی رۆمانەکە لەبڕیاردانی کەریم بۆ هەڵاتن یان بۆ سەرهەڵگرتن بەرەو چیا سەرچاوە دەگرێ: (یەکەم ساتی ژیانی کەچۆن لەمنداڵدانی دایکیەوە تورهەڵدرا ئەوا ئەم بەرەبەیانەش- نەك بەرووتی بەڵکو لەپانتۆڵێکی رەنگ بواردوو پیناوی چاکەتەکۆنێکی لەلەنگەکراودا).. یان بەژن و منداڵەکەی دەڵێ: (من ناچارم ناچار.. بەناچاری بەرەو نادیاری مل دەنێم. ئێوەش دەسپێرمە چارەنووسی رەشی خۆتان).

دابەشبوونی حیبکەکە بەسەر چەند دەقێکەوە لەنێوان ئەفسانەو واقیعو فانتازیا، هەروەها ئاوێتەکردنی ئەفسانە کوردیەکان لەنێو دەقی ئەدەبی، بەتایبەت لەچیرۆك و رۆماندا هەوڵدانێکی مۆدرنەو ئاکامی چاکی لێ دەکەوێتەوە، بەمەرجێ لەخزمەتی حیبکەکەدا بێ ئەگەریش ئەو ئەفسانەیە لەدروستکردنی نووسەرەکەیش بێ، وەکو (یەشار کەمال) دەڵێ: (ئەفسانەی چیای ئاگری) لەدروستکردنی خۆمە، تەنانەت تێترنجاندنی چەند وردە ئەفسانەیەك لەرۆمانێکدا ئەگەر لەخزمەتی مەبەستە سەرەکیەکە بن، هیچ ئەنگی و لاسەنگی‌یەك دروست ناکەن هەروەکو -مارکیز- ئەمەی کردوە، کۆمەڵێ ئەفسانەی کۆلۆمبی هێناوەو لەرۆمانی (سەد ساڵ گۆشەگیری)داو، هەمووش لەخزمەتی حیبکە سەرەکیەکەدان.

کەریم دوای هەست کردنێکی زۆر بەئازاری ویژدان خۆی لەژن و منداڵەکانی دەدزێتەوەو سەری خۆی هەڵدەگرێ خۆی لەناو کۆمەڵە خەڵکێك دەدۆزێتەوە، هەرەمەیەکی هەموو توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری، پێشمەرگەو شۆڕشگێڕان، هەندێکی دیکەشی خەڵکی بێ هەڵوێستو عەسکەری هەڵاتوو لەسوپای عێراق لەسالانی شەڕی عێراق و ئێران. هەر لێرەشەوە ئەشکالیەتی قارەمانی رۆمانی -ئەژدیها- دەست پێ دەکا. دیسان لێرەش وەکو وتمان جۆری قارەمانەکانی (موکری) کەسانی رووناکبیری نوشست خواردوون، لەو جۆرە رووناکبیرانە کە (هربەرت مارکۆز) ئاماژەیان بۆ دەکا، لەنێوان چەپ و راستدا، لەنێوان ماتریالیزم و ئایدیالیزمدا رێگا وێڵ دەکەن..

(کەریم) سەربووردی خۆی و دەوروبەرەکەی و ئەوانی دیکەو بەسەرهاتەکان بۆ (زێڕین) دەگێڕێتەوە. ئەفسانەکەی زێڕین لەچەند لایەکەوە لەئەفسانەی شیرین و فەرهاد دەچێ و (ئەسەدوڵڵا)یش (خوسرەوی پەروێزە)، لەهەندێ لای دیکەوە (ئەسەدوڵڵا) زوحاکەو دەبێتە هۆی پێکەوەنانی خەڵکانی کەلوەزنشین کەلەترسی زوڵم و زۆری ئەو هەڵدێن بۆ چیا. دواندنی (زێڕین) واتایەك دەبەخشێ، کەئەویش ئەوەیە (کەریمیش وەکو ئەو ستەملێکراوە، زێڕین زیاتر لەبەرزییەوە کارەساتەکان لەشێوەی پانۆراما دەبینێ.. سەدان یاخود هەزاران کەین و بەینی ئەوێ لەپایگاکانی شۆڕش، لەنەبردی و بێوەرەیی، تەبایەکان، ناکۆکیەکان، ترس و دڵەڕاوکێی ژیانی پێشمەرگایەتی و تراژیدیاکانی پرۆسەکانی رۆژانی کیمیاباران و ئەنفال لەلایەن رژێمی عێراقەوەو کۆچ و رەوکردن بەرەو خاکی ئێران و کارەساتەکانی بەفرو مەرگی بەکۆمەڵ و دیسان ئاوارەبوون. وەسفەکان لەرۆمانی -ئەژدیها- چڕن، سێکس جەستەیەکی زیندووە لەم رۆمانەدا، رۆمانی (زەویە بچوکەکەی خوا) کالدۆییلمان بیر دەکەوێتەوە یان رۆمانەکانی (البرتومۆرافیا) یان رۆمانەکانی الطیب صالح، سێکس وەکو رەگەزی مانەوەی هەموو زیندەوەرێك لەچیرۆك و رۆماندا زۆر رەنگدەداتەوە، رۆمان وەکو روبارێك وایە لەسەرچاوەوە تادەگاتە رژانە نێو دەریاو ملیۆنەها گێژاوەی تیا دروست دەبێ، تۆ بڵێی چەندان لەو گێژاوانە مەسەلەی سێکسی تیا نەبێ، چونکی هەر گێژاوەیەکی نێو رۆمانەکە گوزارشت لەلایەنێکی ژیان دەکات، بۆ رۆمان وەکو دەقێکی کراوە زیاتر لەمەسەلەی سێکس دەکۆڵێتەوە، بۆ ئەم رۆمانە واتە -ئەژدیها- لەم لایەنەوە زیاتر بایەخی بەفاکتەری مانەوەی رەگەزی بنیادەم داوە، ئێمە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر گۆرانی فۆلکلۆری کوردی مەسەلەی سێکس زۆر باوە کورد لەناوهێنانی سێکس سڵ ناکاتەوە، کورد تەنانەت زۆربەی قسەنەستەقەکانی لەبارەی سێکسەوەن، بەڵام سێکس لای کورد نەبووەتە بەرەڵڵایی و ئیباحیەت، کورد رێزی لێ دەگرێ و بەغەریزەیەکی

ئاژەڵیانەی نازانێ، چونکی مرۆڤ لەهەموو ڕۆژو مانگو وەرزێکدا مومارەسەی دەکا، بەڵام ئاژەڵ تەنها لەیەك وەرزدا ئەو مومارەسەیە دەکا ئەویش بۆ زاوزێکردن، بۆیە سێکس غەریزەی ئاژەڵیانە نییە، تەنانەت گەورەپیاوانی ئایینیەکانیش لەم کردەوەیە مەعسوم نەبوون. سێکس لەڕۆمانی -ئەژدیها- ڕێزی لێگیراوە وەکو ئەوەی هەیە لەژیانی مرۆڤی کورددا باسی کراوە، چی وەکو ئەفسانە گێڕابێتەوە یان وەکو جەستەیەکی زیندوو لەمەتنی دەقەکەدا.. لەدواییدا دەڵێم نابێ ئەزموونەکانمان بەبێ ئاوڕدانەوەی ڕەخنەگرانو پسپۆڕان تێپەڕبن، چونکی ئیدی ناتوانین چاكو خراپ بۆ ڕۆڵەکانی داهاتوو دیاریو بژارەبکەین (ئەژدیها) قسە زۆر هەڵدەگرێ بەڵام دەرفەت بەجێ دێڵم بۆ برادەرانی دیکە..

م.خالید- نووسەر

و/ دیارە خولقاندنی ئەفسانە لەڕۆماندا کارێکی تازە نییەو نووسەرانی تریش ئەم هونەرەیان بەکارهێناوە، بەڵام ئەوەی کەشایەنی سەرنجە شێوازی خولقاندنەکەیە. موکری بۆ ئەوەی شیرازەو ستراکچێری چیرۆکەکەی لەڕووی زەمەنەوە لێ نەشێوێو خوێنەر تووشی سەرگەردانی نەبێ بەشێوەیەکی زیرەکانە بەشە ئەفسانەییەکەی ڕۆمانەکە بەشێوازی سیناریۆیەکی سینەمایی بەرجەستە دەکاتو بەدەستەواژی (دەڵێن) بنگرێی دەکا بەڕۆمانەکەوە، بەشێوەیەك کەخوێنەر سەرەتا هەست بەوە ناکات کەموکری دوو شێوازی گێڕانەوەی بەکارهێناوە، بەکاربردنو خولقاندنی ئەفسانەکەیش دیسان زۆر زیرەکانە کەڵکی لێ وەرگیراوەو نووسەر کردوویەتی بەئاوێنەیەك لەڕابردوو لەبەرامبەر ئێستادا، واتە هەم دەتوانی ژیانی کۆمەڵایەتیو ڕۆحیو ڕووداوو کارەساتەکانی ڕابردووی تێدا ببینیو هەم وەك ئاوێنە ڕەنگدانەوەیەکی بارودۆخو ژیانی ئێستای تێدا بەدی بکەی. ئامانجی زۆربەی نوسەران لەخولقاندنی ئەفسانە خۆدزینەوەیە لەقسەکردن لەسەر واقیعیەکانی ئێستا بەزمانی ڕاشکاوو ڕاستەوخۆ، بەڵام وەك دەزانین نوسەری ڕۆمانی ئەژدیها هەروەها کەلەگێڕانەوەی ڕووداوە واقیعیەکاندا پیشانی داوە پێویستی بەو کارە نییە بەڵام ئەفسانەی وەك کەرەستەیەکی باش بۆ پتەوکردنی ستراکچێری ڕۆمانەکە بەکارهێناوە.

پ/ بەکاربردنی زمان وەك بابەتێکی گرنگ بەکاربراوە؟

و/ زمان لە ڕۆمانی ئەژدیهادا بەدوو جۆر بەکاربراوە یەکەم زمانی گێڕانەوە بەشێوازی ڕۆمانو دووەم زمانی سینەماییە، لەو بەشانەی کەئەفسانەیین نوسەر کوتو مت شێوازی دیالۆگی سیناریۆی بەکارهێناوە، هەروەها وێڕای پاراستنی شێوازی نووسین، موکری زمانی قسەکردنو ئاخافتنی بەشێوەیەك بەکاربردووە کەئەگەر ڕۆژگارێك (ئەژدیها) ببێتە بابەتی توێژینەوەی ڕەخنەگرانی داهاتوو بەئاسانی دەتوانن شوێنو زەمەنی ڕووداوەکە دەستنیشان بکەنو خاوەن زمانەکەی پێ بناسنەوە. نوسەر نەئەوەندە دەروەستی بەکارهێنانی زمانی ئەدەبی بووە کەناچار بێ هەندێ جار مەبەست بکاتە فیدای زمان، نەئەوەندەیش کەمتەرخەم بووە کەنووسینەکەی ببێتە ئاخافتنی دوو یان چەن کەسی خەڵکی ناو کوچەو بازاڕ. موکری وەك لەدواییدا باسی دەکەم شێوازو زمانێکی تایبەت بەخۆی هەیە.

و/ موکری وەك بەرهەمەکانی دەیسەلمێنن شێوازێکی تایبەت بەخۆی هەیە، زمانێکی ڕاشکاو، بوێریو ڕاستگۆیەکی بێ خەوش بەرامبەر بەخۆیو میللەتەکەی، بەرامبەر بەخوێنەرەکانی. موکری لەو نوسەرانە نییە کەدێڕ بەدێڕ بیری لێ دەکەنەوە کەچی بنوسنو چۆنی بنوسن، ئەو کاتێ کەدەنوسێ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان هەستو نەستی، لەگەڵ قەڵەمەکەیدا دروست دەبێ. ئەو نوسەرانەی کەنەستیان کاریگەرە لەسەر نوسینەکانیان، ئاشکرایە کەڕاستگۆترو بەتواناترن لەنووسیندا، نمونەیەکی زۆر سادە لەوەی کەنەستی موکری تا چرادەیەك کاریگەرە بەسەر نوسینەکەیدا ئەمەیە: ناوی پاڵەوانەکەی ئەژدیها (کەریم)ە، ئەگەر ناوی نوسەر ناوی پاڵەوانەکە بەراورد بکەین (هەڵبەت بەو ڕێزمانەی (واتە ڕێزمانی عەرەبی) کەنوسەر بەو ڕێزمانە خوێندویەتیو بەشی زۆری نەستیشی بەو شێوە تۆمار کراوە) واتە (مکری) لەگەڵ (کریم) دەبینین جیاوازی ئەم دوناوە تەنها لەپیتی (م)دایە کەلە (کەریم)دا چووەتە ئاخرەوە. قەت لام وانییە موکری ئەمەی دەسانقەست کردبێت. هەر لێرەوە زۆربەی ڕووداوەکان لەنەستی نووسەرەوە سەرچاوە

دەگرن، وچونکە مرۆڤیش ئەو کۆنترۆڵو سەرکوتکردنەی بەسەر بەشی هەست واتە ئاگاییدا هەیەتی بەسەر نەستو نائاگاییدا نییەتی، هەر بۆیە نووسینەکانی موکری تارادەیەکی زۆر رووبەڕووی دەروونی خۆمانمان دەکاتەوە. نوسینەکانی موکری پتر لەوەی کەبابەتێکی مێژوویی یان ئەدەبی بن، هەڵگری هەڵسەنگاندنێکی سایکۆلۆژیانەن و لەبواری دەروونناسییەوە – کەگرنگترین لایەنی وجودی ئینسانە– قابیلی تاووتوێکردنن. ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی ترەوە نوسینەکانی موکری هەندێ جار وات لێ دەکات کەبەرەو دونیای پوچ گەرایی دەچیتو هەندێ جار پێت وایە نووسەر زۆر ناسیۆنالیستێکی تۆخە، لەهەمان کاتدا، پاش چەن لاپەڕە گومانی وجودی بوونی نووسەرت لا دروست دەکاتو کەچی کەدێتە ساریاری رەگەز وادەزانی فینیمیستێکی سەرسەختە، ئەمانە وا لەخوێنەر دەکەن کەپاش خوێندنەوەی بەرهەمەکانی موکری، هەمیشە تێفکران و پرسیار بۆ خوێنەر دروست ببێت واتە موکری قەت مامەڵەی زوردالو بیاگەلو لەگەڵ خوێنەردا ناکاتو هەمیشە خوێنەر ناچار دەکا بەرەو رووی خۆی ببێتەوە، ئەمانەو زۆر شتی تر موکری لەنوسەرەکانی تر جیادەکاتەوەو دەیباتە خانەیەکی تایبەتەوە بەڵام ئەوەی کە موکری وەك قوتابخانەیەك تەماشا بکرێ بەلای منەوە شتێکە کەدەبێت لەداهاتوودا بۆی بگەڕێین. رەنگە ئەم پرسیارە هێشتا زوو بێت.

## د.فەرهاد پیر باڵ

ئەدەبیاتی محەمەد موکری لەوانەیە بۆ زووتر بگەڕێتەوە، بەڵام من هوونەری ئەوم لەنیوەی دووەمی سالانی ١٩٧٠بەم لاوەناسی. هیوادارم بەسەهوونەچوبم ئەگەر لێرەدا دەڵێم:محەمەد موکری، کەهات، رچەیەکی بەستەڵەك بووی لەگۆرەپانی چیرۆکی کوردیدا شکاند کەئەویش رۆچوونی سایکۆلۆژی و شیکردنەوەی دەروونی بوو؛ سایکۆلۆژیاو دەروون بەهەموئاستە جۆرارجۆرو واتاکانی خۆیانەوە.کورتەرۆمانی (لەخەوما)ی جەمیل صائیبی لێ دەربهاویژێت لە١٩٢٥وبەدرێژایی سالانی (پێرەوگە) و (نەش و نما)، هیچ چیرۆکنوسێکی دیکەی کوردشك نابەین هێندەی موکری بەناو دەروونی مرۆڤی کورددا رۆچووبێت



.ئەو،لەتێخوێندنەوەو هەڵدانەوەی لاپەرەکانی ئەم کتێبەتازەیەدا ئەگەر یەکەمین چیرۆك نووس نەبێت، ئەوا یەکێکە لەریزی یەکەمینەکان.بۆسەلماندنی قسەکانم، دەڵێم: چیرۆکنووسانی کورد، لەسالانی ١٩٥٠–١٩٦٠دا و تەنانەت لەهاوزەمانی موکریشدا، لەژێر کاریگەرێتی بیری (اصلاحی)و ماوی و تایبەتیش مارکسیەت و کوردایەتیدا، زێدەرۆییەکی بێتامیان لەوەدا دەکردکەبێن تابلۆیەك لەبارەی نیشانە دەرەکیە زۆرئاشکراو(بێکاری) و (رەدووکەوتن) و (کوردایەتی) و (دەردەکۆمەڵایەتیەکان) پیشان بدەن. زۆربەی هەرەزۆریان، دیوی دەرەوەی مرۆڤ و تەنیا روخساری دیاردەو ڕووداوەکانیان وێنە دەکێشا.تەنانەت بۆنموونە لەجوانترین چیرۆکەکانیشداو لەکاتی حەساسترین بابەتەکانیشدا، بۆنمونە لای مامۆستا حسێن عارف، کاتێ باسی سێکس و توانەوەی جەستەیی– رۆحی ژن و مێردێك دەکات، دەیبەستێتەوە بەژیانی نەتەوەیی و رەوەندایەتی.جۆرێك لەناتۆرالیزمNaturalisme یان ریالیزمی فۆتۆ گرافی لەجیهانبینینی حسێن عارفدا دەبینرێت. ئەمە لەکاتێکدا شێوازی گێرانەوەودروستکردنی رووداوشێوازێکی بروسکەیی یە، تەنیا لەوەسف کردنی دەرەوەدا ڕادەوەستێ: بێ قوڵبونەوەبەناو سایکۆلۆژیاو ·تونێلە پێچاوپێچەتاریکەکانی رۆحیاتی مرۆڤی شارستان.

ڕۆڵی محەمەد موکری، لەچیرۆکی کوردیدا، لێرەوەدەست پێ دەکات...

لەنیوەی دووەمی سالانی ١٩٧٠دا، بەبیرم دێ: لەناو چیرۆك نووسانی کورددا، موتابەعەی سێ چیرۆکنووسم دەکرد.یەکەمیان:حسێن عارف،بۆ تەنزیرات و بۆچوون و زیاتریش بەتایبەتی بۆ تەکنیکی چیرۆکەکان. دووەمیان: محەمەد موکری، دیسان لای ئەویش بۆ تەکنیك، بەڵام لەهەمان کاتدابۆ جیهانبینی و جەربەزەی و جورئەت،بەتایبەتیش بۆ رۆچوونە سایکۆلۆژییەکانی. سێیەمیشیان کەهەندێك درەنگ تر لەچاو ئەوان هاتبووە مەیدان: شێرزاد حسن، کەلای ئەویش دیسان، بەهەمان رۆچوونی سایکۆلۆژی–کەپێم وابێ، لەمحەمەد موکریەوە فێری ببوو، یانیش هەڵبەت لەئەدبیاتی ئینگلیزیەوە.

شێرزاد، زۆر بەخشکەیی و زیرەکانە بێ ئەوەی بکەوێتەدوای لاسایی کردنەوە،راناوی دووەمی تاکی وەرگرت(کەمحەمەد موکری‌لەچەرخ و فەلەك‌و سیانەی مەرگی پیرۆز و جۆلانەدا بەکاری هێنابوو)؛زۆر بەخشکەیی و زیرەکانە، بێ ئەوەی بکەوێتەدوای‌لاسایی کردنەوە،کردی بەشێوازێکی خۆی)و لەزۆر بەی چیرۆکەکانی سەرەتایدا بەکاری هێنا(خوشکەکان، لەودیو دەرگا ئاسنینەکەوە، گرێ..هتد)

بەکارهێنانی راناوی دووەمی تاك (کەئامرازێکی کاریگەرتر و گونجاوترەبۆ قوڵبوونەوەبەناوناخ و رۆچوونە ناو سایکۆلۆژیا)، لەرێگەی محەمەد موکریەوە،بەناوی زۆربەی چیرۆکەکانی کۆتایی حەفتاکان و هەشتاکاندا بڵاوبووەوە بووە مۆدیلێك جێگەی خۆیەتی، لێرەدادانی پێدابنێم: من بۆخۆیشم یەکەمین سێ چیرۆکەکانی سەرەتای خۆمم لەژێر ئەم کاریگەرێتیەدا نووسی: (شوورە) کەلەساڵی ١٩٧٩لە (هاوکاری)دا بڵاوکرایەوەو پاشان شێرزاد حەسەن لەهەمان ساڵ و شوێنداشتێکی لەسەر نووسی ؛(ناونیشانێکی نوێ) کەلە١٩٨٠دا لەژمارە تایبەتیەکەی گۆڤاری (رۆژی کوردستان)دا بڵاو کرایەوە؛ لەگەڵ (زێنەب و شتی تریش) کە لەژمارە(٨٩)ی گۆڤاری (بەیان) دالەئابی ١٩٨٣ دا بڵاو کرایەوە.

من ویستبووم ئەم راناوی دووەمی تاکەی کەموکری لە(بینۆشەی سیانەی مەرگی پیرۆزدا) بەکاری هێنابوو زۆر بەخشکەیی و زیرەکانەو بێ ئەوەی بکەومە دوای لاسایی کردنەوەو بەکاربهێنم و بیکەمە تەکنیکێکی خۆم. هەستام لەسەرەتای چیرۆکەکەی خۆمدا(زێنەب و شتی تریش)نووسیم؛

هەڵسە !

دەهەڵسە دەی.. ڕەپێ بەوە.. !

هەمووی چەند چرکەیەك نابات و تەواو...

دەی..مەهێڵە هیچ پەشیمان و نیگەرانیەك

داتبگرێتەوە..بەسیش هێندە ئاوڕی ئەو ڕق و

تووڕەییە بێهودەیە بۆرابردوو بدەرەوە...بێ

فایدەیە..

هەڵسە.. بوخچەی فرمێسك و خەم و برینەکانت

بپێچەوەو.. برۆ !

ئەم سەرەتایە،کەمن بۆ چیرۆکەکەی خۆم نوسیبووم، لاسایی کردنەوەی ئەم سەرەتایەی موکری بوو لە چیرۆکی (بینۆشە)دا:

سەیرە ! !

چ خێرتە ؟

بۆ واشەرم دەکەی؟

کەی ئەوەندە شەرمنۆك بووی؟ها..شەرمی

پێ ناوێ هەڵیدە..بەلاچاوێکەوە سەیرێکی

دەوروبەریشت بکە...هانی خۆت بدە...

ئەو زەردەخەنەی بێ ڕەنگ و جەراوەی سەر

لێوەکانت مەرەخەس بکە...چاکتر وایە

بەفڕێ هەڵیدەی...

من لەچیرۆکەکەی خۆمدا لەگەڵ سۆزانیەك قسەدەکەم و هانی دەدەم بچێت خۆی بکوژێت لەپێناو ئەوەی رووی رەشی خانەوادەکەی سپی بکاتەوەو خوشك و برابچکۆلەکەی قوتاریان ببێت. موکری لەچیرۆکەکەی خۆیدا قسە لەگەڵ(دۆراوێك) دەکات و هانی دەدات بەد مەستانەتر بەناوی خەراباتی مەلها و مەینۆشیدا ڕۆبچێت و لەکۆتایدا خۆی بکوژێت لەپێناو ئەوەی رووی رەشی (هەرەسێکی سیاسی) سپی بکاتەوە !

من ئەگەر خۆم لێرەدا باسی ئەو دزییەم نەکردایە، باوەڕناکەم هیچ خوێنەرو رەخنە گرو توێژەرێك تاهەتایە بیتوانیایەپەی(بەم)وەرگرتنە ببەن.لەهەمان کاتدا دەڵێم: ئەم دزی کردن و وەرگرتنە، کەعادەتێکی زۆر جوان و پێویستی گەنجایەتی داهێنانە، بەلای کەمییەوە بۆ من لەساڵی ١٩٨٠–١٩٨٣دا، یەکێك بوو لەودەستانەی باڵی دەگرتم و دەیخستمە سەر کەڵکەڵەی نوسین و داهێنان: زۆر بەخشکەی و زیرەکانە، بێ ئەوەی بکەومە دوای لاسایی کردنەوە...

هیچ شەرم دام ناگرێ من ئەم دزیەم لەموکری کردووە، بەڵام لەسەر دارو پەردووی ئەمەوە من خانوویەکی تازەی جیاواز لەئەوەی ئەوم بۆخۆم دروست کرد؛ چیرۆکێکی خۆمم نوسیوەکەبەهیچ شێوەیەك لەهی ئەو ناچێت و پەیوەندی هیچی بەئەوەوەنییە(تەنیا لەتەکنیك و بەکارهێنانی راناودا نەبێت).



لاسای کردنەوەی ئەم تەکنیکەی موکری- هیچ نەبێ بەنیسبەت خۆمەوە-هەوڵدانێك بوو بۆ وەدەستهێنانی دنیا شاراوەدەروونی و خەولێکەوتوەکانی سایکۆلۆژیای کوردی، کەتا ئەو ساتە لەچیرۆکی کوردیا دەگمەن بوو

(٣)

بەم شێوەیە یەکێك لەدەست و دیارییە هەرە گرنگەکانی موکری بۆ چیرۆکی ساڵانی (١٩٧٠)و(١٩٨٠) بریتی بوو لەکونبەدەرکردنی ئەو دیوارانەی لەنێوان دیاردەو ناخ، رووداو کانگا، دەرەوە و دەروون، جەستەی مرۆڤ و غەریزەکانیدا هەن.

کێشەی مرۆڤ لەگەڵ جەستەی خۆیدا، یان(ئیشکالیەتی جەستەو ئازادی) وەك چۆن ئازاد سوبحی ناوی دەنێت، لەلای موکری، بەشێوەی سنورێکی فراوان مانای جیاواز دەهێننە ناو دنیای دەقی کوردییەوە.کەواتەلێرە وە بەتایبەتیش لەرۆمانی ئەژدیهادا-کەلەسەر دووانەی لەززەت/ گوناه دامەزراوە بەهەمان شێوازی ئەو چیرۆکنووسانە لەمحەمەد موکری داوابکەین کەتەنیا دیوی دەرەوەی دیاردەکان و تەنیا خودی رووداوەکان دەنووسنەوە؟

ئامادەیی و توانایەکی مەزنی نووسین، لەووزەو بەهرەی موکریەوە، بۆ سەر کاغەزی سپی هەیە. هەبوونی ئەم توانایە بەسە بۆ چیرۆك نووسێکی ئەزموون (٣٠) ساڵە کەحەوجەی بەشایەدێکی وەکو من نەمێنێت بۆسەلماندنی توانای دروست کردنی رووداو لەچیرۆك و رۆمانە کانیدا.بۆیە باشتر وایە خۆمان بەهونەرەکانی ئەم توانایەوە خەریك بکەین:

(٥)

زۆر جاران لای موکری، رووداو دەترنجێتە ناو مەنەلۆگ و تەداعیەکانەوە. ئەمەش بەشێوەیەکی پەرت و بڵاو وەك چۆن لەتابلۆیەکدا دەبینین. ئەو زمانە شیعریەی کەموکری بەکاری دەهێنێ بوار نادات رووداو بەشێوەی رووکەش و ئاساییەکەی خۆی وەدیار بکەوێت:

نا..نا.. نەخێر

هەژارانی دڵپاك، بێ ئەوەی هەڵگژێمە سەر لووتکەی ئێشان و برینم...

ئا لێرەوە...ئا لەم ژوورە زۆر تاریکەوە، ئێش و برینتان دەبینم... کوتەك و قامچی سەر پشتان، کولێرەی لەوتاوی خوێن و ئارەقتان دەبینم...

چیرۆکی(چەرخ و فەلەك)

گۆڤاری بەیان، ژمارە(٦٤)

گێرانەوەی رووداو، وەك لەسەرەوەدا بینیمان، لێك جاران هێندەشیعری و شێوەکارییانەیەکە دەشێ (شاعیرێکی گەورەش) لەلاپەرە(5)ی دیوانی (کازیوە)دا، دەقاو دەق زۆر بەخشکەیی و زیرەکانە، بێ ئەوەی بکەویتە دوای لاسایی کردنەوەلەو چیرۆکەوە بیگوازێتەوە ناو پۆستەرە شیعرێکی‌خۆی

ئازارێکی باڵا بەرزم
بێ ئەوەی بچمە سەر شانی
خەمێکی تر
تەنیا بەسەر هەڵبرینێ
برین لەکوێ بێ ئەیبینم
هەژار لەکوێ بێ ئەیبینم
شێکۆ بێکەس(دیوانی کازیوە)

ئەم وەرگرتنە وەرگرتنی شاعیرێکە لەچیرۆك نووسێك کەویستوویەتی بەم زمانە شیعرییەی خۆی رووداوێکمان بۆ بگێرێتەوە. ئێمە لێرەدا تەنها بۆ مەبەستی پیشاندانی شیعری بوونی زمانی موکری ئەم بەراوردمان کرد. کەوابوو، دەردەکەوێ، ئێمە ئەگەر بمانەوێ لەچیرۆکەکانی موکریدا بەدوای، (رووداو) دابگەرێین، نابێ چاوەڕێی ئەوەبین کەنووسەرلەرێگەی رستە خەبەریەکانەوەبەشێوەیەکی یەك لەدوای یەك رووداوەکەمان بۆرەسم بکات؛ بەڵکو پێویستە ئێمەی خوێنەر بۆ خۆمان بتوانین لەناو خودی تەداعی و مەنەلۆ جەکانەوەپێشبینی ئەوەبکەین چ شتێك رووی داوە؟! رووداوەکە چی‌یەو پەلو پۆکانی چین و کێن؟ رووداو لای موکری، دەشوبهێنم بەقومبەلەیەك کەلەناو دەروونی پاڵەوانەکەدا تەقابێتەوە: هەر پارچەیەکی لەلایەك، لەشوێنێك، لەکونجێکەوە... جوانی و مانا و مەرگەساتێك بگێرێتەوە.ئەم تەکنیکە وەکو گووتم، من بۆخۆیشم، لە (زێنەب و شتی‌تردا) هەروەها لە(شوورە) و(ناونیشانێکی نوێ)دا سوودم لێ وەرگرتبوو.محەمەدموکری، ئەم تەکنیکەی بەجوانترین شێوە، لە(چەرخ و فەلەکدا) و (ئامێردەکان) و (سیانەی مەرگی پیرۆز)دا، بەکارهێنابوو.



(٦)

سـود وەرگرتـن لەتـەكنیكی سینەمایی(پیشاندانی دیمەنی یەك لەدوای یەكتر پچڕ پچڕ) وەك بۆنمونە لاپەڕە٨١-٨٣ی ڕۆمانی (ئەژدیها) دا دەبینین، هەروەها درووست كردنی ڕووداولەڕێگەی دیالۆگ و خستنە رووی گفتوگۆی پاڵەوانەكان.وەك بۆنمونە لەلاپەرە١٠-١٢ی(ئەژدیها) دا دەبینین، چەند شێوازێكی دیكەی چیرۆك نووسن بۆ دروست كردنی ڕووداولەچیرۆكدا.

هەولێر:٢٩/٦/١٩٩٩

**رزگار سەعید**

كاتێك موكری هەڵەبڕی ڕۆمانی ئەژدیهای دەكرد لەچاپەمەنی زاموا، ڕۆمانی ئەژدیهام بینی، بەین بەین پەرەگراف و دایالۆگەكانم دەخوێندەوە زۆر عاشقی ڕۆمانەكە بووم، كەزوو لەچاپ تەواو بێت و بیخوێنمەوە.

بەڵێ چاپو بڵاوبووەوە كەچی لەخوێندنەوەی دواكەوتم، پێدەچێت تەمەڵی خۆم بێت، چونكە كەم ڕۆمان هەیە قوتار بووبێت لەخوێندنەوەم چ جاری ڕۆمانێك موكری نوسیبێتی.

مێژووی ئەزموونەكانی نوسینی موكری لەئەدگارەكانی دیدگای نوسەرێكی دی جیاوازە. هەر ئەو جیاوازیەشە توانیویەتی خاڵە سنوربەندیەكان بشكێنێت و بەدووی فەنتازیادا بچێت.

گەر فەرهەنگی كورد، چەند ڕۆماننوسێكی هەبێت و شانازی پێوە بكات، ئەوە موكری لەپێشەوەی ئەو چەندەیە. هەر ئەوەش بوو دوای خوێندنەوەم لەڕۆمانی ئەژدیها حەزم كرد ڕای خۆمی بەرامبەر دەربڕم. بەتایبەتی كەزانیم (عەبدوڵلا ئەحمەد) سەرقاڵی تەوەرو دایالۆگێكە لەسەری.

سەرەتای ڕۆمانەكە باس لەخێزانێكی كوردی ناوشاری كەركوك دەكات وەك زۆربەی خێزانە هەژارەكان. كەریم پاڵەوانی ڕۆمانەكەیە لەژێر هیچ جۆرە كاریگەرییەكی سیاسیدا نازێ، باس لەهیچ جۆرە كێشمەكێشێكی چینایەتی ناكات، تەنها خەم كەگرتویەتە كۆڵ و سنورەكانی دەبەزێنێت، خەمە سێكسیەكەیەتی، هەر ئەمەشە دەبێتە پێناسەی نەتەوەیی و شۆڕگێڕیەتی و وای لێدەكات كوردی خۆش بوێت. (زێرین.. پێت سەیر نەبێ، ئەم قسانەیان وایان لێكردم كوردم خۆش بوێت.ل١٤٥). (وشەی (كورد) بەس بوو بۆ ئەوەی ئاگر بەرداتە كەریمەوە.. وەك پشكۆیەكی گەش كەوتە كار! !ل١٥).

پاشان ڕوودان و ئاشكراكردن و ناكۆكی ناو ئەو خێزانەی كەكەریم كاریان لەگەڵ دەكات و ئەو كارەیش لەدوای مردنی باوكیەوە بۆی بەجێمابوو، (سمایلی باوكی كەریم وەك بەردەست لەخانەكەی حاجی ڕەزادا كاری دەكرد.ل٣١). دەبێتە دەرئەنجامێكی خراپ و دەردەكرێت.

كەریم كەدەبێتە پێشمەرگە بەرەو رووی جیهانێكی نوێ دەبێتەوە، جیهانێك پڕ لەقوربانی و بەرەنگاری، چەمكی شۆڕشیش بەبەردەوامی و لەخۆبووردوویی، (شۆڕش بۆ شكاندنی كۆت و بەندەكانی ئینسان نەبێ، ئەوا شۆڕش نییە !ل١٩٨).

لێرەدا بەسەلیقانەوە دێتە مەیدانی سەردی تۆمارەكان، مێژووەكان گرێ دەدات، ئازارەكان دەكاتە لەدایكبوونی وێنەكان (ئەمەیش جۆرێكی دیە لەئاشبەتاڵ.ل١٦٣).

ئەوەی زیاتر بە ڕۆحی ئازارەكانی ناخی كەریمدا ڕۆ دەچێ، ئەو قیبلەیەی هەمیشە سوكنایی پێ دێت و مەبەستیەتی لەئامێزی گرێت، وەك ڕەمزێك و سیمبۆلێكی بەرچاوی ناو ڕۆمانەكەیە ئەویش (زێرین)ە.

زێرین دەبێتە شوێنگەی (اعتراف)ی بەردەوامی كەریم و لایەنە شاردراو و نهێنیەكانی خۆی بۆ دەدركێنێ واتە گەر زێرین لەگۆڕێدا نەبایە بێگومان ئەو ژیانەی كەریم بەخەفەكراوی دەمایەوە، هەر ئەو ئەركەشە بوەتە هۆی سەردی هونەری نوێی ڕۆمانەكە.

كاتێك كەریم لەگەڵ ڕەوگە سیاسیەكەدا بەرەو ئێران دەچێت و ملی ئاوارەیی و پەناهەندەیی دەگرێت، جارێكی دی لەكۆتاییدا كەریم تێكەڵ بەئەفسانە دەبێتەوەو دەگەڕێتەوە ژوانگەی ئازارەكان و مەنزڵگەی پێشووی.

سیناریۆی ڕووداوەكان مێژوویین، واقیعی سەردەمێكی زیندوو دەگێڕنەوە، وێنەكانی ناو ڕۆمانەكە وانمایش كراوە كەخوێنەر دەجوڵێنێ جگە لەوەی تەكنیكێكی نوێ لەڕوونكردنەوەی كەرەستە بەكارهاتووە خۆماڵیەكاندا بەرجەستەكراوە.

بەگشتی رۆمانەکە زیاتر لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کەپێشینەیەکی دروست کراوو ئامادەیی هەیە شان بەشانی چیرۆکە ئەفسانەیی‌یەکان، تێکەڵ دەبێت. دەبینین چەوساندنەوە، رقی پیرۆز، لایەنە خۆشنودیەکانی مرۆڤ، دەبنە یەك جەستە بەنمایشکردنی دوو فۆرم.

لەهەردوو مێژووەکەدا گرێبەستی رووداوەکان (سێکس)ە، بووەتە سەرچاوەی خۆراکی کێشەی چیرۆکە ئەفسانەیی‌یەکە کەبەئەندازەی تەریبی چیرۆکە واقیعی‌یەکەشە.

لێرەدا موکری ئەرکی مێژوونووسی بینیوە لەگرێدانی (ئەفسانە بەواقیع)دا، جگە لەوەی گرنگی‌یەکی تایبەتی داوە بەرۆڵی (ژن). لەناو قولایی رووداوەکان زۆرانبازیو ململانێی رەگەزی مێو بەرامبەرەکەی خراوەتە روو کە ناکرێت بڵێیت وەکو لایەنێکی تەکنیکی هاتۆتە ناو پرۆسەکەوە بەڵکو وەکو کەرەستەیەکی خاوی بەرچاو داینەمۆی بەکارهاتوی بەرهەمەکە لەگەڵ هزردا بەرەو پێش دەچێت.

بەلام راگوزەرانە باس لەهەندێ دیاردە نەبەردیەکان دەکات جوانتردەبوو رۆماننووس لەگۆشە نیگایەکی فراوانتردا باس لەکەسو پاڵەوانەکان بکات. خەسڵەتەکانی مرۆڤی لەو سنورەدا قەتیس نەدایە کەمیتۆدی هەموو هەڵچونێك خەفە بکات، وەك (ئەنفال، کیمیاوی، هەڵەبجە).

سەرتاپای رۆمانەکە ژن وەکو (شەهوەت) وەکو (زەوق) وەکو (کێشمەکێشی لەززەت) بەکارهاتووە، کەوێناکردنی یاساکانی لەوکردارەدا فۆرمەلەکردووەو ئەوەندەش بەجێگیریو بێ جیاوازی داڕێژراوە. وێنەکان نۆرن، وێناکردنەکان یەکن.

(موعەزەز، ئەمنە خان، فاتە، خونچە، (١٠)ژنی ئەسەدوڵڵا بەئەسپە ژنەوە، پوور ئەسمەر، گوڵدەران، فەیمەخان، خاوەر، کیشوەر، زەینەب، رەعنا، مریەم، شاناز، زارا، عەیشێ، شەمسە، لەیلا، نازە، کەسکە، تانیا، مەستورە، لەنجە، پەریخان، شەوبۆ، نازناز، عەتیە، شەرمین، سینەم، توبا، ع، ص، ل، ن، هـ، زێوەر، حەیشێ، هەمین، عەیشێ، سهام....)

ئەمانە گشت بوونەتە پاڵەوانی قوربانی کردارە سێکسی‌یەکانو جێگرەوەی هۆشن. راستە لەگەڵ بەرپابوونی جەنگدا (برسیەتی سێکس) ترسناکترین



پەتایە (وەبا) کەوەك دێوەزمەیەك زاڵ دەبێت بەسەر بنەما سەرەکی‌یەکانی هۆشدا. بەلام دەکرێت بپرسین ئایا کێ مەحکومە بەو مەرگە حەتمی‌یە؟ یاخود کارە ناوازەکانی جەنگ کێ لێی بەرپرسە؟

(جۆن پۆستێلۆ) لەکتێبی (خۆشەویستی سێکسو جەنگ)دا باس لەزۆر دیاردەی نەشازی کۆمەڵگای ئەوروپی دەکات، لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمدا، کەچۆن سێکس بوەتە دیاردەیەکی بەرچاوو نەك کاریگەری لاوەکی بەڵکو زۆر بەئاشکرا رووداوەکان روو دەدەن، بەلام لێرەدا بەپێچەوانەوە قوربانیەکان رەگەزی پیاون. سەربازێکی جەنگی جیهانی یەکەم دەڵێت: (بەشێوەیەکی رەسمی ژنەکەم دەستەراستم بوو، بەلام لەلەشکردا دەستەراستم بووە ژنم).

سەربازە خۆرئاوایی‌یەکان لەجەنگدا رەچەتەیەکیان هەبوو بەناوی رەچەتەی باسفیك (Pacific Prescription) کەبووبووە سانسۆرێك لەسەر سەربازەکان، پاشان بەشیعرەوە دەیان وت:

(..............) مۆدەیە
بۆ ئەو کەفو کۆڵەی تێر نابێت
گەر کچان بۆیان هەبێت بیکەن؛
ئێمە بۆ نەیکەین؟...

بێگومان لەبەردەوامی جەنگدا دابڕان روودەدات، ئەو دابڕانەش دەبێتە هۆی لادانو پێچەوانەی پرنسیپەکان وەك (شذوذ). مێژوو زۆر نمونەی گەورەی سەرکردەکانمان بۆ دەردەخات کەلەشەڕگەکاندا زۆر سەرکەوتووو بەهەڵمەت بوون، بەلام بەردەوامبوونی ئەو پەتایە لەگەڵیاندا کاریزمەی (هۆمۆ سێکس ویلیان) لەگەڵدا لەدایکدەبێ. وەك: (ئەلکساندەری مەزن، ریتشاردی شێردڵ (قلب الاسد)، ئۆژین (Eugene)، میری ساڤای، چارلسی دوانزە (پادشای سوێد)، فریدریکی مەزن، جەنراڵ جۆرج گۆردنو لۆرەنسی عەرەب).

جگە لەو کاریزمە کۆمەڵگای ئەوروپی زۆر ترسیان لەهەڵوەشانی خێزان بووە (وەك ئێستەی کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی) بەلام شەڕو ماڵوێرانی ئەو یەکبوونەی لەناو بردو ترسەکەش بووە واقیع، جوانتر دەبوو ئەو پەتایە بەهەند بگیرایە لای بەرامبەرەکەو بەراگوزەرانەش بووایە خوێندنەوەیەکی بۆ بکرایە لەوانەیە لاسەنگی‌یەك کەبەرچاوم کەوتبێت تەنها



ئەوەبێت لەرۆمانی ئەژدیهادا لەباتی رق، خۆشەویستی جێی گرتۆتەوە، تەنها ژنیش کەپێچەوانەی هەموو پرنسیپو ئەزموونەکانە، (پەری)یەکە پاشان دەبێتە (زێڕین).

زێڕین لەسەر بونیادی رۆمانەکە وەکو پاڵەوانێکی رەمزی دەمێنێتەوە. دەکرێت بڵێین لای موکری واتایەکی زۆر پیرۆزو پاکیزەیی‌و نەمری هەبێت. پێ دەچێت کاریگەری دایك بەو مەزنی‌یە بەبەردەوامی خۆی بنوێنێت لەئەندێشەی نووسەردا. لەلایەکی دیکەی رۆمانەکەدا وێنەی لێکچوونێك دەبینم لەگەڵ وێنەی رۆمانی (کوێرئۆغلی)دا بۆنمونە:

(دەڵێن: کەباپیری (ئەسەدوڵڵا)مرد، ژمارەی کانیاوەکان بوونە شەش

دەڵێن: ئاوی هەر کانی‌یەو رەنگێکی هەبوو

یەکەمیان سپی= بەوەفاو بوێرو داوێن‌پاك‌و نمەك حەلاڵ.

دووەمیان شین= هێزو راستگۆیی

سێیەمیان زەرد= چاوتێری‌و سامانی لەبن نەهاتوو

چوارەمیان سور= تەحەمول‌و قەناعەت

پێنجەمیان سەوز= زیرەکی‌و بەزەیی‌و سنگفراوانی

شەشەمیان رەنگاورەنگ= کۆی سیفاتی هەموو رەنگەکان) رۆمانی ئەژدیهال٨٨.

بەڵام لەرۆمانی کوێرئۆغلیدا سێ‌کەف ئامادەیی هەیە کەدەتوانین بڵێین سەرچاوەی بیرۆکەی ئاووکانی‌یەکان، یاخود کاریگەری‌و زیرەکی‌و نمونەکانی (پیریوسف) زاڵ بێت بۆ هێنانەوەی ئەو سیناریۆیە.

کەفی سەوز= بەنگی‌و ئەویندار واتە عاشق‌و تارژەن‌و ئاوازدانەر

کەفی زەرد= وزەو هێزو گوڕی چل گامێش.

کەفی بۆر= ئاوی ژی واتە نەمری

لەمەوە دەردەکەوێت چەمکی سروشی کردارەکان کاریگەری سروشی ئەفسانەکانی یەشار کەمالی پێوەبێت، گەر خوێندنەوەمان بۆ ئەو کاریگەرییە بەو چەشنە بێت ئەوە مێژووی جیهانێکی گەورەی کوردی دەرژێتە ئەو دەریایەی کەلقەکانی پێکی‌دەهێنن، واتە یەشار کەمال‌و موکری لەیەك سەرچاوەوە سروش وەردەگرن، ئەو سروشەش کلتوری نەتەوەکەیە بەڵام بەخەونی جیاواز جیاواز.

لەرووی دووبارەوەبوی زەمەنەکانەوە جێی سەرنجە کەتێبینی بکرێت. کاتی گشت رووداوەکان (٤٠) رۆژین وە گەمەکان بەتێکڕا (نیوسەعات) بن، ئەمەش لەوە تێناپەڕێت کەکاریگەری چیرۆکە ئەفسانەیی‌یەکە بەسەر واقیعی رووداوەکاندا زاڵەو بووەتە هەوێنی نوسینەکەش.

لەسەر بونیادی ئەژدیهادا چەند جۆرە شێوەزمان بەرجەستەکراوە کەکەسەکان بەپێی شوێنەکان جیابونەتەوە. هەرچەندە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ توانای دەوڵەمەندی‌و ئەزمون‌و زاڵبوون بەسەر وشەدا وەك چۆن ئاخاوتن بەشێوەزمانە کوردی‌یەکان خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە ئاواش بەکارهێنانی لەدەقێکی ئەدەبی‌دا توانای سەلیقەیی تایبەتی خۆی هەیەو زیاتر ئەوە بەرجەستە دەکرێت کەدیالۆگەکانیش چەند شێوە زمانی پێوە دیارە وەك دروستبوونی کەسە جیاوازەکان.

زمانی گێڕانەوە (سرد)ێکە بەو رۆحیەتە زیندوو بەردەوامەی (هەرەس) کەبەرەو تۆماری مێژووکان ملدەنێت، واتە لەئەژدیهادا توانراوە لەو شێوەزمانە تەقلیدی‌یەی رۆمانانی دیکە خۆی جوێبکاتەوەو بەشێکی گەورەی سەرکەوتنی نووسینەکەش داگیربکات.

لەگەڵ هیوای بەردەوامی‌و بەرهەمی دیکە.

# پەناگەی مەعنا

# لە (ڕژانە سەر شۆستەکانی مەنفا)دا



عەبدوڵڵا قەرەداغی

**ڕژانە سەر شۆستەکانی - مەنفا-**
**شیعری: ئاوات حەسەن ئەمین**

(بەبێ هیوا
بەو دڵەوەی کە وەکو گوڵێکی بچووکی سوور لێ ئەدا
ماڵئاوایی لەشتە خەماوی‌یەکانم دەکەم..
لەشەوێکا)
لە قەسیدەی (موسافیر)ی (محمد ماغوگ)ەوە

هەروەك ئەوەی بەپەرژینێك لە (گەڵا) ١
بەر لەهاتنی سوپای (کوللە) بگریت،٢
یان.. بەمستێ ئاو٣
روخساری چارەنووس.. سواخ بدەیت،٤
ئاوا.. خۆت دایە دەست قەدەری شەرێك٥
نیازت بوو.. بەشمشێرێك لەدووکەڵ٦
بەرگری لەو شەقامانە بکەیت٧
کە ڕۆژانێك ...٨
ڕاخرابوون بۆ پیاسە ...!٩
نیازت بوو.. ئەو درەختانە لەخنکان ڕزگارکەیت١٠

کە ڕۆژانێك١١
باوەشێن بوون بۆ هەناسە..!١٢
ئای بەدبەخت.. کە گێل بووی..!١٣
تۆ -سوخرە- کێشی شەڕێکی دۆڕاوی..١٤
نەخشە بۆ کێشراوی.. پێش وەخت بووی..!١٥
تۆ: خوێندەوارێکی دەستەمۆ بووی١٦
توتیەك -مێژووی- بۆ گێڕایتەوە١٧
لاڵ بووی.. لاڵ..!١٨
تۆ: کاڵ فام بووی.. نەتزانی (مێژوومان دووکەڵە)١٩
بۆیە ئەنجامی شەڕەکانمان -بەرەشەبا- ئەڕەوێتەوە..!٢٠
ڕێ لەچی ئەگری..؟!٢١
دەمێکە نەزیفی ئەم زامە.. تافە، تاف٢٢
هرووژمیەتی بۆ سەر لێوارەکانی خۆشەویستی٢٣
زەمەنێکە.. دیرۆکەکانی موحیبەت٢٤
قەلە ڕەشەکانی ئەوبەر، ئەینووسنەوە٢٥
ئای بەدبەخت.. کە گێل بووی..!٢٦
گوێت نەدا بەحیکمەتی ئەو کۆترەی٢٧
لەکاتی ماڵئاوایی کردنا..٢٨
سڵاوی.. دۆستە سەرابیەکانی سەندەوە٢٩
شەبقەکەی بۆ -با- هەڵبڕی و.. وتی:٣٠

(هەمووومان مەحکومین بە سەفەر)٣١
سەیری سنووورە دڕکاوییەکانی کردو.. وتی:٣٢
(هەمووومان نیشتمانمان لەمەنفایە)٣٣
* * *
من کرمی دوودڵی ـ تەلاری قەسیدەمی خواردووە–٣٤
تۆش تازە.. بەپلوسێك لەهیوا٣٥
بەباڵای شیعرا هەڵئەزنێی٣٦
من (دوونوتفە) ڕۆی کردمە سەر تەبەقێ لەمەراق و٣٧
ژیانێکی پڕ عەبەسی بەخشیە جەستەم٣٨
تۆش.. ئاخ تۆش..٣٩
تازە بەپەرژینێك لە(گەڵا) ٤٠
ڕێگا لەهاتنی شەمشەمە کوێرەکانی شەو ئەگریت٤١
بەتۆپەڵێ قوڕ..٤٢
ڕوخساری شەرمەزارییان.. ئاوڕشێن ئەکەی؟!٤٣
تۆی وێڵ.. گوێ بیستی حیکمەتی ئەو کۆترە نەبووی٤٤
لەساتەوەختی فیراقا٤٥
شەبقەکەی بۆ ئاسمان تووڕداو٤٦
دوائاوڕی لێ داینەوەو.. وتی:٤٧
(هەمووومان دارژاوی دەستی نیشتمانین).٤٨
* * *
ئیدی.. میوانداریی پەپوولە بەمن ناکرێ٤٩
ئیدی.. خوانی عیشقم پێ ناڕازێنرێتەوە٥٠
من کرمی دوودڵی خواردمی.٥١
گوڵەبەڕۆژەی تەمەنم.. چۆلەکە بێ شەرمەکان٥٢
دەنك..٥٣
دەنك..٥٤
لێیان بردو.. لەوبەرەوەش قەراسنەکانی نیشتمان٥٥
قا.. قا.. بەگلانی ئەسپی قەسیدەم پێکەنین٥٦
ئەو قەراسنە مەحبوبانەی.. ئاسکەکانیان فێرکرد٥٧
لەدەست مناڵیم هەڵبێن٥٨
منیش.. ئاخ.. منیش..٥٩
هۆن..٦٠
هۆن..٦١
خوێنی چاوانم ڕژاندە بەرپێی٦٢
ئەو (ماکەوە)ی.. بێ نازیی درەختی بەمن فرۆشت و٦٣
لەواگۆنێکی وڵاتە ساردەکاندا..٦٤
هێلانەی بۆ خۆی چێکرد..!٦٥
تۆش.. تازە هاتووی٦٦
دڵخۆشی قڵیشی کەنارم ئەدەیتەوە٦٧



تازە بەتازە.. ماسیە لەخەو ڕاچڵەکیوەکانی ناخم..
ئەلاوێنی!٦٨
درەنگ هاتی..٦٩
درەنگ بەمەراسیمی ناشتنی کەنەسمەکانا گەیشتی٧٠
درەنگ داشی شەترەنجی ئەم ژیانەت.. بۆ جووڵاندم٧١
من.. زەمانێکە.. بوومەتە مەلیکی فڕیو٧٢
بوومەتە شەپۆلێکی تەریو٧٣
عەیامێکە.. تەماشای تیرباارانی گوڵ و٧٤
گریانی شەو و٧٥
ڕنینەوەی کەزییەکانی شیعر ئەکەم.٧٦
درەنگ.. زۆر درەنگ پێ ڕاگەیشتی٧٧
تازە.. خوازیاری بەپەرژینێك لە (گەڵا)٧٨
بەر لەهاتنی سوپای (کوللە) بگریت٧٩
یان.. بەمستێ ئاو٨٠
ڕوخساری چارەنووس.. سواخ بدەی؟!٨١
* * *
(ئیتر منیش نیشتمانم لەکۆڵا یە٨٢
ئیتر منیش.. وەکو وەرزەکانی ساڵ٨٣
مەحکوومم بەکۆچ٨٤
ئیتر.. قەسیدەم لەسەر شۆستەکانی ـ مەنفا–
ڕۆئەکرێت و٨٥
قا.. قا، ئەگریم٨٦
هۆن.. هۆن، ئەتریقێمەوە،٨٧
لەدەست غوربەتی نیشتمان هەڵدێم و٨٨
بەدوای ئەوینێکا ئەگەڕێم.. لەمەنفایا٨٩

٢٠ی ئابی ١٩٩٨
سلێمانی

١- خوێندنەوە:

## ٢ أ- هێڵە گشتییەکان

دەکرێ ناونیشانی ئەمەی شاعیر ناوی (قەسیدە)ی لێ دەنێ: (قا.. قا.. بەگلانی ئەسپی قەسیدەم پێکەنین/٥٦) بکرێتە دەروازەی جیهانی هێڵە گشتییەکان. تاراوگە (مەنفا)، لێرەدا، نەك هەر نیشتمان نییە، بەڵکو چوارچێوەیەکی مەکانیی نەخواستراوە. چوارچێوەیەکە مایەپووچیی شێوازەکانی بەرگری کردن و بەرەنگاربوونەوە خولقاندوویانە، بەڵام دیفاکتۆ (ئەمری واقیع)ی هەلو مەرجێکی تایبەتی کردوویەتیە نیشتمان. هەلو مەرجێکی تایبەتی، کە دەکرێ خۆیشی زادەی (قەدەر) بێت، گەشت و کۆچی کردۆتە قەدەری هەموان: (هەموومان مەحکومین بەسەفەر/٣١) ئەو مەنتیقەش کە هەر دەبێ گەشتیار لەشوێنێکدا باری بخات، ئەو مەنتیقە وەکو ئەنجامێك ئەو شوێنە دەکاتە نیشتمان کە باری تێدا دەخرێت: (هەموومان نیشتمانمان لەمەنفایە/٣٣)، کەواتە مەنفا لەجەوهەردا تەعبیرێکە، رەنگە بەتەواوی خوازەبێت ـ چونکە هێشتا شاعیر لەنێوماندا ماوەتەوە ـ لەو ناچارکاری و بێ دەسەڵاتییەی پێش هەموو شتێك ناخمانی داگیرکردووە و، لەویستی راستەقینە دایماڵیوین و لەئەنجامیشدا بەرووتی ـ بێ دەستی ـ لەئاستی ئەو مەترسیەدا رایگرتووین.

(رژان) جۆرە جەخت کردنێکی دیکەیە لەسەر ئەو هێڵە گشتییانەی لەپەرەگرافی پێشوودا ئاماژەیان بۆ کرا، رژان تەعبیر لەگۆڕین و وەرچەرخانێکی جەوهەریی ناوەوە دەکات.. گۆڕین و وەرچەرخانێك کە پێش هەموو شتێك خۆگرتوویی و تۆکمەیی حاڵەتی ناوەوە دەکات.. گۆڕین و وەرچەرخانێك کە پێش هەموو شتێك خۆگرتوویی و تۆکمەیی حاڵەتی ناوەوە (دەروون) دەکاتە قۆچی قوربانیی هەلو مەرجە نائاساییەکە و، خاوی و ناجێگیریی (شلەمەنی)ی پێ دەبەخشێ، لەسایەی ئەم (رژانە)ەدا، تەنانەت لەکۆششی پەیداکردنی (شێوە)شدا هیچ تایبەتمەندییەك نانوێنێ. شلەمەنی شێوەی نییە، پانی و درێژی و تایبەتمەندی لەو جۆرەی نییە. هەر شتێك بکرێتە چوارچێوەی شلەمەنی، هەر شتێك باوەش بۆ شلەمەنی بکاتەوە، هەر ئەو شتەش شێوەی پێ دەبەخشێ. ئەمە قووڵترین حاڵەتی لەدەستدانی ویستە. بەڵکو حاڵەتی لەدەستدانی (خود)ە، ئەو (خود)ە هەلو مەرجێکی تایبەتی هەڵیدەمژێت و لەکەلێن و گۆشە تایبەتیەکاندا رووبەرووی پرۆسەی (هەرەس) دەبێتەوە و، پاشانیش ئەو هەلو مەرجە دەیتفێنێتەوە. بەڵام لەکوێ!؟

هەلومەرجێك هێندە دڵرەق بێت کە (خود)ەکان دووچاری پرۆسەی (هەرس)و (تفاندنەوە) بکات، پێش هەموو شتێك کۆمەڵە ئیعتیباری هاووڵاتی بوون و نیشتمانداری و کەسایەتی لەنێو دەبات. ئالێرەوەیە کە ناتوانین باس لەبوونی چوارچێوەیەکی چیدی بۆ (خودی تفێندراو) بکەین. هەر لێرەوە دەتوانین باس لەو هۆیە بکەین کە بۆ (شۆستەکانی مەنفا) کراوەتە چوارچێوەی پێشنیارکراو، ئەم چوارچێوەیە خۆی شێوەی نییە، قووڵایی نییە، دوورایی نییە، بۆیە ناتوانێ هیچ شتێك بەو (شت)ە ببەخشێ کە (شۆستە) کە دەکاتە چوارچێوەی خۆی. لێرەدا ئەو (خودی تفێندراو)ە، ئەو شلەمەنییە، هیچی بۆ نامێنێتەوە جگە لەوەی بەسەر ئەو شۆستەیەدا هەمیشە بۆ شوێنە نزمەکان بگەڕێت و، بەبێ ئەوەی بتوانێ هیچ سەرنجێك بۆ لای خۆی رابکێشێ، دەبێ هەمیشە خۆی بۆ ئەو (پێڵاو)انە ئامادە بکات کە بەردەوام بەسەریدا دەڕۆن و دەیشێلن تاهەرچی (تەڕایی)یەکی تێدایە هەڵی دەمژن و وشکی دەکەنەوە.. لەئەنجامیشدا، بەئامێتەبوون لەگەڵ گەردی ژێر پێڵاوێك، باهەڵیدەگرێت و لەفەزای بێ نیشتماندا، لەفەزای بێ ناسنامەییدا، لەفەزای (نەبوون)دا دەبێتە گەردێکی چەواشە و هیچ خولگەیەك بەخۆوەی ناگرێ.

## ٢ ب- ئەنجامە راستەوخۆکان

ئەو (گەردە چەواشە)یەی لەڕێگای بەرەوپێشەوە بردنی (ئەنجامگیریی رەشبینانە)وە پێی گەیشتین، دەکرێ شاعیر بە (کۆتر)ی بشوبهێنێ، بەڵام چ کۆترێ:

گوێت نەدا بەحیکمەتی ئەو کۆترەی
لەکاتی ماڵئاوایی کردنا..
سڵاوی.. دۆستە سەرابیەکانی سەندەوەو
شەبقەکەی بۆ ـ با ـ هەڵبڕی و .. وتی:
(هەمووان مەحکومین بەسەفەر)
سەیری سنووری درکاوییەکانی کردو.. وتی:
(هەمووان نیشتمانمان لەمەنفایە)
(٢٧ تا٣٣)

ئەو کۆترە (شەبقە)کەی بۆ (با) هەڵدەبڕێ، دڵنیایە لەوەی هیچ شتێك لەئارادا نەماوە (شایانی) ئەوە بێ دەست بە(کڵاو)ەکەیەوە بگرێ تاکو (با) نەیبا.. ئەم (لەئارادا نەمانی شت)ە جەوهەری مەسەلەکەیە کە (وڵات)ی کردۆتە (سەرابستان)و هاووڵاتی‌ی تێدا بۆتە (دۆستی سەرابی)، هەر ئەم (سەرابستان)ە ئەو نەبوونی (تەڕایی)یەیە کە لە (شۆستەکانی مەنفا)دا دیاریی ژێر (پێڵاو)ی بێگانەیە، بەڵام دەشبێ بە (سنگ فراوانی)یەوەو، بەمەنتیقی (حیکمەتی ئەو کۆتر)ە پێی قایل بین کە بەوردی‌و بەقووڵی دەرکی بەبوونی چەند شتێکی تازە کردووەو لەسەرووی هەموشیانەوە (سنووری دڕکاوی)، ئەو سنوورەی پێ دەچێ پانی‌و درێژی‌ی نیشتمانی گرتبێتەوە بۆیە (کۆتر)ەکە ناچار دەکات چیدی هیوای بەبوونی (نیشتمان)ێك نەمابێ کە (سنووره دڕکاوی‌یەکان) لەت لەتیان کردووەو خۆیان کردۆتە (واقیع)و، ناچاریشی دەکات بەڕوونی دان بەم راستی‌یە کوشندەیەدا بنێ: (هەموومان نیشتمانمان لەمەنفایە).

دەتوانین لەڕێگای چالاك کردنەوەی رووبەرێکی بچووکی یادەوەری‌یەکانمان‌و لەڕێگای بووژاندنەوەی ئەرکێکی کۆنی (کۆتر)ەوە، کە پێی ناسراوە، وێنەی گشتی‌ی ئەم کارەساتە گەورەتر بکەینەوە تابزانین وردەکاری‌یەکانی وێرانی لەم بوارەدا تاچ ئەندازەیەك ترسناکە. کۆتر ئەمینترین‌و گرنگترین نامەبەر (تەتەر، پۆستەچی)ی سەردەمێکی مێژووی مرۆڤایەتی بوو. خێرا (پەیام)ە گرنگەکانی دەگەیاندە ئەو شوێنەی مەبەستە. هەر ئەو (کۆتر)ە خۆی — بەڵام کە رەنگی سپی بێ — بووە رەمزی ئاشتی، واتە رەمزی هێمنی‌و رۆمانسییەت‌و ئۆقرە گرتن‌و بینینی رواڵەتە گرنگەکانی جوانی، ئێستا هەر ئەو کۆترە خۆی — لەسایەی پەیدابوونی (سنووره دڕکاوی‌یەکان)دا- پەیامێکی دیکەی بۆ خەڵکی برد، پەیامێکی ترسناك، بەڵام زادەی حیکمەت‌و ئەزموون، پەیامێك کە ئەمجارەیان بۆ هەموانە نەك بۆ تاکەکەسێ یان چەند کەسێك، پەیامی (کۆڕەو)ی مەعنەوی‌یە لەنیشتمان، پەیامی بەجێ هێشتنی ئەو نیشتمانەیە کە ناسنامەو بەڵگەنامەی (یەکپارچەیی)ی خۆی لەدەست داوەو گیرۆدەی (خۆرە)یەکی تازەیە کە نەك تەنها نیشتمانی (بچووك کراوە)ی لاپەسەندە، بەڵکو ئەم نیشتمانەشی کردۆتە دوو هەرێم‌و دوو گرووپ‌و دووشەڕگەو، تەنانەت ناخی هەر تاکێکی نێو ئەو (نیشتمان)ە لەت لەت کراوەش بۆتە دوو ناخ، لەئەنجامی ئەمەدا رەنگە بتوانین بڵێین (سەفەر)ی مەعنەوی‌ی ئەو (کۆتر)ە رەنگە بەمەبەستی وەدەست هێنانی (یەکپارچەیی نیشتمانی بچوك)و (یەك هەرێمی)و (یەك ناخی) بێت، بەڵام ئەمە گریمانەیەکی بێ پاڵپشتە.

لەو قەسیدەیەدا ئەمەی باس کرا، سەرەڕای هەموو ئەو هێزە روخێنەرەی لەناخیدایە، لوتکەی کارەساتەکە نی‌یە، بەڵکو ئەمە ئەو بەشەیە کە ئەگەر هەوڵ بدرایە پەندی پێویستی لێ وەربگیرێ ئەوا زەرەر لەنیوە دەگەڕایەوە، ئەمەی لێك درایەوە تەنها سەرەتای کارەساتێکە کە کشانەوە (حیکمەتی کۆترەکە) دەیتوانی تاریکی‌یەکە لەسنوورێکی دیاری کراودا رابگرێ، بەڵام (قەدەر)ی قسە لەگەڵ کراو (مخاطب) لێرەدا هێندە تاریك بۆتەوە کە روون کردنەوەی ئەنجامە راستەوخۆو دیارەکان ناتوانێ پەی پێ ببات. بەڵام دەتوانێ هەڵچوون‌و کەف کردنی سەرەتای قەسیدەکە، بابەشێوەیەکی سەرپێیی بێت، بگوازێتەوە، ئەو سەرەتایەی هەر هیچ نەبێ واقیعی ئەو هەلو مەرجە دەخاتە پێش چاو کە نیشتمانی دووچاری ئەو هەموو (سنووره دڕکاوی‌یانە) کرد:

هەر وەك ئەوەی بەپەرژینێك لە (گەڵا)
بەر لەهاتنی سوپای (کوللە) بگریت،
یان بەمستێ ئاو،
روخساری چارەنووس سواخ بدەیت،
ئاوا خۆت دایە دەست قەدەری شەڕێك..
(١ تا ٥).

کەواتە (شەڕ) سەرچاوەی دابەش بوونی (نیشتمان)ە. شەڕ ئەو هێزەیە کەباڵ لەبوونەوەر دەڕوێنێ‌و ناچاری دەکات بفڕێ‌و (کۆچ) بکات. لانی کەم لەڕووی مەعنەوی‌یەوە، لەو رووەوە کە هەر هیچ نەبێ بە (دڵ) حەز لەو کۆچە بکات، بە (دڵ) هەست بەوە بکات کە چیدی (نیشتمان) یان بۆ نەهێشت‌و تووڕیان دایە باوەشی بێ نازی‌یەکی سەیرەوە، چیدی (نیشتمان)یان لە (بۆتەی خۆی)دا لەت لەت‌و دابەش کردووە. ئەمە ئەسڵی کارەساتەکەیە لەسەر ئاستە گشتی‌یەکە، بەڵام پێ دەچێ ئەو (ئاستە

گشتی)یە تەنها رواڵەت بێتو هەر ئەرکی (ئاوێنە)ی خەمە هاوبەشەکان ببینێ، ئەو خەمانەی بەحوکمی (بەگشتی بوون)و بەحوکمی (دەق پێوەگرتن)و (لەسەر راهاتن) چیدی ئەو (کارایی)و (ئامادەیی)یەی جارانی نەماوە، چیدی (سواو)ە، لەسنووری (خەم)ێکی (ناخ گەستوو)ەوە بۆتە ئەمرێکی واقیع (دیفاکتۆیەك) کێشەکە، وەکو بەسەر (قسە لەگەڵ کراو– مخاطب)ی شاعیردا دەردەکەوێ لەوەدایە کە (خۆی داوەتە دەستی قەدەری شەڕێك) خۆی داوەتە دەستی (یاسای وێرانگاریی گشتی)و ئەگەرچی نیازی جۆرێکە، بەڵام ئەنجامەکە، بەلای کەمەوە لەروانگەی لایەنەکانی شەڕەوە، بەشێوەیەکی دیکە دەکەوێتەوە:

نیازت بوو ئەو درەختانە لەخنکان رزگارکەیت
که رۆژانێك
باوەشێن بوون بۆ هەناسە
(١٠ تا١٢)

لەیەکەمین وێنەدا (نیاز)ەکە هێندێ (گشتی) تر بوو:

بەرگری لەو شەقامانە بکەیت
کە رۆژانێك..
راخرابوون بۆ پیاسە
(٧ تا٩)

دووەمین وێنە پتر ئەو (وەفاداری)یە شەخسییە دەردەبڕی کە شێوەی (منەتبار) بوون بەرانبەر بەدەوروبەر بەخۆوە دەگرێ. شەڕ هاتووەو بەرۆکی هەموو شتێك دەگرێ.. شەڕ هاتووەو گەروویەکی ئاگرینی هەیە. (هۆلۆکۆست)ێکی ترسناکی هەیەو هەموو شتێك هەر قووت دەدا، هەڵبەتە دەبێ دڵنیابین لەوەی شەڕ، بەنیازو بەهێزی فیعلیش، هێندە کارایە کە دەتوانێ بەهەموو شێوەیەك ئامانجی وێرانکارانەی خۆی جێ بەجێ بکات، هەمیشەش شێوازی نائاسایی دەگرێتە بەر، شێوازێك کە بەپێچەوانەی ئەنجامەکانی شەڕ، کە یەکپارچەیی بۆتەیەکی دیاریکراو (بۆ نموونە نیشتمان) دووچاری دەیان سنوور دەکات، ئەم شێوازە هەمو جۆرە سنوورێك لەنێوان پاكو پیس، جوانو ناشیرین، بەرزو نزم، ئەخلاقیو نائەخلاقیو.. هتد تێکدەشکێنێو مەبەستەکەی خۆی (هەمیشە) دەکاتە پاساوی وێرانکاریی بەردەوامو زیاتر، ئەمە هێزی (شەڕ)و شێوازەکانیەتی، کەچی (قسە لەگەڵ کراوی شاعیر هەموو ئەم راستییانە فەرامۆش دەکاتو، بێ ئاگا لەکەمیی وزەو ئیمکانیەتی خۆی بە (شمشێرێك لەدووکەڵ/ ٦) دەچێتە گۆڕەپانی (شەڕ)ەوە دژی (شەڕ). شەڕ خۆی (تارمایی ئاسا)یە، چۆن بەو شمشێرە دووکەڵە دەتوانرێ زەفەری پێ ببرێ؟ ئەمەش کێشە سەرەکییەکەیەو، ئەو خاڵەی کە ئەو کێشەیەی، تەنانەت بەو زەقییەش، قووڵتر کردۆتەوە ئەوەیە کە نازانێ چ دەکات، ئامرازی بێ کەڵك بۆ ئەنجامدانی ئەرکی گەورە بەکار دەهێنێ:

بەڵام، سەرەڕای ئەوەی بەزەقییەوە قووڵیی کێشەکەمان بۆ روون بووەوە، هێشتا دەکرێ پتر بەدوای قووڵایی راستەقینەی کێشەکەدا بگەڕێین، رەنگە لەڕێگای تێگەیشتنی ماهییەتی شەڕەوە– بەهەردوو مەعنای (جەنگ)و (هێزی خراپە) بتوانین بگەینە ئەو ئاستەی لەقوڵایی راستەقینەی کێشەکە بگەین (جەنگ)، بەهەموو ئەنجامە ترسناکەکانیو بەهەموو هێزی رووخێنەریەوە، لەو سنوورە دەرناچێ کە یەکێکە لەداهێنانەکانی هێزی خراپە.. یەکێکە لەداهێنانەکانی ئەو وزە گەورەیەی کە نەك تەنها وێرانکاریی بەدواوەیە، بەڵکو ئۆباڵی کردەوەکانی خۆیشی دەخاتە ئەستۆی ئەو کەسانەوە کە (کۆششی وێرانکاری)ی ئاڕاستە کراوە. واتە قوربانیی ئەو وزە گەورەیە –قوربانیی هێزی خراپە– لەدوو رووەوە دەبێتە قوربانی. لەو رووەوە کە بێ ئەوەی خۆی بیەوێ جەنگێکی بەسەردا دەسەپێنرێ کەناتوانێ رووبەڕووی ئامێرو کەرەستەو توانا زەبەلاحەکانی ببێتەوەو، لەو رووەشەوە کە راستییەکان چەواشە دەکرێنو هەوڵ دەدرێت ئەو قوربانییە بە(کوشتە)ی (شەڕی خۆتڕێنی خۆی) لەقەڵەم بدرێ.. واتە لەڕووی ئەخلاقییەوە دەکرێتە بەرپرسی ئەوچارەنووسە تارو سامناکەی خۆیو، بەمەش، تەنانەت لەشەرەفی (داکۆکی کردن لەبوونو ماهیەت)یش بێ بەش دەکرێ. لێرەدایە کە دەتوانرێ بەقوربانی بگوترێ:

تۆ – سوخرە – کێشی شەڕێکی دۆڕاوی
نەخشە بۆ کێشراوی پێش وەخت بووی
تۆ: خوێندەوارێکی دەستەمۆ بووی
تووتیەك – مێژوویی بۆ گێڕایتەوە
لاڵ بووی.. لاڵ...!
(١٤ تا ١٨)

ئەمە ئەو شەڕەیە کە لە هەردوو بەرەدا هەر (خود)ی قوربانییەکەیە کە دەپێکرێت و دووچاری نەزیف دەبێ. بەدەستی خۆی گوللەی رقی بێگانە ئاڕاستەی سنگی خۆی دەکات و، شکست خواردووی هەردوو بەرەی جەنگیش هەر خۆیەتی.

١- ئەنجامی ناڕاستەوخۆ

ئەو دوو سەرییەی (خود)ی قوربانی، کە هەم خۆی تەقە دەکات و هەم خۆی دەپێکێ لەژمارەبەندی کەس (پاڵەوان)ی ئەم قەسیدەیەدا بەرجەستە دەبێ، لەکاتێکدا کە شاعیر بەدرێژایی دوو پەرەگرافی سەرەتای قەسیدەکەیدا تەنها دووجار (من) بەکاردێنێ (٣٤و ٣٦) واتە لەدووەمین کەس (قسە لەگەڵ کراو – المخاطب)ەوە دەگوازێتەوە بۆ یەکەمین کەس (قسە کردوو– المتکلم) لەو دوو پەرەگرافەشدا کە ئاماژەیان بۆ دەکرا وادێتە پێش چاو کە ئەو دوو کەس (دەنگ)ە، دوو کەس (دەنگ)ی دژ بەیەکن، یان بەدوو ئاڕاستەی پێچەوانە رەفتار دەکەن:

من کرمی دوو دڵی تەلاری قەسیدەمی خواردووە
تۆش تازە بەپلووسێك لەهیوا
بەباڵای شیعرا هەڵئەزنێی
من (دوو نوتفە) رۆی کردمە سەر تەبەقێ لەمەراق و
ژیانێکی پڕ عەبەسی بەخشییە جەستەم
تۆش.. ئاخ تۆش..
تازە بەپەرژینێك لە (گەڵا)..
رێگا لەهاتنی شەمشەمەکوێرەکانی شەو ئەگریت..
(٣٤ تا ٤١)

لەهەمان کاتدا رووبەڕووی سێیەمین پەرەگراف دەبینەوە کە وردە وردە ئەو راستییەمان بۆ روون دەکاتەوە کە پەیوەندیی ئەو(من)و (تۆ)یە پەیوەندیی ئەو دوو (دڵ)ەیە کە لە (دوو دڵی)دا بەدیی دەکەین:

ئیدی میوانداریی پەپوولە بەمن ناکرێ
ئیدی خوانی عیشقم پێ نارازێنرێتەوە
من کرمی دوو دڵی خواردمی
گوڵە بەڕۆژەی تەمەنم.. چۆلەکە بێ شەرمەکان دەنك،
دەنك
لێیان برد، لەو بەرەوەش قەراصنەکانی نیشتمان
قا.. قا بەگاڵنی ئەسپی قەسیدەم پێکەنین
ئەو قەراصنە مەحبووبانەی ئاسکەکانیان فێرکرد..
لەدەست منالیم هەڵبێن
منیش.. ئاخ منیش
هۆن..
هۆن..
خوێنی چاوانم رژاندە بەرپێی
ئەو (ماکەوە)ی بێ نازیی درەختی بەمن فرۆشت و
لەواگۆنێکی وڵاتە ساردەکاندا..
هێلانەی بۆ خۆی چێکرد
تۆش، تازە هاتووی
دڵخۆشی قڵیشی کەنارم ئەدەیتەوە
تازە بەتازە ماسیە لەخەو راچڵەکیوەکانی ناخم ئەلاوێنی
درەنگ هاتی
درەنگ بەمەراسیمی ناشتنی کە ئەسمەکانا گەیشتی
درەنگ داشی شەترەنجی ئەم ژیانەت بۆ جوڵاندم
من، زەمانێکە بوومەتە مەلیکی فڕیو..
(٤٩ تا ٧٢).

لێرەدا روونە کە (خود)ی قوربانی خۆی پێکاوەو لەوەش نەماوە هیوای بەوە هەبێ چیدی لەرووبەری شەترەنجی ژیاندا بتوانێ ببێتەوە بە(مەلیك)ەکەی جاران، تازە (خود)ی تەقەکردوو (کش)ی لە (خود)ی پێکراو کردووەو بواری خۆ رزگارکردن نەماوە. تازە (مات) ئەنجامی ئەم (کش)ەیە، ئەنجامێکی سەلمێنراو جێ بەجێ کراوە:

(من، زەمانێکە بوومەتە مەلیکی فڕیو/ ٧٢)، چیدی کاتی (دڵدانەوە)و (دڵخۆشی) بۆ ئەو کەنارە تینووە نەماوە کە بێ ئاوی دووچاری (قڵیش)ی کردووە. ئەمە ئەنجامە ناڕاستەوخۆ گەورەکەیە، بەڵام هەموو ئەنجامەکەش نییە.

(خود)ی جەنگ بەسەردا سەپێنراو و رووبەڕووی خۆکراوی ئەم قەسیدەیە لەوەدا بۆتە (مەلیکی فڕیو) کە بەدەستی خۆی (عەرشی جوانی پەرستی)ی خۆی ژێراوژوور کرد:

ئیدی .. میوانداریی پەپوولە بەمن ناکرێ
ئیدی.. خوانی عیشقمم پێ ناپارێزرێتەوە
من، کرمی دوو دڵی خواردمی
(٤٩ تا ٥١)
عەیامێکە، تەماشای تیربارانی گوڵو
گریانی شەو و
رنینەوەی کەزییەکانی شیعر ئەکەم
(٧٤ تا ٧٦)

لێرەدا، ئەم جینۆسایدە بۆ وێنەیەی جوانییەکاندا (خود) هەست بەو دابەش بوونەوەی خۆی بۆ هەردوو سەرە دژ بەیەکەکە (بکوژو کوژراو – تەقەکردوو و پێکراو) دەکاتو لێرەشدایە کە نیشتمان/ی بەسنوور دابەش کراوی چیدی ئەو رووبەرە سەنگینو جێگیرەی جاران نییە کە لەناخیدایە:

(ئیتر منیش نیشتمانم لەکۆڵایە)
ئیتر منیش.. وەکو وەرزەکانی ساڵ..
مەحکوومم بەکۆچ
ئیتر قەسیدەم لەسەر شۆستەکانی – مەنفا – رۆ ئەکرێتو،
قا.. قا ئەگریم
هۆن، هۆن ئەتریقێمەوە
لە دەست غوربەتی نیشتمان هەڵدێمو
بەدوای ئەوینێکا ئەگەرێم لە مەنفایا
(٨٢ تا ٨٩)

ئەمە خەونە، خەونی بەرپاکردنو دامەزراندنی (کۆمارێکی نموونەیی)یە لەو تاراوگە دلگیرەی ئەندێشەی شاعیر دروستی کردووە، بەڵام خەونێکی بێ بنەمایە چونکە مەحاڵە بتوانرێ کۆشکی پایەداری جوانی (ئەوین) لەفەزایەکی ناجێگیرو ناپایەداری وەکو فەزای تاراوگە – مەنفا– دا دروست بکرێ.

دوا وشە

* زمانی ئەم شیعرە چەندین کەلێنی تێدایەو رێگایان نەداوە ناوەرۆکی باشی لە شێوەیەکی باشدا جێگیربێ، گرنگترین کەلێنەکانی ئەمانەن:

– بەعەرەبی بیکردنەوە: بەپەرژینێك لە (گەڵا)= بحاجز من الاوراق.

بەشمشێرێك لەدووکەڵ = بسیف من الدخان.

– بەکارهێنانی نەك تەنها وشەی عەرەبی نائاسایی، بەڵکو وشەی نائاسایی بە (جەمعی تەکسیریشەوە: (قراصنە) (٥٥و ٥٧).

– ناشیعری بوونو راستەوخۆیی (مباشرە)ی هێندێ رستە: (ئای بەدبەخت کە گێل بووی/ ١٣)و (تۆ کاڵ فام بووی/١٩).

– کەوتنە ژێر کارتێکردنی شێوەی بەکارهێنانی باو.

– دەربڕینی هۆو پەیوەندیی هۆکارانە (سببی) ناشیعرییە: (بۆیە ئەنجامی شەڕەکانمان بەبا ئەڕەوێتەوە/ ٢٠ ئایا وشەی (ڕەوینەوە) بۆ ئەنجام لەبارە؟

تێبینی:

– بۆ ئاسان کردنەوە ژمارەی دێڕەکانم لەلایەن خۆمەوە پێشنیار کرد.

– لەدەقی شیعرەکەدا هەمان شێوازی خاڵبەندیم هێشتەوە کە شاعیر دانابوو، بەڵام ئەوەی شاعیر لاسایی کردنەوەیەکی خراپە، بۆیە لەکاتی نموونە هێنانەوەدا بەپێی پێویستی مەعنای گشتی خاڵبەندیی پێویستم ڕەچاو کردووە.

# ئەنتۆنی گاودی ئی کۆرنێ

## ئەو تەلارسازەی هەموو ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ هونەری تەلارسازی

## (١٨٥٢-١٩٢٦)

و. لەئینگلیزییەوە: زۆراب


وەکو دەگێڕنەوە ڕۆژی (١٢)ی ژونیەی (١٩٢٦) نیوەی شاری بەرشەلۆنە تازێ بار بوو. کاروانی تەرم بەڕێ کردنەکە نیو میل درێژ بوو، ئەم کاروانە بەهێواشیو لەسەرخۆ لەنەخۆشخانەی (سانت کروس)ەوە، کە دەکەوێتە بەشە کۆنەکەی بەرشەلۆنەوە، بەڕێوە بوو بەرەو کڵێسای (ساگرادا فامیلیا- Sagrada Familia). بەدرێژایی دوو میلو نیو لەم بەرو ئەو بەری ئەو ڕێگایەی تەرمەکەی پیادا دەبرا هەزاران کەس وەستابوون بۆ ڕێزلێنانی (ئەنتۆنی گاودی ئی کۆرنێ- Antoni Gaudi I Cornet).. وەکو (یواکیم تۆڕێ گارسیا)ی هاوڕێی جارێك لەجاران لەبارەیەوە وتبووی: "هەرە زیرەکی هەموو تەلارسازەکان، لەهەموو کاتەلانییەکان کاتەلان تر[1]!".

هەموو کەسانی بەپلەو پایەی ناوچەکەشی لەکاروانەکەدا بەشداربوون. دەمێك بوو گاودی وەکو پاڵەوانێکی میللی ناسرابوو. پاش ئەوەی (پاپا) ڕەزامەندی خۆی نیشاندا (گاودی) لەژێر زەمینەکەی (ساگرادا فامیلیا)دا کە هێشتا تەواو نەببوو نێژرا. (گاودی) نزیکەی (٤٣) ساڵی دوایی ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ کڵێساکە. لەراستیدا (١٢) ساڵی دوایی تەمەنی تەنها کاری لە (ساگرادا فامیلیا)دا کردبوو.

پێنج ڕۆژ پێش ئەم تەرم بەڕێکردنە شتەکان بەتەواوی بەجۆرێکی تر بوون. هەموو ڕۆژێك دوای کارکردن (گاودی) بەپیاسە دەچوو بۆ کڵێسای (سانت فیلیپ نێری- St. philipp neri church) بۆ نوێژکردن، لەکاتی پیاسەیەکی لەو جۆرەیدا بوو کە بەرەو ئەوێ دەچوو ڤاگنێکی (ترام) کردی بەژێرەوەو بەدووی خۆیدا بەسەر شەقامەکەدا ڕاکێشا. (گاودی) بێهۆش کەوتە سەر زەوی. تەنانەت تاکە کەسێك چییە ئەو تەلارسازە بەناوبانگەی بەرشەلۆنەی نەناسیەوە. گاودی هەرچەند بەناوبانگ بوو کەم خۆی دەردەخست. لەو کاتەدا جلو بەرگی کۆنو پیسی لەبەردابوو، بۆیە شۆفێری تاکسییەکان ڕازی نەبوون بیگوێزنەوە بۆ نەخۆشخانە. (ئەوانەش لەدواییدا سزا دران). ڕێبوارەکان کە بەوێدا تێدەپەڕین بەزەییان بەو پیاوە زامدارەدا هاتەوەو ئاوڕیان لێ دایەوە. بۆیەکێك لەهەرە تەلارسازە ناسراوەکانی ئیسپانیا ئەمە کۆتاییەکی سەرسامکەر بوو. گاودی مرۆڤێکی پڕ دژایەتی بوو، پیاهەڵدانی جەماوەرو حکومەتو خەڵکە گشتییەکە بۆ ئەو لەبەر ئەوە نەبوو ڕەچەڵەکێکی خاکی هەبوو.. سەرباری ئەوەش هەر خۆشەویست بوو.



گاردی




دەروازە بۆ گۆڕستان، بۆ وەرگرتن لەدانیشتگا پێشکەش کراوە




گاردی- بیلکاری (نزیبیز)




گاردی




مۆدێل لە شیش




لامپا کە خەلاتی پێ وەرگرت



گراو



ساگرادافامیلیا کە (درو ڤیلار) تەصمیمی کردبوو



گوێل

ڕۆژی (٢٥)ی حوزەیرانی (١٨٥٢) لەدایك ببوو. کوڕی کابرایەکی مسگەر بوو. واتا ئەو بەرهەمی ژینگەیەکی تێرو تەسەل نەبوو. (ئەنتۆنی) منداڵ هەر لەسەرەتای تەمەنیەوە نەخۆشی تەنگی پێ هەڵچنیبوو. نەخۆشیو دەردی ڕۆماتیزم ڕێگەی نەئەدا وەکو منداڵانی تری هاوتەمەنی خۆی لە شەقامەکاندا بێتو بچێتو یاری بکات. هەمیشە ناچار بوو لەماڵەوە بمێنێتەوە، هەندێك جاریش بەگوێ درێژ هەڵیان دەگرت. هەموو ژیانی بەم غەمو پەژارەیە ئاوێتە ببوو. هەتا مردیش جار جارە دوچاری تۆبەی ڕۆماتیزم دەبوو. پزیشکەکان خۆراکی رووەکیyan بۆ بڕیبوەوەو دەشبوایە هەمیشە تەمرین بکات، پیاسەکانی بۆ کڵێسای (فیلیپ نێری) بەشێك بوون لەو وەرزشە. تەنانەت لەکاتی لاوێتیشدا پیاسەی دوورو درێژی بەهەموو ناوچەکەدا ئەنجام دەدا، ئەو پیاسەی دوورو درێژی بەهەموو ناوچەکەدا ئەنجام دەدا، ئەو پیاسە دورو درێژانەش لەو زەمانەدا نائاسایی بوون. ئەو پلەو پایەیەی وەکو تەلارسازێك لەمێژووی ئیسپانیادا پێی ڕەوابینرا پێ ناچێت بەهۆی ئەوەوە بووبێت کە نەخۆش بوو. (ئەنتۆنی)ی منداڵ گەرچی نەشی دەتوانی بجوڵێت ئەوا چاوەکانیو بیرو هۆشی ئازادبوون بۆ بینین. ئەو زۆر جار بەقسەکانی گەورەکانی سەرسام دەکرد، جارێك مامۆستایەکی وتبووی باڵندە لەبەر ئەوەی باڵیان هەیە دەفڕن.. (گاودی)ش وتبووی مریشکیش باڵی هەیە بەڵام ناتوانێت بفڕێت، مریشك باڵەکانی تەنها بۆ ڕۆیشتن بەکار دەهێنێت. هەرگیز چاوە تیژەکانی بۆ بینینی وردەکارییەکان نەکوژانەوەو هەر بەردەوامیش بوو لەوەی لەژیانی ڕۆژانەی دەروپشتی خۆیەوە شت فێر ببێت.

کاتێك کە خوێندکار بوو لەقوتابخانەی (Reus)، ئارەزووی بۆ تەلارسازی لەلا دروست بوو، (قوتابخانە Reus لەدواییدا بەناوی گاودییەوە ناونرا). لەتەمەنی ١٧ ساڵیدا چوو بۆ بەرشەلۆنە بۆ خوێندنی تەلارسازی.

### بلیمەت یان شێت؟

بەخوێندکاری زۆر کردە بوو، لەپاڵ ئەوەدا کە دیراسە تیۆرییەکانی لەسێمینارو لەسەر مێزی نیگارکردن مسۆگەر دەکرد بۆ نان پەیدا کردنیش لەئۆفیسی تەلارسازێکی ناوچەییدا کاری دەکرد.

خوێندکارێکی زۆر باش نەبوو بەڵام بەڕادەی پێویست شارەزایی بەدەست هێنا لەبنچینە سەرەکییەکانی تەلارسازی (ئارکیتێکتور)دا. بۆ نموونە ئەو وێنەیە (draft)ی بۆ دەروازەی گۆڕستانێك ڕەسمی کردبوو بەزۆر باش (autstandiyg) دیاری کراو، هەلی ئەوەی دایە تا لەتاقیکردنەوەدا بپەڕێتەوە.

کاتێ ئەو لەزانکۆ تەنها ئارەزووی بۆ تەلارسازی ڕەنگ نەداتەوە بەڵکو مەزاجە بەهێزەکەشی دەردەخات.. بۆ ئەوەی (ئەتمۆسفێر) بدات بەنیگاری شێوە پێدانەکەی (desnig- drawing)، بەنیگارکردنی عەرەبانەی تابووت هەلگرتن دەستی پێ کردو نیگاری ئەم عەرەبانەیە لەبابەتی وانەکەی وردەکاری زۆرتری تێدا بوو. مامۆستاکانی بەئاگا بوون لەبەهرەی گاودی، کە شتەکانی بەشێوازی تایبەتی خۆی بەجێ دەهێنا. بەبێ دڵەڕاوکێ لەهزری بەڕێوەبەری کۆلێژی تەلارسازیدا، پێی وابوو ئەم خوێندکارەی کە بەسەر تاقیکردنەوەکەدا بازی دابوو یان بلیمەت یان شێت بوو. ئەم بیرو بۆچوونە زۆرتر لەجارێك لەڕێڕەوی ژیانی کارەکەیدا (carrer) ڕووبەڕووی گاودی ببوەوە. هەرزوو، کاتێ خوێندی تەواو کرد، لەڕێو شوێنە باوەکانی تەلارسازی لایەدا.

گاودی لەسەرەتای کارکردنیدا بەهیچ جۆرێك شۆڕشی بەرپا نەکرد بەڵکو ئیلهامی لەکتێبەکانەوە وەردەگرت.

گەڕان بەشوێن پێك هێنانی شێوازێکی تایبەت بەخۆی لەکەشو هەوایەکی زۆر گونجاودا دەستی پێ کرد. تەلارسازی ئەوروپی بەگشتی لەگەڕاندا بوو و گۆڕانکاریشی وەردەگرت. هیچ جۆرە نۆرمو بنەمایەکی جێگیرو نەگۆڕ بوونی نەبوو. زانستی مێژوو لەسەدەی نۆزدەهەمدا جێگیر کرابوو، سەدەکانی پێشوتر ببونە بابەتی پشکنینو بەدوودا گەڕان لەهونەرداو ئەمەش بەدەست هێنانی بۆ خوێندکارە گەنجەکان ئاسان بوو. ئەنجامی ئەمەش ئێکلێکتیزم (eclecticism) بوو، کە هەندێك جار زۆر باڵادەست بوو. [ئێکلێکتیزم: واتە هەڵبژاردن لەسەرچاوەی جۆراو جۆرەوە].

ژمارەیەك ڕێبازی جۆراوجۆر لەم گەشەكردنەدا بەشدار بوون. لەدوای چاخی كلاسیزم خەڵكی وردە وردە یاسا پەیڕەوكراوەكانیان دەبەزاندو ڕۆمانتیزم مژدەی ئازادبوونی هەستەكانو بابەتەكانی دەگەیاند. ئەمەش لەشێوازی ئەو باخچانەدا بەیان دەكرا كە لەو كاتەدا بینا دەكران. سەردەمی باخچە سیومەتریەیە، باش ڕێكخراو و داڕێژراوە فەرەنسی‌یەكان باخچەی دێهاتی‌ی ئینگلیزی بەدوودا هات. سەوزایی‌و ڕووەكی سرووشتی نموونەو بناغە بوو، بەو زووانە باخچەكان وا دەڕوێنران كە كێوی بێنە بەرچاو.

شان بەشانی ئەمەش جۆرێك لەرەسەنی‌ی رابردوو گوزەری دەكرد، سەدەكانی ناوەڕاست.. ئەو سەدانەی كە زۆر لەوەوپێش بەسەدە (تاریك)ەكان ناوزەد دەكران لەلایەن (ڕۆشنگەری) سەدەی هەژدەوە.

شێوازی گۆتی (Gothic Style) ژیانی دەكرایەوە بەبەردا، دەستەواژەی گۆتێك بەو شتانە دەوترا كە تەنانەت كەمترین لێكچونیان هەبوو لەگەڵ سەدەكانی ناوەندا (Middle Ages). بەو جۆرە كۆشكەكان بەشێوازی كۆن بنیات دەنران، هەروەها هەندێك جار "كەلاوەی دەستكرد دەخرایە ناو باخچەكانەوە.. ڕق‌و بێزاری بەربڵاوەی دەردەبڕدرا بەرامبەر هێڵی ڕاست كێشراوو هەر بۆیە ئەمەش بووە هۆی دەركەوتنی تۆڕێك لەهێڵی زەخرەفەیی (ornamental lines)، كە بووە یەكێك لەڕەگەزە هەرە دیارەكانی (ئارت نۆڤا– Art Nouveau).

هونەری ئیسپانیش بەرامبەر ئەمە كارلێنەكراو نەبوو، نووسینەكانی تیۆریستی هونەریی (جۆن ڕەسكین– John Ruskin)ی ئینگلیزیش بەئارەزووەوە لە ئیسپانیا هەڵدەمژرا، ئەمەش كاریگەری بۆ سەر ئیسپانی‌یەكان هەبوو- تەنانەت لەسەر گاودیش.

ساڵی (١٨٥٣) ڕەسكین وتبووی: "ڕازاندنەوە بنچینەو سەرەتای تەلارسازی‌یە". سێ دەیە دواتر گاودیش بەهەمان شێوە بانگەوازی بۆ (ئۆرنامێنت) كرد، بەڵام بەشێوازی خۆی. ئەو دەروازە ئاسنینانەی بۆ كۆشكی گوێل (Guell palace) تەسمیمی كرد، كۆتایی (١٨٨٠)، هەتا بڵێی نزیك بوون لەئارت نۆڤاوە.

## دانْدی یەكە- The dandy

گاودی شێوازی نیو گۆتیك (Neo- Gothic)ی دیراسە كرد، ئەو شێوازە تەلارسازی‌یە فەرەنسی‌یەكان بانگەوازیان بۆ دەكرد. كتێبەكەی (ڤیۆلێت– لو–دوك) لەبارەی تەلارسازی فەرەنسی‌یەوە لەسەدەی یانزەوە بۆ سەدەی سیانزە بووە جۆرێك لەكتێبی پیرۆز (Bibel) بۆ تەلارسازە گەنجەكان. (گاودی)ش لەوان جیا نەدەكرایەوە. تەنانەت سەردانی كاركاسۆنیشی (Carcassone) كرد.. ئەو شارەی (ڤیۆلیت– لو– دوك) بەشە كۆنەكەی دووبارە چاك كردبووەوە. لەڕاستیدا گاودی بەجۆرێك دیراسەی دیوارەكانی دەكرد كە یەكێك لە دراوسێ دەێهاتی‌یەكان وای ئەزانی ئەوە (ڤیۆلێت) خۆیەتی... بۆیە ڕێزی زۆر لێ گرت.

لەلاوێتیدا قیافەو لەش‌و لاری وای دەكرد خەڵك بەفیگەریكی پایەبەرزی دابنێن.. كاتێك بیر لەگاودی وەكو ئەو پیاوە پیرە بەرگ دڕاوە دەكەینەوە، ئەو پیاوەی كەحەزی نەدەكرد لەبارەیەوە بنووسرێت‌و بەشوێن ئەوەشدا نەدەگەڕا، وەزۆر هەوڵیشی دەدا تا لەكامێرا خۆی ون بكات، (بۆیە وێنەی فۆتۆگرافیی گاودیمان نی‌یە)، ئەوا وێنەی گاودی لاو سەرسامان دەكات.

گاودی زۆر زەنگین نەبوو، لەكاتی خوێندنگایدا لەهەل‌و مەرجێكی هەژاراندا دەژیاو ناچار بوو لەپاڵ خوێندندا كار بكات بۆ نان پەیداكردن، هەر بۆیە كە خوێندنی تەواو كرد ڕاستەوخۆ هەوڵی‌دا ئەو شتانە بەدەست بهێنێ كە لێیان بێ بەش ببوو. ئارەزووی لەلا دروست بوو بۆ ڕووكەشێكی مۆدە، ئەو ئارەزووەی ببێت بە (داندی)یەك. ئەم شێوازە لە كەسایەتی بەپێی مۆدە دەچوو بەڕێوە. هەروەك چۆن (ئۆسكار وایڵد) دەیووت: "شێوەی دەرەوەو جل‌و بەرگی ڕێك‌و پێك‌و جوان ئایدیالی[٢] هەرە بەرزن."

گاودی دیاردەیەكی زۆر تایبەت‌و نایاب بوو: قژێكی زەردی چرووپر، چاوی شینی قووڵ‌و بنیاتی توندو تۆڵ‌و كەتە. كڵاوو شەبقەكانی لەئارناو دەكڕێ (Arnau)، كە باشترین شەبقە فرۆش بوو. كارتی دەعوەتنامەكەی زۆر بەوردەكاری‌و ڕێك‌و پێكی‌یەوە تەسمیم كرابوو، ڕیشیشی بەڕەنگی خۆڵە مێشی،

تەنك، لەلایەن (ئەودونارد — Audonard)ەوە بۆیە دەكرا، ئەودونارد ناسراوترین سەرتاش بوو. پێڵاو تەنها شتێك بوو حەزی دەكرد (دەستی دوو) بن.

حەزی نەدەكرد پێڵاوی نوێ لەپێ بكات چونكە قاچیان ئازێت دەدا، هەر بۆیە ئەیدان بەبراكەی تا بەماوەیەك لەپێ كردن "نەرمیان" بكات. گاودی لەبەر ئەوەی كردەو گورج و گۆڵ بوو لەسەرانسەری شاردا دەبینرا.

كەچی بەپیری چەند گۆڕابوو، ژەمە خواردنەكانی زۆر كەم بوون و زۆر جار بەبرسێتی لەسەر مێزی خواردن هەڵدەسا.

گاودی لەدڵەوە بەرامبەر رەچەڵەكی خۆی هەمیشە بەدڵسۆزی مایەوە. بەرامبەر خەڵكە گشتی‌یەكە هەستی بەنزیكی دەكرد. دوای ئەوەی ترامەكە لێ‌ی‌دا، ئەوكاتەی خەڵكی ناسی‌یانەوە، دەیانویست بیگوێزنەوە بۆ ژوورێكی خۆشترو راحەتتر لەنەخۆشخانەكەدا، بەڵام ئەو سوور بوو لەسەر ئەوەی بڵێ: (جێگای من لێرە لەناو هەژاراندایە.) ئەمەش لەگەڵ ئارەزووی گاودی‌دا بۆ كۆمەڵگا پایە بڵندەكە، بەگەنجی، نەدەگونجا.

### بەرشەلۆنە لەكاتی وەرچەخانی سەدەدا:

بەرشەلۆنە شاری سەرسوڕهێنەرو خێرایی بوو. ساڵی ١٨٥٤ دیوارە ئەنتیكەكان بەتەواوی روخێنرابوون و شارەكەش لەهەموو لایەكەوە گەورەتر دەبوو. پێوانەی رووكەشەكەی لەماوەی چەند لایەكەوە گەورەتر دەبوو. پێوانەی رووكەشەكەی لەماوەی چەند ساڵێكی كەمدا زۆر زیادی كرد، لە (٥٠) پەنجا (ئەكرێ — acre)ەوە بۆ زیاتر لە (٥٠٠) پێنج سەد. [ئەكرێ پێوانەیەكی ئینگلیزی‌یە بۆ مساحات، فدانی ئینگلیزی]. دانیشتوان لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا چوار جار زیادی كردبوو. بەهۆی پیشەسازی لۆكەو ئاسنەوە بازرگانی گەشایەوە.. هەرگیز لەوەپێش چینی ناوەندی باڵا ئەوەندە وەزعی باش نەببوو. ئەو جۆرە گەشەكردنەش ئاستی هۆشیاری بەرز دەكردەوە، بەتایبەتیش لەهونەردا. زەنگینەكان ئارەزووی ئەوەیان هەبوو بەهونەرمەندان و بەنووسەران دەوری خۆیان بدەن.

نائاسایش نەبوو ئەو توێژانە هەموویان لەژێر یەك سەقفدا بژین، ئەمەش بۆ تەلارسازێك ژینگەیەكی زۆر نموونەیی بوو. جێگای سەرسووڕمان نی‌یە كە گاودی هەموو شێوەپێدانەكانی تەرخان كردبوو بۆ بەرشلۆنە.. ئەو زۆر كەم پێویستی بەوە بوو بۆ شوێنی تر بگەڕێت تا كاری لێ بكات. هەر بۆیە كەسێك كە گاودی خۆش دەوێت.. ئەمڕۆ تەنها پێویستی بەوەیە بەناو بەرشەلۆنەدا پیاسەیەك بكات تاهەموو بەرهەمە سەرەكی‌یەكانی ئەو بەسەربكاتەوە.

ئەم ژینگە كۆمەڵایەتی‌یە نوێیەی تەلارسازەكە كاری كردە سەر شێوازی بیركردنەوەشی. هەرزوو هەڵوێستی (دژە ئێكلێستیی Anti - eclesiastical) ئەو زەمەنەی گرتەبەر، ئەمە لەناو گەنجەكاندا باوی بوو. بیرۆكەو تیۆری‌یە كۆمەڵایەتی‌یە نوێكان سەرنجیان رادەكێشا. بۆیە هەستی بەمورتاحی دەكرد لەناو بازنەی رۆشنبیراندا، هەروەها ئاگاداری هەل و مەرجی كرێكارانیش بوو. بۆیە بەرێكەوت نی‌یە كە یەكەم پرۆژەی بیناسازی گەورەی ئەو تەرخان كرا بۆ باشتركردنی حەوانەوەی كرێكارانی كارگە. ئەمەش بەهاوكاری لەگەڵ كۆمەڵەی كرێكارانی ماتارۆ (Mataro Workers, Cooperative) دابوو، كە بیرو راكانی (رۆبەرت ئۆوین)ی ئینگلیزیان پیادە دەكرد. خۆی پیشەسازێكی گەورە بوو هەوڵی دەدا هەل و مەرجی ژیانی كرێكاران باشتر بكات. مەبەست لەپرۆژەی (ماتارۆ) خولقاندنی پێش بینی‌یەكی تەلارسازی بوو بۆ باشكردنێكی لەو جۆرە. بەڵام وەكو دەردەكەوێت زەمەن پێ نەگەیی بوو بۆ بەدەست هێنانی ئەو جۆرە دەستكەوتە: تەنها هۆڵێكی كارگەو كۆشكێكی (Kiosk) بچووك بیناكرا، ئەمەش گاودی لاوی بێ ئومێد كرد.

هەرچۆنێك بێت، پرۆژەی (ماتارۆ) سەرەتای ئەو ناوبانگە بوو كە پەیتا پەیتا گەشەی دەكرد. پرۆژەكە لەپێشانگا جیهانی‌یەكەی پاریسی (١٨٧٨)دا [Paris World Fair] نمایش كراو بووە دەستپێكی هاوڕێیەتیەكی دوورو درێژ لەگەڵ (ئیوسێبی گوێل— Eusebi Guell)دا، بۆ گوێل ژمارەیەكی زۆر كۆشكی شێوە پێ‌دا.

گاودی لەگەڕانیدا بەدووی (شێوازی خۆی)دا بەردەوام بوو، رێگای بەخۆی ئەدا رێبازە باوەكان

کاری تێ بکەن.. یەکێك لەو ڕێبازانە (نیو گۆتیك- Neo Gothic) بوو. ئەمەش وەکو پرۆژەی کرێکارەکان بەتەواوی ئازاد نەبوو لەئاوێتەبوون بەسیاسەت. لەکاتێکدا دوبارە بڵاوبوونەوەی شێوازی گۆتی لەئەوروپای ئەو ڕۆژەدا دیاردەیەکی زۆر بەربڵاو بوو، کاتەلۆنیاش، مەنزڵگەی گاودی، هەر زۆر ڕاکێشەر بوو.

## گاودی نەتەوە دۆست (ناشیونالیست)

سەرباری هەڵاوسانی ئابووریو تێك چوونی هەلو مەرجی سیاسی ناوچەکە، کاتەلۆنیا ئەیتوانی بەڕابردوویەکی ڕۆشنەوە بنازێو بۆی بڕوانێت. لەسەردەمی حوکمی ڕۆمەکاندا وڵاتەکە بەخێرایی گەشەی کردبوو و ببوو بەناوەندێکی بازرگانیو، لەساڵی (٣٤٣)ی زایندا [343 A.D] بەرشەلۆنە دانرا بەناوچەیەکی ئایینی سەربەخۆ (diocese). لەماوەی سەدەکانی ناوەندا کاتەلۆنیا ناوچەیەکی ئۆتۆنۆم بوو، یاسای خۆی هەبوو و زمانی کاتەلۆنی تیادا بەکار دەهێنرا. (کاتەلۆنیا لەبنچینەوە پێی دەوترا – گۆتەلۆنیا/ Gotalonia، بەناوی ڤیسیگۆتەکانەوە کە لەسەدەی پێنجەمدا بەرشەلۆنەیان کرد بەپایتەختی پادشایەتی‌یەکەی خۆیان.).

سەردەمە نوێکان (دەرکەوتنی ئیمپراتۆریەتی ئیسپانی لەسەردەمی حوکمی کاستیل دا) هێدی هێدی لەدەست چوونی سەربەخۆیی کاتەلۆنیای بەخۆیەوە بینی، تا سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم تەنانەت بەکارهێنانی زمانی کاتەلانی لەقوتابخانەکانیشدا قەدەغە کرابوو. هەر بۆیە بۆ کاتەلانیەکان کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە کە سەدەکانی ناوەندی تێدا ژیایەوە، دووبارە دۆزینەوەی شێوازی گۆتی، لەتەنها گرنگیدان بەمەسەلەیەکی هونەریی زۆرتری دەگەیاند: ئەوە بووە نیشانەیەکی سیاسی. هەروەها گاودیش شەپۆلە نەتەوەیی‌یەکان کاریان تێ کرد.

گاودی بوو بەئەندامی (Center Excursionista) کە گروپێك لاوبوون سەردانی شوێنەوارە مێژوویی‌یەکانی ڕابردووە ڕۆشنەکەیان دەکرد. گاودی خۆی بەکاتەلانێکی بێ غەلو غەش دادەنا. هەمیشە هەوڵی دەدا بەزمانی کاتەلانی بدوێت، گەر ئەمە لەکاتی کارکردندا – کاتێك زانیاریو ڕێنومایی دەدا بەکرێکارەکان- پێویستی بەوەرگێڕانیش بووایە. بەرەو کۆتایی ژیانی، کاتێك لەدادگادا دەرکەوت ڕەتی کردەوە بەزمانی ئیسپانی کاستیل وەڵام بداتەوە.

بەهەرحاڵ، هیچ کام لەم مەیلە سیاسییانە گاودی نەکرد بەپارتیزانی یەکێك لە بەرنامە سیاسیەکان یان پارتێکی سیاسی. مەیلو پێکەوە گرێدانی خۆی بەخەڵکەکەیەوە بەوڵاتەکەیەوە فۆرمێکی زۆر سرووشتیو عاتیفی هەبوو. بۆیە سەردانەکانی بۆ مۆنیومێنتەکانی ڕابردوو بۆ ئەو هیچ گرنگی‌یەکی سیاسی‌یان نەبوو. بەڵکو بەکاری دەهێنان بۆ بەرەودان بەزانیاری خۆی لەبارەی تەلارسازی‌یە مەزنەکانی وڵاتەکەیەوە. ئەم کارانەش سەرباری کاتێدراڵە گۆتی‌یە مەزنەکان کە تاراگۆنە (Tarragona) یەکێك بوو لەوانەو شەش میلێك لەشارەکەیەوە (Reus) دوور بوو، سترەکچەری (موور)ی ڕابردووە عەرەبی‌یەکەی ئیسپانیاشی دەگرتەخۆ. گاودی دوبارە هاوشانی ژمارەیەکی زۆر گۆڕانکاری خۆی بینییەوە. پاش ئەوەی ئیسپانیا ماوەیەك خۆی لەپشت بەشەکانی تری ئەوروپاوە دەبینیەوە، ئێستا ئیتر مۆرکی ئارەزوویەکی بەربڵاو بۆ شتی جوانو نایابی بەخۆوە دەبینی. لە ئەوروپا ئەم مۆدێلەی ڕۆژگاری ئێستا هەر لەسەدەی هەژدەوە دەستی پێ کردبوو.. ئەو کاتەی هەڕەشەی داگیرکردن لەلایەن تورکەوە ڕەوییەوە ساڵی (١٦٨٨) تورکەکان زۆر بەخراپی لەنزیك ڤیەنا تێك شکابوونو لەپشت خۆیانەوە تەنها ئەوەی سەرنج ڕاکێشو بیانی بوو جێیان هێشتبوو.

ماوەی چەند سەدەیەك بوو ڕابردووی (موور)ی ببوو بەبەشێك لەئیسپانیا.. هەر بۆیە ئەوەی نامۆو نائاسایی بوو لێرە کەمتر سەرنج ڕاکێش بوون. بەهەرحاڵ، لەلێشاوی ئەو ڕۆژهەڵات گەری‌یەدا کە لەسەدەی نۆزدەدا لە ساڵۆنی چینە باڵاکاندا باوی بوو، حەزکردن لەوەی بیانی بوو باڵی کیشا بەسەر ئیسپانیاشدا. ئەو نیگارەی گاودی بۆ بەشداربوونو چوونە ناو تاقیکردنەوە لەزانکۆ پێشکەشی کرد بەڕادەیەکی زۆر کەم ڕووکەشە (موور)ی‌یەکان وەبیر دەخاتەوە.. گومەزە گەورە ئیتالی‌یەکانی سەردەمی ڕێنیسانس وەبیر دێنێتەوە.

**محاوەلەی دەسپێك:**

گاودی هەرگیز گوێی نەئەدا بەپاکی شێوازو ئسلوب. هەرگیز لاسایی کردنەوەی زۆر وردی ئەنجام نەئەدا. بەڵام پێی باش بوو ئیلهام لەکۆشکەکانی رابردوو وەرگرێتو نیگاری بکات. بەو جۆرە بەتەواوی خۆی بەستبووەوە بەوانەو رێنومایییەکانی (ڤیۆلیت)ەوە، کە پراکتیزەکردنی مۆدێلی کۆنی بەبێ رەخنەو پرسیارکردن رەت دەکردەوە، پێی وابوو: کارە مەزنەکانی رابردوو لەوێدا بوون بۆ شیکردنەوەو لێ کۆڵینەوە، وەکو سەرچاوە بۆ دەرك پێ کردنی نوێ، تا یارمەتی ئەوە بدات شێوازێك لەتەلارسازی بخولقێنێ کەسەر بەسەردەم بێت. کارو بەرهەمەکانی گاودی وادەردەکەون بەواقعی کردنی ئەو بەرنامە تیۆرییە بێت. ("دووبارە بنیان نانەوە- reconstruction"ی بەشە کۆنەکەی کارکاسۆن لەلایەن ڤیۆلیت- لو- دووکەوە لەزۆر لایەنەوەو نوێ بوو، لەبەر ئەوە تەنها "نەقڵ کردن- reproduction" نەبوو).

تێکەڵاوکردنی شێوازی تەلارسازی جۆراو جۆر لەو کارەدا کە گاودی ئامادەی کرد بۆ چوونە ناو تاقیکردنەوەوە زیاتر لەنمرەی "تێپەڕبوون- pass"ی پێ رەوا نەبینی. ئەمەش نزمترین نمرە بوو کە زانکۆ دەیبەخشێ. ساڵی پێشووتر، پرۆژەیەك کە لەسروشتیدا بەهەمان شێوە نایاب بوو نەیتوانی ئەو خەڵاتە تایبەتییەی بۆ مسۆگەر بکات کە بەتەمای ببوو.

دان پێدانانی رەسمی لەشێوەی خەڵاتدا لەماوەی ژیانی گاودیدا هەرگیز دیاردەیەکی دووبارەوە بوو نەبوو. پێ دەچێت ئەمە هۆی ئەوە بووبێت کە ئەو هەمیشە هەستی دەکرد لەکارەکەیدا سەرکەوتوو نەبوو، لایەنی کەم زۆر جار نیشانەی ئەوەی لێ دەردەکەوت. دیارە کە ئەم بیرۆکە تەلارسازییانە بوێرانەتربوون لەوەی دان پێدانانو رەزامەندی دەسەڵاتدارانی حکومیو شارەوانی ببەنەوە. تەنها یەك جار خەڵاتی پێ درا، مرۆڤ بۆی دەچێت کە ئەو خەڵاتە درابێت بەکارە هەرە قسە لێکراوەکەی: (کاسا کالڤێت- CASA CALVET). بەڵام لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە زۆر کەم بەرهەمی لەلا حیجز دەکرا. تەنها لەدەستپێکی کارەکەیدا هەلی بۆ هەڵکەوت بۆ شار کار بکات، ئەویش پرۆژەیەکی تاڕادەیەك بچووك بوو: شاری بەرشەلۆنە لەشوباتی (١٨٧٨)دا داوای لە تەلارسازی لاوو پیشەساز ئەنتۆنیۆ گاودی کرد کە لامپا (گڵۆپ)ێکی ناو شەقامی بۆ شێوە بکات.. پرۆژەکەی ئەنجام داو لەلایەن میدیاو جەماوەری گشتییەوە پێشوازی لەبەرهەمەکە کرا.

بێجگە لەوە، زۆربەی کارەکانی گاودی لەسەر مێزی کار ئەنجام درانو بۆ مێز ئەنجام دران- نەخشەو پرۆژە، هەندێکی کەمیان نەبێت جێ بەجێ نەکران، لەو کارانەش لەپاڵ شتەکانی تردا مێزێکی کارکردنی توندو تۆڵو گەورە بوو، کە وەکو بینایەکی بچووك دەهاتە بەرچاو و گاودی بۆ خۆی تەسمیمی کردبوو. بەهەرحاڵ، تەسمیمەکە لەکیس چووە.

سەرباری نەبوونی دان پێدانانی رەسمی بۆ گاودی.. دانپێدانانی تر لەلایەنی ترەوە بۆ کارەکانی وشكو برینگ نەبوو: پاترۆنی تایبەتی کە دانیان نا بەبلیمەتی ئەودا هەمیشە لەژیانیدا ئامادە بوون. پاش ئەوەی پرۆژە قەوارە گەورە سەرەتاییەکانی تەواوکرد، لەحیجز کردندا نقووم بوو. جێگای سەرنجە پێش ئەوەی لەناو جەماوەرە گشتییەکەدا ناسرا حیجزە هەرە گرنگەکەی بەدەست هێنا. هێشتا دەستی نەکردبوو بەوەی لەپرۆژە سەرەتاییەکانیدا کە جێی مشتو مڕی زۆرن کار بکات، کە متمانەی پێکرا تەسمیمی یەکێ لەپرۆژە تەلارسازییە جدییەکانی بەرشەلۆنە ئەنجام بدات. پرۆژە سەرەتاییەکانیشی (کاسا ڤیسێنز- Casa Vicens)، (خانووی دێهاتی ئێل کاپریچۆ- El Capricho)و بەتایبەتیش (گوێل پەلاس- Guell palace)ن.

ساڵی (١٨٨١)، (کۆمەڵەی ئەوانەی سانت جۆزیف دەپەرستن).. ژمارەیەك خانووی کڕیبوو کە کەوتبووە رۆخی شاری بەرشەلۆنەوە، کلێسایەك بۆ پەرستنی خێزانی پیرۆز (Sagrada Familia)[٣] دەبوایە لەسەر ئەم پارچە زەوییانە بینا بکرایە. پرۆژەکە لەتێڕامانی سیاسییانە بەدەرنەبوو. ئەمە ناڕەزایی دەربڕینێك بوو لەدژی بەپیشەسازی کردنی برەو سەندوو، لەدژی لەدەست چوونی بەها کۆنەکان. سانت جۆزیف (St. joseph) لەسەدەی نۆزدەدا بەرزکرابوەوە بۆ پلەی پاترۆنو پارێزەری پیرۆز لەناو ئەو بزاوتانەی لەکلێسای کاتۆلیکیدا

داوای کاردانەوەیەکیان دەکرد لەبەرامبەر زۆربوون و برەو سەندنی بەجیهانی بووندا (سێکولاریزاشون). ئاماژە کردن بۆ خێزانەکە داواکارییەک بوو بۆ گەڕانەوە بەرەو بەها نەریتییەکان. بەواتایەکی تر، مەسەلەکە ئەوە نییە کە بینای کڵێسایەک درووست بکرێت، بەڵکو بۆ ئەوە بوو کڵێساکە دەور بدرێت بە کۆمەڵێکی تەواو لەدامەزراوەی کۆمەڵایەتی: قوتابخانە، دوکان و بازاڕ، ژووری کۆبوونەوە- پرۆژەیەک کە کڵێسا پارەی بۆ تەرخان کردووە، بەهەمان شێوەی قەوارەی پرۆژەکەی کرێکارانی ماتارۆ، کە تیایدا گاودی زۆر بەچڕی.. ماوەیەکی کورت لەوە پێشتر کاری کردبوو.

بەهەرحاڵ، لەو چرکە ساتەدا کەس بیری لەگاودی نەدەکردەوە، ئەو هێشتا زۆر گەنج و نەناسراو بوو. ئەرکی تەسمیم کردنی پرۆژەی کڵێساکە سپێردرا بە تەلارساز (فرانسیسکۆ- دو- پاولا- دو- ڤیلار)، کە گاودی لاو کاتی خوێندن کاری لەلا دەکرد- بەتایبەتی لەکڵێسای مۆنتسێراتدا. (ڤیلار) مۆدێلێکی لەشێوازی (نیو- گۆتی)دا پێشکەش کردو دەستی کرد بەهەڵکەندنی ژێر زەمینەکە. بەڵام (دور ڤیلار) لەگەڵ کۆمەڵەکەدا رێك نەدەکەوت و لەپرۆژەکە خۆی کێشایەوە. مرۆڤ بۆی هەیە بپرسێت کە بۆچی لەناو هەموو کەسانی تردا گاودی متمانەی پێ کرا ئەو پۆستە پڕ بەرپرسیارەتییەی پێ بدرێت. پێ دەچێت پەیوەندی بەوەوە هەبێت کە بەشدارو هاوکار بوو لەکڵێسای (مۆنتسێرات)دا.. هەروەها هاوکاری کردبوو لەگەڵ تەلارساز (خوان مارتورێل- juan martorell)دا. سەرەتا (خوان) نزیك بوو بەردەوام بوونی کاری بیناکەی بدرێتێ.. چونکە ئەو نوێنەرو پێشەوای شێوازی نیۆگۆتی بوو لەکەتەلۆنیا. بەڵام مارتۆرێل لەو هەڵبژاردنە دەرنەچوو. گاودی لە کۆتاییەکانی (١٨٨٠)دا لەگەڵ ئەودا کاری کردبوو، بەرهەمی دائەهێنا کە پێك هاتبوو لەتێکەڵ کردنی (نیۆگۆتی)و رەگەزی جۆراو جۆر لەنەریتی سیرامیکی ئیسپانی. پێ دەچێت فاکتەری بڕیاردەر ئەم نموونانە بێت لەکارەکەی؛ بەهەرحاڵ، لە (٣)ی نۆڤامبەری (١٨٨٣)دا گاودی بوو بە جێگە پڕ کەرەوەی (ڤیلار)و بەو جۆرە دەستی کرد بەو پرۆژە تەلارسازییەی کە ماوەی هەموو ساڵەکانی ژیانی خەریکی کردو هەمو ساڵەکانی کۆتایی ژیانی خۆی بۆ تەرخان کرد.

گاودی تائەو کاتە دەبوو هەوڵ بدات وەکو تەلارسازێك خۆی بسەلمێنێ. بەو جۆرە ئەو ئەرکەی کە کۆمەڵەی پەرستیارانی سانت جۆزێف دایانی وەکو هەنگاوی یەکەم بەرەو کەسایەتییە بەناوبانگەکە دەردەکەوێت. چونکە هەر هەمان ساڵ ئەرکی دوو پرۆژەی سەرەکی، تری پێ سپێردرا. گاودی بەبەرهەمە هەرە سەرەتاییەکەی لەتەلارسازیدا رێ و شوێنی نوێی هێنایە کایەوە.

(مانوێل ڤێسێنز ئی مونتانەر- Manuel Vicens I Montaner)، کارگەچی خشت، پەیمانی لەگەڵ گاودی مۆرکردبوو کە کۆشکێکی بۆ بنیات بنێت. کارکردن لەو پرۆژەیەدا ساڵی (١٨٨٣) دەستی پێ کرد، لەبەرشەلۆنە، لە (کالێ سانت گێرافسی- Calle Sant Geravsi). ئەمڕۆ پێی دەووترێت (کالێ لێ کارۆلینێ). پێناسەکردن و ناسینەوەی رەگەزەکانی یەکێك لەشێوازەکان لەم کارەدا سەختە، هەر کۆشکێکیش لەو بوارەدا پێویستی بەبیر لێکردنەوەی زۆر هەیە. بیناکە بەپێی دەستەواژەی نەخشەی زەمینی (ground-plan) نموونەیی نییە. گرنگی و سەرنج راکێشییەکەی سەرچاوە دەگرێت لەشێوەپێدانی رووکەشی دەرەوەیی و لەڕووکەش و دیکۆری ناوەوەی (interior). کاریگەری (موور)ی لەسەری روون و ئاشکرایە. بورجە بچووکەکان، کە لەمنارەی سەر مزگەوتەکان دەچن، سەربانەکە دەڕازێننەوە. وێنە جوان دروست کراوەکانی سەر خشتەکان ئینتباعێك دەدەن بەدەستەوە کە لەنموونەی بینا (موور)ییەکان دەچێت. ئینتباعی رازاندنەوەی سەر دیوارە خشت رێژ کراوەکە، لەناوەوەشدا دووبارە کراوەتەوە. بەڵام ئەمە لاساییکردنەوەی تەلارسازیی عەرەبی نییە، ئەو تەلارسازی عەرەبی تەنها وەکو سەرچاوەیەکی ئیلهام وەرگرتن بەکار دەهێنا، بۆ ئەوەی رازاندنەوەکانی (ornament) خۆی بەرهەم بهێنێ. بۆیە گونجاوترە لەسەر دەستەواژەی (مۆدێجار- Mudejar) قسە بکەین نەك لەسەر شێوازی (موور). [مودێجار تێکەڵاوکردنی تەلارسازی ئیسپانی و عەرەبییە]. ژووری ئاگردانەکە

(Smoking room) لەشێوازێکی تەواوی (موور)ی‌یەوە نزیکترە.

### چاخی (موور)ی- The Moorish Period

بەلام لایەنی هەرە سەرسامکەری ئەم کارە تێکەلاوکردنی ئەو ماتریالانەیە کە گاودی لەم خانووەدا بەکاری هێنا، ئەویش پێکەوە دانانی بەردو خشتی ناڕێکو پێك (سەرە مقەست) بوو لەگەل خشتی کاشی (سیرامیك)ی‌دا. ئەم تێکەل کردنەی خشتی کاشی کە شێوەی زەخرەفەی هەبوو لەگەل بەردی هەرزاندا سیمایەکی دووبارەوە بوو بوو لەکارەکەیدا. ئەمەش کە یەکەم دەستکەوتی تەلارسازانەی مەزنی گاودی‌یەو لەلایەکی ترەوە شێوازەکەشی دەردەخات: تەواو کردنی پێنج سالی پێ چوو. بەواتایەکی‌تر، شێوازە (ئۆرگانی)یەکەی تەلارسازی گاودی کەتیایدا بیرۆکەیەك بیرۆکەیەکی تری لێ بەرهەم دێت، هەر لەو کاتەوە دەستی کردبوو بەدەرکەوتنی. بێ گومان، ئەو خەرجی‌یانەی پێویست بوون پارە پێ دەرەکانی گاودی خستبووەوە رۆخی ئیفلاس بوونەوە. بەلام سالانی دواتر گاودی بەتێرو تەسەلی پاداشتی مادی درایەوە: بەکارهێنانی خشتی سیرامیکی لەلایەن گاودی‌یەوە، لەکاتەلۆنیا، شەپۆلێك مۆدێلی ریالیستی بەدوادا هاتو.. (ڤیسێنس)یش ژمارەیەکی زۆر لەو خشتانەی بەرهەمهێنا.

گاودی لەهەمان کاتدا کە کاری لە (کاسا ڤێسێنز)دا دەکرد سەرگەرمی کۆنستروکشن بوو لەخانوویەکی دێهاتیدا لە (کۆمیلاس– Comillas).. لەکاتێکدا کە ئەو دوانە لەشێوازدا لەیەك دەچن، ئەوەی دواتریان زۆرتر خەیال ئامێز بوو. ئێرەش هەروەها بناغەکەی لەبەردی رووت دروست کرابوو. بەلام دیوارەکان بەدلفراوانی‌یەوە بەخشتی کاشی رەنگاو رەنگ دیکۆر کراون. کاریگەری (موور) تەنانەت لەم بەرهەمەدا بەهێزترە. بورجێکی تەنك وەکو منارە بەرز دەبێتەوە، کە (سەرقەباغ)ێکی بەسەرەوەیە– ئەمەش بیرۆکەی گاودی خۆیەتی. بەلام گەر وردتر سەیر بکرێت، مرۆڤ بۆی دەردەکەوێت کە ئەوە شێوازی (موور)ی هەیەو دیمەنی خشتە کاشییەکانیش بەتەواوی ئەوروپین: گولێك کە لەگولە بەرۆژە دەچێت. ئەم تێمایە سیمایەکی دووبارە بووەوەیەو، دووبارە بوونەوەشی ئاماژە بەپرنسیپە عەرەبی‌یەکان لە تەلارسازی‌دا دەکات، ئەو تەلارسازی‌یەی دووبارەوەبوون تیایدا رۆلێکی بالادەست دەبینێت. هیچ شتێك نی‌یە لەناو ئەم سترەکچەرە– (دارشتن)ەدا هەمان شێوەی هەبێت. هەر بۆیە ناوەکەی، (ئێل کاپریچۆ– El Capicho).. پڕ بەپێستی خۆیەتی. (وەهەم) دەگەیەنێت. ئەمە تەنها خانوویەك نی‌یە کە تەسمیمەکەی گاودی ئەنجامی داوەو نازناوی پێ دراوە.. خەلکی حەزیان دەکرد بە (کاسا میلا– Casa Mila)ش بلێن، لاپێدرێرا– La pedrera، واتە کانی بەردو ئەمەش بێ هۆ نەبوو.

لەوکاتەدا رەگەزی (موور)ی بەسەر ئیشی گاودی‌دا زال بوو، لەبارەی بەرهەمی وەکو (ئێل کاپریچۆ)وە ناتوانرێت بەدلنیایی‌یەوە بووترێت کە ئایا بورجەکە بەپێی مۆدێلی عەرەبی یان فارسی نەخش کراوە.

لەکاتێکدا کە پرۆژەکانی لەکۆمیلاسو لەبەرشەلۆنە بەرەوپێش دەچوون، هاوڕێیەتیەکی بەهێز گەشەی کرد کە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ مایەوەو لەدواییدا کاری کردە سەر گەشەکردنی ئەو وەکو تەلارساز، ئەو ماوەیە بەرادەی کارکردنی لە(ساگرادا فاجیلیا)دا دوورو درێژ بوو. گاودی لەمیانەی پێشانگە جیهانیەکەی پاریسدا، کە تیایدا پرۆژەکانی نمایش کران، سەرنجی پیاوێکی راکێشا، کە کەسایەتیەکەی زۆر لەکەسایەتی تەلارسازە لاوەکە دەچوو. ئەو پیاوەش (گوێل) بوو.. (ئێوسێبی گوێل ئی باسیگالوپی – Eusebi Guell I Bacigalupi).

### گوێل – پاترینی مەزنی گاودی:

گوێل نمایندەیەکی نموونەیی کاتەلۆنیای نوێ بوو. بەرهەم هێنانی خشت زەنگینی کردبوو. گەشتە جۆراوجۆرەکانی بۆ ئینگلترە خستبوویە ژێر کاریگەری شەپۆلە نوێیەکانی هونەرو بیرۆکە داهێنەرەکانی ریفۆرمی کۆمەلایەتی‌یەوە. زۆر لەوەپێش نەبوو گاودی ببوو بەمیوانێکی خۆشەویست لە مالەکەی گوێلدا.. ئەوێ کە دەرگاکانی هەمیشە بەرووی هونەرمەندانیدا کراوە بوو. پێ دەچێت لەکتێبخانەکەی (گوێل)دا بووبێت کە گاودی

ئاشنایەتی لەگەڵ نووسینە کاریگەرەکانی (ویلیام روسکین– William Ruskin)و (ویلیام مۆریس– William Morris)دا پەیدا کرد. گاودی بۆ یەکەم جار لەئێوارانی ناو ئەوماڵەدا رووبەڕوو بوەوە لەگەڵ فۆرمە سەرەتاییەکانی (ئارت نوڤا– Art Nouveau)دا، لەوانەش هۆنراوەی شاعیرە (پری رافائیلیەکان– Pre- Raphaelites)ە وە، بەتایبەتی هۆنراوەی (دانتی گابرێل روسێتی– Dante Gabriel Rossetti)، کە زۆر جار لەمناسەباتی وادا دەخوێنرانەوە. ئەم بزاوتە کە نیگارکێش‌و شاعیری لەخۆ دەگرت، بانگەوازی ئاوڕدانەوەی دەکرد بۆ سەدەکانی ناوەندو خوازیاری ئازادبوون بوو لەبناغەو رێسا توندو تیژە کلاسیکییەکانی هونەر، ئەمەش بەتایبەتی لەڕێگای بەکارهێنانی رازاندنەوەی زۆرو فرەوە.

ساڵی (١٩١٠) گوێل کرا بەبارۆن (baron)، بەڵام تەنانەت پێش ئەوەش گاودی ئەوی وەکو بەرجەستەبوونی خانەدانێتی (Nobility) دەبینی. خانەدانێتییەکی پاک‌و تەندروست لە، هەروەك چۆن جارێك ئاماژەی پێداوە، هەستیارییەکی بەرزکراوەدا... لە هەڵس‌و کەوتی بێ غەل‌و غەش‌و پاکداو لەهەڵوێستی کۆمەڵایەتی گونجاودا، بەیان دەکرێت. ئەو هەموو ئەمانەی لە (گوێل)دا بۆ دەرکەوت. (گوێل)یش لەلای خۆیەوە ئایدیاڵی خۆی لەگاودیدا. دیتبووەوە: کە بەرجەستەکردنی بلیمەتیی هونەریی‌و متمانەی کۆمەڵایەتی بوو.

هەر زۆر زوو لەساڵی (١٨٨٣)دا گاودی تەصمیمی پاڤلیۆنێکی راوکردنی لە (گاراف– Garraf) بۆ گوێل ئەندام دا، ئەمەش هەمان رەگەزەکانی (کاساڤیسێنس)و (ئێل کاپریچۆ)ی تیابوو.. پێکەوە دانانی بەردو خشتی تەواو نەکراو. بەڵام ئەم پاڤیلۆنە هەرگیز بینا نەکرا. پاشان، ساڵی (١٨٨٣)، گاودی دووبارە تەسمیمی مڵکەکەی (گوێل)ی لەبەرشەلۆنە ئەنجام دایەوە. لێرەش دووبارە، کاریگەری (موور) روبەڕومان دەبێتەوە، بۆ نموونە بەبورجە بچوکەکانیەوە لەسەر هۆڵی ئەسپەکان (Riding hall). وە نیشانەی دەروازەی باخچەکە دەری دەخات کە گاودی هەر ئەو کاتە دەستی کردووە بەوەی رەگەزەکانی (ئارت نۆڤا)ی باکور بخاتە ناو کارەکەیەوە. وەناو ژووری گەوڕی ئەسپەکان رەگەزەکانی (نێو گۆتی) دەردەخات کە گاودی لەساڵانی دواتردا کە بەڕێوەبوون گەشەی پێ دەدان تاڕادەی کامڵ بوون. [ژوورەکە ئێستا جێگای مامۆستایەتییەکەی professorship گاودییە لەکۆلێژی تەکنیکی تەلارسازی].

ئەنجامی دەستپێك لەم رێڕەوە نوێیەدا ئەتوانرێت لەیەکەم پرۆژەی سەرەکیدا بۆ گوێل، ببینرێت. ساڵی ١٨٨٦ گاودی دەستی کرد بەخانەی گەورەی نیشتەجێ بوونی کارگەچییەکان لەبەرشەلۆنە، کە لێرەدا فراوانی کردو کردی بەکۆشکێکی نایاب‌و باش. شێوازە شازەکەی گاودی لێرە لەفۆرمی ئامادەو پێگەیشتوودا بەیان کرا. لەبری ئەوەی بەنەخشەی نەگۆڕ بۆ داڕشتنی بیناکان دەست پێ بکات، ئەو شان بەشانی تێپەڕبوونی کات کاری دەکرد لەشێوە پێدانەکەدا [ واتە تەسمیمەکەی دەستکاری دەکرد]. بەتەواوی هەروەکو لەسروشتدا، کە تیایدا رووەك لەگەشەکردنیدا گۆڕانی بەسەردا دێت، بەو جۆرە بیناکانی گاودیش بەرهەمی پرۆسەیەکی قۆناغ بەقۆناغ بوون. ژوورێکی بچوکی مۆسیقا لەبناغەدا دەبوایە لەبەشی دەرەکی بیناکەی (گوێل)دا بنیات بنرایە.. ئەم ژوورە دەبێت ئەوەندە سەرنج راکێش بووبێت، شان بەشانی هەر قۆناغێکی نوێ لەپرۆسەی داڕشتنەکەدا، کە دوبارە ئەو ژوورە گوێزرایەوە بۆ ناوەندی بیناکە. تاوای لێ هات پانتایی سێ قاتی گرتەوە. کۆشکەکە، کە شێوەی "پارکی ژێر زەمینیی ئوتومبیل"ی هەبوو بۆ عەرەبانەی ئەسپ بوو، وە کۆمەڵێك دوکەڵ کێشی چڕو پڕ نەخش‌و نیگارکراوی شێوە سەیری لەسەر بوو و بووە شتێکی زۆر نایاب، ئەمانە بەرهەمی پاکی خەیاڵ بوون.. سەرباری رەگەزە مێژووییەکانی شێواز کە هەمیشە بەناو کارەکەدا دەدرەوشێتەوە: ئەمەش ژمارەیەکی زۆر رازاندنەوەی ئاسنینی (ئارت نۆڤا)یە لەگەڵ قەوسی ددان داردا کە تەلارسازیی گۆتییان وەبیر دەهێنایەوە.

## چاخی "گۆتی"

دوو سترەکچەرەکەی تر کە لەو ساڵانەدا هاتنە ئاراوە زۆر سادەو ساکار بوون، لەسروشتیاندا زۆرتر (گۆتی) بوون، بەڕێکەوتیش نییە کە خزمەتی نیازێکی ئایینییان دەکرد.

بەدیقەت دانی خوێندنگاو کۆمەڵگای کڵێسای (سانت تێرێسا) لەبەرشەلۆنە، کە "کۆلێگیۆ تێرێسیانو– Colegio Teresiano)یە، ئیشی گاودی تەنها بەسترابووەوە بەقاتەکانی سەرەوە، لەوکاتەدا کە بیناکە لەژێر بیناکرندا بوو. بیناکە فۆرمی وانمایش دەکات کە زۆر سنوردارن، ئەتوانرێت بوترێت "نیۆگۆتی‌یە لەپاکترین فۆرمی‌دا".. بەڵام مۆرکی تایبەتی کارکردنی گاودی پێوە دیارە. چونکە هەر زوو کەکاتێك گاودی خوێندکار بوو لەمۆدێلە مەزنەکەی خۆی، [ڤیۆلیت– لو– دوك]ەوە، فێر ببوو کە داڕشتنەکانی رابردوو هەرگیز نەدەبوو لاسایی بکرێنەوە. ئەمەش بەتەواوی دەگونجا لەگەڵ دیدی گاودی‌دا..، تەلارسازی گۆتی بۆ ئەو زۆر سەرسام کەربوو، بەڵام ناتەواویش بوو بەتایبەتی گەر حساب بۆ شێوەپێدان (design) بکرێت.

گاودی پایەکانی وەکو پاڵپشتێکی باش بۆ هەڵگرتنی قورسایی قەوسەکان دەبینی، (پایەکان بەشی زۆر پێویستن لەتەلارسازی گۆتی‌دا). ئەو بەگاڵتە پێ کردنەوە بەو پایانەی دەووت "دارشەق".. خۆی دەیویست بەبێ دارشەق سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. یەکەم دەلالەتێکیش بۆ ئەمە قەوسە (arch) شێوە قوبی‌یە (parabolic) لە هەوادا هەڵواسراوەکانن کە لە هۆڵەکانی سەرەوەی (colegoi Teresiano)دا بەکار هاتوون. بەپێچەوانەشەوە رووکەشە (facade) گەورەکانی ئەو کۆشکەی کە گاودی دواتر لە (لیۆن– Leon) شێوەی پێدا وەکو شتێك لەسەدەکانی ناوەندەوە دێتە بەرچاو، [کۆشکەکە دیواری گەورەی هەیەو ئەم دیوارانەش بە ژمارەیەکی زۆر پەنجەرەی قەوسی دداندار لێك دادەبڕێن]. کۆشکە گەورەکەی مەطرانەکە لە ئەستۆرگا (Astorga) بە هەمان شێوە بوو. بەهەر حاڵ، تەسمیمی (کۆلێگیۆ تێرێسیا نۆ) ئاماژە بۆ ئەو رەگەزانە دەکات کە گاودی بەکاری هێنان بۆ رزگاربوون لەکەمو کوڕی‌یەکانی شێوەپێدانی گۆتی..، بۆ نموونە ستوونە لارەکان.

ئەم گەشتو پشکنینانە هەمو وزەی گاودی سەرف دەکرد، بەتایبەتی کە ئەو دەستی دەکرد بە کارکردن لە (ساگرادا فامیلیا)دا، ئیشێك کە لەکاتی بەتاڵی خۆیدا ئەنجامی دەدا. هەرگیز ژنی نەهێنا، بەڵام لەژیانیدا دووجار لەرۆخی ژن هێنان نزیك بووەوە. پاشان ئاشکرای کرد کە هەرگیز هەستی بەبوونی هاندەرێك نەدەکرد تاژن بهێنێ. سەرباری ئەوەش گەر ئەو ژنە ئەمەریکی‌یە گەنجەی کە گاودی لەکاتی پیاسەکردنێکدا بۆ سەیرکردنی کاتێدراڵەکان بینی پەیوەندیدار [engaged] نەبوایە بەکەسێکی ترەوە، لەوانەیە گاودی بەسەڵتی نەمایەتەوە. دەوترێت دوای ئەوەی یەکتریان بینیبوو ئەو ژنە بۆ ماوەی چەند ساڵێك بیری خەریك کردبوو. (دەڵێن!) لەتەمەنی (٣٢) ساڵیدا دەزگیرانیشی مارەکردبوو، ئەمەش بەپێی قسەو قسەڵۆك. بەهەرحاڵ، لێرەدا مرۆڤ هەست دەکات کە گاودی تاچەند بۆ تەلارسازی‌یەکەی دەژیا. [بۆیە] کاتی زۆر کەم بوو بۆ ژیانی تایبەتی.

## رێگا بەرەو شێوازێکی تایبەت بەخۆی

پاش ئەم ژمارەیە بەرهەم کە لەماوەیاندا گاودی شێوازێکی کەم یان زۆر "گۆتی" سافی گرتەبەر، ئیتر بەتەواوی خۆی سەرقاڵی ئەوە کرد کەشێوازی خۆی گەشە پێ بدات. بێجگە لەوەی جار جار (ئارت نۆڤا)ی بەکاردەهێنا، هەموو رەگەزەکانی لاسایی کردنەوە وردە وردە لەبەرهەمەکانیدا ون بوون. ئەمە پێدەچێت تاکە لایەنی باشو لایەنی هەرە جیای ئەو کۆشکە بێت کە ساڵی (١٨٩٨) بۆ واریسی "پییێر مارتیر کالڤێت/ pere Martir Calvet) لەبەرشەلۆنە بینای کرد.. خانوویەك کە سەرەتای ئەوە دەردەخات کە گاودی تەرکیزی خۆی خستە سەر شارەکەی (خۆی)، سەر بەرشەلۆنە. هەرگیز سەفەری ئەوەندە دوری نەکردبوو، ژمارەیەك سەفەری دیراسی کەم نەبێت. ئەگینا وەکو تر تواناکانی خۆی تەرخان کرد بۆ (سانتاندەر– Santander)، (لیۆن– Leon) [کۆشکی مەترانەکە لە ئەستۆرگا..و.. کاسا–دێ–لو– بوتا]و بێ گومان بۆ بەرشەلۆنەش. دوبارە بنیات نانەوەی [reconstruction] کاتێدراڵەکەی (پاڵما دو مایۆرکا/ Palma- de- Mallarca ] ئیستسنایەکی دیار بوو، کە بەڕاستی پرۆژەیەکی سەرسامکەر بوو. لەم "کارە سەرەکی‌یە"دا کە بەپێی تەلارسازیی (نیۆگۆتی) بوو، گاودی شوێنی دانیشتنی کۆرسی کڵێسەکەی لەخولگە (nave)ی کڵێسەکەوە گواستەوە بۆ شوێنی (مذبح– altar)ەکە.. ئەمەش ئێفێکتە

هەڵواسراوەکەی ناو ژوورە گۆتی‌یەکەی سیحراوی تر کرد- ئیشێك کە دەبێت بۆ گاودی زۆر سەرسوڕهێنەر بووبێت، کەوا بەچڕی داگیرکرابوو لەلایەن پرنسیپەکانی تەلارسازی گۆتییەوە.

گاودی لەڕێگای تەسمیم کردنی کڵێساوە ناوێکی بۆ خۆی دروست کردبوو، قوتابیەکانی (کە لایەنگری زۆر بەحەماسی بوون) ئەم وشەیەیان بڵاوکردەوە. (کاسا کالڤێت)و (کاسا-دێ- لو- بوتا) لە بنیاتنان‌و درووست کردنی کۆشکدا پراکتیك‌و تاقیکردنەوەیان دابویە. هێشتا دۆزینەوەیەکی گرنگی نوێی تری مابوو ئەنجامی بدات. دووبارە (ئێوسیبی گوێل) بوو کە هەلی ئەوەی بۆ مەیسەر کردو یارمەتی‌دا پەیمانێك (کۆنتراکت)ێکی ترە بەدەست بهێنێت.

گاودی تاڕادەیەك هەموو ئەرکەکانی خۆی لەڕێگای پەیوەندی تایبەتیەوە پێ دەگەیشت. گەر لەبەر دەسەڵاتی مەطران (خوان باوتیستا گراو) نەبوایە پەیمانی ئەوەی نەدەدرایە کەتەسمیمی (کۆشکی مەترانەکە) لە ئەستۆرگا، بکات. (گراو) لە (تاراگۆنا) ببوو پێش ئەوەی بانگ بکرێت بۆ ئەستۆرگاو، ماوەیەکی دوورو درێژ بوو گاودی ئەناسی. ئەویش هەروەها خەڵکی روز (reus) بوو. (گراو) مرد کاتێك کە هێشتا کۆشکەکە خەریك بوو ئەخرایە سەرپێو، یەکسەر جیاوازی بیروڕا کەوتە نێوان تەلارسازەکەو ئیدارەی قەشەکانەوە. گاودی لە پرۆژەکە خۆی کێشایەوە. ئەوەی لەدوای ئەو دانرا نەخشەی بیناکەی گۆڕی- بۆیە سترەکچەرەکە لە ئەنجامی ئەوەدا چەند جارێك هەرەسی هێنا. شێوە پێدانەکانی گاودی بەئاسانی خۆیان نەئەدا بەدەستەوە تابگۆڕدرێن.

## پارکێك لەشێوەی ئینگلیزی‌دا

بازنەی دەسەڵاتی گاودی فراوانتر بوو بەهۆی پرۆژەیەکی نوێی جدی‌یەوە کە دەستپێشخەرەکەی (گوێل) بوو. باخچەکانی ئینگلتەرە زۆر کاریان کردبووە سەر (گوێل)، بۆیە دەیویست شتێکی هاوشێوە لەبەرشەلۆنە بهێنێتە بەرهەم. گاودی ئەبوایە باخچە شارێك (garden- city) دروست بکات کە بەتەواوی لەهارمۆنیدا بێت لەگەڵ دەشت‌و دەردا. لەکۆتایی‌دا، تەنها دوو بینا لەو بینایانە دروست کرا کە بۆ پرۆژەکە نەخشەیان بۆ دانرابوو. (پارکی گوێل) یەکێکە لە ژمارەیەکی زۆر لەبەرهەمە تەوانەکراوەکانی گاودی.

بەڵام پارکەکە خۆی لەو دوو ڤیلایەی کە بیناکران زۆر گرنگتر بوو. ئەویش خۆی لەخۆیدا بووە بەرهەمێکی تەلارسازی، بەرهەمێکی نائاسایی جەسوور. لەسەرو هەموویەوە، ئەمە تاقە کارێکی سەرەکی‌یە کە بەتەواوی خەیاڵی گاودی دەگواستەوە بۆ واقیع- کە ئیتر تەلارسازێك بو لەکاتی پێگەیشتوویی‌دا. هەرچەند نەخشەکە بێ بەراوردکردن، زۆر جدی تر بوو لەوەی بتوانرێ چاوەڕێ بکرێت.. لەکاتێکدا سەیری ئەنجامەکان دەکەین، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەمەی دواییان قاڵبی هەموو تاقیکردنەوەکانی تەلارسازی لەوەپێشی شکاند. تەرکیبەکان (structures)- بەتایبەتی باڵکۆنی‌یە (terrace) گەورەکانی ناوەڕاست- لەشێوەدا زۆر ناقۆڵان. تەسمیمی رووکەشەکان‌و رۆخەکان (ستارەکان- edges) گەواهی ئەو ئازادی‌یە دەدەن کە ئەمڕۆ ناتوانرێت ئەنجام بدرێت.

بەم پرۆژەیە گاودی بۆ یەکەم جار هەموو زانیاری بەربڵاوی خۆی لەکاری تەلارسازی‌دا خستە پراکتیکەوە. تەنانەت ئەو کەسەی گاودی زۆرتر خۆی پابەند دەکرد بەتیۆری‌یەکانیەوە، [جۆن رەسکین]، رای گەیاندبوو کە تەلارسازی پێکهاتووە لەلێکدان‌و کۆکردنەوەی هونەرەکان: تەلارساز دەبێت لەهەمان کاتدا نیگارکێش‌و پەیکەرتاشیش بێت. گاودی هەموو ئەمانەی لەیەك کەسایەتیدا یەك خستبوو.

ئەو سەکۆ بەردە درێژە لەکۆتایی نەهاتووە، کە بەپارچە کاشی سیرامیك رازێنراوەتەوە، کە بەناو پارکەکەدا بەشێوەی مارێك دەکشێت، کاریگەری نیگارێکی رەنگاو رەنگی (خوان میرۆ)ی هەیە. گاودی پارچە سیرامیکیەکان بەکار دەهێنێت بۆ، تاڕادەیەك، دارشتنی نیگارێکی سوریالیستی، نیگارێکی سێ رەهەندی لەناوەڕاستی دەشت‌و دەری دێهاتیدا. لەو کاتەوە ئیتر ئەو هیچ جۆرە سنوورو کۆتێکی نەدەناسی. بەبێ دوودڵی خەیاڵە تەلارسازیەکانی خستبووە گەڕ، ئەوانەش هیچ نەبوون بەرهەمی پاکی خەیاڵ‌و ئەندێشە نەبێت، کە پشتیان دەبەست بەپرنسیپی تەرکیبی زۆر تەسك‌و نەگۆڕ.

بەوجۆرە ئەو رووی خۆی وەرگێڕا بۆ تەسمیمی دوو کۆشکی زۆر گەورەو ئاڵۆز، بەمەش گاودی

شتێکی بەتەواوی نوێی لەو ناوچەیەدا داهێنا. لەساڵی (١٩٠٤)ەوە تاساڵی (١٩٠٦) کۆشکێکی لە (ژمارە ٤٣، پاسێژ دوگارسیا، لەبەرشەلۆنە) تەسمیم کرد، کە بەتەواوی ئەفراندن بوو. لەکاتێکدا کە پارکی گوێل (Guell park) گەیاندنی خەیاڵێکی بەرفراوانی تەلارسازێك بوو کە لەرەنگدا مەلەی دەکرد، ئەوا (کاسا باتلو– Casa Batlo) ئەوی وەکو تەلارسازێك نیشان دەدا کە تەنانەت، زۆرتر، لەتەلارسازییەك دوور دەکەوێتەوە کە داهێنانێکی دەستکردی دەستی مرۆڤ بێت. رەونەقە شینە سەوز باوەکەی روکەشەکەی، رووکەشی دەریای بیر دەهێنایەوە کە گڵۆپی کەفی بەسەرەوە بێت. قەراغو رەفەی پەنجەرەکان لەوە دەچوون بەکلای (Clay) قاڵب کرابن. دیوارە دەرەکییەکە، کە بەزۆر خرابووە نێوان دوو خانووی تەسمیم کراوی لێك جودا..، کەوتبووە جووڵە. هەموو شتەکان وادەردەکەوتن کە هەڵقوڵابن و پاشان بگەڕێنەوە. سەقفەکە، بەکۆمەڵە دووکەڵ کێشەکانیەوە، لەڤێرسۆنێك (نووسخەیەك)ی گوێل پارك دەچوو. گەرمکردنی مەرگەزی لەبەرشەلۆنە گشتی نەبوو، هەر ژوورەو بەتەنها بۆ خۆی گەرم دەکرا.. ئەمەش هەلی بۆ گاودی رەخساند کە ریزێك دووکەڵکێشی هەوایی لەسەر سەقفەکان دابنێت.

دانیشتوانەکە حەپەسان. ئەوان پێشتر هەرگیز شتێکی لەو جۆرەیان نەدیتبوو. خانووەکە پۆلێن کردن (کە بخرێتە پاڵ شێوازێك)ی رەت دەکردەوە. سەرسوڕمانەکە تەنانەت لەئاست دووهەم پرۆژەی گەورەی ئەودا گەورتر دەبوو، ئەو پرۆژەیەش لە (ژمارە "٩٢"– No.92)ی هەمان شەقامدا بوو. ئەمەش حاڵەتێکی تر نەبوو تیایدا گاودی تەسمیمی خانوویەکی تاڕادەیەك بچووك بکات و نێوان کۆمەڵێك خانووی ترەوە، بەڵکو خانوویەکی زەبەلاحی سەرسووڕ بوو. بە پێچەوانەی خانووەکەی (باتلو– Batllo)ەوە، دیوارە دەرەکییەکەی بەتەواوی بێ رەنگ بوو. هەرچۆنێك بێت، دەرپەڕینەکە چرو پڕ ترە. پەنجەرە مێتالییە بازنەییەکان (Oriel)، وەکو شانەی هەنگ خۆیان نووساندووە بەرووکەشەکەوە. خانووەکە هەر هەمووی پارچە بەردێکی گەورەیە لە جووڵە بەرەو پێش و بەرەو پاش. مرۆڤ مەنزڵگە ئەشکەوتییەکانی بیردەکەوێتەوە، کە لەلایەن هۆزە ئەفەریقییەکانەوە لەلاپاڵی شاخەکاندا هەڵکەنراون، یان ژێرخانی مردووەکانمان بیردەخاتەوە کە لە گردۆڵکەکەی سالزبۆری (Salzburg) هەڵکەنراوە. جووڵە شەپۆلدارەکە درێژ دەبێتەوە بۆ ناوەوە. گاودی بەم ئیشەی گەیشتە پۆپەی شێوازە ئۆرگانییەکەی لەتەلارسازیدا: بیناکە وادەردەکەوێت بەسروشتی روابێت، وەشێوەی باوی دیواری هەڵگر (یان) بەکارهێنانی خشتی تیا نییە. خانووەکە لەپەیکەرێکی زەبەلاح دەچێت نەك وەکو وشە باوەکە دەڵێت، کە لەماڵ بچێت.

## گرنگترین بەرهەمی ژیانی:

گەر (کاسا باتلو– Casa Batllo) خەڵکی سەرسوڕهێنابێت ئەوا (کاسامیلا) بووە هۆی هەراو هوریا نانەوە. لەنەبوونی وشەدا، ئەوەی توانییان پێی هەڵسن، وەکو دەردەکەوێت، پەنابردنە بەر گاڵتە پێ کردن بوو. لەرۆژنامەکاندا ژمارەیەکی زۆر لاسایی کردنەوەی گاڵتەبازییانە دەرکەوت، نازناوی وەکو (کانی بەرد)، (پاتێ– pate، کە جۆرێکە لەخواردن لەگۆشت و شتی تر دروست دەکرێت)، (کونە زەردەزیرە) جێگای ناوە جدییەکەیان گرتبووەوە کە (میلا) بوو، ئەو مشتەرییەی ئەم کارەی حیجز کرد– پییێر میلا ئی کامپس– بوو].

بەلەبەرچاوگرتنی ئەم کۆگایە لەخەیاڵی تەلارسازی، نابێت لەبیرمان بچێتەوە کە گاودی بێ پسانەوە خەریك بوو بەپرۆژەی (ساگرادا فامیلیا)شەوە. هێشتا تەواو نەببو کە گاودی مرد. سەرباری هەمووی گاودی بەهۆش بوو لەگرنگی ئەوەی ئەو ئیشەی دەستی پێ کردبوو تەواو بکرێت. ئەو خۆی وادەبینی کە لەناو نەریتی مەزنی تەلارسازەکانی کاتێدراڵەکانی سەدەکانی ناوەندایە.

کاتێدراڵێك کاری تەنهایەك تەلارساز نییە بەڵکو ئەرکی چەند نەوەیەکە. گاودی راهاتبوو بڵێت کە مەگەر (سانت جۆزیف– St. Joseph) خۆی تەواوی بکات، نەك تەنها لەبەر مەدای جدیی پرۆژەکە کە دەوری کۆمەڵگایەکی بچووکی دابوو. ئەمەش پێ دەچێت پەیوەندی بەبڕیاری دامەزرێنەرەکانەوە هەبێت، کە دەیانویست کڵێساکە لەڕێگای پارە کۆکردنەوەو یارمەتییەوە بینابکرێت– ببێتە کڵێسای هەژاران. نائاسایی نەبوو بۆ گاودی خۆیشی

کەبسوڕێتەوەو پارە کۆبکاتەوە تابیناکردنی کارەکە بەردەوام بێت. دوای ساڵی (١٩١٤) ئیتر هیچ ئیشێکی نوێی نەگرتە ئەستۆ، بەتەواوی خۆی تەرخان کرد بۆ ئەوەی لەکاتێدراڵەکەدا کاربکات. ڕێی تێ دەچێت لەکارگەکەی ناو بیناکەدا نیشتەجێ بووبێت. وەکو عادەتی خۆی، هەمیشە پرۆژەکەی لەگەڵ کرێکارەکاندا باس دەکرد. لەئەنجامی ئەمەشدا لەماوەی ساڵانی‌دا زۆر گۆڕانکاری ئەنجام درا.

مرۆڤ دەتوانێت کتێبێك لەبارەی تەسمیمی (ساگرادا فامیلیا)ەوە بنووسێت. ئەمە پێکەوە کۆکردنەوەی هاندەرە (impuls) داهێنەرەکانی گاودی بوو. قەوسە گومەزی‌یە بەرزەکان لەتەسمیمی بورجە باڵابەرزە زەبەلاحە هەڵواسراوەکاندا دووبارە کراوەتەوە. لوول پێچە نائاسایی‌یەکانی چوار بورجەکە (Towers) لەسەر رووکەشەکە (دیوارە دەرەکی‌یەکە) کە بۆ لەدایك بوونی مەسیح (christ) تەرخان کراون هەمان ئەو رەنگانە دەردەخات کە لەپارکی گوێل (Guell Park)دا بەکار هاتوون. کڵێساکە دانرابوو کە فرە رەنگ بێت. گاودی هەمیشە دەیووت کە سرووشت مۆنۆ کرۆماتی (یەك رەنگ/ واتە رەش‌و سپی) نی‌یە. هەر کاتێك کەسێك بیوتایە کە بەردە رووتە رەنگ قاوەیی‌یە لەلم چووەکان کە لە رووکەشەکەدا بەکارهاتوون جوانن، بەکورتی دەیگوت:

(لەدواییدا رەنگیان بەسەردا دەهێنرێت.)

گاودی لەسەرو هەموو شتێکەوە، ئەم کڵێسایەی بەکارهێنا بۆ گەشەپێدانی تیۆری‌یەکەی خۆی لەبارەی ئەوەی کە شێوازی گۆتی بەچ جۆرێك دەتوانرا کامڵ بکرێت. هیچ جۆرە پایەو رایەڵەیەکی راگر بەکار نەهاتووە. تێگەیشتنی (بیرۆکە)ی ئەو بۆ تەسمیمی پایە لارەکان بەرگەی تاقیکردنەوەکانی زەمەنی گرت. ئەو ئەم پایانەی زۆر بەچاکی بەکار هێنا لەژێرخانێکدا (Crypt) کە بۆ گوێلی هاوڕێی تەسمیمی کرد، کە بۆ کۆمەڵگای کرێکارەکانی لەرۆخی بەرشەلۆنەدا پێویستی پێ بوو.

(١٩٢٦) کاتێك گاودی بەو شێوە تراژیدی‌یەی مرد ژمارەیەك شاکار (opus)ی لە دوای خۆی جێهێشت. پێ دەچێت ئەمە لەگەڵ روحیەتی تەلارسازی‌یەکەیدا بگونجێت، تەلارسازی‌یەك کە کەمتر لەگەڵ سترەکچەری نەگۆڕدا کاری دەکرد، بەڵکو هەتا بێت زۆرتر لەسەر سروشت وێنا دەکرا. گاودی تیۆری‌یەکی پاك‌و پوختی بۆ ئێمە بەجێنەهێشت. ئەوەی جێی هێشتووە هەندێك زانیاری‌یە کە بەرفراوانترن لە زۆر مۆدێلی باش ئامادەکراو. جێگرو جێ پڕکەرەوەی نی‌یە. کارەکەی نەدەتوانرا لەلایەن کەسێکی ترەوە بەردەوامی پێ بدرێت. هەر کاتێك تەلارسازی تر ئەرکی پرۆژە دەست پێکراوەکانی گرتۆتە ئەستۆ، خیانەتیان لەمەبەستە بنچینەیی‌یەکانی گاودی کردووەو، لەئەنجامی ئەوەشدا ئەو بینایانەی ئەو وابەوریایی‌و دیقەتەوە تەسمیمی کردوون بەرگەیان نەگرتووە ماوەیەکی درێژ بمێننەوە. (کۆشکی مەطرانەکە– The Bishop,s Palace) لەئەستۆرگا چەند جارێك داڕما، ئەمە لەکاتێکدا کە کۆنسترەکشنی ژوورە تەختەییەکانی پرۆژە سەرەکییە سەرەتاییەکانی گاودی بەرگەی تاقیکردنەوەکانی زەمەنیان گرتووە.

## بلیمەتێکی تەلارسازی:

ئاسان نی‌یە بیخەینە بەر تێڕامان‌و پرسیار کە ئایا گاودی دەیتوانی ئەو شتانەی ئەنجام بدات کە ئەنجامی داون، گەر ماترياڵی نوێی بەکار بهێنایە، بۆ نموونە پایەی کۆنکرێتی‌ی بەکاربهێنایە. لەلایەکی ترەوە پێدەچوو ئەو رەتی بکردنایەتەوە. ئەو بەزۆری رازی نەبوو چیمەنتۆ بەکار بهێنێت، هەرچەند ئەم ماتریاڵی بیناکردنە لەبەر دەستیشدا بووایە. پێی باشتر بوو پایەکانی لەخشت بنیات بنێت. لەکاتێکدا تەرکیبەکانی زۆر نایاب دەردەکەون‌و، رووکەش کاری‌یەکەش گرانبەها دەردەکەوێت چونکە لەباشوورەوە لەژێر تیشکی خۆردا دەدرەوشێتەوە.. گاودی پێی باش بو ماتریاڵی رۆژانە بەکاربهێنێت، وە هەمیشە پەنای دەبردە بەر نەریتی ئیشی دەستی شارەکەی خۆی: کە (سیرامیك)و (سنعەتکاریی مس‌و ئاسن) بوو.

شتی زۆر سەرسوڕهێنەری لەسادەترین ماتریاڵ بەرهەم دەهێنا. پێ دەچێت سرووشتی وەکو مۆدێل بەکار هێنابێت، کە سرووشت لەزۆر لایەنی ترەوە مۆدێل بوو بۆ شتی تریش. هەتا زۆرتر دوور دەکەوتەوە لەدەست کردێتی بینا، نزیکتر دەبووەوە لەسرووشت. جارێك بەمیوانێکی ووت: "دەتەوێت بزانیت من لەکوێ مۆدێلی خۆم دەبینمەوە؟

درەختێکی بالا بەرزو ڕێك، ئەو درەختە لقەکانی هەڵدەگرێتو، لقەکانیش لەلای خۆیانەوە لاسکەکانو (twigs)، وە ئەمانەش لەلای خۆیانەوە گەڵاکان هەڵدەگرن، وەهەموو بەشێکی بۆ خۆیو بەتەنها بەشێوەیەکی هارمۆنیانەو مەزن گەشەی کردووە، هەر لەو کاتەوەی کە یەزدانی هونەرمەند خولقاندوویەتی". لەخولگە (nave)ی (ساگرادا فامیلیا)دا گاودی دارستانێك لە پایەی تەسمیم کردووە کە بۆ سەرەوەو بۆ ئەم لاو لا پەلو پۆیان دەرکردووە.

کاتێك (ئەلبێرت شوێتزەر- Albert Schweitzer) سەردانی کڵێساکەی کرد، گاودی دەستکەوتەکانی خۆی بۆ ڕوون کردەوە، بەئاماژەکردن بۆ ئەو گوێ درێژە زۆر ڕۆیشتووە ماندووەی خێزانی پیرۆز دەبان بۆ میسر: (کاتێك زانرا کە من بەشوێن کەرێکدا دەگەڕێم تابیکەم بەمۆدێل بۆ هەڵاتنەکە بۆ میسر، خەڵکی جوانترین کەری بەرشەلۆنەیان بۆ هێنام. بەڵام من بەکارم نەهێنا). لەدواییدا توانی ئەو [کەر]ە بدۆزێتەوە کە بەشوێنیدا دەگەڕا، کەرەکە بەسترابوو بەعەرەبانەیەکەوە خاوەنەکەی ژنێك بوو لمی پاکژکراوی دەفرۆشت. (سەری شۆڕ ببوەوە، خەریك بوو لەزەوی دەدا. بەهەوڵو کۆششێکی زۆر توانیم ژنەکە ڕازی بکەم بۆم بهێنێت. ئەوسا، پاش ئەوەی کەرەکە بەهۆی لەزگەوە، بەش لەدوای بەش داپۆشرا، ژنەکە دەستی کرد بەگریان چونکە پێی وابوو کەرەکە ژیانی دەرباز نابێت. ئەوە ئەو کەرە بوو کە بۆ هەڵهاتنەکەی میسر باش بوو،و.. ئینتیباعت لەسەر جێ دێڵێ چونکە بەرهەمی خەیاڵ نییە بەڵکو واقیعییە.)

ئەم خۆ بەستنەوەیە بەسروشتەوەیە کە گاودی لەهونەرمەندانی (ئارت نۆڤا) جیا دەکاتەوە، کە خەڵك دەیانەوێت بڵێن گاودیش لەوانە. ئەو ڕەگە (Strain) زەخرەفییەی لەئارت نۆڤادا هەیە پشت بەفۆرمی سرووشتی دەبەستێت، بەڵام تەنها بەزەخرەفەیی دەمێنێتەوە وە لەسەرو هەمووشیەوە بەدوو مەودایی،و، لەشێوەی هێڵدا. لەلای گاودی سرووشت پێکهاتبوو لەهێزی جۆراوجۆر کە لەژێر ڕووکەشەکەدا کاریان دەکرد، ئەو ڕووکەشەی کە دەربڕینێك بوو لەو هێزە ناوەکییانە. بۆ نموونە، دیراسەی ئەوەی کرد کە بەرد چی لێ دێت.. کاتێك دەخرێتە ژێر فشاری زۆرەوە ئەویش بەوەی بخرێتە ژێر فشاری هایدرۆلیکیەوە: بەردەکان نەدەشکان یان لەسەرەوە بۆ خوارەوە درزیان نەدەبرد، بەڵکو لەناوەندا فراوانتر دەبوون. ئەمەش دیاردەیەك بوو گاودی پێی وابوو گرێکەکان پێیان زانیبوو، ئەوان پایەکانی خۆیان بەجۆرێك درووست دەکرد کە لەناوەندا کەمێك بەهێزتر بێت وەکو لە ئەم سەرو ئەو سەرەکانیدا.

گاودی پراگماتیست بوو [واتە کەسێکی پراکتیكو بەکردەوە بوو-و].. ئەو بەپێچەوانەی تەلارسازەکانی تری سەردەمەکەیەوە لەسەر مێزی نیگارکردن [drawing board] کاری نەدەکرد. هەمیشە لەشوێنی بیناکردنەکە بوو، باسی شتەکانی لەگەڵ کرێکارەکان دەکرد، دووبارە بیری لەشتەکان دەکردەوە، وێنە [draft]ێکی دروست دەکرد، بیرۆکەیەکی ڕەت دەکردەوە. نیگارەکانی لەسکێچی ئینتیباعی دەچن، وەبەهیچ جۆرێك لەنیگاری تەسمیم [desing drawings] ناچن.

گاودی پێش ئەوەی بینابکات شتەکانی تاقیدەکردەوە. لەکاتی ئامادەکردنی تەصمیمە بوێرانەکەیدا بۆ قەوس (arch)ەکانی کڵێسای کۆمەڵگای گوێل، مۆدیلێکی لە سیم داهێنا کە کیسەی بچووکی پڕ لەلمی پێوە هەڵواسی بوو، بۆ دەرخستنی ئەو کێشانەی کە پایەو قەوسە پاڵپشتەکان دەبوو هەڵیگرن. ئەمە لەبری مۆدێلێکی سەرەوخوار (Upside- down) بۆ چۆنایەتییەکان بوو: ئەوە بەس بوو وێنەیەکی ئەوە بەهەڵگەڕاویو سەرەوژێری سەیر بگرێت تاکو بیرۆکەیەکی ڕوونتر بەدەست بێت لەبارەی چۆنیەتی دوا تەرکیب. ئەم پرۆسەیە لەم ڕۆژانەدا شتێکی نائاسایی نییە، پاش ئەوەی چەندان (دەیە) بەسەر ئەو یەکەم تاقیکردنەوەیەدا تێپەڕیوە. کرێکارەکان زۆر جار پرسیاریان دەکرد لەبارەی ئەوەی شتێك چۆن خۆی ڕادەگرت، کەچی ئەو شتە بەرگەی دەگرت.

کاتێك سەیری مێزی ئارایشتکردنەکە (dressing table) دەکەین، کە بۆ کۆشکەکەی گوێل تەسمیمی کردووە، مرۆڤ ناچار دەبێت کە هەمان پرسیار بکات.

ئیشەکانی گاودی هەرگیز نەدەتوانرا بەتەنها لەسەر مێزی شێوەپێدان، شێوەیان پێ بدرێت. ئەمە تەنها بەهۆی تەسمیمە فەزایییە شێوە ئۆرگانییەکەیەوە نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە گاودی هەستێکی تایبەتی بۆ فەزا هەبوو. ئارەزووی گاودی ئەوە بوو لەدیوارە باوەکان دوورکەوێتەوە. ئایدیالی ئەو خانوویەك بوو کە لاشەیەکی ئۆرگانی بوو کە بۆ خۆیو لەخۆیدا دەژیا. ئەو لەتەسمیمە فەزاییەکانیدا هەمیشە دەگەڕایەوە بۆ ینەچەکانی خۆی، بۆ پیشەی باوو باپیرانی. ئاسنگەر پیاوێك بوو کە دەیتوانی لاشەیەك لە لەوحێکی مێتاڵ دروست بکات. ئەمە پێویستی بەئەندێشە بوو. ئاسنگەرەکە پێش ئەوەی دەست بەکار بکات، پێویست بوو بیر لەفەزایەکی بۆش بکاتەوە. باشترین تەرکیبەکانی گاودی لەو فەزا چۆڵانە بوون. ئەم دەستکەتە زۆر جیاواز بوو لەوەی (میبە ڤان دەر روھ) کە هەڵسو کەوتی دەکرد لەگەڵ رووکەشی روون پێناسەکراوو دیواردا وەکو رەگەزی بنچینەیی. دیارە باوکی (ڤان دەر روھ) بەنای بەرد بووە، پیاوێك کە، بەواتایەکی تر، لاشەیەکی بۆشی لەماتریاڵی تەخت درووست نەدەکرد، بەڵکو، لەلاشەیەکی توندو رەق شتێکی لادەداو دای دەماڵی..

دسەکەوتە پراگماتیکییەکەی گاودی کەمو کورِی خۆشی هەبوو. ئەو بیریار (تیۆریست) نەبوو، قوتابخانەیەکی دانەمەزراند. ئەو بێجگە لە چەند کارێکی کەمی سالانی زووی، هیچ بەڵگەیەکی نووسراوی بەجێنەهێشت. هەموو ئەو گوتانەی دەدرێنە پاڵ گاودی لەقسەو باسی دەم بۆ دەم هاتوون. هەرزوو پاش مردنی، شێوازی گاودی کشایەوە بۆ پشت گفتوگۆ. (باوهاس- Bauhaus) بە شێوازە رۆژهەڵاتییە وەزیفییەکەیەوە تۆنەکانی رۆژگاری دادەپشت، وەسیما بنچینەییەکانی ئەوانەی گاودییان رەت دەکردەوە (بەلاوە دەنا).

## تەلارسازی دوارِۆژ

لەمزری گاودیدا هیچ دوودڵییەك نەبوو بەرامبەر ئەوەی کە لەئایندەدا تەلارسازییەکەی پراکتیزە بکرێت. کاتێك پرسیاری لێ کرا کە ئایا (ساگرادا فامیلیا) یەکێك بوو لە کاتێدراڵە مەزنەکان، وەڵامی دایەوەو وتی: "نەخێر، یەکەم دانەیە لە زنجیرەیەکی نوێدا". بەهەرحاڵ هێشتا پێش بینییەکەی تەواو نەبووە، بەڵام کاریگەریی گاودی لەماوەی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا رووی لەکزی کرد، گرنگی ئەو بۆ بزاوتی کاتەلۆنیی بەنەگۆڕاوی مایەوە. کاتێك، (١٩٢٥) خوێندکارێك لەبارەی گرنگی گاودی وەکو تەلارساز پرسیاری کرد، بووە هۆی نانەوەی شەپۆلێك نارەزاییو گفتوگۆیەکی گەرم کە لە مێدیاکاندا بۆ ماوەی چوار مانگ بەرێوەچوو.

گەر حساب بۆ ئەو زەمەنە بکەین کە ئەمرۆ تیایدا دەژین، شتێکی باش دەبوو گەر بەچڕی لەکرۆکی تەلارسازییەکەی گاودی وردبینەوە. هەلو مەرجی ئێمە زۆر جیاواز نییە لەو کاتەی (١٠٠) ساڵ لەمەوپێش گاودی هونەرەکەی خۆی گەشەپێدا.

ئێمەش هەروەها لەرووکەشە (دیوارە) خۆڵەمێشییەکان، لەهێڵە روون بڕاوە، هۆشیارانەکان، دوور کەوتووینەتەوە. هێشتا کاردانەوەیەکی رادیکالانەو راستەوخۆمان وەکو ئەوەی (ئارت نۆڤا) نەبینیوە، گوتەکانی گاودی لەبارەی (کاساباتلو)ەوە ئەتوانرێت وەکو پێش بینییەکی زۆر نزیکی ئایندەیەکی نزیك وەربگیرێت: "سوچەکان- corners- نامێنن، وەماتریاڵەکەش لەکێرڤە ئەستێرەییەکانیدا خۆی دەردەخات، خۆر بەناو هەر چوار لادا هەڵدێت، وەکو دیمەنێکی بەهەشت دێتە پێش چاو."

ئەو دەنگانەی ئەمرۆش دەبیسترێن لەوە زۆر جیاوازتر نین. ساڵی (١٩٤٧) لەکاتی سازدانی بازاڕی (Fair) نێو نەتەوەیی بازرگانی ئیشی دەستدا لە میونشن، (جۆزێف ڤایدێمان) بەم وشانە بەشانو باڵی ئیشەکانی گاودیدا هەڵیدا: "سترەکچەرەکانی، هۆڕی نیشتەجێن لەمەملەکەتی لەدەست چووی بینا وەزیفییەکاندا، گەوهەری بەنرخن لەبەرگی خۆڵەمێشیی هێڵی خانووەکاندا، ئەفراندنن بەرِیتمی ئیقاعی، دڵیان لێ دەدات لەناو کۆمەڵە خانووەکانی دەورو پشتیاندا."

ئیشەکانی گاودی وەکو هەیکەل (تۆرسۆ) ماونەتەوە. (ساگرادا فامیلیا) سمبۆلی ئەمەیە. ئەمە زیاترە لەنموونەیەك لەرۆئیا ئایینیو تەلارسازییە پڕ بایەخەکەی گاودی- ئەمە ئیشەکەی دەگوێزێتەوە، وەکو دیاردەیەك کە بەردەوام لەناو زەمەنەکەی ئێمەشدا دەژیو کاریگەریی دەبێت. تەنانەت

ئەمڕۆش ناتوانرێت پەی بەوە ببرێت کە چ کاتێك کاتێدراڵەکە دەگاتە تەواو بوون، کارکردن بەتەنها لەدیواری خۆرئاوایدا سی (٣٠) ساڵی پێ چوو. کاتێك گاودی مرد، لەدوای خۆیەوە زۆرتر لەسەرەتاکانی ئیشێکی تەلارسازی بەجێ نەهێشت، ئەمە زۆرتر لەخەیاڵیدا بوو نەك لەواقیعدا.

## پرۆژەکان

Casa Vicens

کاسا ڤیسێنز


١٨٨٣– ١٨٨٨ بیناکراوە




ئەم ئیشە زۆر جێگای سەرنجە.. یەکەم کارێتی. وەکو قەڵایەکی عەرەبی دێتە بەرچاو و قوت دەبێتەوە. بەڵام لەراستیدا خانویەکی بچووکەو تەنانەت ماڵی مێرێکیش نییە. لەو کاتەوەی پەیمانەکە نوسرا تاکو تەواوکردنی خانووەکە (١٠) ساڵی پێ چوو. بەڵام کارە سەرەکییەکانی بە (٥) ساڵ تەواوکرا، ئەمەش بەبەراورد لەگەڵ باشی بەرهەمەکەدا ماوەیەکی کورتە.

پێکەوەهاتنی دوو نەریتە: نەریتی بۆرژوای ئیسپانی (بەبەکارهێنانی بەردی هەرزان)و نەریتی عەرەبییە، کە ئەمەیان تەمەنی سەدەیەك دەبێت. گاودی شتێکی زۆر نایابی ئەنجام داوە.. لەبناغەوە بەشێوازێکی ئیسپانی دەست پێ دەکاتو هەتا بەرەو ژوورو بەرەو لوتکە بچین عەرەبیتر دەبێت.. لەوانەیە شێوازی فارسیشی پێوە دیاربێت. چونکە ئاسان نییە لەنێوان ئەم دوانەدا جیاوازی بکرێت. (تێبینی: ئەمە ڕای نوسەری کتێبەکەیە ! و.ك.)

بەشێك لە خانووەکە



سەقفی ناوەوەی یەکێك لەژوورەکان.



Casa E i Capricho

کاسائێل کاپریکۆ

١٨٨٣ - ١٨٨٥

ئەمڕۆ هیچ کەس خوازیار نییە بخرێتەوە یادی کە ئەم خانووە بچوکە چۆن ناونرا: (ئێل کاپریکۆ)، واتە: خەیاڵ یان وەهمو تەمو مژ. گەر ناوەکە لەوەوە



هاتبێت کە خانووەکە ئینتیباعێکی پڕ لە خۆشی ئەدات ئەوا پڕ بەپێستی خۆیەتی. لەوێدا کە وەستاوە، وەکو ئەوەی لە ئاسمانەوە شۆڕبوبێتەوە، لەدنیایەکی ترەوەو، لەناوەڕاستی پارچەیەك زەوی سەوزدا لە (کۆمیلاس–Comillas) لە نزیکی سانتاندەر (Santander) نیشتۆتەوە. ئەمە هەوڵی گاودیە بۆ پێکەوە یەکخستنی سەدەکانی ناوەڕاست، سەردەمی زێڕینی کاتەلۆنیاو هەروەها ڕەونەق و کەرامەتی کۆشکەکانی ڕۆژهەڵات. زۆر شۆخ و شەنگە، خانوویەکی تۆکمەیە، کە خشتی وێنەکراو و پڕ نەخش و نیگار خراوەتە ناو دیوارە لەخشت دروستکراوەکەیەوە.


تەنانەت بورجەکەش، بەسەر پایە ئەستورەکانیەوە دەگەڕێتەوە بۆ زەمەنە تاریکەکان (Dark Ages).

بەڵام بورجە چڕ دیکۆرکراوە، (شیکە) کە وەکو پەنجەیەکی هەڕەشە ئامێز بۆ ناو هەوا بەرز دەبێتەوە، وەسەقفە (سەرقاپە) بچوکەکەشی لەوە دەچێت بەرەنگاری هەموو یاساکانی ڕاکێشانی زەوی ببێتەوە.




بەشێك لەخانووەکە، پایەی ئەستوورو قەوسی ناشیرین و زەبەلاح..

پاڤیلیۆنی (گوێل) ١٨٨٤– ١٨٨٧



سێهەم کاری تەلارسازی گەورەیەتی. پەنجەرەی دەرەکی تیادا نییە.. دیکۆری دیوارەکە لەدیوی دەرەوە بە(خشت ناخشت)ی نیمچە بازنەی رازێنراوەتەوە.. لەحەرەمی سوڵتانێك دەچێت.




وێنەیەکی گەورەی دەمی ئەژدیهاکە، کە وەکو پاسەوان و چاودێری کەری دەرگاکە دانراوە. دەمی کردۆتەوە بۆ ڕاگرتنی هەر کەسێکی نەناس کە بیەوێت بچێتە ژوورەوە.

کۆشکی گوێل Guell Palace

١٨٨٦– ١٨٨٩

ڕووکەشی بیناکە



گرنگ نییە لەهەر شوێنێکی (کالی– نو– دلا– رامبلا)،[Calle Nou de la Rambla] دا بوەستیت، چونکە ئاسان نییە بتوانرێت دیمەنێکی تەواوی ئەو کۆشکە ببینرێت کە گاودی بۆ (ئیوسیبی گویل)ی هاوڕێی بینای کرد. نەك لەبەر گەورەیی قەوارەکەی: چونکە بینایەك مرۆڤ بتوانێت لەسەر ئەم پێوانەیە بینای بکات خانوویەکی چینی ناوەندە. بەهەرحاڵ، شەقامەکە ئەوەندە تەسکە کە ناتوانرێت بەرەو دواوە هەنگاوە بنرێت تا ئەو رادەیەی دیمەنێکی باشی هەموو کۆشکەکە ببینرێت. زۆرترین دیمەنێك کە دەتوانرێت لەخانوویەکی بەرامبەرەوە ببینرێت، تەنها ڕوویەکی تەختە لەقاڵبە بەردی زەبەلاح دروستکراو. کەم لەو دیکۆرەی ڕووکەشەکە دەبینرێت کە لەبەشی خوارەوەی بیناکەدا ئەنجام


دراوە، بەلام بورجە بچوکەکان (Turrets)ی سەر سەربانەکە دەبینرێن، ئەو جۆرە بورجانە هەموو ئەو دوکەلکێشانە دەرازێنێتەوە کە گاودی تەصمیمی کردوون. ئەمە کۆشکێکە کە باخچەیەکی بەناوبانگی لەسەر سەربانەکەی لەخۆگرتووە.

[بەشی خوارەوەی بەژمارەیەك بەلکۆنی سنگ دەرهاویشتوو دیکۆرکراوە، لەگەل ژمارەیەك پەنجەرەی سیمێتری (متناسق)دا].

مێزی ئارایشت




لەلایەن گاودییەوە بۆ کۆشکی گوێل تەصمیم کراوە.. ل٨٣: ئەم قەوسە قوبەییە گەورانە کە پایەکانی لەبەردی خۆلەمێشیی دروست کراون.. لەبەردەم پەنجەرەی ژووری نانخواردنو دانیشتندا درووست کراوە. پایە بەردە رەنگ چاو مارییە پۆلیش کراوەکان لەڕوناکییەکەدا تیشك دەدەنەوە.




Colegio Teresiano

کۆلێگیۆ تێرێسیانۆ

١٨٨٨ – ١٨٨٩



ڕاڕەو لەقاتی زەمینیدا. رەگەزی نموونەیی شێوازی مودێجار (Mudejar) نیشان دەدات. ئەو رەگەزانەش سپی کارییەکانن.




گاودی ناوو ناوبانگی بۆ خۆی بەهۆی کاری نایابەوە وەکو بلیمەتێك بەدەست هێنا.. زۆربەی داهێنانە تەلارسازییەکانی، جێگای سەرسورمانە، کە بچووك بوونو بۆ مەبەستو بۆ ئامانجی بێ بایەخ بنیاتنراون. (کاسا کالڤێت) دەبوو وەکو مالێکی بازرگانیو وەکو کۆشکێك بەکار بهێنرێت. یەکێکە لەو کارانەی زۆر باسی کراوە. بۆ ئەم بەرهەمەی بوو کە لە شارەوانی شارەکەوە خەلاتێکی وەرگرت. ئەو خەلاتە تاقە دانپێدانانێکی رەسمی بوو کە ئەو وەریگرت. پێ دەچێت کە بەرپرسانی خانوو دروست کردن پێیان خۆش بووبێت، کە، لە تەصمیم کردنی ئەم خانووەدا کە دەکەوێتە ناوەندی گەڕەکێکی نایابو جوانی بەرشەلۆنەوە، گاودی لە وردەکارییە تەلارسازییەکانی کە تایبەت مەندبوون بەئیشەکانی لەوەپێشی، لایداوە. بەرزی خانووەکە لەو بەرزییە تێ پەڕی کە ڕێگای پێدرابوو.

Bellesguard بێلێگارد

١٩٠٠ – ١٩٠٩

گاودی لەهەموو لایەنێکەوە نەتەوەییەکی کاتەلانی بوو. ئەم بینایەی بەپێی سەردەم زێڕینەکانی کاتەلۆنیا (سەدەکانی ناوەند) بنیات نا. بینای کرد بۆ (دۆرا ماریا ساگێس)، ئەمە پڕ بەپڕ بۆ مێرێکی سەدەکانی ناوەند دەگونجا. دەروازە شاهانەکە، شوراکانی کە رووی لە سەرەوەیەو، بورجە بەرزەکە شێوەو دەرکەوتنی ئاسەوارێکی زەمەنە کۆنەکانی پێ دەبەخشن.




تەنها شێوازەکە

نی‌یە کەسەردەمە مەزنەکەی کاتەلۆنیا بیردەخاتەوە، بەڵکو ئەو زەمینەش کە کۆشکەکەی لەسەر دروستکراوە. ئەم شوێنە جارێك لە جاران شوێنی کۆشکی هاوینەی (مارتی- یەکەم/ Marti-I) بووە، کە دوا پادشای بەرشەلۆنە بوو.

گاودی بەدانانی رەگەزی بازنەیی تیایدا.. تیژی‌یەکەی کەمتر کردۆتەوە.

Guell Park

Casa Batllo کاسا باتلۆ



١٩٠٤ - ١٩٠٦

پایەی گەورە، کە وادەردەکەون پێی فیل بن.. یەکەم شتێکن رووبەرووی رێبوارەکانی سەر شەقامەکە دەبنەوە. سەقفەکە بەتەواوی ئاژەڵێکی لەجۆری تر بیر دەخاتەوە: بەهێڵێکی دڕکاوی سنووردکراوە کە لە ئێسکی دواوەی دیناسۆرێکی گەورە دەچێت. رووکەشێك لەنێوان ئەو دوانەدا درێژ دەبێتەوە.

کە ژمارەیەك باڵکۆنی کێرفیی تیایە کە وەکو چۆن هێلانەی باڵندە لەڕووکەشی تاشەبەردەوە دەردەچن، ئاوا بەو جۆرە باڵکۆنی‌یەکان لەڕووکەشەکە دەرچوون. رووکەشەکە خۆی رەنگاو رەنگە.. وە جۆرە شکڵێکی تیا فۆرم کراوە کە لە پوولەکەی ماسی دەچن. هیچ سووچ و زاویەیەك نابینرێت، تەنانەت دیوارەکانیش وا خڕ فۆرم کراون کە نەرم دیارن.. ئەو هەستە دەدەن بەدەستەوە کە پێستی نەرمی ماری دەریایان لەبەرکرابێت.

سەلڤادۆر دالی زۆر وەسفی گاودی کردووە بۆ (دەرگاکانی کە نەرمن وەکو پێستی گوێرەکە). لە (کاسا باتلو)دا، تەنانەت دیوارەکانی دەرەوەش وا دێنە بەرچاو کە لە چەرم دروست کرابن، نەرم و تەڕ. ئەم خەونە لەنەرمی و لەسرووشتی بوون لە ناوەوەشدا دووبارە کراوەتەوە.



کاسا میلا ١٩١٠ - ١٩٠٦

[لاپێدرێرا La - pedrera ]

ئەو ناوەیە کە جەماوەرێکی سەرسوڕماوو حەپەساو دایان بەم بینا یەکجار تایبەتی‌یەو (کانەبەرد) دەگرێتەوە. دەتوانرێت بەراورد بکرێت لەگەڵ ئەو کونانەی هۆزە ئەفەریقی‌یەکان مەنزڵگەکانی خۆیان تیا بنیات دەنا. رووکەشە (Facade) شەپۆلاوی‌یەکە، بەکونە گەورەکانیەوە، رۆخێکی لمینی پێچاوپێچی دەریامان وەبیردێنێتەوە. کە گردۆڵکە گردۆڵکەیە.

ئەو سەرکەوتن و داکەوتە لەمار چووەی بەناو هەموو بیناکەدا دەڕوات، شانەی هەنگمان دێنێتە خەیاڵ. لەم بینا جیهانیەیدا کە دوا بینایەتی پێش ئەوەی بەتەواوی خۆی تەرخان بکات بۆ (ساگرادا فامیلیا)، گاودی (پارادۆکس: دووفاق)ێکی خولقاند: بینایەکی بەرهەم هێنا کە دەستکردبوو بەلام لەهەمان کاتدا سرووشتی بوو.. کە کۆی هەموو ئەو فۆرمانە بوو ئەوی پێ بەناوبانگ ببوو، سەقفەکە لاسایی کردنەوەی سەکۆکەی گوێل پارك بوو، هەروەك چۆن لاسایی کردنەوەی دوکەڵ کێشە ناقۆڵاو رەنگاو رەنگەکانی لەوەپێشی بوو.

(١) کاتەلان کەسێکە خەڵکی ناوچەی کاتەلۆنیای ئیسپانیایە (و.ك)

(٢) نموونە.

(٣) لەژمارە دووی گۆڤاری شاکاردا لەبارەی ساگرادا فامیلیا نوسینێك بڵاوکراوەتەوە.

تێبینی:

١- هەندێك لەم زانیاری‌یانەی پرۆژەو وێنەکان ئامادەکراون، وەرگێڕانی دەقاو دەق نین.

٢- ئەم کتێبە لەئەرشیفی رۆستەم ئاغالە وەرگیراوە.

تێبینی: ئەم نووسراوە لەکتێبی Gaudi (1852-1926)
Antoni Gaudi I Cornet
A life Devoted to Architeture
چاپی Taschen- ١٩٩٧ وەرگێڕدراوە.
نووسینی: Rainer Zerbst

# ئەلبومێك لەوێنەكانی دەساڵ مەرگ و ژیان، لەوڵاتێكی تاعوون لێ دراودا!


**غولامی گوڵ ئاور**

ئێستا نزیك بەنیو سەدە لەمیلادی سوورو هەتا هەتایی ئەحمەدی شاملو لەوڵاتی پڕ سەمەری شێعری موعاسیری فارسی تێپەڕ دەبێت، شاملۆ بەپاڵپشتی ی (قطعنامه)وە، لەساڵی ١٩٥٠دا، گوللەی هاواری سووری خۆی بەرەو سینگی رەشی چەوسێنەران بەرەڵلاكرد. شاملۆ هەر لەسەرەتاوە (قەلانشینی حەماسە پڕ لەشانازیەكانی) خۆی بوو، حەماسەی شانازی (ئینسان هایەكە كەقاچیان لەزنجیردایەو بەمۆسیقای تەپڵی خوێنی سووریان شێعر دەڵێن).

هەر لەو ساڵانەدابوو كەلەشێعری: (قەسیدەیەك بۆ ئینسانی مانگی بەهمەن)، لەوەسفی حەماسەی خۆڕاگری دوكتۆر تەقی‌ئەرانی‌دا گوتی: ئەتۆ نایزانی هاوارێكی عەزیم/ لەو كاتەی لەئەشكەنجەی سەرشۆڕیدا نانالێنێت/ چ شاخێكە! ئەتۆ نایزانی مردن/ لەوكاتەی ئینسان سەربە مەرگ شۆڕ دەكات/ چ ژیانێكە! شاملۆ شێعرەكانی خۆی كە: رزگاریەو بەدەربازبوون و ئازادی پێشكەش بەو خەڵكەی دەكات كە: حەسرەتی نان/ لەدەمارە بێ ئۆقرەكانیاندا/ فركان، فركانیانە، بەڵام هەرگیز (ملكەچی تەسلیمنابن).

ئەو ئیعترازەی كەلەكەلام و شیعری شاملۆدا خۆ دەنوێنێ، بەردەوام بەحس هەڵخوێنن، لەراستی‌دا بەربەرەكانی ئەو لەم نیوسەدەیەدا، بەردەوام چەقڵی چاوی سوننەت و خۆپاراستنی (موحافیزكاری) ئەدەبی و سیاسین.

هاواری سەرزاری شاملۆ كەبەگژ زەوین و زەماندا دێت، مەجال و دەرفەتی دوورپەرێزی و بێ تەفاوەتبوون بەگوێبیستی شیعرەكانی نادات. ئەو قەناعەتی بەژیانێكی پڕوپووچ لەشوێنێكی بێ عارو بێ تەفاوەت نیە. شاملۆ لەو نیو سەدەیەدا (مەقامی شەڕو رێگای مەترسی) دەكات بەپیشەی خۆی و هەرگیز ( رزگاری لەشی ناكات بەزنجیری رۆحی). لەسەر ئەو بنەرەتەشە كەشیعری شاملۆ پێی ناكرێت دڵخۆش بەژیانێكی ئاسوودەو ئارام لەفەزایەكی ساردو رەش بێت. لەراستی‌دا شاملۆ لەشیعرەكانی‌دا بەخوێنی دەمارەكانی/ دڵۆپ/ دڵۆپ/ گریاوە هەتا ئەو خەڵكە بێ ئەژمارە/ بەچاوی خۆیان ببینن كەخۆرەتاویان لەكوێیە. شاملۆ پێوەری كۆن و شوێن پێ خۆشكردووی بەزم تێك دەڕوخێنێ هەتا پێوەرێكی نوێ بخولقێنێ، پێوەرێك لێوا لێو لەحەماسەو رەزم، هەڵبژاردەی (مدایح بی صله)




بابەتێکە لەکاردانەوەی ئەدەبی ئەو لەم ڕێگەیەدا، شاملۆ بەهەڵبژاردنی کۆمەڵێك لەشیعرەکانی ئەم دەساڵەی دوایی خۆی، بۆ چەندەمین جار پەیتا پەیتا، دەیسەلمێنێ، کەلە ئاڵوگۆڕو بەسەرهێنانی شیعری بێ وەزن، ریتمێكو حەماسیدا پێشڕەو هەر خۆیەتی. ئەو ئێستاش لەبواری وێنە، خوڵقانی وشەی شیعریو پێکهێنانی فەزاو کەرەسەی فۆرمی لەشێعردا، لەهەموو شاعیرانی (شیعری شاملۆیی) سەرکەوتووترە.

کتێبی (مدایح بیصلە) بریتییە لە ٥١ شیعر لەهۆنراوەکانی دەساڵەی دوایی شاملۆ، پەیامی بنەڕەتی هۆنراوەکان، وەك پێشوو، بانگهێشتی گوێبیستەکانیەتی بەئازایەتیو ناتەبایی لەگەڵ ئەو قەسابانەی کەبەکوتەو ساتووری خوێناویانەوە لەسەر ڕێگاکان دامەزراون. ئەم پەیامە کەبەشێوەی ئۆرگانێکی کەڵکدارو ئەخلاقی کاردەکات، پردێکە لەنێوان دووبەشی جیاواز لەهۆنراوەکانی مەدایحی بی سلەدا، ئەو دووبەشە، یەکەمیان بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتو سەرقافڵەی دەسەڵات پەرەستانەو ئەو بەشەیتر، شەرحی چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەکەیەتی. شاعیر لەبەرەنگاربوونەوەکەی خۆیدا خۆی بەهاودەستی چینەکان دەزانێت/ تائەوکاتەی کەپیلان دادەڕێژێت/ بۆ پساندنی زنجیر/ تائەو دەمەی بزەی بەلێودا دێتو/ بەرەو ریشی سێحرباز/ تف فڕێ دەدا. شانازی شاعیر لەوەدایە کەهیچ کات وەها برایەکی نەبووە، کەبەتاعوون بێت بەچاوانو نانی ئالوودەی لەدەست وەربگرێ.

شاملو چاك دەزانێت، شەوپەرەستانێك کەلەقووڵایی سەدەکانەوە هەڵقوڵاونو لەئەندێشەیاندا، جینایەت وەك مەزهەب پیرۆزو موقەدەسە، گۆڕستانێك ئەوەندە بێ سنوور، لەدڵی پڕ لەلێدانی تیشك باوەڕان، جۆگە دەبەستێت، کەساڵەهای ساڵ، لەچاوی کۆست کەوتوان، خوێناو بەکوڵ بێتەخوار.

هەڵبژاردەی (مدایح بی صلە) ئاماژە بەو ئەدەبیاتە نهێنییە دەکات کەباوەڕی (پساندنی زنجیرەکان) پەرە پێ دەدات، واتە: (لەوکاتەی ڕەشاشەکان کەوتنە گوللە پرژان/ مەرگ لەوبەرمەوە دانیشتبوو/ بابەتەکانی چاپخانەی ڕێكو پێك دەکرد.) دوائیش لاپەڕەکانی دەفتەری شیعر، بەرەوایەتی پەیڕەوی لەپیشەوا وەرەق دەخۆن، جا کەڕۆژانی پڕ ئاژاوە دێنە پێش، ڕۆژنامەکان بەبڵاوکردنەوەی شەوانەیان گرینگی پەیدا دەکەن. نوێخوازانو خەباتکاران دەکەونە بەر سێلاوی هێرشو ئیتر کاتی لەناوبردنی ئەسنادو پێوەندی نهێنییەو لەناوبردنی کتێبە قەدەغەکان. (گورگەکان/ بێ ئۆقرەن لەخۆماری خوێنو/ بازنەی گەمارۆی شان لەژێربارەکان بەرتەسك دەکەن). لە هەشتاکاندا، چاخی تەکبیروتنی رابردووپەرستان دێتە کایەوە. ئەو (حەماڵانەی پوچی/ کەسنووری دژواری تاقەتیان تێك شکاند.)

هەشتاکان ساڵانێکن کە: (منداڵانی شکۆفە/ تەجربەی ئەفسانەی دۆزەخیان کرد)، ساڵانێکن کە: (داوێنپیسی/ لەسەرکەوتنی دیلە دلێرەکان/ دەدوا).



شاملۆ لەبەرانبەر رەوانی پەشۆکاوی ئەم خەڵکە بەگشتی دەڵێت: (بەسەر بانی شەوەزەنگی نەخۆشەوە/ ئەوە بۆ گیرانی مانگ تەکبیر دەڵێت/ ساوایەکە بێ سەر. شاملۆ ئەوکاتەی، قسە لەکاتی بەرەنگار لەگەڵ سێڵاوی کارەسات دەکات، وەڵامی هەبوونی خۆی بەئاوەها بەیانێك دەداتەوە: (ئێمە بەنیگای ناباوەڕمانەوە/ کارەساتمان تەحەمول کرد/ بێ کەسیو بێ دەنگیمان تەحەمول کرد/ کەچی لەبن خۆڵەمێش‌دا/ دەجووڵەین.) بەڵێ، هەشتاکان، ساڵانێکن کەتیایاندا، کەس لەگەڵ کەس نادوێت/ بۆ وەی بێ‌دەنگی بەهەزار زمان خەریکی قسەیە. شاملۆ لەوەسفی ئەو سەردەمەدا دەڵێت: (بیرکردنەوە/ لەبێ‌دەنگی‌دا. ئەوەی بیردەکاتەوە/ بەناچار زاری بەستراوە/ بەڵام لەوکاتەی زەمەن/ داوای شایەتی لێ دەکات/ بەهەزار زمان دێتە قسان).

هەشتاکان، دەورانی وشیاریو ڕووانەوەی زانستی شینی ڕزگاری دەری‌مێژوویی خەڵکی ئێرانیش بوو، خەڵك بەرەبەرە دەستیان بردە مێژووی خۆیانەوە، کەوتنە پشکنینی خۆیانو سەریان کرد بەهەموو کونو قوژبنێکی مێژوودا. ئیتر نەیان‌دەخواست ناوی چەنگیز بزانن/ نەیان‌دەخواست ناوی نادر بزانن/ ناوی ئەوانەیان نەدەخواست وا سووکایەتیان دەکردو هەروەها ئەوانەی سووکایەتیان پێ‌دەکرا/ بەدوای ناوی خۆیان‌دا دەگەڕان/ تاکە ناوێك کەبەدوایەوە بوون/ نەیانبینیەوە. شاملۆ هەروەها ئاوڕێك لەمێژوو دەداتەوە: ئێستاکەو ئەمڕۆ/ لەدایك نەبوومە/ نا/ تەمەنی جیهان بەسەرمدا تێپەڕیوە. نزیکترین بیرەوەریم، بیرەوەری سەدەکانە. دەیان جار لەخوێنیان تلاندینەوە/ لەبیرت بێت/ تاکە دەسکەوتی کۆشتار/ پاروەنانی بێ‌پێ‌خۆری سفرەی بێ بەرەکەتمان بوو.

هەشتاکان، دەورانی نەشتەرگەری بزە لەسەر لێوو وشە لەگەروو بوو، گوڵ وشەکانی ژیانو ئەوینیان خەرمان، خەرمان درەو دەکرد. شاملۆ وێنەی ئەم سەردەمە ئاوەها دەکێشێتەوە: ئاوەهابوو، وەواش دەبێت/ کەکتێبە قامووسەکانیش/ دەدەن بەدەس بازجوەکانەوە/ هەتا ئەو وشانەی کەمانایەکیان هەیە/ بکەن بەکۆیلەو/ وشە بێ ئارەشەکانیان/ دایە دەس شاعیرەکان. وشەکان/ بەتاوانبارو بێ تاوان/ دابەش بوون/ بەئازاو بێ مانا/ سیاسیو بێ‌مانا/ نمادینو بێ مانا/ ناڕەوا بێ مانا. بەڵام لەو کاتەدا شاعیرانو نووسەرانی لێهاتوو وەدەنگ هاتنو دەریا، دەریا وشەو مانایان خوڵقاند، شاملۆ لەم بارەیەوە دەڵێت: شاعیران/ لەبێ ئارەشترین لەفزەکان/ ئەوەندەیان وشەی تاوان داتاشی/ کەبازجوە وەتەنگ هاتوەکان/ ڕێگایەکی تریان گرتە بەرو/ لەوە بەدوا/ قسەکردن/ بوو بەنەفەسی جینایەت. لەوەها کاتێك‌دا ئەوەندە پەژارە بەسەر شانی شاعیرەوە قورسایی دەکات کەدەڵێت: خەمەکان نەهاتن بەهانامەوە: /وەها لەسنووره قۆرسەکان تێ‌پەڕی/ کە، کەس لەدڵسۆزی گیانی حەسرەتبارم/ تێ‌ناگات. لەوکاتەی، بەتەنیایی خۆی پەی دەبات دەڵێت: هەورو هەڵمی زستانانی هەموو تەمەن/ تێکڕا/ لەگیانم‌دا/ تێکی گوشیم/ هەرچەندە دەریای بێ سنووری ئەسرینیش لای منەوە/ بۆ سڕینەوەی تاڵی ئازار/ یارمەتی نەدام. شاملۆ لەو حاڵەتەدا تێ دەگات کەڕێگای مانەوەی شاعیر، پەنا بردن بۆ عەشقە، بۆیە دەڵێت: تەنیا/ ئەگەر چرکەیەك/ دووپات کردنەوەی ئەو ساکارترین وشەیە/ خۆشم دەوێ‌ی/ لەبیرکەم/ بەوێنەی پەیکەرەیەکی سست کەبناغەی لە لمدایە/ بەسەرخاکەوە ئەتلێتەوە/ دەی پێش ئەوەی زەبری ئازار تێکت بشکێنێ/ بێ دەنگی/ قوتت دەدا. تەنانەت شاعیر چاك دەزانێت کەخۆش ویستنیش پیس ترین کەلامە بۆ وەی: ڕەزیش/ ئازاری پەککەوتووانی/ خۆش دەوێت/ ڕەزیل/ دینارو/ ترسنۆکە، دەسەڵاتو سەرکەوتن!

هەشتاکان، ساڵانێکی ڕەش بوون، نەدەکرا قسان بکەیت لەوەی لەدڵت‌دایە، هەر بۆیە شاملۆ دەڵێت: کەڕو لەدڵی داوم، ئاخ/ هەتا ڕستەیەك لەدڵتەنگیم بنووسم/ وەکو بەجێ‌ماوێك لەهۆزی ئارەش کەتیشکی مانگ، لەسەر بەرزایی ڕەوەزێك گرتبێتی/ ژیی گیان کێشراو هەتا بن گوێی/ بۆ هاویشتنی ئاخرین هاوار. ڕستەیەك/ شیعرێك/ زەفرەو یان هاوارێکی گەروو دڕ/ کەبگاتە بەر گوێ‌یەك یان نەگات/ گوێ‌بیستێ، یان نەیبستێ/ ویان کەسێك تێ‌بگات یان نا.

هەشتاکان، ساڵانی بێ‌هیواییو سەرلێ‌شێواویو پەنابردن بوو، بۆ هۆدەی خۆناسین، بەڵام شاملۆ بیر لەتۆفانی سەر لەنوێی دەریا دەکاتەوەو لەدایك‌بوونی دووبارەی هیوا. بۆوەی بەدرێژایی تەمەنی هەرگیز باوەڕی بەشەو نەبووە،و لەوپەڕی سنووری شەوەکانەوە، بەردەوام بەهیوای کڵاوڕۆژنەیەك دڵی لێی داوە؛ شاملۆ بەسەر گڕی شوعلەی خۆیەوە دەسوتێ هەتا بڵێسەی ئاخرین.

کتێبی هەڵبژاردەی (مدایح بی صلە) بێ‌گومان یەکێك لەگرنگترین بابەتە شیعرییەکانی هەشتاکانە. کتێبێك کەلەڕاستی‌دا ئەلبومێکە لەوێنەکانی دەساڵ مەرگو ژیان

# سەرنجێك دەربارەی تابلۆی بەرگ

نووسینی: دیاری محمد

(کاری هونەری لەرەوشیدا، لەئەنجامی ئەو بڕیارە زۆرو گرنگانەیە کەپابەندە بەهەستەوەری خاوەنبڕیارەکەوە کەئەویش هونەرمەندە، هەروەها پابەندە بەزیرەکیو تێگەیشتوویيو کارامەیی کەسایەتی‌یەکەی بەگشتی).

— ناثان نوبلر —حوار الرؤیة—

_ ناکرێت ئێمە بەهەموو نوسینێك بتوانین نهێنیو جوانی تابلۆیەك لەهەموو لایەکەوە بەیانبکەین، بۆیە هەموو نووسینێكو وتنێك لەسەر هەر تابلۆیەك یان کارێکی هونەری تەواو ناگەینە کرۆك چونکە ئەوەندەی هونەرمەند خۆی لەگەڵ کارەکانیدا دەژیو پێچو پەنای لێكدەداتەوە ئەوەندە رەخنەگرێك یاخوود کەسێکی تر ئاگاداری نیە، لەبەر ئەوە، ئەوەی دەنووسرێ تەنها بۆ ئەوەیە کەهزر بجوڵێنرێو توانای دەربڕینی هەبێ. لێرەوە دەڵێین ئەمە سەرنجێکە لەسەر تابلۆیەکی هونەرمەند (سوعاد ستار).

گەر بمانەوێت خوڵقێنەری حاڵەتێکی خرۆش بین، گەر بمانەوێت دوورو نزیك لەشتەکان بڕوانین، گەر بمانەوێت بەرامبەر لێمان تێبگاو ئەوانەی دەمانەوێت بیدرکێنین، چ بەقەڵەم، چ بەفڵچە. چ بەوتن چ بەنواندن، یاخود ئاماژەدان. ئەمانە هەموو سەردەمی ئێستامان دەگرێتەوە، هەمیشە ئێمە بەدوا پرسیارەکاندا وێڵین. وەڵامیش ماوەیەکی زۆری دەوێ چ بۆ بیستن چ بۆ وتن لەلایەن خۆمانەوە یان بەرامبەرەوە. شێوەکاری گفتوگۆیەکی بێدەنگە،




کەسەرەتا لەچاوەوە دەستپێ دەکاتو ئێمە بەرەوڕوو دەکاتەوە لەگەڵ جیهانە تایبەتی‌یەکەی خۆیدا. شێوەکاری جیهانە شاراوەکەی ئێمەیەو ئەو وێنەیەیە کەهێشتا ماوەتی تەواو بێت، ئەوەی گرنگی داوە بەشێوەکاری ئەوەیە کە وەك دەریایەك کەبنی نی‌یەو مەلەکردن تیایدا بۆ هەموو کەس نیە؛ راستە رێچکەیەکە لەهونەر جوودا نیە، راستە جاری واهەیە سادەترین کەس لێی تێدەگات، بەڵام لەهەموو کاتێکدا نا.

(سعاد ستار) یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کەتەمەنێکی هونەری خۆی هەیە لەپەیکەرسازیدا لەگەڵ ئەمەشدا شێوەکاری بەبەشێکی فراوان دەبینیو ئێمە دەخاتە بەردەم تابلۆکانی تا لەجیهانە تایبەتەکەی خۆی لەجیاتی پەیکەر بەوێنەکانی ئاشنامان بکات مەبەستیشی لەوەدا ئەوەیە کەشێوەکار دەبێت تەنها کارێك ئەنجام نەدات بەڵکو بەجێهێنانی ئەرکەکانی وەك هونەرمەندێکی شێوەکار دامەزرێنەری رەوتی تازەو وێناکردنی تازە بێت.

## تابلۆی بەرگ

هەندێ جار رێکەوت دەوردەبینێ لەکردنی ئەم جۆرە کارانەدا هەرچەندە ئێمە نابێت ئەوە لەبیر بکەین کەشارەزایی خوود لەکردنی کارێکی سەرکەوتوودا دەردەکەوێت. بەڵام نەئەزموونێکی زۆر زۆر دەمانگەیەنێتە ئەنجام، نەئەزموونێکی کەمیش؛ نەخوێندنەوەیەکی زۆریش دەمانگەیەنێتە ئەنجام، نەتێگەیشتنێکی کەمیش..تاد. بەڵکو هەموو شتەکان بەوردو درشتیەوە بەشێکن لەو کارو تابلۆو هونەرانەی کەکەسی هونەرمەند یان هۆنەر یان چیرۆکنووس..تاد دەیکات. هەندێ جار ئێمە زوو ناگەینە شتەکان بەڵکو زۆر جار شتەکان دەگەنە ئێمە پێش ئەوەی ئێمە پێیان بگەین. ئەم کارەش ناخی ئێمە ئەنجامدەریەتی کەئێمە بەچاوی ناخمان زیاتر دەبینین مەبەستمان لەکەسی هونەرمەندە. چونکە بینینی دەرەوە جیاوازە لەچاو بینینی ناوەوەدا. راستە ئێمە سەرەتاین بە دەستپێشخەری بۆ شتەکانو ئەگەر وجودی مرۆڤ نەبێت تابلۆیەك یان هەر شتێکی تر لەسەر رووی ئەم زەمینە بێ ئەنجامە ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ تێکەڵی مرۆ بەدەورووپشتو پەیوەندییەکانی، کەمرۆڤ وا لێدەکات وەك مرۆڤ بخوێنرێتەوە نەوەك جیاواز لەمرۆڤ پێناسەی بۆ بکرێت کەئەو کاتە جوودا دەبێت لەهەر گیاندارێکی تری سەر رووی ئەم زەمینە. هەر ئەم جووداکردنەوەیەیە کەمرۆڤی والێکردووە لەسەرەتای دروستبوونەوە هەوڵی شتە تایبەتیەکانی خۆی بدات لەوکاتەوە کەمرۆڤ ترسو دڵەراوکێی تووش بووە لەئەنجامی گیانداری درندەو دیاردە سروشتیەکان کەمەترسی هەبووە بۆسەری ئەمە ئەو کاردانەوەیەی لەمرۆڤدا دروستکردووە کەهەڵوێستی هەبێت بەرامبەر دەورووپشتو هەرشتێك روودەدات. ئێستاش بەووە بەو هونەرەی کەشارستانێتی میللەتانی پێ مەزەنە دەکرێت.

## تەکنیك لەکارەکەدا


رێکەوت شتێکی چاوەڕێ نەکراوە وەك لەپێشەوە باسکرا، مانای ئەوە نیە کەمرۆڤ ئامادەیی تێدا نییە، بەڵکو زۆر جار مرۆڤە کەخوڵقێنەری حاڵەتەکەیە بۆ دروستبوونو بواردان بۆ حاڵەتێکی تایبەت، ئەو پارچەو بەشانەی کەدروستدەبن لەسەر رووبەری تابلۆکە یەکەیەکی دروستکردووە، بەهەمووی پانتاییەکی لێ پێکهاتووە هەرچەندە هونەرمەند لێرەدا کاری تێداکردووە، بەڵام ئەو شتانەی لەتابلۆکەدا دروستبوون مەرج نییە ویستی هونەرمەندی تێدا بووبێت کەببێت بە فۆرمێك یان پانتاییەك لەو جۆرە، زۆرکات ئەمە لەدەست هونەرمەندەکەدا نییە چونکە هەرگیز ئەوە دەرناچێت کەهونەرمەندەکە دەیەوێت بەڵکو شتێکە نزیکی ئەو، جگە لەوەش کارەکە لەسەر کارتۆنی فۆتۆگراف کراوە، هونەرمەند لەگەڵ تێگەیشتنیدا بۆ چۆنێتی کارکردنی دەبینین زۆرجار خۆی داوەتە دەست ئەو کاردانەوانەیەی کەکارلێکی کارتۆنی فیلمەکە دروستی کردووە، لەئەنجامی تێکچوونی ئەو ماددە کیمایییەی بەسەریەوەیەتی کەلەگەڵ ئاوداو بەکارهێنانی کەرەستەی تردا دروست دەبێت، هەندێ جاریش ئەم کارتۆنە بە (تەئەکسود)کردن لەگەڵ بۆیەکەدا کەلەسەر پانتاییەکەو چۆنێتی جوڵاندنی فڵچە یان هەر شتێکی تر دروست دەبێت کەکارەکە پێی مەیسەر بێت ئەم تابلۆیە ئەگەر لەرووی درێژی لەرووی پانیەوە سەیری بکەین هەموو بەشەکانی پابەندن بەیەکەوە، لەکاتی تێرامانمان بۆ ئەم تابلۆیە گەر بەوێناکردنی خۆشمان فیگەرێك یان پۆرتریتێك یان فۆرمێکی مەئلوف تێکەڵ بەکارەکە بکەین، ئەوا تێکدەچێت لەرووی هێڵەوە لەرووی مانای گشتییەوە لەرووی هزرو بیرۆکەوە..تاد.

هونەری تازە هەموو پێوەرێك تیایدا دەشکێتەوەو بوار نییە بۆ پێوەرێکی دیاریکراو کارکردن لەهونەری تازەدا هەموو پارچەو بەشێك کەشو ئاماژەو تابلۆو هەڵسوکەوت.. تاد. کاری پێ دەکرێت واتە ئێمە

دامان ئاگات بۆ شتێك كـاری پـێ نەكـەین بەمـەرجێك هونەرمەندەكە بیرۆكەیەك‌و هزرێـك‌و كـارێكی تایبـەت بـەخۆی ئـەنجام بـدات. ئەمــە خەسـڵەتی بیرۆكــەی تازەیە دەتوانین بڵێین تـابلۆی بـەرگ زیـاتر قـاڵبێكی تازەگەریانـە لـەخۆی دەگرێـت. هونەرمـەند (سـوعاد ستار) وەكو من ئاگاداری بم كەم كات بینیومـە كـاری پەیكەرەكانی بەڵكو ئـەوەندەی لـەرێی تابلۆكانیـەوە شارەزای بوو كەبەشێوەیەكی تێكشكاو هەمیشە دەم بینی، چوارچێوەی كارەكانی بەمەبەسـت لەشـكڵێكی سێگۆشـەی تێكـەڵ بەشـێوازێكی ئـەندازەیی تــردا دەگونجـــان كەبـــەقوماش ئـــەو چوارچێوانـــەی دەپێچایـەوە وەكـو تـەكنیكیش رەنگـی لەسـەر ئـەو تابلۆیانە بەكاردەهێنا گرنگ نـەبوو تیـایدا ئـەو كـارە شـێوەیەك وەربگرێـت كەبینـەر تێبگەیـەنێ بـەڵكو هونەرمەند خۆی وای بەلاوە باش بـوو (جـاك ریڤیر) لـەكتێبی (تەكعیبیـەتدا) دەڵێت: (مەبەستی راسـتی لەوێنەكێشـاندا نواندنـــی شــتەكانە وەك خـــۆی یـــان بەشێوەیەكی جیاواز لەو رێگەیەی كەئێمە ئەو شتەی پێ دەبینین‌و هەمیشە بـەلای ئـەوەدا بشـكێتەوە كـە نـاوەرۆك بەرجەسـتە بكـرێ‌و نـاوەرۆكیش ئامــادەیی هـەبێت؛ ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێت كـە بۆچـی وێنـە كێشراوەكە دواجار لەوە ناچێت كەهەیـە لەبنەچـەدا) ئەم وتەیە ئەوە دەگەیـەنێت كەشـتەكان ئێمـە بـەناخ هەستی پـێ دەكـەین‌و هـەر لـەرێی ئـەو هەسـتەوە وێناكردنی بۆ دروسـت دەبـێ‌و دەبێـت بـەو وێنەیـەی كەناخمان دەیبینـێ كەلەراستیدا چۆنـەو ئـەو شـكڵە نیە كەئێمە بەچاو دەیبینین. یان بەجۆرێكی تر ئێمـە تەمســـیلی ناخمـــان دەكــەین‌و وێنـــەی ناخمـــان وەردەگرین لـەكاتی كردنـی كـارێك یـــان تابلۆیـــەكدا كەئەمەش شاراوەكان دەگرێتەوە كەزۆر جـار راسـتی شتەكانە.

لەلایـــەكی تـــرەوە هونەرمـــەند لەبەشـــەكانی كارەكەیدا شێوازی ئیشكردنەكەی دووبارە دەكاتەوە هێڵـەكان زیـاتر لەسـەرەوە بـۆ خـوارەوەی تابلۆكـە دەبینین.

هێڵی رەق بەدرێژی دەبینین لەچەقی كارەكەشـدا ئـەو هێڵـــە نەرمانـــە دەبینـــین كەهونـــەر لـــێرەدا بەشـێوەیەكی جـوان ئـەم هێڵـە نـەرم‌و رەقانـەی تێكەڵبەیـەك كـردووەو بـەپێی داواكـاری تابلۆكـە هونەرمەندەكـە كـاری كـردووە واتـە هێڵـەكان چۆن هاتبـێ بەدەسـتیەوەو چـۆن بەباشـی دانابـێ دایرشتووە. ئەو پەڵـە رەنگـە گەرمـەی لەناوەڕاستی تابلۆكەدایـە بەشـەكانی تـری تابلۆكـــەی لـــەخۆی كۆكردۆتـەوەو (سیادەی) دراوەتـێ هـەموو ئەمانـە رێكخسـتنی جوانـی لەكارەكـەدا دروسـت كـردووە كەهێڵەكان یـەك بۆ یـەك تەواوكـەری یـەكترین. بۆیـە هەمیشـە چاومـان بـەردەوام لەسـەر ئـەو شـێوانە دەسـوڕێتەوە كەدروسـت بـووە لەسـەر رووبـەری تابلۆكـە. وەك رەنگیـش گـەرم‌و سـارد لەتابلۆكـەدا بەیەكـەوە بەشـدارن، كـاركردن لـەم تابلۆیـەدا سنوورێكی دیاری‌كراوی هەیە، بۆیە دەركـەوتنی ئـەو رەنگانە لەسەر تابلۆكەو چۆنێتی رێكخسـتنی جوانـی تیـایدا ئـەركی شـێوەكارە كەبەوریایی‌یـەكی زۆرەوە كـاری تێـدا دەكـات، لەتابلۆكـــەدا هـــەندێ هێـــڵ دیاری‌كراوە بۆ جیاكردنەوەی بەشێك لەبەشـێكی تـر. جوانی تابلۆكەش زیاتر لەوەدایە كەهەست بەجووڵـە دەكەیت بەبەردەوامی. دەتوانین بڵێین كەهونەرمـەند وەك پەیكەرسازێك لەوێنەكێشاندا كاری كردووە بۆیـە دەبینـــین كارەكـــەی جیادەكرێتـــەوە لـــەكاری وێنەكێشێك. كاركردنی بۆ وێنەكێشان مانای ئەوە نیە لەپەیكەرسازی دوور كەوتبێتـەوە بـەڵكو وەزیفـەی پەیكەرسازی گواستۆتەوە بـۆ وێنەكێشـان؛ ئەگـەر بەتێڕامانـەوە سـەیری تابلۆكـەی بكـەیت لـەكاری شێوەكارێك ناچێت كەوێنەكێش بێت بەڵكو رەقییـەك دەبینـین بـێ ئـەوەی هونەرمـەند خـۆی هەستی پـێ بكات چونكـە ئەمـە شـتێكی نەستی‌یەو نـاخی ئـەم هونەرمـەندە لەگـەڵ پەیكەرسازیدا پـەروەردە بـووە كەئەمـەش رەنگـی داوەتـەوە لـەكارەكانیدا. جگـە لـەوەش نـەزمی چـاوی پەیكەرسـازێك رەنـگ وەك وێنەكێشـێك ناخوێنێتـەوە چونكـە سـەرەتا وێنەكێشـەكە لەگـەڵ رەنگـدا چـاوی راهـاتووەو رەنگەكانیش لەپەیكەرسازێك باشتر دەبینێ.



# وێنەکانی کتێبی منداڵان

و: ڕزگار سەعید

منالأن‌و وێنەکان: کاتێك منالێکی سێ سالْ دەلێت دەخوێنمەوە، واتە قولْ دەبێتەوە لەوێنەی ناو کتێب، ئەم کرداری ڕوانینە لەوێنەبەخوێندنەوە دادەنرێت. ناوی ئەو کەرەستانە دەلێتەوە وەکەلەوێنەکاندایە، یاخود لاسایی دەنگیان دەکاتەوە لەوانەش گیانداران، منالْ لەچوارەم سالێدا فێری توانج لێگرتن دەبێت، لێکدانەوەی ئەمەش بۆبەشداری کردنی منالە لەگەلْ خوددا (منالی هەژار...کەوتەسەرزەوی...مەگری...)


لەوێنەکاندا هاوڕێ بۆخۆی دروست دەکات،کەسایەتی‌یەوێنەکراوەکان بۆلای خۆی ڕادەکێشێ کەهیچوشەیەکی‌لەخۆ نەگرتووە، تاحەوتەم سالْ وشەی کەم‌و نوسراوە گەورەکان

شوێنێکی کەم لەپالْوێنەکاندا داگیردەکات، بەجیا دەچێتەپالْ وێنەکان گەورەبۆبچوکی دەخوێنێتەوە، یاخود بچوك خوێندنەوەیان فێردەبێت، کاتێك دەبێت بەشەش تاحەوت سالأن بەلأم هێشتاوێنەپالەوانی ڕاستی کتێبەکانی منالأنە، وێنەساکارەڕەنگاوڕەنگە دیارەکان پالپشتی سەرەکین بۆکتێبی منالأن‌وڕۆلی‌سەرەکی دەبینێت لەڕاکێشان‌و گرنگی دانی منالْ‌و گەشەپێدانی چێژی هونەری‌یان، گەر کتێبەکانی هەرزەکاران (الراشدین) پشت ئەستورەبە وشەئەوە وێنەونیگارەکان ڕۆلی سەرەکی‌و بناغەیی دەبینن لای منالْ بەتایبەتی لەتەمەنێکی بچوکدا. دەرئەنجامی زمان زانی منالأن ئەوەندەنی‌یە کەبتوانێ ئەوبابەتانە بخوێننەوەکەبە وشەپێشکەشیان دەکەین بەلأم (مانا) لەڕێی وێنەوە، دەگوێزرێتەوەیتەوەبۆمنالْ لەهەموو تەمەنەکاندا سەرباری جیاوازی زمان‌و شێوەزمان ، ووشەی نووسراو پێویستی بەهەندێ هەولْ‌و خوێندنەوەونتێگەیشتنە لەکاتێکدا وێنە پێویستی پێ‌ی نی‌یە لەبەر ئەوەی منالْ بەسەیرکردنی وێنە چێژی خۆشی وەردەگرێت‌و ئاسانە بۆتێگەیشتن‌و ماوەیەکی زۆریش ئەو کاریگەریی‌یەی لەسەر لاناچێت چونکە بینین‌و عەقلْ‌و هزری منالْ ئەدوێنێت، کەوا لەمنالْ دەکات پشت ببەستێت بەوبینینەی خۆی بەرامبەر ناسینی جیهان‌و چواردەورەکەی. وێنە تەنها توخمێك نی‌یە لەتوخمەکانی دەرهێنانی کتێب بەلکو مادەیەکی زیندووە، نرخی جوانکاری‌و فەرهەنگی گەورەی هەیە، هەندێك جاریش بەهای کاریگەری‌ماددەنوسراوەکە بەهێزترە بەتایبەتی‌لەتوانای ڕون کردنەوەی زۆرو ڕاستی‌و ناوەڕۆکدا منالأن لەووردەکاری تێ‌ناگەن، گەرپەروەردەی منالْ لەڕێگەی هەستەکانیەوە بەهێزبوبێت ، ئەوەفێرکردن بۆ ووردەکاریەکان پاشان ئاسانترو نزیکتردەبێت لەسەرکەوتنەوە، بەدرێژایی ڕێڕەوی مرۆڤ وێنەزمانی دەربڕین بووە، بەبڕوای (شیشرون ١٠٦-٣٤پ،ن) وێنە گرنگیەکی گەورەی هەیەبۆپەیوەندی کردن لەبەرئەوە یارمەتی بیرکردنەوەی ووردەکاری‌یەکان دەدات. سینکا (٤پ.ز-٦٥ن)دەلێت: خەلك زیاتر باوەڕ بەبینین دەکەن تاگفت‌و گۆ. چەندە مەزنە وێنە بخەینە ناخی

مناڵەوە، وەچەندە شـوێنەواری قـوڵ دەبێت لەسـەر ئەندێشەی بێ گـەردی. وێنـە ڕەنـگ دانـەوەی ژیانی چواردەورە، لەبەرئـەوەزانایانی پـەروەردە گرنگـی یـەکی بێسنوریان داوە بەوێنـە کێشـان لەدروسـت بـوون و فەرهـەنگی منـاڵدا. بێگومـان خانـەی بڵاوکـەرەوەکان گرنگـی بەلایـەنی هونـەری دەدەن لـەکتێبی منـالآنداو پارەیـەکی زۆر سـەرف دەکـەن و بانگهێشتی هونەرمـەندە مەزنـەکان دەکـەن بۆئـەو مەبەستە. لێرەدابۆچونێکی گشتی بەسـەر فـراوان بوونی هەموو جیهاندا دەبینرێت کەکاریگەری وێنـە لەکتێبە وێنەدارەکانی مناڵدا کارێکەنابێت لـەگرنگیان کەم بکرێتـەوە. سـەبارەت بـەمناڵی بچوك و ناساندنی بەشت و مەکو کەسایەتیەکانی ناو کتێبە وێنەدارەکان بەختیاری ولەهەمان کاتدا هەست کردن بەسـەرکەوتن دەگەیـەنێتوە والـەمناڵ دەکـات مەعریفـەی دەوڵەمەندبێت وگەشـە بـەتواناو هـزری بـدات. پێـش چوونـە قوتابخانـەی سەرەتایی وسـاڵی یەکـەمی خوێندنـی، کتێبـە وێنـەدارەکان دەتوانـێ منـاڵ لەپێشکەوتن و گەشەکردنی هەستی ڕەخنەیی دا ڕۆڵی خۆی ببینێت ویارمەتی دەریەتی بەسەرکێشمەکێشـی ناخ و زاڵ بوون بەسەریدا. ئەوە هۆیـەکی نموونەیی یـە بۆجـولان و کاریگـەری و وروژان و ئاگادارکردنـەوەی بیرۆکەی بنیـات نـان و خۆشەویسـتی کتێب. زاراوەی (باش)یان (هونـەری )ئامـاژەبۆ هـێزی دروسـت کـەر، ڕاسـت گۆیـی، ڕەسـەن دەکـەن، وەئامـانجی وێنەکێشـەکان لـەکتێبی منـالآندا دەردەکـەوێت. بەشـێوەیەکی تایبـەتی و لـەکاتێکدا کەرەسـەکانی پـەیوەندی بینـین گەشـەدەکات،دەبێـت ( هـەل) بۆمناڵ برەخسێنیت بۆ زیاد کردنـی هەستی ناسکی بەرامبـەر شـێوەکانی وێنـەونیگار وپاشمـاوەی ئەوکاریگەریـە خراپـەی چاپەمەنیـەکان بسـڕینەوە کەتەنیا ئامانجیـان بۆبازرگانی یە نـەك بۆپـەروەردە.

ئەوهونەرمەندەی وێنەدەکێشێت:

ئەوهونەرمـەندەی کەوێنـە بۆکتێبـی منـاڵ دەنەخشـێنێت، بـێ شـك دەبێت لەوێنەبیربکاتـەوە، ئەمـەوەك شـێوازی بیرکردنـەوەی مناڵـەپێش (٨)سـاڵ، بۆیـەکتێبی منـاڵ زۆر هەیـە کەخـەڵاتی جیهانیان وەرگرتووە ئەوهونەرمەندانـەی وێنـەکانیان نەخشـاندووە دەقـی چیرۆکەکانیشـیان نووسـیوە،



چیرۆك بۆ منداڵان، نیگاری ئەدۆلف بۆرن، چیکۆسلۆفاکیا

لەمـەوەتوانیان وشـە بخەنـە ژێرخزمـەتی وێنەوەنـەك بەپێچەوانەوە. ئەو هونەرمەندانـەی سـەرکەوتوودەبن لەوێنەکێشـانی کتێبـی منـاڵدا بێشـك پێویستیان بـە وەرگرتـن و شـارەزایی قـوڵ و بـەرینی جیـهانی منـاڵ هەیـە، دەبێـت لەگـەڵ هـزری منـاڵدا بژیـن و لەگۆشەنیگایی مناڵیشەوە بنواڕینـەژیان. هونەرمـەند (یوسـف فەڕەنسـیس) لەتوێژینەوەیـەکدادەربارەی (مناڵ وئەندێشە)و دەڵێت: سەرنجم دا لەوماوەیەی کە (سەرەڕۆیی یەکانی سندیباد)م دەنووسی و وێنەیم بۆ دەکێشا چەندە گران بـوو نووسـین و وێنـە بەشێوەی هەفتانەو مەترسی چوونەناوهزری مناڵم بۆدەرکەوت. ئـەم دەرگـا کراوەیـەو ئـەو پەیوەندی یـە بەتینـەی لـەنێوان سـەرەڕۆیی وێنـەکان و هـزری منـاڵدا بەرجەستەدەبێت، دەتوانرێـت ئـەو هـزرە گەشـەپێ بکەیت... یاخود لای بدەیت. نووسەر یـان وێنـەکێش هـەوڵدەدات لەلایـەن خۆیـەوە ئـەو دەزوولـە باریکـە بگرێت. ساڵان تێپەڕی ئینجا مەترسـی ئـەم ڕووداوەم بۆدەرکەوت.ئەمە ناونیشانە: ((لەبـەردەم (٩٠)هـەزار میوانـی ناوچـەجیاوازەکانی جیـهان و لـەدژوارترین کۆنگـرەی جیـهانیدا کـەبۆکتێب سازدرالەشـاری (نیـس)یفەرەنسـا...بەبەشـداری (٢) هـەزار بڵاوکـەرەوەو(١٢٥) ڕۆژنامەنووسـی ناوچـەکانی جیهان...لـەناوەندی (١٠) هـەزار کتێبـی چیرۆك و شیعرو ئـەدەبی گەشت نامە...بانگـەوازی بیرۆکـەی ڕوداوێکی مەترسی‌دار کـرا: پـەتای سـەردەم منـالآنی جیـهانی گرتۆتـەوە... ((ئەندێشـەی منـاڵ نـەخۆش دەکەوێت!)). ئەندێشەی مناڵ نەخۆش کەوت... بـێ

شـك دەبێـت چارەسـەرێكی بەپەلـەی بكرێـت... دیـارەهۆی پەتاكـە زانـراوە... كاریگـەری بانگەوازەكان‌و زنجیرە تەلەفزیۆنیەكان، سەرەڕۆییە كۆمیدیەكان ......چۆن دەتوانین ڕزگاری بكەین...؟! لـەكاتێكدا منـالْ یەكـەم هیوایـی ژیانمانـە... ئەندێشەشی پاشەڕۆژمانە)).

(فرانسـوا فیـدال)ی بڵاوكـەرەوەی گـەنج بـەم لۆجیكـە لەوپیشـانگە جیهانی‌یـەی كـەبۆكتێب سازدرابوو لەشاری (نیس) وەستاو لەگەڵما دووا.

بەهـەمان بۆچـوون خـەلاتی یەكـەمی وەرگـرت لـەنیوان (٢٠) دەوڵـەت‌و (٢٠٠) بڵاوكـەرەوەو (٦٠٠)هەزاركتێب بە (سامبۆلای پشیلە) كـەدادەنرێت بەبازدانێكی گەورەبۆ پاشـەڕۆژی كتێبخانـەی منـالأن كەزۆر بەووریایی‌یەوە نەخشێنراوە. بۆیەكەم جاریشە منالْ لەبەردەستیا چیرۆك دەبینێتەوەو هەرشێوەیەك بەسـێ جـارو بەملْچـەی جیـاوازكراوە!! برنـارد بلهۆم... مۆریس ئەرنەبی... نیكول كلانلـو... فیـدالْ دەڵێـت : منالی‌ئـەمرۆپیاوی پاشـەڕۆژن...دروسـت كردنی ئەندێشەوپەروەردەی چێژیان ئەوەدەگەیەنێت كەكاریگەری لەسەر هـەموو نـەوەی داهـاتوو دروست ببێـت. كـاتێكیش خـۆم دۆزیـەوە لەشـوێنی بەرپرسـیاریەتی‌دا. ویسـتم خوێنـەرانم بگەڕێنمەوە(واتەمنالأن)، پرسیاریان لێ دەكەم چیتان دەوێـت ...بـاوەڕم نـەدەكرد منالأنی‌ئـەمرۆ



یاسوا سیغاوا، ژاپۆن

ئەوەندەزیرەك بن...چونكە بێزاربوون لەو سادەیی‌و سانایەی ئەوكتێبانەی كەپێیان دەڵێـن كتێبی منـالْ. بـێزاربوون لـە(سەندرێلاوپۆشـاك سـورەكە)وەزیـاتر لـەجارێك كۆبومەتـەوە لەگـەلْ كۆمـەلْ گـەلی جیـاوازدا..بۆچونیـانم تۆمـاركردووە، لـەكۆتایدا ئـەنجامێكم چنـگ كـەوتوە وەك ئـەوەی هاوبـەش بێت... زۆربـەی منـالأن پێیـان ووتم: ئێمەنامانـەوێت چوارچێوەی ئەندێشەمان دیاری بكەیت! هەرچـەندە داواكاریەكـە سـەیربوو، بـەلأم مەبەسـتەكە ئـەوە دەگەیەنێت كەكتێبێك چاپ بكەم لاپەڕەكانی سپی‌بن وەبـەجێ‌ی بـهێڵم بـۆ ئەندێشـەی كـەچۆنی بوێـت بەوجۆرەوێنـەكان بكـات!... لـەكۆتایدا پرسـیارم لـەخۆم كـرد: بۆچی چیرۆكێكی وێنـەیی بەزۆربـەی شێوازەكان

پێشـكەش نەكـەم. لەڕێگـەی پێشـكەش كراوەكانەوە منالْ دەتوانێت لەوانەی كـەدەی ببینێت ئەندێشـەی پوختـەبكات؟! لەگـەلْ ئەوەدا بیرۆكەكـە زۆربەگاڵتەجاریـەوە قبـولْ كـرا. ئـەوەش ئەنجامەكەیەتی‌لەبەرامبـەرت....! هەمووجیـهان لاسایی دەكاتەوە، دڵخۆشم پـێ‌ی... دەتـوانم چێـژی منالْ بگۆڕم بۆباشتر، سەربەسـتی بدەمەئەندێشـەیان چۆنیـان بوێـت هـەڵی بژێـرن. بـەدووی (سـەرەڕۆی‌یەكانی پشـیلە) كـەوتم لەكەسـەرمانگە بەفلْچەی سێ وێنەكێشەكە، پرسیارم لـەفیدالْ كـرد: شـێوەزمانێكی نوێـم دۆزیوەتـەوە... ئایازمـانێكی نوێ‌ی ناواخنت دۆزیوەتەوە...؟

وەلأمـی دایـەوە: ((سـەبارەت بـەمنالْ، شـێوەی بناغەیە..لەڕێگەی وێنەوە دێتە ناوبابەتـەوە)). وێنـە بـەجۆرێك هـزری منـالْ سەربەست دەكات كەچـەند وێنەیەك لەزهنی پێك بهێنێت، لەبەرئەوە ئەو وێنانەی كەدەكێشرێن لەلایەن وێنەكێشە (ئەماتۆریەكان) یـان تایبـەت مـەندنین یـان تەنـها ئەووێنەكێشـانەن كـەرۆح‌وچێژی هونـەریان بزركـردووە. هەموونەمانـە بەشـێوەیەكی نەگـەتیڤی كاردەكەنـە سـەرزهن‌و ئەندێشـەی منـالْ، لەبەرئـەوە ئەندێشـەی منـالْ لەئاسـۆیەكی دیـاری كراودابـەند دەكـەن. هونەرمـەند (حسین بیكار) لەتوێژینەوەیەكداو لەبارەی

(كتێبی‌منالْ‌وبەرگەكـەی ) دەڵێت: كتێبی منـالْ پێش هەوڵـەكانی مامۆستا(كـامیل گـەیلانی) بوونـە قوربانی هـەروەك چۆن بەرزكردنـەوەی نووسـەران‌و

ئەدیبان لەشکاندنی جیهانی بێ تاوانی منالْدا بەشداربون. کەس ڕازی نابێت پاشگەز بێتەوەودابەزێت بۆئەوئاستەی خۆی هەروەك چۆن باوك دەپارێتەوە بۆجگەرگۆشەکەی‌ودەنووسێت: گەشەسەندنی کتێبی منالْو ئەدەبی منالْ لەکتێبخانەی عەرەبی‌دا دواکەوت، هەربەوجۆرەش هونەرمەندانی شێوەکار بڕوایان وابوو بەکارهێنانی فلْچە بۆکاری جیاواز لەتابلۆشکاندنی پیرۆزیی هونەرە، بەهەدەرچوونی کەرامەتی‌یەتی، نزمی مالەکەیەتی، چی‌تێدایە کەدابەزیت بۆئاستی منالْ.لەوانەیە کاریگەریی ئابووری کاریگەری خۆی هەبێت لەدواکەوتنی نووسەری عەرەبی بەبەراورد لەگەلْ هاوڕێکەی لەدەرەوەدا. بلاْوکەرەوە لەبەرزکردنەوەی نرخی کتێب دەترسێت چونکە گرنگی دان بەشێوەی

هونەریی سەرمایەی دەوێت ئەمەش (نەفەقاتی) پڕناکاتەوەوقازانجیشی بۆناگەڕێتەوە لەکاتێکدا دەست تێوەردانی هونەری زیادی کرد یان کەمێك لەچێژی گۆڕی ئەوەسوودەکەی دەگەڕێتەوەبۆمێرمندالْ‌وبلاْوکەرەوەوکۆمەلْ.

## (بابەتی وێنەکان)

بێ شك ئەوبابەتەی کەنووسەر دەینووسێت‌و دەست نیشانی بابەتی وێنەی کتێبەکەدەکات، گرنگترین ئامانجی ئەوەیە کەدەقی کتێبەکە بەچاکی بگەیەنیت‌ونزیك بیتەوە لەڕوونی‌وتێگەیشتنی کتێبەکە، بیروناواخنیشی ڕەنگ بداتەوە، یەکەم ئەرکی وێنەکێشی منالْ ئەوەیەلەدەقی کتێبەکەبەباشی گەیشتبێت، وێنەکێشی باش هەلْەناکات لەوێنەکێشانی کتێبدا، وێنەی زەردلەجیاتی ڕەش یان کراسێك لەجیاتی پالْتۆیەك. بناغەی ئەمەبەڕوونی لەقۆناغێکدا دەچەسپێت وەئەم قۆناغەبەڕوونی دەچەسپێت کاتێك کەوێنەکێشەکە دەقێکی خوێندراوەی هەیەولەپالْ وێنەکاندا دای دەنێت. بەلاْم لەتەمەنی پێش شەش سالْیدا وێنەدەنگێکی تایبەتی خۆی هەیە، پێویست بەهەندێ وردەکاری دەکات. لەسەرەتای پانزەهەم مانگی تەمەنی منالْ دا، منالْ حەز بەقولْ بوونەوەی وێنەڕەنگاوڕەنگەکان دەکات‌و ئەوشتەساکارانەی لەدەریای خەیالْیدا دروست بوون وەك دانیشتنی سەرکورسی‌وکەوچك‌وپشیلەو سەگ. لەسەرەتای هەژدەهەم مانگدا، منالْ پیی‌خۆشە بڕوانێتە وێنەی ئەوشتەمەئلوف‌ونامەئلوفانەی خۆی‌وەك گیانداران(زەڕافەیان کەری زێبرا) کەتوانای بینینیانی نی‌یە تاتەمەنی گەورەیی‌ولەباخچەی گیانداراندا نەبێت. باشتروایە لەم قۆناغەدا وێنەکان وەستاوبن‌و دووربن لەجولْە وەك تۆپی وەستاویاخود مراوی‌یەکی نەجولاْوی هەروەها لەناوکتێبیشدا وێنەی جولاْوتیدانی‌یە. وەك پشیلەیاری بەتۆپ دەکات‌ومراوی دان دەخوات. کەواتەهێزی تێگەیشتنی وێنەبەردەوام لەهەنگاوی یەکەمدایە. هەندێك هونەرمەند وەك هونەرمەندی هۆلْەندی (دیابرون) لەگەلْ وریایی‌یەکی زۆردابۆکەسایەتی‌یەکانی تابەبێ دەنگی بمێننەوە پەنادەباتەبەر ئەوەی کەسەکان سەیری بینەربکەن بەبەردەوامی لەگەلْ نەکێشانی هیچ ڕوویەك لەلاوە. ئەوانەی ڕۆژنامە دەردەکەن هەست دەکەن بەرگی گۆڤار ڕوویەکی گەورەی داپۆشیوەکەئاراستەی ڕێبوارکراوە زۆرتر دەفرۆشرێت، لەزوربەی وولاْتانائەوانەی هەوالْەکان لەتەلەفزیۆندا دەخوێننەوە چاویان ئاراستەی چاوی بینەران دەکەن، چونکە دەزانن پەیوەندی‌یەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان کاریگەری چاوو ڕاکێشانی بەرامبەرهەیە. دوای تەواوبوونی دووسالْ بۆسێ سالْ لەتەمەنی منالْ، حەزبەبینینی ئەوشتانەدەکات کەڕوو دەدەن لەگشت وێنەیەکدا بۆنموونە: کوڕێك یاری بەتۆپ دەکات، کچێك دان دەدات بەمراوی. دوای ئەم تەمەنە جولاْن‌و چالاکی هاوسۆزی‌وخۆشەویستی وێنەلای منالْ دروست دەکات. منالْ حەزی بەدووبارەیە لەهەموو وێنەیەکدا. حەزدەکات شتێك بدۆزێتەوە کەئاشنایەپی‌ی و دووبارە دەبێتەوە زیاتر لەو وێنانەی خۆشتردەوێت کەیەك بابەت دەیان بەستێتەوە ودووبارەیی تێدانی‌یە.لەم تەمەنەدا تاپێنچەم سالْ، منالْ وێنەی مرۆڤ‌وگیانداران دەکات‌وزیاترخۆشەویست ترەلەلای لەوبابەتانەی زیندونین.منالْ حەزبەبینینی ئەو وێنانەدەکات کەمنالْی وەك خۆی تێدایە. دوای تەمەنی سێ‌سالْ تاسێ‌سالْ‌ونیو،وێنەڕونەکان دەتوانن چیرۆکی زۆرساکاربگێڕنەوە. توانای منالْ دەست دەکات بەلێکدانەوەی وێنە هەروەها توانای ڕوونکردنەوەی وێنەکانی زیاد دەبێت‌ودەتوانێت

ئەوچیرۆکەساکارانەش بگێڕێتەوەلەوێنەکانیداو بەرجەستەی بکات.داوای چواربۆپێنجەم ساڵ منالْ حەز لەوێنەیکۆمیدیەیو ئەندێشەییو هێڵەساکاروڕەنگە والأکان دەکات. هەروەها حەزیش لەوێنە واقعییەکان دەکات.

دوای پێنجەم ساڵ وێنەکان پەیوەستن بەبابەتی نووسین، واتاکانی لێکدەداتەوە، ئەمەش پێوستییەکانیمناڵەلە تەمەنەجیاوازەکاندا.

(ساکارو ڕوونی)

لەهەموو بارێکدا خوێندنەوەی وێنەکارێکی سانان نییە، زۆربەی وێنەکان بۆ ماوەیەکی درێژگەورەکانبەسەرسامی لەبەر دەمیدا دەوەستن. چونکە وێنەلەئاستی خۆیدا شتێك نییە، بەڵکو نمایشی شتێك دەکات. ئەوەی پێویستەلەپێشەکی کتێبی منالْدا دەرکەوێت، دەبێت ساکارو ڕوون بێت. دووربێت لەچڕیوئاڵۆزیودرێژبوونەوەی شێوێنەر. تا لەگەڵ زانیاری منالانو هێزیدا بگونجێت. تێگەیشتنی وێنەپابەندە بەساڵو زانیاری منالْ خۆیەوەلەوەدا کاریبەکاری زمانەوانینیە، هەندێك وێنەپێیان دەوترێت

(زمانی نەئاخاوتن).

وێنەبەتوخمێکی بینین دادەنرێت کەپشت دەبەستێت بەگەشەکردنی هەستی بینینەوە، بەشێوەیەکی گشتی پشت دەبەستێت بەتوانا عەقڵییەکانی منالْ لەبەرئەوەچەندە تەمەنی منالْ کەم بێت ئەوەندە پێویستە بۆبەرزترین ئاستی کەم کردنەوەلەدرێژەپێدانی ووردەکاریەکانی ئەو وێنانەی کەپێشکەش دەکرێت لەگەڵ گرنگی دان بەڕوونی وێنەکە. تاریکیو نادیاری لەهەندێ لایەنی وێنەدامنالْ دەترسێنیو گرنگی پێنەدانیشی دەبێتە هۆی تێنەگەیشتنیو وازهێنانی لەکتێب.

سەبارەت بەتەمەنی زۆربچوك پێویستە ئەووێنانەی پێشکەشی دەکەیت لەیەکەیەکی گەورەدابێت، شێوەیەکی هەمەلایەنەی هەبێتو جیاواز لەوانەی دیکە، لەگەڵ دەرکەوتنی هەمولایەنەکانی، ئەمەش دەتوانین ناویبنێین بە (گرتەنزیك کراوەکە) (اللقطةالمقربة).

ساکاری ناوەڕۆكو هێڵو ڕەنگ پێویستە بۆئەم ئاستەجگە لەوەی زێدەڕۆییو کێشەسۆزدارەکان پێویست بەبوونیان ناکات لەگەڵ دوورکەوتنەوەی لەهەرئاڵۆزییەك تابتوانرێت ناوەڕۆکی وێنەکە تێبگەین بەڕوانینێك.لەم ئاستەدا ساکاری تەواو بۆ وێنەکان جیاکەرەوەیەکی گرنگە بۆوێنەیکتێب. لەوانەیە لەڕواڵەتدا دەکەوێت کەنایبەستێتەوە بەواقیعەوە جگەلەکەمترین پەیوەندی. بەلأم سەرنج ڕاکێشیەکەی شاراوەیەلەوپەیوەندییە کەمانەی تاهەنووکە پەیوەندییە سەرەکییەکانی واقیع لەخۆدەگرێت، لەوانەیە واقیع نەبێت، بەلأم بەساکاری نمایشی واقیع دەکات. ئەمەش منالێتیبەڕوونو ئاشکراوڕاستەوخۆجیادەکاتەوە. منالیبچکۆلەی هونەرمەند پێش هەمووشتێك بەدووی ڕوونیدا دەگەڕێت، یەکێك لەوپێوانانەی کەتایبەتەبەڕوونو ساکاری ئەوچەندچرکەیەیە کەمنالْ بەهەموو شتێکیەوە بخەیتە نائووێنەکەوە چەند ژمارەی چرکە پێویستەکان کەم بکەیتەوە ئەوە بەلگەیە کەوێنەکەت سەرکەوتووە.

دوای چواریان پێج ساڵ دەتوانێت (گرتە ناونجی یەکە) بەکاربهێنو ژمارەیەکی کەمتر لەوکەرەسەو پارچەکانی بەرجەستەبکەیت لەوێنەکەدا بەئاشکراو ڕێكو ڕوونی دیاربکەوێت. هەروەها منالْ لەم ئاستەدا ئەووێنەگەورانە پەسەند دەکات کەهەموو پەڕەکە داگیردەکات. دوای هەشت نۆساڵی دەتوانرێت (گرتە گشتییەکە) بەکاربهێنیت کەزۆربەی شتە هەمەلایەنەکان دەگرێتەوە بەلأم تائەم تەمەنە پێویست بەزیادەڕەوی ناکات لەبەکارهێنانی (گرتە گشتییەکان)دا بەڵکو پێویستە لەناوکتێبەکاندا ژمارەیەکی باشی تێدابێت لەگەڵ گرنگیدان بە (گرتەناونجیونزیکەکان). ئێمە لەکتێبی منالْدا لەسەرمانە کەپشت بەستین بەووێنەگەورانەیکە پەڕەکە پڕدەکەنەوە چەند تەمەنەکەبچوك بێت.

چەند تەمەنیش بەرەوسەرەوەبچێت، دەتوانین لەشتەگەورەکاندا ژمارەیەکی کەم لەوێنە بەکاربهێنین لەگەڵ باکگراوندی زۆر ساکارو لەتەمەنی گەورەتردا پێك هاتەی وێنەی شتەجیاوازەکان بگرێتەوە. ئەم بناغەیە دەچەسپێت بۆ یارمەتی پێویستییەکانی یارمەتی منالو چڕبوونەوەوتێڕامان بەمەرجێك بەئاگاییدووری بخەیتەوەلەوروژاندنوپەرشوبلاوی. سەبارەت بەومنالانەی لەخوارهەشت سالْن پێویستە وێنەی فۆتۆگرافی بەکارنەهێنن لەبەرئەوەی هەمووڕەنگو پلەکانی تێدایەو لەلایەکی ترەوە



نیگاری مۆریس سینداك ولاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا

پەشێوی لای منالّ دروست دەکات وەکارێك دەکات کەلەوێنە نەگات.

: گرنگترین پرنسیپ کەهونەرمەند پەیوەستەپیّی بۆ وێنەی کتێبی منالّوبۆئامانجی دەرکەوتنی بیرۆکەکەی، نووسینەکەیەتی. زیاتر یارمەتی دەدات لەبەکارهێنانی وێنەکانیدا بەشێوازی واقیعی هاوکات لەگەلّ دوورکەوتنەوەلەشێوازەکانی. شێوازی واقیعی واتە ئەوجیهانەی کەچواردەوری منالّ دەدات بەرێگەیەکی ئاشکرا دەربڕێت، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە فۆتۆگراف داواکراوە

بەپێچەوانەوە: ئەوە داواکراو نییە، داواکراوگەورەبوون‌وشێوازە

واقیعییەنوێکانە: ئەوشێوازە لەگەلّ کتێبە مێژوویی‌و ئایینی‌وزانیاری‌و وەرزشیەکاندا دەگونجێت، بەپێچەوانەی ئەو شێوازەیە کەبەکاردێت بۆخەیاڵە ئەفسانەیی‌ە ... یەکان‌ومیللی‌یەکان، جگە لەم شێوازانە ... ۆش نودەکان ) یش گونجاوە.

لەگەلّ هەموو ئەمانە ... پێ... سەرکەوتنی وێنەکانی کتێب ڕوونی یە‌نی بۆخێرا تێگەیشتنی منالّ لەبەرئەوە سەرکەوتوترین کتێب لای‌منالّ بۆئەوەدەگەڕێتەوەکەوێنەکان شێوازێکی واقیعی بگرێتە خۆی‌و نزیك بێت لەڕاستی‌یەوە. ئەزموونی خۆشەویستی هەندێ جار هونەرمەند نغرۆ دەکات،

هەوڵدەدات ئەو شێوازە هونەرییە بەکاربهێنێت دووربێت لەساکاری‌وڕوونی. بەلام ئەوکتێبانەی کەوێنەیان دەکێشێت وەك ئەم هونەرمەندە لەڕووی ناوی هونەرمەندی شێوەکارییەکەوەباشە. سەرکەوتنی نێوان ئەدیبەکان‌وئارەزویان بەوەیەك دەگرێتەوە کە بەشێوازی هونەری جۆراوجۆر کاردەکەن. هەرچەندە ئەمە ناگونجێت بۆپێویستی‌یەکانی منالّ دەبێت توێژینەوەی لەسەربکرێت تاشێوازی وێنەی کتێبەکان لەگەلّ پێویستی‌یەکانیدا بگونجێت، گرنگترین پێویستی ڕوونی‌وساکاری‌وتێگەیشتنە بێ ئەوەی قوربانی بدەین بەنرخی جوانکاری.

کتێبی منالّ بۆمنالّ چاپ دەکرێت نەك بۆهونەرمەندان‌و هاوڕێیانی، کتێبی منالّ بۆجەماوەری پیشانگە پێشکەش ناکرێت بەڵکوبۆهەزاران منالّی ئاسایی دەکرێت ئەمەش ئەوەناگەیەنێت کەئێمە دژی شێوازی نوێ‌وداهێنراوین بەلام لەم سنورەدا پێچەوانەی هەمان بابەت بێتەوە. کەسایەتیەکانی ناوکۆمەلّ کاتێك کتێبی منالّ دەکڕن‌و ڕەتی دەکەنەوە، قسەی خۆیان دەسەپێنن جگەلەوەی کەهونەرمەندەکە بیەوێت یان نەیەوێت یاهەست بەوەنەکات. وێنەی ناو کتێبی منالّ پێش هەمووشتێك پێویستە یارمەتی خوێندنەوە بدات‌وزیاتر سانان تری بکات.

: بەتاقی کردنەوە بۆم دەرکەوت زۆرترین ڕەنگ لەگرنگی پیّدانی منالّی تەمەن بچوکەوە وەرگیراوە.

بینینیان ڕاتدەکێشێ، ئەو ڕەنگە سەرەکیانەش: زەردوشین‌وسورەبەمەرجێك دەبێ زۆر ئالّو والابێت لەبەرئەوەئەم سیّڕەنگەسەرەکیانە ڕۆڵێکی گەورەلەسەرەتای وێنەی منالّی تەمەن کورتدا دەبینێ. بێ ئەوەی تێکەلّ بەیەکتربکرێن‌و بەکاربهێنرێن بۆهەرسێبەروبەرزی‌و نزمی هەر ڕەنگێك ئەوەش تەنها لەبەرئەوەیە منالّە بچوکەکە نەترسیّوڕانەکات لەوێنە. پێویستە ئەم بناغەیە پەیوەست بین پێوەی لەهەموپێشکەش کردنێکی منالّاندا گەر کتێب یان گۆڤار یان شانۆگەری یان فلیم بێت.ئەم کردارە زۆر بەووریایی‌و ڕوونی دەبێت ئاگاداری بین. لەوفلیمە کارتۆنی‌یە بیانیانەی کەبۆمنالّانە واباشترە کەپانتای ڕەنگەکان

لەیەکتریــیــەوە جیــابن وەك لەهەرپانتاییــیــەك دا هێڵەرەشــەکان ئاســتی چوارچێــوەی پانتاییەکــە دیاری دەکات. لەرەنگ کردنی هەرپانتاییــیەکدا یــەك رەنگی پاكوبێگــەرد بەکاربــهێنرێت کەتێکــەڵ بــەهیچ رەنگێکی دیکەنەبووبێت.

زۆرلەو منالآنــەی کەتەمــەنیان لــەچوار ساڵاندایەو گەیشتونەتە پێنج ساڵی بە ڕاستی نــاتوانن پــەیوەندی لــەنێوان رەنگوناوەکــەیدا بکــەن لەبەرئــەوە کتێــب بەورەنگە ئاڵۆ والآیانە وێنەی تیادا دەکرێت هاوکات لەگەڵ دابین کردنی پێویستیەکانی منالّ هــەروەها بۆفێربوونی منالــەکانیان، دەبــێ نــاوی رەنگــەکان بەشــێوەیەکی ڕاســت بەکاربــهێنین. دوای تەمــەنی چواریان پێنج ساڵی دەکرێت جگــە لەســێ رەنگــە ســەرەکی یەکە رەنگی دیکــەی بۆزیاد بکــەین وەك سەوزو پرتەقاڵی. دوای حەوتەم ساڵ دەکرێت پلــەی زۆرتر لەیەك رەنگ بەکاربهێنرێت بەلاّم زۆر بەوورياییەوە. دوای ساڵانی نۆیەم یان دەیەم، دەکرێت هەموو جۆرە رەنگەکانو پلە جیاوازەکان بەکاربهێنرێت. لەبەرئەوەو لەم قۆناغەدا دەتوانرێت کە وێنەی فۆتۆگرافی رەنگاو رەنگ بەکاربهێنرێت. ئاگادارین کەمناڵی بچوك رەنگەئاڵۆ والآکانیان بەلاوە جوانترە. هەموونەمانەش کەتەمەنیان چەند گەورەتربێت ئەوا بەلای رەنگە ماتو تەمو مژاوییەکاندا دەچن. گرنگترین پرنسیپ کەهونەرمەند پەیوەستەپێی بۆنەخشاندنی کتێبی منالّ ئەوەیە کەوێنەکانی لەلایەنی ڕەنگو پێکهاتەییــیەوە تەواوبێت، پێویستە هەستەهونەریەکانی منالّ گەشەپێبکەویتو چێژی جوانی بدەیتێ.

ناونیشان :

کاتێك دەنوارین کەئایا رەنگەکان پێویستنو ناتوانن بەبارتەقای ئەو کتێبانەی بۆ منالآنی پێش شەش ساڵیە دەولەمەند بکەین ئەوەبۆ قۆناغی شەش تا نۆسالآن گرنگی رەنگەکان کەمترە. وەدەکرێت لەم قۆناغەدا پڕبەئارەزوەکانی وێنەی دوورەنگ یان سێ رەنگی بەس بێت.

مانەوەی منالّ لەم تەمەنەداوەرگرتنی چێژە لەرەنگەکان، زۆر لەهونەرمەندان ئەنجامی زۆر باشیان بەدەست هێناوەلەبەکارهێنانی تەنها



نیگاری بیکار ١٩٥٦

دووڕەنــــگ کەئـــــەوکارەتێچونی زۆر کـــــەمترە لەبەکارهێنانی چوار ڕەنگ.

هەبوونی وێنە لەهەموو لاپەڕەیەکدا لەلاپەڕەکانی کتێـب بـۆ ئـەم تەمەنـە پێویسـتـە بـۆ پاراسـتن لەکەفوکوڵی منالْ بۆبەردەوام بوونی لەخوێندنـەوە، بـەلاَم دەکرێت وێنـەکان تەنـها بەڕەش‌وسـپی یـان دووڕەنـگ بێـت.یـان دوای قۆنـاغی نۆودەسـالاَن دەتوانرێت وێنە هێڵکاریە ساکارەکان کـەم بکرێنـەوە منالْ لەم قۆناغەدا پێویستیان

بەوێنـەی ڕەنگاوڕنگ‌و ڕەش‌و سـپی نی‌یـە وەك لەتەمـەنی بچوکیـدا پێویستیان پـی‌ی بووەهـەروەها ئەمانەش پێشـوازیش لەوێنـەی ڕنگاوڕەنگ دەکـەن‌و چێـژی لی‌وەردەگـرن بـــەلاَم زۆر ســەرەکی نی‌یــە بەلایانەوەوەك لە

بەرکردنی بابەتەکان.

## (گیلنێکی گاڵتەجاری)

وێنـەکان لەگـەلْ ڕوونـی‌و سـاکاریانداونزیکیمان لەواقیعــەوە پێویســتە رۆحێکـــی گاڵتـــەجاری تێداببوژێندێتـــەوە. منـــالْ بەرگـــەی لایەنـــە تەم‌ومژوناسۆریەکانی ژیان ناگرێت. بـەڵکو بەردەوام دەگەڕێن بەدوای لایەنە ڕۆشن‌وخۆشـەکەدا، ئـەوکارە پێویســتە ڕەچـــاوبکرێت تەنانـــەت لەووێنانـــەی بابەتـــەکانیان دلْ تـــەنگ‌و ئازارکێشـــە. پێویســـتە وورپابین کەسەرکەوتنی کتێبی منالْ ناگاتەئـەندازەی ئاســتی پێکـــەنینی بەڵکوبـــە ئـــەندازەی ئـــەوە جێماوەیـــەکی پۆزەتیڤانـــە لەمناڵەکـــەدا بـــەجیْ دەهێڵێـــت. بـــەلاَم پێشـــکەش کردنـــی وێنـــە پێویستەبەشـــێوازێك بێـــت کـــەهێزێکی تـــەواو لەگاڵتەجاری‌ووپێکـەنین دروست بکات ئەوەمـەرجی سـەرەکی‌یە بۆپێشـوازی کـردن لای منـالْ لـەکاتێکدا وێنـەیان پێشـکەش دەکـەین، لەگـەلْ ئاگـایی ئـەوەی ئەوگاڵتە جاری‌یە لەهەمان بابەتدا هەلْ قولاَوە.

منالْ بەئاسودەیی‌و پۆزەتیڤانە بـەرەوڕووی ژیـان دەبنـەوە، وەدەبێـت لەوێنـەکانی کتێبـی منـاڵدا زۆر وورپابین لەبەشداری منالاَن بۆئـەم هەستە تـاتوخمی گاڵتەجاری‌یەکە هەلْ نەگەڕێتەوە بەمەبەستی خستنە پێکـەنین تـا دەرکردنـی مناڵەکـە لــەقولْ بوونــەوەی کارەهونەری‌یەکە، لەگەلْ گەڕان بەدووی

وێنەپێکەنیناویـەکان، لەمـــەوە ڕێگـــەی ڕاســتی لەگەلْ منالاَن بزر دەکەین.

## (( پەیوەندی نیوان پانتـایی وێنـەکان وپانتایی دەقی نووسراو: ))

ئــەوەی گرنگەلــە لاپــەڕەکاندا دانــانی وێنەیــە لەشــوێنی گونجــاودا بەمــەرجێك وێنــەکان لەگـــەلْ دەقەنووسراوەکەدا یەکەیەکی هونــەری تەواودروست بکـەن لەگــەلْ ئەوپەیوەندیـــەی هاوبەش‌وبـــەهێزی نیوانیــــان. هەنووکەبلاَوکــــەرەوەکان گرنگــــی بەهەموولاپەڕەیــەك دەدەن لەلاپــەڕەکانی کتێبــی منالناْ پێش تەمـەنی نۆسالّی کەوێنەیـەکی تێدابێت. ئەمــەش بۆپاراســتنی‌وورەی منالّــە بۆبــەردەوامی لەسەرخوێندنەوە. ئــەوە هەڵەیــە وێنــەکان لەیــەك شــوێندا کۆببێتــەوە. بەشــەکان‌ولاپەڕەکانی دیکــە بــەجیْ بــهێلْرێت بــەبیْ وێنــە. وەك چــۆن گرنگــی بــەوەدەدرێت کــەپانتایی وێنەلــەپانتایی ووشـــە جیابکرێتەوە هەربەجۆرەش بەهەردووکیان یەکەیەکی هونەری بەهێز دروست دەکەن.

سەبارەت بەکتێبی قۆناغی سـەرەتایی، پێویست ناکـات وێنـەکان لەسەرنووسـراوەکان دابنێیــت. وەك کتێبـەکانی زنجیرەکۆمیدیـەکاندا هەیەکـەهزری منـالْ لەئاسـۆیەکی دیـاری کـراودا بـەند دەکـات لەگـەلْ خەمەکانیان‌وگـەڕان بـەدوای کـارتێکردندا لــەباتی چێژلەهزروەرگرن. وەڕاکـردن لەخوێندنـەوەی جددی کەلەدوای خوێندنەوەی

ئاسانەوەســـــەرچاوەدەگرێت. وێنــــەوزنجیرە کۆمیدیـەکان پەیوەسـت نـین لەونەریتـەی هـەڵیان گرتـــووە پێچەوانـــەی خوێندنـــەوەی کـــەمترین ووشـەیەکەپی‌ی دەچێـت لەواتاکـەی‌بگۆڕێت. بـەلاَم وێنــە هەمووڕاســتی‌یەکان‌و ڕووداوەکــان پێشــکەش دەکـات. وەدەتوانێــت هــێزی خوێندنــەوەی منــالْ زیاتربکات.

## ((چەندایـەتی پانتایی‌ووێنـەکان بۆپانتــایی پەڕەکان: ))

لەقۆناغی پێش قوتابخانـەدا کتێب تەنها وێنـەی تێدایـەو هـەندیْ جاروشـەی زۆرکـــەم وێنـــە یـــان چیرۆکەکـــە لێکدەداتـــەوە بۆیارمـــەتی باوکـــان لەگفت‌وگۆوگێڕانـــەوە بۆمناڵـــەکانی لەوکتێبانـــەی سەرەتای فێربونی خوێندندا.

دانانی نووسین لە٢٠٪ ی‌لاپەڕەکان تیْ ناپـەڕێت‌و پاشمـاوەی لاپەڕەکـە بۆوێنەتـەرخان دەکرێت، ئـەو کاتە ژمـارەی وشـەکان زۆر کـەم دەبن وەقـەبارەیان

زۆر گەورەدەبێت. پاشان پانتایی تایبەتی بۆنووسین لەزۆریدا دەبێت تالەگەڵ پانتایی تایبەتی بۆوێنەکان بەیەك ئاراستە دەڕۆن تائاراستەکان یەکسان دەبن بەمەرجێك هاوکاریەکان لەخزمەتی هەموواتاکانی بابەتەکە دابێت، لەنێوان سالآنی هەشتو نۆدا پانتایی تایبەتی بۆدەق زیاتر دەبێت بەلآم پانتایی تایبەتی بۆوێنەکەم دەبێتەوە تاوێنە لەکتێبە ئەدەبی چیرۆکی‌یەکاندا کەمتربێت کە ناگاتە زیاتر لە ١/٥ و ١٠٪ پانتایی پەڕەکان لەکتێبی ئاراستەکراودا تاتەمەنی (١٥) ساڵی ئەمەش لەگەڵ ئاستی بەدەست هێنانی زمانەوانی منالّدا دەگونجێ بۆ تێربوونی زانین‌و زانیاری لەکتێبەبێ وێنەکان وەك کتێبی گەورەکان بەلآم لەکتێبە زانستی یان زانیاری‌یەکاندا دەکرێت پانتایی تایبەتی بۆوێنەکان زیاتر بکرێت.

((وێنەکانی کتێبی وەرگێڕدراوی بیانی!))

وەك ئاشکرایە خانەی بلأو کەرەوە بیانی‌یەکان بەرهەمەکانیان بەزمانی عەرەبی دەردەکەن، هەر لەوکتێبانەی

کەبۆمنالآنی ولآتانی ئەوروپاو ئەمەریکاو یابان دەردەچن، وێنە ڕەسەنەکان وەك خۆیان پارێزراون لەگەڵ وەرگێڕانی چاپە عەرەبی‌یەکەلەشوێنی دەقەئەصڵی‌یەکەدا وەکاردانەوەی دیار لەجیهانی عەرەبی‌دا دژبەوجۆرەکتێبانە وادەردەکەوێت لەبەرئەوەهێزی منالّ بۆخوێندنەوەی وێنەبەپەلەو ڕوونی‌یەوتاڕادەیەکی زۆر دەبەسترێتەوە بەشارەزایی منالآنی پێشوو. گەرتوخمەکانی وێنە لەدارستان‌و بەفرو دەروازەودوکەڵ کێش‌و گومەزو پۆشاك‌وسەربانی ماڵەلاروخوارەکان‌و ڕەنگی (قژ بەلای زەرد)دا دەڕوانێت‌و خەسڵەتی کەسەجیاوازەکان بێت ئەوەشی‌کردنەوەلەنێوان منالّ‌وتێگەیشتنی وێنەدا بەپێی پێویست دروست دەبێت بەپێی پێویست بۆ ئەوەی زیاتر کتێبی خۆش بوێت. سەرباری دەست پێکردنی هەستی نەتەوایەتی لەبەردەم پێشکەش کردنی‌ئەم کتێبانە بۆ منالآن. ئەو کتێبانەی پێشکەش بەمنالآن دەکرێت والێکدەدرێتەوە کەدەبێت منالّی لەچواردەوری کتێب کۆبێتەوە. دەکرێت پاڵەوانەکەش ببێتە جێی سەرسوڕمانی منالّی خوێنەر. ئەوە بەردەوام منالّ بیانی لەجیهانی نامۆیدایە وەوالەمنالّی خوێنەربکات

کەکەم‌وکوڕیەکانی ببینێت، ئەوەهەستێکە پارێزگاری لەهەموو بەخێوکەرەکان دەکات کەلەکاریگەری لەسەرمنالّ دورخرێتەوەئەوەدەگەڕێتەوەبۆزەن‌و بیردۆزە ڕەگەزپەرست: کان‌و مەبەست دارەکان کەپەیوەستە


بەسەرکەوتنی ڕەگەزێك لەڕەگەزەکانی دیکە. گەرئەوەپەیامێکی گرنگی وێنەی کتێبی منالّ بێت بۆزیادکردنی مەعریفەکانی منالّ بەجیهانیەوە ئەوەوەك ئەووێنە نامۆیانەیە لای منالّی خوێنەر. لەسەریەتی هەموتواناکانی کەدەکرێت کتێب پێشکەشی بکات. سەبارەت بەمنالّ ئەوەی دەیەوێت دەتوانێت بەدەستی بهێنێت لەڕێگەی زانینی فراوانترو بەربلأوترو ووردتر بەرامبەر کۆمەڵەکەی‌و جیهانی زێدی‌یەوە. هەموو ئەمانە خانەی بلأوکەرەوەبیانی‌یەکان پێشبڕکێی لەسەردەکەن لەدووبارەکردنەوەی وێنەکتێب بەووێنانەی کەمادەکەی لەواقیعی زێدی دا بەرجەستەی دەکات پاشان پەنادەباتەبەرکتێب. هەروەها خانەی بلأوکەرەوەی نیشتمانی دەستی کردووەبە پرۆژەی بلأوکەرەوەی هاوبەش، وای لێهاتووەکە وێنە مانادارەکان بەپێی پێویست باشترەلەزێدی منالّی خوێنەرداوەئەم ئاراستەیەش سەرکەوتوو دەبێت لەپاشەڕۆژێکی نزیکدا.

((بنەتایی!))

گەرکتێبی منالّ جوان دەربهێنرێت، جوان وێنەی‌بگیرێت، زۆری‌تێدەچێت کەلەگەڵ پێویستیەکانی منالّدا یەکانگیربێت بەلآم دووبارە پێشوازیەکی گەورەی تیادەبینین، گەرخۆشی خوێندن‌و بوژاندنەوەی چێژی هونەریی بۆمنالّ برەخسێنێت‌و کۆکردنەوەی کتێب‌وخۆشەویستی بۆدەربڕیت وهانی بدەیت بۆبەردەوامی‌لە خوێندنەوەدا، گەروێنەی چاك وێنەی‌گیرابێت، پێویستی بەهەموتواناکانەلەپێناویدا بخرێتەگەڕ.

تێبینی/ لەفنون عربیە وەرگیراوە ژمارەی (٦)ی
ساڵی ١٩٨٢
لەنووسینی: یعقوب الشاروني

# هەندێ لەرەهەندەکانی (رەهەند) خوازان و خوێندنەوەیەکی راستەوخۆ



غەفور سالح عەبدوڵڵا

بێ شک ئەنجامدانی بەرهەمی بەپێز لەلایەن قەڵەمە تازەکارەکان دەبێتە مایەی دڵخۆشی هەر رووناکبیرێك کە بەتەنگی ئایندەی کەلتووری نەتەوەکەیەوە بێت بۆ برەودان پێیو دەرهێنانی لەبۆتەی کۆنە ویستیو سەلەفیەتو چەق بەستوویی کە دەبێتە هۆی لەیەك جیاکردنەوەی نەوەکانو شوێن پەنجەکانو گاڵو پەمووەکان. لەبەر رۆشنایی خوێندنەوەی بابەتیانەی کەلەپووری نەتەوە بەکۆنو نوێیەوە، بەبژارەکردنو ئیستیقراو ئیستنبات، واتا خوێندنەوەو لێ هەڵێنجاندنی چاكو وەلاخستنی بێ کەڵك. نەك بەچاولێکەریی دەقاو دەقو بەلەژێر کارتێکردنی دەقاو دەقو بەخواستی راستەوخۆ و داڕشتنەوەی بەزمانێکی دیکە کە لە زمانە ئەسڵەکە بەدوور نیە. بۆیە ئێمە لێرە کەس تاوانبار ناکەین کەفڵانە بەرهەم لەفیسارە بەرهەم وەرگیراوە، یان فڵانە بەرهەم کارتێکردنی دەقاو دەقی فیسارە بەرهەمە. بێگومان کەس لەکارتێکردنو فێربوون رزگاری نابێت، کەسیش لە(توارد الخواطر) بەدوور نیە، چونکی هەستو نەستو سۆزەکان لەلای مرۆڤایەتی، وەکو چۆن خوێنەکەی یەك رەنگی هەیە، ئاوهایش ئەوانە زۆر لەیەکدەچن. ئەڵبەتە کوردیش هەموو ئەو سیفەتانە دەیگرێتەوە، لەخەڵکی دیکەوە فێری نووسینی چیرۆکی هونەری بووەو فێری رۆماننووسینو هونەری شێوەکارو نواندنیش بووە.

بەڵام ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە هەندێ لەبرا نوسەرەکانی گۆڤاری (رەهەند) کە لەوڵاتی سوێد دەردەچێ، بەتایبەتی لەژمارە (٥)دا، زۆر بەبێ منەت قسان دەکەنو ئاماژە بۆ سەرچاوەی قسەکانیان ناکەن، هیچ ژێدەرو پەراوێزێکیان نیە. یان ئاماژە بۆ سەرچاوەی قسەو باسەکانیان. ئەڵبەت لێرەشدا مەبەست هێندێ لەو نوسەرانە دەگرێتەوە: (بەختیار عەلی، هیوا قادر، رێبین ئەحمەد، شێرزاد حەسەن) هەندێکیان کەس ناخوێننەوەو بڕوایان بەکەس نیە. بۆیە من دوای خوێندنەوەی ژمارە (٥)ی گۆڤاری (رەهەند) زۆر بیرۆکەو بۆچوونم لەلا گەڵاڵە بوون. هەر بۆیە پیاچوونەوەیەکی دیکە چوومەوە بەو نووسینانەی کە خۆم لەسەر هەندێ لەو برادەرانە نووسیبووم. من تەنها قسەیەك دەڵێم، من حەز دەکەم ئەوەی ئێوە دەینووسن بیانخوێنمەوە، بەتەئکید زۆر بەوردیش، چونکی لەلای من پرسیار

دروست دەکەن، هەروەکو (بەختیار عەلی) لە (ئیمپراتۆریەتی وەهم)دا دەڵێ: "لەرۆشنبیریی ئێمەدا پرسیارە دەبێت دەمامك لەسەر دەقەکان لاببات، نەووتراوەکان ئاشکرا بکات".. بۆیە پرسیارەکەی من "ووتراوەکان" ئاشکرا دەکات، "نەوتراوەکان"یش بەجێ دێڵم بۆ کاك بەختیار خۆی‌و هاوڕێکانی لەگۆڤاری (ڕەهەند)!!

## ١- ئەوانەی ئێوە ووتراون

بەختیار عەلی لەو ژمارەیەی (ڕەهەند) لەباسێکی دوورو درێژدا کە پانتاییەکی زۆری گۆڤارەکەی داگیر کردووە، لەژێر ناونیشانی "ئیمپراتۆریەتی وەهم، مانای تازەگەری‌و پەیوەندیی بەمیکانیزمی کارکردنی گووتارەکانەوە..".

ئێمە لێرەدا چەند بڕگەیەك بەو وتارەی دەخەینە بەرچاو کە پەیوەندە بەتازەگەری کوردیەوە. دواجار ئێمەیش بەکورتی‌و تێرو تەسەلی قسەی‌خۆمان دەکەین. ئەمەشیان لەڕێگەی بەراوردکردنی پووخت‌و نامەوزوعیانەوە..

* "لە لەرۆشنبیریی‌ئ یمەدا پرسیارە دەبێت دەمامك لەسەر دەقەکان لاببات. نەووتراوەکان ئاشکرا بکات،.. پرۆسەی پرسیارکردن پرۆسەی ئاشکراکردن‌و لادانی دەمامکە لەسەر دەقەکان، ئەوەی ئامانجی لابردنی دەمامکی نەبێت ناتوانێت لەهیچ هەنگاوێکدا بەرەو تازەگەری بەشدارییەکی کاریگەری هەبێت." —ڕەهەند— ل٣٧..

* "لەراستیدا یەکێك لەهۆکارە گرنگەکانی تێگەیشتنی هەڵە لەتازەگەری بڕێکی زۆری لەوەوە دێت کە زۆر جار تازەگەری بەپرۆسەی بەیەکداچوون‌و نزیکبوونەوە لەدەقی دیکەو نموونەی دەقی دیکە تێ دەگەین" —ڕەهەند— ل٣٨..

* "لاوازیی سیستەمی دۆزینەوی (لێکچوون) کەوا دەکات زۆر جار سەرچاوە راستەقینەکانی دەقێکمان بۆ نەدۆزێتەوەو بکەوینە ناوفریوی ئەو بانگەشە ساختانەوە کە دەقێك بۆ خۆی دەیکا بەمەبەستی گومڕاکردنی ئێمە دەرهەق بەسەرچاوەکانی خۆی‌و ئەو ژینگەیەی لێوەی هاتووە.." —ڕەهەند—.

* "لاوازیی سیستەمی دۆزینەوەی (جیاوازی) کەوا دەکات کۆمەڵێك جیاوازی گەورە نەبینین لەنێوان دەقی نووسراوو دەقی راکێشراودا هەیە.." — ڕەهەند— ل٣٩..

* "یەکێکی تر لەوخاڵە گرنگانەی وادەکات تازەگەری لەرۆشنبیریی ئێمەدا مانای نەبێت سیستەمی بڕیاری وەچەکانی پێشووە، چونکە تازەگەری لەقۆناغە سەرەتاییەکانی خۆیدا پێوانەو بەها ئەپستمییەکانی خۆی نەچەسپاندووە.." — ڕەهەند— ل٣٩..

* "سەلەفیەت لەبەرامبەری دونیای ئێمەدا هیچ نیە بیلێت لەمێژیش لەناو کەلاوە مەعریفیەکانی خۆیدا، بابەتی مردوو، شیعری مردوو، گوتاری مردوو، دووبارە دەکاتەوە، بەڵام ئەمڕۆ توانای سەلەفیەت بەجۆرێکی تر دەردەکەوێت.." —ڕەهەند— ل٤١..

ئەوەی لێرەدا دوابڕگەی قسەکەی (بەختیار عەلی) بخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێ کە هەموو خەڵکانی پێش خۆی حەزف کردووەو بەسەلەفییان لەقەڵەم دەدا گوایە هیچیان پێ نیە بەرامبەر بەدنیای ئەوان..! جگە بابەتی مردوو، شیعری مردوو، گوتاری مردوو نەبێ دووبارە دەکەنەوە..

یەکەم، بێ شك ئەم قسەیە تازە نیە، کورد لەسەرەتای ساڵانی حەفتاکانەوە ئەم قسەیەی کردووە لەڕێگەی روانگەچیەکانەوە.. دووەم، باسمکردن لەمۆدێرنیزم‌و تازەگەریش بەدەیان ساڵ بەر لەساڵانی نەوەدەکانی کورد بەتێرو تەسەلی باس لەئەشکالیەتی تازەگەری کراوە، دەیان کتێبی لەسەر نوسراوە.. تازەترینیان کە باسی لەوەهمی تازەگەری بکات کتێبێکی (ئەدۆنیس)ە بەناوی (الشعرية العربية)، خوێنەر ئەگەر بێتو بەووردی باسەکەی بەختیار عەلی‌و ئەوەی ئەدۆنیس بخوێنێتەوە تێیاندا جیاوازیەکان لەبۆچووندا بەرامبەر بەتازەگەری بەدی ناکات. ئەوەی بەختیار عەلی هەڵگێڕانەوەیە بەرەو کوردانندنی ئەو باسەی ئەدۆنیس.. لەم کتێبەدا (ئەدۆنیس) وەهمی تازەگەری دەکاتە پێنج وەهم. ئێمەش والێرەدا کورتەیان‌و دەخەینە پێش چاو:

* "الوهم الاول هو الزمنية فهناك اتجاه يرى أن الحداثة هي الارتباط المباشر، اليقظ باللحظة الراهنة.. أصحاب هذا الاتجاه ينظرون الى الزمن على أنه نوع من القفز المتواصل التراتيبي، بحيث إن ماحدث الان،

متقدم بالضرورة على ماحدث أمس".. واتا: وەهمی یەکەم زەمانیەتە بۆچوونێك هەیە وادەبینێ کە تازەگەری پەیوەستیەکی راستەوخۆو وریایە بەساتەوەختی ئێستاوە.. خاوەنی ئەم بۆچوونەیش وادەبینن کەزەمەن جۆرێکە لەبازدانی بەردەوامو یەك لەدوای یەك، بەشێوەیەك ئەوەی ئێستا روودەدا بەگوێرەی پێویست پێشکەوتووترە لەوەی دوێنێ روویدا".

بەختیار عەلی ئەم وەهمەی بە(بڕیاری وەچەکانی پێشوو) گۆڕیوە..

* "الوهم الثاني، هو الاختلاف عن القديم، واصحاب هذا القول يرون أن مجرد الاختلاف عما سبق دليل على الحداثة"

واتا: وەهمی دووەم جیاوازی لەگەڵ کۆن خاوەنەکانی ئەم قسەیەش وادەبینن کەتەنها جیاوازی لەگەڵ رابردوودا دەلیلە بۆ تازەگەری..

بەختیار عەلیش بە(سیستەمی دۆزینەوەی جیاوازی) گۆڕیویەتی..

* "الوهم الثالث هو المماثلة، ففي رأي بعضهم إن الغرب. مصدر الحداثة، وتبعاً لهذا الرأي، لاحداثة خارج الشعر الغربي ومغايره، أي لاحداثة الا في التماثل معه".

واتا: وەهمی سێیەم لێکچوون، بەڕای هەندێکیان گوایە رۆژئاوا سەرچاوەی تازەگەریە، بەپێی ئەمرایەش، تازەگەری نیە لەدەرەوەی شیعری خۆرئاواو پێوانەکانی، واتا تازەگەری نیە جگە لە لێکچوون لەگەڵیدا نەبێ..

بەختیار عەلیش بە(سیستەمی دۆزینەوەی لێکچوون) گۆڕیویەتی..

* "الوهم الرابع وهو وهم التشكيل النثري ويرى أصحابه أن مجرد الكتابة بالنشر من حيث إنها تختلف مع الكتابة الوزنية القديمة وتأتلف وتتماثل مع الكتابة النشرية في الغرب، دخول في الحداثة".

واتا: وەهمی چوارەم وەهمی دروست بوونی پەخشانە، خاوەنی ئەو رایەش، تەنها نووسین بەپەخشان چونکی جیاوازە لەنووسینی بەسەروای کۆنو لەگەڵ نووسینی پەخشانی رۆژئاوادا دەگونجێو لێی نزیکە، ئەوەچوونە ناو تازەگەریەوەیە..

بەختیار عەلیش بە(پرۆسەی بەیەکداچوونو نزیکبوونەوە)ی گۆڕیوەتەوە..

* "الوهم الخامس هو المضموني، ويزعم اصحابه إن كل نص شعري يتناول إنجازات العصر وقضاياه هو بالضرورة نص حديث" واتا: وەهمی پێنجەم دروست کردنی ناوەڕۆك خاوەنی ئەم بۆچوونەیش دەڵێن هەر دەقێکی شیعری دەربارەی دەستکەوتەکانی سەردەمو کێشەکانی بێت بەتەئکیدا ئەوە دەقێکی نوێیە..

ئەدۆنیس لە(بابەتی تازەگەری)یشدا باسی لەم وەهمانە کردووە. بۆیە بۆ خۆمان باشە کە قسە دەکەین ئاماژە بەسەرچاوەو ژێدەر بکەین، هەموو شتێ نەکەینە هی خۆمانو بۆ خۆمانی بگەڕێنینەوە. وەکو لەمەوبەر وتمان کورد لەکوردستانی عێراق لەسەرەتای ساڵی حەفتاوە باسی لەتازەگەریو وەهمەکانی کردووە، ئەوەی ساڵانی حەفتا ئەنجامدرا دەشێ لەلای بەختیار عەلیو هاوڵەکانی بەسەلەفی لەقەڵەم بدرێت، کەچی دوای چارەکە سەدەیەك ئەمان دێن باس لەهەمان ئەو ئەشکالیەتە مەعریفیە دەکەن کە روانگەچیەکان داوای تێپەڕکردنیان دەکرد، دەیانویست سەرجەم کەلەپووری پێشینەی کورد تووڕدەنە دەریاوە چونکی مردوو و سەلەفی بوو.

من خۆم بڕوام بەقسەکەی (رامبۆ) هەیە کەدەڵێ: "دەبێ تازەگەرێکی موتڵەق بین". تازەگەریەتی موتڵەقیش لەسەر جووینەوەو دووبارەکردنەوە دروست نابێ..

بەختیار عەلی، هەموو نەوەکان بە(سەلەفی) لەقەڵەم دەدا، ئەگەر ئەوانەش نەك بەتەنها نەوەی کورد بگرە نەوەی هەموو دنیایش گوایە: "سەلەفیەت لەبەرامبەری دونیای ئێمەدا هیچی نیە بیڵێت لەمێژیشە لەناو کەلاوە مەعریفیەکانی خۆیدا، بابەتی مردوو، شیعری مردوو، گوتاری مردوو دووبارە دەکاتەوە".

من لەم دیدەوە دەمەوێ بپرسم چونکی هەروەکو بەختیار خۆی دەڵێ پرسیارکردن پرۆسەی ئاشکراکردنو لادانی دەمامکە: ئەوان خۆیان چییان کردووە کە تازە بێ بۆ کوردو لەهی خەڵکی دیکە نەچێ؟! چ جیاوازیەك لەخۆیاندا دەبینن لەگەڵ ئەوانەی ئەوان بە(سەلەفی) ناوزەدیان دەکەن؟..

ئێمه لـێرەدا بـەكورتیو بـەكوردی ئەونووسـینەی بەختیار عەلی لەو چەند برگەیەدا دەبینین كە باسمان كـردو پاشـانیش وەهمـەكانی تازەگــەری عــەرەبمان هێنــاوه لەمــەڕ ئــەدۆنیس، یــان هــەندێ نووســین كەخوێندنەوەیەكی سەرپێیی روداوەكانی كوردستانو عێراقن، وەكو خوێندنەوەی كارەساتی (ئەنفال)، یان خوێندنەوەی كتێبـی (كۆمـاری تـرس). ئەمانـه نابنـه بناغەیەك بۆ ئەقڵی تازەبینو تازەگەری كـورد. ئێمـه دەبێ ئاگامان لەوەبێ كە كاتــێ هــەموو شـتێ رەفـزو رەت دەكەینــەوه دەبــێ بزانــین كــەخۆمان چــی باشـترمان پێـیەو ئـەوەی خۆمـان كردوومانـه چــەند بەپیتو تازەنو مـافی خـەڵكی دیكـەیان پێـوه نیـەو رەت كردنی هەموو قۆناغو سەردەمەكانی كوردە..!

ئێمه لێرەدا دوو بەرهەمی دیكـەی بـەختیار عـەلی دەخەینه بــەرباری سـەرنجو بـەراووردكردنو لێدوان، ئەگـەریش (بابـەتی مـردوو) نـەبن ئـەوه كـارتێكردنی راستەوخۆی بابەتی دیكەی خەڵكیه. نابێ ئیدیعاكـان گـەورەبن، ئەگـەریش گـەورەبوون دەبـێ بــەگوێرەی گەورەیی بابەتەكان بن. ئەو دوو بەرهەمەیش (مەرگی تاقانەی دووەم)و (ئێوارەی پەروانـه)ن، كـه لەلایـەن هـەندێ بــرادەرەوه بـەبێ مەزوعیانـه زۆریـان پیـا هــەڵگوترا.. لــەرۆمانی (مــەرگی تاقانــەی دووەم) بەختیار عەلی ویستوویەتی ریـالیزمێكی سیحری یـان فانتازیایـەكی كـوردی بهێنێتــه كایــەوەو مایــەی شـانازیو دڵ خۆشـی دەبـوو ئەگـەر لەپینـەو پــەڕۆو كــارتێكردنی چــەند رۆمــانێكی كەســانی دیكـــه سەرچاوەی نەگرتبایە، هەروەكو چیرۆكنووس (عـەتا نەهایی)یش لەژمارە (٢٧)ی گۆڤاری (رامان)دا دەڵێ: "بەڵام لەبەر ئـەوه بـەفۆرمو تـەكنیكو زمـانی پـایزی پەتریارك دەگێڕدرێنەوه، وەك ژێـر مەجهمووعەیـەكی ئەو رۆمانه دەنوێنن، ئەگـەر وانەبووایـه، واتـه ئەگـەر فــۆرمو تــەكنیكو زمــانی مــەرگی تاقانــەی دووەم، ئـەزموونو تەجرەبـەی خـودی بـەختیار عـەلی بووایـه (مــــەرگی تاقانــــەی دووەم) بەهـــەموو كــــەمو كوڕییەكانیەوه كە پێشتر ئاماژەم پێ كردوون، یەكێ لەرۆمانـه باشـەكان دەبـوو.". بۆیـه بـەهیچ كلۆجێـك نەیتوانیوه لـەكارتێكردنی ئەورۆمانانـه دەربـاز بێـتو دەقـی هـەندێكیانی گواسـتوەتەوه نێـو ئـەم رۆمانـه. ئـەوەی لـەم رۆمانـەدا بـۆ نووسـەرەكەی ماوەتــەوە، تــەنیا كەسـایەتی (ئەشــرەف)و كوشــتنەكەیەتی، ئەگینا كارتێكردنی زەقو ئاشكراو لێكچوون لەگـەڵ ئـەم رۆمانانـەدا زۆرە، ئــەوەی بیانخوێنێتــەوه ئــەو راستیانەی بۆ دەسەلمێ: رۆمانی (پـایزی پـەتریرك)و (سـەد سـاڵ گۆشـەگیریی)و (ئـەرندێرای لێـو بـەبارو داپیرە شەیتانیەكەی) (ماركیز) لەلاپـەڕەكانی ٦، ٧، ٩، ٦٩، ٧٠، ٧١، ٩٥، ٩٦، ١٠٢.. هـەروەها رۆمــانی (تێریزا پاتیستا)ی جـۆرج ئامـادۆ لەلاپـەڕەكانی ٨٣، ٨٤و دواتـر هـەروەها رۆمـانی (مەسیح سـەر لـەنوێ لەخاچ دەدرێ)ی نیكۆس كازانتزاكی.

كۆكردنەوەی رووداوی بچووك بچووك وەكو چـەند سكێچێكو ئاوێتەكردنیان بەبێ هۆو پێویسـت نایكـەن بەرۆمان، بگره وەكو ئەوه وایه یـەكێك چەند پارچـه پەڕۆو كوتاڵی هەمەڕەنگـەو هەمـەجۆره كۆبكاتـەوەو بیـەوێ قاڵیـەكی لـێ دروســت بكـات، كـه ئـەنجام قاڵیـەكی ناشـیرینو بـێ رەواجــی لــێ دەردەچــێو نایكەن بەقاڵی كاشان. بۆ نموونه دەیان دەستەواژەو رووداوی ئاوها ئاخێنراوەته نێو دەقەكـەوه كـەبوونو نــەبوونیان وەكــو یــەك وایــە،: "ئوتووچیـــەكو شـاگردەكانی بـوون بەخـەڵوز، قەسـابێك زگـی چـوو بەشیشی عارەبانەكەیدا، ئاگر لەدوكانی جگەرچیەكی بــەخیل بــەربوو، كوتــاڵ فرۆشــێك لەســەر حــەوزه وشكەكه تامردن رژایەوه، كۆپان درووییەك سوژنەكەی كرد بەچاوی خۆیـدا، دۆ فرۆشـێك خلیسـكاو مێشـكی پژا..." ئەمانه مشتێكن لەخـەرمانێكو، هـەموو وردە رووادوی شارێكنو رۆژانه روودەدەنو هەموو كەسێكم دەیانبینێ یان دەیانبیسـتێ بـۆ یـەكدی دەگێڕنـەوە. هونـەر فۆتۆكردنـی واقیـع نیـە، بگـرە جـوان كردنــی واقیعە، ئەگینا هونەریەكەی خــۆی لەدەسـت دەدات. چــەند جــار دووبارەبوونــەوەی وەســفی كۆشــك-كۆشــكەكەی ســەرهەنگ- بــەوردو درشــتیەوه كــه ئەمــــەیان تــــەنیا درێژكردنەوەیـــەكی ناپێویســــتی حیبكەكـەیەو درێـژدادڕی دەگەیـەنێتو لابردنـی ئــەو برگانـه هیـچ لـەكرۆكی حیبكەكـه نــاگۆڕنو خوێنــەر هەسـتیان پــێ ناكـات، چونكــی هیــچ لاســەنگیو بۆشاییەك نایەته گۆڕێ.. نووسـەر وەك بڵـێی باسـی شارێك بكا لەئەمریكای لاتین بێ، نەك باسی شـارێكی وەكو (سـلێمانی)! ئاوهـا رووداوەكـان دەگێڕێتـەوە. چونكــی شــارەكەی (ئەشــرەف) شــارێكی نێــو یوتۆبیكان نیە، بەڵكو بەپێی زۆربەی جێگـاو شوێنه گشتیەكان شاری سلێمانیه، بەڵام لەودیوی دووەمیدا

جودایه. بۆ نموونه مارکیز لەرۆمانەکەیدا کە باسی شارێك دەکا بەتەئکید باسی شارێك دەکا لەشارەکانی کۆلۆمبیا، بۆ نموونە (ماکۆندۆ) لەرۆمانی (سەد ساڵ گۆشەگیری) زۆربەی سیماکانی شاری (ئارکاتاکا)ی شاری مارکیزە.. یان (مارکیز) دەڵێ پیاووژنە ئاشقەکەی نێو رۆمانی (خۆشەویستی لەزەمەنی کولێرادا) باپیرەو داپیرەی خۆمن کەچی داپیرەکەی نێو رۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم) نە لەداپیرەی نوسەر دەچێو نە لەداپیرەی منو هیچ کوردێکی دیکەش. دەقاو دەق داپیرە شەیتانیەکەی ئەرەندێرایە لەرۆمانی (ئەرەنێدرای لێو بەبارو داپیرە شەیتانەکەی) مارکیز "ئافرەتێکی پیرو بەتەمەن بوو، بەو گۆشتە سپیو سەنگینەوە، ماوەیەکی زۆری دەویست تالەجێگای خۆی راست بێتەوە، ئەمە جگە لەوەی بەکاری ئەو بۆنو بەرامە سەیرو قورسانەی لەهەوای ژوورەکەدا پۆنگیان خواردبۆوە گێژو بێحەواس دیار بوو کە بۆ بینینی تەرمەکەی ئەشرەف چووینە ژوورێ بۆنی ئەومەرهەمە پزیشکانەی لەتاوی ئازاری رۆماتیزم دەیدا لەخۆی، تێکەڵاوی بۆنی ئەو هەموو شووشە عەترە بوو بوو کە کردبوویان بەلاشەکەیدا. ئەوعەترانەی لەسەر رەفەی تایبەتیو رازاوە لەسوچی ژوورەکاندا ریزکرابوونو یادگاری ئەو سەردەمە بوو کە هێشتا بێوەژنێکی گەنجو ئاشق بوو".. ل٩و ل١٠ –مەرگی تاقانەی دووەم–.

داپیرە دۆستەژنی (سەرهەنگ بەدری) بووە ژنێکی داوێن پیسو تەنانەت کیژەکانیشی رام کردووە بۆ سەرهەنگ، ئەمیش سەرهەنگێکە وەکو سەرهەنگەکانی (ئال بۆیندیا) لەرۆمانی (سەد ساڵ گۆشەگیری) یان دکتاتۆرەکەی رۆمانی (پایزی پەتریریك).. کاتێ سەرهەنگ دەمرێ دەرگای کۆشکەکان دەکرێنەوە، بەدەردی (پەتریریك) لەرۆمانی (پایزی پەتریریك) خەڵکی خۆیان پیادەکەنو دەکەونە تالآن کردنی، وەکو بڕە مانگا لەکۆشکەکەی پەتریریك تەراتێن دەکەنو دواجاریش لەلایەن خەڵکەوە تالآن دەکرێ.. گومانیش هەیە کەدەبێ (ئەشرەف) نەوەی سەرهەنگ بەدری بێت چونکی داپیرە تاڕادەیەك ژنی ناشەرعی سەرهەنگ بووە، ئەنجام وەکو سۆزانیەك دەیەوێ تۆبە بکاو کۆشکەکەی دەکاتە داڵدەی ئەو منالآنەی کە تووشی نەخۆشی گەڕیو گولی بوو بوون ل٨٣،٨٤.. لێرەشدا (تیریزا پاتیستا)ی جۆرج ئامادۆمان بیردەخاتەوە کە ئەویش کیژێکی خولاسی داوێن پیس بوو چەندین ئەم دەستو ئەو دەست دەکا لەپاشان دەیەوێ تۆبە بکاو دەبێتە یارمەتی دەری ئەو مندالآنەی کە تووشی نەخۆشی (جوزام) واتا گەڕیو گولی بوو بوون هەتیوخانەیەك دروست دەکا بۆ چارەسەریان.

وتراوە هونەری هەر میللەتێك ئاوێنەی خۆیەتیو رەنگدانەوەی شتەکانی خۆیەتی.. کیشوەری ئەمریکای لاتین بەوە ناسراوە کە چەندین وڵاتەو رژێمی تۆتالیتاری بەڕێوەی دەبات، ئەگەر مارکیز باسی رژێمە دکتاتۆریە یەك لەدوای یەکەکانی وڵاتەکەی خۆی بکا لەرۆمانی (سەد ساڵ گۆشەگیری)دا لەبۆتەی شاری ماکۆندودا یان باسی کۆمەڵێ خەڵك دەکا کە بەتەئکید خەڵکی کۆلۆمبیان لەڕەش پێستو سوور پێستەکانو خولاسیەکان، خوێنەرێك غەیری خوێنەری کۆلۆمبی تێدەگا کە پێکهاتەی وڵاتەکەی رۆمانوس چیەو رژێمی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووری چۆنە.. یان بۆ نموونە پاڵەوانەکانی دوستۆیفسکی (راسکۆلینکۆفو سۆنیاو مارمیلادف) کە بێگومان کۆمەڵی روسیای قەیسەری هەزاران راسکۆلینکۆفو سۆنیاو مارمیلادۆفیان تیا بووە، یان کەسایەتیەکانی وەکو (ئاکاکی ئاکاکافیچ)ی چیرۆکی –پالتۆ–ی گۆگۆڵ.. بەڵام ئەگەر خوێنەرێکی بیانیو بەزمانێکی غەیرە کوردی رۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم) بخوێنێتەوە، خەریتەیەکی زۆر سەیری لەلا دروست دەبێ سەبارەت بەشاری سلێمانیو کوردستان واتێدەگا کە دکتاتۆرەکانی عێراق هەمویان خەڵکی سلێمانینو لەسلێمانی دادەنیشنو فەرمانڕەوایی دەکەنو کۆشكو تەلاری ئەفسانەیان هەیە.، یان هەموو ژنانی کورد لەجۆری (تیریزا پاتیستاو داپیرەو مونیرەی تورکی)ن.

هەوڵدانی کوشتنی سەرهەنگ لەرۆمانەکەدا لەلایەن ئەشرەفو هاوەڵەکانیەوە شتێکی نوێ نیە لەرۆماندا، ئەم هەوڵدانی کوشتنەیش هەوڵدانەکەی ساڵی ١٩٥٩ دەخاتەوە یاد کە هەوڵی تیرۆرکردنی سەرەك وەزیرانی عێراق (عبدالکریم قاسم) دراو هەوڵ کە سەرنەکەوتو ئەنجامدەرانی ئەو کارە کەوتنە بەر شالآوی گرتنو راوەدونانو خۆشاردنەوە

بەدەردی ئەشرەف، ئەم هەوڵەیش لەچەند کارێکی رۆماننووسی‌ی عێراق رەنگی داوەتەوە، یان دیسان هەوڵی کوشتنی دکتاتۆرەکەی رۆمانی (بەڕێز سەرۆك)ی ئەستوریاس. لەبەشی دووەمی رۆمانەکەدا کەسایەتی (خورشیدی جادوباز) سەرهەڵدەدا وەکو کەسایەتیەکی زیادەترنجاوەتە رۆمانەکەوە ئەم کەسایەتیەش بەدەردی (میلیکاوس)ی قەرەج لەرۆمانی (سەد ساڵ گۆشەگیری) بەدوای ئاوێنەیەکی سیحری‌دا دەگەڕێ کە رابردوو ئایندەی تیا بەدی بکاو بەجادوو هەموو شتێ مەیسەر دەکا. کەسایەتی راگوزاری لەرۆمانەکە زۆرن هەروەکو وتمان بوون‌و نەبوونیان وەکویەك وایە بۆ نموونە (مونیرەی تورکی) ژنێکی داوێن پیسەو بازرگانی بەلەشی کچەکانیەوە دەکا، دیسان ئەمیش بەشێکە لەکەسایەتی داپیرە. ئەو ژنەیە کە شەرەفی پیاوان دەپارێزێ‌و نایەڵێ پیاوانی دیکە بچن بەلای ژنەکانیانەوە: "بەڵام بزانە خودا بۆیە کەسانی سۆزانی‌و نەفامی دروست کردووە تاشەرەفی ئێمە بپارێزن، کاری ئەوان هەر ئەوەنیە ئابرووی خۆیان بەرن، ناجەنابی سەرۆك کارێکی دیکەیان کەچاوی ئێمەومانان لەکاتی وەهادا نەبێ نابیبنێت ئەوەیە بەرگری لەشەرەفی ئێمەش بکەن.." ل٧٦.

(مونیرەی تورکی)ش دیسان کەسایەتیەکە وەکو (کاترینای بێوەژن) لەرۆمانی (مەسیح سەرلەنوێ لەخاچ دەدرێ)ی کازانتزاکی، دیسان ئەم دەستەواژەو قسەیەش سەبارەت بەو بێوەژنە لەرۆمانەکەدا هاتووە، کازانتزاکیش دەڵێ: (بوونی سۆزانیەك لەدێیەکدا شەرەفی ژنان دەپارێزێ‌و لاوان لەبەر دەرگاکانیان دوور دەخاتەوە..) هەروەها کەسایەتی سەرهەنگ دیسان هەندێ خەسڵەتی کوێخا دێیەکەی رۆمانی (مەسیح سەر لەنوێ لەخاچ دەدرێ)ی‌ئەویش منداڵی لووسکەی هەیە واتا (شذوذی سیکسی) هەیە، دەیان رووداو وەکو مێژوو ئاماژەیەکی رەمزیان پێ کراوە، وەکو: ئاهەنگەکانی پیرەمێردی شاعیر لەنەورۆزدا، کارەساتی رووداوەکانی ساڵی ١٩٥٩ لەکەرکوك، نوسەر لێرەدا بەهەڵە شتێکی گێڕاوەتەوە کە تورکمانەکان بەوە تاقی دەکرانەوە کە کوردن بەرەچەڵەك یان تورکمانن، هەر تورکمانێکیان بگرتایە پێیان دەوت بڵێ (پڵاو) ئەویش دەیووت (پیلاو)، نەك وەکو ئەوەی نوسەر نووسیویەتی (برنج)و (پیرنج)..

### رۆمانی ئێوارەی پەروانە

رۆمانی (ئێوارەی پەروانە)یش دیوی دووەمی رۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەمە). چیرۆك گێڕەرەوە واتە (الراوی) لەرۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم) (خەندانی گچکۆڵە)یە، (پەروانە) دیوی مێینەی (ئەشرفە)ە، (سەعیدی سوڵتان بەگ) لەمەرگی تاقانەی دووەم دیوی دووەمی کەسایەتی فەرەیدوونی مەلەك و     و نەسرەدینی بۆ خۆشە.. خوێندنەوەی ئەم رۆمانەش بەدەردی رۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم) گەلێ رۆمانی جیهانی‌و عەرەبیمان بیردەخاتەوە، یەکێك لەو رۆمانانە (ژنە ئاشقەکان)ی هـ.د. لۆرەنس، یان ژنە ئەشقاویەکانی سەرجەم رۆمانەکانی (لۆرەنس).. زۆربەی بابەتەکانی نێو رۆمانی ئێوارەی پەروانە، یان ئەوەتا زۆر سادەو فۆتۆکردنی‌و واقیعی کوردەوارن، یان زۆر دوورن لەو واقیعەوە. فانتازیاکەی ئێوارەی پەروانە فانتازیایەکی لاسایی کەرەوەی فانتازیای (مارکیز)ە دیسان لە رۆمانەکانی (پاییزی بەتریریك)و (سەد ساڵ گۆشەگیری)و (ئەرەندێرای لێوبەبارو داپیرە شەیتانیەکەی)..

چیرۆکنووس (عەتای نەهایی) لەبارەی رۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم) لەگۆڤاری (رامان) ژمارە ٢٧ دەڵێ: (راستە رووداوەکانی مەرگی‌تاقانەی دووەم بەهەمان ئاڵۆزی رووداوەکانی پاییزی پاتریارك نییەو کەسایەتییەکان ئەو کەسایەتییە ئەفسانەییە نیە، بەڵام لەم رۆمانەشدا هەوڵی ئەوە دراوە کە لەسەر زەمینەی واقیعەکانی کۆمەڵگای نوسەر، رووداوە سادەکان، کەسایەتییە سادەکان لەفەزایەکی شێوە ئەفسانەییدا، لەزەمان‌و شوێنێکی شێوە ئەفسانەییدا بەرجەستە بکرێنەوە، درۆ، فریو، بێ رەحمی، فەسادو ناپاکی تایبەتمەندییەکانی دنیای مەرگی تاقانەی دووەمن. بەڵام لەبەر ئەوە بەفۆرم‌و تەکنیك‌و زمانی پایزی پاتریارك دەگێڕدرێنەوە، وەك ژێر مەجموعەیەکی ئەو رۆمانە دەنوێنن، ئەگەر وانەبووایە، واتە ئەگەر فۆرم‌و تەکنیك‌و زمانی مەرگی تاقانەی دووەم، ئەزموون‌و تەجرەبەی خودی بەختیار عەلی بوایە، (مەرگی تاقانەی دووەم) بەهەموو کەم‌و کوڕیەکانیەوە کە پێشتر ئاماژەم پێ کردوون، یەکی لەرۆمانە باشەکان دەبوو). وابزانم ئەم

رایە دیسان بەو پێیە کە (ئێوارەی پەروانە) دیوی دووەمی مەرگی تاقانەی دووەمە.

بەسەر ئەم رۆمانەش دەسەپێ، دیسان هەمان زمان و تەکنیك و فۆرمی رۆمانی (پایزی پەتریرك)ە لەو فانتازیایە بەدوور نیە، ئەوەتا رەووف حەسەن لە (رامان)ی ژمارە (۳۳)دا سەبارەت بەرۆمانی (ئێوارەی پەروانە) دەڵێ: (رۆمانووس بەیەك نەفەس هەر (۲۲) بەشی رۆمانەکەی پێشکەش دەکا.. بەبێ ئەوەی هیچ نیشانەیەکی هونەریی باوی چیرۆك وەك قسەکەر (دیالۆگ)و کەوانەی مەنەلۆژو فلاشباك و مۆنتاژو ناونیشانی لاوەکی و.. تاد دابنێت، کە لەجیاتی گشت ئەمانە پێرەوی شێوازی سەردی هونەری نوێی کردووە کە بەتایبەتی لای (مارکیز) بەکار دەهێنرێت و بەگشتی لەئەمریکای لاتینی نوێدا پێرەو دەکرێت).. یان دیسان (عەتای نەهایی) لەبارەی (مەرگی تاقانەی دووەم)ەوە دەڵێ: (کەڵك وەرگرتنی نوسەرێك لەتەکنیك و شێوازو زمانی نوسەرێکی تر، بەبێ پساندنی ئەزموونەکانی ئەو نووسەرو تاقیکردنەوەی داهێنانی خۆی بەمانای روانین لەدەلاقەی فیکرو ئەندێشەی کەسێکی ترەوە بۆ دونیای دەوروبەری خۆی کە کەمترین زیانی ئەم کارە ئەوەیە نوسەر هیچ شتێکی تازەی پێشکەش دینای داهێنان نەکردووە).

### دیمەنە لەیەکچووەکان

١) لەسەرەتاوە دیمەنی گۆمە خوێنەکانی (ئێوارەی پەروانە)و بۆنی گۆشت و قوربانی سەربڕین. مەڕ سەربڕین و گۆمە خوێنە بچووکەکانی نێو رۆمانی (زانایانی تاریکی) سەلیم بەرەکات لەسەرەتاوە بەبیر دێننەوە.

٢) لەم رۆمانەدا دیمەنەکانی سەرهەڵگرتن بەرەو هەندەران و ماڵ و موڵك فرۆشتن لەو پێناوەدا جێی دیمەنەکانی دوای راپەڕین لەرۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم) دەگرێتەوە.

٣) دووبارەبوونەوەی دیمەنی (با)یەکان لەهەردوو رۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم و ئێوارەی پەروانە) لەرۆمانەکانی (مارکیز)یش سەد ساڵ گۆشەگیری، پایزی پەتریریك، تۆفانی گەڵا.. "ئەو حکایەتەیش کە دەڵێت لەرۆژی لەدایك بوونمدا رەشەبا نیوەی شاری وێرانکردووە جگە لە خورافەتێك زیاتر هیچی تر نیە" – ئێوارەی پەروانە– "رەشەبایەك بۆ کاول کردنی شارە لەئاوێنە دروست کراوەکان هەڵدەکا" لەلاپەڕەکانی کۆتایی رۆمانی سەد ساڵ گۆشەگیری.

٤) دووبارەبوونەوەی دیمەنی ژنە خەتاکارو سۆزانیەکان لەهەردوو رۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم)و (ئێوارەی پەروانە) کە دیسان کەسایەتیە ژنەکانی (مارکیز)مان دەخەنەوەیاد، (ئەرەندێراو داپیرەکەی)و (پرمینا داسا)و (خۆشەویستی لەزەمەنی کۆلێرەدا)، یان کەسایەتی "تیریزا پاتیستا"ی جۆرج ئامادۆ..

٥) باسی مەسەلەی پیاوە تەزبیح بەدەست و دیندارەکان و (مەلا کەوسەری باغەوان) ئەم دیمەنانە شتێکی تازە نین، چیرۆکنووسی عێراقی (محمد خضیر) زۆر لەم بابەتانەی لەچیرۆکەکانی (المملکه السوداء) باس کردووە بەتایبەتی لەچیرۆکی (الشفیع) کە باسی مەراسیمی ئایینی دەکا لەکەربەلاو بەسرا یان لە زیارەتی مەرقەدەکان لەکەربەلاو نەجەف.

٦) ژنانی دەف ژەن پتر لەئاهەنگی سیحر ئامێزی میسریەکاندا زۆر باوە کە لەزۆربەی کارە ئەدەبی و هونەریەکانی میسریەکان رەنگی داوەتەوە، یان وەکو ئەجوائی رۆمانی (لیله القدر)ی (الطاهر بن جلون)، دیمەنەکان چونکی لەدوو کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی ئیسلامین تەقس و سرووشتەکان زۆر جیاوازیان نیە.

٧) لەم رۆمانەدا دیمەنەکان زۆری هیچ رەنگدانەوەی واقیعی کورد نیە، بۆ نموونە نووسراوە: "ئێستا لەقسەکانی ئەو پیاوە تێدەگەیشتم، دەمزانی ئەو پیاوانە هەموو مێرد، یان باوکی ئەو ئافرەتانەن کە زینایان کردووە، رەدوو کەوتوون، بێ بنکراون، شارەو شار هەڵگیراون، خراپە پیشەیان بووە تێدەگەیشتم ئەو کچە ترساوە چکۆڵانەی دەوروبەرم ئەم کیژە هەرزەکارە شەرمنانە، هەموو خوشکی ئەو خاتوونە خراپەکارانەن کچی ئەو دایکە سۆزانیانەن کە بەلێشاو لەو چەند وەرزانەی دواییەدا دوای شەیتانی ئارەزووەکانی خۆیان کەوتوون حەرام و حەڵاڵیان لەیاد خۆیان بردووەتەوە.." ل١٠٤.

٨) دیمەنی پەپوولەکانیش پانتاییەکی زۆری گرتووەتەوە لەرۆمانەکە، (یوسف عزالدین)ی چیرۆکنووس لەژمارە (١٨١٠) پاشکۆی کوردستانی نوێدا سەبارەت بەم دیمەنە قسەیەکی مارکیزی بیردەکەوێتەوە کە (باس لەخەیاڵ و ئەندێشەی نەنکی

دەكات، كە پێی وابوون یەكێك لەوانەی سەردانیان دەكات هەردەم پەپوولەكانە لەپێش ئەوەوە پەیدا دەبن).

یان دوای تەواوكردنی ئەم نووسینە برادەرێك كتێبێكی خستە بەردەستم بەناونیشانی (مارسیل بروست والتخلص من الزمن) لەنووسینی (جیرمین بدیە)یەو نجیب المانع كردویە بەعەرەبیو باس لەشاكارەكەی مارسیل پرۆست: (گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوو)دا دەكات، دوای چاو پیاخشاندنێك بەم كتێبەدا بۆم دەركەوت لێكچوونێكی زۆر هەیە لەنێوان رۆمانی (ئێوارەی پەروانە)و ئەم رۆمانەدا وەكو:

١- كەسایەتی سەرەكی چیرۆك گێڕەرەوە (الراوي) گەرچی مەسەلەی نێرو مێ هیچ لەبابەتەكە ناگۆڕێ، (خەندانی چكۆڵە) لەجیاتی راویەكەی: "گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوو"دایە..

٢- لەئاسوودەیەكی ونبووەوە بۆ زەمانێكی بەرگەشتەوەبوو.

٣- جیهانێكی بەرگەشتەوە بوو كە سەرجەم مەنەلۆژەكانی خەندانی چكۆڵە دەگرێتەوە.

٤- هەمیشە سەفەری پاڵەوانەكەو دەستە خوشكەكانی.

٥- هەموو كەسایەتیەكانی رۆمانی (ئێوارەی پەروانە)یش ئەم قسەیەی (جیرمین بریە)یان بەسەردا دەسەپێ. بابزانین دەربارەی جیهانی پرۆست چی دەڵێ: "دانیشتوانی جیهانی پرۆست لەگەوهەردا نەبۆرژوان و نەئۆرستۆكرات. لەراستیدا جگە چەند زیندەوەرێكی نەزانراو بەولاوە هیچی دیكە نین، ژنەكان بەپیاوان دەچن. پیاوەكانیش بەژنان دەچن، چەند زیندەوەرێكن. هەردوو توخمەكەیان تیایە، یان زیندەوەری نێرەمووكن".

یان دەڵێ: "ئەم كەسایەتیانەی پرۆست لەجیهانێكی نامرۆڤانەدا دەژین، كە جیهانی شەهوانیەتەو پێویستیەكانی لەزیادبووندایە، ئەو پێداویستیانەی كە تێر ناكرێ جگە بەو كەسانە نەبێ كەسانی وەكو خۆیان كەرادەكەن لەراكردن و خۆشاردنەوە..".

٦- لەیەكچوونی كەسایەتی پووری (خەندانی چكۆڵە)و پووری راویەكە كە ناوی (پوورە لیۆنی)یە لەرۆمانی "گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوو)دا.

٧- هەڵاتن بۆ دۆزینەوەی شوێنی ئارام. لە (ئێوارەی پەروانە) بەرەو دارستان و لە "گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوو"دا بەرەو نەخۆشخانە (المصح)..

٨- كەسایەتی (ئەلبێرتین) ژنە لە (گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوو) رێك وەكو كەسایەتی (پەروانە) وایە، كۆمەڵێ پەیوەندی بەربڵاوی هەیە. بابزانین ئەویش لەلای پرۆست چۆن وەسفی هاتووە: "لەدوای هەر قسەیەكیەوە درۆیەك هەیە، لەدوای هەر ماڵێك كە دەڵێ بۆی دەرۆم ماڵێكی دیكە هەیە، لەدوای هەر كردەوەو كەسێكدا كردەوەو كەسێكی دیكە هەیە" ل٢٣٢.

٩- دیسان لەرۆمانی "گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوو"دا بەشێك هەیە لەژێر ناونیشانی "ئەلبێرتین ونبووە" كە ئەمەیش ونبوونەكەی (پەروانە)مان بیردەخاتەوە..

١٠- چیرۆكەكانی خۆشەویستی نێو رۆمانی (ئێوارەی پەروانە)یش وەكو چیرۆكەكانی خۆشەویستی نێو رۆمانی "گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوو"دا وان، یەك ئەوی دی رادەكێشێ و هەمووشیان لەكۆتاییدا لەڕاڕەوی زەمەندا ون دەبن..

١١- تەقس و ئاهەنگە سیحراویەكانی نێو دارستان لەلایەن ژنانەوە لەهەردوو رۆمانەكەدا..

١٢- جیهانی لەزەتی نامرۆڤانە لەهەردوو رۆمانەكەدا بەدی دەكرێ..،

١٤- لەیەكچوونی كەسایەتی (بارۆن دی شارلۆ) لەرۆمانی "گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوو" لەگەڵ فەرەیدونی مەلەك لەرۆمانی (ئێوارەی پەروانە)..

لەیەكچوونەكان زۆرن تادەگاتە وەسفی سروشت و گیاو گوڵ و ئاوو باوباران بەشێوەیەكی شاعیرانەو فانتازیا ئامێز لەهەردوو رۆمانەكەدا. وەكو ئەوەی ئێمە لەكتێبی (مارسیل بروست و قوتاربوون لەزەمەن) بەرچاومان كەوت ئەگەریش رۆمانەكە بخوێنیتەوە دەشێ لێكچووەكان زۆربن. بۆیە لەبەر رۆشنایی ئەم بەراوردكردنانە، ئێمەیش دەڵێین ئەگەر رۆمانی (ئێوارەی پەروانە) لەپینەو پەڕۆی خەڵكی دیكە نەبوایە، دەسا ئەوا یەكێك دەبوو لەرۆمانە هەرە باشەكانی كورد..

دەشێ برادەرێكی دیكە بێت هەردوو رۆمانەكە (ئێوارەی پەروانە)و (گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوو)

بخوێنێتەوەو بەراوردێکی تێرو تەسەلی بکات، بەڵام ئەمەی ئێمەی تەنها بۆچوون و ئاماژەیەکەو هیچی دیکە.. زمانی (ئێوارەی پەروانە) لەنێوان دوو جۆرە زمانی شیعری‌دا خۆی دەدۆزێتەوە، یەکەمیان زمانی رۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم) کە زمانی رۆمانی (پایزی پەتریرێك)ەو دووەم هەمان شیعریەتی زمانێ رۆمانی "گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوو" کە بەراوردکردنیان لەگەڵ ئەو پەرەگرافە زۆرانەی لەکتێبی (مارسیل پروستو قوتاربوون لەزەمەن)دا هاتووە راستی ئەم بۆچوونە دەردەکەوێ..

## ٢- هیوا قادرو پرسیارە (سیحراویەکانی).!

ئێمە لێرەدا تەنها هێندێ لەو پرسیارانەی کاك (هیوا قادر) دەهێنینەوە کە رووبەڕووی کاك (شێرزاد حەسەن)ی کردووەتەوە لەبارەی بەرهەمەکانیەوە،ئێمەیش وەڵامی دەدەینەوە بەهێندێ هێنانەوەی نموونە. چونکی ئێمە بەتەمابووین بێ دەنگی لێ بکەین ئەگەر کاك شێرزاد حەسەن لەچاوپێکەوتنێکی گۆڤاری (رامان)ی ژمارە (٨) بەیازدە لاپەڕەو، لەچاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ – هیوا قادر– لەگۆڤاری (رەهەند) ژمارە (٥) بە (پەنجا) لاپەڕە کەسی پێ نووسەرو خوێنەوار نیەو ئیدیعاکانی زۆر لە (داهێنانەکانی) گەورەترن، بۆیە بەباشم زانی وەڵامی پرسیارەکانی کاك –هیوار قادر– هەر بەو نموونانە بدەمەوە کە خۆی باسی کردوون‌و پێی دەڵێم کە (شوناس‌و سەمای) کاك شێرزاد حەسەن لەشوناس‌و سەمای کەسی دیکە جیانیەو ئەو چرایەی ئەو رۆشنی کردەوە لەماڵە حەرامەکاندا بەتەنیا چرای ئەونین، بگرە چرای هەموو نوسەرێکە، (حەسار)یش خوێندنەوەیەکی کوردی نیە، یان پاڵەوانە دەرکراوەکان تەنها پاڵەوانی ئەونین، لەلای چیرۆکنووسانی دیکە گەلێ نموونەیان هەیە، بگرە چیرۆکنووسانی زۆر پێش کاك شێرزادیش، من لێرەدادەبمە چاوساغی کاك هیوا قادرو هاوڕێکانی‌و لەدەستیان دەگرم بەرەو راستی‌و پێیان دەڵێم ئەوانەی ئەوان کردوویانە بێ وێنە نین تا لەخۆڕا پێیاندا هەڵگوتن‌و بیانگەیەننە کەشکەلانی فەلەك‌و ئیدی کەسی دیکە هیچی پێ نیەو ئەوەی دەینووسن بابەت‌و گوتاری مردوون، بگرە خەڵکانی دیکەیش ئەوانەیان وتووەو ئێمە لاساییان دەکەینەوە، ئەگەر ئەو لاسایی کردنەوە بەسەقەتی نەبێ! پێشی دەڵێم کە بەبەردی کاك شێرزاد حەسەن شووشەی پەنجەرەی کەس نەشکاوە، راستە کاك شێرزاد زمانزان‌و خوێنەوارێکی چاکە، بەڵام مەرج نیە هەموو نووسینەکانی چاك بن‌و کارتێکردنی کەسیان پێوە دیار نەبێ! ئەمەی خوارەوەیش پرسیارەکانی هیواو وەڵامەکانی ئێمەیە:

* "هیوا قادر: تۆ چوویت چرایەکت لەو ماڵە حەرامەدا رۆشن کردەوە کە ئێمە بەتاریکیەکەی راهاتبووین‌و بەشەرمەوە دەچووینە ژوورێ‌و بەشەرمیشەوە لێی دەدواین. تۆ لەو رووناکیەوە دەتنووسی‌و کە دەشهاتیتە دەرێ باسی نهێنیەکانی خۆمانت بۆ دەکردین، باسی گرێ‌و ئاڵۆزییەکان، ئەو ماڵەش ماڵی سێکس بوو، ئەو باڵەخانە ئەفسانەییەی کە رەنگە زۆربەی تەقینەوەو داهێنانەکانی ئەدەبی کوردی ئەو چەپاندنە هاندەرو پاڵپێوەنەرە بووبێت جودا لەو داهێنانەی کە لەئەدەبی خۆرئاوادا هەیە بەهەموو جیاوازیەکانی تێڕوانینیان بۆ سێکس؟"..

ئێمە لێرەدا بەدوو بەراووردکردنی دوو بەرهەمی شێرزاد حەسەن بەکاك هیوا قادر دەڵێین کە تۆ زۆر بێ ئاگای‌و بەهەڵەدا چووی چونکی نموونەکانی شێرزاد حەسەن لەجیهاندا زۆرن‌و ئەویش هیچ ئیزافەیەکی نەکردووەتە سەر ئەوەی ئەوان. ئەویش هەردوو چیرۆکی (کەڵەکوڕان‌و ئاسکە کچان)و (عزرائیل) شێرزاد حەسەن لەگەڵ چیرۆکی (مەرگی گوڵە یاسەمین)و رۆمانی (پیاوی لم)دا.

### رۆمانی پیاوی لم:

تەوتەم‌و تاپۆکەی (فرۆید) لەرۆمانی "پیاوی لم"ی (ی.ت.أ. هۆڤمان)دا رەنگی داوەتەوە کە پووختەی ئەم رۆمانە لەکتێبی (أدب الفنتازیا مدخل الی الواقع)دا بڵاوبووەتەوە لەگەڵ شی کردنەوەیەکی سایکۆلۆژیدا..

(ناثانیل) پاڵەوانی رۆمانەکەیە لەگەڵ خوشك‌و براکانیداو باوکەکەیان کابرایەکی دڵڕەق‌و توندو تیژو هەوەس بازە.. باوکەکە هەمیشە لەژن‌و منداڵەکانی دابڕاوەو لەژوورەکەی خۆیدا خۆی دوورەپەرێز گرتووە لێیان. شەوانەیش لەگەڵ ژنەکەیدا مومارەسەی سێکسی دەکات، مومارەسەیەکی زۆرەملێ لەلایەن پیاوەکەوە. (ناثانیل)ی کوڕیان دەیەوێ بەدزیەوە سەیری ئەو مومارەسەیە بکات،

بەڵام لەترسی کوێربوونو (پیاوی لم) ناتوانێ حەزەکەی بەدی بهێنێ ئەنجامیش تەقینەوەیەک لەژوورەکەیدا روودەداو باوکی (ناثانیل) دەکوژرێ، واتا لەناوچوونی تەوتەمەکەو فەنابوونی باوک سالاری..

* لەشەوی ئەنگوستە چاودا مومارەسەی سێکس دەست پێ دەکات لەنێوان باوکو دایکیاندا، گەرچی لەروانگەی دایکە بێ دەسەڵاتەکەوە مەسەلەیەکی ترسناکەو پەرۆشی باوکەکەیش جۆرە هەرەشەیەک دەگەیەنێ..

* هەر کە منداڵەکان بەو شێوەیە بێ ئومێد دەبن، دوای ئەوەی باوکەکە دەخزێتە نێو ژوورەکەی خۆیو بێ دەنگ دەبنو دایکەکەیان خەم دایدەگرێو منداڵەکانی ئاگادار دەکاتەوە دەبێ بچنە نێو جێگاوە چونکی (پیاوی لم) وابەرێوەیە بۆلایان.

* منداڵەکان ئاگادار دەکرێنەوە کە تەماشای ئەو مومارەسەیەی نێوان باوکو دایکیان نەکەنو دووکەڵی سەبیلەکەی باوکیان بیناییان لێڵ دەکات. کەواتە باوکە بەدرەفتارەکە (کۆبیلوس) ئەو باوکەیە کە مومارەسەی سێکس دەکاتو لەخەیاڵی منداڵ"کەدا باوکێکی تۆقێنەرە، هەر ئەو باوکەیشە -ناثانیل- حەزی لێیە بەدزیەوە تەماشایان بکات لەکاتی مومارەسەداو سزای بەدی هاتنی ئەو حەزەیش کوێربوونە، چونکی هێندە ترسی باوک سالاریەکە زاڵە ناثانیل باوکی وادێتە بەرچاو کەچاوی ئەو کەسانە دەردێنێ تەماشای ئەو جۆرە مومارەسانە دەکەن.

## چیرۆکی عیزارائیل

پاڵەوانەکەی چیرۆکی (عزرائیل) کوڕی خێزانەکەیەو بەزمانی ئەوەوە چیرۆکەکە دەگێردرێتەوە، خێزانەکەیشی پێکهاتووە لەباوکێکی دڵرەقو دایکێکی بێ دەسەڵاتو خوشکو براکانی، باوکەکە وەکو هەر باوکێك لەکۆمەڵی باوکسالاریدا، هەمیشە لەهەموو شتێکدا لەژنو منداڵەکانی دوورەپەرێزو دڵرەقە بەرامبەریان، وەکو باوکەکەی (حەسار)یش خۆشەویستیەکی شاراوەی هەیە بەرامبەریان. ئەویش شەووانە ژنەکەی پەلکێش دەکا بۆ نێو پێخەف بۆ مومارەسەکردنی سێکس، دایکەکە منداڵەکانی بەعیزرائیل دەترسێنێ تاکو شەوان لەژێر لێفەکەوە سەر دەرنەهێنن نەبا مومارەسە سێکسیەکەی نێوان دایکو باوکیان ببینن. (سمە) لەچیرۆکی (عیزرائیل)دا بەدەردی (کۆبیلۆس) لەژوورەکەی خۆی ناسوتێ بەڵام چیرۆکەکە بەگلەیی کردن لەبێ دەسەڵاتی دایکی پاڵەوانەکەو خۆبەدەستەوەدانی بۆ باوکەکە کۆتایی دێت.

* وەی لەددانە زەردەکانی کە جگەرە ژەهراوی کردون..

* دوای چی دایکە.. دوای چی؟ من لەوساوە زانیم ئەو عیزرائیلەی تۆ باست دەکرد دەخزایە ژێر پێخەفەکەت باوکی ئێمە بوو.

* رۆڵەکانم کچو کوڕە شیرینەکانم شەوانە کە چراکەم کوژاندەوە لێفەکە بەسەرچاوتان دادەن، شەوانە فریشتەکانی ئاسمان دێنە خوارێ.

* رۆڵە نەکەی لەژێر لێفەکەوە سەردەربێنی، ئەوەیان عیزرائیلە، هیلاکی رۆح کێشانی خەڵکەو هەندێ شەو لێرەوە تێدەپەرێ، هیچ دیوارو بەربەستێك بۆ ئەوان نیە..

* لەژێر لێفەکەوە هەر هەموومان راچەنین، من لەشەرمان جۆگەلەی پشتم ئارەقەی کرد، سووك رووەو پێخەفەکەی تۆ هەنگاوی دزانەی نا، بەچاوی چەپم لەکونی لێفەکەوە بەدیم کردن.

* وای لەبێ دەسەڵاتی تۆ دایکە..

* * *

* "هیوا قادر: تۆ بەقاچی برینداروە لەسەر وردە شوشەی ئەو پەنجەرانە سەمات دەکرد کە بەبەردەکانی تۆ شکابوون (ئەو پەنجەرانەی کە پەنجەرەی یەقینی چیرۆکنووسانی پێش خۆتو سەردەمی خۆت بوون، ئەو سەماکردنە لای تۆ دەکرێت بکرێتە شوناس؟".

* "هیوا قادر: مەبەستم لەجیاوازی ئیقاعو (شوناسو سەمای جیای تۆ) لەنێو هەراو زەنای تەقلیدیەتی ئەو سەروەختە، بێ باکو چاوقایم لەدۆڕاندنی ئەو حورمەتە کۆمەڵایەتیە کە داوای لەنووسەر دەکرد لەکارخانەکانی ئایدیۆلۆژیا پاڵەوانە سوپەرمانەکان بخولقێنیت، "گوڵی رەش" ئەگەرچی بەقەهرو توورەبوونێکی چینایەتیەوە دەرکەوت لێ جیا لەشەرگەکانی ئایدیۆلۆژیا دەکرێ لەوێوە پشتکردنی یەکجارەکی تۆ بێ لەتەقلیدیەت؟"..!..

دیسان دەبێ کاك هیوا قادر بزانێت کە چیرۆکی (گوڵی رەش) زۆر چیرۆکێکی تەقلیدیەو، مەنەلۆجی

ئاشقێکی دۆڕاوە. چیرۆکی خۆشەویستی نێوان (حەمە)و (هێرۆ)یە. هێرۆ کچی خێزانێکی دەوڵەمەندە لەگەڵ حەمە حەز لەیەکدی دەکەن و دەردەکەوێ کە لەیەك ئاپارتمان یان لەیەك حەوشەدا بن، دەبێ ماڵی هێرۆ لەسەرەوە بێ و ماڵی (حەمە)یش لەخوارەوە بێ. ئەوەتا دەڵێ: "ئەم پەنجەرەیە بکەرەوە.. سەرێ خوارکەوە، وەك فریشتە، فریشتەیەکی بێ دڵ سەیرمان بکە..". دیاریشە (هێرۆ) زۆر حەزی لەبەخێوکردنی گوڵە بۆیە دەڵێ: "تاکەی ئەو گوڵە مۆرانە ئاو نادەی؟"..

(حەمە)یش لەبنەماڵەیەکی هەژارە لەگەڵ خۆی و دایك و باوکی و براو خوشکەکانی: بۆیە دەڵێ: "هێرۆ گیان من هەر ئەوەندەی چڵەگیایەك بووم کە گوێم بە "نی‌یە" زرینگایەوە" ل٧.. – گوڵی رەش–. هێرۆیش لەبنەماڵەیەکی دەوڵەمەندەو بۆیە دەڵێ: "ئێوەمانان گوڵی رەشیش پەیدا دەکەن، هەر بۆ شانازی لەهەندەرانەوە دەیکڕن.." ل١٤ گوڵی رەش.

(حەمە) قوتابی زانکۆیە: "ئەمساڵ زستانێ، لەنێو بەغدای غوربەت و قەڵەباڵغی، لەسەر شۆستەو بەردوکان و ناو چێشتخانەو زانکۆی پڕ بەندەی نامۆو نەناسیاو.." ل٢١.. دوای ئەوەی حەمە دەگەڕێتەوە بۆ شارەکەیان دێتە بەرانبەر پەنجەرەکەی ماڵی هێرۆ رادەمێنێ و داوای لێ دەکا بێتە دەرەوە: (دە ئەو پەنجەرەیە بکەرەوە)، حەمە زۆر نائومێد دەبێ، حەمە نازانێ هێرۆ شووی کردووە یان مردووە، دیاریشە هێرۆ مردووە چونکی لەکۆتایی چیرۆکەکە دەڵێ: "ئیتر تەواو؟ ماڵئاوا، ماڵئاوا ئەی گوڵە دڵگیرو تینووەکە.. ماڵئاوا ئەی گوڵە مۆرە مردووەکە.. ماڵئاوا.. ماڵئاوا..".

بێ گومان لێرەدا خەیاڵ دەمانباتەوە سەر رۆمانێکی میسری کە بابەتی زۆرەو باس لەچیرۆکی دوو ئاشقی دۆڕاو دەکات کە نووسەرەکەی (محمد عبدالحليم عبدالله)یەو رۆمانەکەیشی ناوی (شجرة اللبلاب)ە واتا (لاولاو) ساڵی ١٩٤٩ نوسیویەتی.

بێگومان ئەم رۆمانەش باس لەخۆشەویستی دەکا لەنێوان کوڕە پاڵەوانەکە، ئەویش بەراناوی قسەکەر، چیرۆکەکە دەگێڕێتەوەو، لەگەڵ کیژێکی دەوڵەمەند کە ناوی (زەینەب)ە..

کوڕەکە لەبنەماڵەیەکی هەژارە کە پێك هاتووە لەباوکێکی دڵڕەق و دایکی و خوشك و براکانی، دوای ئەوەی خوێندنی دواناوەندی تەواو دەکا، روو دەکاتە (قاهیرە)ی پایتەخت بۆ خوێندنی زانکۆ لەکۆلیجی ئەندازیاری، لەقاهیرە لەماڵی ژنێکی دەوڵەمەند ژوورێك بەکرێ دەگرێ لەقاتی خوارەوە، ژنەکە کیژێکی هەیە ناوی (زەینەب)ە لەگەڵ کوڕە قوتابیەکە خۆشەویستی لەنێوانیان دروست دەبێ، (زەینەب) زۆر حەزی لەگوڵ بەخێوکردنە، بۆیە باڵەکۆنەکە پڕ لەئینجانەی گوڵ دەکا هەروەها لاولاوێکیش شۆڕ دەکاتەوە بۆ سەر پەنجەرەی ژووری کوڕە خوێندکارەکە. زۆر ئاشقی یەکدی دەبن، نامەی دڵداری زۆر دەگۆڕنەوە، دوای ئەوەی کوڕە خوێندکارەکە دوو حەفتە سەفەردەکاو نادیار دەبێ لەو ماوەیەدا کیژەکە دەست دەکا بەخواردنی حەپی خەو، ئەنجامیش بەحەپ خۆی دەکوژێ وەکو دایکی زەینەب بۆی دەگێڕێتەوە..

"وقلت ف نفسى: اذن ينبغي أن أودعها، ينبغي أودع الوجه الجميل قبل أن تقع عيناي على وجوه لأحب أن اراها، ألقيت الخبر اليها من النافذة وكانت تسقي شجرة اللبلاب وتغدو وتروح بين الاصص والازهار كأنها تناغيها" شجرة اللبلاب ص١٢٨.

واتا: "بەخۆمم وت: کەواتە بامالئاوایی لێ بکەم، دەبێ ماڵئاوایی لەو روخسارە جوانە بکەم بەر لەوەی چاوم بکەوێ بەسەروچاو گەلێ کە حەز بەدیتنیان ناکەم، هەواڵەکەم لەپەنجەرەوە بۆی فڕێدا، بەئاودانی دار لاولاوەکە خەریك بوو لەنێوان ئینجانەکان و گوڵەکان دەهات و دەچوو وەك بڵێی دەیانلاوێنێ" لاولاو/ ل١٢٨.

(دە دەی ئەو پەنجەرەیە بکەرەوە.. گوڵە مۆرەکانی ناو هەردوو ئینجانەکە ئاوبدە، خەمی منیش، ترسی جودایی بڕەوێنەوە، لەسەر ئەم بانە نیمچە تەپیوەدا وشك بووم، چاوەڕوانی و تاسەی رووە جوانەکەت پەکیان خستووم) گوڵی رەش ل٥..

"لكني لاادري لم حدث بيننا هذا الذي حدث، انني خجلان ولكنني ندمت، وهذه حزمة رسائلها الوردية، أحتفظ بها وأذود عنها يد الزمان الى أن أموت" شجرة اللبلاب ص١٣٦..

"نازانم بۆچی ئەمە روویدا لەنێوانمان، شەرمەزارم بەڵام پەشیمانم، ئەمە چەپکێك لەنامە گوڵینەکانیەتی، هەڵمگرتوون و لە دەستی زەمانە دەیانپارێزم تادەمرم".. لاو لاو– ل١٣٦.

"ژووری هەمیشە تەنیام.. بێ تۆو بێ نامەکانت چۆن بژیم؟ دەنگو رەنگی تۆم پێ نەگا چی بکەم؟ تابەسەر خۆمدا زاڵ دەبم زەمەنی دەوێ.." گوڵی رەش- ل٢١..

"وهكذا كانت حياتي.. حب وشعر وموسيقى.. وأنوار وأزهار، وتجرد من المادة بحيث لم يكن أحدنا يحس جسم صاحبه إلا في أعقاب القبلة الطويلة" شجرة اللبلاب ص١٣٩.

"ژیانم بەم جۆرە بوو، خۆشەویستیو شیعرو مۆسیقا.. رووناکیو گوڵو دابڕان بەجۆرێك هیچ یەکێکمان هەستی بەوەی دیکە نەدەکرد تەنها پاش ماچی درێژ نەبێ" لاو لاو ل١٣٩.

"وەرە خوارێ.. بابۆ جارێکی ترو دواجار بتبینم.. بۆ کاسێتی ئەو مۆسیقا دلگیرە ناخەیتە سەر.. ئەو مۆسیقا ناسکەی هەزارەها رەنگو بۆنی خۆشم بۆ دێنێ.. بە "بیتهۆڤن" و (مۆزارت)و ئاشنا کردی.." گوڵی رەش ل٢٥..

جامن لێرەدا دەپرسم لەکاك هیوا قادر کامەیە پشتکردن لە تەقلیدیەت لەم چیرۆکەی (گوڵی رەش)دا؟! چونکی هەردوو چیرۆکەکە بەهێڵی سەرەکیو حیبکە لەگرفتی ئەشقی دۆڕاو دەدوێن.

چیرۆکی (دار لاولاو) ساڵی ١٩٤٩ نوسراوەو گوڵی رەشیش لەناوەڕاستی هەشتاکان..

* "هیوا قادر: هەیبەتی تۆقێنەری باوکە مردووەکان گەورەترە لەزەبری تۆقێنەری ئەو باوکانەی تائێستا لەژیاندا ماون، چونکە لەرۆژی مردنی باوکەکانەوە چەند بەرابەری تەمەنی خۆیان لەکۆمەڵگای ئێمەدا دەژێنەوە، رۆمانی (حەسار) خوێندنەوەیەکی وریایانەی کۆمەڵگا بتپەرستە کوردیەکەی ئێستایە، پەژیوانبوونەوەو ترس لەتەنیاییو ئازادیو بێ حەسار ژیان درێژبوونەوەی ژیانی مەنفایە لەلای هەموومان، ئێمە چۆن بتوانین تازە لەگەڵ ژیاندا ئاشتبینەوە کە خەونەکانمان پێش خۆمان دەکوژرێ؟"..

لێرەشدا دەبێ ئەوە بڵێین کە خوێنەوارێکی وەکو (بەرزان فەرەج) ئەویش باسێکی هەیە لەژمارە (٥)ی گۆڤاری (رەهەند) لەسەر رۆمانی (حەسار)، نازانم چۆن ئەویش (تەوتەمو تابۆ)ی فرۆیدی نەخوێندۆتەوە، یان ئەو باسەی (مۆریس گۆدولییە) کە لەژمارە (١٠)ی گۆڤاری (النهج) ساڵی ١٩٩٨ بڵاوبووەتەوە، کەوەختی خۆی فرۆید وەکو باسێکی جیاکار نووسیویەتیو دێت ئەم حوکمە لەسەر (حەسار) دەداتو دەڵێت: (شێرزاد ئەفسانەیەکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە رووی نەداوە)..

ئێمە هیچ پرسیارێك ناکەینو باخوێنەری کورد بچێ یان گۆڤاری (النهج) ژمارە (١٠) بابەتی (کوشتنی باوكو قوربانیدانی سێکس) بخوێنێتەوە لەگۆڤاری عەرەبی، یان ئەو باسە بەوەرگێڕدراوی بخوێنێتەوە لەگۆڤاری (گەلاوێژی نوێ) ژمارە (٥).. بۆی دەردەکەوێ کە قسەکەی کاك بەرزان فەرەج وانیە. وائێمەیش لێرەدا بەراووردکردنێکی مەوزوعیانە دەخەینە روو بۆ ئەوەی بزانین کە (حەسار) هەروەکو هیوا قادر دەڵێ چەند خوێندنەوەیەکی کوردانەیە، بەبێ ئەوەش نە (رێبین ئەحمەد)و نە (بەرزان فەرەج)یش لەم لایەنەوە نە لەدوورو نەلەنزیك ئاماژە بە(تەوتەمو تابۆ)کەی فرۆید ناکەن یان باسی کتێبی (موسا)ی فرۆید..

## تەوتەمو تابۆکەی فرۆید

پووختەی تەوتەمو تابۆ: دەکرێ بەسێ قۆناغەوە:

قۆناغی یەکەم: وەسف کردنی ئاپۆرایەکی پڕ ئاژاوە لەخەڵکانی سەرەتای لەناویاندا باوك لەگەڵ ژنو کچو کوڕەکانیدا. کۆنترۆڵی موتڵەقی ئارەزووی سێکسی ژنو کچەکانی کردووە. بۆ ئەمەیش باوکەکە پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی هێزو هەڕەشەو گوڕەشەو، شەهوانیەتی سێ:سی کوڕەکانی بەرامبەر بەدایکیانو خوشکەکانیان رووبەڕووی ئەم توندو تیژیەی باوك دەبنەوە تادەگاتە مەسەلەی خەتەنەکردن..

قۆناغی دووەم: پیلانی کوڕە بێ بەش کراوەکانی کە بڕیار دەدەن یاخی ببن دژ بەیاسای باوكو یەکجارەگی رزگاریان بێ لێی.

قۆناغی سێیەم: دوای تاوانی کوڕەکان (واتا کوشتنی باوك) لەجیاتی ئەوەی دایکانو خوشکانی خۆیان دابەش کەن هەست دەکەن کەخۆیان پابەندی هەمان ریبازکردووە کە بۆتە هۆی کوشتنی باوك، بۆیە هەر لە خۆیانەوە لێی پەشیمان دەبنەوەو ناچار دەبن لەدەرەوەی ئاپۆرا پڕ ئاژاوەکەی خۆیاندا ژن بدۆزنەوە..

نۆڤلێتی (حەسار)

باوکێك حەسارێکی دروست کردووە، ژنەکانیو کوڕو کچەکانی تێدا حەشار داوەو یۆتۆپیایەکی دیکتاتۆرانەی بۆ خۆی دروست کردووە. کوڕو کچەکانی بەزەبرو زەنگ سەرکوتی سێکسی کردوون، بۆیە کوڕەکانیو کچەکانی بیر لەیەکدی دەکەنەوەو سەرجەم کوڕو کیژەکان بیر لەکوشتنی باوکیان دەکەنەوەو لەئەنجامدا کوڕە گەورەکە باوکی لەسەر نوێن دەکوژێ، شورەی حەساریش هەرەس دەێنێو سەرجەم زینەوەرەکانی نێو حەسارەکە ئازاد دەبنو دواجار ئەوانی دیش پەشیمان دەبنەوەو دەیانەوێ دۆخی حەسار بگەڕێننەوە..

* "نۆبەرەی هەموان ئەرێ هۆ کاکی بێ غیرەتمان کەی ئەو ئەرژەنگە دەکوژیت، ئەو پیاوەی کە لەخەومان دەکاو ناهێڵێ خەون بەو شتە خۆشانەوە ببینین کە نەمان بینیوە؟.

لەدڵی خۆمدا دەموت: پەلە مەکەن ئەمڕۆش نەبێ بەیانی هەر دەیکوژم" ل٢٦.

* "خودایە.. کەی بێ باوکم بکوژم تابتوانم سەربەستانە ئافرەتێك لەباوەش بگرم؟ کەی بێو بتوانم دەرگاکانی حەسار والآ بکەم.." ل٢٧.

* " هۆ کاکی ناپاکمان.. ڕۆڵەی جەربەزەو هەلپەرست.. تۆ چیت بەئێمەو چیت بەخۆت کرد؟ فریامان کەوە. فریای خوشکانو دایکانی هەمیشە نەگەبت.. هەمیشە دۆڕاو، ئێمە هەموو بیری دەکەین.. کوا چیت لەباوکی عەگیرو چەڵەنگمان کرد؟ کوا چیت لەمێردی میرخاسمان کرد؟" ل٦٠.

* "هیوا قادر: بۆ یەکەمجار لەچیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا ئەو پاڵەوانە دەرکراوانەمان بینی کە لەچیرۆکی کوردیدا جێیان نەدەبووەوە، تۆ دەستی پاڵەوانە فەرامۆشکراو تەنیاکانو تاکە زەلیلو یاخیو ماندووەکانت گرتو هێناتنەوە ئەو ماڵەی کە لێوەی دەرکرابوون، لێرەوەیە بۆ داکۆکی لە ئازادییە بچکۆلەکانی تاك دەکەیت کە لەخانەکانی بەکۆمەڵ ژیانو بەگەلە مردندا خرابوونە تاقە تاریكو نهێنیەکانی کۆمەڵگەی کوردیەوە؟".

تۆ بڵێی کاك هیوا قادر مەبەستی لەچیرۆکی وەکو (مارلین)و (نهێنی) بێ کە بەتەنها پاڵەوانی دەرکراوی کوردنین؟. وێنەیان زۆرە لەئەدەبی بێگانەداو هەموو نموونەمان بەرچاو کەوتووە.. ئێمە لێرەدا سووکە بەراوردێك دەکەین، دیسان تەئکید لەسەر ئەوە دەکەم کە من کەس بەتۆمەتی وەرگرتن تاوانبار ناکەم. دیارە تەئسیرو تەئەسووریش هەیە، بەڵام نابێ خۆمان لەهیچ بوارێکدا بەداهێنەر بزانینو کەسیش بەبێ ئاگایی بەداهێنەر لەقەڵەم بدەینو بڵێین ئەوەی تۆ کردوتە کەس نەیکردووە..!

چیرۆکی (مارلین)ی شێرزاد حەسەن بەناوی پاڵەوانەکەیەتی، (مارلین) ژنێکی بیانییەو بۆ خزمەتکردن هاتبووە کوردستانو دەمرێو تەرمەکەی دەبەنە گۆڕستان، دوای شاردنەوە، هەر کە خەڵکەکە دەڕۆن ئەویش لەگەڵ ژنە مردووەکانی دیکە زیندوو دەبێتەوەو دەکەونە دەمەتەقێ، مارلین وەکو ژنێکی ڕووناکبیر دەوری سەرەکی هەیە لەچیرۆکەکەداو هەر ژنەو دەردی سەری خۆی دەگێڕێتەوە بەدەست باری دواکەوتوویی کۆمەڵو مێردەکەیەوە.. لە گۆڤاری (المدى) ژمارە (١٤) ساڵی ١٩٩٦ بەشی دووەمی باسێکی نوسەری عێراقی (علی الشوك)م خوێندەوە کەباسی چیرۆکێکی دۆستۆیفسکی دەکات کە ئەو وەختی خۆی وەریگێڕاوەو لە گۆڤاری (الادیب المعاصر)دا بڵاوی کردووەتەوە، منیش بەکسەر فانتازیایەکی کوردیم بیرکەوتەوە کە لە نووسینی (شێرزاد حەسەن)ە بەناوی (مارلین).. علی الشوك نووسیویەتی: "تائەو سەردەمە ١٩٤٩- ١٩٥٢ هیچی دۆستۆیفسکیم نەخوێندبووەوە تەنیا کورتە چیرۆکێکی درێژی نەبێ سەبارەت بەکابرایەك کە چوو بوو بۆ بەخاك سپاردنی تەرمی خزمێکی خۆی، دواجار لەگۆڕستانەکە لەبەر هۆیەك دوادەکەوێو گوێ دەگرێ لەدەمەتەقێی نێوان مردووەکان کە دەیان ناسێتەوە، خۆی حەشار دەداو بەردەوام دەبێ لەگوێ گرتن لەو دەمەتەقێ سەیرو سەمەرانەی نێوان مردووەکان.. زۆر سەرسام بووم بەکەسایەتی (ئەڤدۆتیا ئەگنا تسیڤنا) لەو چیرۆکەداو دواجار کردم بەعەرەبیو لەگۆڤاری (الادیب المعاصر) کە یەکێتی نوسەرانی عێراق دەری دەکات بڵاوبووەوە).

وادەریش دەکەوێ کە کەسایەتی (ئەڤدۆتیا)یش ژن بێ.. گەلێ چیرۆکنووسانی کورد فانتازیایان نووسیوە، لەوانە (محمد موکری) لەچیرۆکی (گوڵێکی سوور)و (جۆلانە)و (شەوێك)و (چەرخو فەلەك) هەروەها عبدالله سەراجیش لەچیرۆکی ژووری ژمارە

(١١)داو چەند چیرۆکی دیکە، هەروەها حسین عارف لەکۆمەڵە چیرۆکی (کلاَفەیەك ژانی تووڕە)دا..

یان چیرۆکی (نهێنی) پاڵەوانەکەی بێوەژنێکی غەریبو حەڵوافرۆشە لەگەڕەکێك هەر کە دەمرێ ماڵو حاڵی تالاَن دەکرێ لەلایەن ژنو منداڵانی گەڕەکەکەوە هەر لە کەوچکەوە تا دەگاتە کاریتەی خانووەکەیو دەیکەنە کەلاوە.. ئەوەی ڕۆمانی (نۆربا)و گازانتزاکی خوێندبێتەوە یەکسەر ئەو بێوەژنە فەرەنساییەکەی بیر دەکەوێتەوە لەگوندێکی دوورگەی کریت کەناوی (بۆبۆلینا)یە دۆستی (نۆربا)یە ئەویش بەدەستی ڕەنگینی خۆی بەکاری چنین خۆی بەخێو دەکا، بەلاَم ئێوارەیەکیان کتو پڕ لەرزوتا دەیگرێو دەمرێو خەڵکی ئاوایەکەیش هەمیشە چاوەڕێی مەرگی ئەو بێوەژنە بوون، هەر کە دەمرێ منالو ژنی ئاواییەکە دەکەونە تالاَن کردنی هەموو بزرگوڕو شتەکانیو تەنانەت خانووەکەیشی داری بەسەر بەردیەوە ناهێڵن..

ئیدی کاك (هیوا قادر) ئەم پاڵەوانانە کەی پاڵەوانی چیرۆکی کوردی بوون تا لە چیرۆکی کوردیدا جێیان نەبووبێتەوە..؟!

* (هیوا قادر: ڕەخنەی کوردی تائێستا ڕەخنەیەکی قسەکەرە هێندەی ئەوەی ڕەخنەیەك بوبێت بیر بکاتەوە.. چاوساغێك بێو دەستمان بگرێ بۆ ناوی نهێنیو جوانی ئەو دەقانەی کە هەندێ جار نووسەر خۆی لێی بێ ئاگایە)!!

* (هیوا قادر: هاوئاهەنگی سیحری هارمۆنیەتی چیرۆکەکانتو شێرزاد لەکوێوە دێت؟ شێرزادی چیرۆکنووسو شێرزادی مامۆستا؟ تۆ زۆر بەسەغاوەتەوە دەستی دەیەها لەقوتابیەکانت دەگرتو باسی خانە تابۆ کراوو حەرامەکانت بۆ دەکردن، تۆ دەزانیت یەکێکیت لەو نووسەرانەی کە لەتووڕەبووندا جوانیت؟!)!!

ئێمە لەوەلاَمی ئەم پرسیارەدا نالێین ئەوانەی شێرزاد حەسەن وتوونی جوان نین، بگرە دەڵێین بێ وێنە نین، کەسانێکی زۆر بەر لەئەو هەبوون باسی خانە تابۆکراوو حەرامەکانیان کردووە، هەر بۆ نموونە لێرەدا بەراوردێك دەخەینە ڕوو لەنێوان چیرۆکی (کەڵە کوڕانو ئاسکە کچان)ی شێرزاد حەسەنو چیرۆکێکی (زەکەریا تامر) بەناوی (مەرگی گوڵە یاسەمین)..

## چیرۆکی کەڵەکوڕانو ئاسکە کچان

سەرەتا ئەوەدەڵێم کەکاك (ڕێبین ئەحمەد هەردی) لەو نووسینەیدا بەناوی (کوشتنی باوکی کوردی) کە لەژمارە (١)ی گۆڤاری گەلاوێژی نوێدا بلاَوبووەتەوەو هەروەها لەژمارە (٥)ی گۆڤاری (ڕەهەند)یشدا پێشەکیەکی بۆ زیاد کردووەو بلاَوی کردوەتەوە.. لەم باسەدا دەڵێ: (وەك لەسەرەتادا ئاشکرامان کرد ئەو دوو چیرۆکەی بۆ پشکنین هەڵمان بژاردوون هەردوو چیرۆکی (حەسار)و (کەڵە کوڕانو ئاسکە کچان)ە دیارە ئەم هەڵبژاردنە لەخۆمەوە نیە، چونکی لە جەوهەردا هەردوو چیرۆکەکە لەیەك گرفت دەدوێنو دیوێکی یەك دیاردەمان بۆ ئاشکرا دەکەن).

جارێ من بەش بەحاڵی خۆم ئەم بۆچوونەم بەلاوە سەیرە، جارێ حیبکەکەی هەردوو چیرۆەکە دیاردەنین، بگرە کێشەیەکی ئەزەلی هەبوونی مرۆڤە، چیرۆکی یەکەم (حەسار) لەمەسەلەی باوك سالاری دەدەوێ، جارێ ئەو باوکەی کە (ڕێبین ئەحمەد) یان چیرۆکی (حەسار) لێی دەدوێن باوکی کوردی نیە، دەشێ لەولاَتێکی ئەفەریقی وەکو (غینیای نوێ)دا هەبێ لەناو گەلی (بارۆیا) کە نێر تیا دەسەلاَتی موتلەقی هەیە. کۆمەڵی کوردی لە کۆمەڵگا هەرە دواکەوتووەکان نەبووە، لەمێژووەکەیا نەهاتووە هەرگیز کە کورد بت پەرستی کردبێ یان تەوتەمی هەبووبێ، واتا ئەو تەوتەمە جێگای ئایینی گرتبێتەوە، بۆ نموونە وەکو چۆن لەئاینی هندۆسەکان مانگا وەکو تەوتەمێك تەماشا دەکرێو لەلایان پیرۆزە، بگرە کورد هەمیشە بەدەنگی ئایینە ئاسمانیەکانەوە چووەو ویستوویەتی سەرخانی خۆی بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی لەدوا کەوتوویيو جەهالەت ڕزگاری ببێ، تەنانەت لەکۆمەڵگای دەرەبەگایەتی کوردیشدا باوك تاکە دەسەلاَت نەبووە، بگرە لەپاڵ دەسەلاَتی باوکا دەسەلاَتی دایکیشی هەبووە، لەناو کۆمەڵی کوەردەواریدا دایكو باوك هاوشان بوون بۆ دامەزراندنی ژێرخانو سەرخانی خێزانو کۆمەڵ.. بۆ نموونە لەلادێکانی کوردا لەنادیاری پیاودا ژن بەهەموو ئەرکەکانی پیاو هەڵدەسێ تەنانەت پێشوازی کردن لەمیوانە پیاوەکانیش، یان لەسەردەمە دێرینەکاندا زۆر جار ژن بووەتە سەرەك

هۆزو فەرمانڕەوا. بۆ نموونە (خانزاد)ی سۆران و (قەدەم خێر)ی لوڕستانە، بۆیە هیچ کاتێ باوک خاوەنی دەسەڵاتی موتڵەق نەبووە لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا، هیچ کاتێ حەسارو شوورەی پۆڵایینی بەدەوری خانوو خێزانەکەیدا نەکێشاوە، بگرە دەسەڵاتی باوکی کوردی زۆر کراوە بووە، تەنانەت زۆر باوکی کوردی بایەخیان بەوە نەداوە حەوشەبۆ خانووەکانیان بکەن.. بۆیە ئەو باوکەی ڕێبین ئەحمەد باسی دەکا باوکی کوردی نیە، بگرە باوکی کۆمەڵگا سەرەتایەکانە.

بەهەرحاڵ حیبکەی چیرۆکی (کەڵەکوڕان و ئاسکە کچان) لەمامۆستایەکی قوتابخانەیەك دەدوێ، قوتابخانەیەکی تێکەڵ لە کوڕو کچ، مامۆستاکە کەبتی سێسکی هەیە، بۆیە هەرکە چاو دەبڕێتە تابلۆی ئاسکەکان کە لەسەرووی تەختە ڕەشەکەدا هەڵواسراوە، ئیدی لەخەونی بێداریەوە کەڵەئاسك و ئاسکە کچان و کوڕان و تێکەڵ دەبن و ئاژاوەیەکی سێکس دەقەومێ، قوتابیەکانی پۆلەکەیش سەرجەم رقیان لەخوێندنەو حەز بەجگەرەکێشان و بەزم و سەماو رابواردن دەکەن..

ئەم چیرۆکە لەسەر دوو رەگەز سەقام گیر بووە، یەکەم، قوتابخانەی ئاژاوەگێڕان (مدرسة المشاغبين) یان (بۆ مامۆستاکەم لەگەڵ سڵاودا) کە باس لەکۆمەڵی خوێندکاری ئاژاوەگێڕو تەمەڵ و حەزە نەکردن بەخوێندن و هەڵگەڕانەوە لەیاسای قوتابخانەو یاسای مامۆستایەتی دەکات..

* (قەت نەمدەزانی ئەوەندە رقیان لەکتێب و دەفتەرە).

* (وەش لەدەست ماتماتیك.. خۆ قوتارمان بوو..).

* (ئاخر من چیم داوە لەموتەنەبی و مەعەری؟).

* (ئادەی کچینە.. ئادەی کوڕگەل پەلاماردەن، بەقوربانتان بم.. ئەو قامچی و حەیزەران و دارانە بەدەست مامۆستاکانەوە نەهێڵن.. دەی فریاکەون یەکە یەکە رووتیان کەنەوە..

دووەم: ئاژاوەیەکی سێکس..

* (مامۆستا مێینەکان لەنێو مەوجی کەڵە کوڕاندا بزربون)

* (کوڕەکانیش بەکۆمەکی کچەکان وەك نە (با)یان دیبێ و نەباران (ست نەجیبە)یان رووتکردەوە.. ئەو جەستە رووتەیان خستە سەرشان و مل لەناوەڕاستی حەوشەکە رۆیشتن و دایانە بەر باران.. کەڵە کوڕان دەمیان بۆ جوانڵوی لەشی کردبووەوە.

## چیرۆکی مەرگی گوڵە یاسەمین

ئەمە چیرۆکێکی چیرۆکنووسی سوری (زەکەریا تامر)ە قارەمانەکەی مامۆستایەکی ژنەو ناوی (سەلما)یە، لەگەڵ (ست نەجیبە)ی چیرۆکی کەڵەکوڕان و ئاسکە کچانە یەکدەگرنەوە.. ئەمیش ژنێکی هەوەسبازەو لەخوێندنگایەکدا دادەمەزرێ، وتنەوەی وانەی پۆلی یەکەمی پێ دەسپێرن کە ژمارەی خوێندکارەکانی (٣٠) خوێندکارە، تەمەنی هیچ یەکێ لەخوێندکارەکان لەحەوت ساڵان تێ پەڕ ناکات. کۆمەڵێ خوێندکاری ناڕەحەت و بەرەڵاو ئاژاوەگێڕ حەز بەڕابواردن و جگەرەکێشان دەکەن. رقیان لەخوێندنەوەیە هەر کە مامۆستا ژنەکەیان داوایان لێ دەکات بخوێنن منداڵەکان ڕەتی دەکەنەوەو دەڵێن (نامانەوێ و بۆچی باشە؟).. بەو تەمەنە بچووکەی خۆیانەوە ئارەزووی مومارەسەی سێکس و سەماکردن دەکەن، خوێندکارەکان سووڕو گوڕی مامۆستاکەیان دەدەن و رووتی دەکەنەوەو بەدەست و پەنجە دەکەونە هەڵگلۆفینی گۆشتەکەی، ئەویش بەدەم قاقای پێکەنینەوە خۆی دەداتە دەستەوە بۆیان، ئاواتە خوازیش بوو لەمەوبەر لەگەڵ ئەو منداڵانەدا ژیابایە چونکی دەمامکە ڕەشەکانی زەویان هێشتا نەناسیوە..

ئەم چیرۆکەیش لەسەر دوو ڕەگەز سەقام گیرە، یەك:

ئاژاوەچیەتی خوێندکارەکان و بابەتی قوتابخانەی ئاژاوەچیان.. دوو:

کەبتی سێکسی..

* (هیوا قادر: لەودیوی حوزنی چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەنەوە، منالێ، عەشقێکی شەرمن و ناکام، ئافرەتێك، ناڕەنگبێت چەند ئافرەتێك، تەنیایی و خۆ خواردنەوە، من دەمەوێ بەشداری نهێنییەکانت بکەم، دەمەوێت تەنیا سێبەرەکانت لەودیو چیرۆکەکانەوە نەبینم.. باسی هەندێ نهێنی خۆشەویستی خۆتم بۆ بکە..)!!

ئەو منالّو عەشقە شەرمنو ناکامو ئافرەتو تەنیاییو خۆخواردنەوانەوە، لەمەوبەریش باس کراون، تەنها کاك شێرزاد حەسەن دواکەسە باس لەوانە دەکات.

ئەوەتا چیرۆکنووس (محمد موکری) لەساڵی ١٩٧٧ چیرۆکێکی نووسیوە بەناوی (موچرکە)ەوە لەکۆمەڵە چیرۆکی (نێچیر)دا بڵاوبووەتەوە، کاتی خۆیشی لەژمارە (٤٨)ی گۆڤاری (بەیان) بڵاوبووەتەوە. پاڵەوانی چیرۆکەکە ناوی محەمەدە، کابرایەکی کەمدووە لەماڵ دەرناچێتە دەرەوە بەهۆی ئەو نابووتیەوە: (زۆربەی ژیانی رۆژانەی لەنێوان خواردنو خەوتنو سۆراغ بەدوای هەواڵی ئەکتەرەکانی سینەمادا دەباتە سەر).

(ئەمرۆ محەمەد گەلێ دلگیرە، حەز ناکات وەکو ئەو رۆژانەی کە ئاسمان چلکنو بۆر هەڵدەگەرا خۆی بەتەلەفۆن کردنەوە بخافڵێنێ، کەچی وردە وردە خۆی لەتەلەفۆنەکە نزیك کردەوە. بەنیازی ئەوەی هەندێ قسە لەگەڵ خوشکە فەرمانبەرەکەیدا بکات، نێ بەڵکو کچە دەنگ ناسکەکەی تەنیشتی خوشکەکەی تەلەفۆنەکەی هەلگرێ!) –موچرکە–.

پاڵەوانی چیرۆکی (کەوتنی ژمارەکان)ی شێرزاد حەسەنیش ناوی کەماله لەماڵەوە هەست بەتەنیایی دەکا: (دەفتەرەکە دەردێنێ تاتەلەفۆن بۆ کەسێك بکەیت، نێرێك، مێیێك، خزمێك).. ئەویش وەکو (محەمەد)ی چیرۆکی مورکە نابووتە: (من خوشکەزا ناشیرینەکەی خۆتم).. (محەمەد)یش دەڵێ: (من بەرەنگ نابووتم بەدەنگ بۆ؟)..

پاڵەوانی چیرۆکی (موچرکە) کە تەلەفۆن لەگەڵ خوشکەکەیدا دەکات دەنگێکی گڕتێکەڵ بەدەنگیان دەبێ: (لەپڕ دەنگێکی نێرانەی گڕ تێکەڵ بەدەنگەکەیان بوو) ـ موچرکە ـ

لەچیرۆکی (کەوتنی ژمارەکان)یشدا کاتی کەمال تەلەفۆن بۆ برادەرێکی دەکا: (دواجار راچەڵەکینو لەودیو تەلەکەوە دەنگێکی گڕ: (ئەوە تێکچووی فیلمی چیو کوڕە ئازای چی؟ بەناموسم لەهەموو ژیانما وڕێنەی واخۆشم نەبیستووە، دایخەرەوە بێ ئەقڵ).. ـ کەوتنی ژمارەکان ـ

سەرچاوەکان:


١- الشعرية العربية – أدونيس – دار الاداب ١٩٨٥.

٢- گۆڤاری رەهەند ژمارە (٥) ١٩٩٨.

٣- گۆڤاری (النهج) ژمارە (١٠) دمشق ١٩٩٧.

٤- ادب الفنتازيا (مدخل الى الواقع.. ت.. ى.. أبتر، ترجمه صبار سعدون السعدون – وزارة الثقافة العراقية.

٥- تۆڤلێتی (حەسار).

٦- مەرگی تاقانەی دووەم.

٧- ئێوارەی پەروانە.

٨- گەڕەکی داهۆڵەکان.

٩- گوڵی رەش.

١٠- رواية شجرة اللبلاب – محمد عبدالحليم عبدالله.

١١- گەلاوێژی نوێ ژمارە (١)..

١٢- دمشق الحرائق – مجموعه قصص – زكريا تامر.

١٣- گۆڤاری (المدى) ژمارە (١٤) ١٩٩٦.

١٤- گۆڤاری (رامان) ژمارە (٢٧)و (٢٣).

١٥- مارلین، گۆڤاری (ئێستا) ژمارە (٣) ١٩٩٧.


١٦- مارسيل بروست والتخلص من الزمن – جيرمين بريه. ترجمة نجيب المانع، اصدارات دار شؤون الثقافية العامة – بغداد ١٩٨٦.

١٧- رواية فقهاء الظلام – سليم بركات.

١٨- گۆڤاری بەیان ژمارە (٤٨) ١٩٧٧.

١٩- کۆمەڵە چیرۆکی (نێچیر) محمد موکری – ١٩٩٨.

# بەرەو کوردستان




نوسینی/ شێری لەیزەر

خوێندنەوەی/ پەیوەند

تاکو ئێستا ئەوەی لەمێژووی کورد نووسراوەتەوە بەشێکی زۆری بیانیەکان یان باشتر بڵێین کەسانی غەیری کورد نووسیویانەتەوە، واتە زۆرێکی ئەو مێژووە نووسراوە کەمەی کورد کەلەبەردەستدایە تێڕوانینی خەڵکە بۆ کوردو مێژووەکەی، بۆ کوردو باری کۆمەڵایەتیو چۆنێتی ژیانو دابو نەریتو ئایینو سەرجەم ئەو بوارانەی کەلەژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئایینیو رۆشنبیریو ئابووری ئەم نەتەوەیەدا بوونیان هەیە. ئەوەیشی کەخەڵك لەسەر کورد نووسیوویەتی زۆرجار سادەو ساکارە چونکە کەسانی غەیری کورد وەکو جوگرافیایەکی ئاشکرانەکراو سەیری ئەم وڵاتو نەتەوەیەیان کردووەو پێیان وابووە هەر شتێکی سادەو رووکەشیش، ئەمان لەسەر ئەم نەتەوەیە بینووسن بایەخێکی دیاری دەبێت لەپرۆژەی ناساندنی کورددا بەگەلو نەتەوەکانی تر. یان دەشێ هەندێ لەوانەی هاتوونەتە کوردستانو ناوچەکە بۆ چەند مەبەستێکی تر هاتبنو دواتر ئەوەی بینیویانە نووسیویانەو مەرجنییە خۆیان لێکۆڵەرو توێژەربووبن، بەهەرحاڵ ئامانجی ئەوانە هەرچیەك بووبێت بەنووسینەکانیان خزمەتێکی باشی مێژووی ئێمەیان کردووە با نووسینەکانیان زۆر کەموکوڕیشیان تێدابێت. بێگومان لەداهاتووشدا دەردەکەوێت کەشەپۆلی بڵاوبوونەوەی رۆژنامەنووسو نووسەرو خەڵکانی تری بیانی بەکوردستاندا لەدوای راپەڕینەوە چەند نووسینی تری لێ بەرهەم دێت لەسەر کورد. کەدەشێ ئەو نووسینانەی ئەوانی رۆژئاوایش لەسەر کورد لەروانگەی کوردناسییەوە یان وەکو بەشێك لەرۆژهەڵاتناسی سەیر بکرێت.

یەکێکی تر لەو کتێبانەی کەلەدوای راپەڕین بەزمانی ئینگلیزی لەسەر کورد بڵاوبووەوە کتێبی ((بەرەو کوردستان))ی شێری لەیزەرە. ئەم کتێبە لە (١٥٠) لاپەڕەی قەبارە مامناوەندی پێکهاتووەو ساڵی ١٩٩١ لەریزی کتێبی زێدبوکس چاپکراوە. کتێبەکە لەدوو بەشی سەرەکی پێکهاتووەو بەشی یەکەم بریتییە لەنۆ دەروازەو بەشی دووەمیش بریتییە لەسێ دەروازە. ئەمە سەرباری پێشکەشکردنێکی کورت لەلایەن پیتەر گابرێڵو پێشەکیەکەوە لەلایەن هیلگا گراهامەوە. جگە لەمانە کتێبەکە چەند پاشکۆیەكو نەخشەی کوردستانی گەورەشی لەخۆی

گرتووە لەشێوەی دابەشکردنیدا بەسەر دەوڵەتانی دەوروپشتیدا.

هێلگا گراهام لەپێشەکیەکەیدا بەکورتی باسی کێشەی کورد دەکات لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کەچۆن تاکو ئێستا وەکو کێشەیەکی زیندووی چارەسەر نەکراو ماوەتەوەو چۆن بڕیارەکانی دوای وەستانی جەنگی یەکەمی جیهان ئەم نەتەوە گەورەیان فڕێدایە پەراوێزی مێژووەوەو دابەشیانکرد بەسەر کۆمەڵە دەوڵەتێکی هاوسنووری کوردستاندا، بەمەش گەلی کورد ناچاری خەباتێکی دوورودرێژ بوو لەپێناوی بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانیدا کەلەئەنجامی ئەو داواکارییە رەوایەیدا کورد دووچاری کوشتن‌و بڕین‌و ئەنفال‌و کیمیایی‌و جینۆسایدی بەکۆمەڵبووەو رۆژئاواش تاکو ئێستا دۆزی کورد لەروانگەی بەرژەوەندی خۆی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا سەیر دەکات کەکوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە.

هێلگا گراهام بەچاوی رەخنەوە دەڕوانێتە ئەو واقیعە تاڵەی کەدنیای خاوەن بڕیار بۆ نەتەوەیەکیان خوڵقاندووە کەجوگرافیای وڵاتەکەی بەقەد جوگرافیای فەرەنسایە بەڵام خاوەنی هیچ مافێکی خۆی نی‌یە.

گراهام لەسەرەتای ساڵانی هەشتادا چۆتە رۆژهەڵاتی ئێران بۆ بەرهەمهێنانی فیلم لەسەر کورد لەو ساتەوەختەدا کەبزووتنەوەی کورد لەئێراندا لەلوتکەی هێزو چالاکیدا بوو، لەو کاتەدا کەکورد لەشەڕێکی توندوتیژدا بوو

بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی. گراهام لەم گەشتەیدا شارەزایی زیاتر لەمەڕ دۆزی‌کوردو ژیانی سیاسی کوردەوە پەیداکردووەو رای وایە کورد بەشێوەیەکی تەقلیدی لەپێناوی مافەکانیدا شۆڕش دەکات‌و تاکو ئێستا لەو روانگەیەوە شێوازی خەباتکردنی کورد شێوازێکی دواکەوتووە چونکە تەنیا خەباتێکی چەکداری‌یەو دنیای رۆژاواش گوێی لەدەنگ‌و هاوارو ناڵینی کورد ئاخنیوەو ئەم نەتەوەو شۆڕشە رزگارییەی دەنگی بەدەرەوە ناگات.

هەروەها گراهام لەپێشەکیەکەیدا باسی رۆڵی مێژوویی کورد لەمێژووی ئیسلامدا دەکات کەچۆن لەساتەوەختێکدا دەوری رزگارکەریان بینیوەو توانیوویانە سەرکردایەتی سوپای ئیسلامی بکەن‌و لەشەڕی خاچپەرستاندا ئاڵای ئیسلام بەرزتر بکەنەوەو دوژمنانی ئیسلام بشکێنن کەسەرکردەی ئەو ئازایەتیەش سەلاحەدینی ئەیوبی بووە. بەڵام ئێستا کورد لەخراپترین شێوەدا دەژی‌و هەر ئەو دەوڵەتانە جینۆسایدی دەکەن کەسەلاحەدین باپیرانی رزگارکردن.

گراهام لەپێشەکیەکەیدا دەڵێت یەکێك لەگرفتە سەرەکیەکانی کورد ئەوەیە کەچۆن کێشەکەی خۆیان دەناسێنن. چونکە سەرباری بوونی سیمایەك لەژیانی شارستانی لەمێژووی نوێدا بەڵام هێشتا کورد کۆمەڵگایەکی جوتیاری سەرەتایی‌یەو توێژێکی کەمی خوێنەوارەو تاکو ئێستا بەشێوەی کۆنی خێڵایەتی خەبات دەکەن‌و وای دەبینن هەر چەمو شیوێك وڵاتێکی ترە.

لەدوای ئەم پێشەکیەوە خاتوو شێری لیزەر پانۆرامایەکی هەمەلایەنەی باری کۆمەڵایەتی‌و سیاسی باکوری کوردستان دەکات کەئەویش بەرهەمی گەشت‌و ژیان‌و مانەوەیەتی لەکوردستان لەکاتێکدا ئەم خانمە شوودەکات بەکوردێك. ئەوەش زیاتر رێگای هاتنە ناوەوەو تێگەیشتنی لەکۆمەڵگای کوردی بۆخۆش دەکات. خاتوو شێری لیزەر کتێبەکەی لەشێوەی گەشتی ژیاندا پێشکەش دەکات.

لەدەروازەی یەکەمی کتێبەکەدا نووسەر سەرباری ئەوەی باسی ژمارەی کوردو وڵاتەکەی دەکات‌و لەوە دەدوێت کەچۆن ئەم وڵاتە لەرووی ئیدارییەوە لەدوای جەنگی یەکەم دابەشکراو لەرووی سیاسیشەوە دابەش‌بوون بوو بەواقیعێك کەتاکو ئێستاش کورد ئازاری بەدەستەوە دەچێژن. بەڵام سەرباری ئەم بارودۆخە ناهەموارە سیاسیەش داگیرکەرەکانی کوردستان ئێستا کوردستانیان کردووە بەسەربازگەیەکی فراوان‌و کاتێ لەم وڵاتە گەشتێك بکەیت هەست بەهیچ سنوورێکی جوگرافی ناکەیت بەڵام هەرزوو دیمەنی سەربازگەو دروشمەکانیان پێت دەڵێن کام بەشە لەژێر دەسەڵاتی تورکیادایەو کام بەشە لەژێر دەسەڵاتی ئێران‌و عێراق‌و سوریادایە. لەراستیشدا کورد بەدەست ئەم واقیعە تاڵەوە ئازار دەچێژێت‌و هەوڵ‌و خەباتی سەرەکی بۆ رەتکردنەوەی ئەو واقیعەیە. چەکی هەرە بەهێزیشیان بۆ ئەو جەنگە بریتیە لەناسنامەو زمان‌و داب‌و نەریت‌و کولتوری نەتەوەییان لەگەڵ هەست

بەشانازی کردنێکی لەرادەبەدەر بەخۆیانەوە کەئەمانە سەرجەم هۆی مانەوەی ئەم نەتەوەیەن‌و بریتین لەپایەکانی بوونی.

لەم بەشەدا نووسەر باسی گەشت‌و گەڕانی خۆی دەکات لەباکووری کوردستانداو لەوە دەدوێت ئەگەر لەتورکیادا بچیتە قولاییەوە بەرەو ئەناتۆڵیا (ئەنادۆڵ)و لەوێوە بگەیت بەناوچەکانی سیڤاس ئەوا لەوێدا بەئاشکرا هاوڕێژەیی کوردو تورکت بۆ دەردەکەوێت کەچۆن لەدێرزەمانەوە خێڵە کوردەکان لەو هەرێمەدا جێگیربوون‌و داب‌و نەریت‌و ناسنامەی کوردایەتی خۆیان پاراستووە، ئەگەرچی سیاسەتی تواندنەوەی کوردیش لەتورکیادا لەوپەڕی توندوتیژی‌و دڕندەییدابوو‌بێت بەرامبەر بەکورد.

هەر لەم بەشەدا نووسەر باسی گەشتەکەی خۆی دەکات بۆهەندێ ناوچەی جۆراوجۆری باکووری کوردستان لەگەڵ چەند کەسێکی کورددا، کەلەو شوێنانە ئەم هاوڕێیانەی نووسەر خزم‌وکەس‌و کاریان هەبووە، ئەوەی لەم کەشتەدا نووسەر بەوردی نووسیویەتیەوە چۆنێتی هەڵسوکەوت‌و داب‌ونەریت‌و شێوازی ژیانی دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکانە. کەلەمیانەی ئەو خاسێت‌و سیما کۆمەڵایەتیانەوە هەر توێژەرێك بیەوێت دەتوانێت لێکۆڵینەوەی باری ژیان‌و پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگای کوردی لەو بەشەی کوردستاندا بکات.

لەدەروازەی دووەمی بەشی یەکەمدا نووسەر باسی ژیانی گوندنشینەکانی سەرسنووری تورکیاو ئێران دەکات کەچۆن ژیانێکی ناجێگیریان هەیەو چۆن سەرقاڵی ئەم دیوو ئەودیوون‌و سەرباری سنوورەوانەکانی تورك‌و فارس بەڵام کوردەگان کەمتر هەست بەو سنوورە دەستکردە دەکەن‌و پەیوەندی‌و تێکەڵاوییان لەگەڵ یەکتر هەیەو زۆربەشیان خەریکی بازرگانیەکی سنووردارن لەنێوان دەوڵەتەکانی سەرسنوورەکانیاندا. ئەمەش بۆئەمان کارێکی ئاسانە چونکە ئەوان نەلەرووی زمان‌و نەلەرووی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە هەست بەبوونی ئەو سنوورانەو جیاوازی دانیشتوانەکەی ناکەن.. دیسان لەوەش دەدوێت کەچۆن میتی تورکی لەسەر سنوورەکان هەموو توانای خۆیان بەکاردێنن بۆ ئەوەی رێگا لەودیاردەیەو لەپەڕینەوەی کوردی بەشەکانی تر بگرن بۆناو ئەو سنوورەی کوردستان کەلەژێر دەسەڵاتی تورکیادایە.

لەدەروازەی سێیەمدا هەندێ بەسەرهات دەگێڕێتەوە بەمەبەستی دەرخستنی ئاستی بڕوابوونی کورد بەخێوو خورافات‌و جنۆکە، هاوکات ئەوەش نیشان دەدات کەچۆن کوردەکان بڕوایەکی بەهێزیان بەخوا هەیەو بەپاڵپشتی ئایینیەکان هەوڵدەدەن خۆیان لەو خورافات‌و مەترسیانەی جێۆو جنۆکە دووربخەنەوە.

لەدەروازەی چوارەمی ئەم بەشەدا نووسەر دەربارەی گەشتەکەی بۆ شاری ئورفە دەدوێت ئەوشارەی کەزێدی شوانپەروەر یەڵماس گۆنەیە. لەوشارەشدا باسی چۆنێتی کوردبوونی شارەکە دەکات لەپێکهاتەی جوگرافی‌و مێژوویی‌داو چۆنیش دەوڵەت بەدەزگا موخابەراتیەکانی میت تەندویەتی‌و هەموو هێزێکی خۆی بەکاردەهێنێت بۆئەوەی سیمای کوردایەتی لەو شارەدا بسڕێتەوە، هەروەها نووسەر باسی هەڵس‌وکەوتی توندوتیژی میت دەکات‌و نمونەش لەسەر ئەوە دەهێنێتەوە کەچۆن پرسیاریان لەخۆی‌و مەبەستی گەشتەکەی‌و ناسنامەی مێردەکەی کردووەو ئەمیش بۆ دەربازبوون مێردە کوردەکەیی بەتورك ناوبردووە. کەئەوەش وەك بەڵگەیەك بۆ سەلماندنی دڕندەیی‌و توندوتیژی دەوڵەتی تورك بەرامبەر بەکورد دەهێنێتەوە.

لەدەروازەی پێنجەمدا باسی گەشتی خۆی بۆ هەندێ ناوچەی تری کوردستان دەکات، لەوانەش ماردین، وان، هەکاری‌و چەندین گوندو ناوچەی تر کەلەوجێگایانەش دەربارەی باری ژیانی کۆمەڵایەتی‌و سروشت‌و ئاوو هەواو فشاری لەرادەبەدەری دەوڵەتی ئەتاتورکی لەسەر کوردستان دەدوێت.

لەدەروازەی شەشەمدا دەربارەی ژیانی لادێی کوردستان‌و ئیش‌وکارو ئەرکەکانی ژنی کورد دەدوێت‌و باسی ئەوە دەکات کەچۆن ژنی کورد دەورێکی دیارو کاریگەری هەیە لەژیانی خێزانی کورداو رۆڵێکی ئابووری لەبەرچاو دەگێڕی‌و هەروەها باسی ئازادی‌و هەست بەخۆکردنی ژنی کوردی لادێنشین دەکات کەچۆن شان بەشانی پیاو لەژیانی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌دا ئامادەبوونی هەیە.

لەدەوازەی حەوتەمدا نووسەر باسی دڵسۆزیو شەرەفمەندی کورد دەکات لەگەڵ ئەوانەی کەتێکەڵاوی دەبن، هەرلێرەوە باسی ئاستی دڵسۆزی ژنی کورد دەکات بۆ مێردو خێزانو ژیانی خێزانداری، لەلایەکی تریشەوە لەچەمکی شەرەف دەدوێ لای کورد کەچەند جێگای بایەخەو کورد بەگشتیو ژنی کورد بەتایبەتی زۆر بەپیرۆز سەیری ئەو چەمکە دەکاتو پێ لێنانی لەژیانو کەلتوری کوردیدا گوناهێکی گەورەیەو سزای بەرامبەر خۆیی هەیە. هەر پێلێنانێکی شەرەف دەبێتە خاڵێکی لاواز نەك بۆخودی ئەو ژنە بەڵکو بۆ مێردو باوكو براو کەسو کارو خێڵەکەشی، بەڵام ژنی کورد بەگشتی سەری مێردو کەسوکاری بەبەرزی رادەگرێو شەرەفیان دەپارێزێت.

لەدەروازەی دواتردا نووسەر باسی گەشتی خۆی دەکات بۆدیاربەکرو پاشان بۆ تونچەلی، لەوێرا باسی سیمای کوردایەتیو خۆپیشاندانو شەڕو راپەرینی کوردەکان دەکات لەناوچە سنوورییەکاندا کەچۆن بەدرێژایی ئەم سەدەیە ئەم ناوچانە هێمنی بەخۆیەوە نەبینیوەو هەمیشە کوردەکان بەشێوازی جۆراوجۆر خەباتیان کردووە دژی تورك.

لەدوا دەروازەی ئەم بەشەدا نووسەر باسی ژیانی شار لەناو کورددا دەکاتو لەوە دەدوێت کەسەرباری بوونی چەندین شارو شارۆچکەی گەورە لەوبەشەی کوردستاندا لەجۆری دیاربەکرو وانو ماردینو ئورفە.. بەڵام سیمای شارستانێتیبوون لەکوردستاندا زۆر دواکەوتووە. رێژەی خوێندن لەو بەشەی کوردستاندا زۆر کەمە، لەشارەکاندا کورد زیاتر پەیرەوی دابونەریتی لادێیانەی کوردی دەکات لەپێناوی مانەوەی خۆیدا بەتایبەتی لەبەر ئەوەی دەوڵەت بەتوندی هەوڵیداوە تورکیا یەك سیمای هەبێتو لەشارەکاندا بەتایبەتی جیاوازی نەتەوەییو ئایینی زەق نەکرێتەوەو هەستی پێنەکرێت، زمانی تورکی، جلوبەرگی رەسمی، لەهەموو شارەکانی تورکیادا زمانی تورکیو جلوبەرکی ئەوروپیانەبێت. شێوازی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان لەشارەکانی ئەو بەشەی کوردستاندا شێوازی پەیوەندی کۆمەڵگای شار نییە. راستە خوێندن هەیەو زانکۆ هەیە ئەگەرچی ئەویش بەکوردینییە، بەڵام ژمارەیەکی کەم دەتوانن بخوێننو ئەوانیش ناتوانن ببن بەبنەماو هەوێنی گۆڕانکاری لەکۆمەڵگای کوردی ئەوبەشدا. نەریتێکی خراپیش لەنێو خوێنەوارو شارییەکانی کوردی تورکیادا هەیە ئەویش ئەوەیە بەشی زۆری ئەوانەی توانای ئابووریان هەیە دەچنە ئەنقەرەو ئەستەمبوڵو لەوێ لەنێو کۆمەڵگای تورکیدا ژیان دەگوزەرێنن، تەنانەت زۆربەی دەوڵەمەندو خاوەن سەرمایە کوردەکان پارەکانیان لەکوردستاندا ناخەنە کارەوە بەڵکو دەیبەنە شارەگەورەکانی ئەنقەرەو ئەستەمبوڵو ئەوانی تر، هەمان شێوەی زۆربەی خاوەن سەرمایەکانی باشووری کوردستان کەسەرمایەکانیان لەبەغدا دەخەنە کارەوە. ئەوەش دەرئەنجامی نەبوونی هەستو هوشیاری نەتەوەییە لای خاوەن سەرمایەی کورد.

لەم بەشەدا نووسەر باسی تەقسە کۆمەڵایەتیەکانو مەسەلەی ژنهێنانو شووکردن دەکاتو رووناکی دەخاتە سەر سیمای دواکەوتووی ئەم پەیوەندییانە لەهەموو باکووری کوردستاندا کەشێوازی کۆمەڵگای شاری وەرنەگرتووەو تەنانەت لەشارەکانیشدا هێشتا ئەم پەیوەندیانە پەیوەندی کۆمەڵگای لادێی کوردستانن.

لەبەشی دووەمی کتێبەکەیدا خاتوو شێری لیزەر، سنووری باکووری کوردستان جێ دەهێڵێو بەگشتی ئاخاوتن لەسەر باری مێژوویيو سیاسیو کۆمەڵایەتی هەموو کوردستان دەکات. لەدەروازەی یەکەمی ئەم بەشەدا دەربارەی کورد لەسایەی ئیمپراتۆری عوسمانیدا دەدوێتو پاشان ئاماژە بۆ دابەشکردنی کوردستان دەکاتو پانۆرامایەکی بزووتنەوە نەتەوەییەکانی کوردی باشوور دەکاتو لایەنی بەهێزو لاوازی ئەو بزووتنەوانە بەپێی بۆچوونی خۆی دەخاتە روو، ئاماژەش بۆ ئەوە دەکات کەکورد مەحکومی ژیانێکی سیاسیو ئیداری نائاسایی کراوە. لەبەرئەوە مەحکومە بەوەی شۆڕشو راپەرین بکات هەتا دەگات بەئامانجەکانی، هەر لەم بەشەدا دەربارەی راپەرینەکانی شێخ مەحمودی نەمر دەدوێو پاشان باسی شۆڕشی ئەیلول دەکاتو لەوێوە دەگەڕێتەوە بۆ رۆژهەڵاتو باسی گرنگی کۆماری مەهابادو شوێنی ئەو کۆمارە لەمێژووی کورددا دەکات. هەروەها لەم بەشەدا ئاماژە بۆ شوێنی کورد دەکات لەیارییە سیاسیەکانی نێوان

ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتو دەوڵەتانی ئیقلیمداو باسی لاوازی کوردیش دەکات لەرووی دیبلۆماسیو تێگەیشتن لەچۆنێتی ئیشکردنو هەڵوێستنواندن لەو زەمینە سیاسییە ئاڵۆزەی سەدەی بیستی ناوچەکەدا.

لەدەروازەی دووەمدا نووسەر دەربارەی شێوازی پیادەکردنی سیاسەتی شۆڤێنیانەی ڕژێمی عێراق لەکوردستاندا دەدوێ بەتایبەتی لەدوای هەرەسی (١٩٧٥)ەوە، کەبەماوەیەکی کورت دوای ئەو هەرەسە سەرلەنوێ خەباتی چەکداری دەستی پێکردەوە. ڕژێمی عیراق هەموو جۆرە سیاسەتێکی دڕندانەی لەبەرگرت دژی کورد کەئەنجامەکەی بەبەکارهێنانی چەکی کیمیاویو ئەنفال کۆتایی هات، بەتایبەتی دوای وەستانی شەڕی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێراندا سیاسەتی بەتەواوی لەنێوبردنی کوردی لەبەرگرتو سەرجەم لادێکانی کوردستانی چۆڵوویرانکردو ژمارەیەکی زۆر لەدانیشتوان بەرکیمیایی کەوتن. ئەنفالکران، یان ئاوارەی ئێرانو تورکیابوون. ڕژێم بەغیابی فەرمانی ناپاکیو لەیاسا دەرچوونی بەسەر سەرکردەکانی کورددا سەپاند بەتایبەتی تاڵەبانیو بەرزانی. بەڵام بەبۆچوونی نووسەر هەموو ئەو سیاسەتانەی ڕژێمی عیراق نەیتوانی خەباتی نەتەوەیی کورد لەناو ببات‌و لەهەمان کاتیشدا رای وایە کەبەهێزترین سوپاکانی ڕۆژهەڵات سوپای دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانن، لەبەرئەوە خەباتی چەکداری ناشێت کورد بگەیەنێتە ئاستێك کەدوژمنەکانی ببەزێنێت، واتە لێرەوە ئاماژە بۆجۆرێکی تر لەخەبات دەکات کەئەویش خەباتە بەرێگای هێمنانەترو بەرێگای دیموکراتیو خەباتی دیبلۆماسیو لەسەروی هەمووشیانەوە خەباتی جەماوەری کەدوژمنەکانی کورد ناچار بکات دان بەمافەکانی ئەم نەتەوەدا بنێن، لەهەمان کاتدا نووسەر رای وایە کەکورد دەتوانێت لەرێگای ئاشتیو دیموکراتیەوە جێگا پێی خۆی بکاتەوەو دنیای بڕیار بەدەست ناچار بکات کەچاوبگێڕێتەوە بەمەسەلەکەیدا. هەروەها ئاماژەش بۆئەوە دەکات بۆ بەئاکام گەیاندنی داواکانی کوردو بۆ گەیشتنی کورد بەئاستێکی بەرزتری ژیانو شارستانێتی ئاشتیو سەقامگیری پێویستن واتە کورد لەئاشتیو سەقامگیریدا دەتوانێ خۆی دروست بکاتو خۆی بەدنیا بناسێنێ.

لەدەروازەی سێیەمی ئەم بەشەدا نووسەر جارێکی تر بەوردی باسی سیاسەتی وێرانکاریو بەعەرەبکردنو سڕینەوەی سیمای کوردیبوونی باشووری کوردستان دەکات، لەدوای ساڵی (١٩٨٦)ەوە، هەتا جەنگی دووەمی کەنداو، بەڵام ئەو جەنگە ئومێدەکانی کورد بەگشتیو پێشمەرگەی بەتایبەتی زیندووکردەوەو هەروەها سەرجەم ئاوارە کوردەکانی باشوور لەکامپەکانی تورکیاو ئێراندا کەزۆر بەخراپی مامەڵەدەکران ئومێدی ئەوەیان لادروست بوو کەدەگەڕێنەوە زێدی باوكو باپیرانیان. ڕاستییەکەشی هەروادەرچوو، ئەگەرچی ژمارەیەکی زۆریان ئاوارەی ئەوروپا بوون. نووسەر شانبەشانی ئاخاوتن لەسەر سیاسەتی دڕندانەی تورکیاو عێراق بەرامبەر بەکورد ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەکورد خاوەنی ڕۆحێکی نەبەزیوەو دەستبەرداری خەبات نابێت، باسی ئەوە دەکات کەپێشمەرگەکانی کورد لەباشووردا بەسەختترین شێوەو بەخوێن هەوڵیاندا بەرگری بکەنو ڕێگا نەدەن دوژمن چوارهەزارو پێنجسەد گوندی کوردستان وێران بکاتو دانیشتوانەکەی بخاتە ئۆردوگای زۆرملێوە، یان بەکۆمەڵ ئەنفالیان بکات، هەروەها دوای ئەوەش لەگەڵ داگیرکردنی کوەیتدا هێزەکانی کورد بەناوی بەرەی کوردستانی کەوتنەوە خۆیانو بەرنامەیان بۆ ئەو بارودۆخە نوێیە دانا کەچی بکەنو چۆن دەستپێبکەن، هەروەها نووسەر بەرامبەر بەسیاسەتی شۆڤێنیانەی تورکیا بەرامبەر بەکورد ئاماژە بۆخەباتی بێوچانو شۆڕشگێڕانەی پارتی کرێکارانی کوردستان دەکات کەچۆن ڕۆحی کوردایەتی کوردی باکووریان زیندووکردۆتەوەو تێدەکۆشن لەپێناوی ئازادی کوردستاندا.

هەر لەم بەشەدا نووسەر ئاماژە بۆئەوە دەکات کەپێنج ساڵ لەتورکیا ژیاوەو کاریکردووەو بینیویەتی هەموو ڕۆژێ بەئاشکرا ڕژێمی تورك مافەکانی مرۆڤ بەگشتیو مافەکانی مرۆڤی کورد بەئاشکرا پێشێل دەکات.. کەچی دنیای ڕۆژئاوا لەو بارەوە هیچ هەنگاوێکی جیدی هەڵنەهێناوە.

# دۆسیەی هێرمینۆتیكو خوێندنەوە

دەمێكە بەتـەماین دۆسیەی هێرمێنیۆتیكو خوێندنـەوە بكەینـەوە. دیارە لێرەدا ناتوانین بـەدرێژی باسی مێـژووی هێرمێنۆتیكی كلاسیكیو نـوێ بكـەینو تیشك بخەینـە سـەر رەوتـەكانی خوێندنـەوە لەمەنهەجـە تازەكاندا. خوێندنـەوە مـەودای بـەرفراوانی هەیـە، ئێمـە لـەزۆر شـوێندا بەرانبـەر هێرمینۆتیك (تەئویلكاری)مان بەكارهێناوە.

بۆ دووتوێی ئەم دۆسیەیە چەندەها بابەتی باشمان هەبوو بەداخەوە بواریان بۆ نەڕەخسا لەم ژمارەیەدا بڵاوبكرێنەوە. بەڵام بەهیواین لەژمارەكانی داهاتوودا پێشكەشی خوێنەرانی بەڕێزیان بكەین. بەچاكی دەزانین لێرەدا ناونیشانی ئەو بابەتانە بدركێنین:

١_ تەئویل: ف.ی. خالیزیڤ.

٢_ هێرمێنۆتیكو جواداسازی.

٣_ دژی هێرمێنۆتیك: سۆزان سۆنتاگ.

٤_ تەئویلو رازی دەق: هوسرل، هایدگەر: نووسـینی بابـەكی ئەحمەدی.

گەلاوێژینوێ

# پێشەکی یەك لەسەر هیرمنیۆتیکی رۆمانتیك

هانس گیۆرگ گادامر

و: م. خالید

کورتەیەك لەمێژووی هێرمنیۆتیکی رۆمانتیك:

ئاوڕدانەوە لەهرمنیۆتیك کە لەم سەردەمەدا جارێکی تر هاتووتە ئاراوە، لەخۆیدا پێویستی بە تێفکران و لێکدانەوەیەکی (تەئویلی)یە. گومان لەوەدا نییە کە بۆ گەیشتن بەم مەبەستەش پیاچوونەوەیەك بەمێژودا بایەخی تایبەتی خۆی هەیە. بەڵام رەنگە بەدژواری بەدەستەوە بێت چونکە هەرچەن هرمنتیۆتیك لەخۆیدا بەبەشێك لە (شێواز ناسی فەلسەفەی ئایینی) لەقەڵەم دەدرێ، بەڵام وردە وردە لە شێوەی قوتابخانەیەکی سەربەخۆو تیۆرەییدا خۆی دەنوێنێ. دیارە نابێ ئەوەمان لەلا دروست ببێ کە هرمنیۆتیك شتێکی دوایینەیەو تەنها ئەوکاتە بەکاری ئەبەین کە مەسەلە گرنگەکان یەکلایی کرابێتەوە، بەڵکو راست بەپێچەوانەوە، چونکە قەڵەمڕەوی هرمنیۆتیك، قەڵەمڕەوێکە کەتیایدا دەرکەکان و ئەوانەی کە قابلیی دەرك کردنن پێکەوە دێنە دی و کۆدەبنەوەو ژیانی مرۆڤ لەیەکەم هەنگاوی پێکهاتنیەوە لەخۆدەگرێت، لەراستیدا ئەوەی ناهێڵێ مانای جیهانگیریی هرمنیۆتیك دەرك بکرێ هەمان داپۆشراوبوونی (بەدیهیە)کانە.

لێرەوە دەتوانین بڵێین کە تائێستا تەنها یەکەم هەنگاوەکان هەڵگیراوە بۆ شێوازناسی بەکارهێنانی دێرینەی هرمنیۆتیك لەمەڕ شێوازی سەرەکیی و بناغەی دەرك و قابیلی دەرکەکان. تەنانەت لەقەڵەمڕەوی سنورداری پسپۆڕانیشدا، سەرەڕای ئەو هەموو نوسراوە، هێشتا زانیاریەکی تیۆرەیی روون بەدەست نەهاتوون. بەم جۆرە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بەدرێژایی مێژوو لێکۆڵینەوەی مێژوویی هرمنیۆتیك دوچاری لێکداپچڕان بوو، بەتایبەت لەبەر ئەوەی کە کتێبخانەکان تایتڵی ئەو کتێبانەیان کۆنەکردەوە کە تەنها ئەوانەیش چاوگەی جێ متمانەی باوەڕپێکراوبوون چونکە ئەوان (کتێبخانەکان) هرمنیۆتیکیان وەك زانستێك لەقەڵەم نەئەدا. ئەم ئاوڕەی کە ئەمڕۆ لەهرمنیۆتیك دراوەتەوە لەسایەی دوو کەسایەتی‌یەوە هاتووتەدی:

١- فریدریش شلایر ماخر (Friedrich Shlaier macher).

٢- ویلهۆلم دیلتای (W. Dilthey).

سەرچاوگەی یەکێکیان قوتابخانەی رۆمانیزمی ئەڵەمانیاو جیهان بینیی مێژوویی تایبەت بەخۆی بوو و ئەوی تریان پەروەردەی قوتابخانەی "مێژووگەرایی" بوو کە ئەیەویست لەسەردەمی تیۆری مەعریفەو تیۆری زانستدا، لەڕوانگەی مەنتیق و فەلسەفەوە میراتی رۆمانتیزم زیندوو بکاتەوە "دیلتای" لەمێژوودا بەیەکەم کەس دادەنرێت کە بەهرمنیۆتیکەوە خۆی ماندوو کردووەو لێکۆڵینەوەکانیشی لەئاڕاستەی کۆمەڵە بابەتێك دایە کە لەم وتارەدا لەبەردەمماندایە. یەکێك

لەتایبەتمەندییەکانی ئەم کورتە مێژووە، دووان لەهرمنیۆتیکی مۆدێرنە.

لەسەرەتادا پێویستە ئەوە بزانین کە بۆچی بۆ یەکەم جار زانایانی پرۆستانی دەرکی کێشەکانی لێکۆڵینەوەی هرمنیۆتیکیان کرد. دەرکو قابیلی دەرکەکان، بەدحاڵیبوونو خۆ پەرێزی لەراقە بەگوێرەی را، لەژیانی مرۆڤدا هەمیشە لەئارادا بووەو لەراستیدا بۆ گەیشتن بە زمانێکی تاکو هاودەنگییەك کە بەهۆییەوە بتوانرێ سەرو سامانێك بەژیانی مرۆڤ ببەخشێ، پێویستمان بەهونەرێکی دیاریکراو هەیە تاکو بتوانی بۆ گەیشتن بەو ئامانجە دەوری نێو بژیوانێك بگێڕێ.

ئەو فاکتەرەیش دەڕوانێتە بارودۆخی تایبەتی تێگەیشتن لەدەقەکان – مەرجیش نییە کە هەر تەنها کتێبی پیرۆزو دەقە ئایەتە ئیلاهییەکان بێت– لێرەدایە کە دژوارییەکانی هرمنیۆتیکو تەئویلی مەعریفی خۆی دەردەخات. چونکە دەق، لەخۆیدا جەستەیەکی ناو خاڵییەو ئەرکی هرمنیۆتیکە کە ژیانو هوشیاربوونەوەی پێ ببەخشێ. لەراستیدا دەکرێ بڵێین هرمنیۆتیك لایەنێکی تری رێزمانەکە ئەرکی فێرکاریو نوسینو خوێندنەوەی لەئەستۆدایە، بەواتایەکی تر (هرمنیۆتیك) هونەری لێکدانەوەیە کە لە قاڵبی گشتگیردا بەدەرکو گەیشتن لەدەق دەگاتو نیشانەی زانمەندبوونی فامو تێگەیشتنە.

بەیانکردنی هەموو دژوارییەکانی ئەم کارە تەنها لەڕێگەی شێوازەکانی باوی ئێستاوە مەیسەر نابێ. خوێندنەوەی دینی – لێکدانەوەییو دینی– فەلسەفی لەقەڵەمڕەوی زانستو کەلیسادا ئەگەر لەژیانی رۆژانەدا بەتێگەیشتن (فهم) بگات دەبێتە پاراستنی نەریت. هەروەك ئەوەی کە راو بۆچوونو باوەڕەکانی دینو دونیا (مەبەست کڵێساو جیهانی دەرەوی کڵێسایە) کە لەبەرامبەر یەکدیدا بوون گەیشتنە ئاستی لێك گەیشتنو جۆرەها رێگا هاتە ئاراوە. بەهەمان شێوە تەئویلو لێکدانەوەی گتێبی پیرۆز کە بەگوێرەی نەریتێکی تایبەت ئەنجام دەدرا، وردە وردە لەفێرکاریی کڵێسادا قاڵبێکی تری بەخۆوە گرت. هەر ئەو نەریت شکێنییەی کە "لۆتەر" بەهۆیەوە توانی درزێك بخاتە ناو مەسیحییەتەوەو مەسەلەی رێسای جێگۆڕکێی نوسراوەو دەق (sola scriptara) لەجیاتی دەسەڵاتی ئامۆژگاریی کەلیسای رۆمانی هێنایە ئاراوە، هەر ئەو نەریت شکێنییە مەسەلەی هرمنیۆتیكو دژوارییەکانی لەزەینەکاندا دروست کرد.

لۆتەر لەو باوەڕەدا بوو کە:

بۆ دەرکو قابیلی دەرکەکان یان تێگەیشتنی دەقی کتێبی پیرۆز، پێویستمان بەکەرەستەی دینی– فەلسەفی (جزمی) کەلیسا نییە– دەق خۆی قسە ئەکاو خۆی تەئویلی خۆی ئەکات. سەرەڕای ئەوەیش ئەم گوتارە زیاتر لایەنی دیالکتیکی هەیە تاکو تەئویلو لێکدانەوەی دەق. کەلیسای کاتولیکی زۆر بەخێرایی دژی ئەو بیرۆکەیە وەستا. تەنانەت بوونی شێوازێکی دینی– فەلسەفی لەقەڵەمڕەوی پروتستانیشدا دەبینرێت.

پەیدا بوونی سێ کتێبی بنەمای مەسیحیەت، لەلایەن "ملانختون"و سەرهەڵدانی دیالکتیکی دینی – تەئویلی لەنێوان ئایینزاکاندا جێگای خۆی کردەوە. گرفتەکانی دەرك کردنی دەق سەرەنجام ئاگابوونی هرمنیۆتیکی بۆ تەئویلو لێکدانەوەی ئینجیلی لێ کەوتەوە.

پێش ئەوەی باسی دەقە هاوچەرخەکان بکەین، گوێ بۆ "ویلهلم دیلتای" رادەگرین، بەڵکو خوێندنەو ئەزموونییەکانی ئەو دەربارەی ناسینی مێژووی هرمنیۆتیکی رۆمانتیکی بۆ ئێمە جێگەی پەندو ئامۆژگاری بێت.

"ردکر" لەبەرگی دووەمی کتێبی "دیلتای"دا لەبەشی (ئەحواڵو وتارو رایەکانی "شلایر ماخر")دا لەمەڕ ئەم لێکۆڵینەوە مێژووییانە مەسەلە گەلێکی باسکردووە.

ناوەڕۆکی ئەم کتێبە. لەراستیدا لەژێر کاریگەریی یەکێك لەبەرهەمە هەڵکەوتووەکانی "دیلتای" گەنجدایە، کە خۆی هەرگیز هەوڵی لەچاپدانی هەموو کتێبەکەی نەداو ئەمە هەمان بەرهەمێك بوو کە ئەو لە (کورتە ناسینێکی) تێزی زانکۆی خۆیدا بەڵگەی لێ هێنابویەوە. ئێمە ناو بەناو نوسراوەکانی ئەم کتێبە دەخوێنینەوە، بەواتایەکی تر هەوڵی ناساندنی ئەو نووسەرانە دەدەین کە لەدەقی ئەسڵیدا ئاماژەیان بۆ کراوە، ئەم نووسراوانە تەنانەت ئەمڕۆیش لەریزی جێمتمانەترین سەرچاوەدان بۆ ناساندنو رێزلێنان لەو نوسەرانە.

هەڵبەت دەبێ ئەوە بزانین کە دەقەکانی سەردەمی پێش رۆمانتیك کاریگەریی راسیۆنالیزمی

ئەزموونی‌یان پێوە دیارەو ئەو هاندەرانەی کە دەڕواننە داهاتوو لەپۆشیشێکی زیرەکانەدا شاراونەتەوەو دیلتای تەنها ئەو دەقانە بەمتمانەدار دەزانێ کە دەڕواننە ئەندێشەی زانستە مرۆییەکانی سەردەم.

دیلتای لەم زەمینەدا دەڵێ: ئەگەر نەڵێین کەهونەری تەئویل، یان هەوڵی دۆزینەوەو دەرخستنی دەق لەگەڵ ئایینزای پرۆتستاندا سەری هەڵدا، دەبێ ددان بەوەدا بنێین کە زانستی هرمنیۆتیك هاوکات لەگەڵ پەیدابوونی ئایینزای پروتستاندا دەست پێدەکات. چونکە هەرچەن بەرهەمەکانی "ئۆری گن" و "ئانتی وخنر" لەمەڕ هرمنیۆتیك، و حەوت ڕێساکەی "تکوونیۆس"، و تەنانەت ئەو شتانەی "ئاگوستین" لە کتێبی سێهەمی ئامۆژگاریەکانی مەسیحی‌و یۆنیۆلیۆس لەدووهەمین نامیلکە بەناوبانگەکەی خۆیدا لەپانتاییەکی فراواندا باسیان کردووە، هەموویان بایەخی تایبەتیان بۆ ڕێساو باوەڕە ئایینی‌یەکان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ناتوانین بەبێ ڕێکخستن‌و پێکەوە بەستنیان، ئەم بەرهەمە پەڕاکەندانە بەکارێکی زانستیانە لەقەڵەم بدەین. لەلایەکیشەوە لەدەروونەوە بەتەئویلی کاتولیکەوە بەستراون. لەو کاتەوە کە بەرامبەر بووە لەگەڵ ناسینی حەقدا ئەوی لێ کەوتەوە کە میراتی سەردەمی "حواری"یەکان بچێتە ناو بازنەی نەریتەوە تائەوکاتەی کە پرۆتستانتیزم. ئەرکی لێکدانەوەو تەئویلی هێنایە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، هێشتا شتێك بەناوی زانستی هرمنیۆتیك بوونی نەبووە.

تەنانەت ئەو کاتەی کە کڵێسای کاتولیك، هێرشی کردە سەر ڕوانینی نوێ دەربارەی ئەسڵی کتێبی پیرۆز (و هەرچەن هێشتا نەیارانی کڵێسای کاتولیك لەچاو سەردەمی ریفورماسیون دا زۆر کەم بوون) زانستی هرمنیۆتیك بوونی نەبوو. بەڵام لەکێشمەکێشی ئەم دیالکتیك‌و دژایەتی‌و بەرنگاری‌یەدا بوو کە زانستی هرمنیۆتیك وردە وردە قەوارەی بوونی بەخۆوە گرت.

### ڕەوشی پەیدابوونی هرمنیۆتیك

لەسەرەتاوە لەلایەن کڵێسای کاتۆلیکەوە هێرش لە "ترینت"دا دەستی پێکرد، سەرەنجام لەوێدا لەسەر هەڵوێستی کڵێسای کاتولیك لەبەرامبەر کتێبی پیرۆزو نەریت (سنت)دا بڕیاردرا، کە لەو بارەوە کڵێسای سەدەی ناوەڕاست زۆر بێ پەرواو هەندێ جار ڕای جیاوازو دژ بەیەکی دەربڕیبوو. لەکۆڕەکانی شورانی (ڕاوێژ) کەلیسادا، جیاوازیی بۆچوون‌و بیروڕاکان بوو بەهۆی دەربڕینی بیروڕاگەلێکی زۆر بەگوڕوتین. لەکۆبوونەوەکەی هەشتی ئاوریلی ١٥٤٦دا بڕیاردرا کە باڵێکی توندڕەو لەدژی پروتستانەکان دابمەزرێت. پەیڕەوو پرۆگرامێك دەربارەی کتێبی پیرۆزو نەریت‌و هەروەها سەبارەت بەوەرگێڕان‌و لێکدانەوەی ئینجیل داڕیژرا، بەتوندی دژی بنەماکانی پروتستانەکان بوون.

یەکێك لەزانایانی کڵێسای کاتۆلیك دیالکتیکی خۆی بە گوتارێك لەمەڕ کەلامی خودا دژی تاراوەکان لەکڵێسای سەردەمدا دسەت پێکرد: ئەو لێرەدا هێرش دەکاتە سەر ناوەندی بیروباوەڕە بنەڕەتیەکانی پرۆتستان‌و بەشێوەیەکی بێ باکانە بەکەڵك وەرگرتن لەڕوانگە زانستی‌یەکان ڕای دەگەیەنێ کە چۆن هێما عیبری‌یەکان پاشتر خراونەتە سەر دەق (دەقی کتێبی پیرۆز)و بەو پێی‌یەش خوێندنەوەی دەقەکەیش زۆر تەماوی‌و کێشەساز کەرن‌و هەروەها چەن بەشێکی گرنگ لەئینجیلەکان جێگایان لەدەقی ئەسڵیدا بۆ شەو هتد..

کۆمەڵێ دیالکت نامەی کڵێسای کاتولیك شایەتێکی زماندارن لەسەر ناتەواوی‌و بێ متمانەیی کتێبی پیرۆز. ئەم دایلکتنامانە ئەوە دەگەیەنن کە چۆن زانستی زمان ناسی "ئوری گێن"و "هیرونومۆس" لەدەست دەرچووە. ئەوان بەهۆی کۆمەڵێ بەڵگەی پتەوو ڕەخنەیی‌و هیرمنیۆتیکی‌یەوە، ئامۆژگاری یەکەم‌و کوڕەکانی کتێبی پیرۆز دەسەڵاتی ڕەهای نەریت (سونەت)یان سەلماندووە.

### ئەرکی ڕاگەیاندنی زانست لەڕوانگەی 'فلاسیۆس' ەوە:

هێرشەکانی کڵێسای کاتۆلیك پشتی بەدوو شت بەست بوو. یەکەمیان کە توانای زانستی‌ی پیاوانی کڵێسا بوو، گرفتێکی ئەوتۆ نەبوو، ئەوەی کە بایەخی زیاتری هەبوو ئەوە بوو کە دەبوایە ئەسڵی ڕەهابوون‌و تێگەیشتن (لەکتێبی پیرۆز) لەکتێبی

پیرۆز بسێندرایەتەوە. هەنگاوی واتر ئەوە بوو کە دەبوایە شێوازێکی تەئویلی و کەرەستە گەلێکی یارمەتیدەری ئاوها بخرایەتە بەردەست کە لەڕێگەی ئەوانەوە بکرێ بنەماکانی بیروباوەڕی کەلیسا ئاسان بکرێت. لەم جۆرە ئەم شێوازە بەناوی "کلیلی زێڕینی" فلاسیۆس لەچوارچێوە ئۆرگنوندا تەئویل کرا- ئەم (ناوی کلیلی زێڕینە) لەلایەن کلێسای "لوتەری"ەوە لەساڵی ١٥٦٧دا لەو شێوازە نرا. سەرەتا فلاسۆن بەئیلهام وەرگرتن لەقوتابخانە فەلسەفیەکانی ئەڵمانیاو ئیتاڵیا وەك یەکەمین یادداشت نووسی گشتگیری پرۆتستانو یەکێك لەڕوونکەرەوە هەڵکەوتووەکانی ئینجیل - کە ریچارد سیمۆنیش دانی بەمەداناوەو هەموو ئەدەبیاتی کلێسایی بەشێوازی هرمنیۆتیك و ڕێسا تایبەتییەکانی خۆیەوە قەرزداری ئەوە- لەگەڵێ لەهاوچەرخەکانی خۆی پێش کەوتو بۆ ماوەیەکی درێژخایەن سەرقاڵی شیکردنەوەی زانستی هرمنیۆتیك بوو. لەگەڵ ئەوەشدا لە "کلاویس Clavis"دا لەگەڵێ لەبەشەکانی نەسکی دووەمدا هرمنیۆتیك لەیەك داپچڕاوە. بەبڕوای من مەسەلەی سەرەکی و بنەڕەتی هرمنیۆتیك لەدوو پێشەکییەکەی ئەم بەرهەمەدا دەبینرێ.

فلاسیۆس لەپێشەکی دووەمی بەرهەمەکەی خۆیدا پلەو پایەی مێژوویی ئەم بەرهەمە روون ئەکاتەوە. ئەو باسی چەواشە کردنی بێڕوحمانەی ئینجیل دەکات کە بەهۆی نەگەیشتن لە زمانەکەی و هەروەها ئیلهام وەرگرتن لەفەلسەفەی ئەرەستووە رووی داوە. پاشان ئەم مەسەلەیە دەخاتە روو کە چۆن شیکارەکانی راستگۆی ئینجیل - بۆ نموونە لۆتەر- کەلامی بێ خەوشی حەقیقەت ژیانیان روون کردووەتەوە. ئەویش بەوپەڕی تەوازوعەوە ڕێز بۆ ئەم کەلامە دادەنێت و بەشداری ئە هەوڵە دەبێت. گەرچی فلاسیۆس لەپێشەکی دووەمی کتێبەکەی خۆیدا لایەنە نەگەتیڤەکانی کارەکەی خۆی روون دەکاتەوە، بەڵام لەپێشەکییەکەمدا شوێنی بنەڕەتی هرمنیۆتیکی قوتابخانەی پروتستان دەهێنێتە ئاراوە. ئەو لەم پێشەکییەدا بەتوندی هێرش دەکاتە سەر کاتۆلیکە نەیارەکان.

هەندێ لەپاپاکان لەبەرامبەر ئەم هێرش کردنەی فلاسیۆسدا وەجواب هاتن و رایان گەیاند کە: مەسەلە لەسەر تواناو دەسەڵاتی کتێبی پیرۆز نییە بەڵکو دەرك کردنی لەپلەی یەکەمی بایەخ و گرنگیدایە، لەم بارەیشەوە کتێبی پیرۆز بۆ چالاك بوونی خۆی پێویستی بەنەریت هەیە.

فلاسیۆس لەوەڵامدا دەڵێ: ئەگەر دەرکی ماناو چەمکەکانی کتێبی پیرۆز دەستەبەر ناکرێ، بەهۆی ئەوەوە نییە کە لەخۆیدا قابیلی دەرك نییە، بەڵکو مەسەلەی سەرەکی لاوازی لە زانیاریە زمانییەکان و شێوازی هەڵەی مامۆستایانێکە کە وانەکانی ئینجیل ئەڵێنەوە. لەم وەڵامەدا فلاسۆس بەشێوەیەکی جوان و تایبەت باسی رەگەزو بنەمای بوژاوەی هرمنیۆتیك دەکات کە تیۆرییەکەی لەکتێبەکەیدایە باشترین شێوە روونکراوەتەوە.

لەراستیدا ئەم بوژاوەی هرمنیۆتیك لەدەروونی بنەما ئیلاهییەکانی کتێبی پیرۆزو ئەسڵە زەمینیەکانی ریفۆرماسیۆن و لەڕێگەی دەرك کردن و لەپرۆسەی "یەکییەتی دەروونی" هەموو چەمکەکاندا بەئاشکرا بەرچاو دەکەوێ. ئەم یەکیەتی دەروونییەی چەمکەکان لەراستیدا پایەو بناغەی ئەندێشەی هرمنیۆتیکی قوتابخانەی پرۆتستان پێکدەهێنێت.

بەم جۆرە دەتوانین ئامانجی ئەم کتێبە بەم شێوەیە لێك بدەینەوە: "ئەم کتێبە دەیەوێ لەسایەی بیرۆکەیەك کە لەسەر بناغەی یەکیەتی دەروونی ئینجیل دوچاری گۆڕانکاری هاتبوو و هەروەها بەیارمەتی ئۆرگنونی تەئویل، سەربەخۆیی ئەرزشمەندی کتێبی پیرۆز نمایش بکات.

### رەگەزی یاریدەدەر بۆ گەیشتن بەم کارە گرنگە:

ئێستا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە فلاسیۆس بۆ گەیشتن بەم مەبەستە چ (کەرەستەیەکی زانستی) بەکار دەبا؟ ئەو بۆ دارشتنی پێرستی راگەیاندنی کتێبەکەی خۆی کە هەر لە سەرەتای کتێبەکەیدا گونجاندوویەتی بایەخێکی زۆری داناوە، چونکە ئەو لەو باوەڕەدایە کە ئەم کارە بۆ گەیشتن بەمەبەست کەهەمان دەرك کردنی یەکیەتی دەروونی کتێبی پیرۆزە وەك مان و نەمان بایەخدارە. بەڵام لەلایەکی ترەوە گازەندە دەکات کەوا چاکتر بوو کە لەپێشدا بەشی دووەم دابرێژرایە، بەتایبەت ئەوەی کە ئەم بەشە ناوەڕۆك و چەمکەکانی سەرەکی هرمنیۆتیکی

لەخۆ گرتووە. بەڵام هرمنیۆتیکەکەی ئەو تاکەیشتن بەئاستی تەواو دڵخواز ڕێگایەکی دوورو درێژی لەبەردەم دابوو.

ئەو بەشێوەیەکی شیاو لەدوو سەرچاوە کەڵك وەردەگرێت بۆ کامڵ کردنی تیۆرییەکانی خۆی. سەرەتا تیۆرییەکانی ئەرەستۆ سەبارەت بەهونەری بەیانکردن کە فلاسیۆس زۆر هۆگری بووەو بەردەوام وەك بەڵگە هێناویەتەوە، یارمەتی ئەوی زۆر داوە. بەڵام نزیك بەیەك سەدە پێش فلاسیۆسیش ئەم تیۆرییە گۆڕانکاری بەسەردا هاتبوو. بەتایبەت ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەسەر دەستی "ملانختون"ەوە کرابوو لەدوو روانگەوە بۆ هرمنیۆتیك جێ متمانە بوون: ملانختون وەك یەکێك لەپێشەنگەکانی ئەم قەڵەمڕەوە جەختی تەواوی لەسەر ئەوە بوو کە "دووایین ئامانجی هونەری بەیانکردن شێوازی راست خوێندنەوەی دەقی نوسەرە پێشووەکانە".

لەڕواڵەتدا مەبەست ئەوە بووە کە ئەم دەقانە لەقەڵەمڕەوی ئۆمانیزمیدا کەدەیڕوانییە بیناکردنەوەی مۆدیلە یۆنانیو رۆمی‌یەکەی، دیسانەوە بەرخوێندنەوە بکەونەوە. بەڵام ئامانجی دواترو سەرەکی تری هونەری بەیانکردن لە روانگەی "ملانختون"ەوە "دەرك کردنی راستەقینەیی‌و جەوهەری بەرهەمی نوسەران بوو"، و ئەم لایەنەیش لەهونەری وتاربێژی بێگومان لەڕێگای گەیشتن بەقەڵەمڕەوی هرمنیۆتیکدا بایەخێکی تایبەتی هەبوو.

هەروەك "ملانختون"یش بەدڵنیاییەوە رای دەگەیەنێ، ئەو ویستوویەتی خەریکی فراوانکردنەوەی بابەتناسی، ئۆبجێکت‌و ئیلامیات بێت. لەریزی ئەو نمونانەی کە ئەو دەیانهێنێتەوە، بەزۆری تەئویلە زمانییەکانی "پسالمن" بەرچاو دەکەون. بەم جۆرە لەم کتێبەدا پەیوەندیی تیۆری تەئویلی- مەسیحی لەگەڵ تیۆری زمانی وەك پێش گریمانە دادەنرێت.

### تەئویل‌و پێشەکییەکانی تیۆری هرمنیۆتیك:

فلاسیۆس پێش ئەوەی هرمنیۆتیکەکەی خۆی بەشێوەی زانستی بخاتە بەردەست، لە "زانستی راڤەو پێشەکییەکانی تیۆری" کەڵکی وەرگرت کە لە "ئوری گن"ەوە وەدەست پێدەکاو تاراڤەکاران‌و شیکارەکانی پروتستان درێژەی هەبوو. ئەو لەم ڕێگەدا بەتایبەت لەکەڵە پیاوانی کڵێساو پاپاکان بەهرەی زۆری وەرگرت، تاڕادەیەك کە "ریچارد سیمۆن" سەرزەنشتی دەکاو هەڵبەت حەقیشیەتی. ئەو رەخنە لە فلاسیۆس دەگرێ کە بۆچی لەپێشەکی کتێبەکەیدا بەنامێهرەبانی‌یەوە باسی پاپا رۆحانییەکان دەکات، کەچی لە

دەقی کتێبەکەیدا زیرەکانە کەڵکیان لێوەردەگرێت. بوێرانە دەتوانین بڵێین کە نزیکەی سەر لەبەری کتێبی چوارەمی ئاگوستین بەناوی de datr لەزۆر جێگاداو ناو بەناو لەلایەن فلاسیۆسەوە کەڵکی لێ وەرگیراوە، هەر ئەم کارە سەبارەت بەتیۆرییەکەی یونیولۆسیش کراوە، لەراستیدا دەتوانین بڵێین کە کتێبەکانی فلاسیۆس بەرهەمی هەوڵی هەموو دامەزرێنەرانی "راڤەناسی" نەریتی‌یە.

### لێکدانەوەی کتێبی پیرۆز بەشێوەی بەراورد:

ئێستا بزانین فلاسیۆس "لەسەر بناغەی بەراورد هرمنیۆتیك دادمەزرێنێت؟ مەرام‌و مەبەستی ئەو راست لەخاڵێکدا دەردەکەوێت کە مۆك لەوێدا هونەرەکەی خۆی نمایش دەکات" کاتێ کە ئەو دەست دەکات بەروونکردنەوەی دژوارییەکانی راڤەو تەئویلی پیرۆز، مۆك لەهەمان نوختەوە دەست پێدەکات کە نەیارەکانی دەستیان پێکردبوو.

بەڵێ، هەروەك ریچارد سیمۆن وتوویەتی، فلاسیۆس بەماهیەتی ئەم دژوارییانەوە خەریکە. ئەو بەلێهاتووییەوە وردەکارییەکانی ئەم دژوارییە باس دەکات‌و باسی سنور بەندیەکانی قەڵەمڕەوی ئەدەبیات دەکات کەدەبێ رۆڵی زمان تیایدا بەڕوونی دەستنیشان بکرێت. ئەو باسی فۆرمی ناتەواوو بێ کەڵك بوونی شێوازەکان‌و یەکگرتوویی زمان دەکات‌و لەغەریبی (نامۆیی) نەریتەکان‌و بەرامبەرایەتی نێوان ئینجیل‌و تەورات دەدوێ.

ئەو لێرەدا بڕیارێکی نازانستیانە دەدا، لەم بارەوە وادیارە کە نەریت شکێنی‌یەکەی ئاگوستین چەواشەی کردووە. چونکە ئەو هەوڵی داوە بەپشت بەستن بەهەندێ لە بەشەکانی ئینجیل -ئەم بەشانە چ پەیوەندی بەبابەتەوە هەبێت یان نا- بناغەی هرمنیۆتیکەکەی خۆی دابڕێژێت.

فلاسیۆس بەزۆری وەك گشتگیرێك سەیری کتێبی پیرۆز دەکات. لەروانگەی ئەم شێوە تێڕوانینەوە ئەم رێسا گشتگیرانەی خوارەوە ئەنجامگیری دەکرێت:

لەناو دەقی ئینجیلدا کە ئەو بەتەواوەتی لەقەڵەمڕەوی سکۆلاتیکو لەدوو بواردا راڤەی دەکات، دەبێ هەموو وردەکارییەکی هەموو بەشەکان دەربهێنرێت وەك بەڵگە کەڵکی لێوەربگیرێت، لەم بارەوە دەبێ ئەنجامێکی نیهایی سەبارەت بەماهییەتی وجودی ئیمانەوە لەدەقی کتێبی پیرۆز ئەنجامگیری بکرێت. یەکیەتی ئەم ئەنجامگیرییە نیهاییشە دەبێ لەڕێگەی کەرەستەی مەنتیقیەوە قابیلی کۆکردنەوەو گشتگیر کردن بێتو بکرێ ئەم یەکیەتی وجودی کتێبی پیرۆزە بەیارمەتی هاوتەرییەکان لەهەموو بەشەکانی ئینجیلدا بپارێزرێت.

فلاسیۆس بۆ ئەم هاوتەرییانە گەلێ بایەخ دادەنێ ئەوەی کە هەموو بەشی یەکەمی (کلاویس) تایبەتە بەم هاوتەرییانەو ئەوەی کە ئەو (فلاسیۆس) وەك کەرەستەی یارمەتیدەر جەختیان لەسەر دەکات، بەیانگەری ئەوەیە کە ئەم رێسا دەبێ لەچوارچێوەیەکی تایبەتدا بخرێتە پاڵ بنەماکانی باوەڕەکانی ئەو. لەراستیدا ئەم رێسایە وەسفی هەموو بەشێکی روانگەی یەکیەتی بابەتی گشتگیری کتێبی پیرۆز دەکاتو وەسفی ئەو هاوتەرییانە دەکات کە تیایدایە. بەگوێرەی ئەو شێوازی بەیانگەر گشتگیرەی ئەو رێسایە، دەبێ کتێبی پیرۆز وەك گشتگیرێکی رەها دەرك بکرێت، لەجەخت کردنی "فرانس" لەسەر ئەم پەیوەندییە هەستیارانە لەگەڵ هەموو دەقدا لەبەرامبەر پەیوەندی یاسایی دەقدا، دیسان ئەم گوتارە دەبینینەوە. لێرەدا لەدەرك کردنێکی بەبێ هیستیۆریزمو (بەو پێیەش) تەجریدیی ئەسڵی گشتگیری کتێبی پیرۆز پێوەری کڵێسا، لاوازیی راڤەو تەئویلی شاراوە، خۆی دەنوێنێ رەهاگەرایی راڤەکانی پروتستانیزمو رەهاگەرایی راڤەکانی کاتولیسیزم، کە هەرکامەیان بەهۆی راڤەو ئەنجامگیرییەکانی خۆیانەوە لەکتێبی پیرۆز، ببونە هۆی تێکچوونی یەکیەتی ناوەڕۆکی کتێبی پیرۆز،و لەلایەکی تریشەوە ببونە هۆی دروست بوونی یەکیەتیەکی تەجریدی کە لەئاستی حەقیقەتی گشتگیری کتێبی پیرۆزدا ببوە هاوکێشەو بەرامبەرێك. هەروەها لە رێسای باشکراوەوە دەردەوێت، هەموو دژایەتیەکان بەپێی مەنتیق قابیلی یەکلایی کردنەوەن، کە لەبەشکانی داهاتوودا بەخەستی باسیان دەکەین.

## لێکدانەوی بەشەکانی کتێبی پیرۆز بەشێوەی بەراوردی ئەزمونی:

ئەو شێوازە بەراوردییەی کە لێرەدا مەبەستمانە، لەبەشی دووەمیشدا بەکاری دەهێنین، ئەم شێوازە پشت دەبەستێ بەرێسای راڤەی گشتگیرو ئەنجامگیریی عەقلانی. لەراستیدا ئەم شێوازە دەرەنجامی بزاڤی تەئویلی – دینی سەردەمی ریفۆرماسیونەکە لە ئەندێشەی پێشینیانیش سەبارەت بەهرمنیۆتیك کەڵك وەردەگرێت، لێرەدا بەرەو رووی مەسەلەی دووەم دەبینەوە وەك رەگی لەهونەر بەیانکردنو رەوانبێژیدایە. لێرەدا راڤەکار بۆ لێکۆڵینەوەی بەشەکانی ئینجیل سەرەتا بۆ دەرکی جەوهەری سەرەکی کتێبی پیرۆز هەنگاو هەڵدەگرێت کە هێشتا دابەش نەکراوەو وەك پارچەیەکی یەکگرتوووایە.

لەم قۆناغەدا نەزمی جەوهەری ئەندێشە دەردەکەوێت، بەواتایەکی تر "رەگەزی رێکخستن" دێتە ئاراوە. لێرەدایە کە دەردەکەوێت چۆن "بەشەموجەڕەدەکان" – (راڤەکار بایەخێکی زۆر بۆ ئەم قۆناغە دادەنێت)– بۆ پێکهێنانی پەیکەری سەرەکیی گشتگیری رەهای کتێبی پیرۆز پێکەوە گرێ دەدرێن.

ئەو شێوازەی کە ئەو (فلاسیۆس) لەم بارەوە بەکاری دەبات (شێوازێکی) تایبەتە. ئەو بەباشی دەزانێ کە تێکەڵ کردنی ئەم رەگەزە لەگەڵ هرمنیۆتیکدا زۆر شتێکی تایبەتە. ئەم قۆناغە بەباشی هەموو خاڵەکانی سەرەکی ئەم بەشە لەشێوازەکەی ئەو پێکەوە پەیوەند دەدات. ئەم شێوازی خستنە رووی کردەوەیە لەسەر دەستی راڤەکار زۆر لەشێوازەکەی "شلایر ماخر" دەچێ. قۆناغی دواتر خوێنەری ئەمڕۆیی نائومێد دەکات.

چونکە لێرەشدا پابەندبوون بەبنەمای هونەری بەیانکردن بەروونی بەرچاو دەکەوێت. بەیانکردن خۆی دەردەخات، و هتد.. چونکە خانەبەندیی باوی مەنتیق دێتە ئاراوە کە لەراستیدا شێوە تەقلیدییەکەی کەهونەری بەیانکردن بەهۆی ئەوەوە چەمك گەلێك کە لەگەڵ گەوهەری کتێبی پیرۆز پەیوەندیدارە ئەنجامگیری دەکات. فلاسیۆس لێرەدا خودی دارشتنەکەو خانەبەندیو رێکخستنی زانستی تەئویل دەهێنێتە ئاراوە.

بەڵام نابێ جیاوازی نێوان ئەندێشەی سەرەکیو لاوەکی لەبەرچاو نەگیرێت، چونکە ئەم جیاوازییە لەتوێی کۆمەڵێ ڕێسای ئاڵۆزدا شاراوەتەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا دەبێ جەخت لەوە بکەینەوە کە لەبەشی دووەمی هرمنیۆتیکی فلاسیۆسدا، تۆوی تیۆرییەکی مۆدێرن سەبارەت بەپرۆسەی تەئویل چێندراوە. ئەم تیۆرییە دواتر وەك پتەوترین پایەو کۆڵەکەی مەعریفەی فەلسەفی مێژوویی بایەخێکی تایبەتی پەیدا کرد. بەم جۆرە چ لەبارەی ماهیەتەوە چ لەبارەی مێژووییەوە، هۆمنیۆتیکەکەی فلاسیۆس "دوو ڕەگەزی" جیاوازی لەخۆ گرت، ڕەگەزی یەکەم ڕەگی لەقوڵایی ئەزمونی دینیدا بوو لەجیهانی پرۆتستاندا. ئەم ڕەگەزە لەدەروونی توێکڵی سەختو ئەستووری خۆیدا، ناوکێکی هەڵگرتبوو کە دەبوایە دواتر زانستی ئیلاهییات لەتوێکڵەکەی دەرهێنابایاو متمانەو بایەخی پێ ببخشیبایە.

ڕەگەزی دووەمی هرمنیۆتیکی فلاسیۆس، سەرچاوەی لەمەیلە توندەکانی سەردەمی ئۆمانیزم دابوو بەرامبەر بەدەرك کردنی، ڕوونو ڕاستو دڵنیایی کتێبی پیرۆز. لەدەروونی ئەم ڕەگەزەدا بوو کە بناغەی مەعریفەی فەلسەفی مێژوویی لەحاڵی پێکهاتندا بوو.

ئێستا پرسیارمان ئەوەیە کە ئایا فلاسسیۆس لەئاست کردنەوەی ئەم دوو ڕەگەزەدا سەرکەوتوو بووە. ئەمەیش تەنها ئەوکاتە مومکین دەبێ کەکارکرنی ڕاڤەکان – کە لەڕاستیدا بونیاتی هەمو بەشەکانی دەق پێك دەهێنن، پەیوەندییەکی سازندەیان هەبێ لەگەڵ ئەو کارکردانەی بەتەواوەتی کتێبی پیرۆز دەگرێتەوە. فلاسیۆس لەم زەمینەدا – هەرچەند ناتەواو– کێشەی بناغەی هرمنیۆتیکی داوەتە بەر باس بەڵام جۆری دەرك کردنی ئەو لە چەمکە کشتکیرەکانی کتێبی پیرۆز، هاتنە دی ئەم مەبەستەی نامومکین کردووە. بەهەمان شێوە کە فلاسیۆس ناوی دەباو بەپێوەری ئیمانی دەزانێو لە پێکهاتەی هاوتەرییەکانی (کتێبی پیرۆزدا) لەچوارچێوەی هرمنیۆتیکدا دەردەکەوێ، پەیوەندیی گشتگیری دەروونی ئینجیل، لەدەقی هەموو ئینجیلەکاندا تەشەنە دەکات کەچی کەمتر بەیەکیەتی دەروونی (باطنی لێکدەدرێتەوە. بەم شێوەیە لەڕێگەی پێش گریمانەکانی قەڵەمڕەویو ئیلاهییاتەوە، شێوازێك پەیدا دەبێ کە ئامانجی ڕاڤەکردنی بەشەکانی هەموو ئینجیلە، بەڵام لەم کارکردەیشدا جارێکی تر پارچە پارچە بوونو لەناوچوون گشتگیریی کتێبی پیرۆز دێتە ئاراوە، ئەمەیش ئەو شتەیە کە کڵێسای کاتولیك بەتوندی دژی خەبات دەکات. ئەم شێوازە دەبێتە هۆی لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی بەشەکانی ئینجیل بەدوور لەهەموو مەنتیقێکی نەریت، بەڵێ، ئەم شێوازە دەیەوێ بەشەکان بەشێوەیەکی مەنتیق بەیەکەوە گرێ بدات. بەڵام بەبێ جوانیو ڕازاوەیی دەروونی کتێبی پیرۆز بەو جۆرەی کە لەبەرهەمی چاخی ریفۆرماسیوندا دەرکەوتووەو سەرەڕای سنور بەندییەکانو تەنگژەکان قەوارەی گرت، هەروەها بەدور لەباری فێرکارییەوە کەتەوەرەیکتێبی پیرۆزە. ئەم شێوازە بەهیچ جۆرێ لەم ڕوانگەوە نەیدەڕوانیە کتێبی پیرۆز. ئەمەیش بەهۆی سەرگەردانییەکانی ئەم تیۆریدانەرەوە، لە قەڵەمڕەوی دینییدا سەلمێنرداوە، بێگومان دەبوایە زەمەنێکی زۆر تێپەڕیبایەو ڕاڤە گەلێکی زۆر ئەنجام درابایە، تاکو لەنێوان کارکردن ی هرمنیۆتیكو ئیلاهیاتی تەقلیدی ئینجیلدا هاودەنگیو مامەڵە دروست ببوایە. هەروەها پێویستی بەتێپەڕبوونی زەمەنێکی زیاتر بوو پێش ئەوەی کە یەکیەتییەکی دەروونی پێکهاتبایە لەنێوان هەردوو کارکردی متەئەسیر لەگیانی مێژووییو خۆ ئاگایی مێژووییو بەهۆی کامڵبوونی ئیلاهیاتو زانستەکانی ئینجیل لەناو دڵی مێژووی مەسیحیەتدا. بەڵام لەسەرەتادا ئەگەری ئەوە هەبوو کەدوو شێوازی تەواو جیاواز کە لەلایەن فلاسیۆسەوە بۆ کارکردنی هۆمنیۆتیك داڕێژرابوو پێکەوە کۆبکرێنەوە.

هەروەها نەبوونی یەکگرتوویی دەروونیی گوتارێك لەقۆناغێکدا بەپێی مەنتیق قابیلی لێکدانەوەو شیکردنەوەیە، فلاسیۆسیش ئەم دوو شێوازەی – تەواو ڕۆتینی– لەپاڵ یەکدیدا دادەنێ، هەڵبەت ئەمەیش لەکاتێکدا کرد کە ئەو دوو شێوازەی تەواو لەسەر بنەمای ڕێسای قوتابخانەیی پرۆتستانی دامەزراندبوو کە پێشتر باسمان لێکرد.

وەك ناساندنی یەکەمین دەقی کۆنی هەبوو ئاماژە دەکەین بۆهەندێ لەلاپەڕەکانی کتێبی "ئیلی ریکلۆس"ی فلاسیۆس، ئەو کەڵە پیاوە هەڵکەوتووە

کە شیکارو نوسەری بنەمای هرمنیۆتیکی پرۆتستانەکە بەناوی "کلیلی کتێبی پیرۆز" لەساڵی ١٨٦٧دا نووسی. بۆ ئەم مەبەستەش یارمەتی لەوەرگێڕدراوی چەند بەشێك وەردەگرین کە لەلایەن "لوتس گلدزتسر"ەوە کراوە. "ڕێنومایییەکان" ناونیشانی ئەم بەشەیە کە لەراستیدا پوختەیەکی داڕێژراوو کاربەری‌یەکە لەلێکۆڵینەوەی هۆیەکانی دژواری‌یەکانی کتێبی پیرۆز. لێرەدا بەچاکی دەردەکەوێت کە نوسەر لەمەسەلە زانستیەکان دەدوێ، بەڵام دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو بێ کە نوسەر لەڕێگەی ئەم شێوازەی کاربەری‌یەوە لەبەرامبەر نەریتی فەلسەفی دینی کڵێسای کاتۆلیك دەیەوێ گیانێکی تازە بکا بەبەر ئینجیلدا. لەراستیدا نوسەر یاسا سادەکانی راڤەی زمانی ئایینی کە بۆمان روون‌و ئاشکرایە لەبەرامبەر جۆری بەکارهێنانی فەلسەفەی – دینی دادەنێ کە بەشێکە لە بەشە جۆراوجۆرەکانی ئینجیل کە زۆربەیان بەشێوەی مەجازی راڤە دەکرێن. لەم بەینەیشدا لەو چەمکانە کەڵك وەردەگرێ کە یەکیەتی نێوان دەرککردن‌و دەق دابین دەکات. ئەم چەمکانەیش خۆی لەخۆیدا سەرچاوەی لەخوازەو ئیجازەکانی هونەری گوتاربێژی سەردەمی یۆنان‌و رۆم دایە کە مەسەلەی گشت‌و بەش‌و پەیوەندیی نێوان ئەودوانەیە.

بەڵام خاڵی سەرنج راکێشەر ئەویە کە نووسەر چۆن بۆ هێنانەوەی نمونە لەمەڕ ئەم چەمکانە کەڵك لەو رەگەزانە وەردەگرێ کە "لۆتەر" ئەوانەی وەك مەسەلەی پرسیار ئەنگێز هێناوەتەوە لەقەڵەمڕەوی تەئویل‌و راڤەی کتێبە پیرۆزەکان لەنێوان ئایین‌و ئایینزاکاندا. لەراستیدا ئاڕاستەی کتێبی "کلاویس" بەرەو هەمان نوختە دەڕوا کە جزم (فەلسەفی – دینی) گەرایی دینی‌یەوە نەیارانی راڤەی فەلسەفی – دینی ئینجیل خۆیان لێ دەپاراست.

ئەم راڤە گەلە بەزۆری هەمان بنەماگانی ئومانیستی زمان ناسان بوون کە لەبەرهەمەکانی فلاسیۆسدا پەیوەندو یەکگرتوویيان پەیدا کردووە. لەم زەمینەیەدا دەتوانین بەو ئەنجامە بگەین کە گوتارەکەی "سپینوزا" لەمەڕ هرمنیۆتیك لەراستیدا یەکەم هەنگاوە لە بواری مێژوویی ریفۆرمی تێگەیشتندا.


لەم بارەوە دەتوانین بڵێین کە مەسەلە لەسەر یەکێك لەگوتارەکانی سپینوزایە کە لەلایەن خۆیەوە بەچاپ گەیشت بەڵام هێشتا نەناسراو ماوەتەوە کەباسی ریفۆرمی دینی – سیاسی تێگەیشتنەو لەجۆری خۆیدا گوتارێکی کەلامی – سیاسی‌یە. لەبەشی حەوتەمی ئەم گوتارەدا رووبەڕوی راڤەیەك دەبینەوە لەکتێبی پیرۆز کەئێمە لێرەدا ئاماژەیەك بۆ گرنگترینی بەشی دەکەین. خاڵێکی بناغەیی کە لەم بەشەدا بەرچاو دەکەوێ‌و بۆخوێنەرانی ئەمڕۆ شتێکی زۆر روون‌و ئاشکرایە ئەمەیە: کۆڵینەوە لەمێژووی زمانی عیبری زۆر پێویستە.

ئینسان دەبێ زۆر ئاگاداربێت تامانای حەقیقی بەشێك لەدەقی لەگەڵ حەقیقەتی ماهییەتی دەقەکە لێ تێکەڵ نەبێ. ناسینی وردی ژیان، نەریت‌و هەوڵی نووسەران‌و بیریارانی کتێبە جۆروجۆرەکان بایەخێکی زۆری هەیە: ئەمانە بەشێکن لەبیروڕایەکانی سپینوزا دەربارەی خستنە رووی کورتە مێژووی کتێبی پیرۆز. ریفۆرمی تێگەیشتن ئەوەیە کە ئەم کورتە مێژووی کتێبی پیرۆزە بتوانێ بۆ دەرك کردن‌و تێگەیاندنی خۆی بنەماو بنچینەیەکی ئەوتۆ بخاتە بەردەست کە لەگەڵ بنەماو شێوازی سروشت ناسیدا تەواو گونجاو بێت. حەقیقەتە مێژووییەکانی نوسەران‌و راو بیرو بۆچوونیشیان هەر بەم شێوەیە خاڵێکی سەرەتایە بۆ ناسینی حەقیقەتەکانی سروشت‌و لەئاکامدا ناسین‌و مەعریفەیەکی جێ بڕواو متمانە دەستەبەر دەکات. بەم جۆرە لەسپیدەی سەرهەڵدانی مێژووی ئەندێشەدا، زانستی سروشتی‌و زانینی مێژوویی شانبەشانی یەکتر دەڕۆن. لەبەرامبەر بانگەوازی "ئیلاهی"دا ئەو دوانە ڕێگای ئەقڵ‌و شێوازیان گرتووەتەبەر.

سەرچاوە: مجله شورا شماره دوم، پاییز ٧٥.

# لەنووسەرەوە بۆ دەق، لەدەقەوە بۆ خوێندنەوە

## یا سەرهەڵدانی خوێنەرو تیۆری پێشوازیو وەرگرتن




عبدالله تاهیر بەرزنجی

لەنووسینو رەخنەدا سێکۆچکەیەك هەیە ماوەیەکی دوورو درێژ هەر یەکەیان بیری رەخنەگرو رەوتی رەخنەیی بەلای خۆیدا راکێشتووە، ئەتوانین لەم هێڵکێشانەدا ئەو سێکوچکەیە بکەینەوەو بەشێوەیەکی ئاسۆیی دەستنیشانی کوچکەکان بکەین:

نووسەر        دەق        خوێنەر یا وەرگر

مێژووی تیۆری ئەدەبیورەخنەیی زیاتر دەسەڵاتی نووسەر بەسەریا زاڵ بووە، نووسەر هەموو شتێك بووە لەرەخنەدا. مەرکەزیەت لای نووسەر بووە دەقو خوێنەریش لەئاستێکی زۆر نزما پاشکۆی نووسەر بوون. ئەم دەسەڵاتە هەر لەکۆنیشەوە بەنووسەری دەق بەخشراوە. تەنانەت ((مرۆ دەتوانێت مێژووی تیۆری ئەدەبیی نوێش بکات بەسێ قۆناغەوە: لەقۆناغی یەکەمدا ((بایەخ بەنووسەر دراوە (سەردەمی رۆمانسیەتو سەدەی نۆزدەیەم)، لەقۆناغی دووەمیشا بایەخی تەواو بەدەق دراوە (رەخنەی نوێ)، قۆناغی سێیەمیش ئەو بایەخە دیارە دەنوێنێ کەلەم ساڵانەی دواییدا بەخوێنەر یا وەرگر دراوە)[1].

لەتەئویلکردنو رەخنەدا نووسەری دەق رۆڵی خوداوەندی پێدراوە، ئەو پێکهێنەرو خولقێنەر بووە نەکراوە لەسنووری نەخشەکێشانی دەقەکەی دەرچوون هەبێت. رەهای تەواو بەبوونەوەرەکەی دراوەو رەخنە بەوێنەی رەهای خوداوەندەکەی زانیوە. تەنانەت لەقۆناغی یەکەمی مێژووی تیۆری ئەدەبیی نوێیشا کەتیری تیگلتون بەستوویەتی بەسەردەمیرۆمانسیەتو سەدەی نۆزدەیەمەوە هەر دەسەلات بۆ نووسەر بووە. لەسەردەمی رۆمانسیەتدا زات زۆر گەورە کراوە. لەلایەکی ترەوە سەدەی نۆزدەیەم بەسەردەمی رەخساوو چاك دائەنرێت چونکە لەتەئویلکارییا جۆرێك لەگۆڕانو پەرەسەندن بەدیدەکرا، بەڵام ئەمیش لەپێناوی پتەوکردنی خودی نووسەرا بوو وەختی تەئویلکاری، واتا باشترین خوێندنەوەی تەئویلی ئەوە بووە دەسەڵاتی باڵای نووسەر بسەلمێنێو دەقەکە بباتەوە سەر نیازو خودی نووسەرو شتە شاراوەکانی ژیانی. تەنانەت تەئویلکارێکی نوێترو تازەتری وەك ئی.د. هێرشیش کەکتێبی وەك (راستگۆیی لەتەئویلا)و (ئامانجەکانی تەئویلی) هەیە، لەم لایەنەوە، لای نەداوەو رەخنە بەو تەئویلکارییە دائەنێت کەرۆڵی سەرەکی نووسەر



هارۆلد بلووم

دەسەلمێنێتو نیازو رازی دانەر بەتاکە رێگا دائەنێت بۆ دۆزینەوەی مەعنای دەق ئەمەیش دیکتاتۆریەتی نووسەر دەچەسپێنێتو خوێنەر لەبەهاو توانای جوانکاری دائەماڵێتو سنورێکی دیاریکراوو نەگۆڕی بۆ دائەنێت لەچوارچێوەی مەعنای مەرکەزیدا –واتا مەبەستی نووسەر– لەدوای سەرهەڵدانو پەرەسەندنی نوێگەریو پێشکەوتنی زمانزانی نوێو دۆزینەوەی پەیوەندی تەواوی بەپێکهاتەی ئەدەبییەوە وەرچەرخانێك لەرەخنەدا روویداو نووسەر کەجاران بەدەسەڵاتداری یەکەم لە سێکوچکەکەی سەرەوەدا دائەنرا پلەو پایەی لێ سەندرایەوەو خرایە پەراوێزەوە. ئینجا رەخنە تیشکی تەواوی خستە سەر دەق کە –بەپلەی دووەم لەنەخشەکەدا هاتووە– تیری ئیگلتۆن زەمەنی ئەم وەرچەرخانەی بەرەخنەی نوێوە بەستۆتەوە. لەسەرەتای سەدەی بیستدا رەخنەی نوێ (مەبەستمان لەرەخنەی نوێ تەنها رەخنەی ئینگلیزیو ئەمریکی نییە) دەقی سەرخستو بایەخی خۆی لەنزیکبوونەوە لەدەق کۆکردەوە، بەڵام پاش سەرهەڵدانی شێوەگەری روسیو بونیادگەری دەق بەشێوەیەکی فراوانتر دەسەڵاتی پەیداکردو رەخنەگر لەکاتی ئیشکردنا لای لەنووسەرو ژیانی نووسەرو بوونی نووسەر نەئەکردەوە چونکە فۆرمالیزمی رووسی بەدوای ئەدەبیەتی دەقدا دەگەڕێت، بونیادگەری لەزاتی دەقی ئەکۆڵییەوە نەك زاتی نووسەرو مێژوو سەرچاوەی دەرەوە.

مەنهەجەکانی رەخنەی نوێ بەتایبەتی بونیادگەری دەقی بەهەموو شت زانیوە، وەك چۆن کەدەسەڵات دەسەڵاتی نووسەر بوو دەقو خوێنەر بووبوون بە پاشکۆو دەبوایە بارهەڵگری ئەو شتانە بوونایە کەنووسەر بۆی ئامادەکردبوون، ئاوەهایش کەدەسەڵات کەوتە دەست دەق، دانەر یاخود نووسەر وەك کەسێك دەژمێردرا کە ونبووبێتو رۆڵی تەواو بووبێت تاکار گەیشتە ئەوەی رۆلان بارت تیۆری مردنی نووسەری دارشت..

سەبارەت بەخوێنەریش دەق بوو بەهەموو شت لەلای. دەسەڵات بوو بەدەسەڵاتی رەگەزی زمانو سیستمو شێوەکانی بونیاد. لەسەردەمی دەسەڵاتی دەقدا خوێنەر بۆی نەبوو شتێکی نوێ لەلایەنی خۆیەوە بخاتە پاڵ دەق. باشترین خوێندنەوە ئەو خوێندنەوەیە بووە کە تەنها جفرەی دەقو مەعناو ئالیاتو سیستمە جیاوازەکانی بدۆزێتەوە، واتا ئەرکی خوێنەر تەنها دەستنیشانکردنی سیستمی پێکهێنەری ناوەوەی دەق بووەو بەس یا کردنەوەی بەشەکانی وەك خۆی، بێ ئەوەی مافی ئەوەی هەبێت وەك خودی خوێنەر گۆڕانکاری بکات یا شتێك زیاد بکات، وەك چۆن دەق پێش خۆی سڕیەوەو مەخسەدی نووسەری خستە لاوە هەر بەو جۆرە رازو نیازی خوێنەریشی فەرامۆشکرد. ئەرکی خوێنەر لەسەردەمی بەهێزی دەقدا ئەوەبووە شتەکانی ناو دەق وەك خۆی وەرگرێ بونیادی زمان جیابکاتەوە، دەست بخاتە سەر دوانەکانی (ثنائیات)ی دەقو سیستمە لێکچوو لێکنەچووەکانی. واتا دەق خوێنەری بارکردووە لەخۆی. دەسەڵاتداریتی دەق کەشێوەگەرە رووسەکانو بونیادگەرو سیمۆلۆجیخوازەکان نوێنەرایەتی دەکەن دەق بەداخراوی دەبینن، بەسەر دەرەوەدا ناکرێتەوە، دەرەوە هەر دەقەو ناوەوە هەر دەق.

تیری ئیگلتۆن قۆناغی سێیەمی تیۆری ئەدەبیو رەخنەیی نوێ دەبەستێت بەسەرهەڵدانی خوێنەرەوە.. لەو سێکوچکەیەدا کەلەسەروە وێنەمان کێشابوو خوێنەر لەدوای نووسەرو دەقەوە هاتبوو. وەکو ئاماژەمان پێدا لەبیستەکانەوە تا شەستەکانو

بەرەو ژوورتریش بایەخی زۆر درا بەدەق و تیۆرە ئەدەبی و رەخنەییەکان (فۆرمالیستە رووسەکان، بونیادگەری و سیمۆلۆجیا) بەڵام لەهەردوو ئەو قۆناغەدا دەسەڵاتی نووسەرو دەسەڵاتی دەق خوێنەر یا تەئویلکەری بۆ ستراتیجیەتی نووسەرو دەق بەکارهێنراوە، بۆنموونە رێگای پێنەدراوە مەعنایەکی جودا لەمەبەستی نووسەر یادەق بخولقێنێ، باشترین خوێندنەوە لەسەردەمی دەسەڵاتی نووسەرا ئەو خوێندنەوەیە بووە بەتەواوی لەگەڵ زاتی نووسەرا گونجابێت و کتومت چوبێتەوە سەری. لەسەردەمێکیشدا کەتیۆری ئەدەبی بایەخی سەرەکی لەدانەرەوە بۆ دەق گواستەوە چاکترین خوێندنەوە ئەو خوێندنەوە بووە کەخوێنەر یا تەئویلکارەکەی کەشفی سیستمی ناوەوەی دەقەکە بکات بەپێی ئاراستەکراوەکانی ناوەوەی خۆی بێ ئەوەی شتێك لەلایەن خۆیەوە زیادبکات. لەقۆناغی سێیەمدا (کەسەرەتاکانی لەسییەکانەوە دەرکەوتوون و لەکۆتایی شەستەکاندا پەرەیان سەند لەتیۆری وەرگرتن و پێشوازی ئەڵمانیاو جوداسازی دریدا)دا خوێنەر سەربەستی تەواوی بۆ فەراهەمکرا، تا لەرێگای خوێندنەوەوە ببێت بەبنیاتنەری دەق، وبەبێ خوێنەر بوونی نەبێت و تەواو نەبێت. جاران خوێندنەوە لەژێر رکێفی مەرج و ستراتیجیەتی نووسەر یا دەقدا بووە وەختێکیش جڵەو درایە دەس خوێنەر پرسیارو ستراتیجیەت و تەکنیکەکان گۆڕان. ستراتیجیەت و تەکنیك بوون بەموڵکی خوێنەر. خوێنەر بوو بەدروستکەری مەعنا نەك نووسەرو دەق، مەعنایەك کەتا ئەو رادەیەی دژی مەعنای دەق و نووسەر بێت یاخوێندنەوەی تەفسیری خراپ (سوء التفسیر) هەبێت و رەخنەگرێکی وەك هارۆڵد بلووم چاو لەجیاوازی نێوان تەفسیری راست و تەفسیری ناراست بپۆشێت بەو مانایەی هەموو خوێندنەوەیەك مەعنای تایبەتی هەیەو لەتەئویلکارییا بەرائەت بەرامبەر دەق نامێنێت و هەر تەفسیرێکیش لەگەڵ کارەکەدا خراپ بکەوێتەوە راستە. بەرادەیەك هارۆڵد بلووم ئەو تەئویلانە بەنایاب دەزانێت تێکدەرو خراپەکارن (خوێنەرە ئاساییەکان لەکۆمەڵەی هێرمینوتیکی وادا دەخوێنن کەپشتیان بەمەنتیق و عەقڵ و مەعریفەی مێژوویی و ئەو نەریت و یاسا گشتییانە بەستووە کەکێشەکان لێکدەدەنەو، بەڵام خوێنەرە چاکەکان ئەوانەن کەخراپەکاری لەتەئویلا دەکەن.)

دەسەڵاتی خوێندنەوە بەوەوە نەوەستاوە بەڵکو رەوتی رەخنەیی سەربەخۆی لێ پەیدابووە، کەباسی زەبری خوێندنەوە لەرەخنەدا بکرێت تیۆری (پێشوازی)مان (استقبال) دێتەرێ و ناوی هانز رۆبەرت یاوس و لفگانگ ئیزەرمان دێتە پێش چاو کەهەردووکیان رۆڵی سەرەکییان لەسەرهەڵدان و پەرەپێدانی ئەم رەوتە رەخنەییەدا هەیە تیۆری وەرگرتن و پێشوازی خوێنەر بەرەگەزی جوڵێنەری دەق ئەژمێرێت وادائەنێت کەمانا خۆی لەدەقدا داناڕێژێتەوە بەڵکو دارشتنەوەو بەردەوام لەدایکبوونی مانا پەیوەستە بەئامادەبوونی خوێنەر بۆ بەرهەمهێنانی مانا.

ئەم تیۆرە رەخنەییەی کەژیان و بەردەوامی ژیانی دەق بەخوێنەر دەسپێرێ رەگی درێژی خۆی هەیە، راستە هانز رۆبەرت یاوس و ئایزر شێوەو بوونیان پێ بەخشیوە بەڵام هەوڵی چەند رەخنەگرو فەیلەسووف و تیۆری رەخنەیی تر بوون بەسەرچاوەی تیۆری وەرگرتن وەك: چەند لایەنێکی شێوەگەریی روسی و رەخنەگر رۆمان ئینگاردن و جان موکاروفیسکی و فیلیسکی فودیکاو تەئویلکارییەکانی (هێرمینوتیك)ی هانز جۆرج گادامیر.

رەنگە تیۆری وەرگرتن و پێشوازی (التلقي والاستقبال)و رەخنەی بەهاناهاتنی خوێنەر (نقد استجابه القارئ) تێکەڵاو بووبن و زۆرجار خوێنەر هێڵە جیاوازەکانیان نەدۆزێتەوە چونکە هەردوو جەخت لەسەر خوێندنەوەو دەسەڵاتی خوێنەر دەکەن. بەڵام رۆبەرت سی هول لەکتێبی (تیۆری پێشوازیدا) لەسەر ئەم کێشەیە دەوەستێت و ئاماژە بەهەندێك پێشنیاز دەکات کەبۆ دەستنیشانکردنی هێڵە جیاوازو تایبەتیەکانی هەردووکیان خراونەتە روو (هەندێك پێشنیاز هەن وا دەبینن کەتیۆری وەرگرتن پەیوەندی بەخوێنەرەوە هەیە، بەڵام وەڵامدانەوە پەیوەندی بەلایەنە دەقکارییەکانەوە هەیە کە بەتەواوی سەلمێنەریش نین.)[٢]

رەخنەی بەهاناهاتنی خوێنەر بایەخی تایبەتی خۆی لەدەق و نووسەرەوە دەگوێزێتەوە بۆ چۆنێتی رووبەڕوو بوونەوەی خوێنەر وەختێك چاو بەرووی دەقەکەدا دەگێڕێ.

م.هـ. ابرامز دەربارەی تیۆری وەرگرتن دەڵێت: (تیۆری وەرگرتن ڕاڤەکردنی مێژوویی ئەو تیۆرەیە کەپشتی بەئامادەبوون و بەهاناچوونی خوێنەر بەستووەو مشتومڕێکی دوورودرێژی وروژاند بەتایبەتی لەئەڵمانیاو پاش ئەوەی هانس روبرت یاوس لەکتێبی ((مێژووی ئەدەب وەك بەرەنگاربوونەوەیەك بەرامبەر تیۆری ئەدەبی ساڵی ١٩٧٠ وروژاندی [٣]

ڕۆبەرت سی هول هەر لەپێشەکی کتێبی (تیۆری پێشوازیو وەرگرتنا) پرسیار دەکات: چین ئەوانەی کەرەخنەی وەڵامدانەوەو بەهاناچوونی خوێنەر (نقد استجابە القارئ) لەتیۆری وەرگرتن (استقبال) جیادەکەنەوە؟ هەر خۆیشی وەڵامدەداتەوە (رەخنەگرانی وەڵامدانەوەو بەهاناچوونی خوێنەر لەجیهاندا پەرش و بڵاون لەپەیمانگای جۆراوجۆرا وانە ناڵێنەوە، بەشێوەیەکی ڕێکوپێك چاویان بەیەك ناکەوێت، هەروەها لەڕۆژنامەو گۆڤاری هاوبەشا نانووسن و لەکۆنگرەی هاوبەشا ئامادەنابن)[٤]، واتا کاریگەری رەخنەیی رەخنەی (وەڵامدانەوەی خوێنەر)و هۆی بڵاوبوونەوەی ناگەڕێتەوە بۆ کۆڕو کۆبوونەوەو کۆنگرەی تایبەت بەهەوڵی کۆی رەخنەگرانی بەڵکو پەیوەستە بەداهێنانی جیاجیای تاکەکانەوە. شێوەی پێشوازیو وەرگرتن (التلقی والاستقبال) بەپێچەوانە کەوتۆتەوە. (دەربڕی وشیاریو بەرپرسیای کۆمەڵێکە، بەمانایەکی فراوانتر کاردانەوەی گۆڕانکارییە عەقڵیو ئەدەبییەکانی کۆتایی شەستەکانی ئەڵمانیای رۆژئاوایە، لەپاڵ ئەمانەیشدا ئەوانەی باوەڕیان بەم بزوتنەوە رەخنەییە هەیە وەك مامۆستاو قوتابی یا وەك بەشداربوو لە کۆنگرە نیوساڵەییەکاندا پەیوەندییان بە زانکۆی (کۆنستانس)ەوەیە. هەموو چالاکیو ئەنجامەکانی ئەو کۆڕو کۆبونەوانەیشیان بەزنجیرە لەژێر ناوی (شیعریەت و تەئویلدا) بڵاوکرایەوە)[٥]

ئەو ناوانەی کەلەسەرەوە ئاماژەمان پێدان ـجان موکارۆفسکی، فیلیکس فۆدێکا، ئینگاردن، گادامیر) کەم تا زۆر، پێش پەرەسەندنی خوێندنەوە لەرەخنەدا،و سەرهەڵدانی قوتابخانەی سەربەخوێندنەوە، باسی خوێنەرو گواستنەوەی بایەخیان لەدەقەوە بۆ خوێنەر کردووەو هەوڵەکانیشیان وەك رەگیان لێهاتووە بۆ ئەو ڕەوتە رەخنەییانەی ئێستا کەرۆڵی گرنگ دەدەن بەخوێنەر بۆ تەئویلکاریو بیناکردنەوەی دەق، بەڵام ئێمە پێش ئەوەی بێینە سەر باسکردنی تیۆری پێشوازیو وەرگرتن و بۆچوونەکانی یاوس و ئیزەر دەچینە سەر رۆڵی ئینگاردن و گادامیر.

ڕۆمان ئینگاردن هەر زوو لەکتێبی (کاری ئەدەبی)دا کەساڵی ١٩٣١ چاپیکردبوو باسی بەشداربوونی خوێنەری لەزیندووکردنەوەو بیناکردنەوەی جۆراوجۆری دەقدا کردووە. گرنگی ئەم کتێبەی ساڵی ١٩٦٨ دۆزرایەوە ئەو وەختەی مشتومڕێکی زۆر لەسەر کاری دەق بۆسەر خوێنەر کرا.

لەلای ڕۆمان ئینگاردن بۆشاییو تەمومژو بەرجەستەکردن و دەست نیشاننەکراو دەبن بەبنەما بۆ پرۆژەی کارکردنی خوێندنەوە. وەرگرتن لەچوارچێوەی کارلێکردن دەرئەچێت و بەرەو فەزای پێکهێنان دەکشێت واتە وەرگرتن تەنها مژینی تیشکی کاریگەری دەق نییە بەڵکو کردنی خوێنەرە بەپێکهێنەرەوەی دەق. تیۆری وەرگرتن لای ئینگاردن چۆن کەوتۆتەوە؟ لای ئەم، ئەم تیۆرە رەخنەییە پشت بەچوارچێوەیەکی شکڵی دەبەستێت کەپێشکەشی خوێنەری دەکات، ئەم چوارچێوەیە چەندەها خاڵ و جێگای بۆشاییو تەمومژی تیایە خوێنەر خۆی پڕیان دەکاتەوە)[٦].

ئەم جۆری وەرگرتنە لای ڕۆمان ئینگاردن بەجۆرێکی چاك ڕێگا بۆ رۆڵی خوێنەر خۆش ئەکات، وای لێدەکات کەوەك بەکارهێنەرێك هەر تەنها وەرنەگرێت و وەرگراو سەرفبکات، بەڵکو ئەرکی لەسەرفکردنی شتی وەرگراوەوە دەگۆڕێت و دەبێت بەئەرکی کەسێکی پێکهێنەر، چۆن چۆنی دەقێك کۆتایی هاتبێت و کاری نووسینەوەی تەواو بووبێت خوێنەر دروستی دەکاتەوە؟

ئینگاردن کاری ئەدەبی بەبینایەکی نەخشەکێشراو دادەنێت[٧] شتەکان و کەسەکان و کردارەکان بەشێوەیەکی تەواونەکراوو نانوقسان لەدەقدان. لەبەرامبەر ئەو دەستنیشانکراوانەدا، ئەو (دەستنیشاننەکراوو بێسنوورانە هەن) کەپێویستە خوێنەر تەواویان بکات ئەمەیش لەکاتێکدا دەبێت کەخوێنەر کارە ئەدەبییەکە بەرجەستە دەکات.

کـاری ئـەدەبی دووجـار بەرجەسـتە دەبێـت، جارێکیان لەدەقدا پێش خوێندنەوە، واتـا ئەوکاتـەی دیـاریکراوو دەستنیشـانکراوو سـنووردارەکان لەچوارچێوەی دەقدا بەرجەستە دەکرێن، جارەکـانی تریش دوای تـەواو بوونـی نووسـینی دەق وەختێـك خوێنـەر لێـی نزیکدەبێتـەوەو بۆشـاییو دەستنیشـاننەکراوەکانو کـونو کەلەبـەرکان پـڕ دەکاتـەوە. دەتوانـین بڵێـین دەق، هـەموو دەقێـك دەکرێت بـەدوو بەشو رووەوە، دەقـی ئاشـکرا کراو کەلەلایەنە مادییەکانی دەقدا خۆی دەنوێنـێ، دەقـی شاراوەیش، خوێنەر کەدەق دروستدەکاتەوە، کـاری دروسـتکردنەوەی خـۆی لـەدەقی شـاراوەی دەقـدا ئـەنجام دەدات، سنووری لایـەنی شـاراوەی دەقیـش بەدەستنیشـاننەکراوو بۆشـایی تـەنراوە، دووبـارەو چـەندبارە دروسـتکردنەوەی دەق پەیوەسـتە بەپڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانە.

گادامـیر لـەو کەسـانەیە لەگـەڵ جیـاوازی بۆچوونەکانیا وەك سەرچاوەیەك کـاری لـەجموجوڵو پەرەسـەندنی تیـۆری پێشـوازی وەرگرتـن کـردووە. گادامـیر تێگەیشـتن بەچڕبوونـەوەی بوونـی ئێمـە لەجیـهاندا دائـەنێت. پـەیڕەوی تـەئویلی بـۆ شـیکردنەوەو لێکۆڵینـەوە نییـەو بـەس بـەڵکو بـۆ ئەوەیـەتی بگەیتـە حەقیقـەتێك دەربـارەی دەق (لـەکتێبی راسـتیو پـەیڕەو هـێرمێنیوتێکدا (تەئویلکارییەك) دەخاتە روو کەبۆ ئەوە نییە پەیڕەو میتـۆدی نـوێو خـاس فرەبکات بـەڵکو بـۆ پرسـیار وروژاندنە لە پەیڕەوو پەیوەندی بەراستییەوە.)[٨]

تـەئویلکاری کـۆن، تـا سـەدەی نۆزدەیـەمیش دیدێکـی تـاكو یـەك لایەنـەو شـێواوی بۆ پـەیوەندی لەگـەڵ رابـردوودا بەستبوو.. پێـش شـلایرماخریش تـەئویلکاری جۆرێـك لەوکاردانـەوە بـوو دەربـارەی پرۆسـەی تێگەیشـتنو لـەچوارچێوەی سـووکە تێگەیشتنێك دەرنەئەچوو.

ماخر پەرەی بەبۆچوونەکانی ئاست لەتـەئویلدا دا لەسـەر دەسـتی شـلایر مـاخر هـێرمێنوتێك هـەنگاوی فراوانتری نالای ئـەم (تیـۆری تـەئویل بریتییـە لـەدوو ئاست. ئاستی یەکەم دەستوری زمانەو.

ئاسـتی دووەمیش، کەشلایر مـاخر پێـی دەڵـێ ئاسـتی رەوانناسـی یـا ئاسـتی هونـەری، ئـەرکی تەئویلکاریش لەم ئاستەدا ئەوەیە کەنووسەر لـەخۆی باشتر بناسێت)[٩] زۆربەی زۆری ئەوانەی دوای شـلایر ماخر هاتوون بەگشتی، یا لەچەند لایەکەوە پەیڕەوی بۆچوونە تەئویلکارییەکانیان کردووە، جەخت لەسـەر ئاستی دووەمو دەروونی نووسەر دەکـەن. بـۆ نمونـە دیلتـای (تەنـها پـەرەی بەمـەودا دەروونناسـییەکەی تیـۆری پێشـینانی خـۆیدا .و مـەودا زمانەوانیەکەیشـی کـەبوو بەبناغـەی تیـۆری تـەئویلی سەدەی بیستەم، فەرامۆشکرد)

هیرمنوتیکی کلاسیکی داکۆکی لەسـەر رازو نیـازو مەبەسـتی نووسـەر دەکرد، واتـا مانا بەشـێوەیەکی کۆتاییـە، کـاری تـەئویلیش گەڕانـە بـەدوای مانـاو مەبەسـتی نووسـەردا، خوێنـەریش بێزیـادو کـەم ناتوانێت لێی لادا.

(ئـەوەیش بڵێـین کـە شـلایرماخر لـەرەوتی پێشـکەوتنی گفتوگۆکانیـا وردە وردە نیـازو رازو مەبەسـتی نووسـەری خسـتە لاوە، یا بەشـێوەیەکی باشـتر بڵێـین ئـەوەندە بـەگرنگی نـەزانی، بـەڵام تـا کۆتـایی ژیانی بـەوەفاداری مایـەوە بـۆ رای بـڕاوەی بنەڕەتی هیرمنوتیکی رۆمانتیکی) واتە بۆ ئەو خاڵەی کەدەق خاوەنی مانای کۆتاییو بڕاوەیە)[١١]

ویلـهم دیلتـایو هـێرش پـەیڕەوی شـلایرماخریان کردووە، دیلتای تەئویل بەخستنە رووی مانا دەزانێت مانایش لەمەبەستی نووسەرا بەند دەکات (بـەم پێیـە لـەدیدگای دیلتایـەوە تێگەیشـتن بەپلـەی یەکـەم پێویستی ئاشکراکردنی مەودای دەروونـی نووسـەرەو نزیکبوونـەوەیش لەتاقیکردنـەوەی دەروونـی ئـەو لەرێگای پێگەیشتنێکی هاودڵانەیە لەگـەڵ نـاوەرۆکی دەقدا)[١٢].

هێرشـیش لەتـەئویلکاریدا نیـازو مەبەسـتی نووسـەری لەخوێندنـەوەی دەق گەرەکـە مانـا بەهۆشـیارییەوە دەبەسـتێتەوە (هـێرش هـەموو شـێوەیەك لەپـەیوەندی نێـوان مانـاو نائاگـایی رەتدەکاتـەوە،و بەسادەیی بـاوەڕی وابـوو کـەمانای گـوزارە یـا دەق پەیوەسـتە بـەنیازو مەبەسـتی ئاگادارانـەی بەکارهێنـەر یـا دانەرەکەیـەوە)[١٣]. تەنانـەت ئـەو وای بـەباش دەزانێـت کـەبۆ گەیشـتن بەمەبەستی نووسەر سوود لەمێژووی ژیانی نووسـەر وەربگرین.

گۆڕانکاری لەتیۆرییـە تەئویلییـەکانداو بەخشـینی سەربەستیو دەسەڵاتی فراوان بەخوێنەرو تەئویلکار

دەسەڵاتی فراوان بەخوێنەرو تەئویلکار بەروون و ئاشکرا لای گادامیر دەرئەکەوێت و کاریگەرییەکی زیاتری بەسەر تیۆری پێشوازی وەرگرتن لەخوێندنەوەدا دەبێت. ئەگەر باوەڕبهێنین و بڵێین مانای مەرکەزی کەنیازی نووسەری تیا خەستدەبێتەوە دروست و ڕەوانە ئەوە هیچ بوارێکی وا بۆ یاری شتە گرنگەکانی دەق نارەخسێت کەلەبنەڕەتدا جێگیربوونی لەخاڵێکی دیاریکراودا بۆ نییە. دەق مانا دەهاوێت، مانا لەمەبەستی نووسەر ناچۆڕێت، پاش ئەوەی دوای تەواوکردنی دەق ڕۆڵی کۆتایی دێت و پەیوەندی بەکارەکەیەوە نامێنێت. (دەشێت وەك گادامیر جەختی لەسەر کردووە، دەشێ مەبەستی نووسەر تەنها ئاماژەیەك بێت بۆ شوێنێکی بۆش کەپڕ دەکرێتەوە بەهەرچ شتێك کەوای بۆ دەچین، دەق وەك مانا دەیگەیەنێت)(١٤).

لای گادامیر پەیوەندی نێوان دەق و خوێنەر پەیوەندی کاربەخشینەوەیە، گۆڕینەوەی پرسیارو وەڵامە، مانا بەپرسیارو وەڵامی بەردەوام بەرهەم دەهێنرێت نەك بەگەڕان بەدوای نیازی نووسەرا، ئەمە بەپێچەوانەی تیۆرە هێرمێنیوتیکیە کلاسیکییەکانەوەیە. هەموو خوێندنەوەو تەئویلێك بەزانین و بۆچوونی پێش وەختی خوێنەر نەشونما دەکات. دیدو سەرچاوەو بۆچوونەکانی تەئویلکار یا خوێنەر مانا لەدەقدا دروست دەکات گادامیر ڕای وایە کە (بیری وێناکراوی پێشینی تەئویلکاری ئەو مەرجە گونجاوەیە کەهەموو تەئویلێك ملکەچی دەبێت، لەگەڵ ئەمەشدا، دەتوانرێت خودکاری ڕوت و نایاب بەجێبهێڵرێت مادامەکی کەتەئویلکار بەوشیارییەوە بیری وێناکراوی پێشینەی خۆی دێنێتە ئاراوە، بەم شێوەیە دەتوانێت دەست لەئاسۆی ڕابردوو حازر وەردا.)(١٥).

ڕای پێشینی خوێنەر گرنگی خۆی لەتەئویلکاری و خوێندنەوەدا هەیە، گادامیر مەبەستی لەمە ئەوەیە کەوەختێك خوێنەر لەدەق نزیکدەبێتەوە خۆی بۆ ئەوە ئامادە دەکات دەستی بۆ ببات ڕاو بۆچوونی خۆی هەیە کەمێژووو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری خۆی بەرهەمی هێناون. ئەم بەسەدەها ڕستە ئاماژەی بۆ ئەمە کردووە، وەك: ڕای پێشین (واتە ڕای خوێنەر) و تێگەیشتنی پێشین بەبەشێکی زیندووی هەموو حاڵەتێکی تەئویلی دادەنرێن. یا: مێژووخوازی تەئویلکەر لەڕێگای تێگەیشتنا بەربەست نییە. چەندەها ڕستەی تری لەم جۆرە.هەر لێرەوە گادامیر دەمانباتە سەر زاراوەی (ئاسۆ) کەدواتر بوو بەیەکێك لەبنەما سەرەکیەکانی تیۆری پێشوازی وەرگرتن لەرەخنەدا. گادامیر (ئاسۆ) بەبەشێکی سەرەکی پرۆسەی تەئویل دائەنێت، ئاسۆ دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر جێگای خۆی لەدەقدا بکاتەوە، ئاسۆ ئەو شتەیە کە (تیاماندا دەجوڵێت و تیایدا دەجوڵێین) دیارە ڕای پێشینی خوێنەر ئاسۆی تایبەتی خوێنەر دەنوێنێت، بەبۆچوونی گادامیر ناتوانین مێژوو بەو شێوەیە بخوێنینەوە کەگوایە خاوەنی مەعنایەکەو ئێمەیش کەرەستەو ڕێگا ئەدۆزینەوە تا بچینە سەر ئەسڵەکەی و ئەو مانا شاراوەیەی بدۆزینەوە، بەڵکو ئەگەر بمانەوێ تەئویلی دەقێکی ئەدەبی مێژوویی کۆن بکەین نابێت کەرەستەو پەیڕەو ئامادە بکەین تا بمانگەیەنێتە سەر ئەسڵەکەو کەشفی ماناکەی بکەین. ئێمە ناتوانین -وەك خوێنەر- کاتی خوێندنەوەی دەقێکی مێژوویی بەتایبەتی ئەگەر ئەدەب بێت وەك ئەو کاتە بخوێنینەوە کەنووسەر دەقەکەی تیا نووسیوەو هەر بەو شێوە مەعنای تیا بدۆزینەوە بەڵکو خودی ئێمەو حازری ئێمەو ئاسۆی چاوەڕوانی ئێمە ڕۆڵ لەو پرۆسەی خوێندنەوەو بەرهەمی مەعنایەدا دەبینن. واتا لەخوێندنەوەی دەقێکی مێژوویدا دوو ئاسۆ تێکەڵاو دەبن: ١- ئاسۆی ئێستای خوێنەری ئەم سەردەمە، ٢- ئاسۆی دەقە مێژووییەکە. ئەمەش بەو مانایە نییە کەئاسۆی یەکەم لەگەڵ ئاسۆ مێژووییەکەدا بگونجێت یا تیایدا بتوێتەوە، بەڵکو بەو مەبەستەیە لەئاسۆی یەکەم جیابێت، یالەکاتی خوێندنەوەو تەئویلکردنی دەقێکی نوێدا لەلایەن خوێنەرێکی هاوچەرخەوە دوو ئاسۆ تێکەڵاو دەبن ئاسۆی تەئویلکارو ئاسۆی دەق واتا ئەو تەئویلە تەنها لەچوارچێوەی دەقەکەوە دروست نابێت، بەڵکو بوون و باککراونی تەئویلکار شتێکی تر لەدەق پێکدەهێنێت.

قوتابخانەی کۆنستانس کەکەسانێکی وەك هانس ڕۆبەرت یاوس و ئێزەر ڕابەرایەتی دەکەن جوانکاری خوێندنەوەی پتەوو توندوتۆڵ کرد. ئەویش لەڕێگای ئەو ڕەوتە ڕەخنەییەوە کەڕۆڵی خوێنەری لەبکەرێکی سەرفکەرەوە بۆ بکەرێکی بەرهەمبێنەر گۆڕی و پێی

دەوترێت جوانکاری وەرگرتن یا تیۆری پێشوازی واتا ئەرکی خوێنەر هەر ئەوە نییە کارتێکردن لەدەقەوە وەرگرێت بەڵکو دەبێت بکەرێکی بەرهەمهێنەر بێتو بەخوێندنەوە دووبارەو چەند بارە نووسین بنیاتبنێتەوە.

هانس رۆبەرت یاوس تەکانێکی گەورەی بەمێژووی ئەرکی خوێنەرو کاری خوێندنەوەدا. لەگەڵ کەسانێکی کەمدا لەم بوارەدا گۆڕانکارییان کرد. یاوس وادەبینێت کەکاری ئەدەبی هەمیشە بەخوێنەر پڕو کامڵ دەبێت. مەعنای هەر کارێکی ئەدەبی بڕاوەو چەسپاو نییە، لەنیازی نووسەرا ناوەستێت بەڵکو بەچەند جار وەرگرتنو پێشوازیی لێکردنێیەوە لەگۆڕانی بەردەوامدایە هەر وەرگرتنێك لەلایەن خوێنەرەوە یەکسانە بەلەدایکبوونی مەعناو بونیادێکی تازە. بەلام چۆنچۆنی بەپرۆسەی وەرگرتنی (التلقی) دەق، خوێنەر ماناو بونیادی تازەی دەق دەخاتە بەرچاو؟

چۆنچۆنی کاری وەرگتن دەکەوێتە جووڵە؟ هانس رۆبەرت یاوس بۆ ئەمە پێشنیازی ئەوە دەکات کەبونیادی کار دەبێت لەلایەن وەرگرانێوە بەرجەستە بکرێت. بەڵام لێرەدا پرسیارێکی تر دێتە رێگەمان ئەویش ئەوەیە چۆنچۆنی خوێندنەوە یا خوینەر دەقێك بەرجەستە دەکات، کەپێش خۆی تەواو بووە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەمە خوێنەر دەبێت کاری خۆی لەکونو بۆشاییو نەوتراوەکاندا بکات، بەتایبەتی ئەگەر باوەڕمان وابێت کەکاری ئەدەبی هەموو کاتێك ناتەواو پڕ لەبۆشاییە، هەموو کاتێکیش گەیشتنی بەخوێنەر بونیادی جۆراوجۆری بۆ فرەدەکات.

ئاسۆی پێشبینیو چاوەنواڕی[١٦] یەکێکە لەبنەما سەرەکییەکانی تیۆری وەرگرتن. لەخوێندنەوەدا ئاسۆی چاوەڕوانی دەبێت بەسەرەتا بۆ چۆنێتی مامەڵەکردنی خوێنەر لەگەڵ دەقدا. (خوێنەر تەوەقوعو پێشبینی چی لەدەق دەکات؟) وەك لەپێشەوە باسمان کرد بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مێژوو دەقی مێژوویيدا دەبێت -بەگوێرەی یەکێك لە وتەکانی گادامیر- دەبێت ئێستا لەگەڵ خۆمان ببەین چونکە ئێستامان کەبەشێك لەئاسۆی چاوەنواڕیمان پێکدەهێنێت رەنگی خۆی بەسەر رابردوودا دەڕژێت هەروەها بۆ خوێندنەوەی دەقی هاوچەرخیشمان هەمان ئاسۆی چاوەنواڕیو پێشبینیمان دەکەوێتە گەڕ. خوێنەریشو دەقیش هەر یەکەیان ئاسۆی چاوەنواڕی خۆیان هەیە. هەموو کارێکی ئەدەبی ئاسۆی سەرەکیو فەرعی هەیە. یەکەمیان بریتییە لەبونیادی هونەریو کاریگەری خۆی، ئاسۆ فەرعییەکەیش لەدەرەوەی خۆیدایەو پەیوەستە بەو جوانکارییەوە کەخوێنەران بەدەقی دەبەخشن. ئەمە هەمان ئەو دابەشکردنەیە کە تیۆری وەرگرتنو کەسانێکی تر بۆ کاری ئەدەبی کردوویانە ((کاری ئەدەبی دوو جەمسەرە یەکێکیان (تەکنیکی)یە واتا بەو شێوەیەی نووسەر دایهێناوە، وەك بونیادێکی دانراوو گریمانکراو وایە، دووەمیشیان جەمسەری (جوانیە) کەپەیوەستە بەوەرگرتنێوە لەلایەن خوێنەرەوە. واتا ئەم جەمسەرەیان وەك بونیادێکە کەدێتەدی))[١٧] بەلام ئەوەی جەمسەرە بەگریماندارپێژراوەکەی دەق دەهێنێتە دی خوێنەرە کەبێ ئەم دەقەکە جەستەیەکی مادی خامۆشە. خوێنەرە کەنوێنەرایەتی جەمسەری جوانکاری دەق دەکات لەرێگای پرسیارو وەڵامەوە کاری خۆی دەکات (پەیوەندی نێوان دەقو خوێنەر ملکەچی مەنتیقی پرسیارو وەڵامە، دەق دەبێت بەوەڵامی پرسیار. بەدەربڕینێکی تر خوێنەر تەنها هەر ئەوەندە لەکارەکە دەگات کەمەبەستێتی، بەڵام هەموو کاتێك وەڵامی دەق بۆ پرسیاری خوێنەر هەموو شتێك نییە. دەقیش پرسیاری خۆی دەخاتە روو کەوەڵامی لەخوێنەر دەوێ. سەرەنجام مەنتیقی پرسیارو وەڵام لەشێوەی گفتوگۆدا جێگیر دەبێت)[١٨]

پەیوەندی خوێنەرو دەق دەبێت بەپەیوەندییەکی دیالیکتیکانە. وەرگرتنو تێگەیشتنیش لەم رێگەیەوە نەبێت ناکەونە گەر (گەیشتن لەدەقی ئەدەبی واتا گەیشتن لەو پرسیارەی کەپێویستە خوێنەر وەڵامی بداتەوە، یا بەشێوەیەکی فراوانتر، دەبێت ئاسۆی پرسیارو وەلام دەستنیشانبکرێت. ئەم پرسیارو وەڵامانەی کەلەکۆتاییدا دەقێکی نوێ بۆ خوێنەر پێکدێنن)[١٩].

گادامیرو هانز رۆبەرت یاس سورن لەسەر ئەوەی کاری وەرگرتن بێ دۆزینەوەی ئاسۆی چاوەنواڕی نەبێت نایەتە دەس. یاوس زاراوەی ئاسۆی پێشبینیو چاوەڕوانی (بۆئەو پێوەرانە

بەکاردەهێنێت کەخوێنەران بۆ حوکمدان بەسەر دەقە ئەدەبییەکاندا لەزەمەنی دیاریکراودا بەکاریاندەهێنن. ئەم پێوەرانە یارمەتی خوێنەر ئەدەن تا حوکم بەسەر شیعرێکدا بداتو بڕیاربدات کەئایا ئەمە، بۆنمونە، داستانە، یا تراجیدیایە، یا هۆنراوەی شوانکارەیەو بەشێوەیەکی فراوانتر ئەوە روونبکاتەوە کامە دەبێت بەشیعریو ئەدەبی دابنرێت بەرانبەر بەکارهێنراوە ناشیعریو غەیرە ئەدەبییەکانی لەزماندا. نووسینو خوێندنەوەی ئاسایی لەچوارچێوەی ئەم ئاسۆیەدا کاردەکەن)[20]

لەو چەند رستەی سەرەوەدا هانز رۆبەرت یاوس باسی ئاسۆی پێشبینیو چاوەڕوانی دەق دەکات بەڵام وەك چۆن دەق ئاسۆی پێشبینیو چاوەڕوانی هەیە خوێنەریش ئاسۆی پێشبینیو چاوەڕوانی هەیە. زاراوەی ئاسۆی پێشبینی یەکێکە لەزاراوە گرنگەکانی جوانکاری وەرگرتن (جماليات التلقى)و هانزر رۆبەرت یاوس مەعنای هەر کارێك بەو وەڵامانە دەژمێرێت کەئەو کارە بەئاسۆی چاوەڕوانیو پێشبینی دەقی ئەبەخشێت.

(ئێمە پێویستە ئاسۆ بناسین کەئەنجامی سێ رەگەزی گرنگە: ١- زانیاری پێشین دەربارەی ژانری ئەو دەقە یا کارەی لێی دەکۆڵرێتەوە. ٢- شێوەو مایەی کارێلێ کەپێشتر لەم ژانرەدا نووسراونەتەوە. ٣-جیاوازی نێوان زمانی ئەدەبیو زمانی هونەری یا زانستی)[21].

دێمەك دۆزینەوەی مانای نوێی کار بەبەردەوامی لەئەنجامی تێکڵاوبوونی هەردوو ئاسۆکەوە دەبێت، واتا ئاسۆی دەقو ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر، سەبارەت بەخوێنەر کەدەست بۆ دەقێك دەبات تا بیخوێنێتەوە ئاسۆی چاوەڕوانی لەگەڵ دەبێت کەبریتییە لەپێکهاتەی ئامادەبوونی پێشینی بەواتایەکی تر، خوێنەر پێش ئەوەی دەست بۆ خوێندنەوە ببات تەسەورو ئامادەبوونێکی لا دروست بووە لەئەنجامی خوێندنەوەی بەردەوامی بۆ کاری تر ئەو خوێندنەوانەو شێوازی هونەری ئەو کارانەی پێشوو کەخوێندونێتەوەو تاقیکردنەوە پێشینەکانیو تایبەتمەندییەکانی خودی خۆی وەك پێوەرێکیان لێ هاتووە بۆ جۆری ئاسۆی پێشبینیو چاوەڕوانییەکەی کەبەرەو هەر دەقێك بچێت چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکات ئاسۆی چاوەڕوانییەکەی خۆی تیا بدۆزێتەوە.


بەڵام وەك وتمان دەقیش ئاسۆی پێشبینیو چاوەڕوانی خۆی هەیە بەیەکاچوونی ئاسۆی چاوەڕوانی دەقو ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر لەسەر بنەمایەکی دیالکتیکی جەدەلی مانای نوێیان لێ پێکدێت پرۆسەی وەرگرتنیش دەکەوێتە گەڕ.

ئاسۆی چاوەڕوانیو پێشبینی لەچوار رەگەزی سەرەکی پێکدێت[22]: زانینو زانیاری پێشینی خوێنەر دەربارەی نووسینی ئەو کارەی کە دەیخوێنێتەوە (بۆ نمونە شێوازی وروژاندنی سێکس لەهەندێك لەهۆنراوەکانی نزار قەبانیدا). ٢- تاقیکردنەوەی تایبەتی خوێنەر لەبواری جۆرێك یا مەبەستێکی ئەدەبیی دیاریکراودا (ئەوخوێنەرەی کەبەخوێندنەوەی شیعری ناعوزری راهاتووە هۆنراوەیەکی نزار لەنیگایەکی تایبەتییەوە دەنووسێ، ٣- زانیاری گشتی دەربارەی ئەو شێوەو تیمانە هەبێت کەتایبەتمەندییان بەچەندەها کاری پێشوو بەخشیوە (ئەو خوێنەرەی کەئاگای لەدەستکەوتەکانی هونەری (ئیروسی) لەوێنەو ئەدەبدا هەیە هۆنراوەیەکی نزار قەبانی بەشێوەیەکی جیاواز وەرئەگرێت لەشێوازی وەرگرتنی خوێنەرێك کەئیرۆسیەتی لەپێش ئەوەدا تاقیکردبێتەوە. ٤- لەجیاوازی نێوان تاقیکردنەوەی واقیعیو ئەزموونگەری دەق، یا لەنێوان زمانی عەمەلیو زمانی شیعری تێبگات.

بەمەدا دەرئەکەوێ ئاسۆی پێشبینی بریتییە لەکۆی زانیاریو تاقیکردنەوەی پێشینی خوێنەر دەربارەی ئەو ژانرەی کارەکەی دەچێتەوە سەر هەروەها شێوەی کارەکانی پێشوو بابەتەکانیان.

تیۆری وەرگرتن وای بۆ ئەچێت کەکاری ئەدەبی لەکرداری خوێندنەوە پێکدێتو بۆ پرۆسەی وەرگرتنیش، پشت بەوردبوونەوە لە پەیوەندیو نزیکبوونەوەی ئاسۆی پێشبینی خوێنەرو ئاسۆی پێشبینی دەق دەبەستێت.

وەختێکیش وەرگر یا خوێنەر (کارێکی تازە دەخوێنێتەوە، چاوەڕوانی ئەوە لەدەقەکە دەکات لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی خوێدا بگونجێت یا وەڵامی بداتەوە، بەواتایەکی تر لەگەڵ ئەو پێوەرە جوانکارییانەدا جۆربێت کەتەسەورو بۆچوونیان دەربارەی ئەدەب لای دروست کردووە، دەقەکەیش بۆخۆی ئاسۆی خۆی هەیە، کەرەنگە لەگەڵ ئاسۆی



جاك دیریدا

چاوەڕوانی خوێنەرا بگونجێت یا جیابێتەوە، سەرەنجام گفتوگۆو کێشمەکێشی نێوان هەردوو ئاسۆکە پەیدا دەبێت.)(٢٣)

لەتیۆری وەرگرتنا یاوس، بۆ خوێندنەوە، چەمکێکی تر بەکاردەهێنێت پێی دەگوترێت مەودای جوانکاری (المسافە الجمالیە) واتا ئەو چاڵو جیاوازییانەی کەدەکەونە نێوان دەقو ئاسۆی پێشبینیو چاوەڕوانی خوێنەرەوە جالەکاتی لێکدانی هەردوو ئاسۆکە: ئاسۆی پێشبینیو چاوەڕوانی دەقو خوێنەر دووانەیەك دێتە کایەوە ئەوانیش ١- گونجانی کارەکەیە لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەرا ٢- یانەگونجانە بۆنمونە خوێنەرێك دەست ئەکات بەخوێندنەوەی دەقێك بێگومان پێش دەستپێکردن هەندێك پێوەری جوانکاری خۆی بۆ ئەدەب لادروست بووە، لەو کاتەدا ئامادەدەبێو ئارەزوو جۆرێك لەتایبەتمەندی زاتی خوێنەرەکە دەبن بەپاڵپشتی ئەو پێوەرە ستاتیکییەی خوێنەر. لەم لێکدانی ئاسۆیانە دوو شت دەکەونەوە: یا ئەوەیە ئاسۆی پێشبینی خوێنەرەکە لەگەڵ ئاسۆی پێشبینی دەقەکە دەگونجێو لەگەڵی جووت دەبێت، هەست بەخۆشی دەکات واتا لێرەدا دەقەکە ئاسۆی پێشبینی خوێنەر دێنێتە دیو بۆنموونە خوێنەرێك شیعرێکی حەلاج دەخوێنێتەوەئەگەر ئاسۆی چاوەڕوانی لەگەڵ ئاسۆی دەقەکەدا بگونجێت مانای وایە هەستی بەرەزامەندی کردووە، بەڵام ئەگەر خوێنەرێك ئاسۆی پێشبینییەکانی بەشێوازو حەزو ئارەزووی ڕۆمانی مێژوویی گۆشکرابێت (وەك ڕۆمانە مێژووییەکانی جورجی زیدان)و بێت ڕۆمانی (مسخ/شێواو)ی کافکا بخوێنێتەوە کەپڕە لەسیحرو فەنتازیا، ئەوە تووشی نائومێدی دەبێت چونکە ڕۆمانەکە وەڵامی ئاسۆی پێشبینییەکانی ناداتەوە. خۆ ئەگەر نەرمییەك لەپاڵ ڕۆشنبیرییا هەبێت ئەوە ڕەنگە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەرەکە بگۆڕێت. شیعریەتو جوانی دەقیش لەوەدایە کەئاسۆی پێشبینی خوێنەر لەئاسۆی چاوەڕوانی دەقەکەدا نەتوێتەوەو جیابێت لێی (شتێکی بەڵگەنەویستە کاری ڕەسەن ئەو کارەیە کەئاسۆی چاوەڕوانی لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەرا جۆرو تەبا نابێت بەشێوەیەك کەپێوەرە جوانکارییەکانی دەشێوێنێو لێی دەرئەچێ، بەم جۆرە نەگونجانە دەگوترێت: ((مەودای جوانکاری)) چەندێك دەقەکە لەئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر وەرچەرخێت، باشیو سەرکەوتنی هونەریی دێتە دی)(٢٤)، واتا بەجەختکردن لەسەر درێژکردنەوەو ڕەخساندنی (مەودای جوانکاری)و سەربەستی ئاسۆکان شیعریەتو ئەدەبیەتی کارە ئەنجامدراوەکە زیاتر دەبێت. دەقی چاك ئەو دەقەیە بەبەردەوامی ئاسۆی چاوەڕوانیو پێشبینی خوێنەر دەگۆڕێت. زاراوەی مەودای جوانکاری زۆر نزیکە لەزاراوەی وەرچەرخان (الانزیاح، الانحراف) کەجان کوهین بەبنەمای دروستبوونی شیعرەتو ئەدەبییەتی دەقی دائەنێت. دەق چەندێ زیاتر لەسەرچاوەی دەرەکیو دیدی ئاسایی دوورکەوێتەوە ئەوەندە زیاتر پلەی ئەدەبیەتو شیعریەت زیاد دەبێت، بۆنمونە هینری میلەر دەڵێت: بەهاری ڕەش، شێرکۆ بێکەس دەڵێت من تینوێتیم بەگڕ دەشکێت، شێرزاد حەسەن دەڵێت: گوڵی ڕەش، قوبادی جەلی زادە دەڵێت: سێدارەکانی بەهەشت، ڕەوتو سوننەتی ئەم ڕستەو ناونیشانانەی سەرەوە کاتی خوێندنەوە بەدوو چەشن مامەڵە لەگەڵ خوێنەرا دەکەن، جۆرێکیان

کەبۆچوون‌و پێوەری ئاسایی‌و باوو نزیك لەفەرهەنگی زمانەوە لەپاڵ ئاسۆی پێشبینی‌و چاوەنواڕیانایە تووشی نائومێدی دەبن، چونکە وەرچەرخانێکی تەواو لەرستەکاندا کراوە، مەودای ستاتیکی بەتەواوی کەوتۆتە گەڕ. ئەم خوێنەرانە لەکاتی لێکدانی ئاسۆی چاوەڕوانی دەقدا هەست بەنائومێدی دەکەن رەنگە ئەوەی ئەمان لەبەهاریان بوێت سەوزبێت نەك رەش، ئەوەی ئەوان چاوەڕوانی بن تینوێتی بەئاو بشکێت نەك بەگڕ واتا بەدژەکەی، گوڵ سپی، سور، شین، سەوز بێت نەك رەش، یا بەپێی ئەو تەسەورەی کەلەبیرگەیدا چەسپیوە پێشبینی ئەوە دەکات بەهەشت درەختی بەرزو سەوزی تیابێت نەك سێدارە، بەڵام ئاسۆی چاوەڕوانی دەشێوێت وەختێك ئەم وەرچەرخانانەی دێتەڕێ. جارەنگە بۆچوون‌و تێڕوانین‌و چەنداها شتی تریان فێرکەن‌و قەناعەتی نوێ‌و جیاوازیان لادروست بکەن، یاتووشی ساردبوونەوەیەك ببن بەهۆی نەگونجانی ئاسۆی کارەکە لەگەڵ پێشبینییەکانیاندا.

لەتیۆری (پێشوازی‌و وەرگرتنا) جوانکاری دەق‌و رادەی سەرکەوتنی ئەدەبی لەلای خوێنەرە، هەر ئەمەیە ئەم تیۆرە تایبەتە بەخوێندنەوە لەتیۆرە ئەدەبییەکانی تر جیادەکاتەوە. خوێنەر لەتیۆرەکانی تردا، کەبەپلەی یەکەم نووسەرو بەرهەم بەگرنگ دەزانن، بوونی هەیە، بەڵام نەك بەو مانایەی ئەو خۆی ئەدەبییەتی دەق بچەسپێنێت. بوونی ئەدەبییەتی دەق لەو دوو تیۆرەدا لەلای نووسەرو بەرهەمەکەیە. (دەقی بێ خوێندنەوە تەنها چەند نیشانەیەکی رێکخراون ناگەنە ئاستی ئەدەب) واتا تەئویل‌و خوێندنەوە مافی بوون بەئەدەب دەبەخشن. هانز روبیرت یاوس بۆ دروستکردن‌و گەیشتن لەبەرهەم زیاتر لەسەر ئەو ساتانە دەوەستێت کەبەرهەمەکەی تیا وەردەگیرێ یا پێشوازی لێدەکرێت (مەبەست لەکاری وەرگرتنە) واتا ساتی بوونی دەق ئەو ساتەیە خوێندنەوە دەستپێدەکرێ نەك ئەو ساتەی دەقەکە لەلایەن نێنەرەکەیەوە دەنووسرێت. مەعنایش لەتیۆری پێشوازی‌و وەرگرتنا لەناو دەقدا نادۆزێتەوە چونکە شتێکی شاراوە نییە لەبن یا لەنێوان چینەکانی بەرهەمەکەدا بدۆزرێتەوە بەڵکو مەعنا بەهۆی کەوتنە گەڕو جموجوڵی نێوان دەق‌و وەرگرەکەیەوە لەدایك دەبێت، بەپێچەوانەی پەیڕەوی بونیادگەرییەوە کەخوێنەر مەعنا لەرێگای تیشکخستنە سەر سیستمی ناوەوەو کردنەوەی جفرەکانەوە دەدۆزێتەوە. بەپێی بۆچوونەکانی ئیزەر مەعنا بەرهەمێکە مومارەسە دەکرێت ئیشی تیا دەکرێت شتێك نییە سنووری کۆتایی بۆ دابنرێت. فۆڵفگانگ ئیزەریش ستراتیجیەتی بۆ شیتەڵکردن‌و خوێندنەوە لەسەر سێ بنەمایە:

١. دەق کەبوونی بەهێزەوە هەیە رێگا بەبەرهەمهێنانی مەعنا دەدا وەختێك خوێنەر بەرجەستەی دەکات‌و کون‌و بۆشاییەکانی پڕدەکاتەوە.
٢. پشکنینی پرۆسەی چارەسەرکردنی دەق لەخوێندنەوەدا، کەگرنگی ئەو وێنە عەقڵییانە دەردەکەوێ کەلەکاتی هەوڵدانان بۆ دروستکردنی بابەتێکی ستاتیکی شێوەی خۆیان وەردەگرن.
٣. پشکنینی ئەو مەرجانەی کەرێگا بەبەرپابوونی کارلێکردنی نێوان دەق‌و خوێنەر ئەدەن[٢٥]

هانز رۆبێرت یاوس‌و وڵفگانگ ئیزەر تەواوکەری یەکترین‌و دامەزرێنەرو پەرەپێدەری تیۆری پێشوازی‌و وەرگرتنن بەڵام وردە جیاوازییەك لەچەند بۆچوونێکیانا هەیە. ئیزەر لەجیاتی یا لەپاڵ ئاسۆی پێشبینیا (خوێنەری شاراوە یا ناوەخنی) داهێناوە (القارئ الضمني). (دەتوانین خوێنەر بکەین بەدووبەشەوە. خوێنەری ناوەوەو خوێنەری فیعلی، خوێنەری یەکەمیان ئەو خوێنەرەیە کەدەق خۆی دروستی دەکات، ئەویش یەکسانە بەتۆڕی ئەو بونیادانەی کەهاندەرن بۆ ئامادەبوونی وەڵامدانەوە)[٢٦]. یەکێك لەئەرکەکانی خوێنەر پڕکردنەوەی بۆشایی‌و کونەکانی بەرهەمەکەیە خوێنەر دەقەکە دەباتە ناخی خۆیەوە هەستی خۆی بەسەرا دەرژێ، جا هەستی وەرگرو ئاراستەکراوەکانی بەرهەمەکە لێکدەدەن خوێنەر جۆرە گۆڕانکارییەك بەسەر ئاراستەکراوەکانی دەقەکەدا دەهێنێ. یەکێك لەچەمکەکانی تر کەئیزەر دایهێنا (دیدی سوڕەڕەوەیە) (کەبوار بۆ خوێنەر دەڕەخسێنێ لەناو دەقدا بجوڵێت، ئەو دیدە دژو ناجۆرانە بدۆزێتەوە کەبەیەکەوە دەلکێن، ولە خوێندنەوەو گواستنەوەیشا لەمەعنا لائەدەن)[٢٧].

ئێستا دەکرێ ئەم پرسیارە بکەین: ئاخۆ جێگای رەخنەی کوردی لەو سێگۆشەیەدا چی بێت؟ (دانەر، دەق، خوێنەر) کەهەریەکەیان ماوەیەك سەردەمی ئاڵتوونی خۆیان هەبووە، پەیڕەوو تیۆری ئەدەبیو رەخنەیی زۆر هەبووە پشتگیری لێکردوون بۆ نمونە ماوەیەك لەهێرمێنۆتیکدا (تەئویلکاری) شلایر ماخرو دیلتایو هێرش داکۆکییان لەپلەو پایەو دەسەڵاتی دانەر کردووە، ماوەیەك شێوەگەری روسو بونیادگەری (لەبیستو شەستەکانیشەوە بەجۆرێکیش تائێستا) دەقیان لەو سێکوچکەیەدا بەرزکردۆتەوە. لەشەستەکانیشتەوە پاش بونیادگەریو جوداسازی (التفکیکیە)و تیۆری وەرگرتن خوێنەریان لەژێر سێبەری دانەرو دەق دوورخستۆتەوەو وەك یەکەیەکی جیاو سەربەست ئازادییان بۆ فەراهەمکردووە، مافی ئەوەی پێ دراوە بەخوێندنەوە دەق بنیاتبنێتەوەو مانای جیاو دژی بۆ پێکبهێنێت. دیریدا بەجورئەتەوە دەڵێ خوێنەر دەق دەنووسێتەوە، ئیمبرتۆ ئێکۆش هەر (باسی بەرهەمهێنانی دەق بەهۆی خوێندنەوەوە دەکات، ئەم کارەیش لەکوشتنی ئەسڵەکە دەچێت، چونکە سەرلەنوێ زیندووکردنەوەی دەق پێویستی بەکوشتنی نووسەرەکەی هەیە)[۲۸].

رەخنەی کوردی مێژووی درێژی نییەو بگرە بەشێواویش لەدایك بووە. لەرەخنەو نووسینی کوردیدا، تەنها نووسەر خراوەتە بەر تیشكو هەمیشە رەخنەگر بەدوای نیازو مەبەستی نووسەرا گەڕاوە. پاش ئەو هەموو گۆڕانکارییانەی کەلەرەخنەی جیهاندا رووی داوە، وەك فرێدانی نووسەرو دەسەڵاتی نووسەر بۆ پەراوێزو بەرزکردنەوەی دەقو خوێنەر (کەلەشەستەکانەوە تائێستا دەرئەکەون) رەخنەی کوردیو روانینمان بۆ تیۆریە ئەدەبییەکان لەدەقو ستایشکردنی دەسەڵاتو نیازو بۆچوونی دانەر دەرنەچووە، مەرکەزیەت لەوەوە بووە. رەخنەی کوردیش ستایشی پاراستنی ئەو مەرکەزیەتەی کردووە -ئەگەر بشێ- زاراوەی (ئاسۆ) کەلەپێشدا هاتووە، بەکاربهێنین دەڵێین ئاسۆی دانەر بەسەر ئاسۆی دەقو خوێنەرا زاڵبووە، باشترین نموونەی رەخنەی سەرەتاییمان نووسینەکانی رەفیق حیلمی بووە، دەبینین هەر بەدەوری ژیانو هەڵسوکەوتو رازو نیازی نووسەرا دەسووڕێتەوە، رەخنەی حەفتاو هەشتاکانیش لەژێر دەسەڵاتو هەیبەتی نووسەر نەهاتۆتە دەرێ. ئەگەر ئەو نووسینە رەخنەییانە بخوێنینەوە بەسەدەها جار رستەی لەم شێوەمان بەرچاو دەکەوێت: مەبەستی نووسەر، نووسەر مەبەستی لەمە چییە، ئەم نووسەرە ئەیەوێ چی بڵێ، چۆن چۆنی مەبەستەکانی بدۆزینەوە؟ یا نووسەر خۆی لەوەلامی نووسینی رەخنەگرەکاندا دەڵێت من لەنووسینەکەمدا مەبەستم ئەمە نەبووە، ئەمەوێ ئەمە بگەیەنم. ئەو رستانەی سەرەوە کەبەجۆرێك وەسفی رەخنەی کوردییان پێ دەکرێ بەشێکن لەسوڕانەوەی رەخنەی کوردی بەدوای زاتو مەخسەدی نووسەرا، کەتائێستا لەرەخنەی میللەتاندا لەدوای هەموو جۆرەکانی رەخنەوەیە، مەگەر هەندێك پەیڕەوی ئەکادیمی بایەخێکی پێ بدەن، ئەگینا لای لێ ناکرێتەوە. لەناوەڕاستی هەشتاکان بەرەو ژوور لایەك لەدەق کراوەتەوە بەڵام بێ ئەوەی رەخنەگران ئاگایان لەو پەیڕەوانە بێت کەداکۆکی لەدەسەڵاتی دەق دەکەن. سەیر ئەکەی رەخنەگر دێتە سەر دەقو ئەوە دەرئەبڕێ کەنیازی ئەوەیە لەوەوە دەست پێبکاتو خوێندنەوەیەکی بونیادگەریانە پێشکەش بکات، ئاشکرایە بونیادگەری لەو پەیڕەوانەیە کەجەخت لەسەر دەسەڵاتی دەق دەکاتو خوێنەریش بۆ خوێندنەوە دەبێت پەیوەست بێت بەشیکردنەوەی سیستەمو پەیوەندییەکانی ناوەوەی کارە ئەدەبیەکە، بەواتایەکی تر دەبێت خوێنەر ببێت بەوەرگری جفرەو کودەکانی ناو دەقەکە، بەئەمانەتەوە وەریانبگرێتو بیانپارێزێت، لەچوارچێوەیان دەرنەچێت کەچی دەبینین یەکسەر لەسیستەمو پەیوەندییە پێکهێنەرەکانی بەرهەمەکە دەرئەچێتو دەیانبەستێت بەسەرچاوەی دەرەوە، بەنیازی نووسەرو مێژووەوە. یان دێت باسی نرخاندنی دەکاتو حوکمی بەسەرا دەدات. یەکسەر بۆمان دەرئەکەوێت کەرەخنەگرەکە ئاگای لەو مەنهەجە نییە کەدەیەوێت کارەکەی پێ شیبکاتەوە چونکە هەموو ئەو ئیجرائاتانە (وەك حوکمدان، نرخاندن، کردنەوەی دەق بەسەر مێژووو نووسەرو دەرەوەدا)

دژی سروشتی مەنهەجێکی وەك بونیادگەرین. ناتوانین بڵێین رەخنەی کوردی گۆڕانکاری گەورەی بەسەرا هاتووەو، دیدی رەخنەگری کورد لەسەر نووسەرەوە نەگوازراوەتەوە بۆسەر دەق، دەکرێ بڵێین هەندێك هەوڵ هەن لەناوچەی دەق نزیکبوونەتەوە بەڵام هەرباسی هەندێك لایەنی جوانکاریو هونەرییان کردووە، بێ ئەوەی بەستراتیژێتن بەپەیرەوێکی شکڵی یا بونیادگەرییەوە کەداکۆکی تەواو لەسەربەخۆیی دەقو دەسەڵاتی دەکەن. یا نەگەیشتۆتە سەر ئەوەی گرنگی خوێنەر وەك بنیاتنەرێ بدۆزێتەوە بەڵکو خوێنەری کورد رەخنەگربێت یا خوێنەری ئاسایی– وەك پاشکۆی نووسەرو دەق وابووە، ویستوویەتی لەرێگای گەڕان بەدوای مەبەستی نووسەرو ژیانو مێژووییەوە کتومت لەنووسەرەکە بچێت، خوێندنەوە بەلایەوە ئەوەبووە مەبەستی نووسەری بەشێوەیەکی یەقینی پێ بگات. باوەڕی بەمەعنای بڕاوە هەبووە کەلەمەخسەدی نووسەرا شارابێتەوە خەمی جوداکردنەوەی خۆی نەبووە لەگەڵ دانەرا، خزمەتی ستراتیجیەتی ئەوی کردووە، نەك ستراتیجی بەرهەمهێنانی مەعنای جیاواز (لەراستیدا خوێندنەوە، چالاکییەکی فیکری/زمانەوانی‌یە، لێکنەچوونی لێ دەکەوێتەوە، بەرهەمهێنەری جیاکارییە. سروشتی خوێندنەوە ئەوەیە جیاوازبێت، لەوەی کەدەیەوێت بەیانی کات، بۆ خۆیشی جیابێت لەوەی کەدەیەوێت بیخوێنێتەوە.)[٢٩]. ئێمە –وەك خوێنەرو رەخنەگر– چەندێ جیاکاری لەگەڵ نووسەرو کارەکەدا بنوێنین ئەوەندە زیاتر شیعریەتو ئەدەبیەتی کارو خوێندنەوەی کار دەرەخسێنین. بەڵام گرفتەکە لەهەندێك رووەوە لەوەدایە کەخوێنەر لای ئێمە تائێستایش خوێندنەوەو تەئویل بەکارێکی بەرێئانە دەزانێت بۆیە دەرچوون لەدەسەڵاتو مەبەستی نووسەر بەجۆرێك لەخیانەت دەزانێت، رووبەری دەقیشی بەجەستەیەکی چەسپاوو وەستاوو بێ‌کونو کەلەبەر لەقەڵەم داوە. بەڵام (گوتار کونو بۆشایی تیایە کەوادەکات قسەکردن تیایدا بێ کۆتایی بێت)[٣٠].


عبدالله الغذامي

هیچ کاتێك ئاراستەکراوەکانی دانەرو کارەکەی بەشێوەیەکی مەوزوعی ناگاتە خوێنەر مادام دوو زاتی جیاوازن بەڵکو وەرگرتنی ئاراستەکراوەکان لەلایەن خوێنەرەوە بەشێوەیەکی رێژەییە، مەنهەجە رەخنەییەکانی پاش بونیادگەریو نوێگەری گرنگی بەم رێژەییە دەبەخشن. خوێندنەوەو تەئویلی نوێ بەری (بریء) نین چونکە لەئەسڵ دوور ئەکەونەوەو لەپێوەرو سوننەتەکانی کارەکە لائەدەنو بگرە تێکیشیان دەشکێنن.

تۆدۆرۆف بۆ ئەنجامدانی خوێندنەوە، سێ جۆر دەستنیشان دەکات[٣١]: خوێندنەوەی رژانو داسەپانو تەعلیقو سێیەمیش خوێندنەوەی شیعریەت. دارژانو سەپاندن (الاسقاط) جۆرێکە لەخوێندنەوە لەدەقەوە بەرەو نووسەر، یاکۆمەڵ، یا شتێکی تر کەبەلای نووسەر، یا کۆمەڵ، یا شتێکی تر کەبەلای رەخنەگرەوە گرنگ بێت، دەڕوات. هەندێك لەجۆرەکانی رەخنەی سایکۆلۆجی (وەك رەخنەی فرۆیدی)و رەخنەی سۆسیۆلۆجی (وەك رەخنەی مارکسی) چەندەها نمونەمان لەسەر سەپاندنی رەخنەیی (الاسقاط النقدي) دەخەنە بەرچاو. خوێندنەوەی تەعلیق تەواوکەری خوێندنەوەی داسەپانە، هەوڵئەدات لەناوەوەی دەقدا بمێنێتەوە، سێیەمیش خوێندنەوەی شیعریەتە. رەخنەگری بەناوبانگو بەتوانای سعودی (عبدالله الغذامي) لەکتێبی (الخطيئة والتكفير/ من البنيوية الى

التشريحية)[٣٢]دا وای بۆ ئەچێ: کەچارەنووسی دەق لای خوێنەرەو خوێندنەوە ساغی دەکاتەوە، جۆری وەرگرتن‌و پێشوازیمان بۆ دەق چارەنووسی دەق دەستنیشان دەکات. بۆ ئەم مەبەستەیش پەنا ئەباتە بەر ئەو سێ جۆرە خوێندنەوەی کە تۆدۆرۆف دیاریکردوون: خوێندنەوەی سەپاندن‌و رشتن‌و خوێندنەوەی تەعلیق، بەڵام (عبدالله الغذامي) تەعلیقی کردووە بەخوێندنەوەی شەرح (قراءة الشرح) بەچەند رستەیەکی جیاواز لەتاریفکردنەکەی تۆدۆرۆف، دەڵێت: خوێندنەوەی شەرح خۆی دەبەستێت بەدەقەوە بەڵام تەنها هەر رووی دەرەوەی مەعناکەی وەرئەگرێت. خوێندنەوەی شاعیریش بریتی‌یە لەخوێندنەوەی دەق لەرێگای جفرەکانێوە. ئەم خوێندنەوەیە بەپێچەوانەوە جەخت دەکاتە سەر ناوەوەی دەق. رۆبەرت شولز ئەم سێ‌جۆرە خوێندنەوەی تۆدۆرۆف بەشتێکی باو دائەنێت. دیارە ئێستا خوێنەرو زاراوەکانی خوێندنەوەو تیۆری خوێندنەوە فراوانتر بوون‌و بەجۆرێکی تر تاریفدەکرێن بەڵام ئێمە دەمانەوێت لێرەدا سوودیان لێ ببینین‌و چییەتی خوێنەرو رەخنەی کوردییان پێ تاریفکەین. رەخنەو خوێندنەوەی کورد جۆری یەکەم (داچۆڕان‌و داسەپان)و خوێندنەوەی تەعلیقیان پێوە دیارە. تائێستا رەخنەگری کورد لەنێوان ئەم دووجۆر خوێندنەوە تەقلیدییەدا دێت‌و دەچێت لەکارە ئەدەبییەکانەوە بەرەو نووسەر یا کۆمەڵ دەچێت. رووە دیارەکانی مەعناکانی ئاستی سەرەوە وەردەگرێت‌و کارێك ناکات ناخ بڕبێت. هەوڵی نەداوە دژەخوێندنەوە بەرهەمبێنێ کەناجۆر دەرئەچێت لەگەڵ دوو ئەسڵدا (دانەر، دەق) لەدووانەی (ئامادەبوون‌و بزربووندا= الحضور والغياب) لەسەر ئامادەبووەکەی دەق دەوەستێت (شتە مادییەکانی) بەڵام شیعرییەتی خوێندنەوە لەبزرەکەدایە کەئەم فەرامۆشی کردووە.

زۆربەی زۆری دەقی کوردیش لەو بابەتانەن کەنەرم‌و پڕن نووسەر بیر لەوە ناکاتەوە پڕیان کات لەبۆشایی‌و کون‌و کەلەبەر تاخوێنەر خۆی ئەو بۆشایی‌و کون‌و کەلەبەرانە پڕکاتەوە. واتا نووسەری کورد ئیحتیمال‌و تەوەقوع بۆ خوێنەر نایەڵێت یەکسەر لەنووسینەکەداو لەسەر ئاستێکی ئاسۆیی هەموو شتێك هەڵئەڕێژێت. دەتوانین بڵێین لەکاتی نووسیندا خەمی ئەوەیەتی کتومت وەك خۆی بکاتە خوێنەر ئەمەش کارێکی زەحمەتە.

لەبەر ئەمە شتێکی وا نابینرێت دەقی پێ بینابکرێتەوە، تاخوێندنەوەی جۆراوجۆرو جیا لەئەسڵ بێتەدی. بەرامبەر ئەمەو لەئەنجامی ئەمەدا هەست بەبزربوونی تەئویلکاری لەرەخنەی کوردیا دەکەین، لەکۆتاییدا دەڵێین سەرهەڵدانی خوێنەرو دەسەڵاتی خوێنەر لەتیۆری ئەدەبی‌و رەخنەو بیری نوێدا دەقی لەداخراوی دەربازکردووەو جوانکاری خوێندنەوەی رەخساندووە، لایش لەلایەنی کۆمەڵایەتی کراوەتەوە بەڵام نەك بەچەمکە مارکسییەکە. هانز رۆبەرت یاوس دەڵێت: ((نابێت جوانکاری خوێندنەوەو وەرگرتن‌و سۆسیۆلۆجیای مێژووی خوێنەر تێکڵاوبکرێت، ئەو سۆسیۆلۆجیانەی کەبایەخ بەهیچ نادەن تەنها بەگۆڕینی زەوق‌و بەرژەوەندی ئیدیۆلۆجیای نەبێت. رەنگە ئەم لێکۆڵینەوەی ئێمە یەکەم لێکۆڵینەوە بێت ئاماژەی بۆ هێزی خوێنەر لەتیۆری وەرگرتن‌و پێشوازییا کردبێت ئومێدەوارین لەدەرفەتێکی ترا بەدرێژی لەسەری بنووسین.

لەکۆتاییدا دەڵێین: لەنێوان ئەو هەموو پەیڕەوە مەوزوعی‌و خودییانەی کەلەسی‌و شەست‌و حەفتاکانەوە بەکاردەهێنرێن، تیۆری (پێشوازی وەرگرتن) هاوسەنگی لەنێوان شێوەو دیاردەی کۆمەڵایەتی‌دا دەپارێزێت، ئەگەر زاراوەی (التلقی والاستقبال)مان بە (پێشوازی‌و وەرگرتن) وەرگێڕابێت، ئەوە لەمە چاکترمان لەکوردیدا نەدۆزییەوە، باسڵیش لەوە نەکەینەوە بۆ (الاستقبال والتلقی) وەرگرتن‌و پێشوازی دابنێین، هانز رۆبیرت یاوس کەبەدامەزرێنەری ئەم تیۆرە دائەنرێت دەڵێت: رەنگە کەسێك ئەڵمانی نەبێت‌و باسی زاراوەی پێشوازی وەرگرتنی لابکەیت وابزانێت باسی پێشوازیکردنی میوانی ئوتێل بکەیت، لەوەرگێڕانا وشەکە غەریب دەکەوێتەوە.

پەراوێزەکان:


١. مقدمة في النظرية الادبية، تيرى ئيكلتون، و: ئيبراهيم جاسم، بغـداد ١٩٩٢/دار الشـؤون الثقافيـة العامـة (لا٨٢).

٢. نظرية الاستقبال، روبرت سى هول/ و:رعد عبدالجليل دار الحوار، سوريا، ١٩٩٢(لا٧)

٣. الثقافة الاجنبية لا٤٨.

٤. نظرية الاستقبال/ روبرت سى هول (لا٩)

٥. هەمان سەرچاوە.

٦. المرايـا المحدبـة/ مـن البنيويـة الى التفكيكيـة/ د.عبدالعزيز حمودة ، كويت/ ١٩٩٨ (لا٣٣٩).

٧. هەمان سەرچاوەلا٣٢٤.

٨. نظرية الاستقبال/ روبرت سى هول (لا٥٢)

٩. يوركن هابرماس، نقد درحوزة عمومى/ رابرت هـولاب و: حسين بشيرية/ نشر نى/١٩٩٦- تهران، لا٨١.

١٠. هـەمان سـەرچاوە. لا٨١ (ئـەم زانيارييـەم بەدەستكارييەوە كورت كردۆتەوە).

١١. ساختار وتأويل متن شالودەشكنىو هرمنوتيك بابك احمدى ج٢، چاپى يەكەمو سـێيەم تـهران ١٩٩١، ١٩٩٦/لا٥٢٦

١٢. حقيقتو زيبايى/ بابك احمدى/ نشـر مركـز تـهران، ١٩٩٦/لا ٤٠٣.

١٣. هەمان سەرچاوە لا٣٤٧.

١٤. النقد والنظرية النقدية/ تحرير جيرمى هوسـورن/ ترجمة د.عزالدين محمد رضـا/ بغـداد/دارالشـؤون الثقافية العامة/ ١٩٩٠/لا٩٧.

١٥. استراتيجية التسمية/ مطاع صفدي/ بيروت مركز الانماء القومي/ الطبعة الاولى ١٩٨٦.

١٦. زاراوەى ئاسۆى چاوەڕوانىو پێشبينى لاى گادامـير هـاتووە، بابەكى ئەحمەدى دەڵێ يـاوس لـەكارل پۆپەرى وەرگرتـووە. بڕوانە (ساختارو تـأويل مـتن بەشى دووەم لا٦٩١).

١٧. الشـعر العربـي الآن / بغـداد/ دار الشـؤون الثقافية/١٩٩٦ (لا٥٠).

١٨. الفكر العربي المعاصر، ژمارە ٤٨-٤٩/١٩٨٨ لا٢٢٢.

١٩. هەمان سەرچاوە.

٢٠. النظرية الادبيـة المعـاصرة/ رامـان سـلدن/ ترجمـة: سعيد الغانمي/ المؤسسة العربيـة للدراسـات والنشـر/ ١٩٩٦ لا ١٦٧/ هانز روبرت ياوس افق التوقع.

٢١. ساختارو تأويل مـتن بـابك احمدى/ بەشى دووەم/ لا٦٩١.

٢٢. الفكر العربي المعاصر/ ژ ٤٨-٤٩/ ١٩٨٨/لا٢١٧.

٢٣. هەمان سەرچاوە.

٢٤. هەمان سەرچاوە لا ٢٢.

٢٥. استراتيجيات التلقـي في النقـد الادبـي/ مجلـة الاقـلام ١٩٩٨.

٢٦. النظرية الادبية المعاصرة/ رامان سلدن/لا

٢٧. استراتيجيات التلقـي في النقـد الادبـي/ مجلـة الاقـلام ١٩٩٨.

٢٨. وضع النقد من النقد الجديد الى البنيوية، ت/جبار سعدون/ بغداد ١٩٩٠/لا١٩.

٢٩. نقد الحقيقة/ علي حرب/ بيروت/ المركـز الثقـافي العربي ١٩٩٥/لا٥

٣٠. التأويل والحيقية /قراءات تأويلية في الثقافة العربيـة/ بيروت، دار التنوير ١٩٨٥/لا٢٠.

٣١. البنيوية في الادب/ روبرت شولز، ترجمة حنـا عبـود، دمشق، ١٩٨٤، لا١٦٣.

٣٢. الخطيئة والتكفـير، مـن البنيويـة الى التشـريحية، عبدالله الغذامـي، المملكـة العربيـة السـعودية، النـادي الادبي الثقافي، ١٩٨٥/لا٧٥.


* لـەم نوسـينەدا لەچـەند شـوێنێكدا بەمەبەسـتى روونكردنەوە، چەند چەمكو وشـەيەكم چەند جارێك دووبـارە كردۆتەوە. هەموو دەقێكيش كوردى بێـت ياغـەيرە كـوردى- بۆشايى تيا دەبێت، جا ئەگەر دەقى كوردى لا لەمە نەكاتەوە پەيوەندى بەوەعى نووسـەرەوە هەيە. ئـەدەبى هەشتاكان.. بەدواوە پەى زياترى بەم خاڵە بردوە.

# بیریاری هێرمینۆتیك (پۆل ریکور)

# دەربارەی بیرەوەری و لێبوردن دەدوێ


وتووێژی: رامین جهانبگلو

و: دیاکۆ

هەموو ئەو کۆمەڵگایانەی کەویستوویانە هەنگاوێك لەرێگەی ریفۆرمخوازیدا بنێن، بەشێوەیەك رووبەڕوویی کێشەیەکی هاوبەش بوونەتەوە کەبەشێوەی جیاواز سەری هەڵداوە بەڵام ناوەرۆکێکی یەکسانی هەبووە، ئەوەیش کێشەو گرفتی بیرەوەرییە واتە بەشێك لەکۆمەڵگایە ئەو ستەمەی کە لێکراوە لەیادیدا ماوەتەوەو خوازیارە بەشێوەیەك چاکسازی (ترمیم)ی بکاتەوە. لاوازبوونی کۆمەڵگاکان لەحەلکردنی ئەم گرفتەدا هەمیشە دوو ئاکامی بەدواوە بوو: یەکەم ستەمکار بۆئەوەی بارودۆخی خۆی پتەوتربکا، ناچار بووە زوڵمو ستەمی توندتر بنوێنێ، دووەم قەرەبووکردنی ستەم بەشێوەی تۆڵە، بووەتە زەمینەسازی پووچەڵبوونەوەی قۆناغێك لەتوندوتیژیو سەرهەڵدانی زوڵمو ستەمێکی تر. لێرەدایە کەچەمكو تێزی لێبوردن دەتوانێ ببێتە کەرەسەیەکی سیاسیو یارمەتیدەری ئەو کۆمەڵگایانە بێت کەپیجۆری رێگایەکن بۆ پێکەوە ژیان. لەبەرامبەر چەمکی لێبوردندا، چەمکی بیرەوەریمان لەبەردەمدایە، چەمکێك، کەئەویش وەکو لێبوردن پاش تێپەڕبوون لەسایکۆلۆژیو فەلسەفە، خۆی لەقەڵەمڕەوی زانستە مرۆییەکاندا دەبینێتەوە. گەلێکەس هەن کەلایان وایە لەکاتێکدا کەقسە لەسەر ستەم دەکرێت، بۆ ئەوەی کەجارێکی تر ستەم دووپات نەکرێتەوە لەمەرجە زۆر پێویستەکان پاراستنی بیرەوریو پێداگرتنە لەسەر زیندووراگرتنی، لەدەقێکدا کە پێشکەشتان دەکرێت، پۆل ریکۆر لەگەڵ روونکردنەوەی ((لێبوردن))، ئاماژە بۆ جێگەو کارکردنی بیرەوەرییەك دەکات کەدەتوانێ پێشگیری لەخراپەبکات.

رامین/ خراپە یەکێکە لەبابەتە هەمیشەییەکان لەفەلسەفەی جەنابتانا، لەیەکەم نووسینتانەوە سەرنجت داوەتێ، ئایا هۆی ئەمە رووداني جەنگی دووەمی جیهانیو ئۆردوگاکانی زۆرە ملیو سوتاندنی ئەو خەڵکانە بوو کەبەم شێوەیە سەرنجی جەنابتی بەرەو مەسەلەی چاکەو خراپە راکێشا؟

پۆل/: ئەمە راستەکە ((خراپە)) لەیەکەم نوسراومەوە بەناونیشانی فەلسەفەی ئیرادە))، بەردەوام لەنووسینەکانمدا بوونی هەیە، لەبەرگی یەکەمیا کەناوی (٠ئیرادیو نائیرادی))یە تەنها ئاماژەم بۆ توانا بناغەییەکانی مرۆڤ کردووە کەبریتییە لەهەڵبژاردنو کردەوە. لەبەرگی دووەمدا بەناونیشانی ((سیمبوڵی خراپە)) سەرنجم داوەتە لایەنی خەیاڵیی فەرهەنگی کەسایەتییەکانی ئەفسانەییو سیمبوڵی خراپەی ئینسانی. لەم



بارەوە، جەنگی دووەمی جیهانی‌و ئەو ئۆردوگایانەی ئاماژەت پێکرد، بوونە هۆی ئەوەی کەمن بەو زانیاری‌یە بگەم کەخراپە شتێکە کەهەمیشە لەپێشدا بوونی هەبووە.

رامین/ سەبارەت بەئەزموونی کەسانێك وەك ((پریمۆلیڤۆی))و پەیوەندی‌یەك کەلە نێوان ئەزمونی خراپەو یادگارێك کەلەو خراپە دەمێنێتەوە دروست دەکەن، بیروڕاتان چی‌یە؟

پۆل/ وەلامی من هەر ئەو دوایین رستەیە کەوتم: خراپە هەمیشە لەپێشدا بوونی هەبووە. ئەم رستەیە جێگەی بیرەوەری دەستنیشان دەکات لەپەی بردن بەگرنگیی خراپە لەشێوەگەلی مێژوویی زەبروزەنگ‌و دژایەتی‌کردنی مرۆڤایەتی. بەلام چالاکی بیرکێشەی تایبەتی بەخۆی هەیە کەدواتر باسی دەکەم.

رامین/ لەروانگەی ((لیوی))یەوە، لەمەڕ بیرەوەری زیندانی‌یەك‌و بیرەوەری زیندانەوانەکانی ئۆردوگاکانەوە ناتوانین بەیەك شێوە قسە بکەین. چونکە وەك ئەو دەڵێ زیندانی‌یەکانی پێشوو مافی فەرامۆشکردنیان هەیە، بەلام زیندانەوانەکان دەبێ بیرەوەری‌یەکانیان بپارێزن. (تۆ رات چییە؟)

پۆل/ سەبارەت بەئۆردوگاکانی کاری زۆرەملی‌و ئەو کۆمەڵکوژی‌یانەی تیایدا دەکرا، پێویستە بەوردی گروپە جۆراوجۆرەکانی لەمەڕ ئەو کارەساتەوە دەستنیشان بکەین: ئەوانەی بەڕێوەبەری ئەوێ‌بوون‌و ئەو کەسانەی کەبوونە قوربانی‌و هەروەها وەچەی ئەو قوربانیانەش، لەنێوان قوربانیەکانیشدا دەبێ ئەوانەی لەناوچوون‌و ئەوانەی کەهێشتا ماون لەیەك جیابکەینەوەو هەروەها دەبێ باسی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگاکە ناڕاستەوخۆ دەستیان لەوکارەساتەدا بووە -یان ناڕاستەوخۆ ئازاریان چەشتوە- بکرێت، دوایین گروپیش خۆمانین کەپاش پەنجا ساڵ وەك شایەتی ئەو رووداوانە دەردەکەوین، چالاکی بیرەوەری وەك چالاکی‌یەکی تەواو بەکۆمەڵ هەروەکو لەپاڵ یەکدانانی ئەم بیرەوەری‌یانە جۆراوجۆرانەیە بەشێوەیەك کەئەرکی بیرەوەری ببێتە کۆششێکی هاوبەشی هەموو هاوولاتیان.

رامین/ لەهەمان کاتدا زێدەڕۆیی بیرەوەری دەتوانێ کارەسات بەباربهێنێ‌و ببێتە هۆی خوێنڕشتنیش. لەم بارەوە دەتوانین ئاماژە بۆ بارودۆخی ئەلمانیاو دەستپێکردنی جەنگی دووەمی جیهانی بکەین.

پۆل/ لەم بارەوە، لێرەدا دەبێ کەلك لەوتەزای پاتۆلۆژی وەربگرین‌و باسی بیرە (زاکرە) بریندارەکان بکەین. بیرێ کەزامدار یان بریندار بێت دەبێتە دەستەچیلەی ئاگری ((هەلچوونی تکرار)) ئەوەی کەفرۆید باسی کردووە. هەلچوون گەلێك کەدەبنە هۆی وەستانی چالاکیەکانی راستەقینەی بیر. ئەم هەلچوونی تکرارە لەهەمان کاتدا ئەو مەسەلە روون دەکاتەوە کەبۆچی لەهەندێ شوێنی ئەورووپادا ئێمە

بەرەورووی بیرەوەری زیایی دەبینەوە. ئەم زیایی هێنانە هەم ئاکامی کاوێژی سەروەرییەکانو سەرشۆڕییەکانی رابردووەو هەم دەرەنجامی خۆپەرێزیو خۆدزینەوە لەو بەرپرسیارێتییەی کە دەتوانێ وەبیرهێنانەوەیەکی بوێرانەی لێ بکەوێتەوە. چالاکیی بیرەوەری بەبێ فەرزانەیی[1] مومکین نابێ. فەرزانەییەک کەهاوسەنگی لەنێوان زیادبوونی بیرەوەریو کەمهێنانی بیرەوەریدا سەقامگیر بکات. بەلام بەهەرحاڵ دەبێ ئەوە دەرك بکەین کەترس لەرابردوو بەرهەڵستکاری بیرەوەرییە.

رامین/ ئایا دەبێ بیرەوەرییەکان فەرامۆش بکەین یان چاکسازی بکەینەوە؟

پۆل/ بەلێ، کەبیرەوەری بریندار بێت، پێویستی بەچاکسازی هەیە، بەلام چاکسازییەك کەسەبارەت بەشێوازە تایبەتییەکانی، پاشان قسە دەکەم. راست خاڵی بەرامبەری فەرامۆشییە. بەتایبەت خاڵی بەرامبەری ئەو فەرامۆشییەی کەمن ناوی دەنێم فەرامۆشی خۆدزینەوە. واتە هەمان فەرامۆشی کەلەباسی کەمهێنانی بیرەوەریدا، باسم کرد.

رامین/ بۆچی بنیادەم بەرامبەر بەپاراستنی بیرەوەرییەکانیو پەنگلێوەرگرتنی لاوازە؟ ئایا هۆی لاوازییەکەمان ئەوە نییە کەهەرگیز نەمانتوانیوە لەهەڵەی خەڵکانی تر پەنگ وەربگرین؟

پۆل/ ئەمە شتێکی رەشبینانەیە ئەگەر بلێین کەمێژوو هیچمان فێر ناکات، هەڵبەت دەرکی ئێمەیش لەمێژوو ئیتر ئەوە نییە کەبلێین مێژوو ((مامۆستای ژیان))ە، بەلام بەرای من چالاکی بیرەوەری دەتوانێ ((فێرکاری))یشی پێوەبێ بەمەرجێك تێفکران دەربارەی کارەساتەکانی رابردوو سەرنجی ((وێنە نمونەیی))یەکان بدات، هەم ئەو کاتەی کە باس لەجنایەتەکان دەکرێو هەم ئەو کاتەی بەرەنگاربوونەوە لەبەرامبەر جنایەتدا لەبەرچاوە. ئەم وێنە نمونەییانەن کەتایبەتمەندیی تاکانەبوونو قابیلی تکرارنەبوونی رووداوێك پووچەڵ دەکاتەوە کەئەگەری ئەوە زۆرە لەداهاتوودا رووبدا، سادەترین شکڵی دەرکەوتنیشیان هاوارێکە کەدەڵێ: ((ئیتر هەرگیز شتی وا نابێتەوە!)) بەلام ئەگەر بمانەوێ بیرەوەری تووشی هەڵچوونی تکرار -کەپێشتر باسی لێکرا- نەبێ، دەبێ ئیرادە پاڵپشتی بیرەوەری بێت. جارێکی تر دەیلێمەوە هەڵچوونەکانی تکرار، ترسناکترین داوێکە کەچالاکییەکانی بیرەوەری دەبێ خۆی لێ بپارێزێت.

رامین/ ئایا بیرەوەری قابیلی چاکسازییە؟ ئەگەر وایە کێ دەتوانێ هەتوانی بکاو چاکی بکاتەوە؟

پۆل/ بێگومان سەرنجی ئەوەت داوە کەلەسەرەتایی باسەکەمانەوە من تەنها باسی بیرەوەریم کردوە نەك باسی ئەرکەکانی بیرەوەری. بەلای منەوە بیرەوەری یان وەبیرهێنانەوە جۆرێك ئەرك یان ناچاری نییە کەلەهەستی تاوانبارییەوە سەرهەڵبدات. بەلای منەوە، بیرەوەری هەوڵو کۆششێکە کەئامانجی دەرکی ئەو کارەیە کەکردوومانە، مەیل بۆ دەركو تێگەیشتن دەبێ باڵادەستتر بێت لەمەیلی سزادان.

رامین/ لێرەدا بەمەسەلەی لێبوردن دەگەین. ((پریمۆلیۆی)) لەم زەمینەیەدا رستەیەکی هەیە کەدەڵێ: ((من حەز بەلێبوردن ناکەم، من هیچکام لەدوژمنەکانی رابردووم نەبەخشیوە، چونکە ئینسانێك شك نابەم کەبتوانێ هەڵەیەك بسڕێتەوە.))

پۆل/ بەلای منەوە، خۆپەرێزییەکەی پریمۆلیۆی لەلێبوردن قابیلی دەرك کردنە. لەراستیدا لام وایە باسی لێبوردنمان زوو دەستپێکرد، چونکە هێشتا ئاکامەکانیمان هەڵنەسەنگاندووە. حەز دەکەم بچمەوە سەر باسی پێشوومان واتە هەوڵدان بۆ تێگەیشتن. ئەم هەوڵە کارێکی قووڵە لەمەڕ بیرەوەرییەوەو دەبێ دەستی بگاتە ئەو توێژاڵانەی کەلەدەرهاتن نایەنو هەتوانو چاکسازی ناکرێن. دەبێ ئەوەمان قبوڵ بێت کەبیرەوەری ناتوانێ لەهەموو شت بگاو هەموو گرێیەکیشی پێ ناکرێتەوە. لەبەر ئەمەیە کەپێویستە لەپاڵ چەمکی چالاکی بیرەوەریدا باسی چەمکێکی تر بکەم کەئەویشم لەفرۆیدە خواستوە، ئەویش چەمکی تازیەبارییە. تازیەباری بۆ ئەو شتانە لەدەستچوون، ئەو هەلە بۆ بیرەوەری دەڕەخسێنێ کەخۆی (لەهەڵچوونی تکرار) دوور بخاتەوە کەپێشتر لەم بارەوە دواین. بەلام مەسەلەکەیش تەنها بە (٠ماتەمگرتن بۆ شتە لەدەستچووەکان)) کۆتایی نایەت، بەڵکو دەبێ پرسەیش دابنێین بۆ مەیلی

---

[1] فەرزانە: بەمانای زیرەکو هوشیار لەوشەی فرەزاناوە وەرگیراوە، هەرچەن فارس زۆری بەکار دەهێنێ بەلام وشەیەکی رەسەنی کوردییەو بەداخەوە بەکارمان نەهێناوە.
و.

چاکسازیکردنو مەیلی روونکردنەوەی هەموو شت. تەنها ئەو کاتە دەتوانین بچینە سەر باسی لێبوردن. وەك ئاکامی چالاکی بیرەوەریو چالاکی تازیەو پرسە، کەئەو تازیەو پرسە دولاینەمان قبوڵکردبێت. قسەی من ئەمەیە کەلێبوردن تۆسقاڵێ سەخاوەتە کەدەبێ بخرێتە سەر ئەو دوو چالاکییە، کەدیارە کارێکی زۆر دژوارە. بەلام تەنانەت لەم حاڵەیشدا دەبێ دوو مەسەلەمان لەبیر بێ: یەکەم ئەوەیە کەتەنها قوربانی کراوەکە دەتوانێ تێبگاتو دووەم ئەوەی کەلەگەڵ لێبوردنەکەدا رابگەیەندرێت کەهەموو شتێك قابیلی لێبوردنە.. وەك ولادیمیر یا نکلێویچ ئاماژەی پێدەکات...

رامین/ ئایا بۆ لێبوردن پێویستمان بەدەرکی مێژوویی هەیە؟

پۆل/ دەرکی مێژوویی، لەئاستی کۆمەڵگایەکدا، سیمای گەورەکراوی بیرەوەری تاکەکەسە. لێرەوە، هەموو ئەو شتانەی کەسەبارەت بەبیرەوەری لەپێشدا باسمانکرد، دەتوانین بەتێپەراندنیان بەهۆی بونیاتی واسیتەیەکەوە کەهەمان بیرەوەری بەکۆمەڵ بێت، دەربارەی مێژوویش بڵێینەوە. دەرکی مێژوویی کوتو مت هەر ئەم بیرەوەری بەکۆمەڵەیە کەتائاستی ئاگایی سیاسی لای هەموو هاووڵاتیان بەرز دەبێتەوە.

رامین/ بەرای من، لێبوردن هەڵبژاردنێکی کەسییەو تەنها کەڵکی بۆ ئەو کەسە هەیە کەلێدەبورێو ئیتر بەهیچ شێوەیەك توانای چاکسازی مافە ژێر پێخراوەکان، یان سیستەمە کۆمەڵایەتییە تێکدراوەکانی نییە.

پۆل/ راستە کەکاری لێبوردن، کارێکی تەواو کەسییە. هەروەك ((هانا ئارنەت)) لەکتێبی ((چارەنووسی ئینسانی))دا دەڵێ: ((لێبوردن کارێکە هاوکاتە لەگەڵ پەیمانبەستندا)) بەگوێرەی قسەی هانا ئارنەت، تەنها ئەو کەسەی کەبەهۆی لێبوردنەوە، رزگار دەبێت دەتوانێ لەگەڵ پەیمان بەستندا، پەیوەندییەکی تازە بنیات بنێت. بەم مانایە کەئەو بازنەی لێبوردن بەپەیمان بەستنەوە گرێئەدا. لەدەروونی خودی کەسەکەدایە. بەلام من لەهەموو قسەکاندا پێش گریمانەیەکم هەیەو ئەویش ئەمەیە کە _بەکەڵك وەرگرتن لەوتەزاکەی هۆسرل کەلەکتێبی ((تێفکرانە دیکارتییەکان))دا روونی کردووەتەوە_ دەتوانین جەستەی سیاسی وەك کەسایەتییەك لەخانەبەندی بالادا لەبەرچاوبگرین.

مێژووی سەردەمیش لەخواستی لێبوردن نمونەگەلێکی زۆرمان دەخاتە بەردەست. بۆنمونە، ویل برانت کەلەبەرامبەر پەیکەری وەرشۆدا چۆك دائەداو ((ڤاسلاف هاڤل)) کەبەهۆی رەفتاری ناپەسەندەوە داوای لێبوردن لە چیکەکان دەکات، خوان کارلۆسی پادشا کەبەهۆی دەرکردنی جولەکەکان لەئیسپانیا لەساڵی ١٩٤٥ داوای لێبوردن دەکات، وەهەروەها لەم دواییانەدا ئەنجومەنی رۆحانیەکانی کاسۆلیکی فەرەنسا، بەهۆی بەدرەفتاری کلێسا لەگەڵ جولەکەکانو ئەوەی کەبەناوی دژەجولەکەگەرییەوە کردیان، داوای لێبوردن دەکەن، هەڵبەت جەختدەکەمەو کەئەمانە هەموویان نمونەگەلێکن لەداوای لێبوردن، نەك لەلێبوردنێکی پێشکەش کراو کەکاری دروستی لێبوردنیش ئەمەیە.

رامین/ ئایا کاتی رووبەرووبوونەوە لەگەڵ خراپەیەکی مێژووییدا لەجیاتی ئەوەی خۆمان لێی ببورین، واچاکتر نییە کەبوار بدەین دادوەری (عدالت) لەوبارەوە قسەی خۆی بکات؟

پۆل/ ئاشکرایە کەلەبەرامبەر خراپەیەکی مێژوویدا بەشوێنەوارێکی زۆرەوە، داوای لێبوردن بەبێ چالاکی چاکسازی ئەستەمە دیارە تائەو ئاستەی کەوتم واتە ئاستی چاکسازی هەڵنەگر. باشترین نمونە، لەم بارەوە رەفتاری ئەڵمانیایە بەرامبەر بەپاشماوەکانو میرایەتیەکانی قوربانییەکانی ئۆردوگاکانی نازیسم.

لێبوردن، بەمانای حەزکردن بەپێشگرتن لەدادوەری نییە، بەڵکو بەمانای داوای دادوەریی زیاتر کردنە. واتە بمانەوێ هەم دادوەری کۆمەڵ بەرامبەر بەرێکخراوەکان بەرێوەبچێت هەم دادوەری تاك بەرامبەر بەتاکەکەس.

رامین/ هەڵبەت دیارە دادوەری دەتوانێ پێش بەتۆڵەی کەس بگرێت، بەلام ئەم رەخنەی لەسەرەکە تەجریدیەو بەکۆمەڵ (واتا ناتاکەکەسییە).

پۆل/ لەراستیدا ئێستا کاتی ئەوە هاتووە باسی پەیوەندییەکانی نێوان دادووریو تۆڵە بکەین، تۆڵە بەو مانایە کەکەسێك بیەوێت خۆی وەکو تاکەکەس دادوەری بەرێوە ببات. دادوەری بەهێنانی رەگەزێکی

سێهەم بۆ نێوان قوربانیو هێرشکار، خۆی لەتۆڵە جیادەکاتەوە. ئەم رەگەزە سێهەمەش توانای گشتییە -واتە دەوڵەت- هەم کۆمەڵێ یاساو دادگاکانو رەوشی دادگاییەکی بەویژدانانە. کەواتە نابێ نیگەرانی ((تەجریدیبوون))و ((ناتاکەکەسی بوون)) بین: روونو ئاشکرا بوون، پرۆسەیەکی گشتگیری نسراوو مەرجی پێویستی مقامی کارکردنی دادوەرییە.

رامین/ بەڵام من لام وایە کەدادوەری لەوەی کەبتوانێ رێگەچارەیەك بۆ خراپەی رەها بخاتە بەردەست، لاوازەو بێتوانایە. ئەوکاتە خودی دادوەریش بەنەژاکاوی (لۆك) نامێنێتەوە.

پۆل/ دیارە نابێ چاوەڕوانی ئەوە بین کەدادوەری هەموو شتێکمان بۆ یەکلایی بکاتەوە. هەروەها نابێ ئەو چاوەڕوانییەمان لەبیرەوەریو مێژوویش هەبێت. هەروەها کەوتم لەخراپەدا شتێك هەیە کەنەقابیلی دەرهێنانەو نەچاکسازیش هەڵدەگرێ. لەبەر ئەوەیش دەبێ لەبەرامبەر خەڵكو خۆیشماندا ژەکڤەری (صبر)مان هەبێت.

رامین/ رەنگە ئەوکاتەی لەبەرامبەر خراپەی رەهادا دەمێنینەوە، لەدوو رێگا زیاترمان لەبەردەمدا نەبێت: یان دەبێ هەست بەتاوانباربوون هەڵبژێرین، یان نائومێدبوون. هەندێك لەئێمە خراپە دەیانخاتە کەڵکەڵەوە. هەندێکیش ئامادەن بمرن، نەوەك بکەونە کەڵکەڵەوە. جەنگ لەپێناوی بەرگرتن لەتەشەنەی خراپە بەراستی چەنگێکی نائومێدکەرە.

پۆل/ هەر ئێستا قسەم لەژەکڤەری کرد. لەراستیدا دەبێ مۆڵەتێك بەخۆمان بدەین تاوەکو ئەو لایەنە وا چاکسازی هەڵناگرێو قابیلی دەرهێنان نییە کەم بێتەوە.

* ژەکڤەری باشترین سوپەرە دژی نائومێدی، ئەم قسەیە راستە کەئێمە هەرگیز بەتەواوەتی دەرەقەتی خراپە نایەین، خراپەیەك کەهەمیشە لەپێشدا بووەو کەواتە هەمیشەیش سەرقاڵی کاری خۆیەتی. هەر لەبەر ئەوەیش چالاکی تازیەبارانە کەپەیوەندی نێوان لێبوردنو چالاکی بیرەوەرییە، ئازاراویترین کارە. هەمیشە خەمێکی قووڵ هەڕەشە لەتازیەباری دەکات، ناتوانین ئەفسوسو مەخابن بەجۆرە نەخۆشیەکی دەروونی دابنێین بەڵکو جۆرێك هاوڕێیەتیە لەگەڵ خەمدا. دەرمانیشی هەمان شتە کەپۆل نیلیش ناوی ناوە ((ئازایەتی بوون)) (bravery of begin).

رامین/ واچاکترنییە کەلەجیاتی روونکردنەوەی خراپە، دژی خەبات بکەین؟ چونکە لەراستیدا روونکردنەوەی خراپە بەقازانجی خراپەیە.

پۆل/ لێرەدا، جەخت لەسەر زاراوەی (ئازایەتی بوون)) دەکەمەوە. لەپێداویستییەکانی ئەم فاکتەرەیش ئەوەیە کەخەبات دژی خراپە، دەبێ زاڵ بێت بەسەر ئیرادەی روونکردنەوەی تیۆریانەی سەرچاوەی خراپە. راستە کە هەڵدێرێك لەبەرمودایە کەروونکردنەوە بەرەو تێگەیشتنو دەرکو تێگەیشتنیش بەرەو هاوڕێ بوون دەبات. (بەڵام) بۆ خۆپاراستن لەو هەڵدێرە وێرانینێکی زۆری پێویستە.

سەرچاوە: فصلنامە فرهنگی و اجتماعی
گفتگو شمارە ٢٢، زمستان
سال ١٣٧٧

* ئەم چاوپێکەوتنە پەیوەندی بەهێرمێنۆتیکەوە نییە بەڵام لەبەر ئەوەی لەگەڵ (پۆڵ ریکۆر)دا کراوە بەباشمان زانی لەم دۆسیەیەدا بڵاوی بکەینەوە، چونکە (پۆل ریکۆر) بەیەکێك لە کەسە ناسراوەکانی بواری هێرمێنیۆتیك دەژمێردرێت.

گەلاوێژینوێ

# ستانلی فیش: تاقیکردنەوەی خوێنەر

نووسینی: رامان سیلدن

و: سالار مەحمود

ستانلی فیش.. کەرەخنەگرێکی ئەمریکییەو لەئەدەبی ئینگلیزی سەدەی حەڤدەیەم دەکۆڵێتەوە.. پەرەی بەروانینێکی ئاراستەکراو بۆ خوێنەردا پێی دەووترێت: ((شێوازگەریی سۆزاوی)). ئەویش وەك ئایزر جەخت دەكاتە سەر ئەو گۆڕانکارییانەی کەخوێنەران بەسەر بۆچوونو پێشبینییەکانیاندا دەیهێنین وەختی خوێندنەوەی دەق، بەڵام لەسەر ئاستی راستەوخۆی رستە لێیان ورد دەبێتەوە. ئەم پەیڕەوی خۆی، بەئاگاییەکی تەواوی خودەوە لەهەموو جۆرەکانی شێوەخوازی جیادەکاتەوە (تەنانەت بەرەخنەی نوێی ئەمریکییەوە). ئێمە ستراتیجیەتی خوێندنەوە خۆی بۆ تەئویلکردنی رستەی ئەدەبیو نائەدەبی بەیەکەوە بەکاردەهێنین. بایەخی زۆریشی دەدا بەوەڵام وەرگرتنی خوێنەر دەربارەی وشەکانی رستە کەبەدوای یەکدا دێن.

میلتۆن لەنووسینێکدا وەسفی حاڵەتی هۆشی ئەو فریشتانە دەکات کەلەئاسمانەوە بەرەو دۆزەخ دەکەونە خوارەوە: نەخێر لەتەنگژەی خراپ نەگەیشتن)). ناتوانین مامەڵە لەگەڵ ئەم دەربڕینەدا بەو شێوەیە بکەین کەدەربڕینێکی یەکسانە بـ((لە تەنگژەی خراپ گەیشتن)). فیش پێی وایە کەدەبێت ئاگامان لە بەدوایەکهاتنی ئەو وشانە بێت کەحاڵەتی بەدواداچوونو تالیقوەشاندن لای خوێنەر دەخولقێنێ. بەهانەکانی لاواز دەکات ئەگەر بەیەکجاری نەیانشێوێنێ. کەوەك هەڵواسراوێك دەکەوێتە نێوان دوو روانینەوە بۆ هۆشی فریشتە کەوتووەکان.

ئەم رستەیەی والتەر پیتەریش لەسەر شێوازێکی تایبەتی شیتەڵکردنێکی زیرەکانەی بەردەکەوێت: ((ئەمە بەلای کەمەوە لەو گڕوتینەیە کەلەناخی ژیانماندا هەیە. ئەو گڕوتینەی کەلەبەیەکگەیشتنێك بەدەر نیە، لەنێوان ساتو ساتێکی ترا نوێدەبێتەوە، بەیەکگەیشتنی چەند هێزێك دوور یا نزیك لەرێگادا جیا دەبنەوە)). ئەم ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەپیتەر بەبڕینی بەیەکگەیشتنی هێزەکان بە ((لەنێوان ساتو ساتێکی ترا نوێدەبێتەوە)) خوێنەر بێبەشدەکات لەوەی وێنەیەکی دیاریکراو یا نیشتەجێکراو لەزەینی خۆیدا بچەسپێنێت، لەهەر قۆناغێکی رستەدا والەخوێنەر دەکات هەڵسێت بەرشتنی چاوەڕوانیو لێکدانەوەی خۆی جیابوونەوە بەیەکگەیشتن پووچدەکاتەوە، پاشان زوو یا درەنگ دێتو گریمانی ناچەسپاوی خۆی لەلایەنی زەمانییەوە، بەجێدەهێڵێت. بەم شێوەیە خوێنەر بەبەردەوامی دەسکاری چاوەڕوانیو پێشبینی خۆی بۆ مەعنا

دەکات، چونکە مەعنا جولانەوەی گشتی خوێندنەوەیە.

جوناسان کولەر بەگشتی داکۆکی لەئامانجەکانی ستانلی فیش کرد، بەڵام لەو رووەوە رەخنەی لێگرت کەبۆ بەخشینی دارشتنێکی تیۆرانە بۆ رەخنەی خوێنەر لای خۆی سەرکەوتنی وای بەدەست نەهێنا. فیش لەو باوەرەدایە کەخوێندنەوەکانی بۆ رستە تەنها دوای مومارەسەی سروشتی خوێنەرە بەئاگاکان دەکەوێت. لەلای ئەو خوێنەر ئەو کەسەیە توانایەکی زمانەوانی دەبێتو دەچێتە ناخی هەموو ئەو مەعریفە دەستوریانەی زمانو زانیارییە دەلالەتییەکان کەخوێندنەوە گەرەکی دەبێتن. بێگومان ئەو خوێنەرەی کەئاگای لەدەقە ئەدەبییەکان دەبێت بۆ خۆی توانایەکی ئەدەبیی تەواوی وەدەست کەوتووە (واتە زانیاری دەربارەی نەریتە ئەدەبییەکان) جوناسان کولەر دوو رەخنەی تیژ دەهاوێتە هەڵوێستی فیش: یەکەمیان ئەوەیە کەفیش لەدارشتنی نەریتەکانی خوێندنەوەدا سەرکەوتنی وەدەست نەهێناوە، واتا نەیتوانیوە بپرسێت ئەو عورفو نەریتانە چین کەخوێنەران وەختی خوێندنەوە پەیرەویان دەکەن؟ دووەمیشیان ئەوەیە ئەو داخوازییەی کەدەیخاتە روو بۆ خوێندنەوەی رستەکان بەشێوەی وشە بەوشە لەبەدواهاتگەیەکی زەمەنیدا کارێکی سەرلێشێوێنەرە، هیچ هۆیەك نییە بۆ ئەوەی باوەر بهێنن بەوەی خوێنەران بەراستی لەگەڵ رستەکاندا بەم شێوە پچرپچرە هێواشە دێن. بۆ نموونە کێ وادائەنێت کەئەو خوێنەرەی رستەکەی ملتون دەخوێنێتەوە ((نەخێر نەیانزانی)) بۆخۆی هەستکردن بەبوونێکی هەڵواسراو لەنێوان دوو نیگاو بۆچووندا تاقیدەکاتەوە؟ زۆر لەخۆکردنێك دەبینرێت لەحەزو ئارەزوکردنی بەردەوامی ستانلی فیشدا بۆ ئەوەی ئەو رستەیەی دوایی لەزەمینەدا (سیاق) تووشی سەرسورمانی بکات. فیشیش خۆی ئەو بریارە دەدات کەپەیرەوەکەی بەلای ئەوەدا دەچێت ئەو دەقانە پەسەندتربکات کەبەشێوەیەك رێدەکەن خۆیان تێکدەشکێنن. (بۆ روونکردنەوەی ئەمە هەر ئەمەندە بەسە ئاماژە بۆ ناونیشانی یەکێك لەکتێبەکانی بکەین ((کارگەلێك خۆیان دەسوێنن)) لەکتێبی ((لەم ریزە یا پۆلەدا دەق هەیە؟)) (١٩٨٠) ستانلی فیش خۆی دان بەوەدا دەنێ کەکتێبەکانی پێشووی وەك پێوەر مامەڵەی لەگەڵ تاقیکردنەوەکانی لەخوێندنەوەدا دەکرد. بۆ بەهانەهێنانەو بۆ هەڵوێستی پێشووی بیرۆکەی ((کۆمەڵە تەئویلکارەکان)) دەخاتە روو. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەئەو هەوڵی ئەدا خوێنەرانی قایلکات بۆ بنیاتنانی ((کۆمەڵێك لەگریمانی جەماعەت، تا لەخوێندنەوەدا ئەوە بکەن من کردوومە)) بێگومان زۆر جەماعەتی جیاواز لەخوێنەران هەن چەندەها جۆری دیاریکراو لەستراتیجەکانی خوێندنەوە بنیاتدەنێن (وەك ستراتیجیەتی فیش). لەم قۆناغەی دوایی کارەکەیدا ستراتیجیەکانی کۆمەڵێ تەئویلی پرۆسەی خوێندنەوە بەهەموو لایەنێکیوە دەستنیشاندەکەن واتا رووداوە شێوازکارییەکانی دەقەکانو تاقیکردنەوەی خوێندنەوەی. جا ئەگەر گوتەی جەماعەتە تەئویلییەکان دیاریبکەین ئەوە پێویستمان بەباشترو باشترین کاری نێوان ئەو پرسیارانە نابێت کەپەیوەندییان بەدەقەوە هەیە، ئەو پرسیارانەیشی کەتایبەتن بەخوێنەرەوە بەلەناوچوونو ونبوونی گرفتی خودو مەوزوع ون دەبن.

النظرية الادبية المعاصرة/ رامان سلدن/ ترجمە/ سعيد الغانمی/ چ١-١٩٩٦.

# دووبابەت لەئەرشیفی ڕۆژنامەنووسیی کوردییەوە

لەتورکیی عوسمانییەوە: شێرزاد کەریم

ئامادەکردنی: سدیق ساڵح

## ١- دەمەتەقێیەك

نووسینی: حەیدەری زادە ئیبراهیم

ئەم میللەتە نەجیبەی کورد لەکاتێکدا بەدرێژایی سەدەکان لەژێر باری گرانی ڕووداوە مێژووییە بەرو دواکاندا سەرکوت کراوە، ئەرکی پیرۆزی ئایینی خۆیی بەبێدەنگیو شکۆیەکی دیندارانەو مەردانەو ئازایانەوە جێبەجێکردووە. ئەمرۆیش لەپێناوی بەدوواداچوونی چارەنووسی خۆیدا، گۆڤاری (ژین)ی لەمەیدانی چاپەمەنیدا هێناوەتە گۆڕێ.

ئەم میللەتە کەبەباری درێژیدا لەقارسو ئەرزڕۆمەوە بەخاکو چیای کشاو بۆ نێو شیرازو ئەسفەهانی ئێرانو، بەباری پانیشدا لەتەورێزەوە تالای حەلەب بڵاوبووەتەوە؛ لانی کەم لەپێنج ملیۆن کەس پێکهاتووە. ئەم نەتەوە دلێرو چاونەترسە کەراستگۆییو کۆیلایەتیی خۆیی بۆ خەلافەتی پایەبەرزی ئیسلامو دەوڵەتی هەتا هەتای عوسمانی بەشمشێرو خوێنی خۆی سەلماندووە، ئەمرۆ ناچاربووە ئەو جێو ڕێ پڕ کێشەیە کەتووشی بووەو ژیانی تێدا بەسەر دەبات، بخاتە بەر ڕوانگەی ویژدانو پیاوەتیی جیهانو، بڵێت:

زبان در دهان ای خردمند چیست
کلیدر کبخ صاحب هفر
چودر بسته باشد کەداند کسی
کەگوهر فروشست یا پیلەور

لەبەر ئەوەی دڵخوازی ویژدانی کورد بریتیە لەئاینو ئیمانداری، بۆیە هەرکاتێك مەقامی خەلافەت بانگەوازێکی بۆ بەرزکردنەوەی وشەی خواوەند کردبێ، بەبێ دوودڵیو بەگوتنەوەی وشەی (لبیك) بەپیریەوە چووەو دەستی داوەتە چەکو بەرەو مەیدانی کاربووەتەوە. بەو هۆیەوە، ڕۆژانی خەلافەتی ئەمەویو عەباسیو عوسمانی پێگەیەکی گەلێك گرنگی هەبووە.

سەفەرەکانی سەلیمی یەکەم بۆ کوردستانو هیی خەسرەو پاشا بۆ هەمەدانو مورادی چوارەم بۆ بەغداو ڕووداوەکەی نێوان تۆپاڵ عوسمان پاشاو نادرشاو زنجیرە شەڕەکانی ڕووس؛ کۆی ئەم ڕووداوانە دوا لاپەڕەکانی ئەرکە ئاینیەکانی کورد پێکدەهێنن. زەرەرو زیانی کوردان تەنیا لەو جەنگە گشتیەدا، بەپێی ڕاگەیاندنی بڵاوکراوەی ڕۆژنامەکانی ڕوس، نێزیکەی ٨٠٠,٠٠٠ هەشتسەد هەزار کەسە.

ئەگەر کوردان لەنێو ئەو میللەتانەیشدا نەبن کەسوودیان لەشارستانیەتیی خۆراوا وەرگرتووە، ئەوا لەڕووی سەرقاڵییانەوە بەکۆکردنەوەو دەستەبەرکردنی زانستە ئاینیەکانی تایبەت بەشارستانیەتیی خۆرهەڵات، لەنەتەوە هاوشانەکانی خۆیان دوانەکەوتوون.

گربشرف نیستم لالەی باغ عراق
لیك در اقلیم روم کم نیم از هندبا

دواکــــەوتوویی کـــــوردان لەمســــــۆگەرکردنی پێشکەوتنی شارستانیدا، لەکەمتەرخەمییانەوە نییە.

نیست بر لوح دلم جز الف قامت دوست
چەکنم حرف دیگر یاد نداد استادم

لەبەر ئەوەی کوردان زامنکردنی رەزامەندیی گەورەکانی خۆیانیان لەهەموو شتێکی دیکە پێ گرنگتربووە، هەردەم پێبەندی لەنێوچوونی خۆیان بوونو خۆیانیان لەشانازیکردن دوور نەخستوەتەوە. تەنانەت زۆر جاریش ئەو سەرکەوتنانەیان کەبەهێزی شمشێری خۆیان بەدەستیان هێناون، بەناوی میللەتێکی دیکەوە تۆماریان کردوون.

لەبەرئەوەی کوردان خاوەنی بەرزترین پلەی نەفسبەرزین، بەرانبەر بەهەر رووداوێك کەمەبەستی تێدا هەڕەشەکردن لەشانو شکۆو شەرەفی شەخسییان بووبێ، هەرگیز سڵیان لەگیانبەختکردن نەکردووەتەوە.

وێڕای ئەوەیش کەشانازییان بەخزمەتکاریو ژێردەستەیی خەلافەتو ئاینو دەولەت کردووە، بەرگەی شێوەی حوکمی میللەتێکی دیکەیان نەگرتووە. هەروەك شاعیری ئێرانی دەڵێت: کوردان لەپێناوی پاراستنی ئابروو شەرەفیاندا، ئاگریان قبوولە، بەلام ئابروو چوون قبوول ناکەن.

مرا مرگ بهتر ازاین زندەگی
کەسالار باشم کنم بندگی

## ٢- کوردان نەخەوتوون

نووسینی: کوردێك

مرۆڤایەتی لەرووی سەرەنجامە هەرە گەورەو شکۆدارە یەك لەدوای یەکەکانیەوە، لەدەولەمەندترین رۆژانیدا دەژی، شایەتی ژیانێکی نوێو سەرهەڵدانی بەهارێکین لەو بیابانو چۆڵەوانیانەدا کەهیچ جۆرە شوێنەوارێکی ژیانیان تێدا بەدی ناکرێت.

بیرو بۆچوونە سواوەکانو بیروباوەرە سیاسیو کۆمەلایەتییە کۆنەکان لەداچووندان. پرنسیپو هاندەرەکانی دیکە لەگەشەکردنو بەرزبوونەوەدان. عەقڵ بەسەر هەڵچوونو تورەییدا زاڵەو، تاریکی مەحکوومی رۆشنایی بووە. هەروەکو (سوبحانی)ی شاعیری مەزنی خۆرهەلات کەخۆرهەلاتو خۆراوایش قەرزداری گیانە بەرزەکەین، توانیویە بڵێت:

بمردی کە ملك سراسر زمین
نیرزد کەخونی چکد بر زمین

ئیدی درندایەتی حوکمی بیرو زیرەکیی لەرادەبەدەر ناکات. زیرەکیو وریاییش نابنە خزمەتکاری هەرچیو پەرچێتیو درندایەتی.

(ئەمەرسن)ی بیریارو شاعیرو دووربینی بەرزی ئەمریکا، دەپازدە ساڵ لەمەوبەر بەم گوتانەی خوارەوە کۆتایی بەگوتارێکی لەبارەی جەنگەوە نووسراوی خۆی هێناوە: ((ئەی ئەمریکای خواوەندو مرۆڤەکان، ئایا جەنگ یا ئاشتی لەجیهاندا حوکمدار دەبێ؟ تۆو تەنیا تۆ بریاری ئەمە دەدەی)). دوایی ئەم ئەمریکای خواوەندە، جێبەجێکردنی بەخشندەییو دڵنیایی بەرەو رووی (وێلسن)* ی ئەمریکایی کردەوە. گیانی ئازادو بڵندی (واشنگتۆن)و دڵی پڕ بەزەییو هەستی (لۆنگ فیللۆن)، بەچەشنێکی نوێو ئاگرین لەزانستو کارەکانی (وێلسن)دا دەژین. ئەو نەعرەتەیەی کەبەرانبەر بە (ژووپیتەر) خستمانە سەر زمانی (برووەمەند)، دەڵێت:

یاقاجاق نورم اسمانلریکی
هریانمدن حیات فیشقیراجاق**

ئەمڕۆ زمانی حاڵی (وێلسن) بەسەر پلەو پایەی تزارەکاندا دەپژێت، ئاخۆ دەبێ کوردان لەراپەرینو سەدەیەکی وەهادا خەوتبن، من بە پێویستی نابینم، بڵێم: ئەی کورد بەئاگابەرەوە، چونکە ئەگەر کوردان تائێستا لەخەودابووبن، دەبێ زۆر لەمێژبێ مردبن. کورد بەئاگایە، ئەو خواوەندانەیش کەچەندین سەدەیە داوای خەوتنی لێدەکەن، بەئاگادێنیتەوە. ئەو چاکە لەگەڵ ئەوانەیشدا دەکات کەخراپەیان دەرهەق کردووە. ئێمە لەسەدەیەکدا دەژین کە یەك سەعات نوستنی تێدا بۆ میللەتێك مردنە!

٢٣ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨

١٣٣٤/ر

***

* وێلسن: مەبەست تۆما وێلسن (١٨٥٦-١٩٢٤)ی سەرکۆماری سالانی (١٩١٣-١٩٢١)ی ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکایە. چواردە بەندەکەی وێلسن، پاش برانەوەی یەکەمین جەنگی جیهانی، دەنگدانەوەیەکی بەربلاویان هەبوو/ ئامادەکەر.

* واتە رووناکیم ئاسمانتان دەسووتێنێ
ژیان لەهەموو لایەکمەوە سەرهەڵدەدات/ ئامادەکەر.

***

سەرچاوە: گۆڤاری (ژین)ی ئەستەموڵ، ژ(١)، ٧ی تشرینی دووەمی ١٣٣٤ی رۆمی (١٩١٨).
م. ئەمین بۆز ئەرسلان، ژین گۆڤارا کوردی- ترکی، جلد ١، ئۆپسالا، ١٩٨٤- بەپیتی لاتینی.

# نامەیەکی رۆشنبیری لەدانیمارکەوە



ئاشنا کەمال

Arrangør:
DANSK FORFATTER FORENING

لەرۆژانی ٢٩/٣٠ی مایداو، بەدەسپێشخەری یەکێتی نووسەرانی دانمارك، فێستیڤاڵێکی شیعر خوێندنەوەی کوردیو دانمارکی بەرپا کرا. هەروەها چەند نیگارکێشێکی کوردیش پێشانگاییکی هاوبەشیان لەشوێنی فێستیڤاڵەکە ئاوەڵا کرد. بەر دەرگای ئامادەیی بۆروپس لە کۆپنهاگن، شوێنی فێستیڤاڵەکە، بەئاڵایکی دانمارك رازابۆوەو لەتەکیسیدا ئاڵایەکی کوردستان دەشەکایەوە.



کنود ڤیلبی

سەعات دەی سەر لەبەیانی شەممە، ٢٩ی پێنج، پرۆگرامەکە لەلایەن کنود ڤیلبی سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی دانمارگ، بەووتەیەکی کورت خرایە گەڕ.

خاتوو ئانێتە ترانێز دەستی کرد بەدوان بەزمانی دانمارکیو پاش سڵاو کردن لەمیوانەکان نووسەر فەرهاد شاکەلیی ناساند بەئامادەبووانو کورتەیەك لەژیان نامەی باس کرد.

ئینجا شاعیرو نووسەرو رۆژنامەنووس دکتۆر فەرهاد شاکەلی گووتی: (پێشەکی بەیانیتان باش، تەنها روونکردنەوەیەکی بچووك.. دەمویست بڵێم، بەداخەوە وایان رێك خستووە، ئەو شیعرانەی کە کراون بەدانمارکی، بەجۆرێکی وا کە ئێمەشیان بڵێم ناچار کرد هەر ئەو شیعرانە بخوێنینەوە).



ئانێتە ترانێزو فەرهاد شاکەلی

لەبەر ئەوەی ئەو شیعرانەی کە کراونەتە دانمارکی سێ شیعرم تەنها لەلایە لەوانە، بەڵام لەگەڵ ئەم خانمەدا رێککەوتین ئەو سێ شیعرە بەدانمارکی و کوردی بخوێنینەوە ئەوانی دیکە من بۆ خۆم سەربەخۆ شیعر دەخوێنمەوە پێوست ناکات دانیمارکییەکەی هەبێت. پاشان چەند شیعرێکی بەسۆزی خۆی پێشکەش کرد، بەدانیمارکی کە ئەم سێ شیعرە بوون.

## قامیشلی

١

*گەر لێرەوە نامەیێکت بۆ بنووسم، هاوڕێم، دەبێ*
*لەدڵتەنگی و خەم و پەژارە بەولاوە*
*باسی چیی دیکەت بۆ بکەم.*
*گەر بمەوێ وێنەیەکی*
*ئەم خەڵکی شارە بکێشم*
*دەبێ وێنەی کەسانێ بێ*
*لەسەر خاك و زێدی خۆیان*
*نامۆ و ئاوارەو دەربەدەر کراون..*
*دەبێ نەخشەی نیشتمانێ بکێشم*
*سنوورەکانی دڕکەزێ و تفەنگن*
*لەنێوانی لێو و لێوا،*
*لەنێوانی دەستەو دەستا لەمپەرن.*


٢

*زەمان بەنێو ڕێگەوبانی ڕەشپەڵگەڕاوی باژێڕا*
*لەسەرەخۆ دەبزوێتەو دێتەو دەچێ،*
*کۆڵ و باری خەم و ژانی هەڵگرتووە..*
*زەمان لەرۆخی ڕێگایان،*
*بەدەرو دار دیوارا هەڵواسراوەو*
*سەرەنێزەی هەژاری*
*سینگی کون کون کردووە..*
*زەمان، لێرە ئۆتۆمبیلە*
*پۆلیس، پۆلیس دوپشاژوێ.*

قامیشلی- ئاپریلی ١٩٧٧

ئەو دەمەی شاعیرو وەرگێڕ تەختەی شانۆکەیان بەجێهێشت، کوردو دانیمارکیەکان پڕ بەدڵ چەپڵەیان کوتا !

شاعیری دانمارکی پێتەر پاولسۆن چەند پارچەیێ شیعری خۆی پێشکەش کرد، بەڵام کەس نەیکردن بەکوردی.



لەدوای ئەو شاعیری ناسراو کاك عەبدوڵڵا پەشێو گووتی: (ڕۆژتان باش خوشك و برایانی خۆشەویستم، بەڕاستی من لەو دوایەدا زانیم بەتەواوەتی کاتێ هاوڕێکەم کام شیعری ئامادە کرد بوو زۆر زەحمەت بوو هەمان شیعر بدۆزمەوەو پیشکەشتانی بکەم، لەبەر ئەوە ڕەنگە شتی جیا بخوێنینەوە ئەو بەدانمارکی منیش کۆمەڵە شیعرێکی نوێ و هەندێکیشیان کۆنن).

پاشان پەشێو چەند شیعرێکی جوانی خۆی خوێندەوەو سام فلایشەر چەند شیعرێکی پەشێوی خوێندەوە بەدانمارکی.

### بۆ قەرەجێك

١

*بەس تەماشای ناو لەپم کە!*
*خۆ من نامەوێ پێم بڵێی،*
*دەبم بە باوکی چەند منداڵ..*
*زەنگین دەبم یا هەر وا لات..*
*تەنیا شتێکم پێ بڵێ:*
*ئاماوم وەك تۆ دەژیم،*
*یادەبم بەخاوەن وڵات؟!*

٢٥-٢٦/٢/١٩٨٠ مۆسکۆ

٢

*ئاسمانی تۆ.. بەرپێی خۆتە.*
*سەرت شۆڕکە.*
*ملت کەچ کە.*
*چاو مەگێڕە*
*بۆ ئاسمان و ئەستێرەو خوا..*
*ئەوەی بتسێك خاکی نەبێ،*
*خواو ئەستێرەو ئاسمانی کوا؟*

١٨-١-١٩٨٢ پۆتسدام



شاعیری دانمارکی ئێریك ستینوس بەکورتی باسی لە شیعرەکانی شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەس کردو لەتەنیشتیەوە کوردێك بە دەنگێکی گڕی زوڵاڵی ئاشنا بە گوێی زۆربەمان گووتی:

(من ناوم فەرهاد سەنگاوی‌وەو کاك شێرکۆ بێکەس لەکوردستان نەیتوانی بێت بۆیە بەتەلەفۆن بەکاك مەسعودی ڕاگەیاندبوو کە من لەجیاتی ئەو بێم) پاشان هەمان شتی بەدانمارکی دووبارە کردەوە.



لاوی رۆشنبیر فەرهاد سەنگاوی چەند شیعرێکی شاعیری مەزنی کورد شێرکۆ بێکەسی خوێندەوە کە ئێریک ستینوس دەماو دەم کردنی بەدانمارکیو دەماو دەم گوێگران هاتنە هەژان.

ئەمەش بەشێکە لەو چواردە شیعرەی کە فەرهاد سەنگاوی خوێندنییەوە.



### پیانۆ

*جاری بەرێز*
*پۆلێ پەرەسێلکەی دڵی*
*شاعیرانی هەر پێنج قارەی*
*ئەم دنیایە هەڵفڕینو*
*زۆر لەسەرخۆ*
*چوونە ناو سندووقێکەوە*
*لەدوایدا*
*ئەو سندووقە*
*بوو بە (پیانۆ)!*


شام ١٩٨٧

لەماوەی پشوودانێکی سەعاتو نیوی دا کە خەڵکەکە سەرقاڵی نان خواردنو خواردنەوەی تۆبۆرگی دانمارکی بوون، کتێبخانەی (کیتابی هەرزان)یش بەسەدان بەرگ کتێبو گۆڤاری فارسیو کوردی دانا بوو بۆ فرۆشتن.

ماوەی ئەم پشووە هەلێکی لەبار بوو بۆ ئامادەبووان تازۆر لەسەرخۆ پیاسە بەچاویان بکەن لەناو باخو گوڵزاری تابلۆکانی هونەرمەندانی پڕ توانا.

ئازاد نانەکەلی کە لە ساڵی ١٩٥١ لە شاری هەولێر لەباشووری کوردستان لەدایک بووە ساڵی ١٩٧٥ لەبەغداو ساڵی ١٩٧٩ لە ئیتالیا خوێندویەتیو لە ١٩٨٣دا دیپلۆمی لەئیتالیا وەرگرتووە.

بالدین ساڵی ١٩٥٤ لەکوردستان لەدایک بووە ساڵی ١٩٩٠ لەئیتالیاو هۆڵەند کاری هونەری بەئەنجام گەیاندووە.




جەلال رەووف ساڵی ١٩٥٧ لە شاری سلێمانی باشووری کوردستان لەدایک بووە خوێندنی لەبەغدا ساڵی ١٩٧٨و لەئیتالیا ١٩٨٤ تەواو کردووە.

قەرەنی ساڵی ١٩٥٤ لەشاری هەولێر لەباشووری کوردستان لەدایک بووەو خوێندنی لەبەغدا ساڵی ١٩٧٧ تەواو کردووە.

مەدحەت کاکەیی ساڵی ١٩٥٤ لە کەرکوک لەدایک بووەو لەساڵانی ١٩٧١-١٩٧٦ لەبەغداو ١٩٧٦-١٩٨٠ خوێندنی زانکۆی لە ئیسپانیا تەواو کردووە.

وەلید سیتی ساڵی ١٩٥٤ لەشاری دهۆک لەدایک بووەو ساڵی ١٩٧١- ١٩٧٦ لەبەغداو ١٩٧٧-١٩٨٢ لەسلۆڤانیە خوێندویەتی.

ئەم فێستیڤاڵە هەلێکی باش بوو کە بەکامێرایەکو تەسجیلێکی کاسێتی بچوکەوە بکەومە وێنەگرتنو تۆمارکردنی هەندێ دەنگ بۆ نموونە پەیمان بەگۆک



یەکێکە لە هونەرمەندە ناسراوانەی کورد لەبواری شانۆدا کە لێم پرسی راو بۆچوونتان چییە دەربارەی بەشی یەکەمی ئەم فێستیڤاڵە شیعریەی دانمارک گووتی: (لێم نەپرسی باشە. هەڵیگری بۆ وەختێکی کە چاکە) گوتم: بۆ؟ کاتم لەمە چاکتر وەدەست دەکەوێ؟! گوتی: (گەر بهاتایەو ئەم فێستیڤاڵە لە مەجالی شانۆدا بوایە دەکرا چەند سەعاتێکیش سەرنجو راو بۆچوونی خۆم بڵێم بەڵام فێستیڤاڵی شیعری هیچم نییە بیلێم نا.)

دلێر عوبێد عەبدول قادر یەکێ بوو لەو هونەرمەندانەی کە بەچەند تابلۆیەک لە پێشانگای



فێستیڤاڵەکەدا بەشدار بوو، کە بۆم دوا گوتی: (ئەمن تائێستا لەناو دانیمارکدا بیست نمایشگام کردۆتەوە، چەندەها گۆڤارو رۆژنامە لەسەر ئیشەکانیان نووسیوم. چەندەها ئیشم لەبەرگو ناوەوەی کتێبدا بڵاوکراونەتەوە، زیاتر لەناو ئیشەکانمدا گرنگی دەدەم بەرەنگ کە سەرنجی خەڵك زیاتر رادەکێشێ زیاتر تەزەوقی جوانی لێدەکرێ.

کۆمەڵێ هونەرمەند هەن دەڵێن خەڵکی عادی لە هونەر تێناگەن بەڵام من بەپێچەوانەوە دەڵێم هەمووکەس لەهونەر دەگات هۆی تێنەگەیشتنیان ئەوەیە کە کۆمەڵێ هونەرمەندی فاشل هەیە وایانکردووە خەڵك ناوێرێ قسە بکات بڵێ ئەوە جوان نییە، وادەزانن ئەوانە تێناگەن نەخێر وانییە. لەلای من هەموو کەس تەزەوق لەرەنگو جوانی دەکات.

ـ دلێر هونەرمەندی کورد چۆن دەتوانێ خۆی بەرەو پێشەوە بەرێ حەز دەکەی لە خۆتەوە دەست پێ بکە؟

(ئاشنا، گوێبگرە ئەمە زۆر گرنگە هونەرمەندی کورد لە بواری بیانیدا هاتوونەتە پێشەوە زۆر زۆر بەباشی، من پێم وایە ئەوە ئیشی رۆژنامە نووسو نووسەرو ناقدە کە هونەرمەندو هونەر بە کۆمەڵگاکەی بناسێنێ. بەڵام ناکرێ مرۆڤ خودی خۆی لەسەر مستەوای ئیشەکانی یان لەسەر خۆی بنوسێ.

هونەرمەندی کورد لەبەر ئەوەی بابەتو مەوزوعی زۆرە، پێموایە دەکرێ شتی باشتر بکات. لەدوای ئەوە دەکەوێتە سەرشانی هونەرمەند خۆی کە چۆن دەتوانێ بەشێوەیەکی جوانکاریو سادە ئەو بابەتانە بگەیەنێتە بەرچاوی بینەر.

تابلۆکانی من چەند شکڵێکی جیاوازیان لەئامێز گرتووە بۆ نموونە لەدووری چەند مەترێکەوە سەیری تابلۆیەکم بکەیت شتێك دێتە پێش چاوت، کە لە تابلۆکە دەچیتە پێشەوە کۆمەڵێ شتی ئاشکرا سەرنجت رادەکێشن کە لە دوورەوە نابینرێن).

ـ تابلۆکانت گەشتۆتە لای کەسایەتی گەورەی جیهانی؟


(بەڵێ.. مەلیکەی دانمارك دوو لەوحەی لێم کڕیوەو لەمۆزەی مەلیك دانماركدا، دانراوەو نامەیەکی تایبەتی بۆ ناردومو سوپاسی کردوم کە وەك پەناهەندەیەك دەتوانم خزمەتی هونەری تەشکیلی لەولاتەکەیاندا بکەم.

ئاشنا بۆ زانینت حیزبی سۆسیال دیموکراتی دانمارك ساڵی یەك تابلۆ هەڵدەبژێرن، ئەمساڵ ساڵێ ١٩٩٩ تابلۆیەکی منیان هەڵبژارد ٢٥٠٠٠ دانەیان لێ چاپ کردو پاشان کرا بەدیعایەی بوتڵی شەراب هەروەها کرا بە پولو بوو بە بەرگی کتێبی شیعری وەتەنی دانمارکی.

یەکێ لەشەخسیاتە دەوڵەمەندەکانی دانمارك کە (مارك)ی ناوە، کە شەریکەی نەوتو باخیراتو تەیارەی هەیە لەوحەی عینوانی چێشتخانەیەکیم بۆ کرد دەعوەتی فەرەنسای کردم بە دوو بلیتی تەیارەوە).

هەر لەو ماوەیەدا لەوەرگێڕی شیعرەکانی شاعیر شێرکۆ بێکەسو رەفیق سابیر بۆ دانمارکی مەسعود زیلانم پرسی:

ـ بیرۆکەی ئەم فێستیڤاڵە شیعرییە چۆن بوو؟



ئەوەی من ئاگاداربووم ئەوەبوو کە فیستیڤاڵێ بکرێت، عەبدوڵڵا پەشێو بانگ بکرێتو شیعرەکانی بەکوردیو دانمارکی بخوێندرێنەوە.

بەڵام ئەوە بوو من گوتم یەکەم شیعری کوردی کە کرابێتە دانمارکی شیعری شێرکۆ بێکەسە کە من کردومەتە دانمارکی، زۆر پێم سەیر بوو کە فیستیڤاڵێکی شیعری بکرێو شیعرەکانی شێرکۆ باس لێ نەکرێت.

لەگەڵ ئەو کۆمەڵە برادەرە قسەم کرد ووتم ئێوە کارێکی وابکەن من هەندێك راستی لای نوێنەرانی دانمارکی دەدرکێنم چونکە ناکرێ ئێوە بەناوی کوردەوە شتێك بکەن بۆ تاقە شاعیرێك پاشان

پەیوەندیان لەگەڵ من کرد بەو سیفەتەی کە من شیعرەکانی مامۆستای گەورە کاک شێرکۆ بێکەس وەشیعرەکانی کاک رەفیق سابیرم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی دانمارکی.

بەڵام بەداخەوە کۆمەڵێ کەس لەسەرەتاوە هەرچی پێیان کرا کردیان بۆ ئەوەی مەسەلەکە بکەن بە مەسەلەیەکی سیاسی بۆ نموونە ئەگەر فلان شاعیر نزیك نەبێ لەفلان حیزبەوە دەبێ بچوك بکرێتەوە).




ئەوە بوو ئەمڕۆ سەرۆکی نەقابەی نووسەرانی دانمارك لە کردنەوەی ئەم فێستیڤاڵەدا هەر یەکەم شت کە باسیکرد زۆر بەجوانی، باسی شێرکۆ بێکەسی کردو شیعری (وەرز) لەسەرەتادا خوێندرایەوە بەدانمارکی.

خەڵکی شاعیری دانمارکی زۆر بەچاکی شێرکۆ دەناسن چونکە لەرادیۆو گۆڤارەکاندا شیعرەکانی بڵاوکراوەتەوە. من دڵم زۆر زۆر خۆشە لەبەر ئەوەی حەقی شێرکۆ بێکەس نەخورا لای دانمارکیەکان. سوپاسیش بۆ تۆ کاك ئاشنا ئەگەر ئەم دەنگەم بۆ بگەیەنیتە شوێنی خۆی.

— سوپاس بۆ تۆ کاك مەسعود کە ئەرکتان کێشاوە لەوەرگێڕانی ئەو شیعرانە بۆ سەر زمانی دانمارکی هەوڵ دەدەم بەپێی توانا پەیامەکەت بگەیەنمە شوێنی خۆی.. دەبا ئینجا یەك دوو وێنەشت بگرم مادام ئەوەندە دڵت خۆشە.

کاك بەهزاد نوری وەك ئەدیبێك تائێستا فێستیڤاڵەکەتان پێ چۆنە؟




(وەڵا ئاشنا گیان بڵێم چی ئەمە یەکەم رۆژیەتیو تائێستا ئەو شیعرانەی کە خوێندراونەتەوە زۆربەی زۆریان پێشتر چاپکراون بەڵام وەکو چالاکییەك لەپایتەختێکی سکەندەناڤی بکرێت، هەڵبەتە جموجوڵێکی ئەدەبییەو هەتا ببێ باشترە. بەتایبەتی نزیك کردنەوەی ئەدیبانو شاعیرانو هونەرمەندانو بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە خەریکی مۆسیقان خۆی لەخۆیا ئەوە سەرکەوتنێکی ئیتر تاچەند سەرکەوتوو دەبێت یاخود چەند کەس دێتە پێشەوە ئەوەشتێکە لەسەر ئەو خەڵکە خۆی کەوتووە. بەڵام خراپ نییە).

هێشتا ئامادەبوان مەستیی وشەکانی بەیانی بەرینەدابوون، کەوتنە داوی سیحرێکی ترەوە: کەمانچەکەی مۆسیقار کاك دڵشاد سەعید کە بەچەند پارچەیێ مۆسیقای فۆلکلۆریو دانراوی خۆی گوێگرانی تەواو سەرسام کرد.

ئینجا ئێریك ستینوس چەند شیعرێکی جوانی خۆی خوێندەوە.

پاشان خاڵە حەمە شیعرەکانی خۆی خوێندەوە کە پیا بوول کردنی بەدانمارکی.



**غوربەت**

*ئەم شەو*
*باران نەبێت*
*کە خۆی ئەسوێت*
*لەودیو شوشەی پەنجەرەکەم*
*شتێ نیە ئاشنابێت بەژوورەکەم*
*یادەنگێ بخاتە ماڵەکەم..*
*شتێ نیە جێگەی ئێوە پڕکاتەوە*
*عەشقی ئێوە لە کەلەمدا بشواتەوە ...*
*بەڵام تەمەن*
*مەلێکی تیژ باڵەو ئەڕوات*
*کێ ئەزانێت؟*
*جارێکی تر مەودام ئەدات*
*چاوەکانم*
*بەکلی دیدەنیتان بڕێژم*
*زمانی گۆم*

*بەهێمنی لەسەر لێونێیم*
*پێتان بڵێم:*
*خۆڵی ژێرپێ‌و*
*تۆزی ڕێگەی بەردەکانتان*
*شیرین ترە*
*لەتەمەنی بێ مرووەتی ئاوارەیی ...*


لەدوای خاڵە حەمە پشوویەك درا دەرفەتێکی باش بوو بۆ من کە هەڵسەنگاندنێك بکەم دەربارەی مۆسیقاکەی دڵشاد سەعید لەکۆمەڵێ عازف‌و شارەزایانی مۆسیقام پرسی:

کاك نەجات ئەمین وتی: (ئەوە بۆ من بەسە خەڵك



دانیشتووە هەڵناپەڕێ، دانیشتوون گوێ لە مۆسیقا دەگرن ئەوەشتێکە بۆ من زۆر خۆشە. دڵشادیش عازفێکە جێگەی خۆی گرتووەو یەعنی بەڕاستی شتێکی جوان ئەکا لەمستەوای خۆیدا، یەعنی تێکەڵاوییەکی جوان لەمۆسیقای فۆلکلۆری کوردی‌و ئەو ستیلەی کە خۆی ستیلێکی تایبەتی دروست کردووە لەمۆسیقای کوردی).

کاك گۆران ئیبراهیم محەمەد، وەك هونەرمەندێکی



عازف کەمان راتان بەرامبەر فێستیڤاڵی ئەمڕۆو مۆسیقاکەی کاك دڵشاد سەعید چی‌یە؟


(بێگومان رەئی من بەرامبەر ئەم فێستیڤاڵە شتێکی زۆر زۆر جوانە من چەند ساڵە لەم وڵاتەم بۆ یەکەمین جارە شتێکی ئاوا ببینم کۆبوونەوەیەکی وا کە کوردەکان لەهەموو شوێنێکی دانمارك‌و جێگای ترەوە هاتوون بۆ ئێرە.

ئەم فێستیڤاڵە لەخانەی هونەرو کولتوورو ئەدەبیات دەناسێنێ بەدانمارکی، گرنگیەکەی ئەوەیە بەدانمارکی بناسێنێ کە کورد چۆنە، ئەدەب‌و کولتوورو مۆسیقاو هونەری شێوەکاری چی نە؟



سمکۆ ناکام


ئەوەی کە من بتوانم زیاتر رونکردنەوەی لەسەر بدەم، لەبارەی مۆسیقاوەیە. ئەو پارچە مۆسیقایەی کە کاك دڵشادی هونەرمەند پێش کەشی کرد لەچەند پارچە مۆسیقایەکدا بەڕاو بۆچوونی من لەڕووی تەکنیك‌و لەڕووی دارشتنی جوملە مۆسیقییەکانیەوە. یەکەم هونەرمەندی کوردە کە ئاوازی رەسەنی کوردی بەو شێوە جوانکاریە بەو قاڵبە جوانە دارێژێت. تازەترین‌و پێشکەوتوترین تەکنیکی ئاوازی رۆژئاوایی کردۆتە مۆسیقای کوردیەوە، شتێکی زۆر دڵخۆشکەرە. نەك هەر ئەوە ئەو خەڵکانەی کە دانیشتبوون ئەو چەپڵەڕێزانەی کە پێشکەش کاك دڵشادو مۆسیقاکەی کرا، شایەتی قسەکانی منن. بێ گومان.. بێگومان کاك دڵشاد هونەرمەندێکی زۆر زۆر پێش کەوتووە هیواداریشم هەر سەرفرازو سەرکەوتوو بێت بۆ خزمەتی هونەری میللەتەکەی.. سوپاس بۆ تۆش کاك ئاشنا).



کاك شاکری کەمانچەژەن سەبارەت دڵشادو ئیحساساتی خۆی گوتی: (بەڕاستی کاك دڵشاد شتێکی زۆر بەرزو رێك‌و پێکی پێش کەشی ئەو خەڵکەی کرد..، راستە هەندێ کەم‌و کوڕی تەکنیکی هەبوو گوێی لەخۆی نەبوو، بەڵام دڵشاد خۆی جێگای شانازیە بۆ کورد.

وەك عازفێك ئەتوانم بڵێم ئەوەندە توامەوە لەگەڵی وەکو بڵێی گریانم دەهات لەخۆشیدا، کە هونەرمەندێکی وا، دانمارکی دانیشتوون‌و گوێی لێ رادەگرن. زۆر گرنگە خەڵکی بیانی گوێ لە ئێمە بگرن.. کەئێمەش وەك میللەتێ ئەو جۆرە عەزفە جوانکاریانەکان هەیە، ئیدی ئەو فێستیڤاڵە شیعرییەی رازاندەوە بەو پارچە مۆسیقا جوانانەی کە لێی دەدا شتێکی زۆر جوان‌و چاك بوو بەڕاستی

هەموو کەس کەیف خۆش بوو، منیش زۆر کەیف خۆش بووم ئیتر سوپاس).



پاشان عادیل ئەردەم شیعری خۆی خوێندەوە. جا بەر لەوەی عالەمەکە هۆڵەکە بەجێ بێڵن و بچنەوەماڵەوە بۆ بەردەم تەلەفزیۆنەکانیان، دڵشاد کەوتەوە جادووگردن بەکەمانچە. ڕۆژی پاشتر یەک شەممە ۳۰ی مای هەر هەمان بابەت بوو لەوانە کۆمەڵە شیعرێکی دکتۆر ڕەفیق سابیر بوو لە وەرگێڕانی مەسعود زیلان و خوێندنەوەیان بەدانمارکی لەلایەن شاعیری دانمارکی یاسپەر یانسەوە بوو.

### گەدا

*ئێستا: سپێدەی بەیانە، یان درەوشانەوەی تاریکی*
*شوێنیش: بەر دەرگا ئاستەنگەکەت.*
*دەزانم لەودیو ئێستاوە زەمەنێکی دی نییە*
*لەودیو ئێرەوە بۆ من هیچ شوێنێکی دی نییە*
*من گومڕا!*
*کە مەرگی خۆم ڕێشاندەرم بوو*
*منی گەدا*
*کە بەرماڵەکەم لەبەر دەرگاکەت ڕاخستووەو*
*لەدەستەکانت سواڵدەکەم*
*سواڵی شتە لە دەستچووەکان و*
*ساتە لەناکاو ونبووەکان*
*سواڵی ڕووناکی*
*سواڵی ئازادی*
*سواڵی ئەو پەیڤە بێ وەفایانەی*
*قەت نەهاتنە ژوان.*

فێستیڤاڵەکە بەردەوام بوو بەشیعری شاعیرانی دانمارکی ڤیگۆ مادسن و ماریانە لارسن و دووجار مۆسیقای دڵشاد سەعید بەر لەوەی شیعرەتەکانی کاک ڕێبوار سیوەیلی کە لەلایەن عادل ئەردەم کە خۆی شاعیرێکی کوردی باکورەو بەدانمارکی ئەنووسێ، وەرگێڕدرابوون. هەروەها شاعیری دانمارکی نەوەی هەشتاکان جانوس کۆدال دەقە دانمارکیەکەی خوێندەوە.

١

*دەشێت لەقەبرستانی خەڵکی تردا*
*لەنێوان گۆڕێک و یەکێکی تر*
*گوڵ و گیا بڕوێن،*
*بەڵام لەگۆڕستانەکانی ئێمەدا*
*تەنیا قەبری تر، تەنیا قەبری تر*

٢

*ئاخ منالی..*
*چ نیشتمانێکی بێسنووری،*
*بەهەرلادا سەیرت ئەکەم*
*بەجەندرمەی "گەورەبوون"*
*دەورە دراوی!*

وابڕیارە لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٩دا، کۆمەڵە شیعرێکی ڕێبوار سیوەیلی بەرهەدوو زمانی کوردی/ دانمارکی بڵاوبکرێتەوە کە لەلایەن عادل ئەردەمەوە وەرگێڕدراون.



ئەمەش شیعرێکی تازەی واتە بڵاونەکراوەی ڕێبوارە:

٣

*ڕاکردنی مارمێلکەیەکم بەسەر ئاوا تەماشا کرد*
*کە لە ترسی دەنوکی داڵ و*
*گەرووی تیمساح خەریک بوو باڵ بگرێ*
*لەمیەریشەوە:*
*مارێکی لەڕڕ بەسەبرەوە لەبۆسەیدا بوو.*



*هیجرەتی مرۆڤم بیرکەوتەوە*
*کە دوای دەرباز بوون لەشەوگاری ترس*
*دواجار*
*بەدوای جەلادەوە ئەبێ ...*

ئازاد مەولود گوتی: (فێستیڤاڵەکە شتێکی زۆر چاکە بەڕای من ئەوانەی بەشداریان کردووە لەفێستیڤاڵەکەدا هەموو هاوڕێو دۆستو هەڤاڵی خۆمن لەساڵانی هەفتاوە کاردەکەین پێکەوە، شاعیرەکان زۆربەی زۆریان دەناسم شیعری هەندێکیانم تەرجومە کردوەو لەکۆڕەکانیان بەشداریم کردووەو زۆر جار کۆڕم بۆیان گێڕاوە. لەبەر ئەوە شتێکی سەرسام نیە لەلای من فێستیڤاڵەکە خۆی لەخۆیدا شتێکی زۆر باشو ئیجابیەو چاکە بۆ ئەوەی بەشداربووە دانیمارکیەکان بزانن کورد هەر ئەوە نیە کە میللەتێکی دواکەوتووە لەریزی میللەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەڵکو کوردیش هونەری هەیەو شارستانیەتی خۆی هەیەو ئەمڕۆ شارستانیەتێکی نوێ بینا دەکات لەسەر پاشماوەی ئەو جار ئازاری خواردووە لەبەردەم دوژمنانی کورد. سوپاس..

سێ کامیرای تەلەفزیۆنی کوردی دانمارك ئامادەبوون لەکۆڕەکەداو بەکامێرای دیگیتاڵەوە وێنەی تەواوی فێستیڤاڵەکەیان گرتوو چەند ئانکێتو کورتە سەرنجو چاوپێکەوتنیان لەگەڵ بەشداران‌و ئامادەبوواندا سازکرد.

یەکێتی نووسەرانی دانمارك کارەکەیان زۆر پێ باش بوو، گفتیان دا کە لەداهاتوودا کاری زیاتری لەو بابەتە بکەن.

تەرجومە نەکردنی شیعرە دانیمارکییەکان بۆ کوردی لایەنێکی لاوازی فێستیڤاڵەکە بوو.

پێشاندانی تابلۆی حەوت هونەرمەندی گەورەو لێهاتووی کورد لەشوێنی فێستیڤاڵە شیعرییەکە کارێکی خراپ بوو. باشتر وابوو تابلۆکان لە گەلەریەکی بەناوبانگی کۆپنهاگن پێشان بدرێن. چونکە گرنگی پێشانگای شێوەکاری لەوەدایە کە لەکوێ پێشان دەدرێت.

یەکێك لەخاڵە لاوازەکانی فێستیڤاڵەکە بەشدارنەبوونی ئافرەتی کورد بوو لە چالاکیەکاندا.

# بۆ ئەوەی رووناکی نەکوژێتەوە کاتێك سینەما کوردو تورکەکان پێکدەهێنێتەوە


نیکۆلا مۆنسۆ

و. لەفەرەنسیەوە: خەسرۆ پیربال قەساب


هەرگیز بەرێگای فیلمێکی سینەماوە شەڕو ناکۆکی کوردستانی تورکیا پێشان نەدراوە. بۆ ئەوەی رووناکی نەکوژێتەوە. فیلمێکی درێژی دەرهێنەری سینەمای تورك — رەیس چەلیك—ە Rais celik کە بۆ یەکەم جار ئەم گیروگرفتەی کوردستانی تورکیا کە خاڵێکی زۆر زەحمەتە بۆ دەرهێنان و پێشکەشکردن لەتورکیا بەرهەم هێنا. کۆمەڵێك چەکداری کوردستانی باکورو کۆمەڵێك سەربازی توورك دەگەنە یەك و بەشەڕدێن و لەسەر سنوور، توشی زیانێکی زۆر دەبن. کاتێك لەسەرەوەی شاخەکەشەوە بەفرێکی زۆر هەرەس دێنێ گەلێك سەربازو چەکداریش دەمرن تەنیا سەربازێکی توورك و سەرۆکی کۆمەڵە جەنگاوەرەکەی کوردستان نەبێت.

بۆ ماوەیەکی زۆر کورتیش ژنە چەکدارێکی کورد کە بریندارە دوایی لەرێگادا دەمرێت، هەرسێکیان تووشی گیروگرفتێکی ناخۆش و چارەنووسێکی ناهەموار دەبن کە دەبێتە هۆی ئەوەی یارمەتی یەکتری بدەن و پاڵپشتی یەکتری بکەن. سەیر کەرانی ئەم فیلمە دەبینن پێش ئەوەی هەردوو سەربازەکە بگەنە گوندێکی خوارەوەو بگەنە ژیانی ئاسایی و راستەقینەی شەڕو ناکۆکیی ئەم ناوچەیە وردە وردە گفت و گۆیەك لەنێوانیاندا دروست دەبێت.

دەرهێنەر بەشێوەیەکی زۆر دیارو ماقووڵ گیروگرفتەکان بەشێوەیەکی ئاسایی پیشان دەدات.

هەردووکیان توورك و کورد دەست دەکەن بەقسەو گلەیی و گازاندە لەیەکتری، ئاخاوتنی رەسمی و توندو تیژی حوکومەتی توورك لەلایەکەوەو دەست نیشانکردنی مافە مرۆڤایەتیەکانی چەکدارەکانیش لەلایەکی ترەوە.

دەرهێنەر بەشێوەیەکی بێلایەنانە ئەم گیروگرفتە پێشان دەدات ئەگەرچی لە تووركیا یاسای ساڵی ١٩٨٦ لەسەر سینەما هەیە، کە بەهیچ شێوەیەك نابێت فیلمێك پێشان بدرێت کە باسی هەڵس و کەوتی کۆمەڵە جوداخوازەکانی پێوە دیاربێت.

لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین دەرهێنەر بەشێوەیەکی ئازایانە گەلێك وێنەو راستیی جوان و سەرەنج راکێشمان بۆ دەردەخات.

سەرەتای ئەم فیلمە بەکوشتنی جاشێك -Korucu- دەست پێدەکات، کە مووچە لەدەوڵەتی تورك وەردەگرێت. لەئەنجامی بەسەردادانی شۆفێری ئۆتۆمبیلێکی چەند نەفەریدا، خەڵکی گوندیش لەنێوان دوو راستی زۆر گەورەو ناخۆشدان، لەلایەکەوە داواکردنی مافی خەڵکی گوندەکەو لەلایەکی ترەوە، گیروگرفتە ئابوورییەکانیان.

لەدوای‌دا پێشاندانی گوندێکی وێران کراو بەهۆی شەڕو وێرانکردنی ئەم ناوچەیەوە کە بەشێوەیەکی دڕندانە ئەو وێرانگارییە ئەنجام دەدرێت.

جەنگاوەرەکانی کوردستان مرۆڤانە خۆ دەنوێنن، مرۆڤی هیواداروو دوودڵ. ئەودیاردەی کە دژی بانگەوازو ئاخافتنی سەربازی دەبێتەوە دەربارەی سیاسەتی حوکومەت دژ بە — تیرۆریست— لەم ناوچەیەدا.

دۆستایەتیەك لەنێوان سەربازە توورکیەکەو جەنگاوەرە کوردەکەدا دروست دەبێت زۆر بەئەسپایی هەردووکیان لەیەکتری نزیك دەبنەوە.

کۆتایی ئەم فیلمە گەلێك سەرسوڕهێنەرە پیاوێکی پیری خەڵکی ئەم گوندە هەردووکیان چەك دەکات و هەڕەشەیان لێدەکات، ئەمە دەبێتە بەڵگەیەك بۆ سەلماندنی ئەوەی کە هەردووکیان بەرپرسیارن لەسووتان و کاول کردنی گوندەکە. سەربازی توورك و پێشمەرگەکانی کورد بەرپرسیاری ئەم شەڕەن.

ئەم فیلمە ئەنجام نەدەدرا ئەگەر بهاتایەو یاسای سانسۆر لەتورکیا کەمێك گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتایە. فیلمەکانی دەرهێنەری کورد یەڵماز گۆنای وەکوو (هیوا— رێگا— دیوار) لەفێستیڤاڵی ئەنقەرەدا پێشکەش کراون واتە سانسۆریان لەسەر هەڵگیراوە.

ئەم فیلمە لەگەڵێك گیروگرفتی تایبەتی و جۆراوجۆری کۆمەڵەی سانسۆری توورکی و وەزارەتی ناوخۆ دەربازبووە بەڵام ئەوە

ئەمە ناگەیەنێت کە کۆتایی هاتووە، لەساڵی ١٩٩٦ کۆمەڵەی پارێزگاری دەوڵەت دژی ئەم فیلمە راوەستان.

هەر ئەم دەزگایەش بوو کە حوکمی بیست (٢٠) مانگی زیندانی بۆ نووسەر یەشار کەمال دەرکرد.

بۆ یەکەمجار ئەم بەرهەمە لە ٢٥ ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩٦ پێشکەش کرا بەهۆی گیروگرفتی ئاسایشەوە لەهۆڵی سینەماکاندا تەنیا شەش کۆپی ئەم فیلمە لەهەموو تورکیا پێشکەش کراوە.

چل هەزار کەس سەیری ئەم فیلمەیان کردووە -کوردو توورک- هەروەها بەدرێژایی هەر ١٥ رۆژی پێشاندانی ئەم بەرهەمە گەلێك وەزیرو سەرۆك پارتیو کاربەدەستانی دەوڵەتی تورك ئەم فیلمەیان دیووە.

ئەم فیلمە کە چەندەها کاربەدەستی گرینگو پەرلەمانیە -تروکیەکانی بەیەك گەیاند دەبێتە رووداوێکی ئاشتی خوازانە کە یارمەتی ئەوە دەدات لەسەرانسەری تورکیادا گفتو گۆی ئاشتی خوازی نێوان کوردوو توورکەکان گەشە بستێنێ بەهۆی ئەو فیلمەی کە سنوورەکانی لەکارێکی سینەماییدا تێپەڕ دەبێت.

سەرچاوە:

گۆڤاری Lemonde diplomatique
. paris-Janivary 1997 france
Turcs et Kurdes reconcilies
.parle cinema Nicolas Monceau

## وێنەیەك بە پێنووس

# هاشم سەڕاج کوڕی فیردەوسوو باوکی ئاتون



تەلعەت تاهیر

من هاشم سەڕاجم بەشەڕ ناسی، لەشەوێکی زستاندا لەگەڵ سەربەست عومەری پەیکەرتاش و سامانە رەشی رەسام وخالیدی گیتارژەن چووین بۆ یانەی ئیعلامی هەولێر، خۆمان خزاندە ئەو ژوورەی کەعاتەدەن مەحمود زامداری لێیە، من دیوانێکی ئارتۆر رامبۆم پێبوو، کڵاوێکی قەفقاسیم لەسەر نابوو، شام بەسەپان نەدەزانی، کۆڕی ژوورەکەش گەرم بوو، باس هاتە سەر وێرانەخاکی تۆماس سێرنز ئالیۆت، کە لەناوەڕاستی حەفتاکاندا مەحمود زامدار کردبووی بەکوردی،من بەتوندی رەخنەم لە مەحمودزامدار گرت و بەفشەیەکەوە گوتم (ئەمە یاپراخ بێ، تەرجەمە نیە) لەڕاستیشتدا ئەو کات بۆ من شیاو نەبوو قسە لە قسەی زامدار بکەم، بەلام تەنها بۆ ئەوەی بیسەلمێنم کەمنیش ئالیۆتم خوێندۆتەوە ئەو قسەیەم کرد، هاشم لە سەر زامداری هەڵدایو دابەزیە سەر من، تاوانباری کردم کەمن ئالیۆتم نەخوێندۆتەوە(راستیشی دەکرد).

ئیتر قسەیەك لەمن و دووان لە ئەو یەخانگیر بووین، بەلام زوو لیژنەی موتابعە لەیەخەی یەکیان کردینەوە، لەراستی دا من هەرگیز لەبەرامبەر شاعیرانی هەشتاکانی هەولێر بەقسەو بەنووسین بێ ئەدەب نەبوومە، بەلام ئەو شەڕە قەرەبووێکی سایکۆلۆژی بوو، من تاسەر ئێسقان کەوتبوومە ژێر کاریگەری شیعرەکانی (دووکەڵ) ی هاشم، وەکو ئەوەی بمەوێت لەیەکەم دانیشتندا سایکۆلۆژیەن بیمرێنم، لەلایەکی دیکەوە پێی بڵێم ((منیش پیاوێکی ئاسایی نیم و دەخوێنمەوە)). ئەو شەوە تا بەیانی خەوم لێنەکەوت، سێ چوار پەڕی (دووکەڵ)م دڕاند بەلام دڵم نەدەهات هەمووی بدڕێنم. من زۆر جار گوتوومە بۆ ئەوەی وزەی شعری بێتە رۆحمەوە، بەدزی لە مەچکۆ فرە چایەی جێماوی ناوپیاڵەی هاشم فرکردووە، کەمانی شیعر لای هاشم لەپەرە مووج سوکترە، هەمیشە کتێبەدەگمەن و سەرچاوە دانسقەکان دەخوێنێتەوە،

کەقسەت بۆ دەکات زمانی تەتەڵە دەکات (ئەمەش شیرینتری دەکات) کەتورەش دەبێ‌دەستی راستی رادەوەشێنێ کە هەمیشە لە پەنجە تووتەیدا نقێمێکی پیرۆزەیی هەیە، هاشم بەجیا لە برادەرەکانی بێ ئاگاییێکی جوانی سەبارەت بەجوڵەی دنیا هەیە، بۆ نموونە ئەگەر عاشق بێت هیچ دوور نی یە عەمودێك بە درەخت ببینێ، هیچ دوورنی یە وەکو منداڵ دەست بۆ ئاگر ببات، هیچ دوورنی یە تەکسی بەگوڵێکی سپی و نارنجی ببینێ و بەلارە لاری پاسەکانی حەی عەسکەریش بڵێ (سەما). هاشم لەژیانیدا هەموو شتێك بە شیعر دەبەستێتەوە، تادەگاتە ئەو پارچە کاغەزە بچوکانەیش کە ژنە فەرمانبەرەکانی دائیرە بۆ راپەڕاندنی ئیش‌و کارەکانی رۆژانە بۆی دەنێرن، لای هاشم هەموو شتێك، جوان‌و ناشیرین: وزەیەکی شیعری تێدایە؛ گوڵێکی سپی، پاسێکی کەسنەزان، مقەستی دەستی سەرتاش، پەلکە پرتەقاڵێکی فڕێدراو، هتد...

من لەهەموو ژیانمدا کەسم نەیدوە هێندەی هاشم، هەست بەکارەساتی کورتی تەمەن‌و تێپەڕبوونی زەمەن بکات. یان هێندەی ئەو حەز بەکۆکردنەوەی ئەخلاق‌و دژەکەی، شیعرو ناشیعر، ئاوو سەراب بکات. بەکورتی حەز بە کۆکردنەوەی دژەکان بکات.

هاشم هەرچەندە بەعەشیرەت هەمەوەندە، بەڵام بەلەکنەو شێوازی قسەکردن‌و هەڵسوکەوتی، زیاتر لەپیاوە هەولێرییەکانی کۆڵانی پەنیرفرۆشان دەچێت.

هاشم لەناوەراستی هەشتاکاندا بووە دەنگێکی جیاوازو گەرەکێکی دیکەی شیعر، زیاتر لەهەموو نووسەرو شاعیرانی هەولێر، هاشم لایەنگیری لاوەکانە. پەیوەندییەکی تایبەتی لەنێوان هاشم وگەنجەکاندا هەیە، هەر گیز خۆی بەنائیب عەریفی نوێخوازی و بیگ برازەری ئەدەب لە قەڵەم نەداوە، هاشم دەنووسێ دەیدا بەدەم جوانیەوە. بێگومان بۆ من هاتنە سلێمانی قازانجی زۆری هەبوو، بەڵام لەلایەکی دیکەوە کەس ناناسم قەمسەڵەیەکی قاوەی لەبەربکات و بەڕازیلییێکی شینی هەبێ و دەمەوعەسران پیاسەیەکی پشت سەیتەرەم پێ بکات، بەزمانێکی تەتەڵاوی شیرینتر لەهەنگوین، گۆرانی بڵێ؛ گەمانی عیشق لەپەرەمووچ سوکترە. لەپەرەمووچ سوکترە گەمانی عیشق.

ئیتر.. ئاوارەیی بۆمن و خۆشنەکردنەوەی بارانیش بۆ هاشم.

سڵاو لە (الصانع الامهر).

## جوداخوازی‌و سیاسەت

ئیان ماکدۆناڵد
و. لەئینگلیزییەوە/ مەردۆخ

پێش زیاتر لەبیست ساڵ لەیەکێك لەچاوپێکەوتنەکانی سەرەتای جاك دریدادا جین لویس هۆدیباین ئەو پرسیارەی لێکرد کەدەڵێت: بەبڕوای تۆ لەنێوان ئابووری لۆژیکی ماتریالیستی دایەلێکتیك‌و ئەو ئابوورییە کەتۆ تیایدا پشتت بەستووە بەشێوازە پڕ لەگرفتەکانی نووسین چ پەیوەندییەك پەرە دەستێنێ؟ ئەم کۆنفرانسە دوو رۆژییەی زانکۆی ئێسێکس لە (٢٧و٢٨ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٤)دا ئەرکی مامەڵەکردنێکی نوێی ئەو بابەتەی لەئەستۆ گرت. بەتایبەتی لەم سەروەختەدا کەچاوەڕوانیە درێژخایەنەکەی دریدا بۆ ((تارماییەکانی مارکس)) گەیشتۆتە ئەنجام. ئێرنیست‌و لاکلاو بەئاشکراو لەبڕوای خۆیدا پرسیارەکەی هۆدیباین لەشێوەیەکی گشتیانەدا لەدریدا دەپرسێتەوەو دەڵێت: ئەوە چی دەگەیەنێت کەلەسەر بانتاییەکی بێ بڕیار، بڕیارێك بدەیت؟

کۆنفرانسەکە سێ لایەنی لەخۆی گرت کەهەر یەکەیان تەرخان‌بوو بۆ بەشێکی گرنگی ئەو بابەتە کەئەو لایەنانەش بریتی‌بوون لە: تارماییەکانی مارکس، جوداخوازی‌و دەسەڵات، جوداخوازی‌و سیاسەت‌و ئەخلاق.

ریچارد بێدسۆرس یەکەم دانیشتنی کۆنفرانسەکەی بەروونکردنەوەیەك دەستپێکرد کەتیایدا ئەوەی خستەروو ئێمە تازە لەسەدەی بیستو یەکداین‌و رووبەڕووی تەکنەلۆژیا نوێ‌و هەمەجۆرەکان دەبینەوە، ئەو تەکنەلۆژیایەی کەتێگەیشتنی ئێمە لەکات‌و لەکاتێتی کات دەخاتە بەردەم مەترسییەوە. لەکاتێکدا بێدسۆرس زۆربەی گفتوگۆکانی درەیدای لەسەر ئاستی ستراتیژی کەلەتارماییەکاندا هاتبوو پەسەند کرد، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەیەکی کاتی حەزی دەکرد رەخنە لەو گفتوگۆیانە بگرێت بەمەبەستی پوچکردنەوەیان‌و سەرلەنوێ بەکارخستنەوەی ئۆنتۆلۆژیای مارکسیانە لەشێوازی جینۆلۆژیای پەیوەندی نێوان مرۆڤایەتی‌و تەکنۆلۆژیادا.

سیمۆن کریچلی هەمان ئەو شێوە پرسیارانەی بەرزکردەوە کەقورسی دەخەنە سەرچەمکەکانی میزاینیك Messainicو سیاسەت‌و نێونەتەوەییەکی نوێ لەئیشکردن لەتارماییەکاندا. بەپێی بۆچوونی کریچلی کاتێ درەیدا هێڵکاری مەرجە پێشینەکان بۆ دەربڕینی دەسەڵاتی سۆشیالیستی دەکێشێ، ئەوا لەروونکردنەوەی ئەوەی کەچۆن دەشێ نێونەتەوەیی نوێ دەسەڵاتی پێبدرێ شکست دەهێنێ، بەشداریکردنی سامۆیل وێبەر هێجگار گەشبینانەبوو، بەشێك لەکارەکەی بریتی‌بوو لەمشت‌و ماڵکردنی شیانەکانی رێبازی جوداخاوزی بۆ سیاسەت بەرێگای بەراوردکردن لەگەڵ مارکس‌و کارل سیکمت‌دا. ئەو بەشداری‌کردنە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کەپێشکەشکردنی هەر رێگایەکی بیرکردنەوە کەپەیوەندی بەرابردوو، ئێستاو داهاتووەوە هەبێت ناشێ پشت بە ئۆنتۆلۆژیای پێشتری ئێستاو هەمان شت ببەستێت لەسەر حیسابی گۆڕانکاری.

دانیشتنی دووەم بەشێوەیەکی سەرەکی گرنگی بەبەرهەمی ئێرنیستۆلاکلاوو کانتەڵ مۆفدا دەربارەی دەسەڵات‌و نفوز کەدرەیدا لەتارماییەکاندا ئاماژەی بۆ دەکات. ئیجیدیۆس بێرنس کتێبەکەی درەیدای کرد بەخاڵی دەستپێکردن‌و بێ ئەوەی ماندوو بێت رەهەندێکی فراوانی لێکچوون‌و جیاوازی لەنێوان چەمکەکانی لاکلاوو درەیدادا لەسەر دەسەڵات‌و نفوز بەرێکی دارشت.

ئەلیتا نورڤاڵ ((تێکەڵاوە لەدایکبوون))ی ناسنامەی (خودی) لەپەیوەندیدا بەزەمینەرووخاندنی (هۆمی بهابها)، ئەو زاراوەیە بەکاردەهێنن. نۆرڤاڵ هەڵوێستی خۆی دەربڕی‌و بەستیەوە بەتیۆرەکانی لاکلاوو مۆفیەوە دەربارەی ((تێکەڵاوە لەدایکبوون)) وەکو ئەزموونێکی بیرکردنەوە لەنێوەنداو لەسەر هێڵی سنوور خۆی، جێلیکا سیومیل دیها تیۆرەکانی مۆدێرنیزم‌و پاش مۆدێرنیزمی لەبارەی عەدالەتەوە بەدژەیەك دانا. تیۆری رەوڵ دەربارەی عەدالەت دژی (جیاوازی) لایۆتارد بەرجەستە کرا. بەڵام لەکاتی بەراوردکردندا تای ترازو بەلای لایۆتاردا قورس بوو، لەبەر ئەوە سیومیل ریها روانیە وێنەکێشانی پەیوەندی نێوان ئەو دووانەو وەکو جیاوازییەك لەروانگەی لایۆتاریانەوە سەیری کرد.

بەشداری‌کردنی تایبەتی لاکلاو پڕکێشیەکی هێجگار زیاتری خستە روو چونکە ئەو ((هەنگاوێکی‌نوێ))ی لەدەروازەی جوداخوازییەوە بۆ ئەو بڕیارە سیاسیانە کورت کردەوە کەلۆژیکی نەتوانینی بڕیاردان بۆ بوارە فراوان‌و فراوانترکارەکان، فراوان دەکات‌و لەئاکامیشدا دەگات بەپانتاییەك کەدەبێ بڕیاری تێدات وەربگیرێت‌و هەروەها گرنگی سیاسیانەو نفوز دەبێ خۆی بهاوێتە ناو ئەو پانتاییەوە.

سێیەم دانیشتن کەدوا دانیشتن بوو وادیاربوو کەزیاتر بەشێوەیەکی بێ بەرنامە پێکەوە دانرابن. باسەکەی هێنت دی ڤێرس لەسەر خوێندنەوەیەکی داخراوی وتارێکی درەیدا بەناوی ((Donner La Mort)) بنیادنرابوو. ئەو باسە سەر دەرچوون‌و شارەزاییەکی بێسنووری لەنیشاندانی بابەتەکانی ئەخلاق‌و میزانیستی خستە روو. بەڵام نەیتوانی ئەو دوو بابەتە پێکەوە لەپێناوی ئەنجامێکی قایلکەردا بخاتەروو. رۆدۆلۆف گاششی بەشێوەیەکی درێو بەلام بیرتیژانە پێشنیاری‌کرد کەدرەیدا لەمیانەی داهێنانەوە جارێکی تر فەرمانی موتلەق لێکدەداتەوە. لەکاتێکدا

کەدەبێ بیرکردنەوە یاسای گەردوون بخولقێنێ ئەویش لەتاکە ڕووداوێکی وەڵامدانەوەدا بۆ ئەپۆرا aporia، دوایین باس "درەیدای خاوەن چاکە" بەداخەوە بریتیبوو لەهەوڵێکی کورتو ئاڵۆز بۆ قورسی خستنە سەر تاکە وشەیەك کەئەویش وشەی ((پێویستبوون)) بوو. لەگەڵ سروشتی درەیدادا کەئەو باسە ئیدعای بۆ دەکردو ئێمەش بەهۆی شیکردنەوەیەوەی تارماییو بەڵێنەکانەوە ئەو دیعایانەمان لەدەست چووە.

لەوانەیە کەسێ گومانی ئەوەی بکردایە کەشێتییەکی تایبەتی لەو کارەدا هەیە کەلەو دوو ڕۆژەدا پێشکەشکرا، ئەویش لەو ڕووەوە کەسیاسەتێك، نەخشەیەك لەئارادا نەبوو هەتا بەشداران بەپێی ئەوە قسەیان بکردایە بەڵکو میزانیستی Messiancityو ئەپۆراو aporiaو بەڵێنو تارمایی بنەمابوون بۆ قسەکردن. دیارە لەباشترین حاڵەتیدا سنووردارکردنی ڕۆژەکەو ئەو جۆرە گفتوگۆکردنە لەنێو ئامازە نەگونجاوە بوارپێدراوەکانیدا هەندێ شت دەشارێتەوە. هەندێ شتی وەکو ئەوەی کەپۆلۆنیۆس نیشانی هاملێتی دەدات. زۆرکات کەعەقڵو کاملی عەقڵ نەتوانن بەشێوەیەکی پێشکەوتووانە لەمەترسی شێتێتی دەربازبێن ئەوا شێتێتی دەسەڵاتی خۆی دەسەپێنێت.

Radical Philosophy. No:70, March/April, 1995. P.52

# ئائومێدبون ومردنی پاڵەوان لای ئایتماتۆفە

ڕاڤە کردنی چیرۆکێکی درێژی نوێی
جەنگیز ئایتماتۆف
ڕاڤەکردنی/ کامل محەمەد قەرەداخی




((شەمەندەفەرەکان لەم دەوروبەرانەدا لەڕۆژئاواوە بۆڕۆژهەڵاتو لەڕۆژهەڵاتەوە بۆڕۆژئاوا دەڕۆیشتن، شۆفێری ئەوشەمەندەفەرە ڕاگوزەرانەی ئەوشەوە باوبۆراناویانەی شوبات دەبوهەوڵێکی زۆربدەن بۆئەوەی بتوانن لەناو باهۆزەبەفراویەکەی پێدەشتی (خاڵی باهۆزگا) وەپێشی خۆیان ببینن، لەوکاتەدا کەئامبازی تاریکیە سپیە لەگەڵ بادالول خواردپێدەشتی وەکەی دەشتە ساردەکەی سارۆزیکی دەبون))

ئەمە سەرەتای چیرۆکە ڕۆمانێکی نوێی جەنگیز ئایتماتۆفە، کەلەبیابانەوە دەست پێدەکاتو لەبیابانیشدا

کۆتایی پێدێت. پاڵەوان لەبیابانێکەوەدەست بەسەرەتای پرۆسەکانی سەربردەی خۆی دەکاتو پاشتریش لە

بیاباندا سەردەنێتەوە...

هەرچەندە سەلیقەی نووسەردەتوانێ لەبەستەڵەکی بەفرینەوە دیمەنی دڵگیردروست

وپێشکەش بکات، بەڵام زیاتر لەوەدەچێ پەنابردن بۆبیابان بەمەبەستی بەکارهێنانی سایکۆلۆژیای جێگایێ لەئاستێکی سەختدا، بۆبەخشینی پانتاییەکی تراژیدیانەی وشکارۆبەژیانو پاشان کۆتایی پێهێنانی بەمەرگی پاڵەوان. مەرگی پاڵەوان دیاردەیەکی نوێیە لەکەلتوری ئەیتماتۆڤدا... هەموومان لە(جەمیلە)دا نەمریی (مرۆڤ/ پاڵەوان) مان بینی کەبەبێدەنگیو بەهێمنی خۆشەویستی بەدەست هێناوگرەوی لەشەڕ بردەوە، بەڵام لەدوابەرهەمەکانیئەو نووسەرەدا، بەتایبەتیش لەوانەی کەلەپاش ئالوگۆڕو ڕوداوەپەلەکانی

شورەییەوەنوسراون مردنی پاڵەوان بوەبەدیاردەیەکی زەقو خۆسەپێنی لای ئەیتماتۆف. ڕەنگەئەمەش دەرەنجامی ئەوەبێ کەنوسەرییەوێ لەناوئەوهەڵچونو داچونیانەدا خۆیمان وەك کەسێکی سیاسی پێشکەش بکاتو پاشان وەك سیاسییەك باسی نەهامەتیەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمەی ئەو جوگرافیایەمان بۆبکات کەلەسایەی کۆمەڵێك بارودۆخی سەختدا ژارانخواردو بوەوئەنجامیشی بەمەرگ کۆتایی دێ، وهەرلەم میانەشەوە دەقەکانی پڕبوون لەسەربازو دەسەڵاتو دەسەڵاتی



تۆتالیتێری و ئەوانە پەورپەوەی ڕوداوەکان دەجولێنن و بەڕێوەی دەبەن. فۆرمی ئەم چیرۆکە ڕۆمانە نوێیە، فۆڕمێکی فسێفسانیە، لەسێ چیرۆک پێکهاتوە، واتە دوو چیرۆکی سەربەخۆوتەواو بەهەموو ڕەهەندەکانیانەوە چیرۆکێکی سێیەم پێکدەهێنن کەدەکاتەئەو چیرۆکە گەورەیەی کەنوسەر دەیەوێ بیگەیەنێ بەخوێنەر. هەرسێ چیرۆکەکەش باس لەمەینەتی چەشتنی مرۆڤ دەکەن بەدەست شێوازە جۆراوجۆرەکانی دەسەلاتەوە، کەلەژێرسایەی ستەمی دەسەلاتداراندا مرۆڤ بەمنداڵەکانی و سۆزوخۆشەویستی خۆیەوە بۆمندال و خێزانی دەکەوێتە بەرهەڕەشەی لەناودانەوە. سەرپەرشتیاری دوو خێزان بەدووجۆری جیاواز لەناودەبرێن و پاشان منداڵەکان لەبێکەسیەکی سەیردا دەمێننەوە وزۆربەی پرسیارەکانی خوێنەر لەپاش خوێندنەوەی دەقەکە جگەلەتێڕامان لەشێوازەکانی دەسەلاتداری لەسەرچۆنیەتی گوزەران کردنی منالە بەجێماوەکان دەخولێتەوە.

چیرۆکی یەکەم /*

ئەبوتالب قوتبەیف کابرایەکی خێزاندارە بەشداری شەڕی یۆگۆسلافەکانی دژبە ئینگلیز دەکات و بەدیل دەگیرێ و پاشان ئازاد دەکرێ، کەدێتەوە ولاتی خۆی لەشاردور دەکەوێتەوەوکاری هێل گۆڕینی شەمەندەفەری چنگ دەکەوێ و لەخاڵێکی هێل گۆڕینی گوندێکی بیابانی ساروزێکی بەفراوی شوێنێکی دەدەنێ و بەشێوەیەبەژن ومنال و ماڵەکەشی دەباتەخالی ئێشکگرتن و هێل گۆڕینەوە. تەنسیقبایێف ی چاوباز سەرهەنگێکی زیانیی سەر بەدەولەتەکەی ستالینە، ماوەیەکەپلەی بەرزنەکراوەتەوە، بۆیەدەیەوێ قوتبەیف بخاتەداوەوەبەلکو پلە یەکی پێ وەربگرێ، بۆیەپلان بۆقوتبەیف دروست دەکاوبەناوی کرێگرتەیی ئینگلیزەوەدەیدا بەگرتن و مال ومنداڵی لەبیابانی سارۆزێکیدا پێ بەجێدەهێلێ و دەیخاتە بەرلێپرسینەوە گوایە ئەم بوەبەکرێگرتەی ئینگلیز بۆیەلەدیلی ئازادکراوە، دەیەوێ ناچاری بکات وئەوشتەی هەلبەستراوەبەزۆربیسەلمێنی، بەلام بێسودە، ئەم دانە بەهیچدانانێت و ماوەیەکی زۆرلەزینداندا دەمێنێتەوە بەیادی منالەکانی (دووکوڕی هەیە، ئیرمیك و داوول) و ژنەکەیەوە (زەریفە) ڕۆژگاری بەسەردەبا. هەتا ئەوڕۆژەی بەفەرمانی قەرەقوشی بێبەهانە فەرمانی دورە پەرێزخستن و زیندانی کردنی هەمیشەی بۆردەدەکەن. لەگواستنەوەدا بەرەوزیندان (دوا وێسگەی ژیانی) نوسەر هەلێك بۆپالەوانەکەی پڕەخسێنی و بۆدواجار بواری دەدات منالەکانی وژنەکەی ببینێ، ئەویش بەوەی کەشەمەندەفەری گواستنەوەکەی ئەوبەهێلی بەرمالەکەی ئەواندا ڕادەبورێ. —

زیندانی ژمارەی (٦٨) مرد

ئەمەڕاگەیاندنی هەوالی مردنی پالەوانەکەیە کەلەپاش ئەوەی بۆدواجارتوانی خێزانەکەی ببینێتەوە لەشەمەندەفەرەکەوە خۆی هەلدایە خوارەوە بۆ ژێر شەمەندەفەرەکەو مرد. منال و ژنەکەیی بۆبەفروبەستەلەکەی بیابانی سارۆزێکی بەجێهێشت.

چیرۆکی دووەم /*

چیرۆکی دووەم موتوربەی ناوەڕاستی چیرۆکی یەکەم کراوە، ئەوچیرۆکەیەکەناونیشانی کتێبەکەی لێوەوەگیراوە (هەورەسپیەکەی جەنگیزخان) چیرۆکێکەکەقوتبەیف بۆخۆیی نوسیوەو لەگەل بەلگەنامەکانی تریدا دەستگیرکراوەو تێکەل بەدۆسیەی کێشە هەلبەستراوەکەی کراوە. لەم چیرۆکەدا نوسەر باسی لەجەوروزەبری دەستەلاتەکەی جەنگیزخانی مەغولی کردەوە،

کەرەستەی سەربازیو زەبتو رەبتوگواستەنەوەی سوڵتە بەهەرەمی لەسەرەوە بۆخوارەوەو دەفو دەهۆڵی جەنگەکانی جەنگیزخان زۆربەجوانی دُرێژراوە، رتەنسیقبایێفی چاوباز دەیەوێ ئەم چیرۆکە وەك نارەزاییەکی قوتبەیێف لەحوکمی دەستەلاتی دەوڵەتی ستالین پیشان بداتو وەك بەڵگە بەکاری بهێنێت، بەهەرحاڵ، سوپاکەی جەنگیزخان چەندسەد هەزارکەسێك دەبێ، بەردەوام لەغەزوکردنی نوێدایە، بۆیەسوپایەکی رەوتەنیی خێزانیەو هەرکەسەو خێزانو ماڵی خۆیی لەگەڵیدایەوئەو هەموەش لەنەسقێکی سەربازیی دیاریکراودا نان دەخوا، دەجوڵێ، پشودەدات. لەپڕدا جەنگیزخان بڕیاردەدات کەدەبێ زاوزێ کردنی هەموخێزانەکان قەدەغەبکرێ نابێ کەس منداڵی ببێ چونکە بارقورسی بۆژنان جموجۆڵیان پەك دەخات. ئەم بڕیارە بۆماوەیەکی درێژخایەن بەردەوام دەبێ، دوغولانگ کچێکی زۆرشۆخی ناوسوپاکەیە، ئالاکانی سوپادەچنێ (وێنەی تەنینێك ئاگر لەدەمیەوەدەردەچێ) لەگەڵ سەرکردەیەکی سوپاکەدا (سەرکردەی سەدکەس) (ئێردێنە) کەپیاوێکی هەڵکەوتوی جەستەپتەوە، حەزلەیەك دەکەنو پەیوەندی سێکسی گرێ دەدەن، لەوکاتەداکە سك پڕبون لەدوغلانگ دەردەکەوێ ئیتر لەدەوارەکەی خۆی نایەتە دەرەوە چونکە فەرمانی جەنگیزخانی شکاندوە، نەوەك لەسێدارە بدرێ. لەوکاتی نەهاتنەدەرەوەیدا (ئالتون)ی پیرەژنی چینیی بەدیلگیراو دەچێتە بەر خزمەتکردنی دۆغۆلانگەوەو نهێنیەکەشی دەپارێزێ. دۆغۆلانگ کورێکی دەبێ، باوکی ناوی دەنێ (کۆنان)، بۆدەربازبون پلانی هەلاتن لەدەستەلاتەکەی جەنگیزخان دادەرێژن. دەبێت شەوێك سەرکردە دوونەسپ بهێنێو بەدزیی ئیشکگرەکانەوە لەهەرێمی ئەو دەستەلاتە توندە هەڵبێن. بەلام کاتەکەیان لەدەست دەرچوە، پێش ئەوەی ئەوان هەڵبێن پیرە (ئاراسان) هەواڵی ئەومناڵبونەی زانیوەو گەیاندویەتی جەنگیزخان وئەویش فەرمانی دەستگیرکردنی دۆغۆلانگی دەرکردوەو دەستگیردەکرێو هەموو (رەعیە) کەی جەنگیزخان کۆدەکرێنەوە بۆئەوەی لەسێدارەدانی دۆغۆ ئاگادارین، لەناوئاپۆرەی خەڵکدا دۆغۆ دەخەنە بەسزادان، داوای لێدەکەن ناوی باوکی مناڵەکەی بڵێ، ئەویش مل نادات، حەزدەکات خۆی بکوژن نەك مێرد(دۆست)ەکەی چونکە زۆرخۆشی دەوێ، دەرەنجام بڕیاردەدەن لەسێدارەی بدەن، لەم کاتەدا دۆستەکەی ویژدانی کلپەدەکاتو لەناوسوپاکەیەوە بەرەولای دۆغۆرادەکیاو هاواردەکا:-

(-من (ئێردینە) باوکی کۆنانومێردی دۆغۆلانگم)وپاش ئەوەهەردووکیان بەیەکەوە لەسێدارەدەدرێنوکۆنانیش بەکۆڵێك ئازارەوە لەباوەشی (ئالتون)ی کارەکەردا بەجێ دەمێنێو ئەم دوانەش (ئالتونوکۆنان) لەپاش رەوی سوپا لەپێدەشتدا بەجێدەمێنن. سەلیقەی نوسەر بەدووشێوەی جیاواز ژیان دەبەخشێتەوە بەوەچەی قوربانیەکانو خەمی ئایندەیان دەخوا. کەئەبوتالب بەتەنیشت ماڵی خۆیاندا تێپەری سەیریکرد (یەدیفای)ی دراوسێیان یارمەتیی مناڵەکانی دەداو ماڵەکەیان لەگەڵدا چاك دەکا، لەپاش مردنی ئێردینەو دۆغۆلانگیش لەپڕدا شیردەچێتەوە مەمکی نەنە ئالتونو کۆنانی پێ بەخێودەکا.

((بەدرێژایی رێگەکە بەفر دەباریو باهۆزی بەفریش دەیفیشکاندو لول دەبوو، لەویستگەیەکی پێش ئۆرینبۆرگدا شەمەندەفەرەکە یەك سەعاتی تەواو دواکەوت، رێگاکەیان لەسەختیی بەفرپاك دەکرایەوە...دەنگی خەڵك دەبیسترا کاریان دەکردو نەفرەتیان لەو کەشەو هەموو شتێکی دنیا دەکرد)) ئەمەش پەرەگرافێکی دیکەی ئەم چیرۆکە رۆمانەیە. چیرۆکە رۆمانی فەرهەنگی مانای ئازارکێشانی مرۆڤ لەژێر دووجۆری جیاوازی دەستەلاتداریدا (دەستەلاتی ستالینو جەنگیزخان) ومانای سۆزی راستەقینەی نێوان مرۆڤومناڵەکانی مرۆڤ.

غیمة جنکیزخان البیضاء/ عاطف ابوحمزة/ دمشق ١٩٩٢

# چەند نهێنییەک دەربارەی کوشتنی شاعیری گەورەی روسی ئەلێکسەندەر پۆشکین

ئا: سالار کەریم حسین

بەم دوابییە هەندێ بەڵگەو هەواڵ کەلەئەرشیفەکانی روسیای قەیسەری رێگای بڵاوکردنەوەیان پێدرا، بەدەست گەیشت، کەمەرگی شاعیری گەورەو بێوێنەی رووسی ئەلێکسەندەر پۆشکین بۆ یەکێك لەنزیکەکانی خۆی دەگەڕێنێتەوە. ئەم بەڵگەنامە تازانە هەندێ سوچ‌و گۆشەی ئەم بەسەرهاتە تەم‌و مژاوی‌یەی روون کردۆتەوە.

پۆشکین لەساڵی (١٧٩٩)ی زایینی لەشاری مۆسکۆ چاوی بەدنیا هەڵهێناوە، پاشان بووە بەناسراوترین‌و گەورەترین شاعیری روسیا. بەرهەمی زۆر فراوان‌و بەپێزی لەسەر زەمینەی شیعرو ئەدەبیاتدا بۆ بەجێ‌هێشتووین. لەوانەیش وەك: (ئەگۆن ئۆنژین)، (بۆریس گۆدۆنۆف)، (کچی ئەفسەر)، (دوبروفسکی)ن (بانوپیك)، (زیندانی قەفقاز)، (فوارەکانی باخچەی سەرا)، (تۆفان)و گەلێکی تر.

پۆشکین لەساڵی ١٨٣٧ واتە لەتەمەنی ٣٧ساڵیدا لە رووبەڕووبوونەوەیەکدا بەدەستی پیاوێکی فەرەنسی بەناوی (جۆرج دانت) کوژراو چرای ژیانی کوژایەوە. ئەم پیاوە فەرەنسیە کوڕی باڵیۆزی هوڵەندە بوو لەدەرباری قەیسەری روسیا.

هاوسەرەکەی پۆشکین ناوی (ناتالیا نیکولایوانا)بوو، لەساڵی (١٨٣١)دا بوون بەهاوسەر، تاساڵی ١٨٣٦ چوار منداڵیان پێشکەش بەکۆمەڵ کرد. بەوتەی زۆربەی خەڵك (ناتالیا)ی خێزانی پۆشکین جوانترین‌و شۆخ‌و شەنگترین ژنی شاری سانپترسبۆرگ بووە.

(جۆرج دانت) عاشق‌و ئەویندراری (ناتالیا)ی هاوسەری پۆشکین بوو، ئاگری ئەو ئەوینە سەراپای (جۆرج)ی ئەسوتاند، لەئەنجامیشدا هەر ئەم بوو دەستی بەخوێنی پۆشکین سوور بوو، هەڵبەتە تا ئەمرۆ هیچ جۆرە بەڵگەیەکی راست‌و باوەڕ پێکراو بۆ خۆشەویستی (جۆرج) لەلایەن (ناتالیا)وە بەدەست نەگەیشتووە.

لەنزیکەی (١٦٠)ساڵ لەمەوبەرەوە تائێستا لێکۆڵەرەوان‌و پشکنێرانی مەسەلەی تاوان بەبەردەوامی سەرگەرمی بەدواداگەڕان‌و هەڵدانەوەی کتێبی وڵاتان‌و رۆژنامەو گۆڤارە هەمە بابەتەکانن بۆ رۆشنکردنەوەی ئەم لایەنە نادیارە. زۆر بەوردی بەدوای نوسین‌و دەستنوسی ساڵانی پێشوو دەگەڕێن، بەڵکو پەردە لەسەر نهێنی کوشتنی پوشکین هەڵدەنەوە.

تائێستا دوو کتێب لەم بارەیەوە دەرچووە، یەکەمیان ساڵی (١٩١٧) کەسەرەتا هەندێ بەڵگەنامەو بابەتی تایبەت بەکوشتنی (پوشکین)ی لەخۆگرتبوو لەلایەن نوسەرێکەوە بەناوی (پاول شچوگولوف) بڵاوکراوەتەوە.

ئەوی تریان لەساڵی (١٩٩٤) لەلایەن نوسەرێکەوە بەناوی (ئستلا ئیرامویچ) بڵاوکراوەتەوە کەدوایەمین کتێبی روسیە لەبارەی ئەم بەسەرهاتەوە.

دوای بڵاوکردنەوەی بیوگرافی تازە لەلایەن دیبلۆماتێکی ئینگلیزیەوە بەناوی (رابین ئەدمونن) لەبارەی پوشکینەوە، دواجار کتێبێکی تر لەرۆژئاوا دەرچوو کەپڕوپاگەندەی ئەوەی ئەکرد گوایە نهێنی کوشتنی (پوشکین)ی دۆزیوەتەوە لەدوو توێی لاپەڕەکانیدا، پشتی بەهەندێ بەڵگەنامەو سەرچاوە بەستبوو کەتائێستا بەدەست هیچ کەس نەگەیشتووەو لەخێزانێکەوە وەری‌گرتووە کەئەو بەڵگەنامەو شتانەیان لا پارێزراوە.

کتێبەکە دەڵێت پوشکین وەك قارەمانێکی داستانەکانی روسیا لەتەمەنی ٣٧ ساڵیدا لەرووبەڕووبوونەوەیەکدا بەدەستی بێگانەیەك کوژرا، فەرەنسیەك نەك هەر تەنها یەك وشەی زمانی



رووسی نەئەزانی، بەڵکو گوێی بەخوێندنەوەی کتێبی فەرەنسیش نەئەدا، ئەم فەرەنسییە لاوێکی لێهاتوو ئازابوو، ئەفسەری گاردبوو، بەدواداچوون و نامەنووسین و ئازارێکی زۆری بۆ (ناتالیا) چەشت. لەوانەیە ئەویش سوچێکی چاوی بەم ئەفسەرەدا گێڕابێ!!. ئەمەبوو هۆکاری ئەنجامدانی ئەو کارەو کوشتنی شاعیرێکی گەورە.

(جۆرج دانت) لاوێکی (٢٥)ساڵەو ناتالیا نیکولایوانا کیژێکی جوانی تەمەن (٢٤) ساڵە لەکاتی سەماکردندا لەساڵی ١٨٣٦دا یەکتریان ناسی، لەهاوینی ساڵی ١٨٣٦ کاتێ کەجۆرج لەمانۆڕێکی سەربازیدا بەشداری دەکرد، ناتالیا لە چوارەمین منالی بوو، بەم پێیەو دوای ئەوە لەکاتی سەماکردندا ئەم دوانە (واتە جۆرج و ناتالی) توانییان جارێکی تر پەیوەندی پەیدا بکەنەوە لەوەرزی سەمادا.

وەرزی سەماکردن لەساپنترسبۆرگ لەشوێنێکدا دەکرا کەزۆربەی خێزانە ناسراوو خانەدانەکانی شاری لێ کۆدەبوونەوە.

قەیسەر نیکلای یەکەم نەریتی وابوو کەلەو مەراسیمانەدا بەسەماوە خەریك دەبوو، حەزی لەسەماکردن بوو لەگەڵ ناتالیای خێزانی پوشکین و سەمایشی لەگەڵدا دەکرد. نیکلای هاوڕێ و دۆستی پوشکین بوو، گەلێجار لەوەسف و پیاهەڵدانی ئەودا وتبووی: ئەلێکساندەر پوشکین زیرەکترین کەسی روسیاو ناتالیای خێزانی جوانترین و شۆخ و شەنگترین ژنی سانپترسبۆرگە.

پوشکین لەسەر داوای قەیسەر سەرگەرمی کۆکردنەوەو نووسینی مێژووی پتری گەورە بوو، قەیسەر بەبەردەوامی پوشکینی خستبووە ژێر چاودێرییەوەو هەروەها ناتالیای ئارەزووبازو روکەش پەرستیشی بۆ مەراسیمی سەماو ئاهەنگەکان دەعوەت ئەکرد،و شاعیری گەورەیشی پێویست بوو بۆ دەربار.

لەم کاتەدا پوشکین بەم شتە قایل نەبوو، هەرگیز هەستی بەخۆشی ژیان و خۆشنودی نەئەکرد، بەڵام ناتالیا بەسود وەرگرتن لەبوونی دوو خوشکی لەخۆی گەورەتری کەهێشتا شوویان نەکردبوو بەناوی لێپرسراوی پاك و خاوێنی هۆڵی سەماکەوە ئەوێی هەڵبژارد.

ئامادەبوونی (ناتالیا)و (جرۆج دانت) لەماڵی قەیسەر نیکلای یەکەم، یەکەمین پەیوەندی نێوان ئەو دوانەی دروست کرد، هەندێ جار بەئاشکراو لەبەرچاو خەڵك پێکەوە دائەنیشتن، پوشکین زیاتر هەستی بەکینەیەکی توند ئەکردو باری دەروونی ئاڵۆزی زیاتری لەخۆ گرت، هەڵبەتە سەرەداوی رووداوەکان لەچوارچێوەی دەربارو کەش و هەوای دەربارداببووە.

بارودۆخەکە هەروا بەردەوام بوو، تارۆژی چوارەمی مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ١٨٣٦ لەم رۆژەدا هەم پوشکین‌و هەم چەند کەسێك لەنزیکترین هاوڕێکانی هەریەکەو نامەیەکیان بۆ هات لەلایەن کەسێکی نەناسراوەوە، کەناوەرۆکی هەموو نامەکان یەك شت بوو، ئەویش باسی پەیوەندی خۆشەویستی‌و عەشقبازی قەیسەر لەگەڵ ناتالیای تێدابوو. لەم ساتە بەدواوە کەپوشکین تەنیا چەند مانگێکی لەژیاندا مابوو، بەردەوام لەتوڕەیی‌و ململانێی دەروونی‌و خۆخواردنەوەدا بوو. تەواو شادمانی‌و هەست بەدڵنیاییکردن لەژیانی هاوسەرێتی‌دا یەکجار لەپوشکین دوور کەوتنەوەو زۆر بەتوندی دووچاری دەردی سەری‌و خەم‌و خەفەت بوو. (سرناویتال) لەکتێبێکدا بەناوی (رازی پوشکین) کەبەشێوەی چیرۆك نوسیبووی، رۆحیەتی یەك ساڵ کۆتایی تەمەنی (پوشکین)ی وێنەکێشاوەو زۆر بەجوانی خۆیی‌و حاڵەتەکانی تیادا رەنگی داوەتەوە.

(جۆرج دانت) وتبووی کەئەو هەرگیز پەیوەندی لەگەڵ ناتالیادا نەبووە، بەڵکو ئەویندارى خوشکەگەورەکەی ئەو واتە (کاتارینا) بوەو خۆشیویستووە، ئەم دوانەیش لەساڵی (١٨٣٧) بوون بەهاوسەری یەکتری، ئەوکاتە (جۆرج) بو بەئاوەڵزاوای پوشکین.

بەڵام لەچەند مەراسیم‌و جەژنێکدا لەدەربارد جۆرج‌و ناتالیا ئاسایی هەر یەکتریان ئەبینی‌و بێگومان پێکەوە قسەو مەرحەبابییان ئەکرد. پوشکین لەئەنجامدا ئارام‌و دانبەخۆداگرتنی لەدەست داو نامەیەکی زۆر توندو تیژو نادۆستانەی بۆ باڵیۆزی هۆڵەندە لەدەرباری قەیسەر نیکلای ناردو لەو نامەیەدا تیایدا هاتووە کەئەنجامی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کوڕەکەیدا شتێکە ئەبێ بکرێ، پوشکین سەرباری چاك ئاگادارکردنەوەی جۆرج دانت راشکاوی لەنامەکەدا نووسیبووی کەئەو رووبەڕووبونەوەیە چەند خوێناویتربێت باشترە. گەلێ نامەی تر لەلایەن پوشکینەوە بۆ باوکی جۆرج نوسراوە، لەگەڵ ئەو هەموو لێکۆڵینەوەو هەوڵانەی کەتائێستا ئەنجامدراون، هیچ جۆرە بەرهەمێکیان لەو نامەیەی نیکلای کەپاش مەرگی پوشکین بۆ ئاوەڵزاوا هۆڵەندیەکەی نوسیوە بەدەست نەگەیشتوە.

نابێت ئەوەش لەیاد بکەین کەباڵوێزی هۆڵەندا لەدەرباری قەیسەر نیکلای یەکەم، لەگەڵ قەیسەر ویلهلم پاشای پیروس ئاوەڵزاوا بوون.

لەو نامانەیشدا کەناتالیا بۆ پوشکینی نوسیوە هیچ هەواڵێك نەزانراوە. هەروەها ئەو خاڵەیش تائێستا نادیارو نەزانراوە کەکێ بووە ئەو کەسەی کەنامە نەناسراوە فیتنەگێڕەکانی نوسیوە، یان چ کەسێك بووە کەفەرمانی نووسینی ئەو نامانەی داوە. (سەرناویتال) لەو باوەڕەدایە کەنامەی ناوبراو شازادە (پتردولگوروکوف) نوسیویەتی، بەڵام لێکۆڵینەوە گرافۆلۆژیەکانی ئێمە هەرگیز پشتگیری ئەم رایە ناکەن.

ساڵی (١٩٩٧) پرۆفیسۆر (لئونید ئارنین ئاشتاین) لە سانپترسبۆرگ باسی کەسێکی تری کردووە کەدەستی هەبووبێت لەنوسینی نامەکەدا بەناوی (ئەلێکسەندەر نیکۆلایویچ)، ئەم کەسەیش ساڵی (١٨٢٤) بەناونیشانی نەیاری خۆشەویستی پوشکین کۆمەڵێ کێشەی تری دروستکردبوو، بەڵام بێگومان هیچ پشتیوانییەك‌و هاودەنگییەك بۆ ئەم رایەش لەئارادا نییە. هەرچەند هێڵەتاریك‌و نادیارەکانی کوشتنی ئەلێکسەندەر پوشکین تائێستا بەهۆی تۆژەرەوان‌و نووسەران تارادەیەك روونکراوەتەوە، بەڵام دوایەمین هەواڵ‌و زانیاری دڵنیاکەر لەم قۆناغەدا تائێستاش لەژێر پەردەی تاریکی نادیاری‌و نەزانین‌دا ماوەتەوە.



# کۆڕێکی لێکۆڵینەوە لە (وشەنامە یا فەرهەنگ)

رۆژی ٣/٧/١٩٩٩و کات (٦)ی ئێوارە لەهۆڵی دیاکۆنیا لە چوارچێوەی چالاکی بنکەی ئەدەبیو ڕووناکبیری گەلاوێژدا کۆڕێك بۆ دکتۆر محمد عبدالفتاح حمە سعید رێکخرا، ئەم کۆڕە باسێکی زانستی بوو دەرحەق بەکاری (وشەنامە یافەرهەنگ)و ئەو ئەرکەی زمانەوانو پسپۆڕانی زمانی کوردی دەتوانن بۆ نووسینەوەی ئەم پرۆژەیە ئەنجامی بدەن. دکتۆر محمد کەپسپۆڕی لەبابەتی (رستەسازی- سینتاکی)دا هەیەو بەپێی ئەزموونی خۆی لەو بوارەداو شێوازی کاری فەرهەنگ نووس لەزانکۆکانی نەمساو ئەڵمانیادا، چەند راو بۆچوونێکی نوێی بۆ ئامادەبووان باسکرد. سەرەتا بەوتە بەناوبانگەکەی سوکراتی یۆنانی کە دەڵێ: (خۆت بناسە) باسەکەی دامەزراند، دواتر گواستیەوە بۆ چڕکردنەوەی بیروڕاکانی زانای زمانەوانی ئەم سەدەیە، چۆمسکی کە دەری‌خستووە زمان راستەوخۆترینو گونجاوترین هۆیە بۆ:

ا) کارکردنی مێشك، بەواتا چۆنیەتی، دارشتنی زمان لەمێشکداو بۆ لێکۆڵینەوەی هەڵسو کەوتی مرۆڤ، لەبەر ئەوەی زمانی ئاخاوتن وەك هەڵسو کەوتی مرۆڤ پێناسە دەکرێت.

ب) بۆ خۆناسین، وەك مرۆڤو نەتەوە، خۆناسینی نەتەوە کە لەڕێی شیکردنەوەو دانانو دارشتنی رێزمانەکەیەوە بەئەنجام دەگات کە لەبەشەکانی (دەنگسازیو وشەسازیو رستەسازیو واتاو لێکدانەوەدا) خۆی دەبینێتەوە.تۆژەر لەباسی فەرهەنگدا، فەرهەنگی کردە سەرچاوەیەکی سەرەکی رێزمانو بەشە پێکهاتووی وشەسازی Morphology.

لەلایەنی بەراوردکاری نێوان (وشەنامەو فەرهەنگدا) ئەم خاڵانەی خستە روو:

فەرهەنگ سەرچاوەیەکی سەرەکی‌یە بۆ زانستی زمانی نوێیاو، فەرهەنگ ئەو گەنجینەیەیە کە گشت زانیاریەکانمان لەبارەی زمانو ئاخاوتنەوە تێدا کۆکردۆتەوە، کارکردنی لەزانستی زماندا، بەجۆرێك سەرکەوتوو دەبێت کە لەگەڵ زانستەکانی تردا بۆ ئامانجێ کار بکەن. فەرهەنگ وەك بەرهەمێکی نووسراو، لەناوەڕۆکیدا بەدوای زانیاری، شمەكو کەرەستەوە دەگەڕێن، بۆیە پێی دەگوترێت (پەرتووکی وشەی چشتو کەرەستە).

پەرتووکی ووشە چەند جۆرو بابەتی هەیە، بۆ یەك زمان، بۆ دووزمان، بۆ گەلەك زمان،هەروەها لەڕووی کاتو سەردەمەوە (پەرتووکی وشەی سەردەمیی) مێژوویی، فەلسەفی، ئاخاوتن، زمانی باڵا، تایبەت بەناوچەیەكو بەرامبەر بەناوچەکانی تر وەك زاراوەی سلێمانی لە دیالێکتی کرمانجی خوارووداو، بەرامبەر بەدیالێکتی کرمانجی سەروو، یاپەرتووکی وشەی گشتی یان یەك بواری زانستی، تاکە کەسی یاگروپو کۆمەڵێکی دیاریکراو.

لەکۆتایی باسەکەیدا، دکتۆر محمد ئەو پێشنیازانەی خستەڕوو کە بۆ پرۆژەی نووسینەوەی فەرهەنگ پێویستن لەوانە: کۆکردنەوەی وشەو زاراوەی خاوەن پیشەکان (ئاسنگەر، بەرگدروو، مزگەر، کەوباز وەستاو بەناو هتد...).

نووسینەوەو تۆمارکردنی وشەو زاراوەی تایبەت بەڕەگەزە جیاجیاکان (ژن، پیاو، منداڵ لەگۆرگاڵەوە تاشەش ساڵیو قۆناغە جیاجیاکانی ژیانیو

پەیوەستی بەدەوروبەرو کۆمەڵگاوە، وشەی نوێباو ئەمەش بەهۆی گەڕان لەناو سەرچاوە نووسراوەکاندا (ڕۆژنامە، گۆڤار، کتێب، بڵاوکراوە.. هتد).

بەدەستخستنی وشەو زاراوەی ئایینی و کۆمەڵایەتی، وشەی بێگانەو خواستراو لەزمانی نەتەوە جیاجیاکانەوە (عەرەب، فارس، تورك، ئینگلیز، ئەڵمان، لاتینی.. هتد).

باسەکە لەلایەن ئامادەبووانەوە، قسەو بیروڕای جیای لەسەر وتراو، بووە مایەی گفتوگۆ..

شایانی باسە د. محمد عبدالفتاح لەکۆتایی ساڵی ١٩٩٨ەوە بەیەکجاری گەڕاوەتەوە نیشتمان و وەك مامۆستا لەزانکۆی سلێمانی کۆلێجی زانستی مرۆڤایەتی - بەشی کوردی، سەرقاڵی وانەوتنەوەو کاری بەردەوامە بۆ بەئەنجامدانی پڕۆژەی نووسینەوەی فەرهەنگ، بەو میتۆدو پلانەی لەکۆڕەکەیدا ئاماژەی بۆ کرد.

## بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ و وەرزی نوێی چالاکییەکانی

بەشی ڕووناکبیری بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ بەهاوکاری مەڵبەندی لاوانی دەریاو لەژێر دروشمی (تفەنگەکان بێدەنگ بن منداڵێك دەیەوێت بنووێ) چەندین کۆڕیان سازکرد کە تایبەت بوو بەئەدەب و ڕووناکبیری منداڵان و کۆڕەکانیش بەم شێوەیە بوون:

ڕۆژی یەکەم ١٩٩٩/٧/٧:
بەڕێز مامۆستا (عەبدوڵڵا محمد ئەمین) کۆڕێکی تایبەتی سازکرد بەناوی (پرۆسەی پەروەردەو بەرنامەی خوێندن) و تیایدا باسی لەو شێوازە شیاوە کرد کە پێویستە منداڵان پەیڕەوی بکەن و پاشان مامۆستا (جاسم محمد) کۆڕی دووەمی سازکرد لەژێر ناوی (کەسێتی منداڵ لەپرۆسەی خوێندندا) و بەڕێزیشی باسی لەو



هەنگاوانەی کرد کە منداڵان چۆن دەتوان کەسایەتییەکی سەربەخۆی خۆیان دروست بکەن.


ڕۆژی دووەم ١٩٩٩/٧/٨:
بەڕێز (کەمال ئەبوبەکر) کۆڕێکی تایبەتی سازکرد لەژێر ناوی (منداڵ و کەلتوور) و دواتریش بەڕێز (بەیان عیسی) کۆڕی دووەمی سازکرد لەژێر ناوی (منداڵ لەنێوان ماف و یاسادا) و دواتریش کۆڕی سێیەم لەلایەن (ئازاد محمود)ەوە سازکرا لەژێر ناوی (منداڵ و ڕاگەیاندن).

ڕۆژی سێیەم ١٩٩٩/٧/٩:
بەڕێز (تۆفیق عەبدول) بەشداری ئەم زنجیرە کۆڕەی کرد بەبابەتێك لەژێر ناوی (لەهەموو تەمەنێکدا تاوان دەکرێ دڵتان بەمنداڵ بسوتێ)، و دواتریش کۆڕی دووەم لەلایەن (سەرگوڵ ئەحمەد)ەوە پێشکەش کرا لەژێر ناوی (لێدان و توندوتیژی لای منداڵ).

ڕۆژی چوارەم ١٩٩٩/٧/١٠:
مامۆستا (شێرزاد حەسەن)یش بەبابەتی (منداڵ و نزیك بوونەوە لەمەرگ) بەشداری کردو بەم شێوەیەش هەنگاوێکی شیاو بۆ دۆزینەوەی ژیانێکی ئاسوودەو دابین کردنی ئەدەبێکی شیاوی تایبەتی منداڵان خرایە ڕوو تاکو لەداهاتوودا نەوەیەکی خاوەن کەسێتی و ڕۆشنبیری لێ بەرهەم بێت.

## دوو ئێوارە کۆڕی ئەدەبی

ڕۆژی ١٩٩٩/٧/٢٣ کۆڕێك بۆ بەڕێز دکتۆر (فەرهاد پیرباڵ)




سازکراو تیایدا چەند چیرۆکێکی خۆی خوێندەوەو کۆڕەکەش زیاتر لە دوو سەعاتی خایاند.

رۆژی ١٩٩٩/٧/٢٤ کۆڕی دووەم بۆ بەڕێز (ئەنوەر رەشی عەولا) سازکرا تیایدا چەندین شیعری خۆی تیادا خوێندەوەو هەردوو کۆڕەکە لەهۆڵی کەلتووری مەدەنیەت سازکرا.

## فرمێسکی بەرد لە فێستیڤاڵی دیۆنیزیای ١٩٩٩

دوای چەند ساڵێك لەهەوڵی بەردەوامی سەنتەری دیۆنیزیا بۆ گەیاندنی کورد بەفێستیڤاڵی ساڵانەی دیۆنیزیا، سەر لەئێوارەی ٨ی حوزەیران، وەفدی هونەرمەندانی کورد لەشامەوە گەیشتنە فڕۆکەخانەی رۆماو زۆر بەگەرمی لەلایەن ئەندامانی سەنتەرەکەوە پێشوازی کران؛ هەر لەفڕۆکەخانەکەدا سەرۆکی وەفدی پێشوزای گەیشتنی کوردی بەرووداوێکی گرنگ بۆ فێستیڤاڵەکە لەقەڵەمداو هەموو جۆرە رێوشوێنێکیان بۆ حەوانەوەو کارکردن لەکارە شانۆییەکەدا دابینکرد، لەم بارەیەوە خاتوو (نیکۆلێنتە گایدە)ی سەرۆکی سەنتەرەکە سەر لەبەیانی ٦/١٠ بەئامادەبوونی سەرۆکی شارەوانی رۆماو چەند ئەندامێکی پەرلەمانو لێپرسراوی کاروباری کەلتووری رۆماو هونەرمەندانی بەشداربووی فێستیڤاڵەکەو زۆربەی زۆری کەناڵەکانی راگەیاندن کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی سازداو لەسەرەتای کۆنگرەکەدا رایگەیاند



(ئەمساڵ گەلێکی ستەمدیدەی وەك کوردمان لەگەڵە، سێ ساڵە چاوەڕێی بەشداربوونیانین، بۆیە هەست دەکەم ئەمساڵ فێستیڤاڵەکەمان قەشەنگترو ژوانەکەمان شەنگترە) پاشان هەر لەو کۆنگرەیەدا هونەرمەند کامەران رەووف بەکورتی لەبارەی پەیامی کارە شانۆییەکەوە دواو زۆر سوپاسی ئەو پێشوازییە گەرمەی کرد کە لەکورد کراوە.. دواتر وەڵامی پرسیاری رۆژنامەوانو کەناڵەکانی راگەیاندنی دایەوەو بایەخی ئەم بەشداریکردنەی (فرمێسکی بەرد)ی بۆ روونکردنەوە.

سەعات (١٠)ی شەوی ٦/١٥ بەئامادەبوونی چەندین لێپرسراوو هونەرمەندو شاعیرو روناکبیری ئیتاڵیو بیانیو بەڕێز بەکر فەتاح نوێنەری (ی.ن.ك) لەرۆما فێستیڤاڵی دیۆنیزیای ١٩٩٩ بەئاهەنگێکی گۆرانیو مۆسیقای ئیسپانی لەلایەن گروپی ( رادیۆی تاریفە Radio Tarifa)ەوە دەستی پێ کرد. بەرنامەی رۆژانی دواتری فێستیڤاڵەکە بەم شێوەیە بوو:

* رۆژی ٦/١٦ سەعات (٩)ی ئێوارە شانۆگەری (لیۆن: ئەو بێتاوانە ئینسانیە نوێیە)- تیپی شانۆی پۆنتێدێرە- ئیتالیا. دەرهێنانی: نیکۆلێتە رۆبیللۆ.

* رۆژی ٦/١٦ سەعات (١٠،٣٠)ی شەو کۆنسێرتی (خێزانی لێڵە) شاری پێرمێت- ئەلبانیا.

* ٦/١٧ سەعات (٩)ی ئێوارە کوردستانی عێراق شانۆگەریی (فرمێسکی بەرد) نوسینی: دلاوەر قەرەداغی، دەرهێنانی: کامەران رەووف.

* ٦/١٨ سەعات (٩)ی ئێوارە. شانۆگەری (چیرۆکەکانی باخچەی ئاو) دەقی: عیرفان هۆرۆ



رۆڤیچ- ئامادەکردنی تانیا میلیتیكو رۆناڵد پانزا.. دەرهێنانی: تانیا میلێتیك/ بۆسنە.

* ٦/١٩ سەعات (٨،٣٠)ی ئێوارە، شانۆگەری (ماکلۆلم ئێکس) ئامادەکردنو دەرهێنانی: محەمەد روابی (جەزائیر- فەرەنسا).

* ٦/١٩ سەعات (١٠)ی شەو. کۆنسێرتی (ئەدیللی) -جەزائیر.

* ٦/٢٠ سەعات (٨)ی ئێوارە شانۆگەری (جەنگ لەسەر زەمینە

دوورەکاندا) دەقی: نەجم وائلی.
دەرهێنانی: جواد الاسدی/ عێراق.

دوابەدوای نمایشکردنی فرمێسکی بەرد، ئامادەبووان بۆ ماوەی چارەکە سەعاتێ چەپڵە بارانی ئەم بەرهەمەی کوردیان کردو بەشدارانی بەرهەمەکەیان رووبەرووی پرسیارو راوبۆچوون‌و تێبینییەکانیان کردەوە. ئامادەبوونای نمایشەکە لەچەندین هونەرمەندو رووناکبیری ئیتالی‌و ئینگلیزو فەرەنسی‌و ئیسرائیلی‌و بۆسنی‌و عەرەب پێك هاتبوون. لەوانە (باولۆ مەجێللی) دەرهێنەری بەناوبانگی ئیتالی، دکتۆر: رەفیق الصبان مامۆستای پەیمانگەی بالای شانۆ لەقاهیرە... هتد. لەو وتوێژانەدا پاولۆ مەجێللی وتی (هانتاندام کە پرۆژەی ئایندەم لەکوردستان ئەنجام بدەم، لەهەمان شێوەی ئەو پرۆژەیەی کەحاڵێ حازر، بەبەشداری گروپێك لەهونەرمەندانی وڵاتە جیاجیاکانی جیهان، لە (قودس) ئەنجامی دەدەم.

د. رەفیق الصبان وتی: (ئەم شانۆنامەیە، هاوارێکە لەدڵەوە، سوپاس، زۆر سوپاس.. کە ئەم هاوارەتان بەئێمە گەیاندو خۆشیشمان ویست).

هەر لەو وتوێژەدا بەدوورو درێژی باس لەکێشە زیندووەکانی کورد کرا لەسەرجەم کوردستاندا.. زۆربەی ئامادەبوانی نمایشەکە بەرێزەوە رۆڵی سەنتەری دیۆنێزیایان نرخاند بۆ سازدانی ئەم جۆرە فێستیڤاڵانە کە کەلتووری جیاجیای نەتەوەکانی دنیا لەیەکتری نزیك دەخاتەوە.

هەر دوابەدوای نمایشکردنی (فرمێسکی بەرد) لەرۆما.. داوەتنامەیەك لە (ئەنیستیتوی کورد لەپاریس)ەوە گەیشتە دەستی کاستەکەو رۆژانی ٢٥و ٦/٢٦ تەرخانکراوە بۆ پێشکەشکردنی چالاکیەکان لەهۆڵی (Art- Studio- theatre) بەم شێوەیە:

٦/٢٥ سەعات (٨،٣٠)ی ئێوارە نمایشکردنی فرمێسکی بەرد.

٦/٢٦ سەعاتە (٨)ی ئێوارە سیمینارێك لەهۆڵی ئەنیستیتۆی کوردی پاریس بۆ هونەرمەند: کامەران رەووف دەربارەی شانۆو مێژووی شانۆی کوردی.

٦/٢٦ سەعات (١٠)ی شەو کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە بۆ شاعیر/ دلاوەر قەرەداغی کە د. موحسین ئەحمەد بەڕێوەی دەبات.

شیاوی باسە فێستیڤاڵی دیۆنیزیا ئەو کۆبوونەوە ساڵانەیەیە، کەهونەرمەندانی سەر بەکەلتوورە جیاوازەکان بانگهێشت دەکات بۆ یەکترناسین‌و بینینی نمایشی یەکتر.. شارەوانی رۆما پشتگیری ماددی‌و مەعنەوی ئەم چالاکیانە دەکا هەر لەداوەتکردنی گروپە هونەرییەکانەوە تادەگاتە دابینکردنی جێ‌و رێی حەوانەوەو پێداویستیەکانی پێشکەشکردنی نمایشەکان.

لەکۆتاییدا سڵاو و رێزی بێ پایانی کاستی (فرمێسکی بەرد)، وەفدی هونەریی کوردستانی عێراق، هونەرمەندان کامەران رەووف‌و ڤیان کەمال‌و قادر ئەحمەدو شاعیران دلاوەر قەرەداغی‌و یاسین فەقێ سەعی.. قبووڵ بفەرموون.

رۆما ١٩٩٩/٦/١٨

## گۆڤاری مەدەنیەت یەکەمین سیمیناری خۆی سازکرد

لەرۆژانی ٢٠-١٩٩٩/٧/٢٢ گۆڤاری مەدەنیەت لەژێر دروشمی (هاووڵاتییەکی کوردستانی‌و کۆمەڵێکی مەدەنی)دا یەکەمین سیمیناری خۆی سازکرد لەهۆڵی ئامادەیی سلێمانی کوڕان بەم شێوەیە:

رۆژی یەکەم ١٩٩٩/٧/٢٠:

سەرەتا وتاری گۆڤاری مەدەنیەت لەلایەن بەرێز (مەلا بەختیار)ەوە خوێندرایەوە پاشان یەکەم کۆڕ بۆ دکتۆر (خەلیل ئیسماعیل محمد) سازکرا لەژێر ناوی (الحضر والاطراف الحضرية.. دراسة في المفاهيم والمصطلحات)و کۆڕەکەش لەلایەن مامۆستا (جەزا تۆفیق طالب)ەوە بەڕێوە چوو.

کۆڕی دووەم بۆ مامۆستا (جەزا تۆفیق طالب) سازکرا لەژێر ناوی (أهميه الجيوپولتيكيه للتوزيع البيئى لسكان اقليم كردستان العراق (١٩٥٧-١٩٨٧)و کۆڕەکە لەلایەن مامۆستا (حەسەن ئازادی)یەوە بەڕێوەچوو. شایانی باسە بۆ هەر موحازیرێك یەك سەعاتی خوێندنەوی بابەتەکەی بۆ دەست نیشان کرابوو.



ڕۆژی دووەم ١٩٩٩/٧/٢١:
کۆڕی یەکەم بۆ بەڕێز دکتۆر (عەبدوڵڵا عەلیاوەیی) سازکرا لەژێر ناوی (کردستان والتطور الحضاري.. دراسة تأريخية تحليلية)و کۆڕەکە لەلایەن مامۆستا (جەزا تۆفیق طالب)ەوە بەڕێوەچوو.

کۆڕی دووەم کە لەهەمان ڕۆژدا سازکرا بۆ بەڕێز (نوری یاسین هەرزانی) بوو لەژێر ناوی (مفاهيم المجتمع المدنى..دراسه لمفهوم التسامح فى المجتمع الكردى)و کۆڕەکە لەلایەن مامۆستا (حەسەن ئازادی)یەوە بەڕێوە چوو.

ڕۆژی سێیەم ١٩٩٩/٧/٢٢:
کۆڕی یەکەم بۆ بەڕێز دکتۆر (فەرهاد پیربال) سازکرا لەژێر ناوی (ڕاکردن بۆ ئەورووپا.. ڕاکردن لەدەست مەدەنیەت) سازکراو کۆڕەکەش لەلایەن مامۆستا (مستەفا زەنگەنە)ەوە بەڕێوەچوو.. کۆڕی دووەمیش بۆ مامۆستا (حەسەن ئازادی) لەژێر ناوی (التخطيط الاجتماعي والمجتمع المدني ابعاد وممارسات) سازکراو کۆڕەکەش لەلایەن دکتۆر (عەبدوڵا عەلیاوەیی)یەوە بەڕێوە چوو.. پاشان وتاری کۆتایی هاتنی سیمیناری مەدەنیەت پێشکەش کرا. جێی سەرنجە کۆڕەکان بەزمانی کوردی پێشکەش کران.

جێی خۆیەتی لێرەدا سەرنجێکی پێزانینانە بدەینە ئەو هەوڵە بەردەوامەی کە گۆڤاری مەدەنیەت و ڕێکخراوە دیموکراتیەکان دەیدەن بۆ زیاتر ناساندنی کۆمەڵگای مەدەنی و چۆنێتی پەیڕەوکردنی لەڕێگای ژمارەکانی گۆڤاری مەدەنیەت و ئەنجامدانی ئەم کۆڕانە. هیوادارین ژمارەی کۆڕەکانی گۆڤاری مەدەنیەتی ئازیز ڕوو لە زیادبووندابێت.

## فیلمی دابڕان لەسلێمانی نمایش کرا

ڕۆژی ١٩٩٩/٧/١٩ فیلمی دابڕان لەسینەمای دڵشاد نمایش کرا کەلە نواندنی (نوری گەرمیانی و تارا تەنهایی)یەوە بۆ ماوەیەکی زۆر نمایش کراو هونەرمەندان (ئیبراهیم تەنهایی، ئازاد حەمە قاسم، مەی عبدالكريم) بەشداریان کردبووە لەفیلمەکەداو ئەمەش بەیەکێك لەو فیلمە گۆرانی ئامێزانە دەژمێردرێت کە لەکوردستاندا بەرهەم هێنراون.. فیلمەکە باس لە چیرۆکی عەشقی نێوان کوڕو کچێك دەکات لەپاڵ ئەو هەموو کێشانەی کە بەردەوام ڕووبەڕوویان دەبنەوە.

## پێشانگەی تایبەتی هونەرمەندی جوانەمەرگ (ڕێبوار سەعید نوری)

ڕۆژی ١٩٩٩/٧/٢٤و لەهۆڵی مۆزەخانە پێشانگەیەك بۆ کارەکانی هونەرمەندی جوانەمەرگ (ڕێبوار سەعید نوری)




کرایەوە. هونەرمەندی جوانەمەرگ لەدایك بووی ساڵی ١٩٦٩ی شاری سلێمانییەوە، لەساڵی ١٩٨٩دا پەیمانگای هونەرە جوانەکانی

سلێمانی بەشی پەیکەرسازی تەواو کردووەو پاشان چەندین کاری سەرکەوتووی ئەنجام داوە لەوانە (پەیکەری پیرەمێرد) لەگەڵ هونەرمەند (دارا حەمە سەعی)و پەیکەری (ئاسۆی دەلاك) لەگەڵ هونەرمەند (شێرکۆ عومەر)و بەشداری سەرەکی کردووە لەداڕشتنی پەیکەری (شەهید مامە ریشە)و پەیکەری (مام هەژار)و پەیکەری (دانیاڵ میتران)و لەساڵی ١٩٩٥ خەڵاتی باشترین کاری هونەری پێ بەخشراوە لەپێشانگەی لاواندا،و دوا کاریشی لەگەڵ هونەرمەند (دارا حەمە سەعی)دا بەئەنجام گەیاندووە، کە پێك هاتووە لە پەیکەری نووسەر (عیزەدین فەیزی)و پەیکەری (خیراللە عبدالکریم) شایانی هونەرمەند لەدوای خۆی جگە لەم بەرهەمە بەرچاوانە چەند کاری هونەری تریشی بەجێ هێشتووە کە بوونە بەرهەمی ئەم پێشانگەیەو پێشانگەکەش چەند رۆژێکی خایاند.

## شانۆیی (نازەو ورچ) لەسوید نمایش کرا

تیپی شانۆیی ئارارات لەپایتەختی سوید (ستۆکهۆلم)و



لەهۆڵی (تێنستا)دا شانۆیی (نازەو ورچ) نمایش کراو هونەرمەند (ماهر عەلی) بەڕێوەبەری ئەم شانۆییە دەربارەی شێوازی کردنیان بەم شێوەیە بۆ گۆڤاری گەلاوێژینوێ دوا:

بۆ ماوەی ١٥ ساڵە ئەم تیپە دامەزراوەو چەندین بەرهەمی شانۆیی نمایش کردووەو ئێستاش چەند ئەکتەرێکی نوێ هاتوونەتە نێو تیپەکەو ئەوکەسانەن کە لەچەند شانۆییەکی تردا بەشداریان کردووە، ئەم هونەرمەندانە وێڕای کاری هونەری خۆیشیان کاری ئاسایی ژیانی خۆیان بەڕێوە دەبەن‌و شانۆیی (گەلاوێژو گورگ) یەکەم بەرهەمی منداڵانەی تیپەکەمان بوو کە لەستۆکهۆڵم‌و دواتریش لە شارەکانی تری سوید پێشکەش کراوە، پاشان دووەم بەرهەمی تیپەکەمان شانۆیی (ماسی گرو خێزانەکەی) بوو کە لەشاری ستۆکهۆڵم نمایش کرا.. لەساڵی ١٩٨٩ وە ئەم تیپە چەند ژمارەیەك گۆڤاری شانۆیی بڵاوکردۆتەوەو چەند چیرۆکێکی وەرگێڕاوەو پاشان بەچاپی گەیاندووە).

شانۆیی (نازەو ورچ) بەجەستەی کۆمەڵێك ئەکتەر نمایش کراوە لەوانە (سارا عەلی، هۆزان تۆفیق، هەوری ماهر، رەوەند عوسمان، ستران قادر، هێڤی ئەحمەد، شەرمین خەرمان پور، روبار زەنگەنە، شادان عومەر، عادل ئەحمەد، شاهلا کەریم، مەریوان تۆفیق، فەرمان جاف)و مۆسیقای شانۆییەکە لەلایەن مامۆستا (ئەنوەر قەرەداغی)یەوە دانراوەو (فاضل جاف)یش بەئەرکی نووسین‌و دەرهێنانی شانۆیەکە هەستاوە.

## ئەکرەم حەیدەرو پێشانگەیەکی سروشت



بەسەرپەرشتی وەزارەتی رۆشنبیری- بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری‌و هونەر پێشانگەی تایبەتی بۆ هونەرمەند (ئەکرەم حەیدەر) لەژێر ناوی (ئەبستراکتی سروشت) کردەوە لەهۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی لەرۆژانی ١١-١٩٩٩/٧/١٤و تیایدا هونەرمەند کۆمەڵێ تابلۆی رۆنی قەبارە جیاوازی تیادا نمایش کردبوو.. هونەرمەند سروشتی کردبووە بابەتی سەرەکی پێشانگەکەی‌و توانیبووی روویەکی گەشاوەی پێ ببەخشێت.

## فیلمی تۆڵە نمایش کرا

فیلمی تۆڵە بەرهەمێکی نوێی هونەرمەند (مەریوان ئیبراهیم)ە کە وەك دەرهێنەرێکی سەرکەوتوو مامەڵەی لەگەڵ ئەکتەرەکاندا کردووەو فلیلمەکەش لەنواندنی (ماهر حەسەن، ئاڵا عومەر، کەمال



چالاك، تاریق پۆڵا، رێبوار عزیز، محمد عوسمان)و وێنەگرتنی (محمد شۆخان)و مۆنتاژی فیلمەکەش لەلایەن (سەنگەر محمد)ەوە ئەنجام دراوە.. فیلمەکە باس لەوە دەکات یاری کۆنفۆ یارییەك نییە بۆ شەڕو تۆڵە بەڵکو یارییەکە بۆ ئاشتیو برایەتیو فیلمەکەش بڕی (١٣) هەزار دیناری تێ چووەو داهاتی (٨٥) هەزار دینار بووە.

## فێستیڤاڵی شێوەکاری لاوان

بەسەرپەرشتی وەزارەتی رۆشنبیری- بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری سلێمانی فێستیڤاڵی شێوەکاری لاوانی لەرۆژانی ٣-١٩٩٩/٨/٧ لەهۆڵی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد دەستی پێ کردو تیایدا ٦٠ هونەرمەندی بوارەکانی (وێنەکێشان، هەڵکۆڵین، سیرامیك، گرافیك) توانیان بەرهەمی خۆیان نمایش بکەنو لەنێو هونەرمەندە بەشدارەکانیشدا خەڵاتی رێزلێنانو مادی بەخشرایە هونەرمەندان (محمد فتاح، ماهر ستار، کەمال عەبدوڵا، جەلال ئەحمەد، گۆران محمد، خەسرەو حسین).. ئەوەی جێی سەرنجە پێشانگەکە لەلایەن مامۆستا (جەمال عەبدول) وەزیری رۆشنبیرییەوە کرایەوە.



هونەرمەندە بەشدارەکانی ئەم فێستیڤاڵە پێك هاتبوون لە (مەریوان جەلال، محمد فەتاح، دیاری محمد، ئەرسەلان ئەحمەد، ستار قادر، نازدار ئەحمەد گلی، شوان رەباتی، بەیان مانی، ئاکام عومەر، بەرزان ئەحمەد، شوعلە سلێمان، بەهار غریب، بلێسە مستەفا، بەکر عومەر، بەیان ستار، شەمام ئەبوبەکر، عبدالحسین عبدالله، تۆفیق محمد صاڵح)و چەندای تر.

## پێنجەمین پێشانگەی تایبەتی وەهبی رەسوڵ

رۆژی ١٩٩٩/٧/٢٧ هونەرمەند (وەهبی رەسوڵ) پێنجەمین پێشانگەی تایبەتی خۆی لەهۆڵی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد سازکردو تیایدا نوێترین کارەکانی لەژێر ناوی (هەژەند)دا نمایش کردو تیایدا (٣٦) تابلۆی بەمادەکانی (رۆنی، کۆلاج، کەرەسەی تێکەڵاو) ئەنجام دابوو. شایانی باسە هونەرمەند مامۆستای پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی بەشی وێنەکێشانە.




## زانکۆی سلێمانیو شانۆگەری (گوڵو گوللەباران)

رۆژی ١٩٩٩/٧/٢٧ بنکەی هونەری زانکۆ.. تیپی شانۆی زانکۆی سلێمانی شانۆیی (گوڵو گوللەباران)ی لەهۆڵی راپەڕین نمایش کردو تیایدا هونەرمەند (حەمە عەلی خان) لەچەند دێڕێکی هونەرمەندانەیەوە لەبەرامبەر ژنە شاعیری ناوداری ئێرانی (فروغی فروغزاد)ەیە.. شانۆیی (گوڵو گوللەباران) بەجەستەی هونەرمەندان (ئاسایش عوسمان دانش، ئەرمین قادر، چۆمان عەلی، ئابان یاسین، زوهرە حەمزە، رووپاك محمود، گۆران جەلال) نمایشەکە بەڕێوەچوو شانۆگەرییەکەش لەلایەن هونەرمەند (حەمە عەلی خان)ەوە دەرهێنرابوو.

## سەمای هێڵەکانی ناهیدە سدیق


ڕۆژی یەك شەممە ١٩٩٩/٧/٤ هەڵبەندی لاوانی میدیا یەکەمین پێشانگەی بۆ کچە هونەرمەند (ناهیدە سدیق) کردەوە لەژێر ناوی (سەمای هێڵەکان) لە هۆڵی هەڵبەند.. شایانی باسە هونەرمەند دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی بەشی وێنەکێشانەو لەسەرجەم فێستیڤاڵەکانی پەیمانگادا بەشداری کردووە.. ناهیدە لەم پێشانگەیەدا توانیوێتی چەندین تابلۆی بەماجیك و جاف نەخشێنراو نمایش بکات.

## ئاری بابان و ڕۆمانێکی سریالی

ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٦/٢٣ گەلەری زاموا پێشانگایەکی تایبەتی هونەرمەند (ئاری بابان)ی لەحەوشەی گەلەری زاموادا کردەوەو تیایدا بەرهەمی سێ قۆناغی تەمەن کاری خۆی نمایش کردبوو کە پێك هاتبوون لە قۆناغەکانی (حەفتاکان، هەشتاکان، نەوەدەکان)و پێشانگاکە پێنج ڕۆژی خایاند.. بۆ زیاتر ئاشنابوونمان بەکارەکانی ئەم هونەرمەندە ئەم چەند پرسیارەمان ئاڕاستە کرد:

– هونەرمەند ئاری بابان لەم پێشانگایەدا کاری قۆناغەکانی خۆی نمایش کردووە، دەکرێت بزانین بۆچی؟

– زۆربەی تابلۆکانم بەفۆتۆ گرتۆتەوەو بەقەبارەی ٦٠X٥٠ سم گەورەم کردۆتەوە، بێگومان ئەم هەنگاوە ئەوەی خولقاند کە لە پێشانگەیەکدا چەند نموونەیەك لەقۆناغەکانی ئەزموونی هونەریم دابنێم بۆ ئەوەی بینەر بتوانێت




گەشەسەندن و پەیوەندی لەناو قۆناغەکانی ئەزموونمدا ببینن، بەڵام بەڕای من پێویستە دوای ٣٠ ساڵ لە کارکردن لەبواری شێوەکاریدا بتوانم نموونەی سەرجەم قۆناغەکانی کۆبکەمەوەو هەنگاوێکیشە تالەپێشانگەی داهاتوودا کاری نوێ نمایش بکەم.

* بۆچی زۆربەی کارەکانت لەمادەی زەیت نەخشاندووەو بەدووربوویت لەقەڵەمی ڕەش و ئاوییەوە؟

– من خۆم بەکەسێك دەزانم کە هەر کارێکی هونەری پیشان بدەم بەزەیت پیشانی دەدەم چونکە زیاتر لەگەڵ ئەو مادەیەدا هەست بەچێژ دەکەم، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە من بەقەڵەمی ڕەش یاخود ئاوی وێنەناکێشم، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەموو تابلۆیەك کە دەست پێدەکەم چەندەها هێڵکاری بۆ دروست دەکەم و دواتریش بەئاوی دروستی دەکەم و لەئەنجامدا بەزەیت کۆتایی بەتابلۆکە دێنم، بۆ نموونە هەر لەم پێشانگەیەدا کارێکم داناوە کە بەقەڵەمی ڕەش ئەنجامم داوەو دووکارم داناوە بەئاوی ئەنجامم داوە، بەڵام ئەم کارانە لەلای من دراسین و هەندێکیان لەپاشان بەزەیت ئەنجام دراوەتەوە.. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە ئەو شەش تابلۆیەی کە لە پێشانگەیەکی هاوبەشدا نمایش کرا لەشاری لەندەن ئاوی بوون، بێگومان کە باس لەو پێشانگەیە دەکەین دەبێت سوپاسی ئەرك و ماندووبوونی هونەرمەند (ڕێبوار سەعید) بکەین کە ئەو کارانەی کۆکردەوەو لەلەندەن لەدوو پێشانگەی هاوبەشدا بەشداری پێ کردوون.

* بابەتەکان لەلای ئاری بابان چۆن دەخەملێت و پاشان تەعبیری لێ دەکات، بەتایبەت بەو شێوازە تایبەتەی خۆی کە هەیەتی؟

# لێرە




- سەرچاوەی سەرەکیم بۆ هەڵبژاردنی بابەتەکانم وردبوونەوەیە لێیان، کۆمەڵی کوردەواری خۆمان ئەفسانەو بابەتی مەعریفیو ئەدەبییە، بەڵام هەریەك لەم لایەنانە چۆن دەکەیت بەهونەر ئەوە سەرەکییەو ئەرکی منە.. بارە کۆمەڵایەتەکەی من وەکو هونەرمەندێك هەوڵبدەم دەریببڕم لەواقیعەکە خۆیو بیکەم بەهونەر ئەمەش پاش دراسەکردنو هێڵکاریو هەندێك جار رەسم کردنی تابەتەواوی بابەتەکە دەخەملێتو پاشان بەزەیت ئەنجامی دەدەم، هەرچەندە زۆر جار بەباتەکە لەکاتی کارکردندا گۆڕانی بەسەردا دێت.. من هەوڵ دەدەم بەعەقڵانی کاربکەمو عەفەویەت تەنیا لەسکێچو ئاویەکاندا بەدەردەکەوێت لەپاشان دیراسەی دەکەم حیساب بۆ هەموو لایەکی تابلۆکە دەکەم..

بۆ نموونە لەتابلۆکانمدا زۆر بایەخ دەدەم بەئاسمانی کارەکانمو هەوڵ دەدەم ناخی کەسەکانو بارە دەروونیەکانیانو پەیوەندی دەوروبەریان بەئاسمانەکە پیشان بدەم، بۆ نموونە (تابلۆی کەشتیەکە) سوودم لەئەفسانەی نووح وەرگرتووە، لەکۆتایشدا دەمەوێت بڵێم من بەم شێوازو بابەتانەی خۆم توانیومە جیهانی ئاری بابان دروست بکەم.

## دووەم پێشانگەی بەیان بابان کرایەوە

بەسەرپەرشتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لقی سلێمانیو لەژێر ناوی (رەشو سپی.. فرمێسکو خەندە) دووەمین پێشانگەی هونەرمەندی کاریکاتێر (بەیان بابا) لەهۆڵی مۆزەخانە کرایەوە لەرۆژانی ٣-١٩٩٩/٨/٥و پێشانگەکە سێ رۆژی خایاندو تیایدا کۆمەڵێك کاریکاتێری نوێی نمایش کرد.. هونەرمەند لەدایك بووی ١٩٥٧ی شاری سلێمانیو ئەندامی یەکێتی هونەرمەندانی یەکگرتووی کوردستانەو لەزۆربەی رۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردستاندا بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە.

ئا/ بەختیار سەعید



## پرۆژەی کتێب لەشێوەی ڕۆژنامەدا



لەجیهاندا تاقیکردنەوەی (کتێب لەشێوەی ڕۆژنامەدا) مێژووی خۆی هەیە، لای عەرەب چەند ساڵێکە هەنگاوی بۆ نراوە، یەکێك لەو هەوڵانە، هەوڵی دووقۆڵی ئەدۆنیس‌و شاعیری ئاوارەی عێراقی شەوقی عەبدولئەمیرە بۆ دەرکردنی (کتێب لەڕۆژنامەدا) بەپشتیوانی یۆنسکۆداو چەند دەزگایەکی بڵاوکردنەوەی عەرەبی (کویەتی‌و میسری). ئەم پرۆژەیە چەند شتێکی پێشکەشکرد لەوانە بۆ (نزار قەبانی)بوو، یا هەڵسا بەچاپکردنەوەی دیوانی موتەنەببی. ماوەیەکە هەواڵی نیازی وەستانی پرۆژەی (کتێب لەشێوەی ڕۆژنامەدا) بڵاوبۆتەوە. چونکە هەندێك لەو دەزگای بڵاوکردنەوەو کەسایەتییە ناودارانەی کەیارمەتی ڕاستەوخۆی دەرکردنیان ئەدا پاشەکشێی خۆیان ئاشکراکرد، هەندێك دەڵێن پرۆژەی (کتێب لەڕۆژنامەدا)نەیتوانیوە ئامانجەکانی بێنێتەدی، یەکێك لەکارە نزمەکانیشی چاپکردنەوەی دیوانی موتەنەبییە وەك ئەوەی کەس ئەم شاعیرە نەناسێ. دیارە ناکۆکیەکی زەقیش لەنێوان ئەو کەسانەدا هەیە کەیارمەتی پرۆژەکە بەپارەئەدەن.

## کتێبێکی وەرگێڕدراوی هارۆڵد بلووم قەدەغە دەکرێت

هارۆڵد بلووم، یەکێکە لەڕەخنەگرە بەتواناو بەپیتەکانی ئەدەبی ئەمریکا، ماوەیەکی زۆر لەزانکۆکاندا بەئینگلیزی وانەی وتۆتەوە، ساڵی ١٩٣٠ لەنیویۆرك هاتۆتە دنیاوە. هارۆڵد بلووم لە تەئویل‌و ڕەخنەگرتنا باوەڕی بەوەیە کەهەموو تەفسیرێکی خراپ‌و دژ بەدەق‌و سەرچاوەیش بەخوێندنەوەی تەواو دائەنرێت، هارۆڵد بلووم چەندەها کتێبی ڕەخنەیی هەیەو کاریگەری ئاشکرای خۆی بەسەر ڕەخنەی نوێی جیهانەوە هەیە، کتێبەکانی کراون بەزمانەکانی جیهان. لەم ماوەیەدا کتێبێکی تری لەژێر ناونیشانی (قلق التأثير- نظرية في الشعر) کراوە بەعەرەبی، بەلام ئەم کتێبەی هارۆڵد بلووم لەگەڵ چەندەها کتێبی ترا لەکویەیت قەدەغە کراوون.

# لەوێ

## ئیسماعیل کادارە لەچاوپێکەوتنێکدا:

لەچاوپێکەوتنێکدا، ئیسماعیل کادارە (شاعیرو رۆمانووسی ئەلبانی) کەچەند ساڵێکە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ پاڵێوراوە دەڵێت: چوار رۆمانم لەئەلبانیا قەدەغەکران. قەڵا (١٩٦٥)، تا کۆشکی خەونەکان (١٩٨١) من دەربارەی نۆڤڵەکانم هیچ ناڵێم ئەوانیش کەوتوونەتە بەر چەقۆی سانسۆر. دەربارەی شیعری وەك (پاشا سوورەکان)م هیچ ناڵێم کەبەهۆیانەوە مەحکوم کرام. هەشتا لەسەدی کتێبەکانم رەخنەگرتنە لەتوتالیزم وەك کتێبی (بەهاری ئەلبانیا) بەنووسینێك لەکۆتایی هەشتاکاندا نیوەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیم بەتاوانی سیاسی مەحکوم کرد.

رۆمانی (زستانی گەورە) روخساری ئەنوەر خواجەی دیکتاتۆر دەکێشێت. ئەم رۆمانەم ساڵی ١٩٦١ نووسیوە، ئەو وەختە هێشتا نیوەی تاوانەکانی نەکردبوو. ئێمە ئەو کاتە باوەڕمان وابوو کەپەیوەندی پچڕان لەگەڵ سۆڤیەتدا دەستپێکردنێکی نێۆو راستە بۆ ئەلبانیا.

شایانی باسە ئیسماعیل کاتدارەی نووسەر بەفیعلی لەپلەبەرزەکانی دەوڵەتدا کاریکردووەو رێزێکی زۆری لێ گیراوە.

## سانسۆر لەسەر چاپو بەکارهێنانی (پێغەمبەری) جوبران خەلیل جوبران لادرا

چەند مانگێك پێش ئێستا لیژنەی چاودێری کتێب (کەلەمیسرا بەبەردەوامی کارناکات) بەڵام بەپێی ئامۆژگاری کۆڕی لێکۆڵینەوەی ئیسلامی ئەزهەر دەکەوێتە جووجوڵ، چاپکردنەوەو بەکارهێنانی نوسخە ئینگلیزییەکەی جوبران خەلیل جوبرانی قەدەغە کرد. ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ قەدەغەکردنی حەفتا کتێبیتر، لەوانە (تاوانێك لەسەر نیل)ی ئاجاتا کریستی، رۆمانی (لۆلیتا)ی فلادیمیر نابوکۆف کەرۆمانێکی راستەوخۆیەو زۆر بەزەقی باسی رووداوی سێکس دەکات.



رەنگە قەدەغەکردنی ئەمانە لەوڵاتێکی وەك میسرا کارێکی زۆر نائاسایی نەبێت، بەڵام ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە کتێبی جوبران خەلیل جوبران قەدەغەبکرێت کەپڕە لەرامان لەبوونو ژیان بەجۆرێك نزیك دەبێتەوە لەدنیای تەسەوفو ژیانی سۆفیانە.

لەم ماوەیەداو پاش تێپەڕبوونی چەند مانگێك بەسەر ئەم رووداوەدا جارێکی تر لەهەندێك شوێن سانسۆر لەسەر (پێغەمبەر)ی جوبران لادرا. شایانی باسە ئەم کتێبە لەتاران چاپکرایەوە.

## لەپەراوێزی مێژووی ئەردەڵاندا




(هیچ کام لەمیرایەتیەکانی کورد، ئەوەندەی میرایەتی ئەردەڵان، لەسەردەمی خۆیانو لەدوای خۆیان، لەسەری نەنوسراوەو رووداوەکانیان وابەرێکوپێکی تۆمار نەکراوە. ئەگەر مەلا محەمەد شەریف لەسەر داوای خوسرەو خانو محەمەد ئیبراهیم-ی ئەردەڵان لەسەر داوای ئەمانوڵڵاخان مێژوەکانیان نوسیبێ، ئەوا داهێنانی نەریتی نوسینەوەی مێژووی ئەردەڵان پێ ئەچێ لەسەردەمی خوسرەو خان (؟-١٢٠٦)دا داهێنرابێو، دوای ئەویش ئەمانوڵڵاخانی کوڕی (؟-١٢٤٠) درێژەی پێدابێ. ئەوان بۆ هەر مەبەستێ ئەمەیان کردبێ، بێگومان چاکەیەکی گەورەیان لەگەڵ مێژووی کورد کردووە..)

ئەم نووسینە بەرگی دووەمی کتێبێکی تری مێژوویی گرنگی نوسەری بەڕێز کاک (نەوشیروان مستەفا ئەمین)ە، لەقەوارەیەکی مامناوەندیدایەو (٧٥٠) دانەی لەچاپخانەی ئۆفسێتی بابان لێچاپکراوەو ئەم کتێبە چاپکراوێکی تری زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپو پەخشی سەردەمە ژمارە (٢٤).

ژمارەی لاپەرەکانی (١٢٥)لاپەرەن.

## گالیسکەیەک لەباران




کۆڵە شیعرێکی برای شاعیری کوردستانی ئێران (ئازاد رۆستەمی)یە.

ئەم کۆمەڵە شیعرە لەبڵاوکراوەکانی ئنتشاراتی گۆران-ە لەشاری سنە. ژمارەی لاپەرەکانی (٦٨) لاپەرەنو لە بەرگێکی قەشەنگدا چاپکراوە.

ئەم کۆمەڵە شیعرە بەشاری (هەڵەبجەی شەهید) پێشکەش کراوە.

(گالیسکەیەک لەباران) بەزمانێکی رەوانو شیرین خۆی دەنوێنێ، بەهەستێکی ناسکو شەفاف هۆنراوەتەوە، هێڵێکی خەمئامێز لەنێوەندی رستەکانا هەستی پێدەکرێت کەجوانیو بەهایەکی تایبەت دەداتە شیعرەکان، ئەم کۆمەڵە شیعرە چاپی یەکەمەو (١٠٠٠)دانەی لێ چاپکراوە.

## چاڵەی خەونی گوڵ

کۆمەڵە چیرۆکێکە لەنووسینی چیرۆکنووس (فەرزاد میر ئەحمەدی) ئەم کۆمەڵە چیرۆکە ئەم چیرۆکانەی لەخۆ گرتووە (کلیل، چاڵەی خەونی گوڵ، شەڕی وەرزەکان، کات، تەرم، قولاپ، بەفر، ئەوەی کەوام ئەزانی من بووم)

ئەم کۆمەڵە چیرۆکە هەزار دانەی لێ چاپکراوەو قەوارەیەکی مامناوەندی هەیە، ئەم کتێبە



لەکوردستانی ئێران چاپکراوە.

هیوای سەرکەوتنو بەردەوامی بۆ دەخوازین..

## ئاغاو شێخو دەوڵەت




ئەم کتێبە لەنووسینی (مارتین فـان برۆنەسـن)ەو کـوردۆ لەئەڵمانیەوە کردویتی بەکوردی، کاک کوردۆ دەربارەی ئەم کتێبە بەنرخە نووسیویەتی کەکتێبی (ئاغاو شێخو دەوڵەت) کرایە ئەڵمانیو کەوتە بازارەوە. دەستبەجێ دانەیەکم کڕیو وەك ژەمبوردەیەك بینم پێوەنا. دیتم هەرچەندە لەشێوازیدا دەچێتە خانەی لێکۆڵینەوە کلاسیکییەکانی کۆمەڵناسیەوە، بەهەق شاکارێکی بەنرخەو سەرچاوەیەکی دەگمەنو تاقانەیەو پەیاپەیدێت لە زیانیاری پڕ سوود. پێم حەیف بوو خوێنەرانی کوردی ئاڵەمانیو ئینگلیزی نەزان، لەچێژی ئەو شاکارە بەرزە فرە تەرزە بێبەشبن،..)

ئەم کتێبە ژمارەی لاپەڕەکانی (٣١٤) لاپەڕەو لەبەرگێکی قەشەنگدایەو (٥٠٠) دانەی لێچاپکراوەو زنجیرەی (١٨)ی زنجیرە کتێبی دەزگای چاپو پەخشی سەردەمە. ژمارەی سپاردنی (١٧٦)ی ساڵی ١٩٩٩ی دراوەتێ.

## سەرگەردانیەکانی پیاوێك

کۆمەڵە چیرۆکێکە مەڵبەنگی لاوانی میدیا بەچاپی گەیاندووە، ئەم کۆمەڵە چیرۆکە بریتیە لە (١٣) چیرۆك.

(کوڕی باڵندە، گوڵدانەکان دەشکێن، باوکم، گوڵەکانی شەو، مریەم، ماڵێکی زەیتونی، حیکایەتەکانی باوکم، کوشتنی تەرمەکەی پشت من، لەو ژوورەدا پیاوێك ئەژی، جیهانی هەردوو دیوی تەویلەکەم.. یان کۆماری بێ رەوشتی، پیاوی پریاسکەکە، مەمرە پیرێژنەکەم، واخ).

(فاروق هۆمەر)ی چیرۆکنووس تایبەتمەندیو شێوەیەکی تایبەتی خۆی هەیە دەربارەی چنینی هونەری چیرۆکنووسین بەردەوامە لەبەخششو شوێنی تایبەتی خۆی هەیە.. بەهیوای سەرکەوتنی




بەردەوام، شایانی وتنە ئەم کۆمەڵە چیرۆکە دەکەوێتە نێوان (١٧١) لاپەڕەو لەقەوارەیەکی مامناوەندیدا ساڵی ١٩٩٩ بەچاپگەیشتووە.

بێ لەچیرۆکنووسین فاروق هۆمەر شانۆنامەش دەنووسێتو لەبواری ئەدەبیاتی منداڵانیشدا نوسینو وەرگێڕانی هەیە.

## منداڵ چۆن فێری زمان دەبێ؟




ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکی (چنور محەمەد محەمەد)ە کە (وەکو بەشێك لەپێویستیەکانی پلەی بەکەلۆریۆس، لەزمانی کوردیدا، پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووە.)

ساڵی ١٩٩٧ نوسیویەتیو ساڵی ١٩٩٩ چاپی یەکەمی دەرچوو.

(ژمارە (١٠) پڕۆژەی پاراستنی دەستنووسەکانی چاپەمەنی زاموا، ئیاوەندی چاپەمەنیو راگەیاندنی خاك) بەچاپی گەیاندوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە نوسەر خۆی پێشەکی بۆ نووسیوەو بریتیە لە

سێ بەش، کەهەر بەشەی چەندین بابەتی گرنگی لەخۆگرتووە.


لێکۆڵینەوەیەکی زانستییەو چەندین سەرچاوەی بەزمانی عەرەبی ئینگلیزی تیا بەکارهاتووەو دەستنیشان کراوە.

ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە دەربارەی جیهانی منداڵ بەهای تایبەتی خۆی هەیەو بەهیوای سەرکەوتنی..

## دوو بەرهەمی بڵاونەکراوەی زێوەر

چیرۆکی حکومەتێکی خەیاڵیو وەرگێڕانی بەشێك لەکتێبی (من عمان الى العماديه)

کتێبێکی ترە لەبڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبیو ڕووناکبیری گەلاوێژ، ژمارە (٧)ی ساڵی ١٩٩٩ ژمارەی لاپەڕەکانی (١٠٦) لاپەڕەنو بریتییە لە (چیرۆک-




مێژوو) مامۆستا مەحمود زێوەر هێناویەتە سەر شێوە نوسینی نوێ.

ئەم کتێبە بەبۆنەی تێپەڕبوونی (٥٠) ساڵ بەسەر کۆچی دوایی مامۆستا زێوەردا هاتۆتە بەرهەم. بریتییە لە (دوو بەرهەمی بڵاونەکراوەی زێوەر)و چاپی دووهەمە.

## لەئەدەبی گەلانەوە




لەوەرگێڕان ئامادەکردنی کاك (محەمەد کەساس)ە بەقەوارەی (١٠٣) لاپەڕە لەناوەندی چاپەمەنیو ڕاگەیاندنی خاك لەچاپەمەنی زاموا بۆ پاراستنی دەستنوسەکان ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٩ بەچاپ گەیشتووە پێویستە بوترێ ئەمە نۆیەمین کتێبە کەلەلایەن برای شاعیرەوە بڵاودەکرێتەوە، وێڕای ئەوەی ئەم کتێبە زۆر بایەخی بەئەدەبی گەلان داوەو لەو ڕووەوە کتێبخانەی کوردی پێ دەوڵەمەند دەکرێ. شیاوی باسە سەرچاوەی ئەم کتێبە لەبەرنامەیەکی m.b.cەوە وەرگیراوە بەناوی (قرائات) کەد.نجم‌عبدالکریم ئامادەو پێشکەشی کرد.

ناوەرۆکی بابەتەکانی ئەم کتێبە بریتین لە(د.تەها حوسێن، عەباس محمود عەقاد، بەدر شاکر سەییاب، تاگوور، میری مەکیاڤیللی، دکتۆر فاوست..هتد).

هیوای سەرکەوتنو بەخششی زیاتر بۆ کاك محەمەد کەساس دەکەین.

## بابەتەکانی پەروەردەی نوێ

ئەم کتێبە لەنووسینی مامۆستا (فوئاد قەرەداغی)یە لەهەشت بەشی سەرەکی پێکهاتووەو لەقەوارەی (١٩٣) لاپەڕەدایەو ئەمە دووهەم کتێبی مامۆستا فوئاد قەرەداغی‌یە کەهەر ئەمساڵ بەچاپی گەیاندووەو لەهەمان کێشەی پەروەردە دەدوێ، بابەتەکانی پەروەردەی نوێ زیاتر کێشە



سەرەکیەکانی پەروەردە باس دەکات، ئاماژە بەخاڵە لاوازەکانی خوێندکارانو مەنهەجی خوێندنو پرۆسەی فێرکردن دەکات، هەروەها چارەیان بۆ دەدۆزێتەوە، دەکرێ بڵێین ئەم کتێبە وەك بنەمایەکی پەروەردە

# کتێبنما

سەیریکرێت و نوسینەکانی مامۆستا فوئاد بەو رووەوە بەهەند وەربگیرێ. هەر سەرکەوتووبێ.

## نزا سپییەکانی من




(جەمال غەمبار)ی شاعیر لەپێشەکی ئەم دیوانە شیعرییەی برای شاعیر (عوسمان شەیدا)دا دەڵێ (دڵنیام عیشق.. گەڕانەوە بۆ کانیە سیحراوییەکانی شیعر، چامەی گەورەتر بەم زاتە شاعیرە دەنووسن.. سەفەری بەژانی گەورەتری دەخەنەبەر..)

عوسمان شەیدای دەنگی شیعرێ دواساڵەکانی حەفتاکان چوار کۆمەڵە شیعری بەچاپگەیاندووە (شەختە ١٩٧٨، گرانەتا ١٩٩٢، سێبەرۆ ١٩٩٣، گۆرانی بەرگری ١٩٨٣).

شەیدا دەڵێ (ئەڵبەت ئەم دیوانە تەواوی ئەو شیعرانە نین کەلەبیست و سێ ساڵی ئەزموونی خۆمدا نووسیومن. بەلام ئەشێ ساڵانی نووسینی شیعرەکانی نێو ئەم دیوانە بەخوێندنەوەی ئەزموونی شیعریم دابنرێ..) ئەم دیوانە ناوەندی چاپەمەنی و راگەیاندنی خاک- چاپەمەنی زاموا- پرۆژەی پاراستنی دەستنووسەکان ژمارە (١٤) ساڵی ١٩٩٩، دانەیەک لەم دیوانە گەیشتە بنکەی گەلاوێژ، پیرۆزبایی لێدەکەین.

## کەمتیار




نوڤلێتێکی مامۆستا -کەریم دەشتی- شاعیرە لەقەوارەیەکی مامناوەندیدا چاپکراوە و ژمارەی لاپەڕەکانی (٧١) لاپەڕەن، مامۆستا کەریم دەشتی بێجگە لەم نۆڤلێتە خاوەنی سێ کۆمەڵە شیعری چاپکراوە، کتێبێکی ترە لەبڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژە و زنجیرەی ساڵی ١٩٩٩.

وەزارەتی رۆشنبیری ژمارەی سپاردنی (١٧١) ساڵی ١٩٩٩ی پێداوە.

## ئەم ژوورە هیچی تیانییە



ئەم کتێبە هەڵبژاردەیەکە لەشیعری گەلان مامۆستا (لەتیف هەڵمەت)ی شاعیر لەعەرەبییەوە کردوویەتی بەکوردی. لەقەوارەیەکی مامناوەندیداو (٥٠٠) دانەی لێ چاپکراوە، ژمارەی سپاردنی (٢٣٢)ی ساڵی ١٩٩٩ی وەزارەتی رۆشنبیری دراوەتێ.

ئەم کتێبە چەندین شیعری شاعیرانی گەلانی جیا جیای لەخۆگرتووە و بەزمانێکی رەوان و پاراو وەرگێڕاون، ئەم کتێبە لەبڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژە زنجیرەی ساڵی ١٩٩٩.

پرۆشه



# رەوشی ململانێ لەنێوان کۆن و نوێدا..

سیامەند هادی

ئاشکرایەلە هەموو سەردەمو قۆناغێکدا، بەهۆی سەرهەڵدانیکۆمەڵێک نووسەرو رۆشنبیری نوێوە، ململانێ دەکەوێتە نێوان ئەوانو نوسەرانو رۆشنبیرانی پێش خۆیان. لەزۆربەی خاڵی جوداییان لەجیاوازی سەردەمەوەسەرچاوە دەگرێت. لەهەموو پانتایی رۆشنبیری گەلانی جیهانیشدا ئەم دیاردەیە هەست پێدەکرێتو شێوەی سروشتی خۆی وەردەگرێت. چونکە ئەگەر ئەم پرۆسەیەبەشێوەیەکیسروشتیوبەدەوری یەکدا نەیەتەوەکایەوە، ئەوا هەموو روانینێکی نوێ بێ لەبەرچاوگرتنی پێش خۆی رەنگە بەسروشتی لەدایك نەبێت. کەواتە ئەم پرۆسەیە بەئەزموونوسودوەرگرتنولەبەرچاوگرتن بەرێوەدەچێت..بەلام بەداخەوەهەندێ جارئەنجامدەرانی ئەو ململانێیە پێکەو بنەمای خۆیان دەست دەدەن، بەشێوەیەکی دوور لەشێوازی ململانێی سروشتیورۆشنبیری، دەکەونە ململانێیەکی نائاساییەوە.. زۆربەی ئەو نووسەرانەی کەئێستا تەمەنێکیان تێپەراندووەوچەندساڵێکی زۆرە دەنووسن،لەرەوتی ئاساییو شروشتی رۆشنبیری دواکەوتوونو، ئێستاش بەباکگراوندی خوێندنەوەی سەردەمی لاوێتییان دەنووسن. ئەگەر تەماشابکەین هەندێك لەوانەچیرۆکێکی ساڵی حەفتاکانی لەتەکنیكو شێوازدا لەهەمان ئەوچیرۆکە دەچێت کەهێشتا پاکنووسی نەکردووە.! کەئەمەش گەواهی ئەو دابرانو. بچراندنە یەلەرەوشی ئاسایی رۆشنبیری. هەربۆیە ئەمانە زۆربەی کات هەموو هەوڵێکی نوێ رەتدە کەنەوەو، هەوڵەجوداکانی دەرەوەی خۆیان بەسەرلێشێواو تێکدەر لەقەڵەم دەدەن..لەلایەکی دیکە شەوە هەندێك لەو نووسەرەنوێیانەی کەبانگەشەی نوێخوازیو تازەگەری دەکەنو لەسەرەتای تێکەڵ بووندان بەجیهانی ئەدەبیو فیکری، بێ لەبەر چاوگرتنی هیچ بنەمایەك، هێڵێکی راستو چەوت بەسەر هەمووئەو هەوڵانەدا دێنن کەلە پێش خۆیاندا دراون. کاتێك باسی لەهەرلایەنێکی ئەدەبی کوردی بکرێت، ئەمانەبێ دوودڵیو لێپرسراوییەك دەڵێن کە ئەدەبی کوردی هیچی تێدانییەو کەس هیچی نەکردووە. لێرەدا رەنگە ئێمە بتوانین کەزۆر بەشێوەیەکی ئاسایی ئەدەبی کوردی لەچاو ئەدەبی هەندێك لەگەلانی دیکەدا بەلاواز لەقەڵەم بدەین، بەلام هەرگیز ناتوانین بەرامبەر هیچ رابیگرین، چونکە فرێدانی ئەو وەلامە خۆقوتار کردنو بێ بنەمایی دەگەیەنێت..دەبینین رۆشنبیرانی جیهان تاکو تەمەنیان هەڵدەکشێ، کامڵترو باشتر دەنووسن. بەلام لایئێمەرۆشنبیران دوای ئەوەی لەسەردەمی لاوێتیدا چەند هەوڵێکی باش دەدەن، ئیدی دادەبڕێنو تاکو کۆتایی تەمەنیان بەباکگراوندو تێبینی ئەو سەردەمەی لاوێتییان دەنوسنو، هیچ روانینێکی جوداش لەدەرەوەی خۆیان قبوڵ ناکەن. لەکاتێکدا ئەزمونی چەندین نووسەری جیهانییان لەبەرچاودایە.. دەبینین لەم دواییەدا (ئالان رۆب گری)ی رۆماننووسی گەورەی فەرەنسییان لەلیستی نووسەرە کلاسیکیەکاندا تۆمارکرد. لەکاتێکدا ئەم رۆماننووسە خاوەنی چەندین روانینو شێوازی نوێیە لەهونەری رۆمانداو، پێشرەوی کۆمەڵەی (رۆمانی نوێی فەرەنسی)ش بووە..!لەلایەکی دیکەشەوە ئەو نووسەرە نوێیانەی کەدەیانەوێت بەروانینێکی نوێوە بنووسن، دەبێت بەتەواوی ئاگاداری هەوڵەکانی پێش خۆیان بن، چونکە بێ لەبەر چاوگرتنی بەرهەمەکانی رابردوو، چۆن دەتوانرێت شێوازێکی جودا بەرهەم بهێنرێت. هەروەك دەبینین (رۆمانی نوێی فەرەنسی) گەلێك تازەگەری بەسەر هونەری رۆماندا هێنا، کەبەتەواوی ئەزموونی بەلزاکیتێکشکاند. بەلام کاتێك دەربارەی بەلزاك پرسیار ئاراستەی(میشێك بۆتور)دەکرێت، کەیەکێکە لەکۆمەڵەی رۆمانی نوێی فەرەنسی، دەڵێت

(ئێمە ئەو هەموو جوانییەمان لای بەلزاکەوە هێنا ...). کەواتە دەتوانین بڵێین ئەم ململانێیە لەنێوان کۆنونوێدا شتێکی ئاساییو سودمەندیشە، بەلام دەبێت هەوڵبدرێت رەوشی سروشتیو ئاسایی خۆی وەربگرێت، دەنا جگەلەگرفتو بێ بەرنامەییو هەوڵی لاوازو سەرلێشێوان، هیچی دیکەی لێ ناکەوێتەوە..!!

# بۆ نووسەران

**تکا لەنووسەرانی بەڕێز دەکەین:**

- بەخەتێکی جوان و روون بابەتەکانیان بنووسن.
- بابەتێک زۆر درێژبێت دوادەکەوێت، بۆیە داواکارین نووسینەکان چڕوپڕبن.
- ئەو بابەتەی کە بۆ گەلاوێژینوێ دەنێرن هەمان بابەت مەنێرن بۆ گۆڤارێکی تر.
- هەر بابەتێک تانەو تەشەری بۆ کەسێکی تر تیابێت، فەرامۆش دەکرێت، یاگەلاوێژینوێ رستە تانەئامێزەکانی لادەدات.
- بابەت بڵاوبێتەوە، یابڵاونەبێتەوە، نادرێتەوە بەخاوەنی.

## پۆزش

لەژمارە چواردەی گەلاوێژینوێ دا شیعرێکی برای شاعیر هوشیار ئەنوەر لەژێر ناونیشانی (وەرزەکان کۆچ دەکەن)دا بڵاوکراوەتەوە.

کۆتاییەکەی ئەم دێڕەیە (غوربەتی من غوربەتی تۆیە ل١٠٩) ئەو چەند دێڕەی دوایی پەیوەندییان بەدەقەکەوە نییە. داواوی لێبوردن لەکاک هوشیارو خوێنەران دەکەین.

گەلاوێژینوێ

## گەلاوێژینوێ

## لەسەر ئینتەرنێت

گەلاوێژینوێ پاش یازدە ژمارە جێگای خۆی لەتۆڕی ئینتەرنێتدا کردەوە. خوێنەری بەڕێز دەتوانێ لاپەڕەکانی بەم کلیل و ناونیشانەی خوارەوە بخوێنێتەوە:

http : // home. bip. net / hawre/

# وەفدی رۆشنبیرانی ئەودیو لەسەردانێکدا


رۆژی ١٩٩٩/٦/٣ کۆمەڵێك رۆشنبیرو ئەدیبو هونەرمەندی کوردستانی ئێران لەسەر داوای دەزگا رۆشنبیرییەکانی ئەمدیو سەریان لەشارەکانی کوردستان داو بۆ ماوەی حەوترۆژێك لەسلێمانی مانەوە، پاشان سەردانی هەولێریشیان کرد..

ئەو سەردانە دەرفەتێکی چاكبوو بۆ ئەوەی کۆڕو چالاکیو ئاستی رۆشنبیریو شێوەی چاپو چاپەمەنی لەنزیکەوە ببینن. یا سەردانی شوێنەوارە مێژووییەکانو مۆزەخانی شارو شارۆچکەکان بکەن. کۆڕی ئەدەبیو ئاهەنگی هونەری بگێڕن. لە بەرنامەی رۆژانەیاندا ئێوارەیەك سەریان لەبنکەی ئەدەبیو رووناکبیری گەلاوێژ داو بەگەرمی لەلایەن دەستەی نووسەرانی گۆڤاری گەلاوێژو دەستەی بەڕێوەبەری بنکەی ئەدەبیو رووناکبیریی گەلاوێژو چەندین رووناکبیرو نووسەرو هونەرمەندەوە پێشوازییان لێکراو باسی کێشەی ئەدەبو ئاستی رۆشنبیرییان لەگەڵ کرا پاشان کۆمەڵێك چاپکراوو گۆڤاریان پێشکەشکرا.

گۆڤارەکەمان هەر لەسەرەتاوە، نیازی وابوو، بەم بۆنەیەوە دۆسیەیەك ئامادەبکاتو چاوپێکەوتن لەگەڵ یەکە یەکەیاندا بکاتو کۆمەڵێك بابەتیان بۆ ئەم دۆسیەیە لێوەربگرێت، بەڵام بەداخەوە ماوەی وامان بۆ نەڕەخسا چاوپێکەوتن لەگەڵ هەموویان ساز بدەین چونکە بەرنامەی رۆژانەیان ئەو بوارەی بۆ نەڕەخسانین کەدانیشتن لەگەڵ یەکە یەکەیاندا بکەینو بەتێرو تەسەلی لەمەڕ کاروبارو بەرهەمی ئەدەبییان بدوێین. یا بابەت لەهەندێکیان وەرگرینو ئەم دۆسیەی پێ دەوڵەمەندتر بکەین. لەبەرنامەماندا بوو تەوەرێکی تایبەتی بۆ برایان: بارامی وەلەدبەگیو محەمەدی کەمانگەرو کاك عەلی فەیلی بکەینەوە تا بەتێری باسی رۆژنامەگەری ئەودیو بکەن. چەند پرسیارێك ئاراستەی چیرۆکنووسان: فەتاحی ئەمیریو عەتای نەهایی بکەین. یاخود مامۆستا سەلاح حەسەن سۆران بەدرێژی لەگۆڤاری گەلاوێژیnوێدا لەسەر کێشەی کتێبو ساغکردنەوەو بیبلۆگرافیا بوەستێت. نیازمان وابوو کۆڕ بۆ هونەرمەندان: د.قوتبەدینی سادقیو ئەحمەدی شەریفی بگێڕین. بیست پرسیارمان بۆ دکتۆر فەرەیدونی جونەیدی ئامادەکردبوو چەند بەپەرۆشەوە بووین لەدانیشتنێکدا



بارام وەلەدبەگی



جەلیل ئازادی خوان



د. قوتبەدین صادقی

وەڵامەکانیان وەرگرین. ئێمە هەر ئەوەمان بۆکرا چاوپێکەوتن لەگەڵ چوار لەو نووسەرە بەڕێزانە بکەین (محەمەدی کەمانگەر، عومەری فاروقی، ئەحمەدی شەریفی، کامبیزی کەریمی) بەداخەوە سەبارەت بەچاوپێکەوتنەکەی مامۆستا ئەحمەدی شەریفی بەباشترمان زانی بڵاوی‌نەکەینەوە چونکە وەڵامی سێ‌چوار پرسیارێکی داینەوەو دەیەها پرسیاری ترمان هەبوو بوارێکی وای بۆ نەڕەخسا کەدوا شەویش ببینین. هیوادارین لەدەرفەتێکی باشتردا چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا بکەین، یا بەهەر شێوەیەك بێت بابەتو چاوپێکەوتنی ئەو بەڕێزانەمان پێبگات.

ئەم سەردانە رووناکبیرییانە کارگەلێکی ئێجگار بەسوودن بۆیە ئاواتەخوازین بەردەوامی وەرگرن‌و بەرنامەی رۆژانەیشیان بەجۆرێك دانەڕێژرێت کەزۆر خەریکیان کات بەهاتووچۆی نێوان شوێنی حەسانەوەو سەردانی چەند شوێنێك‌و بەس؛ بەڵکو دەبێت کارێگی وابکرێت چاویان بەئەدیبان بکەوێت، بیروڕا ئاڵوگۆڕکەن، یەکتری بناسن. ئەدیبی وا هەیە دەیەها نووسەر بەهۆی سەردانێکی ئاوەهاوە دەناسێت.

بۆ مێژوویش واناوی ئەو ئەدیب‌و نووسەرە بەڕێزانە دەنووسین کەبەشداری ئەم سەردانە بوون: فەرەیدون جنیدی، (فارسەو دۆستی رۆشنبیرانی کوردە)، فەتاحی ئەمیری، حەسەن سەلاح سۆران، قوتبەدینی سادقی، عەتا نەهایی، محەمەد کەمانگەر، بەهرام ولەدبگی، عومەر فاروقی، محەمەد سالْح شەپۆل، حسێنی شەریفی، عەلی حسێن فەیلی، ئەحمەد شەریفی، حسێنی شەریفی، کامبیزی کەریمی، صلاح عەرەبی، جەلیل ئازادیخوا).

گەلاوێژینوێ

# مامۆستا محەمەدی کەمانگەر

# دەربارەی رۆژنامەگەری ئەودیو ئەدوێ

مامۆستا محەمەدی کەمانگەر کەسەرنووسەری گۆڤاری ئاوێنەیە تەمەنێکی دووردرێژی لەگەڵ کتێبو چاپو رۆژنامەگەریدا گوزەراندووە، لەگەڵ وەفدە رۆشنبیرییەکەدا سەردانی ئەمدیوی کرد. ئەمەمان بەهەلێکی چاك زانی تا لەنزیکەوە، دەربارەی رۆژنامەو رەوتی رۆژنامەگەری کوردستانی ئێران بدوێین.

● مامۆستا وەك هونەری رۆژنامەگەری لەکەیەکەوە هەست بەوە دەکرێ کەلەکوردستانی ئێراندا هونەری رۆژنامەنووسی کوردی هەیە..؟

■ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئەبێ بگەرێمەوە بۆ ساڵەکانی ١٣٢٥ی هەتاوی نازانم ئێستا زایەنێکەی چەند دەکا.. ئەوکاتەی کەکۆماری مەهاباد بەدیهاتو دامەزرا چەند بڵاوکراوەیەکی کوردی ئاراستەی جەماوەری ئەوکاتەی کوردستان کران.. بریتیبوون لەهەفتەنامەو گۆڤارو ئەو شتانە..

● مامۆستا حەز دەکەم پرسیارێکی تر بکەم پەیوەندی بەم بابەتەوە هەیە.. مەسەلەن پێش مەهاباد چیتر لەبوارەکەدا هەبوو..؟

■ بەڵێ بەڵێ دەمەوێ هەر ئەوەت عەرز کەم هەرچەند لەم دەورانەش بۆ یەکەم جار سمایل ئاغای سمکۆ دەستووری داوە رۆژنامەیەکی کوردی لەلایەن مامۆستا قزلچییەوە بەناوی کوردستان چاپ بکرێتو بڵاوبکرێتەوە..

بەرووناکی نازانین چەند ژمارە لەو رۆژنامەیە چاپکراوە.. بەس هەر ئەوەندە باسی دەکەنو ئەڵێن



قوبادی جەلی زادە — عەبدوڵلا تامیر بەرزنجی — محەمەدی کەمەنگەر — لەتیف هەڵمەت

لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتی سمایلئاغای سمکۆدا بووە کەئەو رۆژنامەیە چاپ کراوەو پێشانی سمایلئاغای سمکۆیان داوە.. سمایل ئاغا کەرۆژنامەکە دەبینێ فەرمان دەداو دەڵێ هەموو سەرۆکەکانی عەشایر کۆبکەنەوەو لەرۆژێکی دیاریکراودا یەك بگرن.. کەرۆژەکە دیاریدەکرێو هەموو دائەنیشن.. سمایل ئاغا دەستوور ئەدا ئەڵێ بۆ هەریەکەمان ژمارەیەکی رۆژنامەی کوردستان ببینێ.. رۆژنامەکە ئەهێنن هەر ژمارەیەكو لەبەردەمی یەکێکیاندا دادەنێن.. سمایل ئاغا خۆی دەس ئەباتو لیرەیەك لەسەر رۆژنامەکە دائەنێ.. پاشان سەرۆکەکانی عەشایەریش کەئەمە ئەبینن.. هەر یەکەو لیرەیەك ئەخەنە سەر رۆژنامەکە.. ئەڵێ ئەمە بایی ئەم رۆژنامەیە نییە.. ئەم رۆژنامەی کوردستانە کەبۆ یەکەمجار بەزمانی کوردی چاپ ئەکرێتو بڵاودەبێتەوە زۆر بایی‌دارترە لەو لیرەیە.. بەڵام من ئەمەوێ ئێوە بزانن ئەگەر ژمارەیەکی تری ئەم رۆژنامەیەتان بەدەست گەیشت.. نرخو بایی ئەم رۆژنامەیە تێبگەن.. ئەمە لەوکاتەدا چەند ژمارەیەکی لێ چاپ کراوە..

لەدەورانی رۆژگاری مەهابادا دیسانەوە رۆژنامەگەری کوردی لەئێراندا دەستی پێدەکرێتو.. بەدوایی هاتنی کۆماری مەهاباد رۆژنامەی کوردیش دادەخرێو ئیتر لەئێراندا بەهیچ چەشنێك ئیجازە نەدراوە بەزمانی کوردی رۆژنامەو تەنانەت کتێبیش ببێ...

● لەوەختی مەشروتەدا نەبووە..؟

■ نەخێر.. نەخێر.. تەنانەت با ئەوەشتان عەرز بکەم کەلەسەردەمی حکوومەتی حەمەرەزا شادا ئەگەر کتێبێکی کوردییان لەماڵێکدا چاوپێبکەوتایە مەئمورانی ئەمن.. لای کەم ئەو کەسەیان دووساڵ زیندانی ئەکرد.. ئەو کتێبەش کتێبێکی ئەدەبی بوایە کتێبێکی شیعربووایە.. شتێکی وا.. مەبەستم ئەوەیە تائەو رادەیە زەختەکە زۆربوو.. نەیاندەهێشت بەهیچ چەشنێ.. هیچ چەشنە بڵاوکراوەیەکی کوردی لەئێراندا ببێو زۆریان عەزێتو ئازاری ئەو کەسانە دەدا کەهەوڵی دەرکردنی رۆژنامەو کتێبی کوردییان دەدا.. تائەوکاتەی کە عبدالکریم قاسم کەلەعێراقدا حکوومەتی پاشایەتی لابردو کۆماری دامەزراند.. نەوعە تەبلیغاتێك دەستی پێکرد کەئێران ئەو هەموو کوردەی تیایە بۆچی هیچ چەشنە بڵاوکراوەو کتێبو رۆژنامەو گۆڤاری کوردی تیادا نیە.. بۆچی خوێندنی کوردی نییە.. بۆچی رادیۆی کوردی نییە.. لەدوای ئەو تەبلیغاتە حکومەتی حەمەرەزا شا ناچاربوو ئیزن بدات هەفتەنامەیەکی کوردی لەتاراندا چاپ بکرێ.. ئەو هەفتەنامەش هەناوی کوردستان بوو.. هەموو هەفتەیە رۆژانی چوارشەممە لە ١٦ لاپەڕەدا بڵاودەکرایەوە..

● لەچ ساڵێکدا دەرچوو..؟

■ ساڵەکەی ئەگەر بەهەتاوی بڵێم باشترە.. ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی لام وایە ١٩٥٩ی زایینی.. ئەم رۆژنامەیە ماوەی شەش ساڵی خایاند.. بێوچان لەچاپ ئەدراو بڵاوئەکرایەوە..

حەفتەنامەی کوردستان لەراستیدا.. بەرپرسی حەفتەنامەی کوردستان خوالێخۆشبوو بەدیعولزەمانی مەهی کوردستانی بوو کەزانایەکی ناوداری کوردبوو کەلەزانکۆی تاراندا دەرسی بەعەرەبی دەوتەوە.. زۆر ئینسانێکی تێگەیشتوو زاناو دانشمەندێکی پایەبەرز بوو. سەرنووسەری هەفتەنامەی کوردستان خوالێخۆشبوو دکتۆر صدیقی مفتیزادەبوو ئەویش لەساڵانی دوای رژێمی حەمەرەزا شای پەهلەوی.. لەزانکۆی تاراندا دەرسی بەکوردی ئەوتەوە. چەند کەسێکی تریش لەوێ کاریان ئەکرد.. حەفتەنامەیەکی باش بوو.. بەتایبەت کارێکی چاك کەلەوێدا کرا چەند بەشێکی تەرخان کرابوو بۆ زاراوەکانی سنەییو کرماشانیو کرمانجی باکوور.. بۆیەکەم جاربوو کەکاری وا ئەکرا لەئێراندا.. ئەتوانم بڵێم رەنگە تائەوکاتە لەعێراقدا کاری وا نەکرابوو کەبەو شێوەیە کەبەزاراوەکانی تریش شت بنووسرێ بەتایبەت ئەوەی کەسەرنجدرابووە سەر زاراوەی کرماشانی.. زۆرێ لەنووسەرانی کرماشان هاوکارییان لەگەڵ ئەو حەفتەنامەیە ئەکرد.

● ئەو حەفتەنامەیە ئەگەیشتە شارەکانی تری کوردستان.. ئایە خەڵك ئەیانخوێندەوە.. یا هەر بۆ ئەوەبوو دژی ناحەزانی خۆی دەریدەکرد..؟


■ پرسیارەکەت بەجێیەو تاحەوت ژمارەی ئەو رۆژنامەیە بۆ هەر کوردێك کەناسراو بوو ئەیانزانی نووسەرەو وەکو ئێوە ئەڵێن موسەقەفەو رووناکبیرە تاحەوت ژمارەی بۆ هەموو کەسێ دەنێررا.. بەس لەژمارەی هەشتەوە نەهات.. نەما.. خەڵك زۆر بەپەرۆشەوە ئەیانپرسی بۆ ئەو حەفتەنامەیە ناگاتە دەستمان چۆن بووە.. دوای ئەوە دەرکەوت سازمانی ئەمنیەت رایگرتووەو گوتوویە نابێ لەناوخۆی وڵاتدا ئەوە بڵاوبکرێتەوە.. ئەمە شتێکە بۆ دەرەوەی

وڵات.. بۆ تـەبليغاتی دەرەوەيـە.. بەيناويـەين زۆر بەدەگمەن هەندە كەسێك چەند ژمارەيەكيان دەسـت دەكەوت.. كەئەوان وەريان‌دەگرت ئـەياندا بەخـەڵكی تريش.. بەڵام زۆرتر گوايـە وەكـو كـارێكی تـەبليغاتی لەدەرەوەی وڵات بڵاويـان دەكـردەوە.. ئـەمما پـاش شەش ساڵ بێ وچە ئەو حەفتەنامەيە هـەر چاپكراو بڵاوكرايەوە.

● مامۆستا لـەيادت نييـە چ نووسـەرێك تيـايدا نووسـيبێتی؟ ئايـا نووسـەرانی كـوردی عـێراق بەشداری‌يان تيادا كردووە يا لەدەرەوەی وڵات؟

■ لـەعيراق، لـەبيرم نايـە، كەسـێك، بـەڵام نووسـەرانی ئـێران ئـەوەی كـەخۆم لـەبيرم مابـێ خواليێخۆشبوو دكتۆر عبدالرحمانی مفتی‌زادەبـوو.. ئەحمـەدی مفتی‌زادەبوو.. كەبەشی ئـايينی لـەوێدا ئەنووسـی.. شوكراللەی بابـان بوو كەئـەويش هـەر لـەوەرگێڕان‌و لەبەشـی ئـەدەبی‌دا هاوكـاری ئـەكرد.. خەسرەوی شێخ كـاندو بـوو كەبەشـی كورمـانجی باكووری بەڕێوە دەبرد.. محەمـەد سـەعيد غـەيرەتی كرماشانی بـوو.. كەبەشـی كرماشـانی‌يەكەی بـەڕێوە ئـەبرد.. ئەحمـەدی مفتـی‌زادە سەرپەرشـتی سنەيی‌يەكەی ئەكردو خۆيشی هەرشتی بەو زاراوەيـە ئەنووسی.. زۆر كەسی تر.. ئێستا لەبيرم نييـە بـەس من شتێك ئەلعان وەبيرم هاتەوە ئەمەيە من ئـەو دەم لەناوەندی دەمخوێند.. راديـۆی كرماشـان كـەوتبووە كار، لەبەشە كوردی‌يەكەيدا هەر كارم ئەكرد.. رۆژێـك برادەرێك لەكوردستانی عيراقەوە هات.. نـازانم چۆن بوو ئيجازەيان پێدابوو هاتـە راديۆی كرماشـان وتـی مامۆسـتا گـۆران ئـەمری خـوای كـردووە.. ئەمان‌بيستبوو، قسـەكە تەئسيری تـێكردم هەڵسـام هەر لەوێ شتێكم نووسی، لـەيادی مامۆستا گۆران‌و لـەكۆچی دوايـی مامۆسـتا گـۆران.. نـاوی خـۆم نەنووسـی‌و نووسـەرەكەييم دانـا بـە (كوڕەكوردێـك لەكرماشـانەوە)... نـاردم بـۆ ئـەو حەفتەنامـەی كوردستانە، چاپيان كردو دوای ئەمـە ژمـارەی پـاش ئەوە تەرخان كرا بۆ يادنامەی مامۆسـتا گۆران.. زۆر كەس شـيعرو هۆنراوەی بۆ كۆچی دوايـی مامۆسـتا گۆران وت.. ئـەتوانم بڵێم ئـەو ژمارەيـە ژمارەيـەكی تايبەتی بوو بۆ ڕێزلێنان لەمامۆستا گۆران.

● مامۆستا لەئێراندا كورد دەوری هەبووە، رۆڵـی بينيـوە لەرۆشـنبيری‌دا، بـۆ نمونـە يـەكێكی وەكـو ئەبولقاسمی لاهوتی.. گۆڤارێكی دەركـردووە بـەناوی (بێستون)ەوە وابزانم.. لەكرماشان بووە.. ئايا ئێـوە ئـەو جۆرە گۆڤارانـەی كەبەفارسـی دەرچـوون كـورد دەری‌كردوون چۆن هەڵدەسەنگێنن.



■ عەرزم كردی كورد لەئێراندا پێی خۆش بووە كەبەزمانی خۆی شـت بنوسـێ‌و بڵاويكاتـەوە.. بـەڵام مەجالی پێ نـەدراوە كـەبڵاوی بكاتـەوە.. هـەر لەبـەر خاتر ئەوەی ناچار بووە.. بەفارسی شتی نووسيوە.. ئـەوەی كەفـەرمووت بێسـتوون حەفتەنامەيـەك لەكرماشاندا بڵاوكراوەتـەوە بـەناوی بێستون كەيـەك نەفەر سنەيی دانيشتووی كرماشان بوو ناوی مـەهدی فەرەج پوور سەرپەرشتی دەكرد.

● ئەوە نيە، من هەستەكەم ناوێكی ترە ماوەيەك دەری كـردووە، لـەو وەختـەدا كەهاتۆتـەوە بـۆ كرماشـان.. رۆيشـتووە بـۆ سـۆڤيەت‌و دوايـی گەڕاوەتەوە..

■ ئێسـتا لـەيادم نييـە بـەس ئـەوە ئـەزانم كەمەهدی فەرەج پوور.. چەند ساڵ حەفتەنامەيـەكی بـەناوی بێستوون چاپ كردووە بۆ خۆشـی لەهـەر ژمارەيـەكدا سـەبارەت بـەمێژووی كوردسـتان شـتی نووسيوە بێجگە لەئەوە.. لەسنە چەند كەسێكی تـر هـاتوون‌و ئيجازەيـان وەرگرتـووە حەفتەنامـەيان چاپكردووە كەتايبـەت بـووە بەكوردسـتان، بـەڵام بەفارسی.. تەنيا شتێك كەلـەوێدا ئـەتوانم ئيشـارەتی پێبكـەم ئەمەيـە لەهـەر ژمارەيـەكدا بـەلای كەمـەوە چوار پێنج شيعری كورديان چاپ كردووە.

● بەكوردی؟

■ بەڵێ بەڵێ بەکوردی چاپیان کردووە.. ئەو ڕۆژنامانە هەرماون.. ئینسان تەماشای دەکا ڕۆژنامەیەکی تایبەتە هەمووی باسی کوردستانە.. تەنانەت هاتوون بەشێکیان دیاریکردووە لەژێر ئەم ناونیشانەدا کە -کێهاتووە بۆ تاران، کێ لەتارانەوە ڕۆیشت بۆ کوردستان- نووسیویانە فلانەکەس فلان ڕۆژ گەیشتە تاران.. فلانەکەس فلان ڕۆژ لەتارانەوە ڕۆیشتەوە بۆ سنە.. یا ڕۆیشتەوە بۆ مهاباد.. ئەمە ویستوویانە کەبەچەشنێك بڵاوکراوەیەك بێ تایبەت بەکوردستان.. باسی تەئریخی کوردیان کردووە.. باسی فەرهەنگی کوردیان کردووە.. شیعریان هێناوە.. ناودارەکانی کوردیان ناساندووە.. بەڵام بەداخەوە.. هەمووی هەر بەفارسی بووە ئیجازە نەدراوە کەبەکوردی شت بنووسن.

● ڕۆژنامەگەری سەردەمی شا چۆن بووە... ئێستا چۆنە.. جیاوازی لەگەڵ رابوردوا چیە؟

■ ناتوانین بڵێین لەسەردەمی شادا ڕۆژنامەگەری کوردی هەبووە..

● ئەزانم بەراوردکردن بۆ ئەمە زەحمەتە.

■ لەراستیدا ئێستا تۆزێ کراوەییەك هەیە لەرۆژنامەگەری کوردیدا لەئێران.. سەردەمی شا ڕۆژنامەگەری کوردی تیانەبووە، بەس ئەو شەش ساڵە نەبێ کەعەرزم کردی کەحەفتەنامەی کوردستان بڵاوکراوەتەوە.. ئەتوانم ئەمە دەستنیشان بکەم کەلەو سەردەمەدا زەختو زۆرەکە زۆربوو.. تەنانەت بۆ ئەوانەش کەبەفارسیش شتیان دەنووسی.. لەکرماشان چەند حەفتەنامەیەکی تیادابوو.. شتم ئەنووسی.. زۆرتریش تێ ئەکۆشام یا وتاری کۆمەڵایەتی بێ.. یالەسەر ناساندنی ناودارەکانی کورد بێ.. ئەمنووسی.. زۆر جار بانگیان ئەکردم کەئەو شتە چیە نووسیوتە.. بۆ ئەوەندە کورد کوردت گوتووە.. تۆ لەجیاتی ئەوە بنووسە فلانە کەسی سنەیی بوو.. فلانە کەسی سەقزی بوو.. مەبەستت لەم کوردە چییە.. تەنانەت ئێمە کەبەفارسیش شتمان ئەنووسی ئاوا رەفتاریان لەگەڵمان ئەکرد.. پێیان خۆش نەبوو بەهیچ چەشنێ باسی کوردو کوردستان بکرێ. ئەمە سەردەمی ئەو حکومەتەو ئەو وەزعیەتە...

● بەڵام ئێستا جیاوازترە..

■ بێگومان لەوکاتەوە کەشۆڕشی ئیسلامی لەئێراندا ڕوویداو سەرکەوت... کورد هەستی بەوەکرد کەئیتر ئەتوانێ بۆخۆی بەزمانی خۆی شت بنووسێو بڵاوبکاتەوە.. من باشم لەبیرە لەساڵی یەکەمی سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیدا هەر لەشاری کرماشاندا چوار بڵاوکراوەی جۆر بەجۆر بەزمانی کوردی لەلایەن خەڵکەوە دەستی پێکرا.. هەروەها لەسنەو سەقزو بانەوە مهاباد هەموو دەستیان پێکرد..

● گۆڤاری ئاوێنەتان چۆن دامەزراندو وەکو نووسەرێکی ئاوێنە چ سوودێکتان لەلایەنی پێشکەوتووی ڕۆژنامەگەری فارسی بینیوە؟

■ بێگومان بڵاوکراوەیەکی سەرکەوتووی فارسی بۆ ئێمە خۆی ئەتوانێ بۆ ئێمە ئەزموونێك بێ.. ئێمە کاتێ کەئەبینین گۆڤارێ یا ڕۆژنامەیەکی فارسی توانیویە ڕێبازێك بگرێتەبەر کەخەڵکێکی زۆرتر رابکێشێ.. خوێنەرێکی زۆرتری ببێ.. ئەمە ئێمە ئەتوانین وەکو سەرمەشق دانیشین لێکی بدەینەوە بزانین ئەوە چیئەکا.. چۆن بەم سەرکەوتنە گەیشتووە.. ئێمەش بەهرەی لێ ببەین.. لەم ڕێگایەوە کەڵکمان وەرگرتووە.. بەس.. کارەکەمان جیاوازە ئێمە لەئاوێنەدا تێدەکۆشین کەگۆڤارەکەمان گۆڤارێکی فەرهەنگیو ئەدەبیو کۆمەڵایەتی بێ لەم سێ بابەتە زیاتر ناتوانین شت بنووسین. لەبابەتی ئەدەبو وتارو شتمان زۆر پێ ئەگات لەباسی مێژوو هەروا باسی وەرگێڕانو نازانم چیرۆكو لەم بابەتەمان زۆر بۆدێ.. بەڵام لەباری کۆمەڵایەتییەوە بەداخەوە ئەو خەڵکەی لای ئێمە کەمتر شت ئەنووسن لەرۆژنامە فارسییەکانو گۆڤارە فارسییەکاندا زۆر گرنگی دراوە بەبابەتی کۆمەڵایەتیو بەراستیش لەو ڕێگایەوە ئینسان ئەتوانێ زۆر خزمەت بکات. بەداخەوە نووسەرانی کورد ئەو ڕێبازەیان نەگرتۆتە بەر زۆرتر هەر لەسەر شیعروچیرۆكو وەرگێڕانی شوێنەواری نووسەرانی دەرەوە.. یا لەسەر نووسەرە فارسەکان دەنووسن.

● ڕۆژنامەو گۆڤارێکی زۆر لەئێراندا بەفارسی دەردەچن.. ئەمە ئەدەبستانە گەردوونە ئەمە (ارغون)ە... ئەمە دونیای سوخەنە.. ئەمە معیارە.. ئێوە مەسەلەن وەکو سەرنووسەرێك دەتوانن ئەوە دەربڕن لەکامیانەوە زیاتر سوود دەبینن.. ئایا دەتوانن ناوی یەکێ لەو گۆڤارانە بێنن...!

■ وەڵاهی نازانم من زۆر لەسەر ئەو بیروڕایە نیم کەئێمە بەشوێن ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارە فارسییانە بڕۆین.. چونکە.. ئەوان ڕێبازەکەیان جیایە بەڵام وەکو ئەزموونێکی سەرکەوتوو.. ئێمە تێدەکۆشین کەڵك وەرگرین.. یانی.. چونکی هەموو ساڵێك جارێ کۆڕە جەژنێك هەیە لەئێراند پێی ئەڵێن جەژنوارەی مەتبوعات جەژنی ڕۆژنامەگەری. ئاوێنە هەموو ساڵێ بەشداری دەکا.. ئێمە ژوورێکمان پێ ئەدرێت کەهەموو ساڵێ لەگەڵ باقی گۆڤارە فارسییەکاندا لەراستیدا دراوسێین.. تێدەکۆشین ئەو ماوەیە ئەو

حەوتە یا دەرۆژەی کەپێکەوەین لەئەزموونی ئەوان زۆر کەڵك وەرگرین.. قسەیان لەگەڵ ئەکەین کەئێوە چی ئەکەن خوێنەوارتان چی ئەڵێن.. چۆن پەیوەندییان لەگەڵدا دەگرن.. چۆن ئەو ئامارە بەدەست دێنن؟ خوێنەرتان چی ئەوێ؟ لەو ڕێگایەوە ئێمە لەگەڵ ئەواندا پەیوەندی ئەگرین‌و ئیتر ئەوە نیە کەبڵێی بمانەوێ زۆر بکەوینە شوێن ڕێبازی ئەوان.

● ئاوێنە بەشێکی فارسی هەیە بایەخ بەرۆشنبیری کوردی بەفارسی دەدات ئەمە کارێکی زۆر چاکە لای ئێمە زۆر هەن بەعەرەبی بایەخ بەئەدەبی کوردی ئەدەن.. ئەمە مامەڵەکردن‌و نزیکبوونەوەیە لەرۆشنبیرانی فارسی؟

■ لەیەکەم رۆژەوە ئەو بەشە فارسییەمان بەو ئامانجە دانا کەیەکەم فەرهەنگی کورد.. هونەری کورد.. مێژووی کورد.. ناودارانی کورد.. ئەدەبی کورد.. چیرۆکنووسینی کورد بەغەیرە کورد بناسێنین.. لەو کارەشدا زۆر سەرکەوتوو بووین.. ویستمان ئەو کوردانەی کەناتوانن بەکوردی بنووسن بەڵام دەستی نووسینیان هەیەو بەفارسی ئەنووسن.. شتمان بۆ بنووسن.. پێشمان وتن ئێمە لەرۆژی ئەوەڵەوە دیاریمان کردووە لەسەر ئەم بابەتانە وتارمان ئەوێ شتی ترمان ناوێ.. زۆر جار لەنووسەرەگەورەکانی فارسەوە وتار بۆ ئێمە هاتووە.. ئەوانیش پێیان خۆش بووە.. بێن سەردانمان بکەن.. بەتەلەفۆن قسەمان لەگەڵا بکەن.. خوێنەرێکی زۆرمان لەدەرەوەی وڵات هەیە کەبەفاکس‌و بەتەلەفۆن لەگەڵ ئێمەدا پەیوەندییان هەیەو پێمان ئەڵێن کەئێمەش هاوکاریتان ئەکەین.. زۆر جار لەوتارەکانی ئەوانیش کەڵکمان وەرگرتووە.. ئەمە بێگومان هیچ بڵاوکراوەیەك ناتوانێ سەرکەوێ تا پەیوەندییەکی راستەوخۆی لەگەڵ خوێنەری خۆی‌و رووناکبیرانی ناوچەکەدا نەبێ.. ئێمە تێدەکۆشین کەئەم پەیوەندییەمان هەبێ‌و رۆژ بەرۆژیش گەورەتری بکەینەوە...

● بیروڕاتان دەربارەی رۆژنامەگەری ئەمدیو چیەو لەچ ئاستێکدایە؟

■ من تانەهاتبوومە کوردستان نەمدەزانی تا ئەم رادەیە هەفتەنامەو گۆڤارو رۆژنامە لەکوردستاندا دەرئەچێ کەهاتین بەچاوی خۆمان چاومان پێکەوت زۆر خۆشحاڵ بووین بەراستی جێی ئومێدەوارییە کەنەتەوەیەك بەم هەموو تەنگ‌و چەڵەمەو گیروگرفتەوە.. کەلەسەر رێگایەتی کاری رۆژنامەگەری لەدەست نەداوەو گرنگایەتییەکی زۆری پێداوە.. دەرچوونی ئەم هەموو بڵاوکراوەیە لەکوردستانی عیراقدا جێی رێزەو دەبێ قەدرزانی بکرێ لەو کەسانەی کەئەم ئەرکە قورسەیان خستۆتە سەرشانی خۆیان.. ئێمە لەکوردستانی ئێراندا زۆرجار دەنگوباس‌و هەوڵی فەرهەنگی‌و ئەدەبی کوردستانی عیراقمان پێگەییوە بەڵام بەم چەشنەی کەمن خۆم هاتم‌و بەچاوی خۆم دیم؟!.. بەراستی هیچ کوردێکی ئێرانی ئەوەی نەزانیوە.. ئێمە بڕۆینەوە بێگومان وەکو نوێنەرێکی کوردی ئێرانی کەهاتۆتە ئێرەو لەکاروباری فەرهەنگی ئێرە تێگەیشتووە هاووڵاتیانی خۆمان ئاگادار ئەکەین.. بێگومان ئەوانیش هەموویان دەستخۆشانەو ماندوونەبوونتان پێ ئەڵێن..

● رات چییە دەربارەی گۆڤاری گەلاوێژی نوێ‌و پێشنیارت چی‌یە بۆ گەلاوێژی‌نوێ؟

■ من کە یەکەم ژمارەی گەلاوێژی نوێ گەیشتە دەستم چاوەکانم پڕ لەفرمێسك بوون.. هۆی ئەوەش ئەمەیە کەمن کوردی نووسین‌و کوردی خوێندنەوە بەگەلاوێژ فێربووم.. من کوڕی پیاوێکم کەوەختی خۆی تەواوی ژمارەکانی گەلاوێژی لەعێراقەوە بۆ پۆست کراوەو هەمووی گەیشتۆتە دەستی‌و ئەویش لەکتێبخانەی خۆیدا وەکو شتێکی نایاب رایگرتووە.. من ئەوکات هێشتا نەمخوێندبوو منداڵ بووم.. کەچاوم کردەوە وردە وردە فێرە کوردی نووسین‌و کوردی خوێندنەوە بووم.. گەلاوێژم ناسی.. ئەتوانم بڵێم لەپاش باوکم کەیەکەم مامۆستای کوردیم بوو.. گەلاوێژ مامۆستای دووەمی من بووە. ئەتوانم بڵێم زۆرترین وەختی من بۆ فێربوونی زمانی کوردی‌و نووسینی کوردی لەخزمەتی گەلاوێژدابووە.. ئەم گەلاوێژە.. گەلاوێژی نوێ.. گەلاوێژی ئەوەڵی خستە یادمەوە، بەتایبەت ئیشارەت کرابوو کەپەیوەندییەك هەیە لەبەینی هەردوو گەلاوێژداو ئەمەم بەخزمەتێکی زۆربایەخدار هاتە بەرچاو.. گەلاوێژی نوێ باشترین گۆڤارە کەمن ئەتوانم بڵێم تائێستا چاوم پێکەوتووە.. لەهەموو بابەتێکەوە، لەهەموو جیهەتێکەوە زۆر سەرکەوتووە.

● باسی ئەوەت کرد بەهۆی باوکتەوە گۆڤاری گەلاوێژت ناسی‌و زمانی کوردی فێربووی، ئایا باوکت هیچ نووسینێکی هەبووە.. یا هیچ بەرهەمێکی لێ بەجێماوە..؟

■ بەڵێ .. باوکی من بەهەر سێ زمانی عەرەبی‌و فارسی‌و کوردی شیعری گوتووە.. بەزاراوەی هەورامیش هەر شیعری گوتووە.. تەخەلوسی –سلێمان– ە یەعنی نازناوی شیعری.. لەزۆربەی ئەو کتێبانەی کەلەسەر شاعیران‌و هۆنەرانی ناوچەی سنەو کرماشان لەچاپ دراوە یادی لێ کراوە.. بەڵام

بۆخۆی پێی خۆش نەبوو کەشیعری بڵاوبکرێتەوە تەنانەت من لەبیرمە هەر ئەو کاتەی کەگەلاوێژ چاپ ئەکرا.. خوالێخۆشبوو مامۆستا سەید تاهیری هاشمی کەدۆستی بابم بوو وەکو برا وابوون پێکەوە پێی وت من شیعرێکی تۆم ناردووە لەگەلاوێژدا چاپ کرێ.. زۆر نارەحەت بوو وتی من نامەوێ شیعرم چاپ بکرێ.. شیعرم لەوئاستەیدا نیە کەچاپ کرێو نابێ.. هەرچی وتی وەڵا ناردوومە ئەوانە.. تازە.. بەهیچ جۆرێ قەبوولی ناکەم ئەبێ پێیان بڵێی چاپی نەکەن.. پێی خۆش نەبوو شیعری چاپ بکرێ.. نازانم بۆچی.. شیعری زۆرچاکی هەیە.. بەڵام ئەیووت شیعرم لەوئاستەدا نیە.. لەسەر عەشایری کرماشان.. لەسەر عەشایری سنە، لەسەر تاریخی کوردستان.. لەسەر بیرەوەری خۆی. دونیایەکی زۆری دیبوو سەردەمی قاجارەکانی دیبوو دەورانی رەزا شای دیبوو.. دەورانی حەمەرەزاشای دیبوو.. تێکچوونی کۆماری مەهابادی دیبوو.. بیرەوەرییەکانی خۆی نووسیوەتەوە هێشتا چاپمان نەکردووە.

● وەکو رۆژنامەگەرێ.. یادێك خۆش بێ، تاڵ بێ بەلاتەوە لەیادتان مابێ..

■ وەکو بیرەوەری خۆشی یان خاتیرەی خۆشی ئەمە بڵێم، زۆرێ لەخوێندکارانی زانکۆ لەتاراندا دێنە دەفتەری گۆڤاری ئاوێنە، رۆژێ یەکێکیان هات وتی: من خۆم کوردمو یەکوردیش قسە ئەکەم.. بەس ناتوانم بەکوردی بنووسمو بخوێنمەوە.. تائێستاش هیچ کوردییەکم نەخوێندۆتەوەو نەمنووسیوە.. ئایا لەئێراندا هیچ قوتابخانەیەك نیە بۆ کوردی نووسینو خوێندنەوە.. پێم خۆشە کەئێوە یارمەتیم بدەن.. منیش وتم ئەمە زۆر ئاسانە بەتایبەت کە تۆ خوێندکاری لەزانکۆ.. هەروەها بۆم شەرحدا کەئەم رێنوسی کوردییە چۆنەو چ جیاوازییەکی لەگەڵ رێنووسی فارسیو عەرەبیا هەیە.. بزوێن چییەو چۆنە؟ ئەمانەم بۆ باس کرد.. باوەڕ بکەن لام وایە دوو سەعاتی نەخایاند ئیتر فێری خوێندنەوە نووسینی کوردی بوو.. گوتم بۆ لەپاش بیستو یەك ساڵ کوردی فێرنەبووی.. تۆ بەدوو سەعات ئەلعان کوردی فێربووی ئەتوانی بنووسیو بخوێنیتەوە.. زمانەکە زمانی خۆتە.. زۆر خۆشحاڵ بوو لەدوای ئەوە هەر بەو بۆنەوە چەند کەسێکی تر هاتنو تەقریبەن وەکو کەلاس لەدەفتەری گۆڤارەکەماندا کەلاسێکمان کردەوە.. بۆ کوردی نووسینو کوردی نووسینو کوردی خوێندنەوەی ئەو خوێندکارانە یان ئەو کەسانەی کەکوردی نازانن.. ئەوە لەو جیهەتەوە من بەراستی زۆر خۆشحاڵ بووم.. ئەوە بیرەوەرییەکی باش بوو بۆ من.. تەنانەت لەدوای بەینێك وردەوردە وای لێهات کەخوێندکارەکان ئیجازەیان گرتبوو لەزانکۆ هەفتەی رۆژێ لەسەر زمانی کورد دەرس بڵێنەوە.. داوایان کرد لەئێمە وتیان ئەبێ ئێوە بێن یارمەتیمان بدەن.. ئەمە لەرێگای رۆژنامەگەرییەوە.. بەهەر حاڵ کارێکی بەکەڵك کرا.. لەوە زۆر خۆشحاڵ بوومو ئەمە ئەتوانێ بیرەوەرییەك بێ لەم ماوەیەدا..

● من یەك پرسیارم هەیە.. جەنابی مامۆستا فەرمووی لەودیو کەهەفتەنامەی کوردستان بڵاوئەبۆوە بەچەند زاراوەیەك شتی بڵاودەکردەوە.. لەزەمانی شادا.. بەکرماشانی.. بەسنەیی.. کرمانجی..وهتد.. بەرای جەنابتان دابەشکردنی زمانی کوردی لەئەوسای ئێرانی سەردەمی شادا ئەوە وەکو پیلانێك نەبوو شا دایانابێ بۆ ئەوەی زمانی کوردی پەرتو بڵاوبێتەوەو زمانێکی یەکگرتووی ئەدەبیو رۆژنامەگەری پەیدا نەبێ کەخۆی بابڵێین ئەمە حەفتا هەشتا ساڵە پەیدابووە..!

■ جامن عەرزت کەم لەو شانزە لاپەڕەیە کەمتر لەسێ لاپەڕەی تەرخان کرابوو بۆ ئەم سێ زاراوەیە باقیەکەی هەمووی بەزمانی یەکگرتوو بوو..

● بەڵێ..

■ ئەوە ئێمە لەئاوێنەشدا ئەو کارەمان کردووەو لەداهاتووشدا درێژەی پێئەدەین.. بەس مەبەس ئەوەنیە کەئێمە بێین زمانی یەکگرتوو بنێینە لاوە یا بڵێین لەبەرامبەر زمانی یەکگرتووەوە زمانێکی تر هەیە یا هەرکەس ئەتوانێ بەزاراوەکەی خۆی دەست پێبکا.. وردە وردە ئاشنا ئەبێ.. کاتێ کەبەزاراوەی خۆی شتی نووسیو خوێندییەوە رێنووسەکە فێرئەبێ.. کەرێنووس فێربوو وردە وردە وشەکانیش فێرئەبێ.. ئەتوانێ ئەمجارە بەزمانی یەکگرتوو بنووسێو بخوێنێتەوە.. بەهیچ چەشنێ ئامانجی ئێمە لەنووسین بەزاراوەکانی تر ئەوە نیە کەبڵێین زمانی یەکگرتوو لازم نیەو پێویست نیە.. بێگومان بۆ کاری رۆژنامەگەری بۆ کتێب نووسین.. بۆ کاری فەرهەنگیو ئەدەبی ئێمە ئەبێ زمانێکی یەکگرتوومان هەبێ.. ئێمەش هەر لەسەر ئەو رایەین..

# چاوپێکەوتنێك لەگەڵ

# د.محەمەد ساڵح ئیبراهیمی (شەپۆل)

سازدانی: گاوە حاجی عزیز


بەڕێز د.محەمەد صالح ئیبراهیمی -شەپۆل- یەكێك بوو لەئەندامانی وەفدە ڕۆشنبیرییەكەی كوردستانی ئێران، ئەم زاتە یەكێكە لەوەرگێڕەكانی قورئانی پیرۆزو چەندەها كتێبی لەبواری ئایین، كەلەپوور، فۆلكلۆرا.. بەچاپ گەیاندووە. گۆڤارەكەمان بەچاكی زانی چاوپێكەوتنێكی لەگەڵدا ساز بكات.. وێڕای بەخێرهاتن سەرەتا لێمان پرسی:

وەك وەرگێڕێكی قورئانی پیرۆز خۆت چۆن دەبینیتەوە لەنێوان تەفسیرو وەرگێڕاندا؟

د.محەمەد صالح: لەراستیدا، من بۆ ئەوەی جەماوەری خەڵك لەواتاو مانای قورئان حاڵی بن هەستم بەوە كرد كەدەبێ من قورئان تەرجەمە بكەم بەزمانی كورد نەك تەفسیری بكەم.

گەلاوێژی‌نوێ/ ئایا تەرجەمەی قورئان دەقاودەق دەكرێ؟ من پێم وایە لەهەندێ شوێنی قورئاندا تەفسیری زیاتر ئەوێ نەك وەرگێڕان؟

د.محەمەد صالح/ ئەو پرسیارەی تۆ راستە بەتایبەت لەوەرگێڕاندا كەهیچ زمانێك لەراست‌زمانی تردا ناتوانێت هەموو واژەو زاراوەكان دەقاودەق وەرگێڕێتە سەرزمانە ئەصڵەكە، بەڵام دەبێ بڵێم من جاری واهەبوو تانۆ مانگ لەسەر دۆزینەوەی زاراوەیەك یا واژەیەك بۆ تەرجەمەكەی وەستاوم. بۆنمونە زاراوەی (رجماً بالغیب) سورەتی كهف، كەمن دوای گەڕانێكی زۆر لەنێو واژەنامەكانی كوردیدا نەمدۆزیەوە، بەڵام چونكە من لەزەمانی فەقێیەتیدا كتێبێكی گەورەم بەناوی (باوی كوردەواری) كۆكردبۆوەو نوسیومەو لەساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی لەچاپم داوە، ئێستا چاپی دووەمی ئەو كتێبە لەژێر چاپدایە، لەسۆنگەی ئەوەی كەمن بیرم لەواتای رجماً بالغیب دەكردەوە كوتوپڕ هات بەبیرمدا كەزاراوەی (چێولەتاریكی كوتان) هەیە لەكوردەواریدا بەتایبەتی لەزاراوەی ناسۆرانیدا، من ئەو زاراوە كوردییەم بۆ واتای ئەو زاراوە قورئانیە بەكاربرد. زۆر جاری وابوو دائەمام پاش بیركردنەوەیەكی زۆر دۆزیومەتەوە زۆرجاریش بۆم نەدۆزراوەتەوە بەناچار كەوانەیەكم كردۆتەوە واتای ئایەتەكەم لەسوورەتەكەدا روون كردۆتەوە ئابەم شێوەیە دەتوانین بڵێین وەرگێڕانی قورئان بەزمانی كوردی خۆی لەوەرگێڕانی پیتاوپیتی دووردەكەوێتەوە وەئەبێتە تەرجەمەو واتاكردن. جاری وابووە واژەیەك یا زاراوەیەك كەلەقورئاندا هەبووە وەك (طلاق) لەهەندێ جێ ناچار هەر (تەلاق)م بەكاربردووە، لام وابووە ئەم جۆرە واژانە ئەوەندە لەناو كوردا دووپات كراوەتەوە بۆتە خزمەتكاری زمانی كوردی، لەزمانی كوردیدا جێی خۆی كردۆتەوەو ناچارنین خۆتی لێ بپارێزیت، ئەم شێوە كاركردنە لەتەواوی زمانەكانی دنیادا هەیە. تەنانەت بۆ وێنە من لام وایە (تشنج) كەواژەیەكی



سەختی عەرەبییەو موشتەقاتی لیٚ سازکراوە لەبنەڕەتدا لەکوردی وەرگیراوە بەومانایە کە (تشنج) تێکەڵاوە لە (تە) کەبەمانای قوڵایی دێت (شەن) لەشێ) وەرگیراوە کەبەواتای نم هێناوەو تەڕبووەو ئەم دووپیتە لەسەر یەك بەواتای نمی هێناوەو تەڕبووەو شێی هێناوە، وەلەئاکامدا دەبێتە کێمو زوخاو چڵکاو وەجێگاکەی دێشێو ئەو بزوێنە (ە) غەیرە مەلفوزی متصل نیشانەی نیسبەتە (تەشەنە).

تەنانەت دەبێ بڵێم زۆر واژەی کوردی لەقورئاندا هەیە کەکراوەتە عەرەبی بۆنمونە (زرابیب مبثوث) ئەوە کوردییەکەی فەرشی زەربەفتە بەواتایی فەرشێکە کەنەخشو تاڵی زێڕینی تیا بەکارهاتووە، کەوابوو هەموو زمانێك شوێنیان لەیەکتری وەرگرتووە، ئەو لەم ئەویش لەمی وەرگرتووە، هەر بۆنمونە من چوومە سوید، لەوێستگەی شەمەندەفەرێکدا وەستابووم بینیم نوسرابوو (کورت) بەلاتینی منیش لەکوڕەکەی خۆمم پرسی ئەمە خۆ کوردییە. ئەویش وتی: بەڵی کوردییەو زۆر واژەی کوردی تر هەیە کەلەسویدا بەکارهاتووە بۆنمونە هەر ئەم واژەی _کورتە) بەو واتایەی کەلەکوردیدا هەیە لەسویدیشدا هەر بەهەمان واتایە. کەوابوو نیشاندرا نەتەوەکان وەلەو لەیەکیش دووربن یاخود نزیك بن لەزاراوەو زاری یەکتر کەڵکیان وەرگرتووە. جاری واش هەبووە ئەو واژانە من واتای کوردیم بۆ بەکارهێناون چونکە سیاقی رستەکە دەکرا واژەکەشی بەکوردی بنوسرێ.

گەلاوێژی نوێ/ بێگومان وەرگێڕان کارێکی قورسو گرانە بەتایبەتی بۆ تەرجەمەی کارێکی ئاوا قورسو گران کەڵکی زیاترت لەکێ وەرگرتووە؟!

د.محەمەد صالح/ دەبێ بڵێم من بەپێی ئایەتی (وما ارسلنا من رسول الاَّ بلسان قومه ليبين لهم) سورەتی ابراهیم، دەستم داوەتە ئەم کارە چونکە رابەرانو مەلایانی ئایینیو ئۆلی پێغەمبەری راگەیاندنو تەبلیغن دیتم کەهەم بەسەر زمانی قورئانو زانیارییەکانی قورئاندا وەهەم بەسەر زمانی کوردیدا دەسەڵاتم زۆرە، چونکە فەقێ بووم وەبەگوندەکانو شارەکانی بەشی سۆرانو گۆرانو ئەردەڵانو شکاكو هەرکیو بادیناندا گەڕابووم، دەستم دایە تەرجەمە کەلەڕووی ئەو ئایەتەوە کەبتوانم واتای قورئان بەرێکوپێکی، بەخەڵکی رابگەیەنم، ئایەت بەئایەت، پەڕە بەپەڕە قورئانەکەو کوردییەکەم لەبەرامبەر یەکدا داناوە تاخەڵك نیازی بەوە نەبێ بەم لاو ئەولادا بگەڕێ. خۆی سووكو ئاسان بتوانێ لەواتای قورئانەکە بگات کاتێك کەقورئان بخوێنێ.

گەلاوێژی نوێ/ مامۆستا حەز دەکەین بزانین یەکەم وەرگێڕی قورئان لەئێراندا کێیە؟

د.محەمەد صالح/ -طبری-یە کەخەڵکی تەبەرستانە کەئێستا پێی دەڵێن ئوستانی لای دەریای خەزەر (زەریای خەزەر) وەئێستا بەمەزەندەران ناودەبرێ، لەوەئەچێ (مان) ماژ بێتو (ماژ)یش لەماد) بێت کەدیارە کورد مادن دوورنییە کە طبری کوردبووەو تەفسیری قورئانی بەفارسی نووسیوە ئێستاش لەئێران زۆر کوردمان هەیە بەفارسی دەنووسن یان لەکۆندا ئێمە (بسام)مان هەیەوە (لۆکەر)یمان هەیە، ئەوانەش لەسەرەتای ئیسلامدا لەگەڵ ئەوەی کەکورد بوون بەفارسی شیعرییان وتووە ئێمە ناتوانین کوردیو فارسی لێك دووربخەینەوە چونکە زۆر لێك نزیکن.

گەلاوێژی نوێ/ ئایا راستە کەخوالێخۆشبوو -هەژار موکریانی- تەرجەمە یا تەفسیری قورئانی داناوە؟

د.محەمەد صالح/ خوالێخۆشبوو مام هەژار قورئانی هێناوەتە سەر زاراوەی کوردیو لەژیانی خۆیدا نیشانی مەلایەکی داوە، مەلاکەش وتوویەتی لەرووی زانینی قورئانەوە پێویستە تەرجەمەکە جۆرێکی وابێت تا واتاکان بەرێکوپێکی بگەیەنێ، وەئەمە بکەوێتە دەست کۆلکە مەلایان تانەو تەشەرت پێدەگەیەنن، چونکە تەرجەمەی قورئان لەگەڵ تەرجەمەی عەرەبی جیایە دەبێ سەرنجی باری نازڵبوونی ئایەتەکان بدرێ، مام هەژاریش، دەفەرموێ کەوایە قەڵەمی سووری پیابکێشە خۆت بۆم راست بکەرەوە، بەداخەوە بەرلەوەی ئەو مەلایە کارەکە رێکوپێك بکات، مام هەژار وەفاتی کرد. هەندێ کەندوکۆسپ هاتۆتە رێی، بەڵام بەهیواین لەداهاتوودا لەچاپ بدرێ.

گەلاوێژی‌نوێ/ دەکرێ بزانین ئەو مەلایە کێیە؟

د.محەمەد صالح/ مەلا (هادی مرادی)یە کەئێستا لەزانکۆی کەرەج بۆتە دەرسبێژو مامۆستاو دیارە جلکی مەلایەتی داناوە.

گەلاوێژی‌نوێ/ ئایا هەژار هەموو قورئانی تەفسیرکردبوو یاخود وەریگێڕابوو؟

د.محەمەد صالح/ بەراستی نازانم تەواوی کردبوو یان نا.

گەلاوێژی‌نوێ/ مامۆستا، یەکەم کەس کەقورئانی بەکوردی تەرجەمەکردبێ کێیە؟

د.محەمەد صالح/ وەکو دەڵێنو نوسراویشە، خانای قوبادییە کەبەشیعر قورئانی کردووە بەکوردی، وەمەلاکانی ئەوسا تەکفیرییان کردووەو لەترسا لەوڵاتی خۆی هەڵاتووەو هاتۆتە کوردستانی گەرمیان.

گەلاوێژی‌نوێ/ جەنابت هیچ ئاگاداری ئەو تەرجەمەو تەفسیرانەی تری قورئان هەیت کە لێرەو لەوێ بەکوردی کراون؟

د.محەمەد صالح/ ئەو جۆرەی کەمن دیومەو بیستومە، لەکوردستانی باکوور سەر بەتورکیا زانای ناودار (عبداللە وارلی) بەشێوەی لاتینو بەشێوەی خەتی عەرەبی کۆن تەرجەمەی کردووە، وەلەچاپ دراوە، ئێستا من دانەیەك لەو قورئانەم لەپەراوەخانەکەمدا هەیە، دیارە هەموو دەزانین زانای ناودار شێخ محەمەدی خاڵ، و زانای ناودار مامۆستا مەلا کەریمی بیارە (مدرسو ئیمام شافعی رۆژگار) قورئانیان تەرجەمەو تەفسیرکردووەو لەچاپیان داوە.

گەلاوێژی‌نوێ/ ئەی د.کامەران بەدرخان؟

د.محەمەد صالح/ ببورە دەبوو لەپێشدا بڵێین مامۆستا کامەران بەدرخانیش ئەوزانا گەورە کوردە کەنوێنەری بەرزی نەتەوەی کوردبووە لەفەرەنسا هەندێ لەقورئانی بەکوردی وەرگێڕاوەتە سەرزمانی کوردی.


گەلاوێژی‌نوێ/ ئایا ئەم تەفسیرو تەرجەمانە هیچ کاریگەرییەکیان هەبووە بۆ سەر تەرجەمەکەی جەنابت؟

د.محەمەد صالح/ بەداخەوە دەبێ بڵێم من لەئاخرو ئۆخری ئەوەی کەتەرجەمەکەی من بۆ قورئان چوبووە ژێر چاپ لەدواییدا چەند جزمێ لە تەفسیرەکەی مامۆستا (خاڵو مامۆستا مەلا عبدالکریم)م بەرچاو کەوت، چونکە من لەساڵەکانی ١٣٣٣ی هەتاوی دەستم کردبوو بەتەرجەمەو لەساڵی ١٣٥٤ تەواوم کردبوو، دوای شۆڕشی ئیسلامی گەلانی ئێران کەکتێبێکی زۆر لەدنیای ئیسلامو عەرەبەوە هاتە تاران من جارێکی تر لەرووی ئەو تەفسیرانەوە کەهاتبوونە تاران وەك تەفسیری (طنطاوی، المنار، قرطبی، روح المعانی، في ظلال القرآن..هتد) جارێکیتر هەڵەگیرم کردو رێکوپێکم کرد وەبە (I.B.M) پیت چنیم کرد وەقورئانەکەشم لەبەرامبەر کوردییەکەدا داناو بەسورەتی کتێب گرافیك تەرقیمم کردو ئامادەی چاپ بوو.

گەلاوێژی‌نوێ/ کەواتە هیچ کاریگەری تەفسیری کوردیت بەسەرەوە نەبووە؟

د.محەمەد صالح/ بەڵێ وەزیاتر لەرووی المصحف المفسر وەتەفسیر (ارشاد العقل السليم الى مزايا القرأن الكريم) کەئەمەیان ابو سعودی کورد – ئامێدی– نووسیوێتی کەبەعەرەبی دایناوە، ئەوپیاوە مەزنە لە ٨٥٢ی کۆچییەوە بۆتە مفتی دنیای عوسمانی تا سەردەمی مردن هەر لەو پلەیەدا بووەو ئەو تەفسیرەی نووسیوەو دووجار سوڵتان بایەزید جائیزەی پێداوەو ئەم تەفسیرە لەکۆبەو پەراوێزی تفسير الكبير امام فخر الرازی لەمیسر لەچاپ دراوە. من لەم دوو تەفسیرەی دوایی زۆرم کەڵك وەرگرتووە چونکە ئەم تەفسیرە پڕوتەژییە لەنوکتەی وورد ووردوجوان.

گەلاوێژی‌نوێ/ تاکو ئێستا ئەم وەرگێڕانی قورئانەت چەند جار چاپ کردووە؟



د.محەمەد صالح/تاکو ئێستا دووجار چاپبووە، جارێکیان ١٣٧٦ وەجاری دووەم ١٣٧٨.

گەلاوێژی‌نوێ/ لەسلێمانی‌دا واقاوە کەلەچاپی دووەمدا دەسکارییەك کرابێ ئایا ئەمە تاچەندە راستە؟

د.محەمەد صالح/ لەراستیدا لەچاپی دووەمەکەیدا لەئایەتی شەش سورەتی مائیدە لەبابەت دەستنوێژەوە واتای ئایەتەکە گۆڕدراوەو دەستی لێ دراوەو لەگەڵ چاپی یەکەمدا یەکناگرێتەوە، من لەم بابەتە گلەیی‌و گازەندەم کردووە تەنانەت شکایەتم کردووە.

گەلاوێژی‌نوێ/ هیچ ئاگادارییەکت هەیە لەسەر تەفسیری مەلای گەورە کەچەند جزمێکی بەچاپ گەیاندووە؟

د.محەمەد صالح/ بەداخەوە نەمدیووە وەلێ بیستوومە.

گەلاوێژی‌نوێ/ جگە لەو موفەسیرە بەڕێزانە چەند بەڕێزێکی تر تەرجەمەو تەفسیری قورئانیان کردووە من مەبەستمە زیاتر ناوی ئەوانە بلێم کەلەکوردستانی عێراقدا ئەم کارەیان کردووە بۆنمونە (ژیانی ئینسان بۆ تەفسیری قورئان) یاخود تەفسیرەکەی خوالێخۆشبوو مەلا عوسمان کەهەر ٣٠ جزمەکەی کردووە؟

د.محەمەد صالح/ دەربارەی ئەو تەفسیرە (ژیانی ئینسان بۆ تەفسیری قورئان) هیچ بەئاگانیم، بەلام دەربارەی تەفسیرەکەی خوالێخۆشبوو مەلا عوسمان، کاك حەکیم مەلا صالح چەند جزمێکی بەوێنەی خەتی بەدەستەوە بوو تابەڵکو لەئێران بۆی لەچاپ بدەن، من هەر ئەوەندە ئاشنابووم کەهەیە تەنانەت نەمزانی چاپ بوو یاخود نا، دەبێ بلێم مامۆستا (مەلا مارونوسی) ئێستا لەکەرەج پەنابەرە قورئانی لەچەند بەرگدا نووسیوەو تەرجەمەو تەفسیری کردووە، من ئەوەم زانیوە، وەلێ بەداخەوە چاپ نەبووە.

گەلاوێژی‌نوێ/ بەبەرهەمەکانتا دیارە کەجەنابتان گرنگیتان بەنوسینەوەی کەلەپورو فۆلکلۆر داوە؟ تاکو ئێستا چ کارێکت مەیسەر کردووە؟ ئایا لەو باوەڕەدایت ئەم کارانەی تۆ گەڕانێك بێت بەدوای ناسنامەدا؟

د.محەمەد صالح/ دەبێ بێژم ناسینی هەرنەتەوەو هۆزێك لەرێگای ئادابو روسومو باوی ناو ئەو نەتەوە مەیسەر دەبێو ئادابو روسوم رەسەنترین فەرهەنگو زمانو هونەری نەتەوەو گەلە. جابۆیێ گرنگیم بەباوی کوردەواری زۆر داوە، لەکاتی فەقێ‌یەتی‌دا کەبەکوردستانی خۆرهەلاتدا بۆ خوێندن بەحوجرەو فێرگەکاندا گەڕاوم ئادابو رسومو تەقالیدو باوی کۆمەلایەتی زۆرم کۆکردۆتەوە کەلەحەددی تەوسیف تێپەڕیوەو گەییوەتە ئەوپەڕی منوگرافی‌و تەحقیقو لێکۆڵینەوەی عیلمی‌و کۆمەلایەتی‌و کۆمەڵناسی‌و تائێستا دووکتێبم لەوبوارەدا بەناوی (باوی کوردەواری)وە (کۆزانی فەرهەنگو زمانی کوردی) لەچاپ دراونو دەستنوسێ زۆرم هەیە هێمان لەچاپ نەدراون. کتێبی (گەنجینەی فەرهەنگو زانین)م لە ١٣٧١ لەتاران بەکوردی لەچاپدراوە.

گەلاوێژی‌نوێ/ باشە مامۆستا تاچەندێ ئاگات لەکەلەپورناسانو نوسەرانی بواری فۆلکلۆرو باوی کوردی ئێرە هەیە واتە کوردستانی (عیراق)؟

د.محەمەد صالح/ هەندێ لەپەندەکانی مامۆستا خاڵو پیرەمێردم لایەو برێکیشم کەڵك لەوانە وەرگرتووە.

گەلاوێژی‌نوێ/ وەك دەزانین بۆ ماوەیەك گۆڤارێکت دەردەکرد بەناوی گرشەی کوردستان؟ چەند ژمارەت لێ دەرکرد هۆی چی‌بوو لەکار کەوت؟

د.محەمەد صالح/ نۆ ژمارەم لەو گۆوارە بەزمانی کوردی بەناوی گرشەی کوردستان دەرکرد خۆم هەم خاوەن ئیمتیاز، وەهەم سەرنووسەرو، بەرپرسی نووسین بووم، چونکە نووسەر کەم بوو، ناچار مەبەستەکان کەخۆم ئامادەم دەکردن جار بەنێوی (شەپۆل)و یا (زریان)و نێوی دیکەوە لەچاپم دەدان. یەکەم ژمارەی گرشەی کوردستان لە ٣٠ی مارسی ١٩٨٠ز لەتاران تا ٩ ژمارەی چاپ بووەو لەکوردستانو سەرتاسەری ئێراندا بڵاوکراوەتەوە، هەندێ هۆی لەکارکەوتنی گرشەی کوردستان کەگشت کاروبارەکەی بەئەستۆی خۆم بوو، بێپولیبوو، تەنانەت ماشێنی شۆفرلێت کەلەبن پێی خۆم بوو فرۆشتمو خەرجی لەچاپدانی ئەوم کردو هەندێ هۆی تر، جەنگی نێوان ئێرانو عێراق گرفتێکی تربوو.

گەلاوێژی‌نوێ/ مامۆستا حەزدەکەین دواپرسیارمان ئەوەبێ لەمیانەی ئەم گەشتەتاندا چۆن کەلتورو فەرهەنگی ئێرە دەبینی؟ هیوای چیمان بۆ دەخوازی؟

د.محەمەد صالح/ بەراستی هەست بەشانازی دەکەم کەئەو هەموو ئازادییە هەیە، بەتایبەت ئەو هەموو کتێبو رۆژنامەو کۆوارە بەزمانی شیرینی کوردی، ئاشتیو ئازادیو دیموکراسیو خوێندەواریو حکومەتی هەرێمو بەرزکدنەوەی ئاڵای حکومەتی فیدراڵی، ئاوەدانی، پێم خۆشە ئاوڕێکیش بەرەو رابوردوو بدرێتەوەو تابزانین کورد کێیە تاخۆمان بناسین لەخزمەت زمانو فەرهەنگو ئەدەبو هونەری کوردیدا بین چونکە هەر نەتەوەیەك خۆی بناسێ لەخزمەت خۆیو خوای خۆیدا دەبێو نابێتە پیاوی نامۆو بێگانە.

لەکۆتاییدا هیوادارم ئەم ئاشتیە بپارێزرێو توشی جەنگو براکوژیو خۆکوژی نەبین کەزیاتر لەدووهەزارو پێنجسەد ساڵە بێبەشینو خوا ئەم هەلەی رەخساندووەو مرۆڤدۆستان لەوپەڕی جیهانەوە هاتون بەهاوارمانەوەو لێبڕاون، پشتیوانیمان لێ بکەنو یارمەتیمان بدەن، تێك نەچێو رێز بۆقسەو بەڵێنو پەیمانی خۆمانو حورمەتی نەتەوەی مەزلومو دابەشکراوی خۆمان بزانینو ئاشتیو دۆستی رابگرین تاجارێکی دیکە نەکەوینە نێو کەندو کۆسپی زەمانەوە، توشی داوی نامۆو دوژمنان نەبین.

ژیاننامەو بەرهەمەکانی د.محەمەد صالح ئیبراهیمی -شەپۆل-

- ناوی تەواوی محەمەد صالح ئیبراهیمی ناسراوە بە-شەپۆل-.
- لەساڵی ١٩٣٣ لەمەهاباد لەبنەماڵەیەکی ئایینی چاوی بەدنیا هەڵهێناوە.
- سەرەتا بەخوێندنی دینی دەستی پێکردووە پلەی فەقێیەتی بەباشی بڕیوەو لەدواجاردا ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە.
- لەساڵی ١٩٦١ لەزانستگەی ئیلاهیاتو مەعاریفی ئیسلامی زانکۆی تاران دەستی کردووە بەخوێندن.
- لەساڵی ١٩٦٩ دکتۆرای لەهەمان زانستگادا وەرگرتووە.
- خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەری گۆڤاری (گرشەی کوردستان) بووە، نۆ ژمارەی لێدەرکردووە.
- تاکو ئێستا ئەم بەرهەمانەی بەچاپ گەیاندووە:
  - پەندو ئەمسالی قورئان.
  - دینو ئەدەب دووبەرگ
  - باوی کۆمەڵایەتی
  - کۆزانی فەرهەنگو زمانی کوردی
  - ژیناوەری زانایانی کورد.
  - شارە هەنگ.
  - زیندووی کوڕی بێدار/ ژیاننامەی ٣ زاناو فەیلەسوفە (ابو علی سینا، شێخی ئیشراق شێخ شهابالدین سهروردی، ابن طفیل ئەندەلوسی).
  - تەرجەمەی هەموو قورئانی پیرۆز، دووجار لەچاپدراوە.
  - نووسینی چوارجەڵدەی دیکە لەبابەت زانایانی کورد، چاپ نەکراوە.
  - زریزە زێڕین، چاپ نەکراوە.
  - داستانی یوسفو زولەیخا بەکوردیو کورتی. چاپ نەکراوە.
  - تەفسیری سورەتی یوسف-چاپ نەکراوە.
  - راپەڕینی حەزرەتی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری شاهی شەمزین- چاپ نەکراوە.
- شیاوی باسە ئێستا لەدانیشگای ئازادی ئیسلامی دەرس دەڵێتەوە وێڕای چەند دانشگایەکی تر.

# لەگەڵ مامۆستا عومەری فاروقیدا

**مامۆستا عومەری فارووقی ئەندامێکی وەفدە رۆشنبیری‌یە ئازیزەکەی کوردستانی ئێران بوو.. مامۆستا فاروقی مێژوونووسێکی ناسراوی ئەودیوەو چەندین کتێبی چاپکراوی هەیە لەبارەی مێژووی شارو ناوچەکانی کوردستانەوەو جگە لەوەش شاعیرێکی ناسراوەو شیعرو دیوانە شیعری چاپکراوی هەیەو ئەندامی یەکێتی نووسەرانی ئێرانەو بەهەردوو زمانی فارسی‌و کوردی بابەتەکانی بڵاودەکاتەوە.. بەهەلمان زانی ئەم چاوپێکەوتنەی بەکاسێت لەگەڵدا سازبکەین‌و هیوادارین خوێنەرانی هێژای گۆڤاری گەلاوێژینوێ کەڵکی لێ وەربگرن.**

● سەرەتا بەخێرهاتنت دەکەین‌و هیوادارین کاتێکی خۆش لەهەرێمی ئازادکراوی کوردستاندا بەسەر بەری..

لەکوردستانی عێراقدا گەلێ مێژوونووسی ناودار هەڵکەوتوون لەوانە ئەمین زەکی بەگ.. هەروەها دکتۆر کەمال مەزهەرو مامۆستا گیوی موکریانی‌و دکتۆر کاوس قەفتان گەلێ شتی تەرجومە کردووە لەروسی‌یەوە، لەبارەی مێژووی کوردەوە.. هەروەها دکتۆر جەمال رەشیدو گەلێ کەسی تر.. ئێمە لەوانەی کوردستانی ئێران تەنها ئاگاداری شەرەفخانی بەدلیسین کەشەرەفنامەی بەفارسی نووسیوە.

■ ئەویش کوردستانی ئێران نیە.

● ئایا لەدوای ئەوکەسانەی کەلەبواری مێژوونووسیدا هەڵکەوتوون مێژووی کوردستانی ئێرانیان نووسیبێتەوە؟

■ خۆم بەبەختیار ئەزانم ئەو هەلەم دەستکەوت‌و دەشێ ئەوە بڵێم من لەرۆژێکەوە کەئەم کیانە دامەزراوە تەواوی ئاواتی من ئەوە بوو کەبێم رۆژێ بێم حەتتا بەرێبواری حەتتا بەقاچاخی بێم تەواوی ئەم شارانە ببینم‌و بارودۆخی نیزامێکی کوردی‌و کیانێکی کوردی ببینم.. خۆشبەختانە بەهەوڵ‌و تەقەلای حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و موافەقەتی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەو هەلەم بۆ رەخسا کەلەگەڵ وەفدێکی روناکبیرانی کوردستانی ئێران بێمە ئێرە. هەموو شتەکانم لەنزیکەوە دیوەو زۆر رێزیان لێگرتووین، من لەسەرەتادا سوپاسی حکومەتی هەرێم ئەکەم بەهەموو دەزگاکانیەوە.. بۆ ئەو رێزلێنانە.. بەڵام سەبارەت بەپرسیارەکەت.. بەڵێ من ئەوەی کەفەرمووت ئایا لەکوردستانی ئێران مێژوونووس هەیە ئێمە لەکوردستانی ئەودیودا. مەرحوومی رەشید یاسەمیمان هەیە.. (فخر الکتاب)مان هەیە کەکوردستانی نووسیوەو حیشمەتوڵڵای تەبیبی لەسەر نووسیوە.. مەرحوومی مەستوورە خانمی ئەردەڵانمان هەیە کەمێژووی ئەردەڵانی نووسیوە.. هەروەها کەسانێ وەکو من.. یاوەکو (سەید محەمەدی سەمەدی) کەمێژووی مەڵبەندەکانی مەنتیقەکانی خۆمانی نووسیوە.. ئەلعان من خۆم یەکێ لەوانەم کەتاریخی مەنتیقەی سەقزم لەدوو بەرگدا تایبەت چاپکردووە.


● بەزمانی کوردی یا فارسی؟

■ نەخێر بەفارسی نووسیومە.. بەڵام شیعرەکانیم بەکوردی نەقڵ کردووە ئەلەوێشدا مەبەستم بووە.. ئێمە.. وڵاتی ئێران وڵاتێکی

فرەگەلە.. ولاتێکە عەرەبی تیایە گێڵەکی تیایە، بلووجی تیایە.. ئازەری تیایە.. فارسی تیایە زمانێکی هەیە کەزمانی فارسی‌یە، یانی زمانی فارسی هەم کورد ئەیزانێ.. هەم نەتەوەکانی تر ئەیزانێ.. ئێمە سەرەتا کەئەم شۆڕشە دەستی پێکرد بەداخەوە هەندێ تەبلیغات‌و ئەوانە لەبارەی کوردستانەوە گێڕرابوو.. کەکاکە ئەو کوردانە وان‌و وان‌و وان‌و ئەمانە کاتێ هاتن من لەگەڵ بڕێ لەبرادەرانی پاسداردا کەئەوانە واقیعەن ئازابوون‌و نزیکی ئێمەیان کردو وتیان ئێوە فەرهەنگین‌و ئێمە وەزعەکە وائەبینین چۆنە.. من پێم وتن کاکە شەرت هەر ئەوە نیە ئێوە ئەڵێن ئێمە هاتووین لەژێر قورئاندا حەوت جار رەت بووین.. وتوویانە کاکە ئەلعان سونە سەرتان ئەبڕن‌و واتان لێ ئەکەن. ئێمە دارای تەمدونین.. دارای شارستانین.. دارای مێژووین..و ئێمە ئەوەی کەیەك میللەت گەرەکیەتی هەمانە.. مەسەلەن ئێمە لیباسمان هەیە.. ئێمە زمانمان هەیە.. ئێمە مێژوومان هەیە.. ئێمە ولاتمان هەیەو ئێمە نەتەوەیەکین کەموهاجر نین.. ئێمە لەسەرەتاوە لەولاتی خۆماندا دانیشتووین‌و مردووین‌و ژیاوین.. سنوورەکانمان پاراستووەو ئێستاش هەر دانیشتووین.. نەبۆ هیچ کوێ چووین‌و نەلەهیچ کوێشەوە هاتووین. قەناعەتیان کرد.. ئەو وەختە من کەئەو کتێبانەم بەفارسی نووسی.. ئەلعان فارسەکان ئەیخوێننەوە لەئێرانداو ئەمە بووە باعیسی ئەوەی کەزیهنییەتیان گۆڕاوە لەبارەی کوردستانەوە.. نەك هەر هەولی من هەولی ئەوانەی تریش.. چونکی ئێمە لەکوردستانی ئێراندا خوێنەری فارسیمان زۆرترە تاخوێنەری کورد.. بەداخەوە.. خوێنەری کوردیمان هەتاوەکو ئەم شۆڕشی ئیسلامی‌یە.. نەبووە.. لەبەر خاتری ئەوە رژێمی شا ئیجازەی نەدا بەکورد کەبەکوردی بنووسن‌و بەکوردی بخوێننەوە.. بەلام لەرۆژێکەوە کەکۆماری ئیسلامی ئێران هاتووە.. ئەو ئیجازەی داوە کەگۆڤاری سروە دامەزراوە. گۆڤاری ئاوێنە دامەزراوە.. ئیجازەی چاپی کتێبی کوردی ئەدرێ. من خۆم تائێستا دە بەرگ کتێبم چاپ کردووە.. کەچواری کوردی‌یەو شەشی فارسی‌یە.. هەم کورد ئەیخوێنێتەوە هەم فارس ئەیخوێنێتەوە..

● حەز دەکەین ناوی کتێبەکانت بڵێی..

■ کتێبەکانم بەگوێرەی ئەوەی کەئەندامی کانوونی نووسیندەگانی ئێرانم لەجەرەیانی شۆڕشی



ئیسلامی ئێراندا شانازی ئەوەم پەیداکرد.. بەموعەڕەفی چەند نەفەر لەکەلە ئەدیبانی فارسیم دی‌و لەبەر ئەوەی کەمن لەگۆڤاری فیردەوسی‌دا ئەو وەختە من شتم ئەنووسی لەنگین‌دا ئەمنووسی لەسوخەن‌دا ئەمنووسی بەلێ لەبونیادا ئەمنووسی..و شیعرەکانم چاپ ئەبوون لەوێ منیان قبووڵ کرد بەئەندامی کانوونی نوسیندەگانی ئێران. وەختی من چوومە کانوونی نوسیندەگانی ئێرانەوە.. سێ‌و چوار کوردی تیابوو وەکوم مەرحوومی عەزیزی یوسفی.. وەکو ئیبراهیمی یونسی.. وەکو یاقووتی.. وەکو عەلی ئەشرەفی دەروێشیان‌و محەمەدی قازی.. حەتتا محەمەدی قازی لەهەلبژاردنی دوایی‌دا چووە ناو ئەوانەی حزبی توودەوە.. ئینسحابیان کرد.. بەلام ئێمە ماینەوە.. جا لەبەرخاتری ئەوە من یەکەم کتێبم (ئینتشاراتی رۆزبەهان) لەتاراندا چاپی کرد.. کتێبی شیعرەکانم بوو.. شیعرەکانی‌نیماییم.. بەناوی (فصل سنگین غوربت)

● شیعری خۆت بوو؟

■ شیعری خۆمە.. سالی ١٣٥٧ی هەتاوی ئەو دەزگایە بۆی چاپکردم.. سالی ١٣٥٨ بەشێکی تری شیعرەکانم چاپکرا بەناونیشانی (ئاوازهای جنبشی) واتا شیعرەکانی ئنقلاب.. ئەویش (ئینتشاراتی

ئەرەس) چاپی کردووە لەتاران.. ئەمجار کتێبێکی شیعری کوردیم چاپ بوو بەناوی (بانگەواز..) دوای ئەوە کتێبێکی ترم چاپبوو بەناوی (رێگای ژیان) هەر بەزمانی کوردی.. رێگای ژیان.. شیعری شانۆیی بوو، ئینجا مێژوویەکم چاپ بوو لەتەرەفی ئینتشاراتی شەرقەوە لەتاران.. بەناوی (نیگا بەتاریخو فەرهەنگی کوردستان..)

● لەساڵی چەندا؟

■ لەساڵی ١٣٦١ی هەتاوی‌دا چاپ بووە لەتاران. کتێبێکە کەمە وەلیٚ فەوقەلعادە تەرەفداری بوو، فەوری لەبازاڕدا نەما، ئەلعانیش دەسناکەوێ.. پێم وابێ لای خۆم یەك دوو دانە ماوە.. هەر لەو زەمانەدا کەدکتۆر فوئاد مەعصوم هاتە سەقز من نوسخەیەکم لەرێگای ئەوەوە تەقدیمی مامجەلال کرد.. ئەو رۆژەش لەمیوانداری‌یەکەدا لێم پرسی فەرمووی کتێبەکەی پێ گەیشتووە.. دوای ئەوە کەسروە دامەزراو ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەیووبی دامەزرا من کتێبێکی ترم چاپکرد بەناوی (یاداشتەکانی کوردستان) کەخاتیراتی مەرحوومی شێخ رەئووفی زیائی بوو... شێخ رەئووفی زیایی بیرەوەری‌یەکانی خۆی دایە من.. شێخ رەووف یەکێك لەنزیکەکانی شێخ مەحمود بوو.. لەشۆڕشی شێخ مەحمودا بەشداربووە.. ئەو شتانەی کەئەو هاوردوویەتی.. مامۆستا ئەحمەد هەردی کەلەسەقزدا بوو خوێندیەوە، فەرمووی ئەم شتانەی کەلەم کتێبەدا هاتووە لەهیچ سەرچاوەیەکی تری کوردستانی‌دا نیە.. یەعنی ئەوەندە نزیك بوو لەشێخ مەحمودەوە ئەوانەی نووسی بوو.. من ئامادەم کردو ئینشاراتی سەلاحەدینی ئەیووبی چاپو بڵاوی‌کردۆتەوە. پاش ئەوە لەساڵی ١٣٧١ی هەتاوی‌دا من یەکەم جەڵدی کتێبی سەقزم بەناوی (نیگاە بەتاریخو فرهنگ سەقزی کوردستان) لەلایەن (ئینتشاراتی محمدی)یەوە چاپو بڵاوکرایەوە.. لەهەزارو سێسەدو حەفتاو پێنجی هەتاویشدا خۆم بەرگی دووەمی ئەو کتێبەم چاپ کرد.. ئاخرین کاریش کەئەلعان چاپ بووەو لەبازاڕدایە بەناوی (تذکری صلحائی منطقەی سەقزی کوردستان)ەو خۆم چاپم کردووەو ئەویش ئەلعان ئیستقبالێکی فەوقەلعادەی لێکراوەو پێم وابێ سەددانەیەکم مابێو لێرەش چەند دانەیەکم لیٚ دایە بەعەزیٚ برادەران.

ئەلعانیش کتێبێکم لەژێر چاپدایە بەناوی (شیعری کوردی لەسەرەتاوە تا ئەمڕۆ) ئەم کتێبەم بەکوردی نووسیوە لێرەدا من تاریخی شیعری کوردیم نووسیوە، یەعنی کارێکە کەنەکراوە..

● تا چ سەردەمێك؟

■ لەبلوێری شوانەکانو لەزوومرەی ئاوێستاوە من نووسیومەو هاوردوومە هەتا ئێستا تەبەقەبەندیشم کردووە (شیعری هەجائی.. شیعری سروشت.. شیعری شۆڕش.. شیعری نیشتمانی.. شیعری ئایینی.. لەهەریەکێ لەمانە من نموونە هایشم هاوردۆتەوە..

● هی هەموو کوردستانەکانە..؟

■ هی هەموو کوردستانەکانە.. هەروەها من لەپاشکۆدا شیعری لەتیف هەڵمەتم هێناوەتەوە بەناوی –بتانەوێو نەتانەوێ ناڵی رۆژێ بۆ شارەزوور دەگەڕێتەوە– من نەك ئەوە.. شیعری گەلیٚ شاعیری ترم بەنموونە هێناوەتەوە.. هی مامۆستا شێرکۆ بێکەسیشی تیایە.. هینەکەی ئەحمەد موختاری تیایە.. زۆری تری تیایەو پێم وایە ئەمە کارێکی باشە.

● ئەوەی ئەحمەد موختار کامیان؟

■ دێتە گوێم دەنگێ بەشینو ناڵەو گریانەوە.. هەروەها شیعرەکەی فەوزی تیایە کەبۆ مەرگی ئەتاتورکی داناوە کەئەڵێ: رۆحی ئەتاتورك چوو بۆ جەهەنم.. یەعنی واتا رۆحی ئەتاتورك چوو بۆ جەهەنمی کردووە بەمادەی تاریخی مردنی ئەتاتورك..

هەروەها یەکێتر لەکارەکانم (ئیسنادی سیاسی کوردستان لەعەهدی قاجارو پەهلەوی‌دا) ئەمە کارێکە من چوومەتە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران من ئەمەم بەدەنگی ئەمریکاش راگەیاندووە.. دەنگی ئەمریکا لەگەڵما چاوپێکەوتنی کردووەو لەدوو هەفتەدا بڵاوبۆتەوە.. لەرادیۆی ئەمریکاوە.. چومەتە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران ئەوەی ئەسنادی لەبارەی کوردستانەوە بێ لەعەهدی قاجارەوە لەمیری رەواندزەوە.. دەرم هێناوەو تەبەقەبەندیم کردووە.. فۆتۆکۆپیم کردووە..و نەقڵم کردووە.. ئەمەش لەژێر چاپدایە.. جا من چیم کردووە.. مەسەلەن سەنەدێك هەیە لەبارەی میری رەواندزەوە. تەماشا ئەکەم سێ دەوڵەت بەفەرماندەیی (کاپیتان

شێت) بەسیج کراون بۆ ئەوەی میری ڕەواندز لەناو بەرن. لێرەدا من تەفسیرم نووسیوە بۆی.. بۆ کابرای فارسی.. کەکاکە میری ڕەواندز کێ بووە.. شۆڕشەکەی چۆن بووە ئەمجارە بەڵگەکەم هێناوەتەوە.. بۆ شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا هەر بەوجۆرە.. بۆ گشت شۆڕشەکانی کورد هەڵوێستی دەوڵەتی ئێران چۆن بووە لەوەزارەتی خارجییەدا هەیەو هاوردوومەتە دەرەوە. کاری تریشم زۆرە.. لەوانە –خولیای گیان– کەئەویش مەجموعەی شیعرەکانمەو ئامادەی چاپە.

● مامۆستا.. جەنابت دیارە لەدوو هێڵی سەرەکیدا کارەکانت ئەنجام ئەدەی.. هێڵی مێژوو.. هێڵی شیعر.. بەرای جەنابتان شیعری کوردی لەکوردستانی ئێراندا تاچەند پێشکەوتووەو تا چەند توانیویەتی سوود لەو پێشکەوتنە وەرگرێ.. کەشیعری فارسی پێگەیشتووە.. بۆ لەکوردستانی ئێراندا لەوانەی کەشیعر بەکوردی ئەنووسێ شاعیری گەورە هەڵنەکەوتووە لەئاستی سوهرابو ئەحمەدی شاملوو فروغدا؟

■ ئەوە تەبلیغاتێکە کراوە بۆ ئەوانە.. نا وانیە من خۆم لەکاتی ئاوارەگی.. کوردەکانی ئەمدیوو ئەودیوا نامەیەکی سەرگوشادەم نووسیوە بەناوی نامەیەکی کراوە.. بۆ ئەدیبانی ئێرانی.. نامەیەکی کراوە کەلەگۆڤاری ئاوێنەدا چاپ بووە.. لەگۆڤارەکانی دەرەوەی وڵاتدا چاپ بووە لەدانیمارکو لەملاو لەولا من ئەدیبانی فارسم کوتاوە وتوومە کاکە تۆ ئاغای شاملۆ شیعرت بۆ ئەفەریقای جەنووبی داناوە.. شیعرت بۆ زامبیا داناوە.. بۆ مەکسیك داناوە.. کەی تۆ لەشیعرێکدا ناوی کوردت بردووە.. من ئەوانەم مەحکوم کردووە.. ئەوانە با شیعریشیان بێ.. ئەوانە شیعرێکی بۆرجوازین. شیعرێك نین کەلەدڵی میللەتدا بن.. من شاعیرمان هەیە لەئێراندا شاعیری زۆر باشمان هەیە بەڵام من.. چەشنێکی تر سەیری شیعر ئەکەم.. چوون.. شیعر لەدیدی منەوە.. شیعرێکە کەکۆمەکی تاریخ بێ.. ئێمە کاکە هێشتا مێژوومان بۆ نەنووسراوە.. من وەختێ تەماشای شیعرێك دەکەم.. لەرووە مێژوویەکەیەوە بۆی دەچم.. وەختێ شیعرەکەی مەلا حەمدوون دەخوێنمەوە کەباسی ئەوە دەکا تەیارە دەسووڕایەوەو کەریان بەسوخرە ئەگرتو ئەوە چیان ئەکردو چییان ئەکرد.. تەماشا ئەکەم ئەمە کەرەستەی مێژووە بۆ داهاتوو.. هەروا شیعرەکەی جەنابی لەتیف هەڵمەت کەدەڵێ نالی ئەگەڕێتەوە بۆ شارەزوور.. تەماشا ئەکەی کەرەسەیە بۆ مێژوو.. هەروەها شیعرەکەی نالی.. خۆی ئەڵێ ئادەی کاکە نامەکەم بەرن بۆ شارەزوور بزانن لەوێ چ باسە.. بەس وادیارە لەو قۆناغەدا خەبەرێك بووە.. کەئێمە ئەکەوێنە شوێن ئەوان.. هەروەها شاعیری گەورەشمان بووە.. وەکو هەژار.. وەکو هێمن.. وەکو حەقیقی هەروەها شاعیرانی جوانمان هەیە ئەلعان کارەکانیان جوانە.. ئەوە ناکرێ من ئەوە بسەلمێنم کەتۆ گوتت ئێمە لەبەرانبەری شاعیرانی فارسدا شاعیرمان نیە.

● ئەوەندەی شاعیرانی فارسی ناسراون ئەوەندە شاعیرانی کوردی کوردستانی ئێران نەناسراون؟

■ ئەوە شتێکی زۆر جوانە.. خاڵێکی جوانت وروژاند.. جا من عەرزت کەم.. ئەوە نەبوونی ئیمکاناتە.. بۆچی.. ئایا لەوێ لەئێراندا شیعری فارسی تەقوییە دەکرێ.. وەلێ شیعری کوردی بواری چاپکردنی کەمە ئێمە تریبۆنیکمان نیە.. کوردی بێچارە تریبۆنێکی نیە قسەی لێوەبکات.. ئێمە گۆڤارێکمان هەیە بەناوی سروە.. گۆڤارێکی نیم بەندی، بێژین ساڵی دوو ژمارە دەردەچێ.. هەروەها گۆڤارێکی دی لەوجۆرە بەناوی ئاوێنە.. ئاوێنەیش هەیە بەڵام وابزانم ئەویش پێم وابێ ئیتر دادەخرێ.. دەی کاکە ئێمە لەکوێ قسە کەین.. شاعیری کوردی ئێرانی لەکوێ قسە بکا.. لەئێراندا نزیکەی شەشسەد، حەوسەد دانە گۆڤار دەردەچێ بەزمانی فارسی.. ئەو برادەرە فارسانە ئیمکانیاتیان هەیەو قسەکانی خۆیان ئەکەنو شیعری خۆیان چاپ ئەکەن.. وەلێ کوردی بێچارە لەکوێدا شیعرەکەی خۆی چاپ بکات.. ئەوان تریبۆنیان هەیەو ئێمە نیمانە..

● بواری ئیشکردنی جەنابتان شیعرو مێژووە.. جەنابتان چۆن سەیری پەیوەندی نێوان مێژوو شیعر ئەکەن..؟

■ ئەڵێم شیعر ئەتوانێ.. وەکو چۆن ئەلعان ئەو کۆنەناسانە کەدیزەیەك لەکێوێکدا ئەدۆزنەوە بەدووخەتێ کەیەکێ نووسیویەتی.. چۆن مێژوو ئەدۆزنەوە.. چۆن ئەو سواڵەتانە پەیدا دەبێو

لەرێی سواڵەتانەکانەوە تاریخی تەمەدون پەیدا ئەکەن.. بەشیعریش پەیدا ئەبێ.. یانی شاعیرێك دەبینی سەردەمێك بەجەرەیانی سەردەمی خۆی موتەئەسیر ئەبێ.. شیعرێك دائەنێ‌و ئەو شیعرە ئەبێتە کەرەسە بۆ مێژوو.. ئێمە ئەبینین هەروەکو شیعرەکەی ئەحمەد موختار یاوەکو شیعرەکەی ئەحمەد هەردی یاوەکو شیعرەکەی مەلا حەمدوون.. یاوەکو شیعرەکەی شێخ رەزا.. لەبیرم دێ سولەیمانی کەدارلمولکی بابان بوو.. ئەوانە کاکە هەموو کەرەسەی مێژوون.. من وائەڕوانم.. شیعر هەیە بۆ موناسەبە دانراوە.. بۆ وەفات دانراوە.. مەسەلەن شیعر هەیە مامۆستا هێمن داینـاوە بۆ رووخانی کۆماری مەهاباد.. کاکە ئەوە هەر ئەمێنێتەوە.

● لەم ماوەیەدا ئێمە شتێکمان بینی لەجەریدەیەکدا لەدەرەوە دەردەچێ.. شیعرێکی تیا بڵاوکرابۆوە گوایە مامۆستا هێمن بۆ شای نووسیوە.. ئایە ئەوە تا چ رادەیەك راستەو ئێوە ئاگاتان لێیە؟

■ نەخێر ئەو شیعرە کەمامۆستا هێمن نووسیویەتی راستە.. بۆ شای نەنووسیوە ئەوە شیعرێك بوو کەزەمانێ رەزا پەهلەوی وەلی عەهدی ئێران.. لەدایك بوو مامۆستا هێمن لەو دەورەدا دانیشتبوو لەماڵی خۆی.. لەدێیەکەی نازانم شیناوێیە کوێیە.. کەلەوێ دانیشتبوو وەلی عەهدی ئێران (کەمتە وەلید) بوو لەو وەختەدا ئێران کەوتە خۆشی‌و جەژن کەوا شا کوڕی بووە.. جێنشینێتی.. مامۆستا هێمنیان ناچار کردووە ئەو شیعرە بڵێ.. مامۆستا شیعرەکەی گوت‌و شیعرەکەیشی زۆر بەهێزو مەحکەمەو لەو زەمانەشدا کەرادیۆی کوردی لەتاراندا بوو.. شوکروڵای بابان‌و ئەوان کاریان لێ ئەکرد.. ئەو شیعرە بڵاوبۆوە لەوێوە بەناوی محمد ئەمینی شێخولئیسلامی‌یەوە.. بەڵێ شیعرەکەی وت بەلام حەتتا مامۆستا هەژار لەکتێبی بۆ کوردستان‌دا ئەوەی وتووە.. (هێمن چیت کرد بێ‌من) ئەوەیە لەگەشتێکی بۆ موکریاندا.. بەڵێ ئەوە هەیە قوربان بەغەڵەتێکی گەورەی زانی.. ئەو وەختە مامۆستا هێمنیش جوابی دایەوە کەکاکە تۆبۆخۆت لەوێ دانیشتووی ئاگات لەدەردی من نییە هەتا جەرەیانی شەریفزادە جەرەیانی شەهید بوونی شەریفزادەو ئەوان پێش هات.. ئینجا حکوومەتی شا پەی پێبرد کەنەخێر مامۆستا هێمن کەئەو شیعرەی وتووە ئەوە لەناخی دڵەوە نەیوتووە.. ئەوە لەژێرەوە پەیوەندی لەتەك ئەواندا هەیە.. چی کرد.. ناچار هەڵات.. هەڵات‌و لەکارەکەی پەشیمان بۆوە.. لەتاریخی موبارەزاتی ماتریالیستی‌دا یان مەسەلەن کۆمۆنیستی‌یەکاندا بەو شتە ئەڵێن مان لەپێناوی جەنگدا.. واتا گەرەکیەتی بمێنێ.. لەسەنگەری خۆی‌دا بمێنێ.. ئەگەر جار جارێك (نووچێك) بدات.

مامۆستا هێمن لەژێرەوە کاری ئەکرد.. کۆمەکی شاخەی شۆڕشگێڕی حزبی کوردستانی ئێرانی دەدا.. بەلام ئەوەشی وت بۆ ئەوەی بێدەنگ بن لێی.. بەناوی محەمەد ئەمینی شێخولئیسلامیشەوە وتی بەلام مامۆستا هەژار.. مەنکوبی کرد.. مامۆستا هەژار پێی وت تۆ چیت کردووەو بۆچی‌و ئەوانە.. بەشەهید بوونی شەرەفزادەو موعینی‌و ئەوانە مامۆستا هێمنیش بۆی دەرکەوت.. ئیتر نەگەڕاوە هەتا شۆڕشی ئیسلامی رووی‌دا.

● مامۆستا جەنابتان باسی ئەوەتان کرد.. کەئەندامی یەکێتی نووسەرانی ئێرانن.. نووسەرانی ئێران لەدوای شۆڕش دامەزرایەوە.. دوای ئەوە وەستا. ئێستا چۆن دروست کراوەتەوە.. کێن ئەوانەی کەدروستیان کردۆتەوە..؟

■ کاکەگیان کانوونی نووسیندەگانی ئێران کانوونێکی دیموکراتی‌یە.. کانوونێکە، لەوێ تەنها نووسەران‌و هونەرمەندانی ئەهلی قەڵەم ئەتوانن بەئیعتباری قەڵەمەکەی خۆیان ببن بەئەندام.. کانوون کاری نەدراوە بەوە کێ سەر بەچ حزبێکەو چ رێکخراوێکە.. بەلام لەجەریانی ئینقلابدا دوای هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٥٨ی هەتاوی هەر لەوێ سوخەننامەیەکی موفەصەڵبوو لەبارەی کوردستانەوە.. وەئەلعان شریتەکەشی هەیە.. لەوێ هەڵوێستی دیار لەلایەن حزبی تودەوە بوو ئیحسانی تەبەری هەڵسا هاتە ناو کانوونەوە بەیارمەتی کیاوەشی کسرایی. هاوردیان لەوێ قسەی‌لا کرد.. لەوێ کەقسەی کرد حەسەنی حیسام هەڵساو وتی: ئاغای تەبەری.. تۆ خەریکی ئەبی بەئایتوڵا.. ئەو وەختە حزبی تودە هات چی کرد.. وەختێ کەکانوونی نووسەرانی ئێران.. بەیاننامەیەکی نووسی داکۆکی لەمافی رەوای میللەتی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافی فەرەنگی‌و ئازادی نووسین‌و رادەربڕین کرد. حزبی تودەی ئێران لەکورتە

تەڵەبی‌یەکی زۆر نابەجێ‌دا. ئینسحابی کرد.. وتی کاکە من لەگەڵ ئەو هەڵوێستە نیم.. ئەنجا سی‌وسێ نەفەر لەوانە جیابوونەوە.. کە کیاوەشی کەسرانی بوو محەمەدی قازی بوو ئیحسانی تەبەری بوو.. ئەوانە جیابوونەوە.. جێیەکیان دروستکرد بەناوی ئیتحادی نوسندگانی ئێران، شتێ لەوانە.. ئەوان مونفەعیل بوون کەمونفەعیل بوون دەرکەوت کەنەخێر کاکە وانیە با وجوودی ئەوە بیروڕای گرووهی بەسەر کانووندا زاڵە.. ئەمجارە کەدییان نەخێر لەناو کانووندا کەسانێك هەن.. کەبەدەم نووسەرن وەلێ کاری سیاسیش ئەکەن.. لەبەر ئەوە لەسەردەمێکدا ئەو زەمانە بوو.. کانوون داخرا.. فەعالیەتی بوو بەنهێنی‌و ئەندامانی چوونە دەرەوە.. بوو بە ((کانوونی نوسندگانی ئێران در تبعید)) یانی دوورخراوە.. ئەندامانی ئەوەی لەناوەوە مایەوە کارێکی نەمابوو بیکات.. ئەوەی کەلەدەرەوە بوو فەعالیەتهایەکیان دەکرد بەڵام هەڵوێستی سیاسییان پێشدەخست.. من خۆم موافەقەی ئەو هەڵوێستە سیاسیانە نەبووم لەبەر خاتری ئەوە کەقەرار نەبوو ئێمە قەڵەم تێکەڵی سیاسەت بکەین.. ئێمە قەرار بوو بۆ مافی نووسەران کاربکەین.. جالەو هەڵبژاردنەدا کە من‌و موحسنی ئێلخانی‌و موحەمەدی موختاری‌و ئەحمەدی شاملۆو هۆشەنگی گلشیری‌و ئەمانە هەڵبژێرین بۆ ڕێبەرایەتی کانوونی نووسەرانی ئێران.. بەڵام ئەلعان کەهۆشەنگی گلشیری هەیەو سیمینی بێبەهانی‌و شیرینی عیبادی‌و ئەوانە هەن دایانمەزراندۆتەوەو لەسایەی هەل‌و مەرجێکدا.. لەدوای حەماسەی دووەمی خورداد لەبەر خاتری ئەوەی لەدووەمی گولانی ئەو ساڵەدا سی ملیۆن ئێرانی هاتن دەنگیان دا.. وەبیست ملیۆن کەس بەخاتەمی دەنگی دا.. دەوڵەتی خاتەمی ئاغای خاتەمی خۆی لەهەڵبژاردندا وەعدەهایەکی بەخەڵك دا تا ئازادی بیروبۆچوون بێ.. ئازادی مەتبووعات بێ.. دیارە ئەلعانیش بارودۆخی سیاسی زۆر دروستەو لەسایەی ئەو سیاسەتەوە ئەو جەماعەتە ئیعلانی ڕەسمی کانوونیان کردۆتەوە تا ئێستا دوو کۆبوونەوەی بووە.. ئەندام وەردەگرن بەشەرتێ کەکتێبی چاپکردبێ.. لێرە کە من بزانم سێ‌و چوار نەفەرێکی تیایە کەئەلعان ناویان ناهێنم.

● بەنیسبەتی ئێرانی‌یەکانەوە، بۆنمونە مەسەلەن نووسەری ناوداری وەك ئەحمەدی شاملۆی تیایە؟

■ ئەحمەدی شاملو –بەداخەوە– ماوەیەکە لاقییان بڕیوەتەوە.. لاقێکی بڕاوەتەوە.. تەمەنی زۆر لەسەرەوەیە.. ئەحمەدی شاملو چاوی گشتمانە ئەندامە.. وەلێ بەڕێوەبەر نییە..

● سیمینی دانیشوەری تیایە..؟

■ تیایە

● مامۆستا دەربارەی مێژوو نووسینەوە لەئێراندا کتێبێك هەیە (ئەوەی ڕەشید یاسەمی) گوایا دەڵێن لەژێر تەئسیری شادا نووسراوە..!

■ تەئییدی ئەکەم.. بەڵێ ئەوە ئەو کتێبە زەمانێك بوو کەمەلا خەلیلی گۆڕەنور.. شۆڕشێکی دەستپێکرد لەمەنتیقەی مەنگووڕو موکریاندا لەسەر جل‌و بەرگ لەو دەورەدا ڕەزا شا کەسەفەری کرد بۆ تورکیا لەوێ چاوی کەوت بەنیزامی کەمال ئەتاتورك‌و تەرتیبەکەی دی.. لەوێ حکومەتی پیادەکردوەو بەگەڕانەوەی ڕەزا شا دەستوور درا کەخەڵك شەبقە لەسەر بنێ‌و جل‌و بەرگی کوردی فڕێ بدەن‌و ژنان چارشێو فڕێدەن.. ئەوە تەبعەن بەکوردەکان زۆر ناجۆر بووە. مەلایەك بوو لەکوردستاندا.. بەناوی مەلا خەلیلی گۆڕەنوور.. لەناوچەی مەنگوڕ شۆڕشێکی بەرپاکرد. بەشۆڕشی مەلا خەلیل مەشهورە.. هەر ئەوساڵە دژی ئەو ڕاپەڕی.. ڕەزا شا بەعزێکی تەتویع کرد یەکێ لەوانە ڕەشید یاسەمی بوو.. ڕەشید یاسەمی ئەو کتێبەی نووسی کەبیسەلمێنێ؛ کاکە ئەوە خەیاڵە نەکەوێتە کەللەتانەوە، ئێمە هەر یەکێکین لەهەمان کاتدا کارەکەیشی جوانە.. بەڵێ چونکی ڕەشید یاسەمی موعەلیمی محەمەد ڕەزابوو لەگەڵ ناصری خەندەگی‌و ئەوانە.. لەو کەسانە بوون کەدەرسیان بەمحەمەد ڕەزا وتووە.. لەگەڵ مەلیکولشوعەرادا.. ئەچوون دەرسیان بەوەلی عەهد دەدا بەکوڕەکەی ڕەزا شا.. جالەبەر ئەوە بەدەستوری ئەو نووسراوەو ئامانجێکی تایبەتی پێکاوە هێشتا من ئەمەم لەکارەکەی ئەمین زەکی‌بەگ پێ باشترە.. چونکی کاری ئەمین زەکی بەگ کەس لێی تێ ناگا.. یەعنی کوردی ئەم زەمانە لێی تێناگا.. تورکی‌یەو فارسی‌یەو، باوەڕبکە تێگەیشتنی فەرهەنگی گەرەکە، فەرهەنگی تورکی‌و فارسی.

● ئەمڕۆ لەکوردستانی ئێراندا.. کۆمەڵێك هەن.. هەتا لەکوردستانی خۆماندا لەم دیو کۆمەڵێك هەن

هەوڵی باشیان هەیە.. ئایە ئەو نووسینانە لەقاڵبی زانستیدان یاهەر لەشێوەی گێڕانەوەدان..؟

■ دیارە خۆت ئەزانی مێژوو پێویستی بەسەرچاوە هەیە بەڵام من موعتەقید نیم مێژوو گێڕانەوە بێ.. ئەلعانیش نەمدیوە کەسێ مێژووی گێڕابێتەوە.. لەتەرکیبی چەند کار پیاو ئەتوانێ مێژوویەکی تازە بنووسێ.. ئەو وەختە لەگەڵ سەردەمی نوێدا بیگونجێنێ ئێستا لەکوردستانی ئێراندا یەکێکیان من خۆمم جگە لەو کارە ئەنجامدراوانەی کەعەرزم کردن.. هەڵێکم بۆ ڕێکەوتووە لەگۆڤاری سروەدا.. بەشێك لەمێژووەکانی یا من ئەینووسم یا کاك ئەحمەدی شەریفی ئەینووسێ یا کاك شێخ محەمەدی صەمەدی جار جار دەینووسێ.. جا من ئەوەی کەدەستم کەوێ دێم لەگۆڤاری سروەدا بڵاوی دەکەمەوە.. لەگۆڤاری ئاوێنەدا بڵاوی دەکەمەوە. بەڵام ئەوەی کەفەرمووت ئەخێر ناتوانم بڵێم بەجۆرێ پێویستە.

● من پرسیارێکی ترم هەیە ئەویش ئەوەیە.. ئایا شیعر کەبوو بەمێژوو لایەنی جوانکاری خۆی نادۆڕێنێ..؟

■ ئێمە شاعیرمان لەکوردستاندا زۆربووە.. ئەم سەفەرەی کەمن هاتوومەتە کوردستانو هەردووبەشەکە گەڕاوم و هەولێرچوومو سلێمانی چوومو دهۆك چووم دوو کارتۆنی گەورە شیعرم پێیە.. من بەمە خۆشحاڵ نیم، باوەڕ بفەرموون، چونکە من نەدەرفەتم هەیە ئەوانە بخوێنمەوە.. نەئەو شیعرانە لەیادی مندا ئەمێنن.. مەگەر شیعرێك کەلەناخی دڵەوە هاتبێ.. شیعر ئەلعان وەکو ئەوەی لێهاتووە، بەڵێ ئەی بۆ شیعرەکەی شێخ ڕەزا هەر ماوەتەوە؟ ئەی بۆ شیعری حاجی قادری کۆیە هەر ماوەتەوە؟.. ئەی بۆ شیعری نالی لای ئێمە هەر ماوەو هەر ئەمێنێ.. کاکە ئەرێ وەڵا ئەو شیعرانە کەبۆمێژوو گوترابن ئەمێنێتەوە. جوانیشی لەدەستنادات.. ئەلعان شێخ ڕەزا هەجوی وتووە.. شیعرگەلێکی زۆر خراپی وتووە وەلێ دوو شیعری هەیە.. یەکێکی بۆ وەسفی کاك ئەحمەدی شێخ دایناوە.. ئەوەی کەدەڵێ (لەبیرم دێ سولەیمانی کەدارولمولکی بابان بوو)

پێم وابێ لەبیری گشت کەسێکدا مابێو جوانی خۆی لەدەست نادات.. هەمیشە زەرافەتی هەیە هەر وەکو شیعرەکەی ئەحمەد موختار.. زەرافەتی هەیە.. هەروەکو شیعرەکەی ئەحمەد فەوزی.. هەر وەکو شیعرەکەی ناتقو ئەوانی تر..

● من پێم وایە ئەم بابەتە بەشێوەیەکی ڕێژەیی دەگۆڕێ لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر.. ڕەنگە بەلای جەنابتانەوە ئەو جۆرە شیعرە بەتامو لەزەت بێ.. بەڵام ئێمە بمانەوێو نەمانەوێ شیعریش هەمیشە لەنوێبوونەوەدایە.. وەکو هەموو کەرەسەکانی ژیان نوێئەبێتەوە.. وەکو کەرەسەی ساردیو گەرمی کەپێویستمان دەبێ لەماڵدا نوێ ئەبێتەوە.. وەکو جلو بەرگ نوێ ئەبێتەوە.. وەکو مۆدێلی سەرتاشینو هەموو شتێکەی کەی ڕۆژانەمان نوێ ئەبێتەوە.. شیعریش ئەبێ نوێببێتەوە.. بەڵام ئێمە ئەتوانین بڵێین ئەو جۆرە شیعرەی جەنابت ئەفەرموێ ڕەنگە هێشتا خوێنەری مابن.. تارادەیەك خوێنەریان مابێ.. بەڵام خوێنەری شیعری نوێ لەئایندەدایە..

■ لەگەڵ ئەم بۆچوونەدام.. وادابنێ جاران ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی بڵێن سەد هەزار نەفەر بووە، ئێستا لەملیۆن زیاترە سەقزەکەی من بیست هەزار نەفەر بووە ئەلعان پاڵیداوە سێسەدوپەنجاهەزار نەفەرەوە. ئەو جەماعەتە تازەکەدێن بیروڕاشیان تەبعەن تازەیە.. جاران سەتەلایت نەبوو.. جاران تەلەفزیۆن بەو جۆرە نەبوو، ئەو شیعرانە هێشتا جوانن.. هێشتا حەزیان لێ ئەکەم.. تەبعەن ئەو شیعرانەی تریش خوێنەری خۆیان هەیە.. ئەوانە خوێنەری خۆیان هەیە.. بەس من ناتوانم قبوڵیان بکەم..

● من زۆر زۆر سوپاسی مامۆستا ئەکەمو هیوادارم چەند دیدەنییەکی کەش لەمانگانو ساڵانی داهاتوودا ساز بکرێو ئیشەڵا تەمەنی لەسەد سەدو پەنجا ساڵ تێپەڕێ..

■ منیش سوپاستان دەکەم.. سوپاسی گۆڤاری گەلاوێژ دەکەم کەئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵمدا سازکرد.

# کامبیزی کەریمی:

## وەرگێڕان یەکێکە لەو مەودایانەی کەشاعیر بەدنیا ئەناسێنێ

کامبیزی کەریمی شاعیرێکی گەنجە، دوو دیوانی هەیـە، بـەکوردیو فارسـی دەنووسێت، کۆمـەڵێك شیعرو چیرۆکی کوردی کردووە بەفارسی. کـامبیز یـەکێك بـوو لەمیوانـەکان، ئێوارەیـەك چاومـان پێکـەوتو کەوتینـە گفتوگۆکردن:

● لای ئێمە گۆران، شێخ نوری پێشەنگ بوون، ئەی لای ئێوە؟

– گۆران کاریگەری ئەدەبی تورکی بەسەرەوەیە ئێمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری ئەدەبی فەرەنساییمان لەسـەرە (نیمایوشـیج) لـە ئـەدەبیاتی فارسـیدا کاریگـەری ئـەدەبی فەرەنسـایی بەسـەرەوەیەو تازەگـەرە لەشـیعری فارسـیدا (یوشـیج) کێشـی عەروزی لەدوو لایەنەوە تێکداوە:

١) بەکاریگەری ئەدەبی عوسمانی

٢) کێشەی هیجا (بڕگە)

لای ئێمـە سـوارەی ئیلخـانی زادە لەشـکلەوە کاریگـەری ئـەدەبی فارسـی لەسـەرە بەتایبـەتی



سابیر سدیق — صەلاح محەمەد — قوبادی جەلی زادە — کامبیزی کەرمیی

کاریگـەری (نیمـا یوشـیج) شـیعرەکانی سـوارەی ئیلخانی زادە کێشی عـەروزە. دەکرێ بڵێین سوارە تازەگەرە بـەڵام هـەر بەتەنها سوارە تازەگەر نیەو گەلیٚ ناوی تر هەن بەڵام شتیان نەگەیشتۆتە لای ئێوە بەیتەکانی کێشی هیجان (بڕگەن). گۆران دەکەوێتە نێوان مەولەوی‌و نالی‌یەوە، گۆران ئەو بۆشاییە پڕ ئەکاتەوە ئیدی (لەئێوارەی پاییزدا) لەبارەی فۆرمەوە تازەگەرە، تازەگەری لای ئێوە یەك کەس نیە (شێخ نوری شێخ صالح‌و رشید نجیب، گۆران) سیستمێك دروست ئەکەن بەڵام لەو سیستمە یەك نەفەر دروست ئەبێ‌و لەو سستمەشدا گۆران تەواوکەری سیستمەکەیە. واتا لەو سستمەدا یەك کەس بەتەنها دروست دەبێت‌و دەبێتە پێشەنگ‌و لەهەمووان دیارتر دەبێت، بەڵام لەلای ئێمە سوارە پێشەنگە.

● رەوتی تازەی شیعری کوردی لای ئێوە؟


– خوێندن‌و نووسین لەدوای شۆڕشی ئیسلامی دەستی پێکردوە، (٢٠) ساڵە شاعیر خولیای ناسینی هەیە، بڵاوکردنەوە پێویستە ئەو عومرە تەجرەبەیەکی کورتە بەڵام هەر لەو تەجرەبەیە ئەزموونی تازە هەیە وەك (جەلال مەلەك شا)، سوارە زوو مردو نەیتوانی ئەزموونەکەی خۆی تەواو بکات، ئەگەر (خەوە بەردینە ئیدامەی هەبووایە) ئەوا ئەزموونەکەی سوارە قاڵتر دەبوو، ئەزموونی سوارە مرد، کەس دەرەقەتی ڕەوتەکەی نەهات، ئەزمونەکەشی لەگەڵ خۆیدا جوانەمەرگ بوو.

جەلال مەلەك شا لەشیعردا پابەندی شیعری مۆسیقاییە. لەو شاعیرانەی لەئەزموونی خۆیان هەیە ئەمانەن (جەلالی مەلەك شا، ڕەحیمی لوقمانی، قاسمی مونیدزادە، حەمەساڵحی سوزەنی، ژیلا حوسێنی، مارف ئاغایی) خەڵکی تریش هەن

● دوای ئەوە دەستنیشانی کێ ئەکەیت؟

– من وائەزانم جەلالی مەلەك شا لەچاوێکی رەخنەگرەوە سەیرێکی شیعری کوردستانی ئێرانی کردووە، گیروگرفتی شیعری کوردستانی زانیوە، بەڵام لەباسەکەی کاك جەلالدا دوو گرفت هەیە:

١. مەبەستی جەلال چیە؟ ئایا بگەڕێینەوە بۆ شێوەی معامەلە لەگەڵ ئەشیادا یالەگەڵ وشەدا.



٢. رووبەڕوو ئەبێتەوە یان مەبەستی باسی فۆرمی سوارەکردنە.

زیاتر کاك جەلال باسی کێشی عەروزی دەکات کەسوارە پیادەی کردووە، عەروز هی عەرەبە، گۆران دەرکی کردوە کەبڕگە بۆ دەربڕین باشترە.

شیعری سوارە عەروزییە سوارە شیعری هیجای (بڕگە)ی نییە. شیعرە فارسیەکانی سوارە عەروزین، گەڕانەوەش بۆ کێشی عەروز غەڵەتە.

لەم دنیا پەیوەندی‌گەرە (گوندە جیهانی) شیعری دنیا لەهەموو وەزنێك زیانی داوە، ئایا سهمی ئێمە چی‌یە؟ ئایا نابێ ئێمە لایبەین، خەوە بەردینە قەصیدەیەکی رەمزیە.

● ئەی دوای ئەوان؟

– دوای ئەوان ئەم شاعیرانەن (کەلسووم عوسمان پوور، سیمین چایچی، ابراهیمی ئەحمەد نیا، ئازاد رۆستەمی، فاتمەی حسین پەناهی).

* شێرکۆ بێکەسی شاعیر لای ئێوە گەورەترین پانتایی کاریگەری هەیە ئایا جگە لەشێرکۆ بێکەس کێ‌ی تر دەبینن؟

– راستە، بەڵام رەوا نییە، هەڵبەت ئەم رەوا نەبوونە هیچ لەگەورەیی شێرکۆ بێکەس کەمناکاتەوە. شێرکۆ نمایندەیەکی بەتوانایە بۆ ئەدەبی مقاوەمەتی کورد، شێرکۆ بەراستی

دەرەقەتی ئەمە هاتوو، بونیشی لەهەندەران زۆرتر بۆتە مایەی بەرهەمەکانی شێرکۆ بەزمانەکانی دیکە وەربگێڕدرێ. بەراستی وەرگێڕان یەکێك لەو مەدایانەیە کەشاعیر بەدنیا بناسێنێ. بەلام ئەمە ئەدەبی مقاوەمەتە، تاکەی ئێوە لەم دیو شاعیری زۆر چاکتان هەیە کەلەبوارەکانی جۆراوجۆری شیعریا خەریکی ئیشن، با دەستە بەندیان بکەم. ئەڵبەت دەستەبەندییەکەی من ئەوانەیە کەبەرهەمیانم خوێندۆتەوە، چ خەوشێکی هەیە، فەرهاد شاکەلیو فەرهاد پیربال بخەینە دنیای فۆرمالیستەکانەوە. یا کەژاڵ ئەحمەدو مەهاباد قەرەداغی (وەك لێکۆڵەرەوەکان ئەڵێن) بۆ ژیانی ئافرەتی ژن ببینن‌و بیانخەینە دنیای رۆمانتیکەوە. یا لەتیف هەڵمەت شاعیرێکی سۆفی مەسلەك‌و عارف، قوبادی جەلی زادە بخەینە ناو دنیای شاعیرانی یاخیەوە، ئەمەش بەلای منەوە دەوری خۆی گێڕاوە من وەختێ ویستم نمایندەی شیعری کوردستانی عێراق بەفارسەکان بناسێنم تەنیا لەو شاعیرانەم هەڵنەبژارد کەسێبەریان دیارە، بێجگە لە(شێرکۆ بێکەس) ئەنوەر قادر محەمەدو رەفیق سابیرو عەبدوڵلا پەشێو دەستم بردە دنیای شیعری کەژاڵ ئەحمەدو نەوزاد رەفعەت‌و قوبادی جەلی زادە هەتا چاویشم بەدڵسۆز حەمەدا گێڕا.

● لەکاری وەرگێڕاندا چیتان کردووە؟

—١— لەگۆڤارە فارسییەکاندا تەرجمەی (ئەسپی پیرۆز)ی (حەمەفەریق حەسەن)م کردووە.

٢— کاری زۆرم لەشیعردا کردووە (تبعیدی هەزار روئیا) کەبەیادی ئەنفال کراوەکانی کوردستانی عێراقەوە پێکهاتووە لە (٥٠) شیعر لە(١٢) شاعیری کوردستانی عێراق کەنیازم وایە ئەم کارە بکەم، تائێستا سێ کەسیانم تەواو کردووە، لەوانە (شێرکۆ بێکەس، لەتیف هەڵمەت، فەرهاد شاکەلی) هەڵبژاردەیەك لەشیعرەکانی ئەمانە، بەداخەوە ناوی دوانیانم ئێستا لەیاد نییە:

١. شێرکۆ بێکەس
٢. لەتیف هەڵمەت
٣. رەفیق سابیر
٤. ئەنوەر قادر محەمەد
٥. قوبادی جەلی زادە
٦. فەرهاد شاکەلی
٧. کەژاڵ ئەحمەد
٨. دڵسۆز حەمە
٩. نەوزاد رەفعەت
١٠. عەبدوڵلا پەشێو

کتێبەکەی فەرهاد شاکەلی (از روخت زیندان)
کتێبەکەی لەتیف هەڵمەت (قاموس خوف)
کتێبەکەی شێرکۆ بێکەس (اوین در روئیا)

دەربەندی پەپولەی شێرکۆ بێکەس کراوە بەفارسی رەنگە بەم زوانە چاپ بکرێت.

بەلام لەم دواییەی کەهاتمە ئێرە برێ بەرهەم گەیشتە دەستم کەلەسەرەتادا بۆخۆم خەفەتم خوارد درەنگ گەیشتە دەستم بەرهەمی جوانم دیت، وەعد دەدەم شیعری کوردستانی عێراق بەئەدەبیاتی فارس بناسێنم هەڵبەتە کەتەرجومە من نایکەم، خەڵکانێکی دی هەن تەرجومەی باشی دەکەن.

● رۆڵی ئەنجومەنی ئەدەبی شارەکان چۆن دەبینی؟

— بنکەن بۆ چالاکی هەفتانەی ئەدەبی بۆ شیعر خوێندنەوەو چیرۆك‌و رەخنە.

● دەوری رەخنە چیە؟

— ئەسڵەن لەکورددا رەخنە دروست نەبووە (طلا در مس) نقد جیاکردنەوەی (طلا) لە (مس)ە یا جیاکردنەوەی خراپە لەخاسە، کەوابوو ئەزانم رەخنە بەرهەمی مۆدێرنیەتە نەك سونەت، جا ئێستا خۆت زەحمەت بکێشە کەلای ئێمەی کورد مۆدێرنیەتە تاچەند باوە!

هەروەها من دوو کۆمەڵە شیعرم بەچاپ گەیاندووە تاچەند رەخنەی لێگیراوە، من وتم رەخنە دروست نەبووە.

Galaweazh Literary and Cultural Centre

بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ

**************************************************************

## ئاگادارییەک دەربارەی چوارەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ

بۆ پێشوازیلێکردنی باشترو بەدەنگەوەچوونی بەبەرنامەتری ئەفراندن لەجیلوەکانی شیعرداو، لەڕەنگاڵەیی چیرۆکو، لەمەوداکانی لێکۆڵینەوەدا. بۆ والاکردنی پەنجەرەکانی ئازادی بێ سنووری رووناکبیریی و عەقڵانیەتی سەردەم. بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ سەرجەم رووناکبیران (بەئەندامانی خۆشیەوە) ئاگادار دەکات کە لەسەرەتای مانگی (١١)دا فێستیڤاڵی ساڵانەی خۆی سازدەکات.

بەپێویستمان زانی، ئەمساڵ پێشوەخت سەرەتایەک لەچۆنیەتی بەڕێوەبردنی رێوڕەسمی فێستیڤاڵ، لەم چەند خاڵەدا بخەینە بەردیدی رووناکبیران:

١- ئەمساڵ بنکەی ئەدەبیی و رووناکبیریی (گەلاوێژ) (صەد ١٠٠) هەزار دینار بۆ باشترین بەرهەمی فێستیڤاڵ تەرخان دەکات بەم چەشنەی‌خوارەوە:

أ) خەڵاتی یەکەم/ بۆ شیعرو بۆ چیرۆک و بۆ لێکۆڵینەوە — ١٥ پانزە هەزار دینار بۆ هەر یەکێکیان.

ب) خەڵاتی دووەم/ بۆ شیعرو بۆ چیرۆک و بۆ لێکۆڵینەوە — ١٠ دە هەزار دینار بۆ هەر یەکێکیان.

ج) خەڵاتی سێیەم/ بۆ شیعرو بۆ چیرۆک و بۆ لێکۆڵینەوە — ٥ پێنج هەزار دینار بۆ هەر یەکێکیان.

هەروەها نەخشاندنی (٩) مەدالیای تایبەتی بەبڕی (١٠) دە هەزار دینارو دابەشکردنی بەسەر خەڵاتکراوەکاندا.

٢- بنکەی گەلاوێژ بۆ فێستیڤاڵی ئەم ساڵ بەنیازە:

أ) بانگهێشتی مامۆستاو نووسەری گەورەو سیاسە تمەداری گەلەکەمان بەڕێز (مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد) بۆ فێستیڤاڵ بکات.

ب) بانگهێشتی (٣) سێ نووسەری هەڵکەوتووی کورد لەهەندەرانەوە بۆ خاکی وڵات بکات.

ج) هەروەها لە پرۆژەماندایە دوو نووسەری گەورەی پێشکەوتنخوازی (عەرەب)یش بۆ فێستیڤاڵ داوەت بکات.

٣- مەرجەکانی بەشداربوون:

أ) هەر بەرهەمێك بڵاوکرابێتەوە یا لەفێستیڤاڵی دیکەدا خوێنرابێتەوە پەسەند ناکرێت.

ب) بەرهەمەکان لەئێستاوە هەتا ١٩٩٩/١٠/٢٠ دەبێ بگاتە بنکەی گەلاوێژ، بۆ رێکخستنی چۆنیەتی پێشکەش کردنیان.

لەگەڵ رێزی رووناکبیریمانا

دەستەی بەڕێوەبردنی
بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ